**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# 76

**ساڵی/ 2012 – بەرگی حەفتا و شەش**

---

چاپی یەکەم/ ساڵی 2012

له بڵاوکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان - عێراق

---

ناوی کتێب: پرۆتۆکۆڵەکانی ساڵی(2012)ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق
بەرگی: 76
چاپی یەکەم: 2012
تیراژ: 250
پێداچوونەوە: محمد حسن رۆژبەیانی
نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات کردن: سروە هادی، شرمین خدر، سازان سلیم، تارا رشاد، نەورۆز شێرزاد، گزەنگ ابراهیم.
ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان:

# پێرست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1) ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2012/2/15 ل

5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2012/2/16 ل

23

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێك خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/3/6 ل 29

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/3/13 ل 35

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/3/19 ل 147

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/3/27 ل 187

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2012/3/28 ل 191

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2012/3/29 ل 195

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2012/4/5 ل 201

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/4/10 ل 231

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/4/16 ل 235

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (9) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/4/17 ل 277



# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی**

**چوارشەممە ڕێکەوتی 15\2\2012**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی

## چوارشەممە ڕێکەوتی 2012/2/15

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2012/2/15 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (1)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2012/2/15 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕووی دەست لە کارکێشانەوەی بەڕێز (د.ارسلان بایز اسماعیل) جێگری سەرۆکی پەرلەمان لە پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمان.

2- خستنەڕووی دەست لە کارکێشانەوەی بەڕێز (د.کەمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق لە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان.

3- هەڵبژاردنی جێگرەوەکانیان لە حاڵەتی پەسند کردنی دەست لەکارکێشانەوەی هەردوو بەڕێز سەرۆك و جێگری سەرۆکی پەرلەمان لە پۆستەکانیان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (1)ی نائاسایی، ڕۆژی دانیشتن 2012/2/15، بەرنامەی کار: بەپێی حوکمی بڕگە (1)ی مادده (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2012/2/15دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕووی دەست لە کارکێشانەوەی بەڕێز (د.ارسلان بایز اسماعیل) جێگری سەرۆکی پەرلەمان لە پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمان.

2- خستنەڕووی دەست لە کارکێشانەوەی بەڕێز (د.کەمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق لە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان.

3- هەڵبژاردنی جێگرەوەکانیان لە حاڵەتی پەسند کردنی دەست لەکارکێشانەوەی هەردوو بەڕێز سەرۆك و جێگری سەرۆکی پەرلەمان لە پۆستەکانیان.
ئێستا بڕگەی یەکی بەرنامەی کار/ خستنەڕووی دەست لە کارکێشانەوەی بەڕێز (د.ارسلان بایز اسماعیل) جێگری سەرۆکی پەرلەمان لە پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمان.
نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە دەست لەکارکێشانەوە دەخرێتە بەرنامەوە پێویستە یەکەم/ ئەسبابەکان روون بکەنەوە.
دووەم/ پێویستە سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆمان روون بکاتەوە، بۆ نموونە بڕیاری ژمارە (3) لە 3/17، کە دەربارەی گێڕانەوەی پرسە چارەنووسسازەکان بۆ پەرلەمان، ئەمانە موشتومڕی لەسەر کرا، مەسئوولیەتی ئەم شتانە روون بکاتەوە، لەسەر خۆی لایبات بزانین چۆنەو ئەو وەختە دەست لەکار بکێشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو خانم.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەمڕۆ ئەم کۆبوونەوە نائاساییە بۆ ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی پەرلەمانە، بەڵام ئەمە بەچ شێوەیەکی یاساییە کە لەناو پەرلەماندا ئیتیفاقیەکی ستراتیجی لەنێوان دوو لایەنی سیاسیدا بێت لەناو پەرلەماندا جەلسەیەکی نائاسایی ببەسترێت و بە دەنگدان یەکلا بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەلسەی نائاسایی لە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانە، بەنیسبەت دەست لە کارکێشانەوەش عەرزی ئێوەی بەڕێز دەکرێت، ئەو بەڕێزەی نایەوێت دەنگ بدات، دەتوانێت دەنگ نەداتن، یان دژی دەنگ بدات، یان لەگەڵی بێت، یان بێ دەنگ بێت، کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دانیشتنی نائاسایی و دانانی بەرنامەی کار نابێت بەدەر بێت لە ئیرادەی پەرلەمان، ئێمە پێمانوایە ئەو ئاڵوگۆڕەی لەسەرۆکایەتی پەرلەمان دەکرێت ئاڵوگۆڕێکە کە پێویستە لە رووی ئوسولیەوە روون کردنەوە بدات، ئایا ئەم پەرلەمانە شکستی خواردووە؟ ئایا ئەو پەرلەمانە لە بڕیارەکانی خۆی کە تایبەت بووە بۆ نموونە بە خواستی خۆپیشاندەران نەیتوانیووە جێ بەجێی بکات؟ لە موتابەعەی حکومەت سەرکەوتوو نەبووە؟ پەرلەمانێکی کارا نەبووە؟ یان لەسەر ئەساسی رێکەوتنێکە، کە لە دەرەوەی خودی هەڵبژاردنی ئەم پەرلەمانەیە، کە رێکەوتنێکی ستراتیجی حزبیە دوور لە ئیرادەی پەرلەمان، ئەگەر لەوە بێت ئەم

ئـاڵوگۆڕە، ئاڵوگۆڕێکـە شـەرعیەتی نییـە، پێویسـتە ئێمـە دژی بوەسـتینەوە، چـونکە بـەدەرە لـە ئـیرادەی پەرلەمانتاران، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز، دژی نا، دەتوانی رەئی خۆت بەشێوەیەکی تر بدەیت، دەتوانی لە وەسائیلی ئیعلام روونـی بکەیتـەوە، بەڵام سیستەمی پەرلەمان لە هەموو دنیا سیستەمی خۆی هەیە، بە یاسا دەسـەڵات دراوەو دەسـەڵاتەکانیش دەخرێتە پێش ئێوەی بەڕێز، کاك عمر عبدالعزیز فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان مافی پەرلەمانتارانە کە داوای ئـەوە بکـەن کـە شـتێك بکرێتـە کارنامـەی پەرلەمانەوە پێش (24) سەعات، ئێمە سێ فراکسیۆن کە نیسبەتێکی زۆرین و نوێنەرانی خەڵکی کوردستان پێك دێنن، دوێنێ یاداشتێکمان دا بە بەڕێزتان کە پەیوەندی بەو کۆبوونەوەی ئەمڕۆ و بـەو هەلومەرجـەی کوردسـتانەوە هەیـە داوامـان کـرد بـوو، بـۆ ئـەوەی ئـەمڕۆ ئـەو مەسـائیلانەش تـاوتوێ بکـەین لەگـەڵ ئـەم بڕیارەی کە ئـەمڕۆ بـەڕێزتان داوتانـە، ئێمـە هـەمووومان تەفـەهومی ئـەوە دەکـەین کـە ئەمـە رێکـەوتنێکی ستیراتیجی نێوان دوو حزبی زۆرینەی ناو پەرلەمانە، بەڵام باشتر وابوو و لائیحی تـر وابـوو ئـەو یاداشـتەی هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆنیش بخرایەتە بەرنامەوە، بۆ ئەوەی قسەیەکی لەسەر بکەین و هاووڵاتیان ئاگـادار بن، کە هەموو پرۆسەکە پێکەوە قسەی لەسەر دەکرێت، بەڵام بەداخـەوە هـیچ ئاماژەیـەکتان بـەوە نـەکردو نەخراوەتە بەرنامەی کارەوەش، من وا دەزانم پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس بـۆ جـەنابت، بـەڕێز پێچـەوانە نییـە، بـەپێی یاسـا دەسـەڵاتە داوای دانیشـتنی نائاسـایی بکرێـت و ئەنجامیش بدرێت، بۆ بابەتێکی تـر، کـارێکی تـر دەتـوانن داوا بکـەن، ئەگـەر ئـەمڕۆ ئـەو بـەڕێزەی دەبێتـە سەرۆکی پەرلەمان، تەواو، سەرگوڵ خان فەرموو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاسـتی منـیش لـە خـاڵی یەکـەم هـەمان پرسـە، هـەموو سـەرۆکی فراکسیۆنەکان پـێش (24) سـەعات لـە کۆبوونەوەکان بـۆی هەیـە بابـەتێك داوا بکات، ئێمـە نـەك سـەرۆکی یـەك فراکسـیۆن، بـەڵکو سـەرۆکی سـێ فراکسیۆن داوای ئەوەمان کردووە.

خاڵی دووەمیش/ سەبارەت بەوەی کە جەنابت داوای کۆبوونەوەی نائاساییت کردووە، ئێمە بـۆ زۆر پـرس و بابەتی تر هەر لە کۆتایی ئەم خولە داوای دانیشتنی نائاسـاییمان کـرد لـەم پشـوودا، بـۆ یاسـای لێبـووردنی گشتی، بەڵام ئێوە هەر وەڵامی ئێمەتان نەدایەوە.

خاڵێکی تر/ له بەرنامەی کارەکه باس لـه خستنەڕووی دەسـت لـه کارکێشانەوە دەکـات، ئێمـه پێمـان باشـه شێوازی دەست له کارکێشانەوەکه، یان بڵێین هۆکارەکانی ئـەوە روون بکرێتـەوە بـۆ پەرلـەمان، بـۆ؟ چـونکه ئێمه له پەرلەمان دوو ساڵمان تێپەڕاندووەو ئەو ئاڵوگۆڕە بەلای خـەڵکی یاساناسـان و بـەلای پەرلـەمانتاران شتێکی یاسایی نییه، چونکه دوای هەڵبژاردنی چوار ساڵ دەست بەکار بوونیـان لـه پەرلـەمان، دوای کۆتـایی هاتنی هەموو خولێك ئینجا سەرۆکایەتیەکان هەڵدەبژێرنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بـەڕێز، هـەموو ئەنـدامێکی پەرلـەمان، جەنابیشـت ئەگـەر بتـەوێت دەسـت لـه کـار بکێشـیتەوە، زۆر زۆر تەبیعیه، ئازادی، حەقی خۆتە، کاك عبدالله مەلا نوری فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره بەبڕوای من ئاساییه ئەگەر جەنابت دەست لەکار بکێشیتەوە، هـەر برادەرێکـی تـری وەکـو ئـەوەی لـه رابردوودا کراوە، بەڵام دەبێت روون بکرێتەوە، دوو حاڵەت هەیه بۆ ئەوەی تۆ دەست لەکار بکێشیتەوە، یان هەر برادەرێکی تر:

یەکەمیان/ ئەوەیه پەیوەندی به ئیرادەی خۆتەوە هەیه، که رەنگه نەتوانی، یان تەندروستیت باش نـەبێت، رەنگه وای به باش بزانی.

دووەمیان/ پەیوەندی به پیشه گشتیەکەوە هەیه، که بەرپرسیاریەکەته، یـەعنی وەکـو پێویسـت ئـەوەی کـه پەیوەنـدی بـه راپەڕانـدنی کاروبـاری پەرلەمانـەوە هەیـه وەکـو سـەرۆکێك، لـه هـەردوو حاڵەتەکـه، ئەگـەر یەکەمیان روون کردنەوە بـدەیت، چونکه جـەنابت دەزانـی پێشـتر چـەند پەرلـەمانتارێکی بـەڕێز دەسـتیان لـەکار کێشـایەوە بـه روون کردنەوەیـەك، روون کردنەوەکـه لەلایـەن جەنابتـەوە خوێندرایـەوە، ئەگـەر پەیوەندی به دوومیشیانەوە هەیه، یەعنی جەنابت ئاگاداری ئـەم پرۆسـەیەی کـه لـه پەرلـەمان روو دەدات بەشێکه له پرۆسەیەك گەورەتره له ئـاڵوگۆڕ، لـه هـەمان کاتـدا لـه حکومەتـدا ئـاڵوگۆڕ روو دەدات، ئەمـەش جارێکی تر دەبێت روون کردنەوەی بۆ بدرێت، چونکه له نەتیجه تا چەند بەرژەوەندی خـەڵکی کوردسـتان لەبەرچاو گیراوە، ئایا ئاساییه کابینەیەك دروست بێت تەمەنی ساڵ و نیوێك بێـت؟ ئایـا ئاسـاییه کۆمـەڵێك وەزیـری زۆرو زەوەنـدو کۆمـەڵێك راوێـژکارو کۆمـەڵێك مـودیر عـام تـەنها دوو سـاڵ ئیشـیان کـرد بێـت و خانەنشین بکرێن، لەسەر بنـەمای رێکـەوتنێکی سـتیراتیجی؟ بۆیـه مـن تکـا لـه جـەنابت دەکـەم ئـەو روون کردنەوەیەمان پێ بدەن، بۆ ئەوەی بتوانین له پرۆسەکه بەشدار بین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك حەمه سەعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن تەئکیـد لـە قسـەکانی یاداشـتەکەی مامۆسـتا عمـر دەکەمـەوە، کـە وەڵامێکـی موحـەدەدو موعەیـەنمان بدەنەوە، بۆچی یاداشتەکەتان نەخستۆتە بەرنامەی کارەوە؟ ئەمە خاڵێك.

خاڵێکی تر، پاساوەکانی ئەم ئاڵوگۆڕەی جێگرو سەرۆکی پەرلەمانەکە دەکرێت مەنشەئەکەی چیە؟ خۆی لـە سیستەمی دیموکراسیدا بـەپێی یاسا بـەرکارەکان، یـان خولەکـە تـەواو دەبێـت، یـان ئیقالـە دەکرێـت، یـان ئیستیقالە دەکات، ئەمە یاساییە، بەڵام من پێموایە ئێستا ئـەوەی کـە جێگـەی دەسـتوورو یاسـای گرتۆتـەوە ئیتیفـاقی سـتیراتیجی نێـوان ئـەو دوو حزبەیـە، ئیتیفـاقی سـتیراتیجی و ئەمـە دەرهاوێشـتەی ئیتیفـاقی ستیراتیجیە، نەك پرۆسەیەکی دیموکراسی بێت و لە سیستەمێکی سیاسی پێشکەوتوودا بێت و هۆکارەکانی، من بە کورتی داوای روون کردنەوەی هۆکارەکان دەکەم و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەوە ئیستیقالەیە، وەکو جەنابت گوتت یان ئیستیقالە بـداتن، ئـەو بـەڕێزە حـەقی خۆیـەتی وەکو ئەندامێك داوا بکات ئیستیقالە بدات، ئینجا ئەو کابینەیە رۆژێکی ما بێت، یان ساڵێکی ما بێت، هۆکارەکەش مـەجالتان نـەدا، مـن نووسـیومەو شـەرحی دەکـەم و لەبـەر دەسـتمە، کـە بۆچـی ئیسـتیقالە دەدەم، هـەر بەڕێزێکیش سەرۆکایەتی بێت، سەرۆك بێت، جێگر بێت، سکرتێر بێت، یان ئەنـدامێکی بـەڕێزی پەرلـەمان بێت لە هەر لیست و فراکسیۆنێك و هەر ئاینێك بێت مـافی خۆیـەتی هـەر رۆژێ بیـەوێت ئیسـتیقالە بـدات، بەنیسبەت ئیتیفـاقی ئیسـتراتیجی جێگـای دەسـتووری گرتۆتـەوە، بـا دەسـتوورەکە بدەینـە ریفرانـدۆم، بـۆ ئەوەی ئیتیفاقیەکی تر بەدەر نەمێنێت، کاك عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خـۆی کۆبوونـەوەی ئـەمڕۆ کۆبوونەوەیـەکی سیاسییە، مـەوزوع و پرۆسـەکەش سیاسـییە، قسـەکانیش لـەو چوارچێوەیە لە چوارچێوەی بەرنامـەی کـار دەبێـت، بۆیـە هیـوادارم بـوارم پـێ بـدەیت قسـەکان بکـەم، مـن دەمەوێت لەسەر دیوێکی تری مەوزوعەکە قسە بکەم، بەڕاستی کە پەیوەندی بە ئۆپۆزسیۆنەوە هەیە.....

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لـە بەرنامـە دەرمەچـوو، لـە بەرنامـەی کـار دەرنەچـی، بەرنامەکـە بـۆ ئیسـتیقالەیە، لەسـەر ئیسـتیقالەکان شتێکت هەیە بەسەرچاو، نییە، جەلساتی ترتان لە پێشە، وەسائیلی ئیعلامت هەیە، بەڕێز کەرەم بکە.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەز دەکەم ئەمڕۆ نەختێك دڵت فراوانتر بێت، چونکە دوا رۆژە.........

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەخوا لە ئاخیر ڕۆژیش ناهێڵم لە بەرنامەی کار دەربچی، فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نا، بە دڵنیاییەوە قسەکانی من لە بەرنامەی کارە، قسە لەسەر ئەم پرۆسەیە کە ئێستا دەکرێت، بۆیە ئەو قسانەی من پەیوەندی بەم پرۆسەیەوە هەیە، من قسەم لەسەر ئەوەیە، یەعنی بە جیا لەوەی کە چ بەڕێزێك دەبێتە سەرۆك و ئەوانە، من هیچ کێشەم لەسەر ئەوە نییە، لەڕاستیدا ئیجرائاتەکە چۆن دەکرێت، قسەم لەسەر مەوقیعی ئۆپۆزسیۆنە لەم عەمەلیەتەدا، لیستێك کە زۆرینەی پەرلەمان پێك دێنێت حەقی خۆیەتی کابینەیەك پێك دەهێنێت، وەزارەت پێك دەهێنێت، ئەمە مافێکی سروشتی خۆیەتی لە وڵاتی دیموکراسیدا ئیستیحقاقی ئینتیخابییە، بەلاّم ئێمە قسەمان لەسەر پەرلەمانە، کە نوێنەرایەتی خەڵك دەکات، نوێنەرایەتی میللەت دەکات، پەرلەمان کۆی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگایە، لیستە جیاوازەکان، تێڕوانینە جیاوازەکان، تەنانەت پێکهات و با بڵێین نەتەوایەتیەکان و ئەوانەو دینیەکانیش لەناو پەرلەماندا جێگای دەبێتەوە، سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕەمزی پەرلەمانەو ئەو مەوقیعەتەیە کە نوێنەرایەتی پەرلەمان دەکات، بابڵێین ویژدانی پەرلەمانە، یان زمان حاڵی پەرلەمانە، چ مەنتیقێکی تێدایە 35%ی پێکهاتەی ئەم کوردستانە، کە نزیك بە (700 تا 800) هەزار دەنگدەری ناضجی ئەم وڵاتە دەکات لە نوێنەرایەتی کردنی پەرلەمان، لە هەیئەتی سەرۆکایەتی پەرلەمان، کە خۆمان دەزانین بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ چ دەسەڵاتێکی هەیە، ئۆپۆزسیۆن لەوێ مەوقیعی نەبێت، نوێنەرایەتی نەبێت، کێ سەرۆکە؟ بابڵێین ئەوە ئیستیحقاقی لیستی زۆرینەیە جێگر بۆ لە لیستی ئۆپۆزسیۆن نەبێت؟ یەعنی پرۆسەی تەهمیش کردن و پەراوێز خستنی ئۆپۆزسیۆن کە وەك باسم کرد لە 35% دەنگی ڕاستەقینەی خەڵکە بۆچی؟ یەعنی ئەم تێگەیشتنە بۆ مەوقیعیەتی پەرلەمان، بۆ مەوقیعیەتی ئۆپۆزسیۆن، یەعنی ئەم تێڕوانینە کە ئۆپۆزسیۆن تەنها وەکو دیویکی سەلبی لەناو پەرلەماندا ببینێت، ئەگەر کاك عبدالسلام مەجال بدات، دڵنیام قسەکانمی بەدڵ نییە...........

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کاك عبدالسلام، تکایە بێ دەنگ، ڕجائەن، فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من ئەم پرۆسەیە وەکو ئەوەی نەتیجەکەی قەبول دەکەم هیچ کێشەیەکم لەسەر نییە، بەلاّم پرۆسەکە، سەرتاپای پرۆسەکە دەخەمە ژێر پرسیارێکی گەورەوە، پرسیارێکی یاسایی، پرسیارێکی ئوسولی، پرسیارێکی سیاسی، پرسیارێك کە پەیوەستە بە تەعایشەوە، بە پێکەوە ژیانی پێکهاتەکانی ناو پەرلەمانەوە، بە مەوقیعیەتی ئۆپۆزسیۆن، کە هێزێکی کاریگەری ئیجابی بەرپرسیارە، مەسئوولە لەم

وڵاتـەداو، خـاوەنی بڕیـارەو، خـاوەنی روئیایـە، خـاوەنی خـەم و هەمـە لـە وڵاتەکـەی ئێمـەدا، لـە هەیئـەتی سەرۆکایەتیدا کە بەرنامەی کار دادەنێت و پرۆژە بـۆ میللەتەکـەی دادەنێـت و نوێنەرایـەتی خـەڵك دەکات، ئۆپۆزسیۆن لە هەیئەتی سەرۆکایەتی دەکات و، خەمی سەرۆکایەتیش نەبێت و، خەمی لایەنە دەسەڵاتەکان لە کوردستان نەبێت، کە ئۆپۆزسـیۆن بخەنـە مـەداری حـەقیقی خۆیـان و لەگـەڵ پرۆسـەی پەرلـەمانی، یـان لەناو پرۆسەی تەشریعیدا، من ئەمە رەخنەیـەکی تونـدە دەیگـرم، دەیگـرم لـە دەسـەڵاتی سیاسـی حـاکم لـە کوردستاندا، دەیگرم لە سەرۆکایەتی ئێستای پەرلەمان، کە نە موشاوەرەیەکیان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن کـردووە، نە داوایەکی رەسمیان لە ئۆپۆزسیۆن هەبووە، نە دانیشتنێك کراوە بۆ ئـەوەی ئۆپۆزسـیۆن مـەوقیعی فیعلـی خۆی هەبێت لێرەدا، تێناگەم بۆ لیستی زۆرینە دەبێت سەرۆك بێت، جێگر بێت، سکرتێر بێت، ئەمـە لـە چ پرۆسەیەکی دیموکراسیدا هەیەو، سەرۆکایەتی پەرلەمان چۆن بۆمان تەعریف دەکات لـە 35٪ی پەرلـەمان تەهمیش کرا بێت لە هەموو پرۆسەی ئیداری و کارگێڕی و بەرنامـە دانـان، ئـیعلام، هـەموو مەسـائیلەکانی ناو پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز لە هەموو سیستەمێکی دیموکراتی لەسەر کورەی ئەرز بە دەنگدانە، نەك 35٪، 49٪یش کە بۆ شتێك دەنگیدا، 51٪ دەنگیدا ئەو دەیباتەوە، لێرە تۆ ئازادی، ئێستا بۆ سەرۆکە، بۆ جێگرە، حەقی خۆتە کە ئیستیقالەیدا خۆت تەرشیح بکەیت، ئەگەر دەنگی ئەو بەڕێزانەت هێنا ئەوە دەبیتە سەرۆکی پەرلەمان، یان دەبیتە جێگری سەرۆکی پەرلەمان، ئەو حەجمەی بۆ موعارەزە، بۆ لیستێکی موعەیـەن، بـۆ شەخصـێك دایناوە، خەڵکی کوردستانە دایناوە، من دام نەناوە، کەس داینەناوە، ئێمە لێرە ئەو قانونانەی کە هەیە جێ بەجێی دەکەین، حەقی خۆتە قسە بکەیت، حەقی خۆتە هەوڵ بدەیت لە ئینتیخاباتی داهاتوو زیاتر دەنـگ بهێنیـت، بـەڵام کـە ئـەو حەجمـەت بـۆ لـە قالب درا لـەناو پەرلـەمان، لێـرە بـە دەنگـدان حەسـم دەکرێـت، ناتوانیت فەرزی بکەیت لەسەری، کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەمویست تەئیدی کاك...............

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، قسەی خۆت بکە، مەچووە سەر کەس، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چونکە لـە نیزامـی داخیلـی هـیچ قەیـد نییـە بـەوەی خۆیـان کاندیـدیان هـەبێت بـۆ سـەرۆکایەتی، یـان بـۆ سکرتێریەتی، یان بۆ جێگر، داوایان لێ دەکەم بـە دڵسۆزانە کاندیـدی خۆیـان هـەبێت، ئـەمڕۆ ئێمـە لەبـەر چاوی دنیا پرۆسەیەکی دەنگدان دەکەین راستەوخۆ، من داوا دەکەم کاندیدیان هـەبێت، ئیعلانیشـی دەکـەم،

چونکه من لەگەڵ ئەو مەبدەئەمە، من دەنگ دەدەم بە مورەشەحی ئۆپۆزسیۆن، بەس داوا دەکەم کاندیدیان هەبێت، چونکە هیچ ڕێگر نییە بەرامبەریان تاکو ڕەخنە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار دكتۆر عمر نورەدینی فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە کۆبوونەوەی نائاسایی و هەروەها ئیستیقالە کردن لە ئەندامیەتی پەرلەمان، ئەمە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان وازیحەو، هەم ئەم کۆبوونەوەیە، هەم ئیستیقالە کردنی بەڕێزتان هیچ ئیشکالیەتێکی یاسایی و قانونی نییە، سەبارەت بەوە کە پرسەکە ئیرادەی پەرلەمانی لەگەڵە، شەرعیەتی پەرلەمانی هەیە، یان نیەتی؟ دەبێت لێ بگەڕێین بزانین و ئایا زۆرینە ئیستیقالەکە قەبول دەکات و لە پرۆسەی هەڵبژاردندا سەرۆکایەتی تازە هەڵدەبژێرێت، ئەودەم.................

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

تکایە، رجائەن، وەڵامی ئەندامەکان مەدەوە، ئەگەر بۆچوونێك لەسەر ئەسڵی پرۆسەکە هەیە؟ ئەوەم پێ بڵێ، بەلام بۆ ئەو بەڕێزانە من ئەو پەڕی ڕێزم بۆ ئەو بیرو بۆچوونانە هەیە، هەر کەسێك ڕەئی خۆی دەدات، ئینجا ڕەئیەکەی صائیبە، یان صائیب نییە؟ ئەوە مەسەلەیەکی ترە، بەلام جەنابت ئەگەر لەسەر مەوزوعەکە، لەسەر ئەمە شتێکت هەیە، کەرەم بکە.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش ڕەئی خۆم دەدەم، من پێموایە پرۆسەکە لە ڕووی یاسایی بوون و شەرعی بوونەوە هیچ ئیشکالیەتێکی نییە، بە بەڵگەو بە دەلیلیش قسە دەکەم، سەبارەت بە پێشنیاری ئەوەی کە لە مەوقیعیەتی سەرۆکایەتیدا حیساب بۆ هەموو پێکهاتەکانی ناو پەرلەمان بکرێت، ئەمە پرسێکی گرنگە، دەکرێت ئێمە گفتوگۆی لەسەر بکەین و لە داهاتووشدا ئێمە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هەموار دەکەینەوە، ئەو کات...............

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

تکایە، رجائەن لە بابەتەکە دەرمەچۆ، تکایە، تەواو، بەڕێزان، ئێستا دێینە سەر بەرنامەی کار، باسی ڕوون کردنەوە کرا، تەواو، هیچ نوقتەیەکی نیزامی تر وەرناگرم، رجائەن کاك کاردۆ، رجائەن تەواو، خلاص، بەڕێزان، ئێستا بەرنامەی کارمان هەیە، ئەوە بەرنامەی کارەکەیە، نابێت کەس لەو بەرنامەیە دەربچێت، تکایە، رجائەن با بەردەوام بین، دەتوانن پاشان بچنە لای ڕێزدار سەرۆکی داهاتووی پەرلەمان، کە لە دوای ئەم جەلسەیە دیاری دەکرێت، هەر یاداشتێکتان هەیە بەڕێزیان لەگەڵتان گفتوگۆ دەکات و دادەنرێت، تکایە،

رجائـەن، خـاڵى یەكـەم لـە بەرنامـەى كـار/ خسـتنەڕووى دەسـت لـە كاركێشـانەوەى بـەڕێز (د.ارسـلان بـایز اسماعیل) جێگرى سەرۆكى پەرلەمان لە پۆستى جێگرى سەرۆكى پەرلەمان.

بەڕێزان، ئەمە یاداشتى ڕێزدار جێگرى سەرۆكى پەرلەمانە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكى پەرلەمان:**

سلاّوێكى گەرم، داواكارم ڕەزامەندى بفەرموون لەسەر دەست لە كاركێشانەوەم لە پۆسـتى جێگـرى سـەرۆكى پەرلەمان لەگەڵ سوپاسمدا.

بەڕێزان ئەندامانى پەرلەمانى بەڕێز، ئەم دەست لەكاركێشانەوەیە دەخەینە پێش ئێـوەى بـەڕێز، دەیخەمـە دەنگدانــەوە، كــێ لەگەڵدایــە ڕێــزدار جێگــرى ســەرۆكى پەرلــەمان دەســت لــەكار بكێشــێتەوە دەســتى بــەرز بكاتــەوە؟ زۆر ســوپاس، كــێ لەگەڵدا نییــە دەسـتى بــەرز بكاتــەوە؟ یــەك كــەس لەگەڵدا نییــە، زۆر ســوپاس، بەزۆرینەى دەنگ پەسند كرا، پیرۆزت بێت كەرەم بكە بۆ شوێنى خۆت.

بـەڕێزان، ئەندامـە بـەڕێزەكانى پەرلـەمانى كوردسـتان، پێشـەكى زۆر زۆر سـوپاس بـۆ گشـت ئـەو خوشـك و برایانەى كە ئەم ماوەیەى پێكەوە لێرە كارمان كرد، لە هەر لیستێك، لە هەر ئاینێك، لـە هـەر نەتەوەیـەك، چ ئەوانەى ڕەئى جیاوازیان هەبوو بەرامبـەرمان، چ ئەوانـەى تەئیـدیان كـرد، چ ئەوانـەى بـێ لایـەن بـوون، هەمووتان جێگەى ڕێزو ئیحتیرامن و خوشك و براى ئێمەن، هەموو دەزانین ئێمـە ئیتیفـاقێكى سـتیراتیجى لەنێوان دوو لایەنى سیاسى لە هەڵبژاردنى 2009/7/25 بە لیستى كوردستانى بەشداریان كـرد، زۆرینـەى دەنگـى كورسـیەكانى پەرلـەمانیان هێنـا، یەكـەم دانیشـتن لـە 2009/8/20 ئـەنجام درا، ئـەو ڕۆژە ئێمـە دەمانزانى دواى دوو ساڵ ئیحتیمالێكى زۆر هەیە كە ئەو ئاڵوگۆڕیە دەكرێت، زۆر زۆر بە تەبیعى و زۆریـش پێى شادین و زۆریش دڵمان پێ خۆشە، كە ئەمڕۆ لـە كوردسـتان لـە ئـەزموونێكى دیموكراسـى بـە ئاشـتیانە ئەو پۆستانە سەرۆكى پەرلەمان و جێگرەكەى، سـەرۆكى ئەنجومـەنى وەزیـران و جێگرەكـەى ئـاڵوگۆڕى پـێ دەكرێت، زۆر تەبیعییە، هەر خوشكێك، هەر برایەك بۆ ئەو پۆستە بەپێى یاسا حەقى خۆیەتى و، ئێمە كە ئەمڕۆ لێرە دانیشتووین و ئەم دانیشتنەمان ئەنجام داوە بۆ جێ بەجێ كردنى ئەو كارەو بەكارێكى پیرۆزى دەزانین و، زۆر زۆر حەقێكى تەبیعى هەموو لایەنێكى سیاسییە، هەموو تاكێكى ئەم هەرێمـەى كوردسـتانە، كە بەرنامەى خۆى هەبێت، ئیتیفاقیەى خۆى هەبێت و لەسەرى كار بكاتن، جارێكى تر دێمەوە ئێرە، ئێمـە ئەو ماوەیە لەگەڵ یەك بووین لەم پەرلەمانـە، وەكو یـەك عائیلـەو، یـەك زەمیـل بووینـە، زۆر جار لەبـەر ئیدارەى جەلسەكان مەجبور بووینە هەندێك خوشك، یان هەندێك برا رابگـرین، لەوانەیـە لـە دڵیشـیان مـا بێتەوە، دڵنیا بن عەمدى نەبووە، مقابیلى هیچ كەسێك شتێك لە دڵمان نەبووە، تەنها بۆ هێمنى و ڕاگـرتنى وەزعـى نـاو پەرلـەمان بـووە، هـەر بـەڕێزێكى تـریش ببێـت بـە سـەرۆكى پەرلـەمان، یـان جێگـرى سـەرۆكى پەرلەمان لە داهاتوو ئێوەى بەڕێزیش لە هـەر پۆسـتێك بـن، پۆسـتى سـەرۆكى دائیرەیـەكتان هـەبێت هـەوڵ دەدەن ئـەو هێمنیـە ڕابگـرن و یاسـا جـێ بـەجێ بكرێـت، ئێسـتاش ئـەو كاندیـدى لایـەنى سیاسـى یـەكێتى نیشتمانیى كوردستان ڕێزدار كاك دكتۆر ارسلان بایزە، ئێمە دوو براین، دوو پێشمەرگەین، ماوەیەكە لەگەڵ

یەك كارمان كردووە، من دڵنیاتان دەكەمەوە، دڵنیای ئێوە دەكەمەوە، دڵنیای كاك ارسلان دەكەمەوە، دڵنیای جێگرەكەی دەكەمەوە، دڵنیای سكرتێرەكەی دەكەمەوە لە هەر پۆست و پلەو پایەیەك بین، لە هەر كوێیەكی كوردستان بین بەو پەڕی تاقەتمانەوە هاوكار دەكەین، بۆ ئەوەی ئەو بەڕێزە، ئەو سەرۆك پەرلەمانە سەر بكەوێت، چونكە سەركەوتنی سەرۆكی پەرلەمان، سەركەوتنی پەرلەمانەكەیە، سەركەوتنی پەرلەمانەكەش سەركەوتنی تەجروبەی دیموكراتیەتە لە هەرێمی كوردستان، بۆیە بەبێ تەرەدود هەموو دەقیقەیەك ئامادەین هەموو پشتیوانیەكی بكەین و، داوا لە ئێوەی بەڕێزیش دەكەم پشتیوانی تەواوی لێ بكەن، ئەگەر مولاحەزەیەك، شتێكتان هەبوو بڕۆنە لای خۆی و لەگەڵی موناقەشە بكەن، ئەویش سنگی فراوانە بۆ گوێ گرتن لە راوبۆچوونەكانتان.

بەڕێزان، ئێستا نۆرەی منە، بەڵام پێش ئەوەی منیش ئیستیقالەكە پێشكەش بكەم، داوا دەكەم لە بە تەمەنترین ئەندامی پەرلەمان حازر بێت، بۆ سەرپەرشتی جەلسەی پاش ئەوەی كە ئیستیقالەكەی ئێمە پەسند دەكرێت، بۆی ئەوەی بەقیەی پرۆسەكە جێ بەجێ بكرێت، ئەو بەڕێزەش كاك شێروان حەیدەرییە، ئەمەش ئیستیقالەی ئێمەیە:

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

بۆ پەرلەمانی كوردستان.

سڵاو و رێز...

بەڕێزان، من (محمد قادر عبدالله) ناسراو بە (د.كەمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان، دەست لەكاركێشانەوەی خۆم لە پۆستی سەرۆكی پەرلەمان و لە ئەندامیەتی پەرلەمانی كوردستان دەكەم، داوا دەكەم رەزامەندی لەسەر بدرێت لەگەڵ ئەو پەڕی رێزمدا.

ئێستاش داوا لە ئێوەی بەڕێز دەكەم ئەوەی موافیقە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ یەك كەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، ئێستا كاك شێروان كەرەم بكە بۆ وەرگرتنی ئامانەتەكە، هیوای سەركەوتنت بۆ دەخوازین.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

بەردەوام دەبین لەسەر بەڕێوە بردنی دانیشتنەكە، ئێستا دێین لەسەر خاڵی سێیەمی بەرنامەی كار كە ئەویش هەڵبژاردنی جێگرەوەكانی سەرۆكی پەرلەمان و جێگری سەرۆكی پەرلەمانە.

بەڕێزان، هەروەكو لەسەرەتای دانیشتەكە بینیمان بەڕێز كاك دكتۆر كەمال كەركووكی سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان دەست لە كاركێشانەوەی خۆی بە ئێوەی بەڕێز پێشكەش كردو رەزامەندی لەسەر درا، بۆ ئەوەی دەست لە كاركێشانەوەكەی قەبول بكرێت لە پەرلەمان، لە سەرۆكایەتی پەرلەمانیش، بەپێی فەقەرە (ب)

له ماددەی (30) له پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، جگه لەوەش بەڕێز کاك دکتۆر ارسلان بایز دەست لە کارکێشانەوەی خۆی ئاراستەی ئێوەی بەڕێز کردو، بەزۆرینەی دەنگ قەبول کرا، بۆیه ئێستا پۆستی سەرۆکی پەرلەمان و پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمان شاغیرەو، پشت بەستن بە بڕگە (2) لە ماددەی (16) له پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، پێویسته پرۆسەی هەڵبژاردن ئەنجام بدەین بۆ جێگرەوەکانی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان و پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمان، بەڵام پێش ئەوەی ئەم پرۆسەیه ئەنجام بدەین، پێم باشه ناوی یەکه یەکەی ئەندامانی پەرلەمان بخوێنمەوە، بۆ ئەوەی بزانین چەند ئەندام لەم دانیشتنه ئامادەیه، چەند ئەندامیش غائیبه، بۆیه دەست به خوێندنەوەی لیستی ناوەکان دەکەم.

یەکەم ناو (دکتۆر ارسلان بایز اسماعیل)، تکایه دەستتان بەرز بکەنەوە، کاك فرسەت احمد عبداللە، حازره، ئاراس حسین محمود، حازره، ئارام شاهین، حازره، احمد ابراهیم علی(وەرتی)، حازره، احمد سلیمان عبدالله، غائیبه، اسماعیل سعید محمد علی، غائیبه، اسماعیل محمود عبدالله، حازره، ئاشتی عزیز صالح، غائیبه، ئاهەنگ عارف رؤوف، غائیبه، ئەڤین عمر احمد، حازره، امیر گوگه یوسف، غائیبه، امینه ذکری سعید، حازره، ئاواز عبدالواحد خضر، حازره، ایوب نعمت قادر، غائیبه، برهان رشید حسن، غائیبه، د.بشیر خلیل تۆفیق، حازره، بکر کریم محمد، حازره، بەفرین حسین خەلیفە، حازره، بەیان احمد حسن، غائیبه، بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ، حازره، پەروین عبدالرحمن عبدالله، حازره، پەیام احمد محمد، غائیبه، پەیمان عزالدین عبدالرحمن، غائیبه، پەیمان عبدالکریم عبدالقادر، غائیبه، پێشەوا تۆفیق مغدید، غائیبه، تارا تحسین یاسین، حازره، تارا عبدالرزاق محمد، حازره، ثائر عبدالاحد اوغسطین، حازره، جلال علی عبدالله، حازره، جمال طاهر ابراهیم، حازره، جهان اسماعیل بنیامین، حازره، حازم تحسین سعید، حازره، حسن محمد سوره محمد، حازره، حمدیه معروف احمد، حازره، حمه سعید حمه علی، غائیبه، خلیل عثمان حمدامین، حازره، خورشید احمد سلیم، حازره، دانا سعید صۆفی، غائیبه، دڵشاد حسین قادر، غائیبه، دڵشاد شهاب حاجی، حازره، رازاو محمود فرج، حازره، رۆژان عبدالقادر دزەیی، حازره، رێباز فتاح محمود، غائیبه، زکیه صالح عبدالخالق، حازره، ژیان عمر شریف، حازره، سالار محمود مراد، حازره، سالم تۆما کاکۆ، حازره، سمیر سلیم امین بەگ، غائیبه، سمیره عبدالله اسماعیل، حازره، سۆزان شهاب نوری، حازره، سۆزان یوسف خۆشابه، حازره، سەردار رشید محمد، حازره، سەرگوڵ رضا حسن، غائیبه، سەروەر عبدالرحمن عمر، حازره، سەرهەنگ فرج محمد، غائیبه، سیوەیل عثمان احمد، غائیبه، شلێر محمد نجیب، حازره، شلێر محی الدین صالح، حازره، شڤان احمد عبدالقادر، حازره، شوان عبدالکریم جلال، حازره، شۆڕش مجید حسین، حازره، شەونم محمد غریب، حازره، شێردڵ تحسین محمد، حازره، شێرزاد عبدالحافظ شریف، غائیبه، شیلان عبدالجبار عبدالغنی، حازره، صباح بیت الله شکری، حازره، صباح محمد نجیب، غائیبه، صبیحه احمد مصطفی، حازره، عبدالرحمن حسین ابابکر، غائیبه، عبدالسلام مصطفی صدیق، حازره، عبدالقادر اکرام جمیل، حازره، عبدالله محمد امین، غائیبه، عبدالله محمد نوری، غائیبه، عبدالله محمود محمد، حازره، عدنان عثمان محمد، غائیبه، علی حسین محمد، حازره، عماد محمد حسین، حازره، عمر عبدالرحمن علی، حازره،

عمر حمدامين خدر نورەدينى، حازرە، عمر صديق محمد، حازرە، عمر عبدالعزيز بهاءالدين، غائيبە، عظيمة نجم الدين حسن، غائيبە، عونى كمال سعيد بەزاز، حازرە، فاضل حسن اسماعيل، حازرە، فاضل محمد قادر، حازرە، فرمان عزالدين محمود، غائيبە، ڤيان عبدالرحيم عبدالله، غائيبە، قادر احمد سمايل، حازرە، قادر حسن قادر، حازرە، كاردۆ محمد پيرداود، غائيبە، كاروان صالح احمد، غائيبە، كاوە محمد امين، حازرە، كوێستان محمد عبدالله، غائيبە، كەيلى اكرم احمد، حازرە، گوڵيزار قادر اسماعيل، حازرە، گۆران ئازاد محمد، حازرە، گەشە دارا جلال، حازرە، لانا احمد محمود، غائيبە، محمد احمد على، حازرە، محمد دلێر محمود، حازرە، ناسك تۆفيق عبدالكريم، غائيبە، نەريمان عبدالله قادر، نەسرين جمال مصطفى، غائيبە، نيشتمان مرشد صالح، حازرە، هاژە سليمان مصطفى، حازرە، هاوڕاز شێخ احمد، غائيبە، ياووز خورشيد عثمان، حازرە، يشار نجم الدين نورالدين، حازرە.

بەڕێزان، ئەو ئەندامە بەڕێزانەى ئێستا حازرن (72) ئەندامى پەرلەمان حازرە لەم دانيشتنەى ئێستا، (38) ئەندام پەرلەمانيش غائيبە، يەكێكيش تەبيعى جێگاى بەتاڵە، دەكاتە (111) ئەندام پەرلەمان بە حازرو غائيب.

بەڕێزان، ئێستا دەست بە پرۆسەى هەڵبژاردنى جێگرەوەكانى سەرۆكى پەرلەمان و جێگرى سەرۆكى پەرلەمان دەكەين، سەرەتا دەست بە هەڵبژاردنى پۆستى سەرۆكى پەرلەمان دەكەين و، ئێستاش داوا لە فراكسيۆنەكانى ناو پەرلەمان و لە پێكهاتەكانى ناو پەرلەمان دەكەين كە پاڵێوراوى خۆيان ديارى بكەن و ناويان رابگەيەنن، لەسەر ئەو ئەساسە ئێمە ئێستا دەرگاى پاڵاوتن بۆ پۆستى سەرۆكى پەرلەمان دەكەينەوە، با فراكسيۆنەكان بفەرموون ناوى پاڵێوراوەكانى خۆيان رابگەيەنن، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نورى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئێمە مورەشەحمان بۆ سەرۆكايەتى پەرلەمان (د.ارسلان بايز اسماعيل)ـە، بۆ سەرۆكايەتى پەرلەمان تەرشيحى دەكەين، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حەيدەرى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ديارە دەرگاى پاڵاوتن كراوەيە، هەر فراكسيۆنێك، يان هەر پێكهاتەيەك كانديدى هەيە، ياخود پاڵێوراوى هەيە ناوى سيانى رابگەيەنێت بۆ سەرۆكايەتى پەرلەمان، بۆ ئەوەى ئێمەش بتوانين چاوەڕۆنيەكمان هەبێت لەو كانديدانەى بۆ پۆستى سەرۆكى پەرلەمان خۆيان كانديد دەكەن، بەڕێزان، دەرگاى پاڵاوتن كراوەيە، ئەگەر كانديدێكى تر هەبێت بۆ پۆستى سەرۆكى پەرلەمان، ئەگەر نا دەرگاى پاڵاوتن دادەخەين سەبارەت بە پۆستى سەرۆكى پەرلەمان، ديارە هيچ كانديدێكى تر نييە بۆ پۆستى سەرۆكى پەرلەمان، ئێمە دەرگاى پاڵاوتن دادەخەين و تەنها كانديد بۆ پۆستى سەرۆكى پەرلەمان كاك ارسلان بايز اسماعيلە، كە دوايى لە ئەنجامى كۆتايى ئەنجامەكان رادەگەيەنين.

ئێستا دەست بە خاڵی دووەم دەکەین، کە ئەویش هەڵبژاردنی پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمانە، ئێستا دەرگای پاڵاوتن دەکەینەوە بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمان، داوا لە فراکسیۆنەکان و پێکهاتەکانی ناو پەرلەمان دەکەین کە پاڵێوراوی خۆیان رابگەیەنن بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمان، بۆ ئەوەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بەڕێوە بچێت، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە مورەشەحمان بۆ جێگری سەرۆکی پەرلەمان دکتۆر حسن محمد سورەیە، لەگەڵ هەموو رێزێکماندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاندیدی لیستی کوردستانی بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمان کاک دکتۆر حسن محمد سورە محمدە، ئێستا دەرگای پاڵاوتنیش کراوەیە، بۆیە دووبارە داوا لە فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان دەکەم و داوا لە پێکهاتەکانی ناو پەرلەمان دەکەم، ئەگەر کاندیدیان هەیە بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمان با ناوەکەی رابگەیەنن، ئەگەر هیچ کاندیدێکی تر نییە، دەرگای پاڵاوتن دادەخەین، دیارە هیچ کاندیدێکی تر نییە، بۆیە دەرگای پاڵاوتن دادەخەین، ئێستا تەنها کاندید بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمان، کاندیدی لیستی کوردستانییە، بەڕێز کاک دکتۆر حسن محمد سورەیە، ئێستا ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەم شێوەیە رادەگەیەنین، بەڕێز کاک دکتۆر ارسلان بایز اسماعیل هەڵبژێردرا بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بە تەزکیە، لەبەر ئەوەی هیچ مونافیسێکی نەبوو لەناو پێکهاتەکانی ناو پەرلەمان، بەهەمان شێوە بەڕێز کاک دکتۆر حسن محمد سورە هەڵبژێردرا بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمان بە تەزکیە، لەبەر ئەوەی هیچ مونافیسێکی نەبوو، بۆیە ئێستاش داوا لە هەردوو بەڕێزان دەکەین بێنە سەر مەنصەو شوێنەکانی خۆیان وەربگرن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان.**

**بەڕێزان ئەندامانی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان.**

بە ناوی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە پێشەکی سوپاسی برای بەڕێزمان پەرلەمانتار کاک شێروان دەکەین، کە ئەرکی ئەم پرۆسەیەی گرتە ئەستۆ. بەڕێزان بەناوی خۆم و بەڕێز (جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان) زۆر سوپاستان دەکەین، بۆ ئەو بڕواو متمانەیەی کە بە ئێمەتان بەخشی، هیوادارین بە هەوڵو کۆشش و هاوکاریی هەموو لایەك، لە سەرۆکایەتی پەرلەماندا بتوانین لەم قۆناغە کورت و گرنگ و هەستیارەی هەرێمی کوردستان ئەرکەکانمان جێبەجێ بکەین، بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان، رۆڵ و

ئەرکەکانی خۆی زیاتر گەشە پێبدا لە چاودێری کردنی حکومەت و داڕشتنی یاساو بڕیارو بەدواداچوونی خواست و داواکارییەکانی کۆمەڵانی خەڵك. ئەویش لەڕێی شۆڕبوونەوەو تێکەڵاوی زیاتری ئەندامانی لیژنەکان لەگەڵ جەماوەری کوردستان لە شارو شارۆچکەو دێهاتەکاندا.

هەروەها لێرەوە جێی خۆیەتی سوپاسی برای بەڕێزمان پێشمەرگەی دێرین کاك د.کەمال کەرکووکی سەرۆکی پێشووی خولی سێیەمی پەرلەمان بکەین، کە لەماوەی ساڵانی رابردوو، لە خولی دووەم و سێیەمی پەرلەماندا، لە قۆناغێکی گرنگ و هەستیاردا، دڵسۆزانە ئەرکەکانی راپەڕاندووە. هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین لە ئەرك و کارەکانی داهاتووی لە هەر شوێن و ئەرك و پلەو پایەك دابێت، داواکارین هەمیشە لە پەیوەندی دابین لەگەڵ بەڕێزی، بۆ ئەوەی لە پرۆژە یاساکان هاوکاریمان بکات، پرۆژە یاساکانمان دەوڵەمەند بکات، ئێمە چاوەڕوانی هیمەتی زیاتری بەردەوامین لێی.

بــەڕێــزان.. دیارە پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی هەر سێ خولی هەڵبژاردنەکاندا، کە لە ساڵی 1992ـەوە دەستی پێکردووە، بەپێی قۆناغەکان و رووداوو پێشهاتەکان، لە هەر خولێکدا ئەرکەکانی جیاواز بووە. بەڵام بەگشتی تەواوکەری یەکتری بوون، ئەگەر خولی یەکەمی پەرلەمان خولی دامەزراندنی بناغەی بە یاسایی دروستبوونی یەکەم ئەزموونی سیاسی و حوکمڕانی و فیدراڵی بوو بێت لە هەرێمی کوردستاندا، ئەوا خولی دووەمی هەڵبژاردنەکان لە ساڵی 2005دا، خولی یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەی هەرێم و رێکخستنەوەی نێوماڵی گەلەکەمان و جێگیرکردنی مافەکانی گەلی کوردستان بوو. دەوری بەرچاویشی بووە لە دانانی دەستووری هەمیشەیی عێراق و ڕاگەیاندنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بۆ رای گشتی. بێگومان خولی سێیەمی هەڵبژاردنەکانیش درێژە پێدەری خولەکانی پێشووە، بەرەچاوکردنی تایبەتمەندێتی و هەلومەرجی قۆناغەکە. خولی سێیەمی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە ئەنجامی هەڵبژاردنێکی ئازادو دیموکراسیانە لە ساڵی 2009دا ئەنجامدراو بۆ یەکەمین جار چەند هێزێکی سیاسی وەك هێزی ئۆپۆزسیۆن هاتنە نێو پەرلەمانی کوردستان، کە وێنەیەکی جوانتری هەرێمی کوردستانی نیشانی ناوچەکەو جیهاندا لە پێڕەوکردنی سیستەمی دیموکراتیدا. ئەم ئاڵوگۆڕەی کە ئەمڕۆش لە سەرۆکایەتیی پەرلەمان بەڕێوە دەچێت، بەشێکە لە ئاڵوگۆڕی هێمنانەو مەدەنیانەی نێوان دوو هێزی هاوپەیمان. ئەمەش هەر نیشانەی ئەوەیە کە لە هەرێمی کوردستاندا هەنگاوەکانی ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات و رێزگرتن و پابەندبوون بەدیموکراتی بەرەو پێشەوە چووەو، گیانی یەکتر قبوڵکرنیش رۆژبەڕۆژ لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر چەکەرە دەکا.

خوشك و برایانی بەڕێز..

ئاشکرایە هەر قۆناغەو تایبەتمەندیی خۆی هەیەو، پێویستی بەدانانی نەخشەو بەرنامەی تازە هەیە، بۆ ئەوەی تەکانی زیاتر لە بەرەو پێشچوونی کارەکان بێتەدی، کیشەو کەموکوڕیەکانیش بە دیالۆگ چارەسەر بکرێت بە ڕەچاو کردنی بەرژەوەندیی گشتیی گەلەکەمان.

مرۆڤ لە هەر ئاستێکی کار کردن دابێت، دەبێ هەوڵبدا شێوازی بیرکردنەوەو ئالیەتی رێکخستنی کارەکانی وا رێك بخات کە لە خزمەتی گەشەپێدانی کارەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاریی ئەو دامەرزاوە دابێت کە لێی بەرپرسیارە، بۆ ئەمەش ئێمە وەکو سەرۆکایەتی نوێی پەرلەمانی کوردستان، لەماوەی دووەمی خولی سێیەمی هەلبژاردنەکاندا هەوڵ دەدەین لە ئاستی بڕواو متمانەو خواست و داواکاریی ئێوەی بەڕێزو کۆمەلأنی خەڵکی کوردستاندا بین، دەمانەوێ کار بکەین بۆ ئەوەی ئەم پەرلەمانە بکەینە خاڵی یەکانگیری، بۆ سەرجەم فراکسیۆن و پێکهاتەو بۆچوونە جیاوازەکان، هەوڵ دەدەین لە سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستاندا، جۆرێك لە هاوسەنگی زیاتر لەنێوان فراکسیۆنەکان و پێکهاتە جیاوازەکان رابگرین‌و گوێ لە هەموو لایەك بگرین، تا بۆمان بکرێ هەوڵدەدەین لەڕێی کارا کردنی کۆبوونەوەی لیژنەکان بیروبۆچوونەکان لەبارەی پڕۆژە یاساو بڕیارەکان لەیەك نزیك بکەینەوە، لەکاتی پێویستیشدا داوای هاریکاری خەڵکانی پسپۆرو شارەزایان ئەکەین چ لە زانکۆکانی کوردستان و چ لە دەزگاکانی حکومەت و دەزگاکانی تری هەرێمدا، هەروەها لە دۆستانمان لە پەرلەمانتارانی بیانی، خۆشمان وەك سەرۆکایەتیی پـەرلەمان هەوڵ دەدەین لە گفتوگۆ گرنگ و چارەنووسسازەکاندا هاوکاریتان بکەین و، لەدانیشتنەکان ئامادە بین بۆ ڕاگرتنی هاوکێشەکان و لێك نزیك خستنەوەی بۆچوونەکان، ئەمەش بە هاوکاری و هەماهەنگی هەموو لایەك دەبێت، هەوڵ دەدەین لیژنەکانی پەرلەمان کاراترو چالاکتر بکەین، بۆ ئەوەی زیاتر بچینە نێو کۆمەلأنی خەڵك و، لە نزیکەوە بەدواداچوون بۆ کیشەو داخوازییەکانیان بکەن، سەرۆکایەتی پەرلەمان خۆشیان کار بۆ ئەوە دەکەن لە نزیکەوە بچنە نێو کۆمەلأنی خەڵکی کوردستان بۆ ئاگادار بوون لە گلەیی و خواست و داواکارییەکانیان. لە بواری راگەیاندنیشەوە هەوڵ دەدەین گەشەی زیاتر بە کارەکانی بەڕێوبەرایەتیی راگەیاندن بدەین و فراوانتری بکەین، بۆ ئەوەی بتوانن گەشە بە ئیشوکارەکان بدەن، بە تایبەتی رێکسختن و بەرنامەڕێژ کردن بۆ کەناڵی ئاسمانیی پەرلەمان تا ببێتە پردی پەیوەندی لەنێوان پەرلەمان و خەڵکی کوردستان، کە جگە لە بلأو کردنەوەی دانیشتنەکانی پەرلەمان، گرنگی و بایەخ بەکارو چالاکیی سەرجەم لیژنەکانی پەرلەمان بدات و سەردانە مەیدانیەکانیان بلأو بکاتەوە، پڕۆگرام و بەدواداچوونی تایبەتیش بۆ ئەو پڕۆژە یاساو بڕیارانە بکات کەدوای ئەوەی خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ دەکرێت و ئاراستەی لیژنەکان دەکرێن.

هەروەها وەك سەرۆکایەتی بەردەوام دەبین لە پەیوەندی و هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت و درێژە بە کۆبوونەوەی دەوریی نێوان هەردوو سەرۆکایەتیی پەرلەمان و حکومەت دەدەین. بۆ پتەوتر کردنی هەماهەنگی و هاوکاری کە بنەمای هەر سستەمێکی پەرلەمانیە.هەروەها پتەو کردنی پەیوەندی پەرلەمان و دەسەلأتی دادوەری و وەزارەتی داد، بە مەبەستی بەدیهێنانی زیاتری سەربەخۆیی دادوەری لە هەرێمی کوردستانداو، بە دواداچوونی جێ بەجێ کردنی یاساکان لەلایەن دادگاکان و دامودەزگاکانی داد. بایەخدانی زیاتر بە ڕۆڵی داواکاری گشتی بە چاودێری کردنی جێ بەجێ کردنی یاساکان.

هەوڵ دەدەین لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و بیانی و ناوخۆیی لە کارکردن و پەیوەندی بەردەوام دابین و ڕاوێژیان لەگەڵ بکەین و پێشنیارو تێبینیەکانیان بەهەند وەربگرین.

بــەڕێــزان.. دیارە لەم قۆناغە نوێیەی کاری پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، کۆمەڵێك ئەرك و کاری جدیمان دێتە پێش، پێویستە بە گیانی هاوکاری و، بە لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان و چەسپاندنی دەسەڵاتی یاساو عەدالەتی کۆمەڵایەتی و دادپەروەریی زیاتر لە هەرێمی کوردستاندا، ئەو ئەرکانە ئەنجام بدەین. هیوادارین لە سەرەتای مانگی ئازار لەگەڵ دەستپێکردنەوەی خولی نوێی دانیشتنەکانی پەرلەماندا، ئەو پرۆژە یاسایانەی کەدەمێکە خوێندنەوەیان بۆ کراوەو، راپۆرتی لیژنەکانی لەسەر ئامادەکراوە، بخەینە نێو بەرنامەی کاری دانیشتنەکان. لە سەرووی هەمووشیانەوە هەوڵ دان بۆ هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کەخواست و داواکاری هەموو لایەکە. جا هیوادارین سەرجەم فراکسیۆنەکان هاوکاربن، بۆ ئەوەی بەشێویەك هەموار بکرێتەوە، کە لە خزمەتی بەرەو پێش چوونی زیاتری کارەکان و دانانی میکانیزمێکی گونجاوتر دابێت، بۆ دارشتنی یاساو بڕیارەکان بە سوود وەرگرتن لە ئەزموون و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی دەوڵەتانی دیموکرات و پێشکەوتوو.

جگە لەمانەش ئەرك و پرۆژە یاسای زۆر گرنگمان لە پێشە، بە ڕاوێژو گفتوگۆ لەگەڵ فراکسیۆن و لیژنە تایبەتمەندەکان، بەپێی پێویستی و گرنگیان کاریان لەسەر دەکەین و لە خشتەی بەرنامەی کاردا لە ئەولەویەتی کارەکانماندا دەبن. هەوڵ دەدەین کار بکەین بۆ کاراو چالاکتر کردنی ئەو دامەزراوانەی کە سەر بە پەرلەمانی کوردستانن وەك دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و، دامەزراندنی دەستەی نەزاهە.

ئومێد دەکەین بە هاوکاری هەموو لایەکتان ئەمساڵ و نیوەی کە ماوە، ئەو دوو ساڵەی رابردوو کە رۆیشتووە دەوڵەمەندتر بکەین، بە خستنە سەری ئەو بەرهەمانەی لەمساڵ و نیوەی داهاتوو پێشکەشی دەکەین، جارێکی تر سوپاستان دەکەین، سوپاسی برای خۆشەویستمان کاك دکتۆر کەمال دەکەین، کە تا دوا دەقیقە لەگەڵمان مایەوەو ئومێدی سەرکەوتنی بۆ دەخوازین، تەئکیدیش دەکەینەوە هەمیشە چاومان لەوەیە پرۆژە یاساکانمان دەوڵەمەند بکات، ڕێنماییمان بکات و هاوکاریمان بکات، زۆر سوپاستان دەکەین، کۆتایی بە دانیشتنی ئەمرۆمان دەهێنین، تا بەیانی سەعات (11)ی پێش نیوەرۆ بۆ دەست نیشان کردنی ناوهێنانی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی، تا بەیانی بە خواتان دەسپێرین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د. حسن محمد سوره محمد | د. ارسلان بایز اسماعیل |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی**

**پێنج شەممە ڕێكەوتی 16\2\2012**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی

## پێنج شەممە ڕێكەوتی 2012/2/16

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی 2012/2/16 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە محمد جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی خولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (2)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی 2012/2/16 دا بەم شێوەیە بێت:

1- ناولێنانی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی كوردستان – عێراق و جێگرەكەی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەی ئەمڕۆمان دەست پێ دەكەین، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (2)ی نائاسایی، ڕۆژی دانیشتن 2012/2/16، بەرنامەی كار: بەپێی حوكمی بڕگە (1)ی ماددە (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی 2012/2/16دا بەم شێوەیە بێت:

1- ناولێنانی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی كوردستان – عێراق و جێگرەكەی.

بەڕێزان، دیارە پێش ماوەیەك كابینەی حكومەت دەستیان لەكار كێشایەوە بە ڕەسمی ئاراستەی سەرۆكایەتی هەرێم كرا، سەرۆكی هەرێمیش بە ڕەسمی دەست لەكار كێشانەوەكەی قەبول كردن و بە نووسراوێكی ڕەسمی بۆ پەرلەمان هاتووە، بۆیە ئێمە بە پێویستی دەزانین دەقی نووسراوەكەی سەرۆكی هەرێم لێرەدا بخوێنینەوە، بۆ ئەوەی لە نزیكەوە ئاگاداری فەرمانەكە بن.

**کۆماری عێراق**

**هەرێمی کوردستان**

**سەرۆك**

**فەرمانی هەرێمی**

**ژمارە (32)ی ساڵی 2012. بەپێی ماددەی دەیەم بڕگەی (14) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەموار کراو بڕیارماندا بە:**

**1- قەبوڵ کردنی دەست لەکارکێشانەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق.**

**2- ڕاسپاردنی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق بە بەردەوام بوون لە جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی تاوەکو وەزارەتێکی نوێ پێك دەهێنرێت.**

**دوای خوێندنەوەی ئەم فەرمانەی سەرۆکایەتیە، بەپێی ماددەی (10)ی بڕگەی (12) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم کە دەبێت نوێنەری زۆرینە ناو لێ بنرێت، بۆ ئەوەی کابینەی نوێ تەشکیل بکرێت، نوێنەری زۆرینەش لێرە لە پەرلەمان لیستی کوردستانیە، دوای ڕاوێژ کردن لەگەڵ لیستی کوردستانی، ئەوان دوو ناویان داوە بە سەرۆکایەتی پەرلەمان، ناوەکانیش کاك نێچیرڤان بارزانی و کاك عیماد احمد، ئەو دوو ناوە لەلایەن پەرلەمانەوە دەست نیشان دەکرێن، بۆ ئەوەی دواتر سەرۆکی هەرێم تەکلیفیان بکات بۆ تەشکیل کردنی حکومەت، جا لێرەدا بەپێویستی دەزانین بەپێی یاسا ئەو دوو ناوە بخەینە بەردەستی ئێوەی بەڕێز، ئەو دوو ناوە دەخەینە پێش چەنابتان، کە سەرۆکی حکومەت کاك نێچیرڤان ئیدریس مصطفی بارزانی، جێگری سەرۆکی حکومەت کاك عیماد احمد، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو دوو ناوەیە، بۆ ئەوەی دواتر سەرۆکی هەرێم تەکلیفیان بکات بۆ تەشکیل کردنی حکومەت دەستی بەرز بکاتەوە؟ لەبەر ئەوەی برادەران هەندێکیان تازە هاتنە ژوورەوە، بۆیە جارێکی تر دەیژمێرینەوە، فەرموو کاك شێروان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پێموایە پێویستە سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت بە جیا تەصویتیان لەسەر بدرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**باشە لەسەر ئەو پێشنیارەی کاك شێروان، لەبەر ئەوەی دەنگدانەکە حەسم نەکراوە، دەتوانین یەك بیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە بەڕێز کاك نێچیرڤان ئیدریس مصطفی بارزانی دەست نیشان بکرێت بۆ تەکلیف کردنی لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە وەکو سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پێکهێنانی ئەو کابینەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر**

سوپاس، بەکۆی دەنگ رەزامەندییان دەربڕی، کە ژماردمان کەسێك نەبوو دەستی بەرز نەکاتەوە، هەموویان دەستیان بەرز کردەوە.

ئێستا بۆ جێگری سەرۆکی حکومەت کاك عیماد احمد، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، پیرۆزباییان لێ دەکەین، ئینشائەڵلا سەرکەوتوو دەبن لەوەی کە بەڕێز سەرۆکی هەرێم تەکلیفیان لێ دەکات بۆ پێکهێنانی کابینەی تازە، ژمارەی دەنگەکانیش (71) دەنگ بوو، ئەوانی تر غائیب بوون، سوپاستان دەکەین، ئومێد دەکەین کابینەی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەی باشترو تۆکمەتریان هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر خزمەتی میللەتەکەمان بکەین، سوپاسی ئێوەش دەکەین، تا دانیشتنێکی تر بە خواتان دەسپێرین، هەربژین.

فرست احمد عبدالله
سکرتێری پەرلەمانی
کوردستان – عێراق

د. حسن محمد سوره محمد
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان – عێراق

د. ارسلان بایز اسماعیل
سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەسپێك**

**سێ شەممە ڕێكەوتی 6\3\2012**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەسپێك

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2012/3/6

كاتژمێر (12)ی نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2012/3/6 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی دەسپێكی خولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی دەسپێكی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (12)ی نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2012/3/6 دا بەم شێوەیە بێت:

1- دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاكی شەهیدانی كوردستان و عێراق.

2- وتاری بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان - عێراق بەم بۆنەیەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەست پێ دەكەین، سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی دووەم، دانیشتنی دەستپێك، رۆژی دانیشتن 2012/3/6، بەپێی حوكمی بڕگە (1) لە ماددەی (5) هەر دوو بڕگەی (1، 2) لە مادده (54) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان - عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار كراو بڕیاردرا كاتی كردنەوەی خولی گرێدانی دووەم ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی سێیەمی پەرلەمان لە كاتژمێر (12)ی نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2012/3/6دا بێت، بەرنامەی كاری دانیشتنەكە بەم شێوەیە بێت:

1- دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاكی شەهیدانی كوردستان و عێراق.

2- وتاری بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان - عێراق بەم بۆنەیەوە.

جارێ دەستپێك بفەرموون دەقیقەیەك بۆ گیانی پاكی شەهیدانی كوردستان و عێراق بوەستن، زۆر سوپاس، فەرموون دانیشن.

ئێستاش وتاری سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان، كە بەهاوكاری بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلەمان و بەڕێز سكرتێری سەرۆكایەتی پەرلەمان نووسراوە، من بۆتان دەخوێنمەوە.

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

بەناوی گەلی كوردستان.

بەپێی حوکمی بڕگەی (1)ی ماددەی (5) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992 ئەمڕۆ سێ شەممە ڕێکەوتی 2012/3/6 دانیشتنی دەستپێکی کردنەوەی خولی گریدانی دووەم لە ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان دەست پێدەکەین.
سەرەتا بەناوی خۆم و جێگری سەرۆکی پەرلەمان جارێکی تر سوپاسی ئێوەی بەڕێز دەکەین، بۆ ئەو بڕواو و متمانیەی کە بە سەرۆکایەتی نوێی بەرلەمانتان بەخشی، هیوادارین لەم خولەدا بە هاوکاری و هەماهەنگی سەرجەم فراکسیۆن و پێکهاتە جیاوازەکان، بتوانین ئەرکی نیشتمانی و بەرپرسیارانەی خۆمان لەم قۆناغە گرنگەی خەباتی سیاسی ودیموکراسی ومەدەنیانەی گەلەکەمان جێبەجێ بکەین.
هەروەها بەبۆنەی یادی راپەڕینە شکۆدارکەی ئاداری 1991 جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی گەلەکەمان و جەماوەری راپەڕیوی شاروشارۆچکەکانی کوردستان دەکەین، سەری ڕێزونەوازش بۆ گیانی پاکی شەهیدانی گەلەکەمان بەگشتی و شەهیدانی راپەرین بەتایبەتی دادەنەوێنین.
مانگی ئادار، جیا لە مانگەکانی تری ساڵ، مانگێکە تایبەتمەندی خۆی هەیە لە مێژووی خەباتی گەلەکەماندا، چونکە بەشێکی زۆری بۆنە خۆش وناخۆشەکان، نەهامەتی و سەرکەوتنەکانی گەلی کوردستان، لەم مانگەدا کۆبوونەوەنەتەوە.
ئەگەر ئادار مانگی بۆنە ناخۆشەکانی وەك ڕێکەوتنامە شوومەکەی جەزائیری ساڵی 1975 بێت، کە پیلانی هاوبەشی رژێمی ئەوسای عێراق و شای ئێران، سەرۆکی ئەوسای جەزائیر بوو لە دژی خەباتی نەتەوەکەمان و شۆڕشی ئەیلوول بەرابەرایەتی بارزانی نەمر، ئادار مانگی مەرگەساتی کیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجەو شێخ وەسان و بالیسان و ناوچەکانی بادینان بوو، مانگی کۆڕەوە ملیۆنیەکەی گەلەکەمان بەرەو سنوورەکانی ئێران وتورکیا بوو. بەڵام لە بەشێکی تری رۆژمێری ئەم مانگەدا، دەبینین مانگی ئادار هەڵگری کۆمەڵێك مژدەو بۆنەو سەرکەوتنی گەورەیە لە خەباتی گەلەکەماندا، وەك ڕێککەوتنامەی 11ی ئاداری مێژوویی کە بە دەستکەوتێکی گرنگی شۆڕشی ئەیلوول و خەباتی گەلەکەمان لە عێراق دەژمێردرێت، هەروەها ئادار مانگی راپەڕینی جەماوەرو رزگار کردنی شاروشارۆچکەکانی کوردستان بوو، بە کەرکووکی زێرینەوەش، کە بە رزگار کردنی ئەو شارە کوردستانیە، راپەڕین تاجی سەرکەوتنەکانی لەسەرناو ئاگری نەورۆز و سەرکەوتنەکانیش لەسەر سنگی ئەو شارە خۆراگرە داگیرسا.
خوشك وبرایانی بەڕێز.
دیارە دوو مانگی پشووی دانیشتنەکان، دەرفەتێکی باش بوو، لەبەردەم لیژنەکانی پەرلەمان، بۆ دیراسە کردنی ئەو پرۆژە یاسانەی کە ئاراستەیان کرابوو، وێڕای دەست خۆشیمان لەو لیژنانەی کە راپۆرتیان لەسەر ئەو پرۆژە یاسایانە ئامادە کردووە، داواکارین لە سەرجەم لیژنەکان بەگوڕو تینێکی زیاترەوە، لەم خولەدا کارەکانیان راپەڕێنن، راپۆرتیان لەسەر پرۆژە یاساکان ئامادە بکەن، بۆ ئەوەی دواتر لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا، گفتوگۆیان لەسەربکرێت و بڕیاریان لەسەر بدرێت.

لەم خولەدا پێویستە بوونی بۆچوون وتێڕوانینی جیاوازی فراکسیۆن و پێکهاتەکان بکەینە خاڵی بەهێزی هەماهەنگی بۆ دەوڵەمەند کردنی گفتوگۆکان ودەرکردنی یاسا وبڕیاری گونجاو، چونکە خەڵکی کوردستان چاوەڕێی کارو خزمەتی زیاترمان لێ دەکەن، کۆمەلانی خەڵك دەیانەوێ لیژنەکانی پەرلەمان چاوو دڵ و گوێی ئەوان بن لە چاودێری کردنی حکومەت و بەداوداچوونی کێشەکانیان، بۆیە دەبێ ئێمەش لە ئاستی ئەو بڕواو متمانەیە دابین کە بە ئێمەیان بەخشیوە.

بەڕێزان... لێرەدا بە پێویستی دەزانم جارێکی تر تەئکید لەسەر بەرنامەو سیاسەتی کارکردنی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بکەینەوە، کە دەمانەوێ پەرلەمانی کوردستان بکەینە خاڵی یەکانگیرو وێستگەی بە یەك گەیاندنی بۆچوونە جیاوازەکان و چارەسەر کردنی کێشەو گرفتەکان لەسەر بنەمای راوێژو هەماهەنگی کردن لەگەڵ سەرجەم فراکسیۆن و پێکهاتە جیاوازەکاندا. چونکە لەم قۆناغە گرنگ وهەستیارەدا، کە گەلەکەمان وئەزموونەکەمانی پێدا تێپەڕ دەبێت (چەپڵە بەدەستێك لێنادرێت)، پێویستە هەموو هێز ولایەنە سیاسیەکانی کوردستان، لە دەرەوەو ناوەوەی پەرلەمان هاوکارو پشتیوانی لە بەرنامەی کرانەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەن. ئەو بەرنامەیەی کە لە وتاری مەراسیمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی نوێی پەرلەماندا خستمانەڕوو، هەڵقوڵاوی ئەزموونی دووساڵ ونیوە لەخولی سێیەمی هەڵبژاردنەکان، پێمانوایە ئەمڕۆ هەموو لایەکانی ناو پەرلەمان، بە فراکسیۆنی زۆرینەو فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن و سەرجەم پێکهاتەکانی تر ئەزموونی باشترمان پەیدا کردووە، کە ئومێدەوارم دڵسۆزانە بیخەینە خزمەتی باشتر راپەڕاندنی ئیشوکارەکانی پەرلەمان و بەجێگەیاندنی ئەرکەکانمان.

پێویستە هەمووﻻ بە لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی کوردستان، ئەرکی بەرپرسیارانەی خۆمان بەجێ بگەینین، گیانی یەکتر قەبوڵ کردن، رێزگرتن لە بۆچوونە جیاوازەکان، بکەینە بنەمای کاری جدی، بۆ سەرخستنی بەرنامەکانی چاکسازی و شەفافیەت، چەسپاندنی دەسەڵاتی یاسا، دابینکردنی دادپەروەری کۆمەلایەتی، گەشەپێدانی زیاتری دیموکراسی و ئازادیی رۆژنامەگەری و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ.

خوشك وبرایانی بەڕێز.

لەم خولە نوێیەدا ئومیدەوارین لیژنەکان چالاکانەتر لەجاران ئەرکەکانی خۆیان راپەڕێنن، بەوردی دیراسەی ئەو پرۆژە یاسایانە بکەن کە ئاراستەیان کراوەو راپۆرتی خۆیان لەسەر ئامادە بکەن، لەسەرۆکایەتی پەرلەمان هاوکارو پشتیوانیان دەبین، چونکە چەندین پرۆژە یاساو ئەرکی گرنگمان لەپێشە، کە پێویست دەکات خۆمانی بۆ ئامادە بکەین، لە سەرووی هەموویانەوە، هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، دارشتنی پرۆژە یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری، هەوڵدان بۆ پێداچوونەوە بە یاسای خۆپیشاندان بەشێوەیەکی تەوافقی، ئیقرارکردنی بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2012 کە دوای گەیشتنی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەزووترین کات خوێندنەوەی بۆ دەکەین و ئاراستەی

**لیژنـەکان دەکرێـت، بـۆ ئـەوەی بەشـێوەیەکی ورد و شـەفافانەتر دیراسـە بکرێـت و دواتـر لەلایـەن ئێـوەی بەڕێزەوە ئیقرار بکرێت.**

**هەر لەم خولەدا چاوەڕوان دەکرێت مەراسیمی سوێند خواردنی بەڕێز کۆسرەت رەسول عـەلی وەك جێگـری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێوە بچێت، پێکهاتـەی کابینـەی نـوێی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان بێتـە بەردەم پەرلەمان، بۆ وەرگرتنی بڕواو متمانەی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان، هیوای سەرکەوتن بۆ بەڕێزان کاك نێچیرڤان بارزانی وکاك عیماد احمد دەخوازین لە هەوڵەکانیاندا، بۆ ئەوەی لەماوەیەکی نزیکدا بتـوانن ئەندامانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان بکەن.**

**هەوڵ دەدەین پەیوەندیەکانی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ نوێنەرانی لیست و پێکهاتـە کوردسـتانیەکان لـە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەهێز بکەین و میکانیزمێکی گونجاو بـۆ هاوکـاری و هەماهـەنگی لـەنێوانمان دابنێین.**

**لەکۆتاییدا ئومێدەوارین لەم خولەدا بتوانین ئەو بەرنامەو ئامانجانەی هەمانـە بـە هاوکـاری هەمولایـەکتان سەرکەوتوانە جێبەجێیان بکەین، لە ئاستی خواست وداواکاریەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دابین. زۆر سوپاستان دەکەین. بەم جۆرە کۆتایی بەدانیشتنی کردنەوەی خولی نوێی پەرلەمان دەهێـنین، لـە دانیشـتنی داهاتوو ئاگادارتان دەکەینەوە. هەر سەکەوتوو بن و زۆر زۆر سوپاس.**

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری پەرلەمانی**
**کوردستان – عێراق**

**د.حسن محمد سوره**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان – عێراق**

**د. ارسلان بایز اسماعیل**
**سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 13\3\2012**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)

## سێ شەممە ڕێکەوتی 2012/3/13

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2012/3/13 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (1)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2012/3/13 دا بەم شێوەیە بێت:

1- پێش چاوخستنی بە ئەندام وەرگرتنی پاڵێوراوی بەڕێز (محمد موسی مصطفی) کە بە زنجیرە ژمارە (63)ی لیستی کوردستانی ناوی هاتووە لە جێگای ئەندامی دەست لەکار کێشراو بەڕێز (محمد قادر عبدالله "د.کەمال کەرکووکی").

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 2002 لە هەرێمی کوردستان.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (1)، ڕۆژی دانیشتن 2012/3/13، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2012/3/13 بەم شێوەیە بێت:

1- پێش چاوخستنی بە ئەندام وەرگرتنی پاڵێوراوی بەڕێز (محمد موسی مصطفی) کە بە زنجیرە ژمارە (63)ی لیستی کوردستانی ناوی هاتووە لە جێگای ئەندامی دەست لەکار کێشراو بەڕێز (محمد قادر عبدالله "د.کەمال کەرکووکی").

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 2002 لە هەرێمی کوردستان.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

لەبەر ئەوەی بەڕێز دکتۆر کەمال کەرکووکی لەبەرچاوی خۆتان ئیستیقالەی پێشکەش کرد، چ لە سەرۆکی پەرلەمان و چ لە ئەندامیەتی پەرلەمان، بۆیە بەپێی تەسەلسول یەکێك دێتە جێگاکەی بەناوی بەڕێز (محمد موسی مصطفی)، کە شوێنی ئەو دەگرێتەوەو دەبێت بە ئەندام پەرلەمان، جا با بفەرموویێت بۆ سەر سەکۆ، بۆ سوێند خواردن، فەرموو.

**بەڕێز محمد موسی مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من (محمد موسی مصطفی)م سوێند بێ بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دێینە سەر بڕگەی دووەم/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 2002 لە هەرێمی کوردستان، با لیژنەکانی یاسایی و ناوخۆ و پەروەردەو فێرکردنی باڵا بفەرموون بۆ شوێنی خۆیان.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**ب/ ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی لە بارەی پرۆژە یاسای یەکەمی هەموار کردنی یاسای یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 2002**

لیژنەی یاسایی لە رۆژی 26/ بەفرانبار/ 2711ی کوردی، ڕێکەوتی رۆژی 2012/1/16ی زاینی کۆبۆوە بۆ لێکۆڵینەوە لە پرۆژە یاسای (یەکەمین هەمواری یاسای یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 2002)، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، کە لە پاش خوێندنەوەی یەکەم لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (18) لە 2011/12/21 رەوانەی لیژنەکەمان کرا، لە پاش گفتوگۆ رای لیژنە بەم شێوەیە:

1- ماددەی یەکەم: لیژنە پێشنیار دەکات بڕگەی (7) لە ماددەی (یەکەم) هەموار بکرێت بە زیاد کردنی دەستەواژەی (حکومی و تایبەت) بۆ کۆتایی بڕگەکەو، بڕگەکەش بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

(7- مامۆستا: هەموو مامۆستاو وانەبێژان لە کارمەندانی وەزارەتی پەروەردەو مامۆستایان لە زانکۆ و پەیمانگاکانی حکومی و تایبەتدا).

2- ماددەی دووەم: لیژنە لەگەڵ ئەوە دایە کە هەر وەك لە پرۆژەکەدا هاتووە.
3- ماددەی سێیەم: لیژنە پشتگیری لە دووبارە داڕشتنەوەی پێشەکی ماددەکە دەکات بەم شێوەیە:
(ئەوانەی ماڤی ئەندامیەتیان لە یەکێتییەکەدا هەیە بەگوێرەی ئارەزوویان، بەپێی ئارەزوویان).
4- ماددەی شەشەم: لیژنە پشتگیری لەوە دەکات کە لە پرۆژەکەی حکومەتدا هاتووە لەگەڵ زیاد کردنی وشەی (کۆنگرە) بۆ کۆتایی بڕگەی (1)و دووبارە داڕشتنەوەی بەم شێوەیە:
(1- دەستەی گشتی و کۆنگرە).
5- ماددەی حەوتەم: لیژنە لەگەڵ ئەوە دایە کە هەر وەك لە پرۆژەکەدا هاتووە.
6- ماددەی شەشەم: ئەسڵی ماددەکە بە ریزبەندی (أ) دابندرێت و بڕگەیەکیش بخرێتە سەر ماددەکە بە ریزبەندی (ب)و بەم شێوەیەی خوارەوە:
(مەرجە ئەوەی بە ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت هەڵدەبژێردرێت هاووڵاتی هەرێمی کوردستان بێت و لە بواری پەروەردەو فێرکردنیشدا خزمەتی هەبێت، کە لە پێنجساڵ کەمتر نەبێت).
7- ماددەی یازدەم: لیژنە لەگەڵ ئەوە دایە دوو بڕگە بخرێتە سەر ماددەکە هەر وەك کە لە پرۆژەکەدا هاتووە.
8- ماددەی دوازدەم: لیژنە پشتگیری لەوە دەکات کە هەر وەك لە پرۆژەکەدا هاتووە.
9- ماددەی سێزدەم: لیژنە پشتگیری لەوە دەکات کە لە (یەکەم)ی پرۆژەکەدا هاتووە.
10- ماددەی چواردەم: لیژنە پشتگیری لەو دەکات کە لە بڕگەی (یەکەم/أ)ی پرۆژەکەدا هاتووە.
11- ماددەی پازدەم: لیژنە لەگەڵ زیاد کردنی بڕگەیەك دایە بە ریزبەندی (4) بۆ ماددەکە هەر وەك کە لە راپۆرتی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا هاتووە.
12- ماددەی شازدەم: لیژنەکە لەگەڵ ئەوەدایە کە لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە.
لەگەڵ رێزدا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، نوێنەری کۆمەڵگەی مەدەنیش با بفەرموویێت بۆ سەر مەنصە، فەرموون لیژنەی پەروەردە راپۆرتی خۆتان بخوێننەوە.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئەوەی پێشکەشتانی دەکەین راپۆرتی هاوبەشی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵاو لیژنەی کۆمەڵەی مەدەنیە.

**بۆ بەڕێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت / راپۆرتی هاوبەش دەربارەی پڕۆژە یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ژمارە (4) ساڵی 2002**

ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە (ك1767) لە 2011/12/26 کە تایبەت بە ناردنی پڕۆژە یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ژمارە (4) ساڵی 2002، کە لە دانیشتنی ژمارە (18)ی ڕۆژی چوارشەممە لەرێکەوتی 12/21/ 2011 خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا ئەمەی خوارەوە ڕاوبۆچوونی هاوبەشی هەردوو لیژنەی (پەروەردەو خویندنی باڵاو کۆمەڵی مەدەنیە):

1- رۆژانی 28 و 2011/12/29 هەردوو لیژنە کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامداو گفتۆگۆی پڕۆژە یاساکەیان کردووە.

2- لە گفتۆگۆی پڕۆژە یاساکەدا پڕۆژەکەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان کە بە نووسراویان ژمارە (ك 1487) لە 2011/11/22 ئاراستەی پەرلەمانی کوردستانیان کردووەو کراوەتە بنەماو بیروبۆچوون و پێشنیارەکانیان بایەخی پێدراوەو بە هەند وەرگیراوە.

3- دوای گفتۆگۆی هەردوو لیژنە پڕۆژە یاساکە بەو شێوەی کە هاوپێچە دووبارە ئامادە کراوەتەوەو دارشتنەوەی لە شێوەو ناوەڕۆکدا بۆ کراوە، بۆیە داواکارین کە ئەمەیان بکرێتە بنەما بۆ گفتۆگۆ و هەڵسەنگاندن، لەگەڵ رێزماندا.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بۆیە ئێمە داواکارین کە دەنگ لەسەر ئەوە بدرێت، ئەو پڕۆژەیەی کە ئێمە ئامادەمان کردووە بە زمانی کوردی و عەرەبی بکرێتە بنەما بۆ گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان. ئێمە دوای گفتوگۆی هەردوو لیژنە، لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵاو لیژنەی کۆمەڵەی مەدەنی کۆی پرۆژە یاساکەمان لە شێوەو ناوەڕۆکێکی تازەدا داڕشتۆتەوە بە زمانی عەرەبی و کوردی لەلای هەموو بەڕێزتانە، داواکارین کە دەنگی بۆ بدرێت، ئەوە بکرێتە بنەما بۆ گفتوگۆ، دوای ئەوەی کە بەڕێزتان دەنگتان لەسەردا، ئینجا دەقەکەی بە کوردی و عەرەبی دەخوێنینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا لیژنەکانی تر راپۆرتیان هەیە؟ لیژنەکان هەمووتان یەك راپۆرتتان هەیە، لیژنەی ناوخۆ راپۆرتی نییە؟

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە راپۆرتمان هەیە پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کردووە، نازانم لەسەر ئەندامەکان تەوزیع نەکراوەو لەناو سندووقەکان دانەنراوە، ئەوەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

غێر راپۆرت لەلای خۆتان دەبێت؟

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی لیژنەی ناوخۆ پشتگیری لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی کردووە، تەنیا یەك ئیختیلاف هەیە لە ماددەی شەش، کە دەکاتە ماددەی هەشتەمی یاساکە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا یەك پـرۆژە یاسا تەقـدیم کـراوە، ئـەویش لەلایـەن مامۆسـتایان بـووە، بۆیـە ئـەو راپۆرتانـەی کـە لێـرە خوێندرایـەوە راپـۆرتی لیژنـەکان بـووە، نـابن بـە پـرۆژە یاسـا، بۆیـە ئێمـە ئیعتیمـاد دەکەینە سەر ئەو پرۆژە یاسایەی کە لە یەکەمجار تەقدیم کراوە، ئەوە دەبێتە ئەساس، لیژنـەکان دەتـوانن ئەو پرۆژە یاسایە مادده بە مادده، بڕگە بە بڕگە موناقەشەی بکەن و دەوڵەمەندی بکەن، یان زیاد و کـەمی بکەن، فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئەگەر بەم شێوەیە بێت، دەبێت بوار بدەن ئێمە راپۆرتەکەی خۆمان کە ئامادەمان کردووە بە زمانی کوردی و عەرەبی بیخوێنینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بیخوێننەوە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ژمارە (4) ساڵی 2002.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

دەبێت ئێوە راپۆرتەکەی خۆتان بخوێننەوە، راپۆرتە هاوبەشەکەتان بخوێننەوە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ژمارە(4) ساڵی 2002

ماددەی یەکەم:

یەکـەم: برگەیـەك بـۆ مـاددەی یەکـەمی یاسـاکە زیـاد دەکرێـت و دەبێتـە ژمـارە (3)و بـەم شـێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**خوێندنی باڵا: وەزارەتی خویندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.**

**دووەم: بڕگەی (8) لە ماددەی یەکەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی لێ دێت:**

**مامۆستا: هەموو فێرکارو مامۆستایانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەو وانەبێژانی قوتابخانەو زانکۆو پەیمانگا حکومی و تایبەتەکان.**

**ماددەی دووەم: ماددەی دووەمی یاساکە بەم شێوەیە هەموار دەکرێت:**

**بەپێی ئەم یاسایە یەکێتییەك بە ناوی ( یەکێتی مامۆستایانی کوردستان - عێراق) دادەمەزرێت، بارەگای سەرەکیی لە هەولێری پایتەخت دەبێت و، بۆی هەیە لە پارێزگاکان و هەر یەکەیەکی کارگێڕی لق بکاتەوە بە مەرجێك ژمارەی ئەندامانی تێیدا لە (3500) مامۆستا کەمتر نەبێت.**

**ماددەی سێیەم: ماددەی پێنجەمی یاساکە بەم شێوەیە هەموار دەکرێت:**

**بە ئەندامی یەکێتی ئەژمار دەکرێت:**

**أ- هەموو مامۆستایانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەو وانەبێژانی قوتابخانەو زانکۆ و پەیمانگا حکومی و تایبەتەکان .**

**ب- مامۆستا شەهیدەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان - عێراق وەك ئەندامی فەخری.**

**ج- مامۆستایانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان وەك ئەندامی فەخری.**

**د - خانەنشینانی ئەندام لە دەستەی فێرکاری و وانەبێژییەکان کە خوازیارن ببنە ئەندامی یەکێتی بە داواکارییەکی نووسراو.**

**هـ-مامۆستایان، وانەبێژان و سەرپەرشتیارانی سەر بە فەرمانگە پەروەردەیی و فێرکارییەکان.**

**و- ئەندامانی دەستە فێرکاری و وانەبێژییەکان کە میلاکن لەسەر وەزارەت و دەستەو دامەزراوە فەرمیەکان.**

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم: بڕگەی (1) لە ماددەی شەشەم بەم شێوەیە هەموار دەکرێت:**

**دەستەی گشتی و کۆنگرە.**

**دووەم: بڕگەیەك بۆ مادەی شەشەم زیاد دەکرێت و دەبێتە ژمارە (6) و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**نوێنەری یەکێتی لە قوتابخانە، یان دامەزراوەی پەروەردەیی.**

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکەم: بڕگەی (أ)**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك دکتۆر بزانین کاك عبدالسلام نوقتەی نیزامی چیە؟**

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم تێبینیانە لەسەر خودی یاسای ئەسڵی، یەعنی ئێمە سەرمان لێ شێواوە، ئەم تێبینیەی کە دەڵێت ماددەی سێیەم وا بنووسرێت، باسی ماددەی سێیەمی پرۆژەی یاسای مامۆستایانە، کە ئەوان ئەرکیانە دەبێت راپۆرتیان لەسەر هەبێت، یان ماددەی سێیەم لە یاسا کۆنەکە، من ئێستا بمەوێت تەعلیق بدەم باسی کامیانە، سەرمان لێ شێواوە، من پێشنیار دەکەم یان بڵێین ماددەی سێیەم لە ئەسڵی یاساکە بەو شێوەیە بگۆڕدرێت، یان هەڵستن راپۆرتێك بنووسن لەسەر پرۆژەکەی مامۆستایان، بۆیە نوقتەی نیزامیەکە لەوەیە نەمانزانی باسی چی دەکات؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پرۆژە یاسایە یەکێتی مامۆستایان ناردوویانە، کە ئێمە خۆمان دە ئەندام پەرلەمان ئامادەمان کردووە بەو شێوەی کە ئەوان ناردوویانە، ئەم تەعدیلاتانەی کە کراوە هەمووی لەسەر ماددە ئەسڵیەکەی خودی یاساکە خۆی کراوە، ئەوان ناردوویانە تەعدیلەکەی، ئەوەی ئێستا دەخوێندرێتەوە لە نەصە عەرەبیەکەدا نووسراوە چ ماددەیەکە لەناو یاساکەی کە ئێمە تەعدیلمان کردووەو ئێستا دەبێتە چ ماددەیەك، چونکە تەسەلسولەکان لە دواییدا رێك دەخرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك حەمە سەعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەوەی کە کاك دکتۆر صباح خوێندیەوە پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 2002 ئەمەی دەخوێندەوە، کە ئەمە ئامادەی یەکێتی مامۆستایانە، ئەوان ئامادەیان کردووە لەسەر ئەسڵی پرۆژەکە، نەك راپۆرتەکەی خۆیان، راپۆرتەکەی خۆیان بە عەرەبی جیاوازی هەیە لەگەڵ کوردیەکە، واتا تەرجومەی عەرەبیەکە بوایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر عومەر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی روون کردنەوەی پێویست بدەین، یەکەم جار یەکێتی مامۆستایان پرۆژەیەکیان ناردووە بەناوی خۆیانەوە بۆ پەرلەمان، بۆ هەموار کردنی یاسا ئەسڵیەکەی ژمارە (4)ی ساڵی 2002ی یەکێتی مامۆستایان، کە ئەوان ناردوویانە پێویست بوو بە شێوەی یاسایی پێشکەش بکرێت، ئەویش دەبوو جارێکی

**تر ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشی بکەین، ئەوەمان کردووەو دەقەکەی لەلای جەنابتان هەیە، دوای ئەوە ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالاّ لەگەڵ لیژنەی کۆمەڵەی مەدەنی، کە کۆبوونەوەی هاوبەشمان کردووە، ئەو پرۆژە یاسایەی کە بۆ هەموار کردنی یەکێتی مامۆستایان ناردوویانە جارێکی تر لە شێوەو ناوەڕۆکدا صیاغەمان کردووە، ئێمە وامان ئامادە کرد بوو کە ئەوە لێرە بکرێتە بنەما بۆ گفتوگۆ، بۆیە ئەوەی ئێستا بەڕێز کاک دکتۆر صباح دەیخوێنێتەوە، ئەمە بیرو بۆچوونی هاوبەشی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالاّو کۆمەڵەی مەدەنییە لەسەر ئەو پرۆژە یاسایەی کە یەکێتی مامۆستایان ناردوویانە بۆ هەموار کردنی یاسا ئەسڵیەکە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو دکتۆر صباح بەردەوام بە.**

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکەم: بڕگەی (أ) لە ماددەی حەوتەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**دەستەی گشتی لە هەموو ئەو ئەندامانەی یەکێتی پێکدێت کە پابەندیی خۆیان بە بڕگەکانی ئەم یاسایە جێبەجێکردووە، بە بەرزترین دەسەلات تێیدا دادەنرێت و هەموو چوار ساڵ جارێك لە بنکەی یەکێتی بەمەبەستی گرێدانی کۆنگرەی گشتی کۆ دەبێتەوە، لە ڕێگەی نوێنەرانیانەوە بەڕێژەیەك کە ئەنجومەنی تەنفیزی دیاری دەکات، بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی یەکێتی و ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت کە ژمارەیان دەگاتە 15 ئەندامی سەرەکی و 4 ئەندامی یەدەك ، نیسابیش بە 3/2ی ژمارەی نوێنەران تەواو دەبێت، ئەگەر نیساب تەواو نەبوو هەڵبژاردن دوای تێپەڕینی پازدە ڕۆژ لە کۆبوونەوەی یەکەم لە هەمان کات و شوێن بەڕێوە دەچێت و نیساب بە تەواوبوو دادەنرێت، ژمارەی نوێنەرانی ئامادە بوو بگاتە هەر چەند.**

**دووەم: بڕگەی (ب) لە ماددەی حەوتەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**سەرۆکی یەکێتی و ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزی و مەکتەبی سکرتاریەت و سەرۆك لقەکان ئەندامانی کۆنگرە دەبن و ئەنجومەنی تەنفیزی بۆی هەیە چەند ژمارەیەك لە مامۆستایانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و کەسایەتیە پەروەردەییەکانی هەرێم وەك ئەندامی کۆنگرە زیادو ئەو مەرجانەی پێویستن بۆ ئەو کارە پەسەند بکات، بە مەرجێك کە لە 15 نوێنەر پتر نەبن.**

**ماددەی شەشەم:**

**ماددەی هەشتەمی یاساکە بەم شێوەیە هەموار دەکرێت:**

**أ- بۆ ئەو کەسەی هەڵدەبژێردریت بە سەۆکی یەکێتی مەرجە لە هاووڵاتیانی هەرێم بێت و خزمەتی لە پەروەردەو فێرکردندا لە 5 ساڵ کەمتر نەبێت.**

ب- ئەوكەسەی بە ئەنـدامی مەكتـەبی سكرتاریەت هەڵدەبـژێردرێت مەرجـە لـە هاووڵاتیـانی هـەرێم بێـت خزمەتی لەپەروەردەو فێركردندا لە 5 ساڵ كەمتر نەبێت.

ج-مەرجە ئەو كەسەی بەئەندامی مەكتەبی تەنفیزی و سەرۆكی لقەكانی یەكێتی و ئەندامانی دەستەی لق هەڵدەبژێردرێن ماوەی خزمەتیان لە پەروەردە وفێركردن دا لە 5 ساڵ كەمتر نەبێت.

ماددەی حەوتەم:

ماددەی نۆیەمی یاساكە بەم شێوەیە هەموار دەكرێت:

سەرۆكی یەكێتی ئەم دەسەلاَتانەی خوارەوەی دەبێت:

1-نوێنەرایـەتی كردنـی یـەكێتی لای لایەنـە دادوەری و كارگێرییـەكان و لـە كۆنگرەكـان و پەسـند كردنـی مامەڵەو دۆكۆمێنتە تایبەتەكان بە یەكێتی و بۆی هەیە ئەم دەسەلاَتانە یان هەندێكیان بداتە هەركامی پێ باش بوو لە ئەندامانی مەكتەبی سكرتاریەت.

2-سەۆكایەتی كردنی كۆبوونەوەكانی دەستەی گشتی و ئەنجومەنی تەنفیزی و مەكتەبی سكرتاریەت.

ماددەی هەشتەم:

ماددەی یازدەهەمی یاساكە بەم شێوەیە هەموار دەكرێت و دەخوێندرێتەوە:

أ-تویژینـەوەو گفتوگـۆو پێشكەشـكردنی پێشـنیاری هـەمواری یاسـای دابینكـاری (الضـمان) بـە هـەموو حاڵەتەكانیەوە.

ب-توێژینەوەو گفتوگۆی یاسای یەكێتی و پێشكەشكردنی پیشنیار بۆ هەمواركردنی.

ج- توێژینەوەو گفتوگۆ و پەسند كردنی پەیڕەوی ناوخۆی یەكێتی.

د- تویژینـەوەو ریكخسـتنی ئـەرك و فرمانـەكانی لیژنـەكانی كـۆنگرەی گشـتی و پەسـند كردنـی راپـۆرتی كارگیری و دارایی.

هـ- تویژینەوەو هەڵسەنگاندنی كاركردنی یەكێتی لە ماوەی نێوان هەر دوو كۆنگرەدا.

و- هەڵبژاردنی سەرۆكی یەكێتی و ئەندامانی مەكتەبی سكرتاریەت.

ماددەی نۆیەم:

بڕگەی (یەكەم) لە ماددەی دوازدەهەمی یاساكە بەم شێوەیە هەموار دەكرێت:

یەكەم: ئەنجومەنی تەنفیزی پێكدێت لە هەریەك لە:

أ-سەرۆكی یەكێتی.

ب-ئەندامانی مەكتەبی سكرتاریەت.

ج-سەرۆك لقەكان.

ماددەی دەیەم:

ماددەی سێزدەیەمی یاساكە هەموار دەكرێت و بەم شێوەیەی لێ دێت:

یەکەم: مەکتەبی سکرتاریەت بە دەستەی گشتی ئەنجومەنی تەنفیزیی یەکێتی دادەنرێت، لەناو ئەندامانیدا دوو جێگر هەڵدەبژێرێت یەکەمیان بۆ کارگێڕی و دووەم بۆ هونەری و کارەکان لە ناو ئەندامانی دابەش دەکات، سەرۆکی یەکێتی ئامادەی کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سکرتاریەت دەبێت و بە ئامادەبوونیشی کۆبوونەوە بەسەرۆکایەتی ئەو گرێدەدرێت.

دووەم: مەرجە ئەو کەسەی بۆ ئەندامێتی مەکتەبی سکرتاریەت هەڵدەبژێردرێت لە هاوولاتیانی هەرێم بێت و ماوەی راژەی لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت.

سێیەم: مەکتەبی سکرتاریەت ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

أ-جێبەجێکردنی بڕیارو راسپاردەکانی کۆنگرەی گشتی.

ب-جێبەجێکردنی بڕیارو ئاراستەو رێنماییەکانی ئەنجومەنی تەنفیزی.

ج- سەرپەرشتیکردنی چالاکی لقەکان و دەرکردنی ئاراستەو رینمایی پێویست بەو شێوەیەی کە بەرژەوەندی گشتیی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بە دیبهێنێت و هەروەها پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەستەی کارگێڕیی لقەکان.

أ-پەسند کردنی خەرجیی پارەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی مەکتەبی سکرتاریەت لەسنووری دەسەڵاتە بڕیار لەسەر دراوەکان و ئەو بڕە پارە دیاریکراوەی بودجەی گشتی یەکێتی، هەروەها ئاڵوگۆڕی بڕە پارەی دیاریکراو لە کاتی پێویستدا.

ب-کارکردن بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیی لەگەڵ سەندیکاو رێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکانی هەرێم و دەرەوەی هەرێم، بەشێوەیەك کە خزمەت بە بەرژەوەندیی گشتی مامۆستایان و پرۆسەی پەروەردە لە کوردستان- عیڕاق بکات.

ج-ئامادە کردنی بودجەی ساڵانەی یەکێتی و ژمێرەی کۆتایی و پێشکەشکردنیان بە ئەنجومەن بۆ پەسند کردن.

د-مەکتەبی سکرتاریەت مانگی یەك جار کۆدەبێتەوە و بۆی هەیە هەرکاتێك پێویست بوو کۆبوونەوەی نائاسایی ببەستێت.

ماددەی یازدەیەم:

ماددەی چواردەیەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی لێ دێت:

یەکەم:

أ- نوێنەرانی پارێزگاو یەکە کارگێڕییەکان کە ژمارەیان کەمتر نەبێت لەوەی لە ماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتووەو هەڵبژێردراون بۆ ئەندامێتی کۆنگرەی گشتی، پاش تەواو بوونی کارەکانی کۆنگرە کۆدەبنەوە بۆ هەڵبژاردنی دەستەی لق لەناو خۆیان، کە ئەویش بۆ پارێزگاکان لە نۆ ئەندامی سەرەکی و دوو ئەندامی یەدەگ و بۆ یەکە کارگێڕییەکانی دیکە لە حەوت ئەندامی سەرەکی و دوو یەدەگ پێکدێت.

ب-دەستەی لق لە یەکەمین کۆبوونەوەی خۆیدا سەرۆکێك بۆ لق و بەرپرسی لیژنەکانی دەستە هەڵدەبژێرێت.

ج- لەو لقانەدا کە نەتەوەکانی دیکەی وەکو تورکمان و کلدان سریان ئاشوور بوونیان هەیە رەچاوی ئەوە دەکرێت کە کورسی تایبەتیان بۆ تەرخان بکرێت.

دووەم: دەستەی لق ئەم ئەرك و دەسەڵاتانەی خوارەوە بەکار دەهێنێت:

أ-جێبەجێکردنی بڕیارو راسپاردەکانی مەکتەبی سکرتاریەت.

ب-گفتوگۆ لەسەر بودجەی ساڵانەی تایبەت بە لقەکان لە چوارچێوەی بودجەی ساڵانەی یەکێتی و جێبەجێکردنی رێنماییە داراییەکان و سندووقی دابینکاری بەپێی حاڵەتەکان.

ج-دەستەی لق مانگانە یەك جار کۆدەبێتەوەو بۆی هەیە هەرکات پێویست بوو کۆبوونەوەی نائاسایی ببەستێت.

ماددەی دوازدەیەم:

بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی پازدەیەمی یاساکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێت:

سێیەم: ئەرکەکانی لیژنەی قەزا:

أ-جێبەجێکردنی بڕیارو ئاراستەکانی دەستەی لق.

ب-سەرپەرشتیکردنی کاروباری یەکێتی لە قەزاکەدا.

ج-بەرزکردنەوەی راپۆرتی خولی بۆ دەستەی لق سەبارەت بەوەی بە پێویستی دەبینێت بۆ کاری یەکێتی و بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەو فێرکردن.

د-لیژنەی قەزا بە هەماهەنگیی لەگەڵ دەستەی لق، لەناو دەستەی مامۆستایاندا نوێنەری یەکێتی لە قوتابخانەکان هەڵدەبژێرێت، لە پێناوی بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان یەکێتی و بنکەکانی و گەیاندنی رێنمایی و ئاراستەکانی یەکێتی پێیان.

ماددەی سێزدەیەم:

ماددەی شازدەیەمی یاساکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێت:

یەکەم: دارایی یەکێتی لەمانەی خوارەوە پێکدێت:

1- پارەیەك بە بڕی (3000) سێ هەزار دینار کە ئەندامان بەپێی میکانیزمێکی دیاریکراو لەلایەن ئەنجومەنی تەنفیزی دەیدەن، کۆنگرەش بۆی هەیە بڕی بەشداریی مانگانە بگۆڕێت، ئەم پارەیەش بەم شێوەیە دابەش دەکرێت:

أ-70٪حەفتا لەسەد بۆ حیسابی سندووقی دابینکاری.

ب-20٪ بیست لەسەد بۆ حیسابی لق.

ج-10٪ دە لە سەد بۆ حیسابی مەکتەبی سکرتاریەت.

2- ئەو بەخشین و یارمەتییانەی لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە پێشکەش دەکرێن.

3- داهاتی چالاکییەکانی یەکێتی.

4- قازانجی وەبەرهێنان.

5- بڕی کرێی موڵکە نەگوازراوەکانی یەکێتی.

دووەم: کۆنگرەی گشتی چۆنیەتی خەرجکردن لە بڕگەکانی ( أ،ب،ج)ی بەندی یەکەم دیاری دەکات و پێویستە دەستە کارگێڕییەکانی لقەکان پابەند بن بەو ڕێنماییانەی لەم بارەوە دەردەچن و، لیژنە تایبەتەکان بەناوی (لیژنەی دابینکاری و لیژنەی یارمەتیدانی ئەندامان ) بە مەبەستی جێبەکردنی ئەو ڕێنماییانە پێکدەهێنرێن.

سێیەم: کردنەوەی حیساب لە بانکەکانی هەرێم.

چوارەم: بڕیارەکانی لیژنەی دابینکاری و لیژنەی یارمەتیدانی مامۆستایان لە کۆبوونەوەکانی لقدا پەسند دەکرێن.

پێنجەم: ژمێریاری یەکێتی ملکەچی چاودێری یاسایی و دارایی دەبێت.

شەشەم: هیچ ئەندامێك بۆی نییە داوای مافە داراییەکان بکات، ئەگەر ئەندامێتی لە یەکێتیدا لە دەست بدات.

حەوتەم: ڕێژەی 10٪ دە لەسەدی سەرچاوە داراییەکان کە لە بڕگەی (یەکەم: ج) لە بەندی یەکەم هاتووە ئەگوێزرێتەوە بۆ حیسابی مەکتەبی سکرتاریەت لە بانکەکانی هەرێم لە لایەن لقەوە.

ماددەی چواردەیەم:

ماددەی نۆزدەیەمی یاساکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێت:

ئەو یەکێتییەی بەپێی ئەم یاسایە دامەزراوە نوێنەرایەتی مامۆستایانی کوردستان دەکات لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم.

ماددەی پازدەیەم:

مادەی بیست و یەکەمی یاساکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێت:

سەرۆکی یەکێتی و دوو جێگرەکەی و سێ لە ئەندامانی مەکتەبی سکرتایەت و سەرۆکی لقەکان تەرخانکراو (متفرغ) دەبن بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کارو ئەرکەکانی یەکێتی.

ماددەی شازدەیەم:

ماددەی بیست و سێیەمی یاساکە هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

لە لایەن لقەوە پێناس دەدرێتە ئەندامان لە چوارچێوەی سنووری جوگرافی لقەکان و پێویستە پێناس یەکگرتوو بێت و لەلایەن مەکتەبی سکرتاریەتەوە دەرچوو بێت.

ماددەی حەڤدەیەم:

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی هەژدەیەم:

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاْوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی وەقائیعی کوردستاندا، جیبەجیٚ دەکریٚت. زۆر سوپاس.

**بەڕیٚز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیٚستا بەڕیٚز سکرتیٚری پەرلەمان هەندیٚ تیٚبینی خۆی هەیە، فەرموو.

**بەڕیٚز فرست احمد عبدالله/سکرتیٚری پەرلەمان:**

**بەڕیٚز سەرۆکی پەرلەمان.**

چونکە پەرلەمان لە دەستپیٚکیٚکی تازەیە دوو، سیٚ مولاحەزەم هەیە، ئەوە موشکیلەی ئیٚمە بوو لە سەرەتای پەرلەمان تاکو ئیٚستا، من حەزدەکەم برادەران ئەگەر ئاگایان لیٚ بیٚت، چونکە پەیوەندی بە نیزامەوە هەیە، شیٚوەی ڕاپۆرتەکان هەندیٚ جار تەماشا دەکەین شیٚوەی ڕاپۆرت نییە، شیٚوەی پرۆژەیە، مەسەلەن داوا دەکات کە فلاْن مادده بگۆڕدریٚت، بەس تەبریری ناکات، ئەندامان لیٚرەدا حەقیانە ئەگەر تیٚ نەگەن کە سەبەبەکە چیە؟ لەبەر ئەوە ڕاپۆرت مەفروزە، ئەگەر من داوا بکەم ماددەیەك یان فەقەرەیەك ئیلغا بکریٚت، یان بیگۆڕم، یان بەدیلی بۆ دابنیٚم، مەفروزە ڕەئیەکەم بدەم بەتەحریری، نەك لەسەر مەنەسە بیٚم ئەو تەبریرە بەشەفەهی بدەم، تا پیٚشوەخت ئەندامان ئاگایان لیٚ بیٚت.

خالْی دووەم/ هەندیٚ جار پرۆژەیەك دیٚت، مەفروزە ئیٚمە ئیحالەی پرۆژە بۆ لیژنەیەك بکەین، پیٚی ئەلیٚین ڕەئی خۆتان لەسەر پرۆژە دیاری بکەن، ئەبینین لیژنەکە شتیٚکی وا دروست دەکەن کە ئەنەهو پرۆژەیەکی تازەیە، یەکەم: لیژنە وەك لیژنەی پەرلەمانی حەقی پیٚشکەش کردنی پرۆژەیان نییە، وەك ئەندامیش ئەو حەقە نییە، سەبەبەکە چیە؟ چونکە تەعامول کردن لەگەلْ هەر پرۆژەیەك ڕیٚگای تایبەتی خۆی هەیە، لازمە خویٚندنەوەی یەکەمی بۆ بکریٚت.

دوو/ ئیحالەی لیژنەی تایبەت بکریٚت.

سیٚ/ پیٚشوەخت لەسەر ئەندامان بلاْو بکریٚتەوە، ئەگەر بیٚتو ئەوە حیساب بکەین وەکو پرۆژە، یان تەعامولی وەك پرۆژەی لیٚ بکەین، مانای وایە نە خویٚندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، نە ئیحالەی لیژنەی تایبەتمەند کراوە، نە ئەندامانیش پیٚشوەخت ئاگایان لیٚیەتی، پیٚشنیارەکان مەفروزە لەسەر پرۆژەی ئەسلْی بن، پیٚشنیار ئەو وەختە پیٚشکەش دەکریٚت، ئەگەر بۆ ئەوە بیٚت نەصیٚك باشتری لیٚ بکریٚت، یان کەموکورتیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرای تیٚدا بیٚت تا ئەو کەموکورتیە پڕ بکاتەوە، یان تەناقوزیٚك لەناو پرۆژەکەو نەصی ئەسلْی هەبیٚت، قانونی ئەسلْی هەبیٚت، بەو پیٚشنیازە بتوانیٚت ئەو تەناقوزە نەهیٚلیٚت، بەلاْم ئەگەر بیٚتو بەشیٚوەیەکی تر تەفەڕوغ بۆ هەندیٚ مەوزوع بکات لە ئەسلْی موقتەرەحەکە نەهات بیٚت، بەڕەئی من نە ئەندامان ئەو مافەیان هەیە بەو شیٚوەیە، نە لیژنەکانی تایبەتمەندیش ئەو مافەیان هەیە، چونکە ئەگەر پرۆژەیەك هات بە چوار مادده، مەفروزە ڕەئی خۆی لەسەر ئەو چوار ماددەیە بەیان بکات،

نەك بچێت تەفەرِوغ بۆ نەصی قانونی ئەسڵی داوا بكەیت كە هەندێ ماددەی تر بێتە گۆڕین كە ئەصڵەن خاوەنی پرۆژەكە داوای نەكردووە، نە وەك حكومەت، نەك وەك ئەندامان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەعدیل كردنی ئەم یاسایە موبەڕیراتەكەی ئەوە بووە، لەدوای بەستنی كۆنگرەی یەكێتی مامۆستایان و پەسند كردنی پەیڕەوی ناوخۆی یەكێتیەكە، داوایان كردووە خۆیان كە ئەم تەعدیلاتانەیان بۆ بكرێت، لەبەر ئەوە تەبریرەكەمان ئێستا بەدەستەوەیە و داواكارییەكە لەسەر داوای ئەوانە.

خاڵی دووەم/ كاتێ كە ئەوان ناردوویانە وەكو خاڵ ناردبوویان خاڵبەندیان بۆ كردبوو، شێوە یاساییەكەی بەخۆیەوە نەگرتبوو، لەكاتی تەعدیل كردنی هەندێ ماددەشدا دەركەوت دەبێت هەندێك ماددەی تر لەناو یاساكەدا دەبێت بگۆڕدرێت، بۆ ئەوەی تەناقوز دروست نەكات، ئەگینا ئێمە بەهیچ شێوەیەك لامان نەداوە لەنەصە ئەسڵیەكەوە دەتواندرێت لەكاتی موناقەشاتی پرۆژەكە نەصە ئەسڵیەكەی یاساكە كە خۆمان پێشكەشمان كردووە، لەگەڵ ڕای لیژنە هەردووكی پێكەوە موقارەنە بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

تێبینیەكانی بەڕێز سكرتێری پەرلەمان هەر بۆ ئەوە نەبوو لەسەر ئەم پرۆژە یاسایەی ئەمڕۆ بێت، بەشێوەیەكی گشتی بۆ هەموو پرۆژەكان و، بۆ هەموو لیژنەكان بوو، كاك حەمە سەعید فەرموو.

**بەڕێز حمە سەعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دووبارەی دەكەمەوە دوو یاسامان هەیە، یاسا ئەسڵیەكە كە ژمارە 4ی ساڵی 2002 ـە ئەمە یاسایەكی ئەسڵیە، یاسایەكی هەمواركراوی ئەو یاسایەش لەلایەن یەكێتی مامۆستایانەوە نێردراوە، ئایا ڕاپۆرتەكەی ئەوان لەسەر یاسا ئەسڵیەكەیە، یان لەسەر هەمواركراوەكەیە؟ من پێموایە لەسەر راپۆرتە ئەسڵیەكەیە، كە دەبوایە ئەوان لەسەر یاسا هەموار كراوەكە ڕاپۆرتیان بنووسی بوایە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دكتۆر عومەر فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەو بیروبۆچوونە هاوبەشەی کە برای بەڕێزم کاك د.صباح خوێندییەوە، وەکو ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵاو کۆمەڵی مەدەنی، لە ئەساسدا وا ئامادە کرابوو، کە ئەمە ڕەئی هەموو لیژنە هاوبەشەکان بێت، واتە ڕەئی هەموو لیژنە مەعنیەکان بێت، بەم شێوەیە پێشکەش بکرێتەوەو بکرێتە بنەما بۆ گفتوگۆ، بەڵام لە ڕێڕەوی موناقەشەدا ئیتر دوای وا نەهات سەرەئەنجام ئەمە بوو بە بیروبۆچوونی هاوبەشی تەنها ئەم دوو لیژنەیە، بەم شێوەیەش کە ئامادە کراوە بۆ ئاسانکاری بوو لەڕاستیدا، بۆ ئەوەی پرۆژەکە هەم لەڕووی شکلەوە، هەم لەڕووی ناوەڕۆکەوە بەشێوەیەك ئامادە بێت، کە هەم لە گفتوگۆ، هەم لە تێپەڕاندنیدا بە ئاسانی بڕوات، دەنا ئێمە شتێکی ئەوتۆمان نەکردووە کە تەعاروزی هەبێت لەگەڵ نەصی یاساکە، هەروەها لەگەڵ نەصی پرۆژەکە، کە لەلایەن یەکێتی مامۆستایانەوە نێردراوە، جگە لەوەش ئەی ئەگەر ئێمە ڕەئیمان نەبێت، ئێمە بۆ وەکو لیژنەی مەعنی داوامان لێ دەکرێت کە ڕاپۆرت ئامادە بکەین؟ بێگومان هەندێ ڕەئیمان هەبووە، جیاوازی تێدا هەبووە لەگەڵ ئەوەی کە یەکێتی مامۆستایان ناردوویەتی تەنها لەدوو بڕگەی ناسەرەکیدا بیروبۆچوونی جیاوازمان هەبووە، دەنا ئەوەی کە ئێمە پێشکەشمان کرد ڕێك بیروبۆچوون و داواکاری یەکتێتی مامۆستایانە، لەگەڵ ئەو مەشروعەی کە ئەوان ناردوویانە کۆك و تەبایە، بەڵام لەبارەی مەفهوم و ناوەڕۆکەوە، ئێمە بەشێوەیەك دامانڕشتووەتەوە کە پرۆژەکە دەوڵەمەند بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئاخر جار فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارێك دەکەم، ئەگەر بکرێت بۆ ماوەی یەك سەعات ئەم دانیشتنە تەئجیل بکرێت، لەبەر ئەوەی کە ئێستا ڕاپۆرت دەخوێننەوە، شەش ڕاپۆرتمان لەبەردەستدایە، ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردەو کۆمەڵی مەدەنی بەتەنها، ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ، ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی، دوایی ئەو پرۆژە یاسایەی یەکێتی مامۆستایان ناردوویانە، پرۆژە یاساکە لیژنەی پەروەردە ئامادەی کردووە تەعدیلاتی لەگەڵ ئەسڵی پرۆژە یاساکە، یاساکەی یەکێتی مامۆستایانیش دەکاتە شەش ڕاپۆرت، ئێمە نازانین کامیان موناقەشە بکەین و قسەی لەسەر بکەین، کامیان بەراورد بکەین، ئەگەر بکرێت ئەو پێنج لیژنەیە دابنیشن و یەك ڕاپۆرتی هاوبەش لەکۆی هەموویان دەربکەن و لەگەڵ پرۆژە ئەسڵیەکەدا موناقەشەی بکەین، ئەوکاتە ئێمە دەتوانین موناقەشەی بکەین و بۆ ئەندامانیش ئاسان دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆرە ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرۆژە یاسایە ئەوەی کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، ئەوە ئەساسی گفتوگۆیە، ڕاپۆرتەکان لەسەر ئەو بنەمایە ئامادە کراون، پرۆژە یاساکە ئاراستەی چوار لیژنە کراوە، سێ ڕاپۆرت ئامادەیە، ئەگەر ئێستا دەرفەتمان پێ بدرێت، ئەسڵی پرۆژەکە کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە مادده بە مادده بیخوێنینەوەو هەر ماددەیەك لیژنە پەیوەندیدارەکان پێشنیارو ڕای خۆیانی لەسەر بدەن بۆ ئەندامان، تاکو دەنگدانی لەسەر بکرێت و گفتوگۆیەکە دەست پێ بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، عەزیمە خان، فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێستا ئەم ڕاپۆرتەی لیژنەی ناوخۆ گەیشتووەتە دەستی ئێمە، سێ ڕاپۆرت هەبووە، ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردەو، ڕاپۆرتی لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی لەگەڵ لیژنەی یاساییدا، ئەوەی کە پەیوەندی بە لیژنەی ناوخۆ هەبووە، چوونە ناو بڕگەو ماددەکانی ئەم یاسایەوە، لێرەدا ئاماژەی بەخاڵێك کردووە لەناو ماددەکاندا کە خستوویەتیە بەردەستی ئەندامان، من پێموایە لەڕووە یاساییەکەیەوە بەس تەنها لیژنەی ناوخۆ لە چۆنیەتی مۆڵەتدان دەتوانێت تێبینی خۆی بڵێت، نەك لەسەر ئەوەی کە بچێتە ناو بڕگەو ماددەکانەوەو ڕاپۆرتێکی هەبێت، بەس ئەوەی کە ئێمە گوێمان لێی بوو سێ ڕاپۆرت هەبوو ئەوەی دکتۆرە ڕۆژان باسی کرد، لیژنەی پەروەردەو، لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی، لەگەڵ لیژنەی یاسایی، بەڵام لێرەدا ڕاپۆرتێك هەیە لەبەردەستماندا لیژنەی ناوخۆ ئاماژەی بە بڕگەیەك کردووە، کە من ئەمە بە نایاسایی دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا دەچینە سەر ئەسڵی پرۆژەکە، ئەو پرۆژەی کە تەقدیم کراوە لەلایەن یەکێتی مامۆستیانەوە، ئەوەی دەخوێنینەوە، مادده بە ماددەو، بڕگە بە بڕگە موناقەشەی دەکەین، دکتۆرە ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەسڵی پرۆژەکەی کە پێشکەش کراوە، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، داوای هەموارکردنی ماددەی دووەم دەکات، بەڵام ئێمە لە ماددەی یەکەم پێناسەیەك هەیە پێناسەی مامۆستا کراوە، واتا داوای هەموارکردنی بڕگەیەکی ماددەی یەکەمیش دەکەین هۆکارەکەشی ئەوەیە: لەبەر ئەوەی ماددەی یەك پێناسەی مامۆستای کردووە، ئەوکات کە یاساکە دانراوە لە ساڵی 2002 زانکۆ و قوتابخانەی ئەهلی و تایبەت بەو شێوەیە نەبووە وەکو ئێستا، واتە هەموو مامۆستایان دادەمەزران لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە، بۆیە کە

پێناسەی مامۆستا كراوە لە ئەسڵی یاساكە، بەو شێوەیە پێناسەی مامۆستا كراوە كە لەسەر میلاكی وەزارەتی پەروەردەن، بەڵام ئێستا لەواقیع لە هەرێمی كوردستان ئێمە چەندین زانكۆی تایبەت و قوتابخانەی تایبەتمان هەیە، مامۆستاكان هەموویان سەر بە وەزارەتی پەروەردە نین، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەكەین كە دووبارە پێناسەی مامۆستا هەموار بكرێتەوە، كە لە بڕگەی حەوتی ماددەی یەكی ئەسڵی یاساكە هاتووە، بەڵام لە پرۆژە یاساكەدا نەهاتووە، هۆكارەكەی ئەوەیە كە داوای هەموار كردنی ئەو بڕگەیە دەكەین، بەم شێوەیە:

بڕگەی حەوت، لە ماددەی یەكەمی ئەسڵی یاساكە هەمواربكرێت، مامۆستا بەم شێوەیە پێناسە بكرێت:

مامۆستا: هەموو مامۆستاو وانە بێژان لە كارمەندانی وەزارەتی پەروەردەو مامۆستایان لە زانكۆ و پەیمانگاكانی حكومی وتایبەتدا.

واتە پێناسەی مامۆستا فراوانتر دەكرێت، ئەو پێشنیارەمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو عەرەبیەكەشی بخوێننەوە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یەكەم لە دەقە ئەسڵیەكە بەهیچ شێوەیەك باسی ئەوەی نەكردووە، كە ماددەی یەكەم هەموار بكرێت، بەڵام لەڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵادا بەپێی ئەو تەبریراتانەی كە بەڕێز دكتۆرە رۆژان دای، ئێمەش وەكو لیژنەی پەروەردە بەهەمان شێوە دامانڕشتوەتەوە:

المادة الاولى:

اولاً: تضاف فقرة بتسلسل (3) الى المادة الاولى من القانون المرقم (4) لسنة 2002 وتعدل تسلسل المواد كالآتي:

چونكە كاتێ كە تۆ ئیزافەی ماددەیەك دەكەیت، دەبێت تەعلیم عالی كە یەكێكە لەو وەزارەتە پەیوەندیدارانەی كە مامۆستاكانی دەچنە ناو ئەو یەكێتیەوە، بۆیە دەبێت لە پێشەوە تەعلیم عالی تەعریف بكرێت، بەم شێوەیە:

3- التعليم العالي: وزارة التعليم العالي والبحث العلمي في اقليم كوردستان - العراق.

ثانياً: تعدل الفقرة (7) من المادة الاولى وتكون تسلسلها (ثامناً) وكالآتي:

المعلم: جميع المعلمين والمدرسين من منتسبي وزارة التربية والتدريسين في المدارس والجامعات والمعاهد الحكومية والخاصة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا كێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە تكایە؟ ناوتان دەنووسم، ئەم خوشك و برا بەڕێزانە ناویان نووسراوە، بەڕێزان، (ڕێباز فتاح، د.بەشیر خلیل، سیوەیل عوسمان، د.سەروەر عبدالرحمن، سمیرە عبدالله،

بەیان احمد، کاك حمە سەعید حمە علی، کاك عمر عبدالعزیز، د.احمد وەرتی، د.ڕۆژان دزەیی، کاك سەرهەنگ فەرەج،)، کەسی تر نییە؟ فەرموو دکتۆر ڕێباز، تکایە ناوت بڵێ. ژیان عمر، کەسی تر هەبوو؟ فەرموو دکتۆر رێباز.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەم لەسەر پێناسەی مامۆستا هەبوو، ئەگەر وەکو پێناسەو مەسەلەکە ئەندام بوون بێت لە یەکێتی مامۆستایان لەوانەیە ئەو پێناسەیە ڕاست بێت، بەڵام وەکو زاراوەی مامۆستا پێموایە هەر کەسێك لە یەکێك لە بەشەکانی زانکۆ، یان پەیمانگاکان، لەدوای دەرچوونی لەو بەشە پیشەکەی ببێت بەمامۆستا لەدوای دەرچوونی ڕاستەوخۆ دەبێت بە مامۆستا، یەعنی بۆچی بکرێت بە مەرج کە ئەو کەسە دابمەزرێت، یاخود لە قوتابخانەیەکدا مومارەسەی میهنەکەی بکات، ئەو کاتە بە مامۆستا حیساب بکرێت، یەعنی تەنانەت لە پێناسە کردنی پیشەکانی تریشدا دەرچوون لەو بەشە کراوە بە مەرجێك، بۆ ئەوەی ئەو میهنەیەی وەر گرتووە، لێرەدا ئەگەر بە ئەندام بوون بێت لە یەکێتی مامۆستایان دەکرێت ئەم پێناسەیە ڕاست بێت، بەڵام ئەو کەسەشی کە دانەمەزراوەو لە یەکێك لە بەشەکان دەرچووە، پێموایە ئەوەش بە مامۆستا حیسابە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی مەبەستت ئەوەیە کە ئەگەر مومارەسەی میهنەکەشی نەکرد بێت هەر بە مامۆستا حیساب بکرێت، فەرموو.

**بەڕێز رێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو زاراوە بەڵێ، چونکە ئەو دەرچووی ئەو بەشەیە کە مامۆستا پێ دەگەیەنێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر بەشیر، فەرموو.

**بەڕێز د. بشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەیە، یەکەمیان: پشتگیری لەڕاکەی برای بەڕێزم کاك دکتۆر ڕێباز دەکەم، لەبەر ئەوەی تەماشا دەکەین لە سەندیکای مافپەروەران ئەوەی کە دەرچووی کۆلیژی یاسا بێت، لەپێش دامەزراندنیش یەکسەر دەچێت داخیلی سەندیکا دەبێت و هەویەی دەدەنێ، هەروەها لە ئەندازیارانیش، بۆیە لێرەش پێویستە ئەوەی لە بەشێك، یان لە کۆلیژێك دەرچوو با دانەمەزرابێت، بۆی هەبێت داخیلی یەکێتی مامۆستایان بێت، ئەمە یەك.

دوو/ لە پێناسەی مامۆستا (جميع المعلمين والمدرسين من منتسبي وزارة التربية) ئێمە دەزانین کە لەوەزارەتی دەرەوەش، لە وەزارەتی تەندروستی، لەوەزارەتی ئەوقاف، لە وەزارەتی کشتوکاڵ، لە وەزارەتەکانی تر، مامۆستامان هەیە مەعهەدمان هەیە، مەداریسمان هەیە، بۆیە دەکرێت لێرە وەکو (والتدريسين في المدارس والجامعات والمعاهد الحكومية والخاصة خارج وزارة التربية)، ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێت، بۆ ئەوەی ئەوانیش بگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سیوەیل خان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە لە پرۆژە یاسای هەموارکردنی یەکێتی مامۆستایان ماددەی یەکەمی تێدا نییە بڵێین هەموار بکرێت، بەڵام من هاوڕام لەگەڵ لیژنەی پەروەردەو یاسایی، بەزیاد کردنی پێناسەی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، لەگەڵ ئەوەشدام کە پەیمانگای حکومی و خاصەشی تێدا زیاد بکرێت، لە پێناسەی مامۆستا، لەوەی کە دکتۆر بەشیر باسی کرد، دەبێت لە غەیری وەزارەتی پەروەردە مونتەسیبمان هەیە، لە ماددەی سێیەم دوایی هاتووە (المعلمون والمدرسون في الهيئات التعليمية والتدريسية على ملاك الوزارات والهيئات والمؤسسات الرسمية)، ئەوە تێیدا دیاری کراوە کە لە غەیری وەزارەتی پەروەردەش مامۆستا لە وەزارەتەکانی تریش هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر سەروەر عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکانی من بەشێکی وترا، تەنها ئەوە نەبێت لە ماددەی دووەمدا ئەوەی کە باس دەکرێت جێگای بکرێتەوە مەسەلەی زانکۆکانە، چونکە ئەو تایبەتمەندێتیەی کەوا لەناو خودی زانکۆو پەیمانگاکان هەیە، لەناو قوتابخانەکانی تر بەجۆرێکی تر دەکرێت، ئەمە شوێنی بکرێتەوە، ئەگەرنا لەمەدا دیسان تووشی ئیشکال دەبینەوە، وەکو ئەوەی کە پێشتر هەبووە لە خودی کێشەکانی هەم یەکێتی مامۆستایانی کوردستان و هەم مامۆستاکانی زانکۆش، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز سمیرە عبداللە، فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکانی من وتران تەئیدی قسەکانی دکتۆر بەشیر دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز بەیان احمد، فەرموو.

**بەڕێز بەیان احمد کۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی لەم پێناسەدا ئەز پێشنیارێکی تر پێشکەش جەنابتان دەکەم، کو ئەز دبینم مامۆستای زانکۆ لە عالەمێکی تردایە، بەڕەئی من سەندیکایەکی سەربەخۆ بۆ ئەوان هەبێت باشترە، کو هەندێ هەمی مامۆستایان هەر بێژن باخچەی ساوایان هەتا زانکۆ پێگڤە بن، بەر هەندێ ئەز پێشنیار دکەم کو فیعلەن مامۆستای زانکۆ هەمی ئەهلی و حکومی سەندیکای تایبەتی خۆیان هەبێت، چونکە عەمەلیەن ئێك ناگرن، بەر هەندێ ئەز پێشنیار دکەم و ئاراستەی ئێوە دکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك حمە سەعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری ڕاکەی بەیان خان دەکەم، مامۆستا لەڕووی ناوەوە مامۆستای باخچەو دایەنگەو تا مامۆستای زانکۆ پێی دەوترێت مامۆستا، بەڵام لەڕووی ئەوەی کە ئەوی تر دکتۆرای هەیە و پرۆفیسۆرەو ئەکرێت چەند دکتۆراو چەند ماجستێرێکی هەبێت، دەکرێت شێوازی کارکردن و ئەداو ناوەندەکەو گرفتەکانیان و ئەوانەی جیان لە مامۆستای بنەڕەتی و مامۆستای دایەنگان لەگەڵ مامۆستای زانکۆ و پەیمانگاکان جیان، بۆیە منیش پیشتگیری ئەوە دەکەم کە مامۆستای زانکۆ و پەیمانگاکان جیا بکرێنەوە لە مامۆستاکانی تر، چونکە سروشتی کارەکانیان جیایە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عومەر عبدالعزیز، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەبوو، یەکێکیان/ براو خوشکانم باسیان کرد.

دووەمیان/ ئەوەیە کە ئەسڵی پێشنیارەکەی یەکێتی مامۆستایان باسی تەعدیلی ماددەی یەکی تێدا نییە، دەچمەوە سەر قسەکەی کاك فرسەت بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، کە ئاماژەی بەوەکرد، ئێستا ئێمە دەتوانین وەکو پەرلەمانتار ئیزافەی بکەین تەبیعیە، بەس لە ئەسڵی پرۆژە یاساکەی کە هەموارکردنەکەیە تێیدا نییە ماددەی یەکەم هەموار بکرێت، بۆ تێبینی بەڕێزتان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دکتۆر ئەحمد، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا منیش هەمان تێبینیم هەیە، ئەوەی کاك فرسەت و هاوکارانم ئاماژەیان پێدا، ئێمە وا ڕاهاتووین لە سەرەتای دەستبەکار بوونی پەرلەمان و، بەپێی پەیڕەویش ئەو پرۆژانەی کە پێشکەش دەکرێن، بەپێی ئەو داوایەی کە لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە، بەپێی ئەو ماددانە مادام تەبەنی نەکرا بێت لەلایەن ئەو ئەندامانەی کە ئیمزایان لەسەر کردووە، دواتر ناتواندرێت بخرێتە ناو ڕاپۆرتەکانەوە، من پێموایە ئەوان لەماددەی دووەمەوە دەستمان پێکردووە، بەڵام ئێمە هاتووین لە ماددەی یەکەمەوە دەستمان بە هەموار کردنەکە کردووە، ئەمە یەك لەڕووی یاساییەوە.

دووەم/ سەبارەت بە داخیل کردنی هەموو ئەو مامۆستایانەی کە لەزانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمدا هەن و دەبن بە ئەندام لەم یەکێتیەدا، ئەمە پێموایە هەر بۆ خۆی ماددەکە دەیانگرێتەوە لە بڕگەی (7)دا هاتووە، دواتر لەماددەی (5)ی ئەسڵی یاساکەدا دەڵێت (یعتبر اعضاء في الاتحاد: أ – جمیع المعلمین والمدرسین من منتسبي وزارة التربیة والتدریسیین في المعاهد والجامعات في الآقلیم)، بەشێوەیەکی گشتی هەموو زانکۆو پەیمانگاکانی لە هەرێمدا داخیل کردووە، یەعنی دیاری نەکردووە زانکۆی حکومیە، یان ئەهلیە.

تێبینیەکی ترم هەیە بەڕاستی ئەوەیە، ئایا بۆچی هەموو مامۆستایان ڕاستەوخۆ بەزۆری بکرێن بە ئەندام لەم یەکێتیەدا؟ بۆ ئەوەی ئیختیاری نەبێت کە ئەندامان بۆیان هەبێت، مامۆستایان بۆیان هەبێت ببن بە ئەندام، نەك بڵێن (یعتبر اعضاء) یەکسەر ببن بە ئەندام، چونکە زۆر لە مامۆستایان ڕەخنەیان هەیە لەوەی کە بەزۆری دەبێت ئابوونە بدەن و ببن بە ئەندامی یەکێتیەکەو ئابوونە بدەن، با ئیختیاری بێت، بۆ ئەوەی مامۆستایان بۆیان هەبێت ئەندام بن لە یەکێتیەکە، یان ئەندام نەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دکتۆرە ڕۆژان، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، من تەنها تیبینیم لەسەر ئەو پێشنیارە هەیە بەزیاد کردنی دەستەواژەی خوێندنی باڵا لە ماددەی یەك، لەبەر ئەوەی کە ئێمە پێناسەی مامۆستامان دارشتەوە بەشێوەیەك هەموو مامۆستایان، هەموو قۆناغەکانی خوێندن بگرێتەوە، وابزانم پێویست ناکات خوێندنی باڵا لە ماددەی یەکەم زیاد بکرێت، جگە لەوەش هەتا وەزارەتی پەروەردە کە پێناسە کراوە، لە ماددەی پێنجەم ناوی وەزارەتەکە هاتووەو، خوێندنی باڵاش ئەو دەستەواژەیە هەتا لەڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە من ئەوەی مولاحەزەم کردووە نەمدیوە کە دووبارە بووبێتەوە تا پێویست بکات ئێمە لە ماددەیەك پێناسەی بکەین و

موختەسەری موستەڵەحەکەی بۆ دابنێین، لەبەر ئەوە پێناسەی هەموو مامۆستایانی قۆناغەکانی خوێندنی گرتەوە، بە بۆچوونی من زیاد کردنی ئەو دەستەواژەیە شتێکی زیاد دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز سەرهەنگ فەرەج، فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، وەڵڵا من تەئکید لەو ڕایە دەکەمەوە، کە ئێمە مەسەلەی مامۆستایانی زانکۆ جیا بکەینەوە بەڕاستی، با لێیان بگەڕێین، چونکە هەم لە پێنشیازی پرۆژەکەی یەکێتی مامۆستیانی کوردستانیشدا نییەو، هەم خۆشیان ڕایان وەرنەگیراوە، ناکرێت ئێستا ئێمە ئەمڕۆ لە پەرلەمان حورمەتم هەیە، ئێمە دابنیشین ئەو تێهەڵکێشیە بکەین و یاسایەك دەربکەین کە بە فیعلی ئیجباری شەریحەیەکی تایبەت بکەین، بۆ ئەوەی ببن بە ئەندام، یان بۆیان هەبێت ببن بە ئەندام لە ڕێکخراوی یەکێتی مامۆستایاندا، من پێم باشە ئەم مەوزوعە جیا بکەینەوەو لێی بگەڕێین بۆ موناقەشاتی نێوان یەکێتی مامۆستایانی کوردستان و مامۆستایانی زانکۆ، بۆ ئەوەی خۆیان بگەن بەڕێککەوتنێك و، ئەو کاتەش ئێمە تەعدیلی ئەو بڕگەیە بکەین زۆر ئاسانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، عەزیمە خان، نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو پێناسەی کە لێرەدا هاتووە بۆ مامۆستا لەجێگای خۆیدایە، لەبەر ئەوەی باسی مامۆستایانی هەموو قۆناغەکانی کردووە بەمامۆستایانی زانکۆشەوە، هیچ پێویست ناکات ئێمە سەندیکایەکی جیاواز بۆ مامۆستایانی زانکۆ دابنێین، لەبەر ئەوەی مامۆستا لە بنەڕەتیەوە تا زانکۆ هەر مامۆستایەو خاوەنی یەك پیشەیە، لە هەموو دونیادا دکتۆرای هەیە، ماستەری هەیە، لە دایەنگەکاندا لە باخچەی ساوایاندا لە بنەڕەتیەکاندا ئەمێنێتەوە، لەچەند ساڵی داهاتوودا هیوادارم لە کوردستانیش وای لێبێت، نەك تەنها ئەوانەی کە خاوەن شەهادەی باڵان لە ئاستە باڵاکاندا لە زانکۆکاندا خۆیان بهێڵنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

عەزیمە خان ئەوە نوقتەی نیزامی نەبوو، جواب دانەوەو شەرح بوو، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەر تێبینیەك بۆ ئەو برادەرانەی کەداوایان کردووە سەندیکاکە جیا بکرێتەوە ئێمە، ڕای یەکێتی مامۆستایان پاش کۆنگرە لەچاککردنی پەیڕەوەکەیان ئەو کارەیان نەکردووە، لەبەر ئەوە پەرلەمانی

کوردستان ئێستا ناتوانێت ئەو بڕیارە بدات و سەندیکایان بۆ جیا بکاتەوە، پەیڕەویان پەسەند کردووە بە ئامادەبوونی هەموو لیستەکان کە بەشدارییان کردووە لەو کۆنگرەیەدا، بە ئامادەبوونی 590 مامۆستا زیاتر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک برهان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ تکایە با نوقتەی نیزام بێت، مەچنە مەسائیلی ترەوە، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەر یاسایەك دادەنێین لە هەرێمی کوردستاندا نابێت موتەناقز بێت لەگەڵ ئەحکامی دەستووری عێراقیدا، ئەحکامی دەستووری عێراقی بەپێی ماددەی (13) هاتووە، پێویستە دەڵێت: (لایجوز سن اي قانون يتعارض مع احكام هذا الدستور، يعتبر ملزماً في الانحاء كافة بما فيها الاقاليم والمحافظات)، ئەگەر ئێمە سەیری بابی حقوق و حورییاتی دەستوور بکەین لە ماددەکانی (38 – 40)هاتووە، ئەگەر بەهەڵە نەچووبم، ئەڵێت حورپەتی تەجەموع و دروست کردنی سەندیکاو کۆمەڵەو ڕێکخراو هەیە، لەدەستووردا ئیشارەتی پێدراوە، مادام مامۆستای زانکۆ حورپەتی خۆی هەیە، ئێمە بۆمان نییە ئیجباریان بکەین کە هەر دەبێت ئەندام بن لەو یەکێتیەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەمە سەعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە مامۆستایان لەکۆنگرەی خۆیاندا ئەم ڕەشنووسی تەعدیلەیان ئامادە کردووە، ئێستا وەکو وترا ئێمە ناتوانین شتێك بڵێین کە ئەوان لە کۆنگرەکەدا باسیان نەکردبێت، ئەی چەند ماددەمان زیاد کردووە؟ ئێستا ماددەی تر ئەوە نییە موناقەشەی ماددەی یەك دەکەین وشتەکانی تر کە ئەوان لە کۆنگرەشدا باسیان نەکردووە، کەواتە ئەگەر نەتوانین ئەوە باس بکەین، ئەوە ناتوانین ئەوانی تریش باس بکەین، من پێموایە دەتوانین ئەو جیاکردنەوەی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز ژیان عومەر فەرموو.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره برادەران قسەی منیان کرد، بەڵام من بۆ ئەوەی ئیزافەیەك بدەم بە قسەکانیان، خۆی پێناسەی مامۆستا ئەوەیە کە مومارەسەی میهنەو پێگەیاندن ئەکات، تەنها ئەوانە بگرێتەوەو، نابێت تەنها وەزارەتی پەروەردەش بێت، چونکە ئێستا من لە لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتیم لەم ڕۆژانەدا مامۆستاکانی پەیمانگای کەڕولاڵ و نابینایان هاتن بۆ نووسینگەی سلێمانی، یەعنی ئەوان کەس نییە دیفاعیان لێ بکات، سەندیکایەکیان نییە، تەنانەت تاکو ئێستا دەرماڵەی 150 کەش شمولی ئەوانی نەکردووە، کەئەوان زۆر هیلاك ترن لەمامۆستاکانی تر، کە لەگەڵ فیئەیەکدا کار دەکەن، کە مێشکیان هیلاکەو باری دەروونیان هیلاکە، کە منالێك نابینایەو ئەوان دەرسی پێ دەڵێنەوە، هەروەها مامۆستای قوتابخانە ئایینیەکان و پەیمانگا ئایینیەکانیش ئەوانیش هاتن بۆ نووسینگەی سلێمانی، هەمان کێشەیان هەبوو، کە هیچیان دەرماڵە شمولی نەکردوون، جا پێویستە ئەم پێناسەیە تەنها ئەو مامۆستایانە نەگرێتەوە کە لەوەزارەتی پەروەردەن، بەڵکو هەر کەسێك کە میهنەی تەدریس دەکات لە هەر شوێنێکە بیگرێتەوە، ئەمەش پێناسەیەکی جوانە، تەنها بۆ مامۆستایە کە ئیشی تەدریسە، ئەگەر ئێمە بە مەفهومە فراوانەکە پێناسەی مامۆستا بکەین، ئەوە بۆ بەحس و لێکۆڵینەوەکانە، نەك وەك یاسایەك پێناسەی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر ئەحمد فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا نوقتەی نیزامیم لەسەر قەسەکانی سۆزان خان بوو، کە یەکێتی مامۆستایان لە پەیڕەوی خۆیاندا ئەوەیان وتووە، پێموایە پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیەکان وسەندیکاکان دەبێت لەگەڵ یاساکاندا خۆی ڕێك بخات وخۆی بگونجێنێت، نەك ئێمە لەبەر ئەوەی لە پەیڕەوی یەکێتیەك، یان سەندیکایەك هاتووە لێرە نەتوانین دەستکاری بکەین، ئەگەر پەرلەمانی کوردستان یاسای چۆن داڕشت ئەوان پەیڕەوەکەیان بەپێی ئەوە دەبێت ڕێك بخەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر کەس کاك محمد شارەزووری، فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتەی نیزامیم لەسەر ئەوەیە کە دەبێت ئێمە ڕێگامان بە لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا بدایە، کە ئایا مامۆستایانی زانکۆ و پەیمانگا بەشدار بوون لە ئامادە کردنی ئەم پرۆژەیەدا؟ ئەمە خاڵی یەك.

دوو/ یەکێتی مامۆستایان ئەم پرۆژە یاسایەیان ناردووە بۆ ئێمە، بۆ ئەوەی ئێمە لێرە تەشریعی یاساکەیان بۆ بکەین، ئیتر پێویست بەوە ناکات ئێمە جارێکی تر بچینەوە بۆ یەکێتی مامۆستایان کە بڵێین ئایا مامۆستای زانکۆی تێدا بێت، یان نا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی هاوبەش فەرموون.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم شت کە بە پێویستی دەزانم بیڵێم ئەوەیە کە ئەم پرۆژەیەی یەکێتی مامۆستایان کە ناردوویانە بەشی زۆری بیروبۆچوون وپێشنیارو ئەو بڕیارانەن کە لە کۆنگرە داویانە، واتە لە کۆنگرەش بە ڕەزامەندی هەموو لایەك وتەوافوقی نێوان لیستەکانیشی لەسرە کراوە، ئەمەخاڵێك.

خاڵێکی تر، ئەوان بۆ خۆیان لە ئامادەکاری بۆ کۆنگرەدا لیژنەیەکی تایبەت لە مامۆستایانی زانکۆ ئامادە کراوە، ئەم لیژنەیە ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش بە کۆنگرە کردووە، لەوێدا خۆیان موتەفیقن لەسەر ئەوەی کە هەموو مامۆستایانی کوردستان هەر لە باخچەی ساوایانەوە تا مامۆستایانی زانکۆ لەناو ئەم یەکێتیەدا بمێننەوە، بەڵام ئێستا یەکێتی مامۆستایان دوای ئەوەی کە ڕاپۆرتێکی تریان ناردووە، ئێمە گفتوگۆمان لەگەڵ کردوون دوێنی پێشنیاری ئەوە دەکەن، کە لە ماددەی دووەمدا کە ئێمە صیاغەمان کردووە، ئەوە ئیزافە بکرێت کەڕەچاوی تایبەتمەندی مامۆستایانی زانکۆ لەناو یەکیەتی مامۆستایاندا بکرێ، واتە ئەگەر یەکیەتی مامۆستایان بڕیاریاندا لقێکیان بۆ بکەنەوە، ئەوا ئەوان دەستیان والأبێ، ئەو خسوسیەتە بپارێزرێت، ئەو پێشنیارەی کە کاك د.سەروەریش کردی ئێمە وەکو لیژنە لەگەڵین، سەبارەت بە مەسەلەی ئەندامێتی، ئەم پێناسەیەی کە لێرەدا کراوە، لەسەر دوو بنەمایە، یەکەمیان لەسەر ئەساسی ئەوەی کێ دەبێ بە ئەندام لە یەکیەتی مامۆستایان، دوو، لەسەر ئەساسی پیشە، پیشەی بە فیعلی مامۆستایە ئێستا، ڕاستە ئەوەی دەرچووی کۆلیژی پەروەردەیە دەبێ لە ئایندەدا ببێتە مامۆستا، بەڵام هەیە دەرچووی کۆلیژی پەروەردەشە بەڵام نەبۆتە مامۆستا، لە وەزارەتێکی تر ئێستا دەوام دەکات، بۆیە شەرت نیە ئەوەی دەرچووی کۆلیژی پەروەردەبێ، بە پیشە مامۆستابێ، سەبارەت بە مەسەلەی بوونی سەندیکای سەربەخۆ وەکو باسم کرد، ئەوان خۆیان هەموو، مامۆستایانی زانکۆ لێرەدا نوێنەرایەتیان هەیە، ئێستا دوو مامۆستای بەڕێزی زانکۆ لە مەکتەبی سکرتاریەتدا ئەندامن، کە نوێنەرایەتی مامۆستایانی زانکۆ دەکەن، بەڵام داوای ئەوە دەکەن کە ڕەچاوی تایبەتمەندیەتی لە ناو یەکیەتی مامۆستایاندا بکرێ، قسە لەسەر ئەوە کرا کە باسی تەعدیلی ماددەی یەکەمی تێدا نیە، ڕاستە، بەڵام ئێمە وەکو لیژنەی مەعنی کە سەیرمان کرد، ئەو پێشنیارانەی کە لە چوارچێوەی پرۆژەکەی یەکیەتی مامۆستایاندا هاتۆتە ئاراوە، وا دەخوازێ، چونکە هەر خۆشیان بە ڕاپۆرت لە لای ئێمە هەیە کە دەڵێ، ڕەچاوی خسوسیەتی مامۆستایان دەکرێ، کە باسی مامۆستایانی زانکۆ دەکەی پێویستە تەعریفی مامۆستاش گۆڕانی بەسەردابێنی، بۆیە ئێمە بۆ دەوڵەمەند کردنی پرۆژەکە بۆ ئەوەی لەگەڵ بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی یەکیەتی مامۆستایان گونجانێکی قانونی بکرێ، بۆیە ئێمە بە پێویستمان زانی کە ماددەی یەکەمیش هەموار بکرێ، ئەوەی کە باس کرا، هەندێ مامۆستا هەن لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، لە دەرەوەی وەزارەتی پەروەردە پیشەی مامۆستایەتی

دەكەن، فیعلەن وایە، بەڵام ئێمە لە ماددەی سێیەمی ڕاپۆرتەكەی خۆمان لە بڕگەی (و)دا، جێگامان بۆ كردۆتەوە كە دەڵێین ئەندامانی دەستەی فێركاری وانەبێژەكان كە میلاكن لەسەر وەزارەت و دەستەو دامەزراوە فەرمیەكانی تریش، ئەوانیش دەتوانن ببن بە ئەندام، بۆیە ئەم پرسەمان چارەسەر كردووە، دەمەوێ ئەوەش بڵێم كە لە ڕاستیدا بۆخۆی بە گوێرەی ئەم پڕۆژەیە كە لە داهاتوودا دەیگەیەنێ، ئەندام بوون لە یەكیەتی مامۆستایان ئیختیارییە، ئیجباری نییە، ئەم ڕاستیە بۆ بەرچاوی هەمووتان ڕوون بێ باشترە، زۆر سوپاس، ئەوە بیرو بۆچوونەكانی ئێمەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر بۆ ئەو بەڕێزانەی كە ئیعتیرازیان لەسەر تەعدیل كردنی ماددەی یەكەم هەیە، لە نەسی ئەسڵی قانونەكە كە هاتووە، تەعریفی المعلم(جمیع المعلمین والمدرسین من منتسبی وزارة التربیة والتدریسین في الجامعات والمعاهد) ئەوەی كە ئێمە كردوومانە تەنها گونجاندنە لەگەڵ وەزعی ئێستای هەرێمی كوردستان كە حكومی و خاص هەیە، بەس (الحكومیه والخاصه) مان بۆ ئیزافە كردووە، (مدارس) مەدارسیشمان بۆ ئیزافە كردووە، چونكە ئێستا حكومیش و خاسە، ئەگینا ئێمە لەناوەڕۆك هیچ دەستكاری بابەتەكانمان نەكردووە، تەنها دەبێ وەكو یاسایەكە هەموار دەكرێ، دەبێ لەگەڵ زروف و باری ئێستا چاك بكرێ، یەك خاڵی ترم هەیە سەبارەت بەوانەی كە مامۆستایانی زانكۆ، ئێمە حەمەلەی شەهادەی دكتۆراو ماجستیر ئیتر لەمەودوا بەهۆی پڕۆژەی تواناسازیەوە، تەنها لەوەزارەتی خوێندنی باڵا نابەن، حەمەلەی شەهادەی دكتۆراو ماجستیر لە هەموو وەزارەتەكان ئەبەن، وەزارەتی تەربیەش یەكێكە لەو وەزارەتانەی كە حەمەلەی شەهادەی ماجستیر و دكتۆرای دەبێ، لە باخچەی ساوایانەوە كاری تیا دەكەن، هەتاوەكو ئامادەیی، لەبەر ئەوە ئەگەر خۆیان ئەو تەعدیلەی كە داوایان كردووە، بەو شێوەیە بێ بە تەوافوق لە كۆنگرە لەسەری دەرچوون و بڕیاریان داوە، ئێمە ڕێز لە موئتەمەرەكە دەگرین، ڕاسپاردەكانی موئتەمەرەكەو داواكاریەكەی یەكیەتی مامۆستایان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا فەرمان.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە بەرامبەر بەو پەیڕەوەی كە ئێستا دكتۆر ئەحمەد فەرمووی، سەندیكای تایبەت دابمەزرێت، خۆیان لە پەیڕەوی ناوخۆیە هەموار كراوەكە داوایان نەكردووە، كە سەندیكایەكی تایبەت بە یەكیەتی مامۆستایان لە

زانكۆ دابمەزرێت، كە ئەوان خۆیان داوایان نەكردبێ یەكیەتی بۆ دابمەزرێ، شتێكی ئیزافەیان بۆ بكەین یاخود كارەكەی خۆمان بەڕاستی قورس بكەین، خاڵی یەكەم، ڕەچاوی تایبەتمەندیەكان بكرێ، بەڕاستی ڕەچاوی تایبەتمەندیەكانی مامۆستایانی زانكۆ كراوە، ئێستا مامۆستایانی زانكۆ ئەندامیان هەیە لە مەكتەبی سكرتاریەت، لە لقەكانیش هەیانە، ئەگەر بێت و ئێستا لقەكە دابمەزرێت، بەپێی یەك لە ماددەكان پێویستە ئەوانەی كە دەبنە لق پێویستی بە 3500 مامۆستا هەیە، ئایا ئەو شوێنانەی كە زانكۆنە، هەموو زانكۆیەك مافی ئەوەی هەبێ لقی لێ دابمەزرێ، ڕێژەی ئەو مامۆستایانەی دەگاتە 3500 مامۆستا، ئەوەش ئیشكالێتی یاساییمان بۆ دروست دەكات، پێویستی بەوەیە كە چارەسەر بكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیت هەبوو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نازانم ئەوەی من نوقتەی نیزامیە، یان پرسیارە، بەس چونكە ئیشكالیەتێ لە مێشكمدایە، ئەوەیش ئەوەیە، ئەم سەندیكای یەكیەتی مامۆستایانە كۆنگرەی خۆیان بەستووە، موناقەشەی كۆنگرەی خۆیان كردووەو تەعدیلی پەیڕەوی خۆیان ئەكەن، ئایا ئەكرێ ئێمە بێین موناقەشەی كۆنگرەی مامۆستایان بكەین؟ ئایا ئێمە هەقمان هەیە دەستكاری لەو نەتائیجەی ئەوان بكەین؟ من پێموایە موناقەشاتی زۆری ناوێ، تەعدیلكیان ناردووە لەبەر ئەوەی لە 2002 یاسایەكیان هەبووە، ئەبێ بە یاسا تەعدیل بكرێ، نەتیجەی كۆنگرەكەی خۆیان بەیاسایی ئەكەین، لەوە ئەچێ من واهەست دەكەم موناقەشەیەكی زۆر كەمی پێویست بێ، ئەگینا ئەمە دەست خستنەناو بەرنامەی كۆنگرەیە، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەگەر هەقمان هەبێ وەڵلا ئێمە تەئیدی قسەكانی ناسك خان دەكەین، با ئەوان قسە بكەن، كاك شێردڵ ویستی قسە بكات، كاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من كردیان، بەس یەك خاڵ هەیە لێرە، ئەگەر بمانەوێ ڕەچاوی مامۆستایانی زانكۆكان بكەین، ئەویش دەتوانین لقێك بكەینەوە لە ماددەی دوو جێگەی بۆ بكەینەوە، 3500 مامۆستا كەمتر نەبێ، ئەوان 3500ئیحتیمالە كەمترە، بۆیە دەتوانین لقێكی جودایان بۆ بكەنەوە، ڕەچاویان بكەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

گفتوگۆ سەبارەت بەوە كرا، ئایا چ مامۆستایەك بەشدار دەبێ؟، یاخود ئەوەی كە مومارەسەی میهنە دەكات؟، من پێم وایە لەوەیا دەبێ بگەڕێینەوە بۆ تەعریفی یەكیەتی مامۆستایان، بۆ تەعریفی كۆمەڵەو سەندیكاو یەكیەتیەكان، خۆی یەكیەتی مامۆستایان لەسەر ئەساسی پیشەیی دامەزراوە، كەواتە ئەوانەی كە مومارەسەی میهنەكە دەكەن، ئەوانەی بە فیعلی لەناو ڕێكخراوەكەدان، ئەو خەڵكانە دەگرێتەوە كە مومارەسەی میهنەكە دەكەن لە خوێندگاو زانكۆ و پەیمانگاكان، پێشموایە قسەكەی كاك د.بەشیر هیچ مانعێك نیە، چونكە هەندێ مەدارسی دینیش هەیە، هەندێ مەدارسی سەحیش هەیە، بۆ ئەوەی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتەكانی تر بگرێتەوە، بۆیە من پێموایە لەوەدەبێ وریاتر بین، ئەم ڕێكخراوە ڕێكخراوێكی پیشەییە، تایبەتە بەوانەی كە فیعلەن پیادەی میهنەی مامۆستایەتی دەكەن لەو وەزارەتەی كە ناویان هات، لەوانەیە وەكو وتم وەزارەتی تریش هەبێ، بۆیە پێویستە لێرە ئەمە حەسر بكرێ، مامۆستایانی دەرەوە نەگرێتەوە، خاڵێكی تر وروژا بۆ جیاكردنەوەی سەندیكایەكی تایبەت بە مامۆستایان، خەریكە لێرە خۆمان دەكەین بە نوێنەرایەتی شەریحەیەك كە هێشتا خۆی بڕیاری نەداوە، وەكو ناسك خان وتی، من پێموایە لە ئەسڵا، هاتنی ئەم پڕۆژەیە ڕاستە، بۆ پەرلەمانی كوردستان، بەڕاستی ئەمە لە ئەهلی نیەت و لەماهیەتی كۆنگرەی یەكیەتی مامۆستایان كەم دەكاتەوە، ڕاستە كاتی خۆی بە قانون، بەڵام من داوا دەكەم پەرلەمانی كوردستان لە ئێستاوە بە دواوە مەنفەزێك بدۆزێتەوە، چونكە ژمارەیەك ڕێكخراوی تر هەیە، یاساكەیان ئەبێ لە پەرلەمان تەعدیل بكرێ، من پێموایە ئەو دەسەڵاتە بگەڕێتەوە بۆ كۆنگرەی خۆیان، لە هەموو دونیا وابووە كۆنگرە دەسەڵاتێكی باڵا بووە، لە كۆنگرەدا پەیڕەوی ناوخۆ و ڕێساو یاساو ڕاسپاردەی بۆخۆی دامەزراندووە، سەندیكای پارێزەرانیش بەڕێوەیە، لەوانەیە سەندیكای پزیشكانیش بەڕێوەبێ، سەندیكای سەیدەڵیەش بەڕێوەیە، ئەگەر بێتو ئێمە بەس لەسەر ئەم پڕۆژە یاسایانە قسە بكەین، بەڕاستی كاتێكی زۆرمان دەوێ، پێشموایە ئەو پێویستیە ناكات، ئەبێ چین و توێژەكان خۆیان، لە كۆنگرەی خۆیان بڕیار بدەن، ئەم هاتنەی پەیڕەوی ناوخۆییەكان بۆ پەرلەمان، دەرهاویشتەی وەزعێكی سیاسی بووە كە پێموایە هەموومان خەریكە بەجێی دەهێڵین، خەریكە پەرلەمانیش من پێموایە دەبێ خۆی لەم مەنفەزە ڕزگار بكات، قانونێ دەربكات، بۆ ئەوەی ئەم دەسەڵاتە بگەڕێتەوە بۆ خودی ڕێكخراوەكان خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا دوێنێ لەگەڵ یەكێتی مامۆستایان دانیشتنمان كرد، هەم پڕۆژەكەی ئێرەیان بینی بوو، هەم بۆچوونی مامۆستایانیان پێ بوو لە هەموو بیرو بۆچوونە جیاوازەكان،

هەستمان نەکرد کە جیاوازیەکی زۆر جدی یان خیلافێکی زۆر هەبێ لە بەینی ئەو پڕۆژەیەی کە هێناویانە، ئەو پڕۆژەی کە ئێمە پێشنیارمان کردووە، ئەو پەڕی خیلاف هەبوو لە مەسەلەی تەمەن بوو، وابزانم تەمەنەکەش حەسم کراوە بەو شێوەیەی کە ئێستا لێرەدا هەیە، لە پڕۆژەکەدا هاتووە جێگەی ڕەزامەندی هەموو لایەکە، مەوزوعی مامۆستایانی زانکۆش، بەڕاستی ئەندامێتی لە سەندیکاکان مادام هەڤێکی ئیختیاریە، یەعنی هیچ مانع نیە کە لێرەدا ئەگەر باسی مامۆستایانی زانکۆ بکرێ یان نەکرێ، مادام مامۆستایانی زانکۆ بۆیان هەیە خۆیان سەندیکایەك دروست بکەن، ئەبێ تەلەبیەیەك تەقدیم بکەن و مەجموعەیەك بەیەکەوە بن، وابزانم هیچ مەنعێکی قانونی لەو مەوزوعەدا نیە، بەڵام مانع نیە کەسێك ئەندامی سەندیکای مامۆستایانی کوردستان بێ و ئەندامی سەندیکای مامۆستایانی زانکۆش بێ، چونکە جاری وا هەیە پیشەیەك دوو بوعدی هەیە، بوعدێکی پیشەیی هەیە، بوعدێکی زانستی هەیە، وابزانم ئەوە ئەوەندە نایەنێ کە ئێمە لەسەری بوەستین و خیلافەکان توند بکەینەوە، بوعدێکی وا بدەین، کە پڕۆژە یاساکە گیر بخوات لە مەوزوعێکی وادا، یەعنی ئەوەی کە من ئاگادار بم، خیلافەکە ئەوەندە قورس نیە، کە ئێمە مەسەلەکەی لەسەر پێك بێنین، تەنها یەك مەوزوع هەیە کە لە ئەسڵی یاساکەدا هاتووە، کە ئەڵێ (یعتبر اعضاء في الاتحاد) مەجموعەیەك ڕیز ئەکات، ئەمە لێرەدا وای لێ ئەفامدرێتەوە کە ئەندامێتی تیایدا ئیلزامیە، بەڵام کاتێ کە پەیڕەوی ناوخۆی یەکیەتی مامۆستایان سەیری ئەکەی، ئەو هەقی ئەندامێتیە پەیا ناکات، نابێ بە شتێکی فیعلی، ئیلا ئەگەر کەسەکە هەندێ مەرج و هەندێ تەڵەب و ئەمانە تەقدیم نەکات، جا بۆیە مەوزوعەکە بەڕاستی ئەو خیلاف و ئەو موناقەشە وردە نایێنێ، ئەگەر ئێمە ئەوەی هاتووە لە پڕۆژە یاساکەدا، لەسەر تەلەبی ئەوانیش هاتووە، ئەتوانین مەسەلەکە حەسم بکەین و چارەسەری بکەین، بە دەنگدانی پەرلەمانیش مەسەلەکە یەکلا دەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

د.عمر فەرمووو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەوەی ویستم کە ئەو بۆچوونەی کە ناسك خان وتی، لە ڕاستیا ئەمە پێویستە بە نەزەری ئیعتبار وەرگرین، چونکە یەکیەتی مامۆستایان کۆنگرەیان کردووە، بڕیاریان داوە، پێویستە ڕێز لە ئیرادەو ویستی مامۆستایان بگرین، بیرو بۆچوونەکانی ئەوانیش کە لە پڕۆژەکەدا هاتووە، وەکو کاك د.صباح ئاماژەی پێدا، تەنها یەك بڕگە جیاوازی تێدایە، ئەویش ئەوەیە، ئەوانەی کە دەبن بە ئەندام لە ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت، ئەوان پێشنیاریان کردووە کە 15 ساڵ خزمەتی هەبێ، ئێمە پێمان وابووە کە پێنج ساڵ خزمەتی هەبێ، تەنها ئەو خیلافە هەیە، دوای ئەوەش دوێنێ ئێمە لەگەڵیان دانیشتین، ئەوان باسی ئەوەیان کرد ئەمە بڕیاری کۆنگرەیە، پەیڕەوی خۆشمان گونجاندووە لەگەڵ بڕیارەکانی کۆنگرە، ڕەنگە ئەگەر قانونەکە بەو شێوەیە دەربچێ ببێتە 5 ساڵ، پێویستمان بەوە هەیە جارێکی تر پەیڕەوی ناوخۆ

بگۆڕین، پەیڕەوی ناوخۆش دیسان دەبێ بە کۆنگرە بگۆڕدرێتەوە، بۆیە ئیشکالیەتمان بۆ دروست دەبێ، بۆیە لەوەشدا دوای ئەوەی کە دانیشتنمان لەسەری کردووە، ئەوان ئەو ڕوون کردنەوەیان پێشکەش بە ئێمە کرد، ئێستا ئێمە تێگەیشتنمان هەیە، کە لە وەشدا دیسان بیرو بۆچوونی ئەوان بە نەزەری ئیعتبار وەربگرین، کە بڕیاری کۆنگرەیەو تەوافقیشیان لەسەری کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەخێر کەس د.ڕۆژان بە ناوی لیژنەی قانونی دەچێتە سەر ماددەیەکی تر دوای، فەرموو دکتۆرە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ئاستەنگە یاساییانەی کە لەبەر دەم یەکیەتی مامۆستایان هەیە، داوایان کردووە هەموار بکرێ بۆ نەهێشتنی ئەو ئاستەنگانە، بۆیە ئێمە دەست بە گفتوگۆکان بکەین، خاڵی جیاواز دوایی بە دەنگدان یەکلا دەکرێتەوە، ئێستا پێشنیاری پێناسەکردنی دووبارە داڕشتنەوەی، پێناسەی مامۆستا ئەگەر وەکو دەستەی سەرۆکایەتی بدەنە دەنگدان ئەو ماددەیە حەسم بکرێ، تاکو ماددەکە کۆتایی پێ بێنین و ماددەی دوو موناقەشە بکەین، دەنگی لەسەر بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە ئەمڕۆ تەنیا موناقەشە دەکەین، دوایی با لیژنەکان دانیشن سیاغەی بکەنەوە ، لە جەلساتی داهاتوو ماددەکان هەموو بەیەکەوە دەخەینە دەنگدانەوە، ئێستا بەس موناقەشە دەکەین، نوقتەی نیزامیە، فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە تەئکید نیزامیە، لەبەر ئەوەی مەسەلەیەکی زانستی بە دەنگدان یەکلایی نابێتەوە، دوو پیشە هەیە، پیشەیەك هەیە ئاسنگەر، دارتاش، لەسەر بنەمای مومارەسە کردنی چەند ساڵێکی ئەو کەسە پیشە وەردەگرێت، بەڵام پیشەیەکی تر هەیە، دکتۆرە، ئەندازیارە، مامۆستایە، لەبەر بنەمانی بڕوانامەیەوە ئەو کەسە بڕوای پێ ئەکرێت، کە ئەمە ئەو شەهادەی هەیە یان نا؟ من تەئکید لەوە ئەکەمەوە، ئەبێ جیای بکەینەوە کە کێیە ئەو کەسەی ئەبێتە ئەندامی یەکیەتی مامۆستایان؟، لەگەڵ پێناسەکە، یەعنی ئەمە پێموایە عەیبەکەی ئەکەوێتەوە پەرلەمانی کوردستان، کە پێناسەی مامۆستا بکات، لە کاتێکدا وشەکە، وشەیەکی زانستیە، ئێمە بێین بە دەنگدان لەسەر بنەمای ئەندام بوون لە یەکیەتی بڕیار لەو مانایە بدەین، تەنها قسەکەی من ئەوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بۆ ماددەی دوو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوو، هەروەك ئێمە لە لیژنەی یاسایی پشتگیریمان لە ئەسلی ئەو پڕۆژەیە کردووە کە پێشکەش کراوە، لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، ئەویش بە زیادکردنی بڕگەیەکە کەوا قەزایەکانیش بگرێتەوە، ئەوانیش ژمارەی مامۆستایانیان لە 3500 کەمتر نیە، ئەو بڕگەیە زیاد بکرێت بۆ کۆتایی ماددەی دوو، پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

تعدل المادة الثانية من القانون و تكون كالاتي:

اولآ-يؤسس بموجب هذا القانون اتحاد باسم (اتحاد معلمي كوردستان-العراق) و يكون مقره الرئيسي في العاصمة اربيل و له ان يفتح فروعا له في المحافظات لكل وحدة ادارية شريطة ان لا تقل عدد الاعضاء فيها عن 3500 معلم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناخۆ تێبینیتان هەیە، با کوردیەکەی بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

ماددەی دووەمی یاساکە هەموار دەکرێت:

1-بەپێی ئەم یاسایە یەکێتیەك بەناوی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان-عیراق دادەمەزرێ، بارەگای سەرەکی لە هەولێری پایتەخت دەبێت و بۆی هەیە پارێزگاکان و هەر یەکەیەکی کارگێڕی لق بکاتەوە بە مەرجێك ژمارەی ئەندامانی تیایدا لە 3500 مامۆستا کەمتر نەبێ.

ئەم پێشنیازەی یەکێتی مامۆستایان وەکو خاڵی دووەمی لێدێت،

2-ڕەچاوی مامۆستایانی زانکۆکان دەکرێت لە کردنەوەی لق بۆیان بەپێی بەرژەوەندی گشتی و تایبەتمەندی پیشەیی ئەوان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ تێبینیتان هەیە.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە هەموار کردنی یاسایەکە دەکەین، بەس ڕەچاوی مامۆستای زانکۆکان لقیان بۆ بکرێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێ دەیەوێ لەسەر ئەوە ماددەیە قسە بکات، با ناوی بنووسێ، کوێستان محمد، کاردۆ محمد، عظیمة، سیویل عثمان، شڤان احمد، عبدالرحمن حسین، ئەم خوشك وبرا بەڕێزانە ناوی خۆیان نووسیوە، کەسی تر هەیە، فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئکید لەوە ئەکەمەوە، کە هەر بابەتێك لە پڕۆژەی پێشنیار کراو نەبێ، ناکرێ تەعدیل بکرێ، مەسەلەی کردنەوەی لق بۆ مامۆستایانی زانکۆ لە ئەسلی پڕۆژەکە نیە، ئەوەی کە تەقدیم کراوە، لەبەر ئەوە ئێستا زیاد کردنی خیلافی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە، یەکەم، دووەم، پێشتر ئەوە 20ساڵە یەکێتی مامۆستایان دامەزراوە، لقی مامۆستایانی زانکۆ جیا نەکراوەتەوە، لەبەرچی ئێستا ئێمە بێین مامۆستایانی زانکۆ جیا بکەنەوە لە مامۆستایانی دیکە، ئێمە لە تەعریفەکە باسی مامۆستا دەکەین، مامۆستا هەمووی ئەگرێتەوە، لێرە بۆچی بەتەنها مامۆستایانی زانکۆ لقیان بۆ بکەینەوە، ئەبێ مامۆستایانی باخچەی ساوایانیش جیا بکەینەوە، یەعنی کۆمەڵێك لق بکەینەوە، کە مامۆستا هەمووی مامۆستایە، پێویست نیە هەریەك لق کاری خۆی بکات، ئەو جیاکاریە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە دابڕانێك هەبێ لە بەینیان، جیاکاریەکی نا تەندروستە لەوەی تۆ مامۆستایانی زانکۆ لە مامۆستایانی تر جیا ئەکەیتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاردۆ محمد فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیردواد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئێمە پێویستە، وەکو برادەرانیش تەئکیدیان لێ کردەوە، ڕێز لە ئیرادەو پەیڕەوی کۆنگرەی مامۆستایان بگرین، پێموایە ئەو یاسایە کە دانراوە لە پێناوی ڕێکخستنی کاری مامۆستا دانراوە، نابێ ببێتە ئاستەنگێك لە پێش ئیرادەی مامۆستایان، وەك بەرزترین دەسەڵات خۆیان بڕیاری لێ ئەدەن، ئەو پێشنیارە، پێشنیاری دوێنێیە خۆیان کردوویانە، لە پێشنیاری پڕۆژەکەدانیە، سەرەڕای ئەو جیاکاریەی ئێمە دەیکەینە قۆناغەکان، یەکیەتیەکە، یەکێتیەکی پیشەییە، پێویستی بە جیاکاری نیە، ئەگەر جیاکاری هەبێ، کە پێموابێ مامۆستایان لە هەوڵێك دابوون، بۆخۆیان سەندیکایەکی سەربەخۆیان هەبێ، ئەو کاتە ئەم مافە حەقی مامۆستایانی زانکۆیە کە سەندیکایەکی سەربەخۆیان هەبێت و جیاکاری بکەن، دەنا ئەم لقە جۆرێك

لە تایبەتمەندی و جیاوازی دەدات کە پێم وایە زەرووڕەتی یەکێتی مامۆستایان بۆ مامۆستایانی زانکۆ ناهێڵێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، عظیمة خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە ئەم تایبەتمەندیە لێرەدا ئیزافە کراوە، خۆم لە لیژنەکە بووم، ئەم پێشنیارە دوێنێ یەکێتی مامۆستایان هاتوون لەگەڵ ئێمە کۆبوونەتەوە، بەس من دژی ئەمەم، نوێنەری یەکێتی مامۆستایان لەهەموو لقەکان و سکرتاریەتیش هەیە، پێویست ناکات ئەم تایبەتمەندیەتیەی بدرێتێ، سوپاس..

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سیوەیل خان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەصڵی پرۆژەکەدا هاتووە بۆیان هەیە لق بکەنەوە لە پارێزگاو قەزاکاندا، ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی هاوڕایە لەگەڵ ئەصڵی پرۆژەکە بەڵام لە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا نووسراوە(لە ان یفتح فروعاً في المحافظات لكل وحدة ادارية) ئەگەر (كل وحدة ادارية) حساب بکەین دەبێت لە ناحیەش بکرێتەوە، چونکە ناحیەش وەحدەی ئیدارییە، مەبەست لە پرۆژە یاساکە ئەوەیە کە تەنها لە قەزا بکرێتەوە، من پێم باشە بنووسرێت (لە ان يفتح فروعاً في المحافظات وكل قضاء وادارة الگرمیان) سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز شڤان احمد، فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم کە لیژنەی پەروەردە خوێندییەوە بەحەقیقەت لە پرۆژەکەدا نیە، بەڵام لوغزەکە من پێم باشە بەو شێوەیە حەلی بکەین، بۆ ئەوەی تەعاروز نەکات، چونکە لە ئەصڵی پرۆژەکەدا نەهاتووە، لەپاش (لە ان يفتح فروعاً في المحافظات وكل وحدة ادارية شريطة ان لاتقل عدد الاعضاء عن (3500)معلم) ئەمە بەو شێوەیە حەل دەبێت لە وەحدەی ئیداری بۆ نموونە، با بڵێین ئاکرێ، وەحدەیەکی ئیدارییە بۆ ئەوەی فەرعێکی تایبەتی سەندیکای مامۆستایانی زانکۆ و پەیمانگای بە جیا نەبێت، لەزمنی ئەو فەرعەدا بێت واتە مامۆستایانی قوتابخانەو هی زانکۆ هەر لەو فەرعەدا بن، ئەم حەقە خۆیان داوایان نەکردووە ئێمە داوا

دەکەین تا تەعاروز نەکات، ئەوە شەئنێکی داخلیە، دەکرێت بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەمە چارەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی منیش هەر لەگەڵ ئەوەدام کە جیا کردنەوە نە بێت، واتە لقێك بۆ مامۆستایانی زانکۆ بکەن، چونکە مامۆستا هەر مامۆستایە وئەوە پیشەیە، لەهەرکوێ بێت هەر مامۆستایە، دوای ئەوەش ئەو ژمارەیە(3500) زۆرە، ئەگەر بۆ یەکەکانیش بیکەن، ئەوە زۆرە، لە قەزایەك لەوانەیە ئەوەندە نەبێت، یان لەناحیەیەك نەبێت، پێم باشە کە کەم بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من دەمەوێت قسە لەسەر ئەو تایبەتمەندیەی لیژنەی ناوخۆ بکەم بۆ ئەم مەوزوعە، ئەگەر چی زۆر ئێمە دوورین لە مەوزوعی یەکێتی مامۆستایانەوە، بەڵام خرابووە ئەستۆمان پێشم وایە تێبینیەکە لەسەر ئەوە بوو کە ڕەزامەندی ئەو یەکێتیانە لە ناوخۆوە وەردەگیرێت، لە ئەصڵی پرۆژەکەو لەوەشی کە لە پەرلەمانەوە هاتووە، لە لیژنەکانیشەوە موناقەشەی لەسەر کراوە، هیچ باس لەوە نەکراوە کە موافەقەتەکانیان چۆنەو چۆن نیە؟، بۆیە من پێم وایە لیژنەکەی ئێمە بەدەر بوو لە ئیختیصاصی مەوزوعەکە، هەر لەبەر ئەوەش ئێمە بەڕاستی گفتوگۆمان لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە نەکردووە، وەکو لیژنە کە دانیشتین بەڵام لەو کاتەی کە خرایە بەرنامەی کارەوە ئاگادارکراینەوە کە ئەم پرۆژە یاسایە خراوەتە ئەستۆی ئێمەش، لەکاتێکدا ڕاپۆرتی لیژنەکانی تر حازر کرابوو، ئێمە بەتەلەفۆن قسەمان کرد لەگەڵ برادەران، تەنها ئێمە وتمان تەئیدی پرۆژە یاساکە دەکەین کە لیژنەی یاسایی کردوویەتی بەس پشتگیری بکەین، بەس لەڕاستیدا لێرە دووخاڵ زیاد کراوە ئەمە بەدەرە لە خواستی لیژنەکە، موناقەشەی (أ و ب) نەکراوەو ئیزافەش کرا، بەس بەتەلەفۆن وتوومانە ڕازین لەوەی کە لیژنەی یاسایی جێبەجێ بکرێت، ئێستاش کەهاتە سەر ئەوەی کە بەڕێز کاك شێردڵ بەناوی لیژنەی ناوخۆوە باسی لە زانکۆکان کرد کە فەرعێکیان بۆ بکرێتەوە، یان سەربەخۆ بن، لەڕاستیدا ئەمە لە دوێنێوە ئەو فکرە ئیزافە کراوە، پەیوەندی بە لیژنەی ناوخۆوە نیە، کاك شێردڵ پێم خۆشە ڕەئی شەخصی خۆی بێت، من لەگەڵ ئەوەشدام کە جیاکاری نەکرێت لەنێوان چینی مامۆستایاندا چونکە مامۆستا هەر مامۆستایە لەهەر ئاستێکی تەعلیمیدا

بێت، وە پلە دروست نەکەین لەنێوان بوارە زانستیەکان وئەو بوارانەی کە ئیختیصاصی و میهەنیە، بۆیە پێم وایە ئەوانیش هەر مامۆستایەو خۆیان جیا نە کردۆتەوە لە مامۆستایان، ئێستاش دەتوانن شوێن و پێگەی خۆیان بگرن بەپێی پرۆژەکە، هەروەها ئەوەندەی من ئاگاداری پەیڕەوی ناوخۆی مامۆستایانم کردنەوەی لق بۆ زانکۆکان پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆی ئێستایە کە لە کۆنگرە بڕیاری لەسەر دراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی هاوبەش، فەرموون.

**بەڕێز د.عمر حەمە امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو تایبەتمەندێتیەی کە بۆ زانکۆکان ڕەچاو بکرێت، دیارە دوێنێ چوار ئەندامی مەکتەبی سکرتارییەتی مامۆستایان لەگەڵ ئێمە کۆبوونەوەی هاوبەشمان کرد، ڕاپۆرتێکیان بەڕەسمی ناردووە، پێشنیاریان کردووە، کە خۆیان دەڵێن لەماددەی دووەمدا داواکارین ئەم بڕگەیە زیاد بکرێت، کە ڕەچاوی زانکۆکان بکرێت و بتوانن لق بکەنەوە، بەگوێرەی بەرژەوەندی گشتی و ڕەچاوکردنی ئەو تایبەتمەندێتیەی کە مامۆستایانی زانکۆ هەیانە، واتە دەرگاکە کراوە بێت ئەگەر ویستیان لق بکەنەوە، ئەمە پێشنیاری ئەوانە باسی دەکەین، من بەناوی لیژنەوە قسە ناکەم، بەس وەکو سەرۆکی لیژنە من پێم وایە، ئێمە ئەم داواکارییەی کە بەناوی سکرتارییەتی یەکێتی مامۆستایانەوە هاتووە هەڵوێستەی لەسەر بکەین، لەسەر بنەمای ئەوە نا کە ئێمە بمانەوێت تەمیزی سلبی یان جیاکاری لەنێوان مامۆستایاندا بهێنینە ئاراوە، بەڵام بەو مانایەی کە دەبینین لەڕابردوودا مامۆستایانی زانکۆ لیژنەیان پێکهێنا پرۆژە یاسایان ئامادە کرد، داوایان کرد کە خۆیان جیا بکەنەوە لە یەکێتی مامۆستایان، پرۆژەکەشیان لێرەیە، هاتنە لای سەرۆکایەتی پەرلەمان، هاتنە لای لیژنەی یاسایی و لای ئێمەش، ئێمە پێمان وتن ڕەنگە بتوانن ئەو تایبەتمەندێتیەی کە ئێوە هەتانە، دیسان دووبارەی دەکەمەوە مامۆستایان لای ئێمە جێگای ڕێزو تەقدیرن، بەڵام جۆرە خصوصیەتێکیش هەیە، بۆ نموونە خزمەتی مامۆستایانی زانکۆ بەپێی یاسای خدمەی زانکۆ یاسایەکی خاص تەنزیم کراوە، جیاوازە لەگەڵ ماف و ئیمتیازاتی مامۆستایانی تر، بۆیە ئەمە خوانەخواستە تەمیزی سلبی نیە، لەو نێوەدا لەنێوان جیابوونەوەو سەربەخۆبوونیان لەگەڵ ئەوەی کە دەمج ببن و بەیەکەوە بمێننەوە، ئەوان ئێستا ڕێککەوتوون کە ئەگەر ویستیان لقی تایبەت بەخۆیان بکەنەوە، واتە ڕێگەی سێیەم هەڵبژێردراوە، کە لەم شێوەیەدا هەم بەیەکەوە دەبن هەم خصوصیەتیشیان دەپارێزرێت، واتە جیاکارییەکەی تێدا نیە، سەبارەت بەمەسەلەی یەکەی کارگێڕی ئێمە لیژنەی پەروەردەو کۆمەڵی مەدەنی پێمان باش بوو کە قەزا بکرێت بەیەکەی کارگێڕی، چونکە ڕەنگە شمولی تر بێت، ڕەنگە لەئایندەدا

ناحیەیەك هەبێت ژمارەی مامۆستایانی بگاتە (3500) مامۆستا ئەوکاتە ئەگەر بڵێین قەزا، ئەوە ڕێگا لە ناحیەکە دەگرێت، ڕەنگە یەکەی ترمان هەبێت گەورەتر بێت لە قەزا، بەڵام کەتۆ وەکو قەزا ناوی ناهێنی دیسان ئەویش ژمارەی مامۆستایانی بگات بە (3500) و دیسان ئەویش دەگرێتەوە، بۆیە یەکەی کارگێڕی شمولی ترەو هەموو ئەو یەکە ئیدارییانە دەگرێتەوە کەژمارەی مامۆستایانی لە (3500) مامۆستا زیاتر بوو دەکرێت کە لق بکاتەوە، سەبارەت بەوەی کە ئەمە لە دەقە ئەصڵیەکەدا نەهاتووە، لەڕاستیدا وەکو باسم کرد مەسەلەی یەکە کارگێڕیەکە بگۆڕدرێت بە قەزا ئەوە پێشنیاری ئێمە بوو، ئەگینا ئەگەر سەیری پرۆژەکەی یەکێتی مامۆستایان بکەین ئەوە بەنەص هاتووە، بە نەص دەڵێت لەو قەزایانەی کەژمارەی ئەندامانی لە (3500)کەمتر نیە، ئەوە یەکێکە لە بڕیارەکانی کۆنگرە، ئەوەی کە ئێمە کردوومانە قەزامان کردووە بە یەکەی کارگێڕی ئەمەش بۆ بەڕێزتان دەمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کوێستان خان، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتەی نیزامیەکەی من لەسەر قسەکەی کاك عومەرە، یەکەم: ئەوە بەڵێ تەمیزە، تەمیزی ئیجابیش نیە بەڵکو سلبیە، کەواتە دەبێت مامۆستایانی سەرەتایی جیا بکەینەوە کە بڕوانامەکەیان لە بەکالۆریۆس کەمترە، بە کالۆریۆس جیا بکەینەوە، ماستەر جیا بکەینەوە، دکتۆرا جیا بکەینەوە، ئەمە یەك، نوقتەی نیزامی دووەمم ئەوەیە، ناکرێ لەسەر ڕاپۆرتێك کە دوێنێ ئەندامی یەکێتی مامۆستایان هێناویانە، ئێمە بە خیلافی یاساوە کار بکەین، کە بابەتێك لە ئەسلی پرۆژەکە نەبێ، ئەمڕۆ موناقەشەی بکەین، چونکە ئەوە خیلافی یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیەکەی ئێمە قسە لەسەر ڕاپۆرتێك دەکەین، بۆ تەعدیلی یاسای سەندیکای یەکێتی مامۆستایان کە لە کۆنگرە بڕیاری لەسەر دراوە، چوار کەسی سکرتاریەت ناتوانێ نوێنەرایەتی کۆنگرە بکات، بۆیە هەر گۆڕانکاریەك لێرە لە پەرلەمان بکرێ، ئەبێ لە یەکێتی مامۆستایان کۆنگرەی بۆ بکرێتەوە، ئەو ماددانە بگۆڕدرێتەوە، دوو، پرسیاری دووەمم لە گشتیە، ئێمە یاسای جمعیاتمان هەیە لە وەزارەتی ناوخۆ، ئەم یەکێتیانە لەسەر ئەو یاسایە دامەزراون، بۆ داهاتوو چ پێویست دەکات ئێمە ئەو یاسای ڕێکخراوانە بێتەوە ناو پەرلەمان و موناقەشەی لەسەر بکرێت، کە ئەوان بە پێی یاسای جەمعیات دامەزراون، بەپێی ئەو یاسایە ئەڕۆن، نابێ پەرلەمان لەباتی کێشە گشتیەکان ئیتر زۆر خەریك ئەبێ بە موناقەشە کردنی کۆمەڵێك یاساوە، کە بەپێی یاسای جەمعیات لە وەزارەتی ناوخۆ دامەزراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان کریم فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتە نیزامیەکەم لەسەر ئەو تەرحەی بەڕێز کاك عمرە، بەڕاستی یەکەم ئەوتەرحە لەئەسلی پڕۆژە تەعدیلەکەنیە، ئەوە یەکەم،دووەم، ناکرێ شتێك لە پەیڕەوی ناوخۆ..، ئێستا دوو، سێ بەڕێزیش تەئکیدیان لەوە کردەوە، ئێمە ئێستا ئەوە ئیزافە بکەین بۆ ئەو تەعدیلە، ئەوەی کە مامۆستایانی زانکۆ مافی ئەوەیان هەبێ لق بکەنەوە، دەبێ کۆنگرە بگیرێتەوە، ئەوە لە پەیڕەوی ناوخۆ ئیزافە بکرێ، ئەمە بەو قەرارەی ئێمە ناکرێ، ئێمە یەکێتی مامۆستایان ئەخەینەبەر واقعێك کە زۆر زەحمەتە بۆیان جێبەجێ بکرێ، بەو پەلەیە ئێستا کۆنگرە بگرنەوە، نزیکەی 500 و ئەوەندە ئەندام جارێکی تر کۆ بکەنەوە، لەسەر شتێك کە لێرە ئێمە ئەو هەقەمان داوە بەخۆمان، دەستکاری پەیڕەوی یەکێتی مامۆستایان بکەین، بۆیە پێموایە ئەوە یاسایی نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

د.سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د.سەرومر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو بابەتە هەست دەکەم جۆرێك بە لا ڕێدا دادەڕوات، ئێمە ئەو پڕۆژە یاسایەی کە هاتووە، پڕۆژە یاسای یەکێتی مامۆستایانی کوردستانە، ئەوان لە کۆنگرەدا بڕیاریان لێیداوە، سەبارەت بەوەی من لەگەڵ بەشێکی قسەکانی کاك دڵشاد دام، کە ئەڵێ پێویست ناکات هەرکام لە سەندیکاکان هەڵسێتەوە یاسایەکی هەبێ، بە ڕەئی من ئەوەیە ئەسڵەن ئەو یاسایانە هەر ڕەت بکرێنەوە، تەنها کار بە یاسای سەندیکاکان بکرێت، لە کاتێکدا کە یاساکە هەیە، ئێمە ناکرێ بێین موناقەشە لەسەر شتێك بکەین، کاری خودی یەکێتی مامۆستایانە، کۆنگرەیان کردووە، لە کۆنگرە بڕیاریان داوە، کە لە کۆنگرە بڕیاریان داوە لە پەیڕەوی ناوخۆ، ئێمەش بێین دەستکاری یاسایەك بکەین، لەگەڵ خودی پەیڕەوی ناوخۆی ئەوان ناکۆك بێ، بەڕاستی ئەمە هاودژیەك دروست دەبێ، لەجیاتی ئەوەی ئیش و کارەکانیان ڕێك بخەین، ئێمە کێشەیان بۆ دەنێینەوە، هەر بۆیە سەبارەت بە لقی یەکێتی مامۆستایان لە زانکۆ، مەبەستەکە لەوە دایە چۆن دەکرێ مامۆستایەکان کۆ بکرێنەوە نەوەك پەرش و بڵاو بکرێن، ئەوەی کە دوێنێ هاتون، چوار ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت وەکو کاك عمر باسی کرد، خۆتان دەزانن سکرتاریەت پێك هاتووە، سکرتاریەتێکی تەوافوقیە لە هەموو لیستەکانی تێدابووە، ڕای خودی هەموو سکرتاریەتیان پێ بووە، نەوەك ئەو چوارە تەعبیر لە هەمووی بکەن، هەموو بیرو ڕاکانی کۆنگرەیان هێناوە کە لە کۆنگرە بڕیاری لەسەر دراوە، بەو مەرجە هاتوون ئایا ئەوانە دەیانەوێ بمێننەوە لە یەکێتی مامۆستایاندا؟، یاخود دەیانەوێ دەربچن؟، مانەوەیان لە پێناو ئەوەی جۆرێك تایبەتمەندیان هەبێ، بۆیە ئەو بڕیارە دراوە، یەکێتی مامۆستایان خۆیان کاری خۆیان

باشتر دەزانن، ناكرێ منێك كە مامۆستانیم كێشەكانیان نازانم، بێم بڕیار لەسەر ئەوە بدەم، بڕیارەكانی ئەوان پێشێل بكەم، بۆیە لەگەڵ ئەوەداین كەوا تایبەتمەندیەتەكەیان هەبێ بەو جۆرە، لقەكەیان هەبێ، گوێ لەخۆشیان بگیرێ، ئەمە دوێنێش نەهاتووە بەڕاستی، ئەمە هەفتەیەك دەبێ هاتووە، بۆ پەرلەمانی كوردستانیان ناردووە، بە نووسراوی ڕەسمی هەموو بەشی سكرتاریەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

دوو دانە سەعاتە ئێمە هێشتا دوو ماددەمان تەواو نەكردووە، وەزعەكە وا بڕوات بە مانگێكی تریش تەواو نابێ، ئاخیر كەس فەرموو عظیمة خان.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ئیزافە كردنەی كە لەماددەی دوو هاتووە، تایبەتمەندی زانكۆكان بە گوێرەی بەرژەوەندی لقەكان، من پێموایە ڕاستە ئەوە داواكاری نوێنەرانی ئەندامانی یەكێتی مامۆستایان بووە، دوێنێ لە لیژنە، بەڵكو ئەمە ڕەزامەندی ئەندامانی لیژنەی لەسەر نیە كە كراوە بە بڕگەیەك لێرە، من بەش بەحاڵی خۆم تا ئاخیر دەقە لێرە بوومە، ڕەزامەندی ئەندامانی لیژنە لەسەر ئەو بڕگەیە نەبووە، كە ئێستا لێرە ئیزافە كراوە، داواكارم كە ئەم بڕگەیە بسڕێتەوە لە ڕاپۆرتەكە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خوشكی بەڕێزم عظیمة خان، ئەمەی دوێنێ ......

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ناوی كەس مەهێنە، وەڵامیش مەدەرەوە، ڕەئیەكانی خۆتان بڵێن، بێ ئەوەی ناوی كەس بهێنی و وەڵامی كەس بدەیەوە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، یەكێتی مامۆستایانی كوردستان، مەكتەبی سكرتاریەت، بە كتابی ژمارە 96لە ڕێكەوتی 2012/3/7 پاش ئەوەی كە زانیویانە ئێمە ڕاپۆرتمان نووسیوە، هەندێ دەستكاریمان كردووە، كە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆ و بڕیارەكانی كۆنگرەیە، پاش ئەوەی كە هەستیان كرد، ئەو دوو بڕگەیە بەتایبەتی كە پێچەوانەیە، ئەم كتابەیان ناردووە، داوایان كردووە لە لیژنەی پەیوەندیدار كە

ڕەچـاوی ئـەو خاڵانــە بکـەن، چـونکە هــەمووومان دەزانــین کۆنگرەکـە، کۆنگرەیـەکی تـەوافوقی بـووە، هەرچیەکیش لە مەکتەبی سکرتاریەت دەربچێ، مادەم تـەوافوقی بـووە یـەعنی هـەموو لیستەکانی تیایـە، ڕەزامەندی هەموو لیستەکانی لەسەرە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

د.عمر، تکایە لە شوێنی خۆت قسە مەکە، تکایـە، تکا دەکـەم کـەس لـە شـوێنی خـۆی قسە نـەکات، فـەرموو د.عمر، باشە فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە ئێستا بۆیە من نەم خوێندەوە، ئەگەر مولاحەزەتان کرد من نەم خوێندەوە کاتێ نەسـە عەرەبیەکـەم خوێندەوە، بەڵام برای بەڕێزم د.صباح خوێندیەوە، ئیقتیراحەکە کاك د.سەروەر کردی، ئێمـە گوتمـان کـاتێ کە دەکەوێتە گفتوگۆوە پشتگیری لە ئیقتیراحەکەی ئەو دەکەین، ئەگینا وەکو نەس مـن نـەم خوێندۆتـەوە، چـونکە لـەناو ڕاپـۆرتی لیژنەکـەمان نـەهاتووە، بـەڵام بـرای بـەڕێزم د.صـباح خوێندیـەوە، ئـەگینا بـەڵێ، نوقتەکەی خاتوو عظیمة نیزامیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د.عمر.

**بەڕێز د.عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان، سـەبارەت بـەم ئیزافەیـە، لـە ڕاسـتیدا ئەمـە لـە ڕاپـۆرتی لیژنـەی ئێمـە دا نـەهاتووە، بـەڵام دوای ئـەوەی یـەکێتی مامۆسـتایان بـە ڕەسمـی نووسـراویان ئاراسـتەی پەرلـەمان کـردووە، لەگەڵ ئێمە دانیشتن، پێشنیاریان ئـەوە بـوو کـە بیخەینـە پـێش چاوی بـەڕێزتان، ئـەوان پێیـان باشـە لـە چوارچێوەی کردنەوەی لق ئەگەر ویستیان مامۆستایانی زانکۆ خسوسیەتی ئەوان بپارێزێ، ئەمە ئێوە بڕیار دەدەن، بۆیە ئەمە بەڕەسمی لـەناو ڕاپـۆرتی لیژنـەی ئێمـەدا نـەهاتووە، بـەڵام ئـەوان داوایـان لـە ئێمـە کـرد بیخەینە پێش چاوی پەرلەمانی بـەڕێز، ئەمـە یـەك، دوو، سـەبارەت بـە مەسـەلەی مامۆسـتایانی زانکـۆ، لـە ڕاستیدا من سورم لەسـەر ڕەئـی خـۆم، کـە ئەگـەر لـە کردنـەوەی لقـی مامۆسـتایانی زانکـۆ، لـە چوارچـێوەی یەکێتی مامۆستایاندا، لقیان بۆ بکرێتەوە، ئەمە تەمیزی سلبی نیە، بەڵکو ڕەچاو کردنی ویسـتێکی ئەوانـە، وەکو ئاماژەمان پێدا لە ڕابردوودا ئەوان پرۆژەیان هەبووە بۆ ئەوەی سەندیکایەکی سـەربەخۆ دابمـەزرێنن، کە هاتوونە لای ئێمە، ڕەئی ئێمە بۆ ئەوان ئەوە بووە، کـە خۆیـان جیـا نەکەنـەوە لـە یـەکێتی مامۆسـتایان،

ئێستاش ئێمە لەگەڵ جیا کردنەوەی ئەوان نین، لەچوارچێوەی یەکێتی مامۆستایان، بەڵام ویستی مامۆستایانی زانکۆیە، ئەوان کە ئەگەر لقی تایبەتی بەخۆیان هەبێ، ئەوە بۆ خودی یەکێتی مامۆستایان دەرگاکە بە کراوەیی بهێڵدرێتەوە، خۆیان چۆنیان ویست بەم شێوەیە مومارەسەی ویست و ئیرادەی خۆیان بکەن، بە ڕەزامەندی خۆیان، تکاشم وایە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لە ڕاستیدا ئەگەر بەڕێزێك ئەندامی پەرلەمان، وەکو پەیڕەوی ناوخۆش قسەی لەسەر دەکات، ئەگەر ناوی ئەندامێکی تری پەرلەمان دەهێنێ، جەنابت بیوەستێنی ئەگەر منیش بم، چونکە هەندێ حاڵەت دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە ئیتیهامی دەوڵەتی تێدابێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، من وەها بۆی دەچم هیچ عیلاقەی بە لیژنەی ناوخۆ نەبووە، غەیری لەیەك خاڵ نەبێ، ئەویش مۆڵەتدان، مۆڵەتدان کە جەمعیات دەیدا عایدی ئێمە بێ، ئەویش ئێمە لەسەر ئەوە موناقەشەی خاڵەکانمان بەتەواوی و بە تێرو تەسەلی نەکرد، ئەویش پێش بێمە سەر مەنەسە لەگەڵ کاك اسماعیل بووم، نەدەهاتمە سەر مەنەسە، لەبەر ئەوەی تێبینیم لەسەر یاسایەکە هەیە، ئێستا لە سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایان، نوێنەری تورکمان و مەسیحی هەیە، لەوەی دەرج نەکرایە، من پێم گوت موناقەشەی دەکەم، بە کاك اسماعیلم گوت موناقەشەی دەکەم، کاك اسماعیل گوتی دەبێ تۆ بچیە سەرێ، بۆیە مولاحەزەم لەسەری هەیە، هەقم هەیە موناقەشەی لەسەر بکەم، وەکو نەتەوەی دووەم، نەتەوەی تورکمان، کە نوێنەری لە سکرتاریەت هەیە، بەهیچ شێوەیەك باسی لەسەر نەکراوە، ئەوە بوو کە بەس مۆڵەت عایدی ئێمەیە، عیلاقەی بە ناوەڕۆکی ئەوەکە عایدی ئێمە نەبوو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئێمە وەکو لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی ئاگاداری ئەو پێشنیارە تازەیە نین، بەڵام من هیوادارم لیژنە تازەکە، وردتر بن لەوەی کە یاسایەك هەیە، کە یاسای ژمارە 18ی یەکێتی و سەندیکاو ڕێکخراوەکانە، کە پێموایە باس لەسەربەخۆیی، لە یەکێ لە برگەو ماددەکان باس لە سەربەخۆیی کۆنگرەو بڕیاردان لە ڕێکخراوەکان دەکات، من هیوادارم کارێکی وا بکەین وردتر بین، بۆ ئەوەی ئەو برگەیەی کە زیاد دەکرێ پێچەوانە نەبێ لەگەڵ ئەو یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستە هەقیقەتێك هەیە بیزانین، ئەویش ئەوەیە ئەو کۆنگرەیە 124000 مامۆستا ئامادەی بووە، لە ڕێگای نوێنەرەکانیان، کە 537 نوێنەرە، ئەو بڕیارانەی کە داویانە پێویستە لێرە جێبەجێ بکرێت، ئەوەی بۆ ئێمە هاتووە بەڕاستی ئەو پڕۆژەیەیە کە ئیشمان لەسەری کردووە، بۆیە من تەئکید دەکەم پێویستە ڕێزو ئیحتیرام لە بیرو بۆچوونەکانی ئەم کۆنگرەیە بگیرێت، ڕاستە پەرلەمان مافی ئەوەی هەیە دەستکاری برگەکان بکات، بەو شێوەی کە خۆی دەیەوێ، بەلاّم کردنەوەی لقێك بۆ مامۆستاکانی زانکۆ، من بەڕاستی جێگای نابینمەوە لەناو ئەو پڕۆژەیە، مامۆستای زانکۆ با ئازاد بێ، ئەیەوێ بچێتە ناو ئەو یەکێتیە کە مەجالی پێدراوە، بەلاّم ئەگەر نەیەوێ هەق وەیە ئەو تایبەتمەندیە بدەینە مامۆستایانی زانکۆ، کە بتوانین سەندیکایەکی پیشەیی تایبەت بە مامۆستایانی زانکۆ لقیان بۆ بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا فەرمان فەرموو.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو کۆنگرەیەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان کە بەسترا، بەندەیەکی لەسەر لیستەکانی ئەو کۆنگرەیە، بەڕاستی تەئیدی قسەکانی ناسك خان دەکەین، لەگەڵ ئەوەی کویستان خان، بەڕاستی ئێمە لێرە هەرچەندە بێین باس لە کۆنگرەو تەفاسیل و وردەکاری ئەو کۆنگرەیەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بکەین، بەڕاستی وەکو جەنابیشت باست کرد، سەرۆکی پەرلەمان، ئەوە کات بەفیڕۆ دانە، لەبەر ئەوەی ئەوە پەسند کراوی کۆنگرەیە، یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، بە هەموو لیستە جیایەکان، ئەنجامی گفتوگیەکی سێ مانگی سیاسی و پیشەیی لەنێوان هەموو ئەو ڕێکخراوانەی کە بەشداریان کرد لە هەڵبژاردنی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، ئێمە توانیومانە ئەو پڕۆژە یاسایە لەبەردەستی پەرلەمانە، بەهەموار کراوی بخەینە بەردەستتان، بەڕاستی ئەوەی کاك شێروانیش تا ڕادەیەك پشتیوانی لە ڕەئیەکەی دەکەم، لەبەر ئەوەی ئەوە ئیرادەی ئەو ژمارە مامۆستایانەیە کە ئامادەی کۆنگرە بووینە، بە نوێنەرایەتی 120 هەزار مامۆستا هاتوونە کۆنگرە، جا بەڕاستی ئێمە لەگەڵ کردنەوەی لقێکی تایبەتی بە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بۆ مامۆستایانی زانکۆ نین، لەبەر ئەوەی خۆیان داوایان نەکردووە، ئەی خۆیان لە کۆنگرە بۆ داوایان نەکرد؟ ئەو هەموو مامۆستایانەی زانکۆ لەوێ بوون، لە کۆنگرە داوایان بکردایە، بیان گوتبا ئێمە دەمانەوێ لقێکی تایبەت بۆخۆمان دابمەزرێنین، لە کۆنگرە بیان خستبا دەنگدان، ئایا دەنگ بدەین بە دامەزراندن یاخود نا؟، نەیان خستۆتە دەنگدان، ئێستا ئێمە لەگەڵ تایبەتمەندیەکەینە، لەگەڵ قسەکەی

بەشی دووەمی کاك شێروانیشم، ئەگەر بێتو ئەوان تایبەتمەندی خۆیان بکەن، وەکو سەندیکایەك، بەپێی ئەو ڕێنماییەی بە دامەزراندنی سەندیکایەکان دابمەزرێ شتێکی زۆر ئاساییە، بەڵام ئێستا ئێمە لێرە ئەوان خۆیان داوایان نەکردووە، بێیین یاسایەکە دەستکاری بکەین، پڕۆژە یاسایەکەی ئەوان یان هەموارەکە دەستکاری بکەین، جێگایان بۆ بکەینەوە، بۆخۆمان ئێستا تەبریرو بیانوویان بۆ دەبینینەوە، بابێین مامۆستایانی زانکۆ بەڕاستی لقێکیان بۆ بکەینەوە، دوێنێش بەڕاستی ئەوان ئەو پڕۆژەیان هێناوە، کە دەیانەوێ لقێکی سەربەخۆ بکەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشترین ئیشکالێکی یاسایی و پرسیارێکم بۆ دروست بوو، بەڕاستی ویستم ئیسارەی بکەم، کاك خلیل جوان ئیسارەی کرد، خۆی لە ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیشە، باسی لەوە کرد، ئێمە بەپێی ئەو یاسای ژمارە 18 یە هەموو ڕێکخراوێك و هەموو چین و توێژێك، من تەئیدی قسەکەی ئەکەم بەڕاستی، زۆر قسەیەکی علمی و یاسایی بوو بەڕاستی، کە هەموو چین و توێژێك و هەموو شەریحەیەك بۆی هەیە سەندیکاو نەقابە پێك بێنێت، ئایا پەیڕەو پڕۆگرامەکەیان دێنن بۆ پەرلەمان بۆ ماسادەقە ؟، نەخێر، ئەمەی یەکێتی مامۆستایان لەبەر زروفێکی سیاسی و حاڵەتێکی تایبەتیە، کە هەموومان ئەزانین، جارێ داواکارم ئەم حاڵەتە موعالەجە بکرێ، بۆ ئەوەی ئەوانیش ئازاد بن، جارێکی تر کە کۆنگرەیان کرد، من پێموایە ئەگەر جەنابت ئاگاداری تەفاسیلی کارەکانی ناوکۆنگرەی یەکێتی مامۆستایان بکەی، کە زۆربەی زۆری مامۆستایان موفاتەعەیان کردووە، ئێستا لە واقعی یەکێتی مامۆستایان بپرسە لە لقەکانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، مامۆستایانی زانکۆ و مەعاهد تەعامولیان ناکەن، چونکە وەکو وتم سروشتی کارەکانیان جیاوازە، مەشاکیلیان مەعاناتیان جیاوازە، لەبەر ئەوە پێموایە ئەم خاڵە لێرە، دەرج نەکرێ، بۆ دامەزرێنەرانی یەکێتی مامۆستایان بگەڕێینەوە بۆخۆیان، خۆیان ئەگەر داوایان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخیر کەس کاك شڤان فەرموو، دوایی دێینە لیژنەی قانونی و کۆتایی بەم ماددەیەش دێنین، فەرموو کاك شڤان.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئێستاکە کە قسەم کرد، ئەو دەقەیەم لەبەردەست نەبوو، ئەگەرچی لە خودی ئەوە نەهاتبوو، پرۆژەی هەموار کردنی یەکێتی مامۆستایان، بەلاّم ئەگەرچی پەرلەمان هەقی موتلەقی هەیە بۆ دەستکاری کردنی هەر برگەیەك، من ڕێز لە ئیرادەی 124هەزار کەس دەگرم، ئەگەرچی لەئەوەکەش نەهاتبێت، هەقی پەرلەمانە بتوانێت ئیزافەی بکات، ئەوە بۆ ئەندامانی پەرلەمان دەمێنێت، سەحبی قسەی خۆم دەکەم کە دژی ئەوە بووم، سەحبی دەکەمەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەقسەکان دوو شەق هەیە، هەست دەکەم تەناقوزێکی زۆر زۆر گەورەی تیایە، یەکەم پشتگیری لە بوونی سەندیکایەکی سەربەخۆ دەکەن بۆ مامۆستایانی زانکۆ، بەلاّم ڕازی نین لقێك لەناو یاسایەکە بۆ مامۆستایانی زانکۆ بکرێتەوە، لێرەیا جۆرێك لە تەناقوز هەیە لە قسەکان، من بۆیە جارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە، ئەمە داواکاری یەکێتی مامۆستایان خودی خۆیەتی، کە لە 3/7 وە هاتۆتە لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالاّوە، ئەوان بەپێی موقتەزەیاتی کارەکانی خۆیان پێیان باشە کە ئێمە ئا ئەم نەسە ئیزافە بکەین، بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانیان، خۆ ئەگەر ئێمە بڕیارێکماندا لەمەودوا هیچ کام لە سەندیکاکان یاساکانیان لەناو پەرلەمان مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێ، یاخود ئیلغا بکرێتەوە، خۆیان ئازاد بکەین بۆخۆیان پەیڕەوی ناوخۆ بۆخۆیان دابنێین، ئەوە قسەیەکی ترە، ئەمڕۆ بابەتی گفتوگۆ کردنەکەمان نیە، بابەتی گفتوگۆی ئیمڕۆ لەسەر یەك شتە، ئێمە لەکاتێك ئەوان نەسەکەیان کە ناردووە، تەعدیلەکەیان ناردووە، ئەوبابەتەیان داوا نەکردووە، لیژنەی پەروەردە ڕاپۆرتی کەنووسیوە، ئەو بابەتەی داوا نەکردووە، بەلاّم لەو کیتابەی کە ناردوویانە بە ڕێز بۆ لیژنەکە هەمووی، کە بۆ یەك کەسیان نەناردووە، نووسیویانە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالاّو توێژینەوەی زانستی، بابەت تێبینی، بۆ هەموومانیان ناردووە، بەڕێز د.سەروەر هەستاوە ئیقتیراحی کردووە، بۆیە داوا دەکەم ئێمە ڕێز لەو یەکێتیانە بگرین، بەڕاستی لە داواکاریەکانیان، یەعنی ناکرێ ئەوان خۆیان لە کارەکەیان ئێمە لێرەوە بڕیاریان بۆ بدەین، چی باشە بۆ ئەوان و چی باش نیە بۆ ئەوان، با هیچ نەبێ بە دەری بکەین لە مەسائیلی سیاسی و بەدەر لەوەی کە ئێمە نە لێکۆڵینەوە کراوە لەسەر ئەم مەسەلەیە، نە پرسیارێك کراوە، بەڵکو هانا براوە بۆ لیژنەی موختەس کە ئەم بابەتە تەرح بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخیر کەس د.ڕۆژان لە ڕووی قانونیەوە ئەو ماددەیە دادەخرێت، فەرموو د.ڕۆژان.

**بەڕێز ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت یەکێتی مامۆستایان وەکو چەترێك هەموو مامۆستایان تێدا کۆ دەبنەوە، لەژێر ئەو چەترە بۆ ئامانجێك کە لە یاساکەیان هاتووە، هەوڵ دەدەن ئەو ئامانجانە بەدی بهێنن، ئێمە ئەگەر لە حاڵەتێك کە پێشنیار کراوە، ڕێگە دراوە 3500 مامۆستا بۆیان هەبێ؟ لقێك دابمەزرێنن، ئێمە ڕێگە بدەین بە مامۆستایانی زانکۆ لقێکیان هەبێ، بەشێك بێت لە سەندیکاکە، باشتر نیە لەوەی کە سەندیکایەکی سەربەخۆیان هەبێ، بۆ موراعاتی خسوسیەتی خۆیان، لقێك بن، بەشێك بن لە سەندیکا، نەوەك سەندیکایەکی سەربەخۆ، ئەویش لەبەر خسوسیەتی خۆیانە، ژمارەیەکی زۆری مامۆستایانی زانکۆمان هەیە، کە ئێمە ئەو پێشنیارەی ئێستا دیراسە دەکەین، لەهەر قەزایەك، لەهەر پارێزگایەك، ژمارەیان 3500 مامۆستا زیاتر بوو، بۆیان هەیە لق دابمەزرێنن، بەهەمان پێوەر لەسەر مامۆستایانی زانکۆ تەتبیق بکەین، ڕێگەیان پێ بدەین، جیاوازی بن، ئیلزامی بەزۆر نەبێ، ئەگەر ئارەزوویان کرد لقێکی وەکو بەشێك لە سەندیکاکە ڕێگەیان پێ بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەی سێ.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە پڕۆژە یاسایەکە پێشنیار کراوە، هەموار کردنی دوو بڕگەیە لەماددەی سێیەم، جگە لە زیاد کردنی دوو بڕگە، هەموار کردنەکە بەو شێوەیەیە:

بڕگەی (ج) لە ئەسلی ماددە (5) هەموار بکرێ، ئەسلی ماددەکە بەو شێوەیە بێ:

(معلموا ثورة ايلول التحررية اعضاء فخريين)

باس لە ئەندامی سەندیکا دەکات، یەکێتیەکە دەکات، پێشنیاریان کردووە کە بەو شێوەیە هەموار بکرێت:

معلموا الحركة التحررية الكوردستانية اعضاء فخريين)

جگە لەوەی داوای هەموار کردنی بڕگەی (د) کردووە، بەو شێوەیە هەموار بکرێ،

(المتقاعدون من اعضاء الهيئات التعليمية و التدريسية الراغبون بالانتماء الى الاتحاد بطلب تحريري).

داوای زیاد کردنی دوو بڕگەیان لەماددەکە کردووە، ئەوەی ئێمە لە لیژنەی یاسایی تێبینیمان لەسەری هەیە، پێشەکی ماددەکەیە، کە ئەسلی قانوکە دەڵێ (يعتبر اعضاء في الاتحاد) بەشێك لە ئەندامان پێشنیاری ئەوەیان کرد کە ئەو سیاغەتە سیفەی ئیلزامی تێدایەو ناکرێ پێچەوانەی دەستوورە، ئەندامێتی لەسەر بنەمای ئارەزووی کەسەکە بێ، بۆیە ئێمە پێشنیارمان بەم شێوەیە کردووە، کە پێشەکی ماددەکە

دابڕێژرێتەوە، پێشەکی مادده سێیەکە، ئەوانەی مافی ئەندامێتیان لە یەکێتیەکەدا هەیە بەپێی ئارەزوویان، یەعنی ئەندامێتی ئارەزومەندانەبێ، بەس لە پێشەکی ماددەکەو سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

ماددەی پێنجەمی یاسایەکە بەم شێوەیە هەموار دەکرێت، بە ئەندامی یەکێتی هەژمار دەکرێت:

1-هەموو مامۆستایانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەو وانە بێژانی قوتابخانەو زانکۆ و پەیمانگا حکومیەکان و تایبەتەکان، بە مامۆستا شەهیدەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان-عیراق وەك ئەندامی فەخری.

ج-مامۆستایانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان وئەندامی فەخری.

د-خانەنشینانی ئەندام لە دەستەی فێرکاری وانەبێژیەکان خوازیارن ببنە ئەندامی یەکێتی بە داواکاریەکی نووسراو.

ه-مامۆستایان و وانەبێژان و سەرپەرشتیارانی سەر بە فەرمانگەی پەروەردەیی و فێرکاریەکان.

و-ئەندامانی دەستەی فێرکاری و وانەبێژیەکان کە میلاکن لەدەستەو دامەزراوە فەرمیەکان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە عەرەبیەکەی.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

تعدل المادة الخامسة من القانون و تقرأ كالاتي:

يعتبر اعضاء في الاتحاد:

ا-جميع المعلمين من منتسبي وزارة التربية و التدريسيين في المدارس و الجامعات و المعاهد الحكومية و الخاصة.

ب-المعلمون من شهداء الحركة التحررية لكوردستان - العراق اعضاء فخريين .

ج-معلموا الحركة التحررية الكوردستانية اعضاء فخريين.

د- المتقاعدون من اعضاء الهيئات التعليمية والتدريسية الراغبون في الانتماء الى الاتحاد بطلب تحريري.

ه-المعلمون و المدرسون و المشرفون المنتسبون في الدوائر التربوية والتعليمية .

و-المعلمون والمدرسون في الهيئات التعليمية والتدريسية على ميلاك الوزارات والهيئات والمؤسسات الرسمية.

له نەسی ئەسلیەكەش كە هاتووە، یاساكە كە پێشكەش كراوە، هەموو ئەو داواكاریانەی تیایە، بەس ئێمە ڕێكمان خستۆتەوە بە تەسەلسول.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ دەیەوێ قسە بكات، فەرموو با ناوی بنووسین، سیوەیل عثمان، كاوە محمدامین، شوان كابان، شڤان احمد، جمال طاهر، عبدالقادر بازرگان، د.احمد وەرتی، ئەم خوشك و برا بەڕێزانە ناویان نووسراوە، فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە، موقەدیمەكەی، پێشەكیەكەی نووسراوە، من هاوڕام لەگەڵ لیژنەی یاسایی، نووسراوە (لهولاء حق العضوية في الاتحاد بناءأ على رغبتهم) ئەوەم پێ باشترە سیاغەتەكەی، بەنیسبەت پڕۆژە یاسا ئەسلەكەی كە هاتووە، بڕگەی (ج) مامۆستایانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردستان، ئەندامی شانازن، وابزانم بنووسرێ ئەندامی فەخرینە باشترە، نەوەك ئەندامی شانازن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا كاوە فەرموو.

**بەڕێز كاوە محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەو ماددەیە كە ماددەی پێنجە لە ئەسلی یاسایەكە، ماددەی سێیەم، فەقەرە (أ) هەموو مامۆستایانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە و وانە بێژانی قوتابخانەو پەیمانگا حكومی و تایبەتیەكان، من ئەڵێم تایبەتەیەكان، تێبینیم هەیە، چونكە پەیمانگاو زانكۆی حكومی هەیە و خۆیان تایبەتن، ئەگەر بكرێت بە ئەهلی یاخود كەرتی تایبەت هێشتا ئەوە وازحتر دەبێ، چونكە مەسەلەن بۆ نموونە، زانكۆی كوردستان سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە حكومیشە تایبەتمەندی هەیەو تایبەتیە، هەندێ خوێندنگەی تر هەیە، نموونەیینە تایبەتمەندێتی هەیە، بەلاّم ئەگەر بڵێی ئەهلیەكان وازحتر دەبێ، هەر لە بڕگەی (و) كە لیژنەی دەستەی دامەزراوە فەرمیەكان، ئەهلیەكان، یەعنی ئەوەی ئەهلی بێ، هەندێ خوێندنگەی حكومی هەیە تایبەتمەندێتی دراوەتێ، بەلاّم ئەگەر بڵێی ئەهلیەكان، زانكۆی جیهان ئەهلیە، تایبەتیش نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالكریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەیە لەسەر ماددەکە، بۆ ئەوەی ئەو ئیلتیباسە نەمێنێ بەوەی کە پێشتریش زۆر لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئاماژەیان پێیدا، کە بوون بە ئەندام ئارەزوو مەندانەیە،ئەمە کە ئەڵێن بە ئەندامی یەکێتی ئەژمار دەکرێت،ئەوە لەوە ئەچێ وا هەست دەکەی کە یەکێ بیبینێ پێی وایە هەموو کەسێك ئەبێ ببێ بە ئەندام لەوێ لە یەکێتیەکە کە مامۆستا بێ،ئەو تەعدیلەی لیژنەی قانونی تەعدیلێکی ڕاستە، پێویستە ئەو ئارەزوومەندانەی تیا دیاری بکرێت، سیاغە بکرێتەوە لە ئەخیری (أ-د-هـ-و) هەموو بەیەکەوە  دەتوانن ببنە ئەندام، لە کوردیەکەی بخرێتە کۆتایی ڕستەکەوە، تێبینی دووەمم، ئەندامی فیعلی لەگەڵ ئەندامی فەخری، ئەرك و مافەکانیان جیاوازە بەڕاستی، لەبەر ئەوە دەبێ ئەمە جیا بکرێتەوە، دەبێ بکرێت بە 1-مامۆستایانی سەر بە وەزارەتی پەروەدەو، ئەوەی کە وتم دەتوانن ببنە ئەندام، 2-مامۆستا شەهیدەکانی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان، مامۆستایانی بزووتنەوەی ڕزگاریخواز، وەك ئەندامی فەخری ئەژمار دەکرێن، یەعنی ئەبێ ئەم دووانە جیا بکرێتەوە لەیەکەوە، بۆئەوەی تێکەڵ نەکرێت لەبەینی ئەندامی فعلی و ئەندامی فەخری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شڤان فەرمووو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ لیژنەی یاسایی ئەو سیغەی کە تەعدیل کراوە، بەو شێوەیەی کە (بناء علی رغبتهم) شتێکی زۆر بەجێیە، چونکە شتێکی ئیختیاری و تایبەتیە، من دەمەوێ لە بڕگەی (هـ-و) بکرێتە یەك بڕگە، (المشرفون) هەڵبگرین، لەسەر ئەساسی موشریف بوون ئەوە ناکات بۆ سەندیکاکە، وەکو موعەلیمێك، مودەریسێك ئیدمان دەکاتن، لە تەعریفەکەش نەهاتووە، باسی موشریفی نەکردووە، جیا بکرێتەوە مودەریس و موعەلیمین، بۆیە من دەبینم موشریفون زیادە، بۆ ئەوەی ئەو دوو بڕگەیە ببێتە یەك، (المعلمون والمدرسون المنتسبون في الدوائر التربوية والتعليمية وفي الهيئات التعليمية والتدريسية على من) ئەو بڕگەیە باشتر دەردەچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال طاهر فەرمووو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێین سەیری ئەو ماددەیە بکەین، داڕشتنی لەسەر پێشنیاری لیژنەی هاوبەش، دەبینین تۆزێك تێکەڵاوی بووە، بۆیە من پێشنیار دەکەم، بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، ئەوەلەن موقەدیمە(الانتماء يعتبر الاعضاء في الاتحاد) بلێین (الانتماء للاتحاد حق اختياري ويشمل) ئەمە یەك، خاڵی (هـ-و) ئەگەر بێین و بخوێنینەوە، ئیلتیباسێك هەیە (المعلمون والمدرسون والمشرفون المنتسبون في الدوائر التربوية والتعليمية)

پاشان دەڵێت (المعلمون والمدرسون في الدوائر التعليميه والتدريسيه) هيئات و دەوائيری تەعليمی تۆزێك ناكۆكيەك دياری دەكات، من پێشنيار دەكەم خاڵی(و-ه) لابدرێت، لەگەڵ خاڵی (أ) دەمج بكرێت، بڵێين (أ- جميع المعلمين من منتسبي وزارة التربية والوزارات الاخرى والتدريسين في المدارس والجامعات والمعاهد الحكومية والخاصة في الاقليم) ئەوەی لە (و) هاتووە هەمووی دەگرێت، پاشان (ب) (المعلمون من شهداء الحركة التحررية لكوردستان - العراق اعضاء فخرين معلموا حركة التحررية الكوردستانية شهداء) پاشان (د- ) يكون من المشمولين بالفقرتين أ و ج، ئەگەر هات و ئەو تەعديلە كرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالقادر بازرگان فەرموو.

**بەڕێز عبدالقادر اكرام بازرگان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆم ئێستا تێبينيم هەيە لەسەر ئەصڵی ماددەی سێ، كە يەعنی بە صەراحەت عيبارەكەی زەعيفە، ئەو عيبارەيە پێی ناكرێ، يەعنی حيمايەی ئەو شتە بكات، كە يەعنی ئەويش ئەوهايە: (اتحاد منظمة مهنية مستقلة تتمتع بالشخصية المعنوية ولها الحق في تملك الاموال المنقولة والغير منقولة)، خۆم داوا دەكەم، بە نيسبەت ئەصڵی، يەعنی هەندێك تەعديلاتی تێدا بكرێ، هەتا بۆ ئەوەی يەكێتی مامۆستايان بتوانێ حيمايەی خۆی بكات، يەعنی مەسەلەن ئەويش ئەوهايە: (اتحاد معلمي كوردستان: منظمة مستقلة تتمتع بالشخصية الاعتيادية والاستقلال المالي والاداري ولها الحق في تملك الاموال المنقولة وغير المنقولة اللازمة لتحقيق غاياتها واهدافها والتصرف بها).

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاكە ئەوە ماددەيەكی ترە، ئەوە ئەو نييە.

**بەڕێز عبدالقادر اكرام بازرگان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوڕۆكە هەتا كاك عبدالسلاميش ئەوەی وت، ئێمە هەڵدەستين ماددەيەك تەعديل دەكەين بە ئەوەيەكی تر، يەعنی هەر ئەوەمان پێ هێناوە، كۆتاييمان پێ هێناوە، و تەقريبەن هەموو لێژنەكانمان تەقريبەن فەترەيەكە ئەو ئيشە ئەكرێ، يەعنی تەعديلی شتێك دەكرێ بە ماددەيەكی تر، هەر ئەوەندە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

پێشنيارەكەت بياندەيی، تكايە ئەوەی پێشنياری هەيە بينێرێ بۆ لێژنەكان، كاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم علی(وەرتێ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە داڕشتنەوەی پێشەکی ماددەکە، پشتگیری لە ڕایەکەی لێژنەی یاسایی دەکەم، چونکە وەکو لە پێشتریش باسمان کرد، بۆ ئەوەی کە ئەندامییەتی لە یەکێتیەکەدا بێتە ئارەزوومەندانە و بە شێوەیەکی ئیختیاری بێت، پێویستی بەو داڕشتنەوەیە هەیە، وەکو کاك شوان کەریم کابانایش ئاماژەی پێدا تێکەڵیەك هەیە لە نێوانی، ئەگەر بڵێین بە ئارەزوومەندانە دەبن بە ئەندام لەو یەکێتیە، هەتا (ا و ب و ج و د و ه و و) ، لێرەدا شەهیدەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان کە لە فەقەرەی (ب)یە، ئەمە ناتوانێ راستە و خۆ ئارەزوومەندانە ببێت بە ئەندام، لەبەر ئەوە پێم باشە لێرە ببێت بە دوو فەقەرە، یەکەم: هەموو فەقەرەکان لە خۆ بگرێت، یەعنی ببێت بە دوو بڕگە، ئەندام بوون لە یەکێتیەکەدا ئارەزومەندانەیە، یەعنی ئارەزوومەندانە دەبن بە ئەندام، یەکەم، هەموو فەقەرەکان جگە لە ب لە خۆ بگرێت، دووەم با بە جیا لە خۆ بگرێ کە ئەوانە بە شێوەی فەخری دەبن بە ئەندام، یەعنی جیا بکرێنەوە، چونکە ئەوانە شەهیدن خۆی ناتوانێ بێ خۆی ببێت بە ئەندام، لەبەر ئەوە ئەبێ ئۆتۆماتیکی لێرە بکرێ بە ئەندام، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە موقەدیمەی ماددەکە صیاغە بکرێتەوە کە مەسەلەکە، مەسەلەی ئەندامییەتی بە وازیحی پێبدات کە روون بێ کە ئارەزوومەندانەیە، ئەمە پێمان باشە، مەسەلەی ئەهلی، تایبەتی، لە راستیدا مەسەلەی تایبەتی ئێمە پرۆژە یاسایەکی تر هەیە کە لەوێ تەعریفی ئەو زانکۆ یان ئەو قوتابخانانە کراوە کە کێ تایبەتە، ئەگەر بشیین قسە لەسەر مەفهومی تایبەت و ئەهلی بکەین، دیسان ئەمە راماندەکێشی بۆ پرسێکی تر، سەبارەت بە زانکۆکانی، زانکۆی تریش هەیە کە مەسەلەن تەبیعەتی زانکۆی کوردستانی هەیە لە کوردستان، بەڵام زانکۆی کوردستان لەناو یاسادا ئیتر دەقی پێ هاتووە و تەبیعەتە قانونیەکەی گونجێندراوە، بەهەر حاڵ، ئێمە پێمان وابووە کە مەسەلەی تایبەت کە دەڵێین تایبەت، هەموو ئەو قوتابخانە و زانکۆیانە دەگرێتەوە کە لە لایەن کەرتی تایبەتەوە کراونەتەوە و ئیدارەیان دەدرێ، زیاتر مەبەستەکەمان ئەوەیە، ئەگەر بشزانین مەسەلەی ئیزافەکردنی وشەی ئەهلی خزمەت بەوە دەکات کە روونتر بێتەوە، ئاساییە، مەسەلەی دەمجکردنەکە بەڕێزان ئەگەر سەیری بکەن بۆ ئەو دەقەی کە ئێمە هێناومانە، یەکەمیان باس لە هەموو ئەو مامۆستایانە دەکات کە لە لایەن حکومەتەوە تەعین دەکرێن و لە قوتابخانە و زانکۆ حکومیەکاندا وانە دەڵێنەوە، دەتوانن ببن بە مامۆستا، جۆری دووەمی مامۆستای شەهیدە، سێیەمیان مامۆستای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانە، واتە تەصنیفەکە لەسەر ئەو ئەساسە بووە، هی (د) ئەوانەن کە خانەنیشن بوون، دەتوانن ببن بە ئەندام ئەگەر بۆخۆیان بیانەوێ وەکو باس کرا

ئیختیاریـە، فەقـەرە (هـ) مامۆسـتایان و وانەبێـژانی سەرپەرشـتیار سـەر بـە فەرمانگـە پـەروەردەیی و فێرکاریەکان، ئەمە مەبەست لەو مامۆستایانەیە، مەبەست لەو سەرپەریشتیارانەیە کە ئەوان ئێستا لە یەکێك لە فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە یان موئەسەساتی تری پەروەردە، ئەوان فەرمانبەرن، مەسەلەن ئێستا مودیر عامە، پێشتر مامۆستا بوو و سەرپەرشتیار بووە، ئێستا مودیر عامە، ئێستا رەئیس بەشێکی ترە، ئەوانیش بەو شێوەیە جیاکراونەوە، فەقەرە (و)یش تایبەتە بە هەموو ئەو مامۆستایانەی کە جگە لە وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا، موئەسەساتی تر بۆ نموونە مەسەلەن پەیمانگای دادوەریمان دەبێ لێرە بە دواوە، یان مەسەلەن کۆلیژی پۆلیسمان هەیە، مامۆستای هەیە، ئەوە تایبەتە بەوەی کە ئەوانەش دەبێت ببن بە ئەندام، لەگەڵ ئەوەشدا بۆچوونەکانی بەڕێزتان بە هەند وەردەگرین لە صیاغەدا تا ئەو حەدەی مومکین بێ، هەوڵ ئەدەین پوختی بکەینەوە و دەمجی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی ناوەخۆ تێبینیتان هەیە؟.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری دەکەم لە راپۆرتەکە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك خەلیل؟

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ تێبینیمان نییە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی ئاخیر رەئی خۆتان.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لە ڕاو بۆچوونەکانی لێژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەکەین، بەڵام ئەگەر کرا دەمجی هەندێ بڕگە بکرێ بە شێوەیەك کە ئەوانەی کە دوو جار ناویان هاتووتەوە و لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردەنە، یەکجار باس بکرێن و بە یەك خاڵ، ئەوە شتێکی باشە و تەئکید لەوە بکرێتەوە لە پێشەکی ماددەکە یاخود بڕگەیەکی سەربەخۆ بیت کەوا مەبەست ئەندامییەتی لەسەر بنەمای ئارەزوومەندییە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بچنە ماددەیەكی تر.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم:

ئەوەی لە ئەصڵی پرۆژەكە هاتووە، زیادكردنی بڕگەیەك لەسەر ماددەی شەشەم، ماددەی شەش باس لەوە دەكات كە یەكێتی لە چ پێكدێ، لە دەستەی گشتی و ئەنجومەن و مەكتەبی سكرتاریەت و لە پرۆژەكەدا هاتووە بڕگەیەك زیادبكرێ، ڕێزبەندی بڕگەی (ز) بۆ بڕگەكە، هەر چەندە دەبێ (ز) بكرێت بە (6)، چونكە ئەصڵی ماددەی 6 لە پێنج فەقەرە پێك دێت، ئەوە دەبێتە بڕگەی شەشەم، نوێنەری یەكێتی لە قوتابخانە یاخود دام و دەزگا پەروەردییەكان زیاد بكرێ و بكرێتە ئەندام لە یەكێتیەكە، ئێمەش پشتگیری لەو پێشنیارە دەكەین، جگە لەوەی پێشنیاری ئەوە دەكەین كە لە خاڵی یەكەمی ماددەی شەشەم، وشەی كۆنگرەش زیاد بكرێ كە دەستەی گشتی و كۆنگرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

یەكەم: بڕگەی یەك لە ماددەی شەشەم بەو شێوەیە هەموار دەكرێ، دەستەی گشتی و كۆنگرە.

دووەم:بڕگەیەك بۆ ماددەی شەشەم زیاد دەكرێ و دەبێتە ژمارە (6) و بەو شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

نوێنەری یەكێتی لە قوتابخانە یان دامەزراوەی پەروەردەیی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بە عەرەبیەكەی.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

اولآ: تعدل الفقرة (1) من المادة السادسة و تكون كالاتي:

الهيئة العامة و المؤتمر.

ثانیأ: تضاف فقرة الى المادة السادسةو تكون فقرة (6) و تكون كالآتي:

ممثل الاتحاد في المدرسة او المؤسسة التربوية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە. یەك كەس، سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو ماددەیە هاوڕام لەگەڵ لێژنەی پەروەردە، کە کۆنگرەی بۆ زیاد بکرێ، دەستەی گشتی و کۆنگرە، خاڵی (ز) ببێتە (6)، لەبەر ئەوەی لە ماددەکە شەشەمە، نوێنەری یەکێتیش لە یەکیتی قوتابخانە و دەزگا پەروەردییەکان زیاد بکرێ و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە باسی المؤسسة التربوية دەکات، ئایا جامیعە و مەعاهد لێرە باس دەکرێت یان نا؟، بۆیە من پێشنیار دەکەم بڵێن: ممثل الاتحاد في المدرسة او المؤسسة التربوية والجامعات و المعاهد الحكومية و الخاصة، هەتا یەك بگرن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش؟

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە ڕێك ئەوەی کە لە ماددەکەدا هاتووە، بیر و بۆچوونی یەکێتی مامۆستایان خۆیەتی، ئێمە سەبارەت بە مەسەلەی کۆنگرە ئەوە زیادکراوە و پشتیوانی لە بۆچوونەکەی خۆمان دەکەین، سەبارەت بە مەسەلەی نوێنەری یەکێتی لە قوتابخانە یان دەزگای پەروەردەیی، ئەو بۆچوونەی برای بەڕێزم کاك جەمال لە راستیدا، ئەگەر ئێمە گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە ئەوان خصوصیەتیان بپارێزدرێ، ئەوە دەنگیان لەسەر درا و پێویستە ئەوەش ئیزافە بکرێ ئەوەی کە جەنابت باسی دەکەی، ئەگەر پەرلەمانی بەڕێز بڕیاری لەسەر ئەوە دا کە زانکۆکانیش لقیان هەبێ، یان لە چوارچێوەی یەکێتی مامۆستایان بمێننەوە، پێویستە ئەو ئیزافەی کە جەنابت پێشنیارت کردووە، بمینێتەوە، بەڵام ئەگەر نەبێ ئەوە حاڵەتێکی ترە، ببوورە مەبەستم لە دەزگای پەروەردەیی لەگەڵ قوتابخانە، ڕەنگە بپرسێت بۆ دووبارە کراوتەوە؟، قوتابخانە وازیحە، دەزگای پەروەردەییش مەسەلەن بۆ نموونە باخچەی ساوایان هەیە، ڕەنگە یەکێك لەو دەزگا پەروەردییانە بن کە لە داهاتوودا یەکێتی مامۆستایان پێویستی بە نوێنەر هەبێ لەوێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کۆمەڵی مەدەنی؟، ناوەخۆ؟.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لە هەردوو پێشنیار دەكەین سەبارەت بە هەمواركردنی هەردوو بڕگەی یەكەم و زیادكردنی وشەی موئتەمەر بۆ بڕگەكە و زیادكرنی بڕگەك بە ڕێزبەندی بڕگەی شەشەم بۆ ماددەكە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێزد.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم:

یەكەم: بڕگەی (أ) لە ماددەی حەوتەمی یاساكە هەموار دەكرێت و بەو شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

دەستەی گشتی لە هەموو ئەو ئەندامانەی یەكێتی پێك دێت كە پابەندی خۆیان بە بڕگەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ كردووە، بە بەرزترین دەسەڵات تێدا دادەنرێت و هەموو چوار ساڵ جارێك لە بنكەی یەكێتی بە مەبەستی گرێدانی كۆنگرەی گشتی كۆ دەبێتەوە، لە ڕێگەی نوێنەرانیەوە بە ڕێژەیەك كە ئەنجومەنی تەنفیزی دیاری دەكات بۆ هەڵبژاردنی سەرۆكی یەكێتی و ئەندامانی مەكتەبی سكرتاریەت كە ژمارەیان دەگاتە 15 ئەندامی سەرەكی و چوار ئەندامی یەدەگ، نیصابیش بە دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامان تەواو دەبێ، ئەگەر نیصاب تەواو نەبوو، هەڵبژاردن دوای تێپەڕینی 15 ڕۆژ لە كۆبوونەوەی یەكەم لە هەمان كات و شوێن بەڕێوە دەچێ، نیصاب بە تەواو بوون دادەنرێت، ژمارەی نوێنەرانی ئامادە بوو بگاتە هەر چەند.

دووەم: بڕگەی (ب) لە ماددەی حەوتەم هەموار دەكرێ و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

سەرۆكی یەكێتی و ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزی و مەكتەبی سكرتاریەت و سەرۆكی لقەكان، ئەندامانی كۆنگرە دەبن و ئەنجومەنی تەنفیزی بۆی هەیە چەند ژمارەیەك لە مامۆستایانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردستان و كەسایەتیە پەروەردەییەكانی هەرێم وەكو ئەندامی كۆنگرە زیادو ئەو مەرجانەی پێویستن بۆ ئەو كارە پەسند بكات، بە مەرجێك كە لە 15 نوێنەر پتر نەبن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

عەرەبیش بخوێننەوە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الخامسة:

اولاً: تعدل الفقرة (أ) من المادة السابعة من القانون و تكون كالاتي:

تتألف الهيئة العامة من جميع اعضاء الاتحاد الذين اوفوا بالتزاماتهم بموجب احكام هذا القانون و تعتبر اعلى سلطة فيه و تجتمع في مركز الاتحاد كل اربع سنوات مرة واحدة لعقد المؤتمر العام عن طريق المندوبين بنسبة يحددها المجلس التنفيذي لانتخاب رئيس الاتحاد و اعضاء مكتب السكرتارية البالغ عددها 15 عضواً اصليا، و اربعة اعضاء احتياط، و يتم النصاب بحضور ثلثي عدد المندوبين، و عند عدم اكمال النصاب، تجري الانتخابات بعد مرور 15 يوما من الاجتماع الاول، و في نفس الزمان والمكان، و يعتبر النصاب كاملا مهما بلغ عدد المندوبين الحاضرين.

ثانيا: تعدل الفقرة (ب) من المادة السابعة من القانون و تكون كالاتي:

يكون رئيس الاتحاد و اعضاء المجلس التنفيذي و مكتب السكرتارية و رؤساء الفروع اعضاء في المؤتمر و للمجلس التنفيذي اضافة اعداد من معلمي الحركة التحررية الكوردستانية و الشخصيات التربوية في الاقليم اعضاء المؤتمر و اقرار ما يستوجب من الشروط لذلك، على ان لا تزيد عن 15 مندوباً.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د.رۆژان.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم لە ئەصڵی قانونەكە لە سێ بڕگە پێك دێ: أ و ب و ج، ئەوەی لە پرۆژە یاسایەكە داوا كراوە پێشنیار بكرێ، تەنها بڕگەی ب، با بەو شێوەیەی لێ بێ كە رستەیەك زیاد بكرێ بۆ كۆتایی بڕگەی (ب)، بەو شێوەیە:

سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی جێبەجێ كردن و مەكتەبی سكرتاریەت و سەرۆكی لقەكان دەبنە ئەندامی كۆنگرە، ئەنجومەنی جێبەجێكردنیش بۆی هەیە ژمارەیەك مامۆستای بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردستان و كەسایەتی پەروەردەیی لە هەرێمدا بە ئەندامانی كۆنگرە زیاد بكات، بڕیاردانی ئەو مەرجانەی بۆ ئەو كارە پێویستن بە مەرجێك لە 15 نوێنەر زیاتر نەبن، واتا تەنها پێشنیاری ئەوە كرایە لە پرۆژە یاساكە ئەو رستەیە بۆ كۆتایی بڕگەی (ب) رستەكە كە لە سێ بڕگە پێكدێ، أ و ب و ج، هەموار بكرێ و ئەو بڕگەیە زیاد بكرێ، ئێمەش لە لێژنەی یاسایی پشتگیری زیادكردنی ئەو بڕگەیە دەكەین، ئەو رستەیە بۆ كۆتایی بڕگەی (ب) لە ماددەی حەوتەمی ئەصڵی یاساكە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بە عەربیەكەی د.رۆژان.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

تضاف عبارة (و للمجلس التنفيذي اضافة اعداد من معلمي الحركة التحررية الكوردستانية و الشخصيات التربوية في الاقليم، اعضاء في المؤتمر، و اقرار ما يستوجب من الشروط لذلك، على ان لا تزيد عن 15 مندوباً)، ئەو رستەیە بۆ بڕگەی (ب) لە ماددەی حەوتەم زیاد دەکرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو د.ڕۆژان؟

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو رستەی کە خوێندمەوە پێشنیار کراوە ئەوە زیاد بکرێ بۆ کۆتایی بڕگەی (ب)، ئێستا بڕگەی (ب) و بەو رستەی کە زیاد دەکرێ دەیخوێنمەوە، بڕگەی (ب) لە ماددەی حەوتەم: يكون رئيس و اعضاء المجلس التنفيذي و مكتب السكرتارية و رؤساء الفروع، اعضاء في المؤتمر و للمجلس التنفيذي اضافة اعداد من معلمي الحركة التحررية الكوردستانية والشخصيات التربوية في الاقليم، اعضاء في المؤتمر، و اقرار ما يستوجب من الشروط لذلك، على ان لا تزيد عن 15 مندوباً .

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟، تەنها یەك کەس، فەرموو کاك ئارام.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من پێشنیارێکم هەیە، ئەویش ئەوەیە کە باس لەوە دەکرێ کە کۆنگرە بەرزترین دەسەڵاتە، بەڵام لە فەقەرەیەك کە داوای هەمواریان کردووە بە پێچەوانەیە، چونکە بە پێی ئەم فەقەرەیە کۆمەڵێك ئەندام یەکسەر راستەوخۆ دەبنە ئەندامی کۆنگرە، صەلاحیاتیشی داوە کە 15 ئەندامی تریش یەکسەر بە تەزکیە ببنە ئەندامی کۆنگرە، کەواتە ئەوە یەعنی کۆنگرە نابێتە بەرزترین دەسەڵات و هەر لە ئێستاش ئێمە کێشەیەك بۆ مامۆستایان دروست دەکەین، کۆمەڵێك خەڵك راستەوخۆ دەبنە ئەندامی کۆنگرە، لە کاتێکدا کە لە فەقەرەی پێشتر باس لەوە دەکرێ کە سیستەمی نوێنەرایەتی ئەبێ کۆنگرە پێك پێت و بە شێوەیەکی هەڵبژاردن، لەبەر ئەوە من پێم باشە ئەو هەموار کردنە نەبێت لەبەر ئەوەی سیستەمێکی راستەوخۆی هەڵبژاردن هەیە بۆ نوێنەرایەتی مامۆستایان و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش؟

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە یەکێکە لە ئەو بڕیارانەی کە لە کۆنگرە داویانە، تا ئەو پرۆژەیەی کە یەکێتی مامۆستایان بۆ ئێمەیان ناردووە، لە کۆنگرەدا دەنگیان لەسەر داوە و شەرعیەتیان پێ داوە لە کۆنگرەی خۆیان، بۆیە ئەمە ویست و

داخوازی کۆنگرەیە، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە وەکو چۆن پێشنیار کراوە و ئەوان داوایان کردووە بەم شێوەیە هەموار بکرێ، لەگەڵ ئەوەین کە وەکو خۆی بمینێتەوە و ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا فەرمان.

**بەڕێز فەرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی پێنجی بڕگەی سێیەم، ئەوانەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلن، ئەوانە ئەندامی فەخری دەبن، ئەندامی فەخریش لە کۆنگرە رەنگە هەموومان بزانین، فەخری دەبێت لەبەر ئەوەی لە ماددەی پێنجەم ئیشارەتی پێدراوە، ئەوانەی رزگاریخوازی بزووتنەوەی کوردی ئەوان ئەندامی فەخری کۆنگرە دەبن و لەگەڵ شەهیدەکان، بەڵام تەنها ئەوانەی کە دەمینێنەوە، سەپەرشتیارەکان و چەندی دی ئەوانە ئەندامی ئەصڵی کۆنگرە دەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا من پێموایە لەم دوو بڕگەیە ئەوەندەی من درکم پێ کردبێ هەندێ شت تێپەڕێوە بەسەرماندا، یەکەم، دەستەی گشتی دیارە دەستەی گشتی هەموو ئەندامەکان دەگرێتەوە، ئێستا لە حاڵەتێکدا ئەگەر رێکخراوەکە ژمارەی ئەندامانی کەم بێت، دەتوانێ ئەندامانی دەستەی گشتی بەشداری کۆنگرەی پێ بکات، بەڵام ئێستا هەموو رێکخراوەکان ژمارەی ئەندامەکانیان قەبە و گەورەن، ناتوانن هەموو دەستەی گشتی بەشداری کۆنگرەی پێ بکەن، ئەمە پێویستە لەگەڵ ئەوەدا لێکی جیا بکەینەوە کە پابەندی خۆیان بە بڕگەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ کردووە و پێشم وایە لە حاڵەتێکدا دەستەی گشتی بەرزترین دەسەڵاتە، ئەگەر هەموو ئەندامانی دەستەی گشتی لەو کۆنگرە بەشدار بن، دەنا من پێموایە کۆنگرە بەرزترین دەسەڵاتە، بەڵام ئێستا ئێمە شێوازێك پیادە دەکەین، هەموو دەستەی گشتی و لەبەر زۆری ژمارەی ئەندامانی رێکخراوەکەیان، هەموو دەستەی گشتی نایەتە موئتەمەرەوە، بەڵکو نوێنەرەکانیان، نوێنەری هەڵبژێردراوی کۆنفرانسە ناوچەییەکانی یان کۆنفرانسە ناوخۆییەکانی یان ئەوەی کە پەیڕەو و بڕیاری لەسەر داوە و بڵێ ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزی و سەرۆکی لقەکان و ئەندامانی سکرتاریەت کە لەسەر ئەوەش مولاحەزەم هەیە، هەروەها ئەو 15 کەسەی کە دیاری کراون بە پێی پەیڕەو، بۆیە من پێموایە دەبێ ئێمە لێرە دەستەی گشتی و کۆنگرە بەراستی لێك جیا بکەینەوە، چونکە ئەوەی کە راستە وەکو وتم لە حاڵەتێکدا کە کۆنگرە یەکسانە بە دەستەی گشتی، ئەگەر هەموو ئەندامانی دەستەی گشتی بەشداری موئتەمەر بکەن، لەو حاڵەتانەشدا دەستەی گشتی بەرزترین دەسەڵاتە کە هەموو ئەندامانی دەستەی گشتی بەشداری کۆنگرە

بكەن، بەلاّم ئەگەر كۆنگرە لە ڕێگەی بەشداری پێكردنی هەڵبژێردراوانی كۆنفرانسە ناوچەییەكان و هەروەها ئەندامانی دەستەی سكرتاریەت و ئەنجومەنی تەنفیزی بێت، ئەوە ئەو كاتە كۆنگرە بەرزترین دەسەلاّتە، خاڵێكی دیكە لە بڕگەی دووەمدا نووسراوە، سەرۆكی یەكێتی و ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزی و مەكتەبی سكرتاریەت و سەرۆكی لقەكان، ئەندامانی كۆنگرە دەبن، من پێموایە ئەم عیبارەتە هەموو یەكسانە بە یەك عیبارەت، ئەویش ئەوەیە: سەرۆكی یەكیتی و ئەندامانی مەكتەبی سكرتاریەت و سەرۆك لقەكان هەموو عیبارەتە لە ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزی، لە رووە قانونیەكەوە، هەمووی یەكسانە بە ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێرزاد نوقتەی نیزامیت هەبوو؟

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەراستی ئەوە كە من ئەمڕۆ لە لێژنە بەڕێزەكە ئەیبیستم، كە ئێمە باسی هەر شتێك ئەكەین، برادەران باسی ئەوە دەكەن كە ئەمە لە پەیڕەوی خۆیاندا هەیە، ئێمە ناتوانین دەستكاری پەیڕەوی ئەوان بكەین، چونكە ئەوان بڕیاری خۆیان داوە، ئەم پڕۆژە یاسایەش كە هاتووتە بەر دەستمان و هەندێ تەعدیلاتی تێدا كراوە، ئەگەر بەو حیسابە بێ كە دەستكاری هیچی ئەوان نەكەین، دەتوانین ئەم پڕۆژە یاسایە و ئەو تەعدیلەی ئەوان ئێمەش تەعدیلی بكەین  بۆیان و دەنگ لەسەری بدەین، لەبەر ئەوە من پێموایە، ئەگەر ئەمە وا بێ ئەوە پێی ناوی ئێمە هیچ موناقەشەی ئەو پڕۆژە یاسایە بكەین و بینێرینەوە و پەیڕەوی خۆیانە ئەوان باشتر ئیشی لەسەر ئەكەن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە پێی ئەو پڕۆژە یاسایەی كە هاتووە، پەیڕەو یان كۆنگرەی یەكێتی مامۆستایان بڕیارەكە هی ئەوانە، ئەو تەعدیلانەی ئێمە ئەیكەین، ئەگەر تەعدیلاتی موصتەلەحاتی قانونی و زمانەوانی نەبێ ناتوانین تەعدیلی جەوهەری بكەین، بە بڕوای من لە بڕگەی (ب) ماددەی حەوتەم كە هەموار ئەكرێ، مادام لە ماددەیەكی تر هاتووە لە ماددەی سێیەم، كە مامۆستایانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی وەك ئەندامی فەخری دەبێ لێرە وا بنووسرێ، چەند ژمارەیەك لە مامۆستایانی بزووتنەوەی رزگاریخوازانی كوردستان وەك ئەندامی فەخری و كەسایەتیە پەروەردییەكان هەرێم وەك ئەندامی كۆنگرە بە پێی ئەو مەرجانەی كە لە 15 ئەندام زیاتر نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی قانونی.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت یاسا پرۆژە یاسایەك پێشکەش کرایە، بڕیاری کۆتایی پەرلەمانە دوای گفتوگۆ کردن کاتی دەنگدان دێ لەسەر ماددەکان، ئەوە بە دەنگدان یەکلا دەکرێتەوە کێشەکان، سەبارەت بەوەی کە ژمارەکە دیاری بکرێ یان نا، ئێمە بە باشی دەزانین کە لەناو یاسایەکە دیاری بکرێ هەتا دەستکاری نەکرێ و ژمارەیەکی زۆر بەو شێوەیە نەیەتن بەشداری بکات لە کۆنگرە، دیاری بکرێت بە یاسا تا نەتوانن دەستکاری بکرێ بە کەم کردنەوەی یاخود زیادکردنی، بۆیە ئێمە پشتگیری لەوە دەکەین وەکو لە پرۆژە یاسایەکە هاتیە و ژمارەکە لە 15 زیاتر نەبێ، ئەگەر بەو رێژە زۆرەی مامۆستایان بڕوات وا بزانم 15 ژمارەیەکی گونجاوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی بڕۆنە سەر ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم:

ئەصڵی یاساکە خۆی یەك ماددەیە و یەك بڕگەیە، بڕگەی تری تێدا نیە، بەڵام ئەوەی لە پرۆژە یاسایەکە هاتووە، ئەصڵی ماددەکە بکرێتە (أ) و بڕگەیەکی تری بۆ زیاد بکرێ بە ڕێزبەندی (ب) کە بەو شێوەیە: مەرجە ئەوەی بە ئەندامی سکرتاریەت هەڵدەبژێردرێت هاووڵاتی هەرێم بێت و لە پەروەردە و فێرکردندا ڕاژەیەکی هەبێت کە لە 10 ساڵ کەمتر نەبێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش؟

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان وابوو کە لە لێژنەی پەروەردە بەم شێوەیە بوو ڕێکخستنەکەی، بەم شێوەیە هەموار بکرێتەوە: ماددەی شەشەم، ماددەی هەشتەمی یاساکە بەم شێوەیە هەموار بکرێ: أ: بۆ ئەوەی کەسەی هەڵدەبژێردرێت بە سەرۆکی یەکێتی، مەرجە لە هاووڵاتیانی هەرێم بێت و خزمەتی لە پەروەردە و فێرکردندا لە 5 ساڵ کەمتر نەبێت.

ب- ئەو کەسەی بە ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت هەڵدەبژێردرێت مەرجە لە هاووڵاتیانی هەرێم بێت و خزمەتی لە پەروەردە و فێرکردندا لە 5 ساڵ کەمتر نەبێت.

ج-مەرجە ئەو کەسەی بە ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و سەرۆکی لقەکانی یەکێتی و ئەندامانی دەستەی لق هەڵدەبژێردرێن ماوەی خزمەتیان لە پەروەردە و فێرکردندا لە 5 ساڵ کەمتر نەبێت.

جا دەقە عەرەبیەکەتان بۆ دەخوێنمەوە:

المادة السادسة:

تعدل المادة الثامنة من القانون و تقرأ كالاتي:

أ_يشترط فيمن ينتخب رئيساً للاتحاد ان يكون من مواطني الاقليم و له خدمة لا تقل عن خمس سنوات في مجال التربية و التعليم.

ب_يشترط فيمن ينتخب عضوا في مكتب السكرتارية ان يكون من مواطني الاقليم و له خدمة لا تقل عن خمس سنوات في مجال التربية و التعليم.

ج-_يشترط فيمن ينتخب عضوا في المجلس التنفيذي و رؤساء فروع الاتحاد و اعضاء هيئة الفرع ان يكون له خدمة لا تقل عن خمس سنوات في مجال التربية و التعليم.

ئەمە ڕای لێژنەی هاوبەشە کە عەرزم کردن بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کێ تێبینی هەیە؟، ئەم بەڕێزانەی کە ناوی خۆیان نووسیوە، تەبعەن ڕێزم هەیە بۆ هەمووتان، قادر حسن، دلێر محمود، نەسرین جمال، عبدالسلام بەرواری، شڤان احمد، سیوەیل عثمان، پەیام خان، امیر گۆگا وکاردۆ محمد، کوێستان، د. ئاراس، ئاسۆ کەریم، جلال علی. کاك قادر حسن فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی شەشەم، کە ئاماژە بە ماددەی هەشتەمی یاسایەکە دەکات، لە بڕگەی أ و ب و ج، هەر سێکی ماوەی پێنج ساڵ داندراوە، کەچی ئاستی بەرپرسیاریەتی و دەسەڵاتیان جیاوازە لە یەکتری، بۆیە پێشنیار دەکەم کە ماوەی ئەزموونیان زیاتر بێ بە پێی مەسئولیەت و دەسەڵاتەکانیان و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم چاکە بۆ ئەم ماددە بڕگەیەکی تریش ئیزافە بکرێ، بڕگەکە چی بێت؟، ئەو کەسەی کە خۆی هەڵدەبژێرێت بە سەرۆکی یەکێتی و هەروەها ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت و هەروەها ئەو کەسەی کە دەبێتە ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و سەرۆکی لقەکان و ئەندامانی دەستەی لق، بەڕێوەبەری گشتی نەبن و بەڕێوەبەری مەڵبەندەکان نەبن، بەڕێوەبەری بەشەکانی ناو دیوانی وەزارەت و ناو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان و مەڵبەندەکان نەبن، لە هەمان کاتدا ڕەئیسی موشرفین نەبێ و موشرفی ئەوەلیش نەبێ، چونکە

وەکو ئاشکرایە، زۆربەی زۆری ئەو پۆستانەی کە ناومان بردن پێشتر مامۆستا بوون و ئەندامیشن لە یەکێتی مامۆستایان و ئەمە پێشتر کێشەی زۆری دروست کردووە، نابێ لە یەك کاتدا ئەو پۆستانە، هەم داواکاریش بن و هەم داوا لێکراو بن، چونکە لە واقیعدا ئێمە وەکو دەزانین هەموو رێکخراوێکی پیشەیی، نوێنەرایەتی و بەرژەوەندی چینێك یاخود توێژێك یان بەشێکی کۆمەڵایەتی دەکات لەناو کۆمەڵدا، بەرامبەر بە وەزارەتێك یان بەرامبەر بە دام و دەزگایەکی دیاریکراو، لە هەمان کاتدا ئەم بێت و خۆی لەناو رێکخراوەکەدا بێت و خۆی دەستەی جێبەجێ کردنی بێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا تەقریبەن جۆرە نا ئینسیجامیەك دروست دەکات، ئەمە ئەبێتە هۆی وەکو ئەوەی لە پێشووشدا روویداوە، چەند کێشەی بچووك هەبووە لەناو یەکێتی مامۆستایاندا کە رووبەرووی وەزارەتی پەروەردە کراوە یاخود مەڵبەندێکی یاخود بەڕێوەبەرایەتێکی گشتی، کێشەکە چارەسەر نەکراوە، بەڵکو گەورەتر ڕۆیشتووە، ئەمە خاڵێك بوو، لەبەر ئەوە بۆیە ئەیڵێم بە بڕگەیەکی تر وام پێ باشترە کە بڵێین پێویستە ئەو پۆستانەی نەبێت کە ئیشارەتمان پێ داوە، خاڵێکی تر، ئەکرێت وەکو لە ماددەی پێنجەمدا لە ئەصڵی پرۆژەکە لە بڕگەی (ە) ئیشارەتی بەوە داوە کە خانەنشینەکانیش وەکو بڕگەیەکی تر زیاد بکرێ، خانەنشینەکانیش، خانەنشینیش ئەتوانێ ببێتە ئەندامی یەکێتی مامۆستایان، ئەکرێ خانەنیشنەکان لە هەمان کاتدا ئەو پۆستانە وەربگرن، چونکە لەبەر ئەوەی لەو کاتانە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردندا نەماون، ئەو پۆستانە وەربگرن وەکو سەرۆکی یەکێتی وببێتە ئەندامی سکرتاریەت یاخود ببنە ئەندامی ئەنجومەنی تەنفیزی یاخود سەرۆکی لق و ئەندامی لقەکانیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ماددەی شەشەم کە خۆی لە ماددەی هەشتەم ئەگرێتەوە، مەرجدانان بۆ ئەم حاڵەتە بەڕاستی پیشێل کردنی مافی تاکەکانە، تۆ لێرە رێگا لە ئازادی ئەو تاکانە ئەگرێ کە بیەوێت خۆی هەڵبژێرێت، بۆیە دەکرێت مەرج دانەنێین، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم، دەکرێت هەر سێ بڕگەکە لە یەك بڕگە کۆی بکەینەوە، دەمج بکرێ، یەعنی ئەگەر وەکو خۆی مایەوە هەر سێ بڕگەکە دەمج بکرێ، خاڵی سێیەم، ئەگەر هات و مەرجەکە هەر مایەوە، من پێم باشە لە (5) پێنجساڵەکە کەمتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە لە هەر سێ پێشنیارەکان ( أ و ب و ج)ئەو رستەیەی کە خزمەتی لە ئەوەندە ساڵ کەمتر نەبیت، بگۆڕدری بۆ خزمەتی هەبێت، ئەو مەسائیلانە بۆ نیزامی داخیلی پێ ئەڵێن، لە گفتوگۆکانی سەندیکا لەگەڵ برادەران و خوشکانی لێژنە زۆر خاڵ هەبووە ئەوان وتیان ئێمە لە کۆنگرە بڕیارمان لەسەر داوە بۆیە با تۆزێك مەجال بدەین بۆ کۆنگرە و بۆ پەیڕەوی ناوەخۆ، ئەم مەسائیلانە تەحدید بکات، چونکە هەر وەختێك بە مەصڵەحەت زانرا بگۆڕدرێ، زۆر ئاسانە لەوێ لە کۆنگرە بیکەن، پێویست نابێت بە هەموار کردنی یاسا، من تەصەور دەکەم ئەمە بە شێوەیەکی گشتی لەبەر چاومان بێت نەهێڵین لە یاسا ئەو تەقییدانە بکرێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم لە هەر جێگایەك نووسرا بێت لە ئەوەندە ساڵ کەمتر نەبیت، لە باتی ئەوە بنووسرێت هەبێت، یەعنی خزمەتی هەبێت، ئەوە یەك، دووەم: تەئیدی ئەو پێشنیارەی کاك ئەوە دەکەم کە ئێمە لەوێ فیعلەن رێگا بگرین لەوەی کە ئەو مامۆستایانەی لە مەناصیبی ئیداریین و دەسەڵاتێکی بڵێین لەو بەری ترن لەوێ یان لە کاتی کاندیدکردنیان دەست لەو پلە و پایانە بدەن تا بەدرێژایی ئەو کاتەی کە ئەوان ئەندامن لە سکرتاریەت، هەر وەختێك دەرچوون لە سکرتاریەت بگەڕێنەوە بەشی خۆیان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ برای بەڕێزم کاك عبدالسلام بەرواری، من دەبینم بە عەکسی ئەوەی کە لایەکی من تەئیدی دەکەم، دووەم، ئەگەر ئەمە ئیرادەی خودی موئتەمەر بیت، من دیسان رێز لە ئیرادەی ئەو چەند هەزار مامۆستایە دەگرم، بۆ خۆیان بە جێ بێڵین وەکو خۆیان بەو شێوەیە بێت کە هات و بە یاساش و لە پرۆژەکەشدا هاتووە، ئێمە تەئیدیان بکەین، بەڵام نەك بەوەی کە دەستکاری بکەین لە 10 ساڵەوە بکرێتە 5 ساڵ، بە تایبەتی لە بڕگەی یەکەم، حەز دەکەم وەکو خۆی بمینێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە سێ بڕگەیە، منیش پێموایە هەر سێ بڕگە ئەگەر بکرێتە یەك بڕگە، ئەگەر بیخوێنینەوە نووسرایە: يشترط فيمن ينتخب رئيساً للاتحاد، يشترط فيمن ينتخب عضواً في مكتب السكرتارية، يشترط فيمن ينتخب عضواً في المجلس التنفيذي، ئەگەر ئەوانە هەرسێکی بکەینە یەك بڕگە دیاری بکرێ پێم باشە، ئەگەر لە بڕگەی ج ئەوانەی ئەعزائی مەجلیسی تەنفیزی و رؤساء فروع الاتحاد و الاعضاء، ئەگەر ساڵانی خزمەتی بۆ دانەنێن پێم باشترە لەوانەیە مامۆستایەك بێت دوو ساڵە یان سێ ساڵە

خزمەت و زۆر زۆر چالاك بيت زۆر باشترە لەوانەی لە مامۆستايەكی كە خزمەتيشی زۆرترە، بەڵام ئەگەر هەر سێ بڕگە بكرێتەوە يەك ئەوە پێم باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پەيام خان فەرموو.

**بەڕێز پەيام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ديارە من پشتگيری هاوڕێيەكانم دەكەم نەسرين خان و سيوەيل خان، ئێمە يەكەم جار ئەگەر بە ئێمە بێت ئەو مەرجەی بۆ دانەنرێت، كە خزمەتی ئەوەندە ساڵ بێت، ئەو كەسەی كە توانای هەيەو دەتوانێت ئەو ئيشە بكات سەربەستە دەتوانێت ئەو ئيشە بكات و هيچ پێويست بەو خزمەتە ناكات، بەڵام ئەگەر لە حاڵەتێكدا هەر هەبوو ئەو سێ بڕگەيە بكرێت بە يەك بڕگەو پێنج ساڵ خزمەتی هەبێت، لەگەڵ قسەكانی كاك دلێر دام، كە دەبێت ئەو كەسە موتەفەريغ بێت، بەس وابزانم ئەوە لە ماددەی پازدە عيلاج كراوە، كە دەبێت ئەو كەسانە ئەو سێ پۆستە دەگرن بە دەستەوە موتەفەريغ بن بۆ ئەو ئيشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك ئاسۆ فەرموو.

**بەڕێز بكر كريم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ديارە من بە نووسراويش ئەو پێشنيازەی خۆم بۆ دكتۆر عومەر ناردووە، بەم شێوەيەی لێ بێت، (ئەو كەسەی بە سەرۆكی يەكێتی و ئەندامی مەكتەبی سكرتاريەت و ئەندامی ئەنجومەنی تەنفيزی و سەرۆكی لق و ئەندامی دەستەی لق هەڵدەبژێردرێت دەبێت بە لايەنی كەمەوە پێنج ساڵ خزمەتی لە بواری فێركردن و پەروەردە هەبێت و هاووڵاتی هەرێم بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك ئەمير فەرموو.

**بەڕێز امير گۆگا يوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی پشتگيری رەئی بۆچوونی كاك دلێر دەكەم، هەروەسا كاك عبدالسلام هەر ديسان خوشكە سيوەيل، كو هەرسێ خاڵ ببن بە يەك، هەرسێ خاڵ بێن دەمج كرن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك كاردۆ فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پيرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

به رەئی من دانانی پێوەر، یان مەرجی تەمەن بۆ رێکخراوی پیشەیی شتێکی ناڕاستە، رەنگە ئێمە باسی ئەوە بکەین بڵێین یەعنی هەمووومان لەگەڵ ئەوە دابین کە خیبرە پێویستە، ئەزموونداری پێویستە بۆ هەر ئینسانێك کە دەیەوێت پۆستێك، یان بەرپرسیاریەتیەك وەربگرێت، بەلام ئەمە کاری تەکنیکی نییە، کاری زانستی نییە، کاری موختەبەراتی نییە، ئەمە ئیرادەی ئینسانە لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکەی خۆی، ئەگەر بێین حیساب بکەین لە تەمەنی (24) ساڵیدا بۆ (29) ساڵی، یان (37) ساڵی چ رێژەیەکی مامۆستایان هەیە رێی لێ دەگرێت کە نوێنەری هەبێت، کاتێك دەڵێت دەبێت تەمەنی ئەوەندە بێت، کاتێك کە پیشەکەی وەرگرت و ئەندامیەتی رێکخراوەکەی قەبوڵ کرد، ئیتر مافی خۆیەتی بۆ هەر پۆستێك خۆی هەڵدەبژێرێت، رەنگە تۆ لە مەجالێکی تەکنیکی، یان زانستی، یان پسپۆری پێویست بێتن تەمەن دیاری بکرێت، بەس لە کاری سیاسی، یان پیشەیی، یان دیموکراتی بە هیچ شێوەیەك تەمەن رێگرە لە جیلێك کە پێشێلکاری دەکەیت لە بەرامبەری، کە ئێمە قسە لەسەر یاسا دەکەین، بۆ ئەم یاسایە هاتووە؟ راستە، من ئەو یاسایەم پێ رێگرییە لەبەردەم کاری رێکخراوەکان، چونکە رێکخراو پەیڕەوی خۆی هەیە، پەرلەمان پەیڕەوی خۆی هەیە، پێویستیەتی، بەلام کە قسە لەسەر ئەو یاسایە دەکەیت، ئەم یاسایە لە سەرووی پەیڕەوەکەیە، بۆیە قسە لەسەر هەموار کردنی دەکرێت، لەبەر ئەوە من پێموایە یاساکە ئەمە سەرەڕای ئەوەی کێشەیە، بەلام ئێمە ناچینە ئەم پرۆسەیە، ئێستا پرۆسەیەك هەیە پەیوەندی بە هەموار کردنە، پەیوەندی بە حاڵەتێکە پێویستی بە پرۆژەی ترە، بۆ ئەوەی ئەو یاسایە نەمێنێت، بۆ نموونە یەکێك لەو توێژانەی کە ئەهمیەتێکی گەورەیان هەیە لە کوردستان سەندیکای پارێزەرانە، لەگەڵ یەکێتی پارێزەران، ئەم یاسایە کۆسپە لەبەردەمی یەکگرتنەوەیان، بەلام با ئێمە نەچینە ناو ئەو عەمەلیەیە، ئێستا ئەوە هەیە، پێموایە تەمەنەکە حەق نییە پێوەر بێت بە هیچ شێوەیەك، بۆ ئەوەی مامۆستایان نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن، ئەگەر ناچاریش بن بە زۆرینە قەبوڵ کرا، پێنج ساڵەکە باشترە لەوەی دە ساڵ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك جەلال فەرمووو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی هەمووومان گوێمان لێ بوو، زۆربەی خوشك و برایان گوتیان ئەمە ئیرادەی کۆنگرەی گشتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانە، حەق نییە تەداخولی تیا بکەین، من تەئیدی قسەکانی کاك عبدالسلام دەکەم، شەرت نییە ئێمە ژمارە دابنێین، یان ژمارە دانەنێین، بەلام لە ئەسڵی پرۆژە بڕیارەکە، پرۆژە یاساکەی لە کۆنگرەوە هاتووە بۆ ئێمە، خۆیان تەحدیدیان کردووە، یەعنی ئەوە پێچەوانەی قسەکانی خۆمانە، کە دەڵێین حەق نییە بێتە ئێرە، حەق نییە ئێمە موناقەشەی بکەین، چونکە کە ئەمە هاتە ئێرە، لەوانەیە رێکخراوەکانی تر ئەندازیاران و جیۆلۆجی و موهندسی زراعی هەمووی بێتە ئێرەو وەخت و کاتمان لێ

بگرن و مەجالیشی تیا نەبێت، من ئەو قسەیە بە پێچەوانە دەزانم، بەڵام وەکو رەئی شەخصی خۆم مەسەلەی بەرپرسیاریەتی چەندین هەزار، دەیان هەزار کەس پێویستی بە ئەزموون هەیە، مەرج نییە ئەو مەرجە دابندرێت کە بزانین چەند ساڵی بە دیهیە، کە کەسێك بەرپرسیاریەتی چەندین هەزار کەسی هەبێت، ئەزموونی هەبێت، لەو ئیشەو، لەو تەخەصوصە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر مەبەستمانە سوود لە توانای گەنج وەربگرین، ئەگەر مەبەستمانە گەنج بێتە پێشەوەو ئەو پۆستانە وەربگرێت، بەڕاستیمانە کە دەڵێین گەنج بێتە پێشەوەو، گەنج تواناکانی بە گەڕ بخرێت، ئەگەر مەبەستمانە مافی هاووڵاتیان بپارێزین لەوەی کە خۆیان بۆ پۆستەکان هەڵبژێرن، ئەگەر وەك كاك كاردۆی هاوڕێم باسی کرد بمانەوێت هەموو تەمەنەکان نوێنەریان هەبێت لەناو ئەم لقانەو کۆمەڵێك تەمەن تەهمیش نەکەین، پێویستە هەر تەمەن دیاری نەکرێت، بەڵام ئەگەر بە زۆرینەی دەنگ تەمەن مایەوە، من پشتگیری لە رەئیەکەی لیژنەی پەروەردە دەکەم کە تەمەنەکە بکرێت بە پێنج ساڵ، بەڵام هەرسێ بڕگەکەیان بکرێت بە یەك بڕگەو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەم رێکخراوە سەرپەرشتی ژمارەیەکی زۆر دەکات لەو پیشەیەدا، بەپێی بۆچوونی من ئەزموونی ئەو کەسانەی دێنە ناو ئەو رێکخراوە گرنگە، ئەگەر هاتو دەسەڵاتی ئێمە بێت بتوانین گۆڕانکاری لە ساڵەکاندا بکەین، ساڵەکانی خیبرە، من پشتگیری لە یاداشتەکەی لیژنەی پەروەردەو کۆمەڵەی مەدەنی دەکەم، بەو مەبدەئەی کە خۆم ئیمانم پێیەتی، ئەزموون زۆر گرنگە لە رێکخراویشدا، هەتا ئەگەر رێکخراوەکە پیشەییش بێت، پێم باشە وەکو پێشنیارێك ئەو بەڕێزەی کە دەبێت بە سەرۆکی یەکێتی، واتا یەکێتیەکە سەرۆکی هەبێت لە پازدە ساڵ تەمەنی کەمتر نەبێت، ئەوەی دەچێتە مەکتەبی سکرتاریەتەوە لە دە ساڵ کەمتر نەبێت، ئەوانەی کە لە مەجلیسی تەنفیزی و سەرۆك لقەکانن لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پالپشتی راو بۆچوونی بەڕێز کاك عبدالسلام دەکەم، لەگەڵ برای بەڕێزم کاك دلێر، هەرچەندە خۆی ئەوەی کاك دلێر لە دواییدا لە ماددەی پازدەدا گوتراوە دەبێت موتەفەریغ بن، یەعنی دەبێت واز بێنن لە هەموو پلەو پایەیەك، بەلام بە تەواوەتی پشتگیری ئەو رەئیەی برای بەڕێزم کاك عبدالسلام دەکەم، کە دەڵێت (ئەگەر ئێمە مەرجی تەمەنەکە لاببەین ئازادییەکە زیاتر دەدەین بە ئەوان)، خۆم ئەندامی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالام، لەگەڵ ئەوە بووم کە بوار بدرێت بە گەنجەکان، بۆیە ئێمە لە گفتوگۆیەکانماندا یەکێتی مامۆستایان کە ناردوویانە، ئەوان بەس باسی سەرۆکیان کردووە، ئەوان گوتوویانە (يشترط في من ينتخب عضواً في مكتب السكرتارية أن يكون من مواطني الأقليم وله خدمة لاتقل عن عشر سنوات في التربية والتعليم)، لە نەصی ئەسڵە یاساکە کە بۆ ئێمەیان ناردووە وای تیایە، بەلام دوای ئەوەی کە تێبینیان کرد کە ئێمە هاتووین جیامان کردۆتەوە، لقەکان و سەرۆکایەتی و هەیئەی تەنفیزی، کە پێنج، پێنجمان داناوە، دیارە ئەوانە لەو کتابەی کە ناردوویانە جارێکی تر رەئی خۆیان ناردووە، بەلام بە شێوازێك کە سەرۆکەکە دەبێت لە پازدە ساڵ کەمتر خزمەتی نەبێت، نەك تەمەن، خزمەت، لەبەر ئەوەی کە دەبێتە ئەندام لە مەکتەبی سکرتاریەت دە ساڵ بێت، بۆ لقەکان پێنج ساڵ بێت، بەلام من خۆم وەکو سۆزان لەگەڵ رەئیەکەی کاك عبدالسلامم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بۆچوونی جیاواز هەیە، هەبوو کە هەر تەمەن دیاری نەکرێت، یەعنی ساڵی خزمەت، هەبوو تەئیدی پێنج ساڵەکەی دەکات، هەیە دەڵێت لەسەر بنەمای مەسئوولیەتی جیاوازی تیایە، دیسان ساڵانی خزمەت جیاواز بێت، ئەمە بۆچوونی خودی یەکێتی مامۆستایانە لە پرۆژەکەی ئەوانیش وا هاتووە، کە بۆ سکرتێر پازدە ساڵ خزمەتی هەبێت، بۆ ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت دە ساڵ، بۆچوونێکیش هەبوو کە مەرجەکانی خۆکاندید کردن بۆ سکرتێرو ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت و بۆ پۆستەکان لە پەیڕەودا دیاری بکرێت، لەڕاستیدا ئەمە بۆچوونی شەخصی خۆمە، نەك بۆچوونی لیژنەی هاوبەش، من لەگەڵ ئەوە بووم پێشتریش نەك هەر ئەوە کۆمەڵێك خاڵی ترو دەقی تر هەیە، کە دەکرا ئێمە بڵێین ئەمە لە پەیڕەوی ناوخۆدا دیاری دەکرێت، هەتا مەسەلەی ئابوونە، مەسەلەی ژمارەی مامۆستاکان کە لەیەکەیەکی کارگێڕی هەبێت، ئەوانە هەمووی بۆ پەیڕەوی ناوخۆ، بۆ دەسەلاتی خۆیان بەجێ بمێنێت، بەلام دیارە ئەوان پێیان وا بوو کە دیسان لەم پرۆژەیەدا بە نەص بێت، یەعنی یەکێتی مامۆستایان خۆیان وایان پێ باش بوو، بە هەر حاڵ ئەوە دەمێنێتەوە بۆ ئاینده، بۆ کاتی دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسين محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تەعدیلەی کە لەسەر ئەساسی پرۆژە ئەساسیەکە هاتووە، کە ئەویش بەس باسی سەرۆکی یەکێتی کردووە، ئەویش پازدە ساڵی بۆ داناوە، پاشان پرۆژەی تەعدیلیان رەوانە کردووە، کە باسی سکرتاریەت دەکات دە ساڵیان بۆ داناوە، لە کۆنگرەی خۆیان هی یەکێتی مامۆستایان بۆ خۆیان تەحدیدیان کردووە، دەڵێت راست بکرێتەوە بەپێی بڕگەی کۆنگرە (لاتقل عن خمسه عشره سنه) بۆ سەرۆك، بۆ بڕگەی دووەم (لاتقل عن خمسه سنوات) کە بکرێتە (عشره سنوات)، (لاتقل عن خمس سنوات في التربيه والتعليم) راست بکرێتەوە بۆ (لاتقل عن عشره سنوات) لە لقەکان، کۆنگرە بۆ خۆی ئەو بڕیارەی لەسەر ئەوە داوە کە مامۆستایەکان هەموو خۆیان لەوێ بوون نوێنەرییان تێدا بووە، ئێمە بۆ دەستکاری ئەو دەقە بکەین و بکەینە پێنج ساڵ، پێنج ساڵ جارێ مامۆستا ناگەڕێتەوە ناو شار، بە پێنج ساڵ ناگەڕێتەوە ناو شار، چونکە لە ئەتراف دەبێت، یان دەبێت تەفەروغ بکرێت، یانیش ناتوانێت کارەکان بکات، من پێم باشە دەقەکە وەکو دەقی یەکێتی مامۆستایان بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا فەرمان فەرموو.

**بەڕێز فرمان عزالدين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە ئەنجامی کۆبوونەوەی هەردوو لیژنە، لیژنەی پەروەردەو کۆمەڵگەی مەدەنی، ئێمە بڕیارماندا بەڕاستی ئەو کاتی برادەران رەئییان وا بوو هەر ساڵی تەمەن دیاری نەکرێت، پاشان بە پێنج ساڵی تەمەن بڕیار لەسەر ئەوە درا، بەڕاستی ئەگەر لە رووی یاساییەوە ئەوەی ئیمکانیەتی هەیە، لەبەر ئەوەی ئەشکال دروست دەکاتن لەو یاسایە، من پێم چاکە ئەگەر لە رووی یاساییەوە ئەشکال دروست ناکات، ئەو فەقەرەی بخەینە دەنگدان، ئایا ساڵ دابندرێت بۆ بە ئەندام بوونی ئەو سێ پۆستە، یان دانەنرێت؟ بەڕاستی ئەگەر هاتو هەر ئەندامێکی گەنجی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان توانای ئەوەی هەبوو سەرنجی مامۆستایان رابکێشێت و ئەوەندە ساڵە ببێتە ئەندامی سکرتاریەت، یان سەرۆکی مامۆستایانی کوردستان سەد هەزار جار پیرۆزی بێت، بۆ ئێمە رێگر بین؟ بەلام ئەگەر توانای نەبوو مامۆستایەکی (28) ساڵی بتوانێت ببێت بە سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان چی تێدا هەیە، زۆر ئاساییە، بۆ نەبێت، یەعنی رێگری قانونی نییە، رێگری هیچ نییە، کەواتە بەڕاستی من تەمەن بە رێگرێك دادەنێم لە هاتنە پێشەوەی گەنج، ئەوە خاڵی یەکەم.

خاڵی دووەم/ ئەگەر بکرێت ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە، سەرەتا ئێمە ساغی بکەینەوە، ئایا تەمەن هەر باس بکرێت، یاخود باس نەکرێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی رەئیتان فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا دیارە لە پرۆژە یاساکەی پێشکەش کراوە شارەزایی و ئەزموون وەکو پێوەر دانراوە لەسەر ئەو بنەمایە، ساڵەکانی خزمەت دیاری کراوە، ئەوەی لە ئەسڵی قانونەکە تەنها بۆ سەرۆکی یەکێتیەکە پازدە ساڵ خزمەت کردن وەکو مەرج دانراوە، جگە لە مەرجەکانی تر کە لەناو یاساکەدا هاتووە، ئەوەی پێشنیار کراوە لەو پرۆژە یاسایە بۆ ئەنجومەنی سکرتاریەت دە ساڵ دادەنرێت، ئایا دە ساڵ بێت، یان پێنج ساڵ بێت؟ ئەوە بە دەنگدان یەکلا دەکرێتەوە، هەرچەند ئێمە پشتگیریمان لە دە ساڵەکە کردووە، پێویستە خاوەن ئەزموون و شارەزا بێت، واتا ئەگەر تەمەنی (22) ساڵ بوو، ئەو دە ساڵەی دادەنێینە سەر خزمەت کردن دەکاتە (32) ساڵ، (30) ساڵیش گەنجە دەتوانێت کاروبارەکان بەڕێوە ببات، ئاستەنگ نییە لەبەردەم ئەوەی کە تەرشیح بکرێت و ئەو پۆستە وەربگرێت، بەڵام بۆ پۆستەکانی تری ناو یەکێتیەکە، ئەوە ئەگەر بۆ پەیڕەوی ناوخۆ بەجێ بهێڵین، کێشە نییە، لە یاساکە بۆ سەرۆك مەرج دانراوە، سەرۆکی یەکێتی، پرۆژەکەی پێشنیار کراوە بۆ مەکتەری سکرتاریەت دانراوە، هیچ مەرجی تر نییە، ئەویتر تەنها لە راپۆرتی لیژنەی پەروەردە هاتووە دەتوانین ئەوی لێ بگەڕێین بۆ پەیڕەوی ناوخۆ خۆیان، ئەگەر بە پێویستیان زانی ساڵی خزمەت کردنەکە دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی بۆ بڕگەیەکی تر، فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یازدەم:

ماددەی یازدەم لە ئەسڵی قانونەکە لە چوار فەقەرە پێك دێت، ئەوەی لە پرۆژە یاساکە پێشنیار کراوە، بڕگەی (أ) هەموار بکرێت بەو شێوەیە (دراسة ومناقشة تعديل القانون للاتحاد واقراره)، هەروەها سەبارەت بە ماددەی یازدە پێشنیاری زیاد کردنی دوو بڕگە کراوە، بڕگەیەك بەو شێوەیە: (دراسة وتقييم اداء الاتحاد في الفترة مابين مؤتمرين)، زیاد کردنی بڕگەیەکی تر (انتخاب رئيس الاتحاد واعضاء مكتب السكرتارية وكذلك الاحتياط)، واتا هەموار کردنی بڕگەی یەکەم و زیاد کردنی دوو بڕگە بۆ ماددەی یازدە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ئەسنای دانانی قانونەکەدا، لەبەر ئەوەی لەقانونە ئەسڵەکەدا مەکتەبی سکرتاریەت بەهیچ جۆرێك زیکری نەهاتووە لەناو یاساکەدا، لەماددەی نۆیەمدا ئەم خۆی مەکتەبی سکرتاریەت ئێستا بەشێکە لە هەیکلەیەتی هەموو یەکێتی مامۆستایان، بۆیە بە باشمان زانی ماددەی نۆ هەموار بکەینەوە، بۆ ئەوەی هیچ کەموکورتیەك نەبێت لەو یاسایە، ئەویش بەم شێوەیە، تەنها وشەی سکرتاریەتمان ئیزافە کردووە ئەویش:

المادة السابعة: تعدل المادة التاسعة من القانون وتقرأ كالآتي:

يتولى رئيس الأتحاد الصلاحيات الآتية:

1- تمثيل الاتحاد لدى الجهات القضائية والأدارية والمؤتمرات والمصادقة على المعاملات والوثائق الخاصة بالأتحاد وله تخويل هذه الصلاحيات أو بعضها الى من يرتأيه من أعضاء مكتب السكرتارية.

2- رئاسة أجتماعات الهيئة العامة والمجلس التنفيذي ومكتب السكرتارية.

بەس ئەوەمان وا لێکردووە، یەعنی ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی نییە، لەبەر ئەوەی ئێمە یاساکەمان زۆر بە تەواوەتی دیراسە کردووە، دەبوایە ئەوخەلەلە هەبوایە، دەبوایە بمانکردیانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بە کوردیەکەی.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم:

ماددەی نۆیەمی یاساکە بەم شێوەیە هەموار دەکرێت:

سەرۆکی یەکێتی ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی دەبێت:

1- نوێنەرایەتی کردنی یەکێتی لای لایەنە دادوەری و کارگێڕییەکان و لە کۆنگرەکان و پەسند کردنی مامەڵەو دۆکۆمێنتە تایبەتەکان بە یەکێتی و بۆی هەیە ئەم دەسەڵاتانە، یان هەندێکیان بداتە هەر کامی پێ باش بوو لە ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت.

2- سەرۆکایەتی کردنی کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی و ئەنجومەنی تەنفیزی و مەکتەبی سکرتاریەت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کێ تێبینی هەیە؟ ئەم پەرلەمانتارە بەڕێزانە ناوی خۆیان نووسیوە، بەڕێزان (کاك عمر عبدالعزیز، د.احمد وەرتی، د.ئاراس حسین، کاك کاوە محمد امین، کاك شوان کەریم، کاك شڤان احمد)، فەرموو مامۆستا عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم ئەوەیە دووبارە دەچمەوە سەر خاڵە ئەساسیەکە، کە بەڕێزان لە یەکێتی مامۆستایان لە ڕەشنووسی خۆیان کە ناردوویانە بۆ ئێمە، هیچ ئاماژەیەکیان بە ماددەی هەشت و ماددەی نۆ نەکردووە،

ببووره، ماددەی نۆ و ماددەی دە، ئەو ڕەشنووسەی کە ئەوان ناردوویانە ئاماژەیان بە هیچ تەعدیلێکی لەوە نەکردووە، من تەئکید دەکەمەوە کە ئەسڵ ئەوەیە ڕەچاو کردنی ئەوەی کە ئەوان ناردوویانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(ومرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکەم تەنها لەسەر ئەوەیە ئەو ماددەو ماددەکانی تر پێموایە ڕاستە کاتی خۆی یاساکە بەو شێوەیە داڕێژراوە، یەعنی زۆربەی ئەو شتانەی کە پێویستە لە نیزام داخلی یەکێتیەکەدا هەبێت لە یاساکە جێی بۆ کراوەتەوە، بە ڕەئی من ئەو وردەکارییانە زۆری پێویست نییە لەناو یاساکەدا هەبێت، تەنها لەناو پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیەکەدا هەبێت، بۆ ئەوەی ئەوان دەستیان والأ بێت هەر کاتێك ویستیان پەیڕەوەکەی خۆیان هەموار بکەنەوەو بە ڕێژەیەکی دیاری کراو لەناو سکرتاریەت و ئەو دەستەیەی کە هەڵدەبژێردرێت لە کۆنگرەدا، یەعنی ئەگەر هەموو شتێك لەناو یاساکەدا کۆ بکەینەوە، هەموو جار یاساکە هەموارکردنەوەی زەحمەت دەبێت، ئەوان بۆ ئەوەی دەستیان کراوە بێت، یەعنی مەرج نییە ئیلا کۆنگرە ئەوان بتوانن پەیڕەو هەموار بکەنەوە، پەیڕەو دەتوانن بە ڕێژەیەکی دیاری کراو کە خۆیان کۆنگرە بڕیاری لەسەر دەدات لەناو کۆبوونەوە گشتیەکانی خۆیاندا هەمواری بکەن، بەڵام ئێستا بە ئاسانی هەموار ناکرێت، بۆیە بە ڕەئی من ئەو وردەکارییانە هەمووی پێویست نییە، ئێمە تەمەن و ڕێژەو تەمەنی چەند بێت، خزمەتەکەی چەند بێت؟ ئەوانە لێ بگەڕێین بۆ ناو پەیڕەوی ناوخۆی خۆیان، لەوێ جێی بکەینەوە بەڕاستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەمجارەش پشتگیری دەکەم لە هەردوو خاڵی هاتووە لە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردەو هەروەها لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی، ئەگەر هاتو ئەو دوو خاڵە پشتگیری لێ دەکەم و تەئکید لەوە دەکاتەوە کە ئەو بەڕێزەی دەبێت بە سەرۆکی ئەوەی نوێنەرایەتی ئەو یەکێتیە دەکات لەو لایەنە جیایانە، کە جارێکی تر پێویستی بە ئەزموون دەبێت و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە دەسەڵاتی سەرۆکی یەکێتی پێم باشە لە خاڵی یەکەم کە دەڵێت نوێنەرایەتی کردنی یەکێتی لای لایەنە کارگێری و کۆنگرەکان و پەسند کردنی مامەڵەو دۆکیمێنتەکان بێت، یەکێتی بۆی هەیە ئەم دەسەڵاتە هەندێکیان بداتە هەر کامێك پێی باش بوو لە ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت، ئەو هەر کامێکی پێ باش بوو پێم باشە لە ئاخیری ئەوەی بۆ زیاد بکرێت بە رەزامەندی مەکتەبی سکرتاریەت، چونکە لەوانەیە تۆزێك ئەوەی تێدا بێت، ئەو مەکتەبی سکرتاریەت پێك هاتووە لە چەند گروپ و لایەنێك، بۆ ئەوەی رەزامەندی هەبێت و ئیحتیکار نەبێت لەنێوان هەردووکیان، رەزامەندی مەکتەبی سکرتاریەتی تێدا بێت تەوافوقێك دەبێت، من پێم باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك شوان کابان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکم لەسەر ماددەی حەوتەم هەیە لە رووی زمانەوانیەوە لەسەر دەقە عەرەبیەکەی راپۆرتی هاوبەشی لیژنەی پەروەردەو کۆمەڵی مەدەنی کەدەڵێت (یتولی رئیس الاتحاد الصلاحیات الاتیة)، یان دەبێت بگوترێت (یتولی رئیس الاتحاد المهام التالیة)، یان دەبێت بگوترێت (لرئیس الاتحاد الصلاحیات الاتیة)، ئەوە راستەکەیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، قسەکانی من کران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستە لە پرۆژەکەی یەکێتی مامۆستایان هەموار کردنی ماددەی نۆیەم ئەوان پێشنیاریان نەکردووە، بەڵام ئێمە کاتێك سەرنجماندا پێویستە ئەویش هەموار بکرێت، بۆ ئەوەی هیچ چەشنە گشت بەری و ناکۆکیەك لەناو یاساکەدا نەمێنێت، بۆیە دوای ئەوە کە خۆشیان زانیان و راپۆرتەکەی ئێمەیان بینی پێیان باش بوو ئەو هەموار کردنەش بکرێت.

سەبارەت بە وردەکاری، ئێمە باسمان کرد، ئێمە مەبدەئیەن لەگەڵ ئەوەین، بەڵام وا هاتۆتە پێشەوە دەبێت ئەم یاسایە بۆ دەربکەین، چونکە ئێستا بەشێك لە کاروبارەکانی یەکێتی مامۆستایان پێکهێنانی لقەکانیان وەستاوەتە سەر ئەوەی کە ئێمە ئەم یاسایەیان بۆ دەربکەین، لە داهاتوودا هەر کاتێك یاسای دامودەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی، یان ئەوەی کە ناوی نراوە یاسای سەندیکاو یەکێتیەکان هەموار کرایەوە، دەکرێت لەوێ ئاماژە بەوە بدرێت کە یاساکانی تر ئیلغا دەکرێنەوە، هەموو سەندیکاکان و یەکێتیەکان خۆیان لەگەڵ ئەم یاسایە دەگونجێنن و پەیڕەوی ناوخۆیان بەگوێرەی ئەم یاسایە دەکەن، بۆیە ئەم کاتە ئەم مەوزوعە دەکرێت لەوێ عیلاج بکرێت.

سەبارەت بەلایەنی زمانەوانیەکەی لەکاتی صیاغە کردندا بێگومان بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگرین، ئەوەی ئەگەر بە رەزامەندی مەکتەبی سکرتاریەت بێت، بەڕێزان، سکرتێری یەکێتی مامۆستایان بە هەڵبژاردن دەبێت، ئیتر ئیرادەی کۆنگرەی لە پشتە، رەنگە ئەم پێدانی دەسەڵاتەش وەقتی بێت، بۆ ماوەیەکی کەم بێت، رەنگە رەزامەندی مەکتەبی سکرتاریەتی پێویست بێت داخیلی رۆتینێکی تر بین، کە ببێتە بەربەست، بۆیە ئێمە هەر لەگەڵ ئەوەین کە وەکو چۆن بە نەص لە پرۆژەکەدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك خەلیل فەرمووو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆم هەیە من رەئی خۆم بدەم، چونکە ئەوەی دەڵێم رەئی لیژنە نییە بەڕاستی، چونکە کاتی خۆشی تۆزێك ناکۆك بووم لەسەر ئەم فەقەرە لەگەڵ ئەم برادەرانە، ئەگەر روخسەتم بدەیت، دیارە سەبارەت بە خاڵی یەکەم نوێنەرایەتی کردنی یەکێتی ئەمە تۆزێك صیغەکەی لە رووی زمانەوانیەوە زۆر بە هێن داڕێژراوە، بەڵام من لە لیژنەی یاسایی دەپرسم ئایا لە کاتێکدا کە نەصێکی قانونی هەیە لە یاسای جەمعیات و لە کۆمەڵەکان لە ژمارە 18 ئایا ئەمە پێویست دەکات لێرە دووبارە بێتەوە؟ مەسەلەن لە یاسای ژمارە 18 لە ماددەی سێ (یمثل الجمعیة امام المحاکم والجهات الرسمیة وغیر الرسمیة رئیسها او من یخوله)، ئایا پێویست بە دووبارە بوونەوە دەکات لێرە یان نا؟ خاڵی دووەم بەڕاستی سەرۆکایەتی کردنی کۆبوونەوەکان دەستەی گشتی و ئەنجومەنی تەنفیزی و مەکتەبی سکرتاریەت دەبوو ئەوە بخرێتەوە شوێنێکەوە کاتێك کە پێناسەی سەرۆك دەکرێت لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا ئەم دەسەڵاتە بخرایەتە پاڵ پێناسەی سەرۆکەوە بەڕاستی، من پێموایە لێرە ئیجابی نابێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی دوای ئەوەی بە وردی دیراسەتی ئەو پرۆژە یاسایەمان کرد کە پێشکەش کراوە، هەروەها ئەسڵی قانونەکە و ئەو پێشنیارانەی کە لەلایەن لیژنەی پەروەردە پێشکەش ئێمە کراوە ، لە ماددەی 9 دەستکاری نەکراوە و هیچ پرۆژەیەك پێشکەش نەکراوە بۆ هەموار کردنی، بەڵام بە بۆچوونی ئێمە پێویست ناکات وشەی سکرتاریەت بۆ ماددەی 9 زیاد بکرێت، لەبەرئەوەی لە هەردوو برگەی أ و ب ماددەی 9 وشەی مەجلس و مەجلسی تەنفیزی هاتووە، لە ماددەی یەکەم وشەی مەجلس پێناسە کراوە کە مەجلس تەنفیزیە، لە ماددەی 12 ئەسڵی یاسایەکەی ساڵی 2002 دەڵێ مەجلسی تەنفیزی پێك دێت لەمانەی خوارەوە، یەك: لەوانە مەکتەبی سکرتاریەت، واتە کە ناوی مەجلسی تەنفیزیت هێنا مەکتەبی سکرتاریەت بەشێکە لە مەجلسی تەنفیزی، بۆ ئێمە کە لەماددەی 9 ناوی مەجلسی تەنفیزی دەینین لەپاڵ مەجس تەنفیزیەکە وشەی سکرتاریەتیش زیاد بکەین خۆی لە ئەسڵی قانونەکە لە ماددەی 12 دەڵێ مەکتەبی سکرتاریەت بەشێکە لە مەجلسی تەنفیزی، سەبارەت بەو پێشنیارەی کاك خلیل هی ڕێکخراوەکان، ڕاستە ئێمە یاسای ڕێکخراوەکانمان هەیە، بەڵام ئەو یاسایە یاسایەکی تایبەتە بە سەندیکای مامۆستایان جگە لەوەی لە یاسای ڕێکخراوەکان یاساکەم لەبەردەست نیە ژمارەی ماددەکەم لەلا نیە، بەڵام ماددەیەکی تێدایە دەڵێ ئەو یاسایە لەسەر سەندیکا و نەقابات جێ بەجێ ناکرێ، لەبەرئەوەش لە پەرلەمانی کوردستان کاتی خۆی لە ساڵی 2002 یاسایەکی تایەبەتیان بە سەندیکای مامۆستایان دەرکردووە، کە یاسای تایبەت هەبوو ئیشارەت بەو یاسایانە نادەین یاسای ڕێکخراوەکان لەبەرئەوەی لەسەری جێ بەجێیێ بکەین، یاسایەکی تایبەت هەیە و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بۆ قسەکانی برای بەڕێزم کاك خلیل حەز دەکەم ئاگاداری بکەمەوە ماددەی 6 باس لە پێکهاتەی ئیتحاد دەکات، ماددەی 7 جۆتە تەفاسیڵی زیاترەوە، ماددەی 8 باس لە سەرۆکی ئیتحاد دەکات، کە ئەمە هەمووی لە فەسڵێکی تایبەت دایە بەناوی فەسڵی 3 ماددەی 9 باس لە سەلاحیات و ئەو کارانە دەکات کە ڕەئیسی ئیتحاد هەیەتی، یەعنی ئێمە بە زیادە نەمانهێناوە لێرە داینێین، بەڵکو بە پێی یاسا ئەسڵیەکە خۆی بە پێی تەسەلسولەکان کە باس لە ئیتحادەکە کراوە ماددەکانی جیاکراوەتەوە بە ماددەکانی ژمارە 6 و 7 و 8 و 9 ئەوەی ئێمە دەسکاریمان کردووە ماددەی 9یە و لە ماددەی دوایی ئەویش تەواوبوونی ئەو فەسڵە ماددەی 10 یش هەیە کە باس لە حاڵەتێك دەکات ئەگەر هاتو ئەو کەسەی کە سەرۆکی ئیتحادە نەما، سەرۆکی سەندیکاکە نەما لە ژیان یاخود دەستی لەکارکێشایەوە چۆن جارێکی تر یەکێکی تر لە جێگەی ئەو هەڵدەبژێرێتەوە بە تەسەلسولی خۆی و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش پێمان باش بووە کە دەسەڵاتەکانی سەرۆك کە ئاماژە بەوە بدرێت کە سەرۆکایەتی کردنی کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی و ئەنجومەنی تەنفیزی و مەکتەبی سکرتاریەتیش بەڕوونی بێت لەبەرئەوەیە ڕاستە لە ماددەی 12 دا مەکتەبی سکرتاریەت بەشێکە لە مەکتەبی تەنفیزی، بەڵام دەکرێ کۆبوونەوەی مەکتەبی سکرتاریەت بکرێت بە بێ کۆبوونەوەی مەکتەبی تەنفیزی، ئەگەر لەوێ بە وازحی نەیەت، ئیتر ئەوە لەوانەیە ئەشکالیەت بۆ دەسەڵاتەکانی سەرۆك بێت، بۆیە ئێمە پێداگری لەسەر ئەوە دەکەین کە بە وازحی لەوێدا ناوی مەکتەبی سکرتاریەت بێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ماددەیەکی تر؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 11

پێشنیار کراوە کە بڕگەی ( أ ) هەموار بکرێ بەم شێوەیە ( لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ کردن لەبارەی هەموار کردنی یاسای یەکێتیەکە و بڕیاردانی، هەموار کردنی بڕگەی (1) هەروەها پێشنیاری زیاد کردنی دوو بڕگە کراوە، یەکێکیان بەو شێوەیە ( لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی کاری یەکێتی لەماوەی نێوان هەردوو کۆنگرە، بڕگەیەکی تریش (هەڵبژاردنی سەرۆکی یەکێتی و ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت و ئەندامانی یەدەگ).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان؟ د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم وماددەی 11 یاسایەکە بەم شێوەیە هەموار دەکرێت و دەخوێندرێتەوە (أ/ توێژینەوە و گفتوگۆ و پێشکەش کردنی پێشنیاری هەمواری یاسای دابینکاری (الضمان) بە هەموو حاڵەتەکانیەوە بە توێژینەوەو گفتوگۆی یاسای یەکێتی و پێشکەش کردنی پێشنیاز بۆ هەموار کردنی، ج/ توێژینەوە و گفتوگۆ و پەسەند کردنی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی، د/ توێژینەوە و ڕێکخستنی ئەرك وفەرمانەکانی لیژنەکانی کۆنگرەی گشتی و پەسەند کردنی ڕاپۆرتی کارگێڕی و دارایی، ه/ توێژینەوەو هەڵسەنگاندنی کارکردی لەماوەی نێوان هەردوو کۆنگرەدا، و/ هەڵبژاردنی سەرۆکی یەکێتی و ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة تعدل المادة 11 من القانون وتقرأ كالاتي، تەبعەن من نازانم ئەم (أ) لە کوێوە هاتووە و لە ئەسڵەکە خۆی 1 و 2 و 3 و 4، أ و ب نیە، (1/ دراسة مناقشة وتقديم مقترح تعديل قانون الضمان بجميع حالاته، 2/ دراسة ومناقشة قانون الاتحاد و تقديم مقترحات تعديله، 3/ دراسة ومناقشة النظام الداخلى للاتحاد واقراره، 4/ دراسة وتنظيم واجبات ومهام لجان المؤتمر العام و اقرار التقريرين الادارى والمالي،2 5/ دراسة وتقييم اداء الاتحاد فى الفترة بين المؤتمرين، 6/ انتخاب رئيس الاتحاد واعضاء مجلس السكرتارية، تەبعەن ئەمە لەژێر فەسڵی مەهام و سەلاحیەتی موئتمەر دا هاتووە لە ئەسڵی یاسایەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرۆژەیەی کە لەبەردەستە حەقیقەتەن ئالۆزیەك و تێکەڵی و پێکەڵیەکی زۆری پێوە دیارە، ماندووبوونێکی زۆری ئەندامانی پێوە دیارە کە چەند خوشك و برایانی بەڕێزی پەرلەمانتار ئەوان دەڵێن نازانن چۆن کە ماددەکە ببیننەوەو مەبەستی کامەیە؟، ئەسڵی پرۆژەی هەموار کردنی یەکێتی مامۆستایان دەبینم بە ناقسی هاتووە، تەعدیلی کردووە و نەیگوتووە ئەسڵیەکەی ئەمەیە، ڕاست هاتووە کە ماددەی فلان پێمان باشە ئەوها تەعدیل بکرێت، ئەسڵیەکەی نازانین چیە، دەبێ یەك یەك بۆ خۆمان بچینە سەر پرۆتۆکۆڵی قەدیم و کە ئەو ماندوو بوونە حەقیقەتەن زۆرە بۆیەش ئەو ئالۆزیەی کە ئێستا دیارە نەتیجەی ئەمەیە، من پێشنیار دەکەم هەر پرۆژەیەکی تەعدیل بێت چ لەلایەن ئەندامان بێ و چ لە ئەنجومەنی وەزیران بێت لەسەر ئەساسی ئەسڵی پرۆژە و تەعدیلەکەش لەگەڵ دابێت بۆ ئەوەی بە ئاسانی بچینە سەری و بتوانین ڕەبتی بکەین، ڕەبتێکی دروست و عەمەلی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش؟ کاك د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم سەرنجەی کاك شڤان لەڕاستی دایە و بۆیە ئێمەش پێمان باش بوو کە لەڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە جارێکی دیکە سیاغەی بکەینەوە بەو شێوەیە پێشکەشی بکەین، دەنا ئەگەر ئەم ئەشکالیەتە نەبوایە ئێمەش لە شێوەی ئەوەی کە ڕاپۆرتی باوە، بەم شێوەیە پێشکەشمان دەکرد، بەس بۆ ئەوەی خۆمان لەو

ئەشكالیەتە دەرباز بكەین ئێمە هاتین جارێكی تر لە سیاغەی شێوە و ناوەڕوكەكەی، بەهەرحاڵ ئەمە ڕەئی لیژنەی ئێمەیە كە سیاغەی هەشتەم بەم شێوەیە كە دەبێتە ماددەی 11 ماددەی 8 لە ڕاپۆرتی ئێمە و ماددەی 11 بەم شێوەیە كە خوێندرایەوە، بەم شێوەیە پێشنیار بكرێت، ئێمە تەنها گۆڕانێكی جوزئیمان تێدا كردووە لەوەی كە یەكێتی مامۆستایان پێشنیاریان كردووە، ئەوان سەبارەت بە پرۆژە یاسای یەكێتی مامۆستایان دەڵێ دەسەڵاتیان هەبێ یاساكە هەموار بكەن، و پێشنیاریان هەبێ و بریار بدەن، ئێمە دەڵێین كە پرۆژەكە ئامادە بكەن و دەسەڵاتی پێشنیار كردنیان هەبێ لە بریاردان ئێمە تەنها ئەوەمان لە بۆچوونەكەی ئەوان گۆڕیوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئیزافەتەن بۆ ئەو قسەیە، بریاردان لەسەر هەر چ یاسایەك كە پەیوەست بێ بەهەر چی دامودەزگای حكومەتی هەرێمی كوردستان لە دەسەڵاتی هەرێمی كوردستانە، كاتی خۆی كە ئەوان وتوویانە (دراسە ومناقشە قانون صندوق الضمان للاتحاد واقرارها) لە ئەخیری نووسراوە (واقرارها) كە ئەوان یاسایەكە ئیقرار بكەن، ئیتر بۆ دێتە پەرلەمانەوە، خاسەتەن تۆ باس لە شتێك دەكەی كە سندوقی زەمانە و سندوقی زەمانیش وەكو جۆرە موئەسەسەیەكە عیلاقەی هەیە بە سەر وەزارەتی كاروكاروباری كۆمەڵایەتیەوە، چونكە بەسی زەمان هەیە لەوێ، بەڵام ئێمە بۆ ئاسان كردنی ئەم بابەتانە و بۆ ڕێكخستنی وامان بە باش زانیوە كە ئەوان تەواوی مافیان هەبێ بۆ ئەوەی دیراسەی بكەن و موناقەشەی بكەن و لێكۆڵینەوەی بكەن، تەواو موقتەرەحات و تەعدیلەكانی خۆیان بنێرن بۆ پەرلەمان، بۆ ئەوەی لە پەرلەمان ئیقرار بكرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی مەبەستە لە (دراسە ومناقسە القانون واقرارە) مەبەستی ئەوەیە پرۆژە یاسایەكە هەموار كردنی پرۆژەی هەموار كردنی یاسایەكە لەلایەن كۆنگرەوە پەسەند بكرێ، نەك یاسایەكە دەربچوێنن و پەسەندی بكەن و جێگای دەسەڵاتی یاسادانان بگرنەوە و یاسا ئیسدار بكەن، مەبەستی ئیقرارە، واتە لێرە پەسەند كردنیەتی، پەسەند كردن و هەموار كردنی یاسایەكە لەلایەن كۆنگرەوە، بەڵام بە چ شێوەیەك دادەڕێژرێ،

موهیم ئەوە مەبەستەکەیە، ئێمەش پشتگیری لە زیاد کردنەکە دەکەین بۆ ماددەکە هەروەکو لە پرۆژەکە دا هاتووە و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ماددەیەکی تر؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 12 لە ئەسڵی قانونەکەی ساڵی 2002 لە سێ برگە پێك دێت، ئەوەی کە داوا کراوە برگەی یەکەم هەموار بکرێت، خاڵی سێیەم کە بەو شێوەیە لە ئەسڵی قانونەکە (رووساء فروع المحافظات) بەو شێوەیە هاتووە لە ئەسڵی قانونەکە برگەی 3 خاڵی یەکەم ماددەی 12 (رؤساء فروع المحافظات) پێشنیار کراوە وشەی (والاقضية)ی بۆ زیاد بکرێت، (رؤساء فروع المحافظات والاقضية) بەو شێوەیەی لێ بێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان؟ د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 12 یاسایەکە بەم شێوەیە هەموار دەکرێت، یەکەم ئەنجومەنی تەنفیزی پێك دێت لە هەر یەك لە (أ/ سەرۆکی یەکێتی، ب/ ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت، ج/ سەرۆکی لقەکان).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیەکەی، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة/ 9 تعدل الفقرة أولا من المادة المادة 12 من القانون و تقرأ كالاتى (1/يتكون المجلس التنفيذى من (1/ رئيس الاتحاد، 2/ اعضاء مكتب السكرتارية، 3/ رؤساء الفروع) بۆیەش ئەمەمان چاك کردەوە، لەبەرئەوەی لە کاتی خۆی دا (3/ رؤساء فروع المحافظات) ئێمە لەسەرەتادا گۆڕانکاریەکمان کردووە گوتمان (الوحدات الاداريه) بۆ ئەوەی هەموو لاکانی وەحداتی ئیداریەکانی خۆمان بگرێتەوە موحافەزاتەکەمان لابرد بۆ ئەوەی هەمووی پێکەوە ببێ بە سەرۆکی لقەکان، ئیتر لە هەر کوێیەك بن لەویا ئامادە دەبن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ لیژنەی پەروەدە و کۆمەڵی مەدەنی، فەرعی ج محافەزات و ئەفزیەی تێدا ڕەش بکرێتەوە، تەنها (رؤوساء الفروع) زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە بۆچوونی من ئەم ماددەیە هەر زیادەیە، چونکە ئەم ڕێکخراوە کۆنگرەیان کردووە و پەیڕەوی خۆیان داناوە، یان دەچمە سەر قسەی برادەران دەبوایە ئەو ڕێکخراوە پەیڕەوەکەی بدات و ئێمە تەسدیقی بکەین یان ئەمە خۆی تەحسیلێ حاسڵە لەناو پەیڕەوەکەیاندا هاتووە و سەرۆك هەڵدەبژێرن ودەستەو ئەمانە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەم ماددەیە ماددەیەکی زیادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەتی ئەو ماددەیە ناکرێ لابدرێت لەبەرئەوەی لە ئەسڵی یاسایەکە هاتووە، ئایا تەنها سەرۆکی لقەکانی ناو پارێزگاکان ئەندامن لە ئەنجومەنی جێ بەجێ کردن، مەجلسی تەنفیزی، ئەگەر هەموار نەکرێت تەنها ئەوان مافی ئەندامیەتیان هەیە، بەڵام ئێمە ڕێگەمان دا لەهەر یەکەیەکی کارگێڕی ژمارەی مامۆستایان لە 3500 زیاتر بوو لقێك دابمەزرێنین، ئایا ئەوانیش ناکرێ بەشدار بن لێرە؟ بۆیە ماددەك هەموار نەکرێت ئەوە کێشە دروست دەکات، چونکە لە ماددەکانی پێشوو تر ئێمە گفتوگۆمان لەسەر ئەوە کرد کە لقەکان دابمەزرێن بە پێویستی دەزانین ئەو ماددەیە هەموار بکرێت بەو شێوەیەی کە لیژنەی پەروەردە پێشنیاری کردووە (رؤساء فروع المحافظات) بکرێتە (رؤساء الفروع)، هەموو سەرۆك لقەکان دەگرێتەوە ببنە ئەندام لەو ئەنجومەنە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەیەکی تر؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 13 لە سێ بڕگە پێك دێت لە ئەسڵی قانونەکە، ئەوەی کە پێشنیار کراوە لە یاسایەکە لە بڕگەی 1 وشەی سکرتێر و نائیبی ڕەئیس لابدرێ لە ماددەکە و بە شێوەیەکی تر دابڕێژرێتەوە، لە شوێنی ئەوان دوو نائیب دیاری بکرێت، یەکێکیان لە بۆ شئونی ئیداری کە کاروباری کارگێڕی و یەکێکیان لە بۆ فەنی، بەو

شێوەیە ئەو عیبارەیە لە بۆ بڕگەی یەکەمی ماددەی 13 زیاد بکرێت، (یعتبر مكتب السكرتارية الهيئة العاملة للمجلس التنفيذی للاتحاد وينتخب من بين اعضاءه نائبين الاول/ اداری، والثانی/ فنی، ويقوم بتوزيع الاعمال بين اعضاءه ويحضر رئيس الاتحاد اجتماعات المكتب وعند حضوره ينعقد براسته)، هەروەها داوای زیاد کردنی ئەو بڕگەیە کرا، بەو شێوەیە (يجتمع مكتب السكرتارية مرة واحدة فی الشهر وعقد اجتماعات استثنائية كل مادعت الحاجة الى ذالك) واتە زیاد کردنی بڕگەیەك و هەموار کردنی بڕگەی یەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش؟ د.صباح فەرمووو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 13 یەمی یاسایەکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی لێ دێت، یەکەم/ مەکتەبی سکرتاریەت بە دەستەی گشتی ئەنجومەنی تەنفیزی یەکێتی دادەندرێ و لەناو ئەندامانی دا دوو جێگر هەڵدەبژێرێت، یەکەمیان بۆ کارگێڕی و دووەمیان بۆ هونەری و کارەکان لەناو ئەندامانی دا دابەش دەکات، سەرۆکی یەکێتی ئامادەی کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سکرتاریەت دەبێت و بە ئامادەبوونیشی کۆبوونەوە بەسەرۆکایەتی ئەو گرێ دەدرێت، دووەم/ مەرجە ئەو کەسەی بۆ ئەندامیەتی مەکتەبی سکرتاریەت هەڵدەبژێردرێت کە لە هاوولاتیانی هەرێم بێ و ماوەی ڕاژەی لە 5 ساڵ کەمتر نەبێت، سێیەم/ مەکتەبی سکرتاریەت ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت، أ/ جێ بەجێ کردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی گشتی، ب/ جێ بەجێ کردنی بڕیارو ئاراستە و ڕێنماییەکانی ئەنجومەنی تەنفیزی، ج/ سەرپەرشتی کردنی چالاکی لقەکان و دەرکردنی ئاراستە و ڕێنمایی پێویست بەو شێوەیەی کە بەرژەوەندی گشتی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بەدی بهێنێت و هەروەها پتەو کردنی پەیوەندی لەگەڵ دەستەی کارگێڕی لقەکان، أ/ پەسەند کردنی خەرجی پارەی پێویست بۆ جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی مەکتەبی سکرتاریەت لە سنووری دەسەڵاتە بڕیار لەسەر دراوەکان و ئەو بڕە پارە دیاری کراوەی بودجەی گشتی یەکێتی، هەروەها ئاڵوگۆڕی بڕە پارەی دیاری کراو لە کاتی پێویست دا، ب/ کارکردن بۆ بەهێز کردنی پەیوەندی لەگەڵ سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەریەکانی هەرێم و دەرەوەی هەرێم بەشێوەیەك کە خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی مامۆستایان و پرۆسەی پەروەردە لە کوردستانی عیراق بکات، ج/ ئامادە کردنی بوجەی ساڵانەی یەکێتی ژمێری و کۆتایی وە پێشکەش کردنیان بە ئەنجومەن، بۆ پەسەند کردن، د/ مەکتەبی سکرتاریەت مانگی یەك جار کۆدەبێتەوەو بۆی هەیە هەر کاتێك پێویست بوو کۆبوونەوەی نائاسایی ببەستێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیەکەی، سۆزان خان فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمەش دەقە عەرەبیەكەیەتی كە لە ئەسڵی یاسایەكە:

المادە 13

مكتب السكرتاریە

بەو شێوەیە هاتووە، ئێمە كە ڕێكمان خستووەتەوە:

المادة 10

تعدل المادة 13 من القانون وتقرأ كالاتى:

أولا/ مكتب السكرتارية يعتبر مكتب السكرتارية الهيئة العامة للمجلس التنفيذى للاتحاد، وينتخب من بين اعضاءه نائبين الاول اداری والثانی فنی، ئەوەی كە لە دوای ئەمەوە دێت وەكو خۆی دەمێنێتەوە وەك چۆن لە یاسایەكە هاتووە، ويقوم بتوزيع الاعمال بين اعضاءه ويحضر رئيس الاتحاد اجتماعات مكتب السكرتارية وعند حضوره ينعقد الاجتماع برئاسته، یەعنی دەسكاری ئەوەمان نەكردووە، ثانيا/ يشترط فيمن ينتخب لعضوية مكتب السكرتارية ان يكون من مواطنى الاقليم، ولاتقل خدمته عن خمس سنوات، ثالثا/ يمارس مكتب السكرتارية المهام التالية: أ/ تنفذ مقررات وتوصيات المؤتمر العام، ب/ تنفيذ مقررات و توجيهات و تعليمات المجلس التنفيذى، ج/ الاشراف على نشاطات الفروع واصدار التوجيهات والتعليمات اللازمة بما يحقق المصلحة العامة والعملية التربوية والتعليمية وتمتين العلاقة مع الهيئات الادارية للفروع، د/ اقرار صرف الاموال اللازمة لتنفيذ مهام مكتب السكرتارية فى حدود الصلاحيات المقررة و ضمن المبالغ المرصدة فى الميزانية العامة للاتحاد وكذالك مناقلة مبالغ معينة عند الضرورة، ه/ العمل على تعزيز العلاقة مع النقابات والمنظمات المهنية والجماهيرية فى الاقليم وخارجه بما يخدم المصلحة العامة للمعلمين والعملية التربوية فى كوردستان العراق، و/ اعداد الميزانية السنوية للاتحاد والحسابات الختامية وتقديمها الى المجلس للمصادقة عليها، ز/ يجتمع مكتب السكرتارية مرة واحدة فى الشهر وله عقد اجتماعات استثنائية كلما دعت الحاجة الى ذلك.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ ئەم خوشك و برا بەڕێزانە دەیانەوێ قسە بكەن، كاك حمە سعید، كاك امیر گوگە، كاك سالم، د.بشیر، د. ڕێباز، سیوەیل خان، كاوە محمد، كاك دلێر محمود، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە خۆمان بۆیە ئیعادەی دەسكاری نەسەكەمان نەكردووە بەس هێناومانە كردوومانە بە أ و ب و ج لە ئەسڵدا خۆی لە نەسی یاسایەكە 1 و 2 و 3 یە بۆ ئەوەی برادەران ئاگادار بن لێیان تێك نەچێت، تەنها بڕگەی زمان ئیزافە كردووە لە ئەخیری دا، بەڵام بۆ ئەوەی برادەران بەرچاویان ڕوون بێت، ئەم بڕگە

زیادەیە لە کوێ هاتووە، بۆیە جارێکی تر هاتووینەتەوە و هەر هەموویمان جارێکی تر دارِشتووەتەوە، یەعنی هیچ ئیزافەیەکمان نەکردووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ئەو عیبارەتەی کە دەڵێ مەکتەبی سکرتاریەت بە دەستەی گشتی ئەنجومەنی تەنفیزی یەکێتی دادەندرێت، من پێموایە زیادەیە و ماناکەشی ناگونجێت، چونکە لە ماددەی 5 بڕگەی 1 دا پێناسەی دەستەی گشتی کردووە خۆی، دەڵێ دەستەی گشتی لە هەموو ئەو ئەندامانەی یەکێتی پێك دێت کە پابەندی خۆیان، کەواتە دەستەی گشتی لێرە پێناسەیەکی هەیە لە ماددەی 5 دا و لەم ماددەیەشدا مانایەکی تری پێداوە ، کەواتە پێموایە ئەو عیبارەتەی مەکتەبی سکرتاریەت، ئەوە لاببرێ و هەر یەکەمەکە یەکسەر لەناو ئەندامانی سکرتاریەت دا دوو جێگە هەڵدەبژێرێ و لەوێوە دەست پێ بکات، ئەوە یەك، دووەم، ئەوەی کە دەڵێ مەرجە ئەو کەسەی بۆ ئەندامیەتی مەکتەبی سکرتاریەت هەڵدەبژێدرێت هاووڵاتی هەرێم بن و ماوەی ڕاژەیان لە 5 ساڵ کەمتر نەبێ و ئەوە دووبارەیە، چونکە لە ماددەی 6 دا وتراوە لە بڕگەی ب وتراوە کە ئەمە دووبارەیە و پێویست ناکات، ملاحەزەی سێیەمم ئەوەیە ئەو تەسەلسولانە چاك بکرێن، چونکە لە کوردیەکە ئەگەر کوردیەکە ئەساس بێت یان عەرەبیەکە تەسەلسولەکان هەڵەی تیایە و چاك بکرێت و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك امیر فەرموو.

**بەڕێز امیر گوگە یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ڤێ خالێ پێشنیار دکەم کو زێدە کرنا خالا دی ئەو ژی (یراع فی تشکیل مکتب السکرتاریة تمثیل مکون الترکمان و الکلدان والسریان والاشوری الیها) چونکە ئێستا هەیە، لە مەکتەبی سکرتاریەت ئێستا هەیە و موکەون، پێشنیار دەکەم ئەو خاڵە زێدە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلیل نوقتەی نیزامیت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورن وەڵڵا بەس بۆ ڕوون کردنەوە لەسەر قسەکانی کاك حمە سعید بۆ هەموو لایەك و بۆ ئەوەی موناقەشەی بە هەڵە لەسەری نەکرێت، یەکەم نووسراوە مەکتەبی سکرتاریەت بە دەستەی گشتی

دادەندرێت ئەوە بە هەڵە تەرجومە کراوە، چونکە مەکتەبی سکرتاریەت بە دەستەی کارگێڕی دادەنـدرێ و وەکو لـە نەسـە عەرەبیەکـە هـاتووە و دەڵـێ (تعتـبر مكتـب السـكرتارية الهيئـة العاملـة) ئـەوە بـە غەڵـەت نووسراوە هەیئەی عامە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مولاحەزەی یەکـەمم دەسـتی خـۆش بێـت کاك خلیـل ڕاسـتی کـردەوە، مولاحـەزەی دووەمـم ئێمـە دەزانـین پێکهاتەی دەستەی سکرتاریەتی مامۆستایان بە تەوافوق بووە، ئێستا ئێمە وەکو کلـدان، سـریان، ئاشووری و تورکمان نوێنەرمان لەوێ هەیە، ڕاستە لە مەشروعەکەی خۆیـان نـەهاتووە جا نـازانم نـەهاتووە، کـەوتووە، سەهوە، مەقسودە؟!، موهیم نازانم پێشنیاری من لـە لیژنـەی هاوبـەش کـە ئـەوە ئیزافـە بکرێتـەوە، دووەم/ هیـچ ئیشارەت نەدراوە لەسەر مەوزوعی پلان لە ئەرکەکانی دەستەی مەکتەبی سکرتاریەت، ئایا ئەوان هـیچ پلانێکیان هەیە؟ ئـەرکی ئەوانـە پـلان داڕێـژن یـان نـا؟ وابـزانم ئـەرکی ئەوانـە ئیشارەتی پـێ بـدرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی ئەو ماددەیە دووەم لە (ثالثـا/ يشـترط فـيمن ينتخب لعضوية مكتـب السكرتارية ان يكـون مـن مواطني الاقليم ولاتقل خدمته عن خمس سنوات)، سەرەڕای ئەوەی کە من مولاحەزەم لەسەر (خمسة)ـەکە هەیە، پێموایە 10 بێت کە پێشـتریش بـاس کـرا، لـە دە سـاڵ کـەمتر نـەبێت، بـەڵام ئـەو فەقەرەیـەی کـاملا ئیعادەیە، ئەوەتا لـە مـاددەی 6 لـە (ب) نەفسی شـت هاتووەتـەوە، (يشـترط في مـن ينتخـب عضـوا في مكتـب السكرتارية ان يكون من مواطني الاقليم ولا تقل خدمته عـن خمـس سـنوات، نەفسـی شـت موکـەرەرە، بۆیـە پێویستە لێرە لابردرێت، مولاحەزەیکی تر لە هەموو یاسایەکان بە شێوەیەکی گشـتی مولاحـەزەی لوغـەوی کەلیمەی (يعتبر) لە زمانی عەرەبیەوە تەواو نیە دەبێ بکرێتە (يعد) لە جیاتی (يعتبر) (يعد)ەکە ڕاسـترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا لە چەند ماددەیەکی تریش هەر باسی ئەوە کرا کە زۆر لەو بابەتانە باس دەکرێت، کراونەتە مادده و لەڕاستی دا ئیشی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیەکەیە ویەعنی خەریکە هەموو ئەو بریارانەی کە لە کۆنگرە دراون دەبنە یاسا، ئەی باشە ئەگەر چوار ساڵی دیکە ئەو کاتە کۆنگرە کرایەوە و کۆنگرە ئەو بڕیارانەی گۆڕی دیسانەوە دەبێ ئەم یاسایە هەموار بکرێتەوە، ئەوە یەکێکە لە قسەکان کە من پێشنیار دەکەم بۆ ماددەکانی تریش یەعنی ئەوە لەبەرچاو بگیردرێت کە کۆنگرە کاتێك کە ئەمە هەموار دەکاتەوە ئەم یاسایە ڕێگر نابێ لە گۆڕانکاری لە پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیەکە، مەسەلەیەکی تر مەوزوعی پێنج ساڵەکەیە نازانم هەر دوو، سێ ساڵە کە باس لە سیاسەتی هێنانە پێشەوەی گەنج و گرنگی دان بە گەنج دەکرێت، بۆ بوون بە ئەندامی پەرلەمان 25 ساڵە، من 26 ساڵ بووم و بووم بە ئەندامی پەرلەمان، بوون بە ئەندام لە سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایان گرنگترە لەوەی ببی بە ئەندامی پەرلەمان، کە لێرە دەبێ 5 ساڵت هەبێ و10 ساڵت هەبێ و یەعنی پێم سەیرە، تەسەور دەکەم ئەوە تەناقوزە و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس قسەکانم کرا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی یەکەم کە باسی کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سکرتاریەت دەکات و دەڵێت دەبێ سەرۆکی یەکێتی ئامادەی کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سکرتاریەت بێت و بە ئامادەبوونیشی کۆبوونەوە بە سەرۆکایەتی ئەو گرێ دەدرێت، ئەوە شتێکی بەدیهیە بەڕاستی ئەگەر لە مەکتەبی سکرتاریەت سەرۆك ئامادە بێت، سەرۆکایەتی ئەو کۆبوونەوە دەکات، خۆ بە جێگرەکانی سەرۆکایەتی ناکرێت، بۆیە زیاتر پێویستی بەڕوون کردنەوەیە ئەگەر ئیشارەت بدرێت ئەگەر ئەو ئامادە نەبوو کێ کۆبوونەوەکە بەڕێوە دەبات؟، نەخۆشە یان غائیبە و یەعنی ئیشارەت بەوە بدرێت و لێرە ڕوون بکرێتەوە کە دوای ئەو کێ کۆبوونەوە بە مەکتەبی سکرتاریەت دەکات لە کاتی پێویست، هەروەها هەروەکو من پشتگیری لە قسەکانی د.ڕێباز دەکەم بەڕاستی هەندێ شت هەیە پەیڕەوە، لێرە بە قانون حەق نیە دابڕێژرێت، یەعنی پارە گۆڕینەوە ئیشێکی کارگێڕیە

و له حسابات و ئەوانە دەیدەن بۆ بکرێت بە بڕگەیەك و بە یاسا لە یەکێتی و لە ڕێکخراوەکە دا، پارە گۆڕینەوە شتێکی زۆر سادەیە و بەڕاستی بە قانون حەق نیە لێرەدا دیاری بکرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ قسەکانی کاك کاوەم لەویا ئەو بڕگەی یەکەمە تەقریبەن تەواو نیە تۆ دووجێگرت داناوە یەکیان کارگێڕی و یەکیان فەنی، باشە ئەم دوو جێگرە هیچ دەسەلاتێکت بۆ دیاری نەکردوون، لە پەرلەمان دا سەیر دەکەی لە کاتێك دا کە دەزگایەکی زۆر گەورە ترە لە حاڵەتێك دا ئەگەر بێتو سەرۆك لەوێ نەبێ جێگرەکەی دەتوانێ سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکان بکات، ئەمیش وا سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ئامادە نەبوو، پێویستە لێرە ئیشارەتی پێ بدرێت یەکێك لە دوو جێگرەکە یان جێگرە کارگێڕیەکە یان جێگرە فەنیەکە بە تایبەت جێگرە کارگێڕیەکە دەوری سەرپەرشتی کۆبوونەوەکان بکات، لێرە دەست نیشان بکرێت، نەوەکو لە مەکتەبی سکرتاریەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیردواد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە برادەران تێبینیەکانیان باس کرد، بەڵام بەڕاستی ئەم ماددەیە داڕشتنی بەو شێوەیە لە پەیڕەو وردەکاری زیاتر کردووە لە کاتێك دا هەمووومان دەزانین دەبێ دەستەواژەکان سادە بن و ڕوون بن و گشتیش بن و من پێموایە ئەگەر بڵێی مەکتەبی سکرتاریەت بە دەستەی کارگێڕی ئەنجومەنی تەنفیزی یەکێتی دادەنرێت و بەرپرسیارە لە جێ بەجێ کردنی ڕاسپاردەکانی ئەو کۆنگرەیە و تا کۆنگرەی تر کە دەبەسترێ، ئیتر ئەوە پەیڕەوە ئەوەی تر جێ بەجێ دەکرێت، چونکە هاتووەتە سەر ئەوەی بۆ نموونە پەسەند کردنی خەرجی پارەی پێویست بۆ ئاڵوگۆڕ کردن بەپارەی مامۆستایان و ئەوانە، یەعنی ئەم وردەکاریە وئەم حەقدانە پێموایە پێویست نیە، لەبەرئەوەی دەتوانین لە یەك دەستەواژەدا دەستەی گشتی کە مەکتەبی سکرتاریەتیشی تێدایە بەرپرسیاری جێ بەجێ کردنی بڕیار وڕاسپاردەکانی ئەم کۆنگرەیە، تا کۆنگرەی داهاتو، جگە لەوە نازانم دوو جێگریشیان داناوە بۆ جێگری یەکەم ودووەم نەبێ، جێگری میهەنی ئیشی چیە؟ یەعنی جێگری یەکەم بەرپرسی بڵێین مەکتەبی سکرتاریەتە، یان سەرۆکی سکرتاریەت ڕۆیشت جێگری یەکەم بچێتە جێگای ئەو و کارەکانی بکات، نەك هەردووکیان هاوسەنگ بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من جارێکی تر دەمەوێ بگەڕێمەوە سەر مەسەلەی تەمەن، ئەمە بۆ قیرائەی سێیەممان کە دەنگ بدەین، ڕاستە لە چەند یاسا تەمەن زەروری بوو، من ڕێزم هەیە بۆ ئەوانەی باسیان کرد، بەڵام ئەوە لە وەزیفە، لە کاری نەقابی تو ئەساس ئەمە نە چەند ساڵ مامۆستا بوو، لە کاری نەقابی چەند خیبرەی هەیە، بۆیە بەتەسەوری من ئەوەی جەخت دەکەین لە مونەزەماتی وەکو ڕێکخراوەکان و سەندیکاکان دەبێ هەڵگری ئەم شەهادەیە بێ و دەبێ عومری ئەمەندە بێت و دەبێ ئەوەندە خیبرەی هەبێ، خیبرەی لە کوێ هەبوو، خیبرەی لە تەدریس هەبێ هیچ سوودی نییە بۆ کاری نەقابی، ئێمە لە کاری نەقابی تێ نەگەیشتووین، کاری نەقابی بەرسنگی حکومەت و لایەنەکانی تر گرتنە، نەك کاری نەقابی هی زەمەنی بەعس و شیوعیەتە کە چەپڵە بۆ نیزام لێ بدەم، بۆیە ئەو کادیرانە ئەوانەی ڕوحیەت و گەنجایەتی و، فعلەن روحیەتی سەندیکایەتیان هەیە ئەساسن، بۆیە رجاتان لێ دەکەم لە هەموو ئەم بوارانەو هەموو ئەم ماددانەی باسی تەمەن کراوە لای بدەین، هەر لەبەر مەسەلەی عمریش و تاقەت هەر لەبەرئەوەی عیلاقەی تەدریس بەکاری نەقابی نایەت، ئەوە یەکەم، دووەمیان/ من بەڕاستی هەردوو مادده خۆزگە پێکەوە موناقەشەمان کردبا، جارێکی تر ئەم برادەرانەی کە شارەزانە لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی مەدەنی، مەجلسی ئومەنا هەیە و مەجلسی تەنفیزی هەیە، خەڵتەکی عەجیب لێرە لە بەینی ئەرکەکانی سکرتاریەت و ئەنجومەن هەیە، سەیرە ئەندامانی سکرتاریەت هەموویان ئەندامن لە ئەنجومەنی تەنفیزی، ئەنجومەنی تەنفیزی حەریسە لەسەر مانەوەی ئەو ڕێکخراوە وەکو کاك کاردۆ باسی کرد ، حەریسە لەسەر ئەوەی بڕیارەکانی کۆنگرە جێ بەجێ بکرێن، سکرتێر موهیم ترین کەسە لەناو ئەو ئەنجومەنە، سکرتێر ئیشە تەنفیزیەکان دەکات، سەرۆکی سەندیکا ئیشی چیە بچێتە ناو مەکتەبی سکرتاریەت دانیشێت وسەرکرداریەتی بکات؟، بەڕاستی من رجاتان لێ دەکەم جارێکی تر هەردوو مادده بەیەکەوە بیخوێنینەوە و ئیشی دانانی سیاسەت و حەریس بوون لەسەر ئەوەی ئەو ڕێکخراوە بە پێی یاسا و نیزام داخلی لەسەری دەڕوات جودا بکەین لە ئیشی تەنفیزی کە ئەمە ئیشی سکرتاریەتە، سکرتێر ئەندام بێت لە مەجلسی تەنفیزی بزانێ کێی تری تێدایە، جێگر و دوو جێگر و سێ جێگر ئەوە تەوافوقی سیاسی ناچارمان دەکات وابکەین، ئایا ئەو سەندیکایە پێویستی بە دوو جێگر هەیە؟ ئەسڵەن جێگر ئیشی دەبێ تەحدید بکرێت و دەبێ سکرتێر کە لەناو ئەنجومەنی تەنفیزیە ئەوانی تر تەمسیلی دەکەن، سکرتێر ئیشەکان هەمووی بکات و بچێتە مەکتەبەکەی خۆی تەنفیز بکات، بۆیە پێشنیار دەکەم باشە ئێمە ئەم شێوازەمان هەیە تاوەکو بگەینە دەنگدان لەسەری رجاتان لێ دەکەم جارێکی تر بیری لەسەر بکەنەوە، ئەو تێکەڵ و پێکەڵیەی لادەین ومەسەلەی عمر ڕەچاو نەکەین ڕەچاوی خیبرەی نەقابی بکەین نەك خیبرەی مامۆستایەتی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش؟ کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باسکرا کە هەندێ هینی زمانەوانی هەیە، ئەمە هەیئەی عامیلەیە کە دەبێتە دەستەی کارا نەك گشتی، تەسەلسولەکەش هەڵەی تیایە کە هەڵەی تەبعە و چاك دەکرێتەوە، سەبارەت بە مەسەلەی تەمەن لە ڕاستی دا ئەوەی کە باسکراوە نەك مەسەلەی تەمەن، مەسەلەی ساڵانی خزمەت، ئێمە بۆ خۆمان تێڕوانینێکی وامان هەبوو لە لیژنە کە ئەم ژمارە زۆرە کەم بکرێتەوە، بۆیە هەمان ڕوانگەمان هەبوو و هەمان تێڕوانینمان هەبوو کە بۆ کاری نەقابی و سەندیکایی ڕەنگە مەسەلەی ساڵانی خزمەت ئەو دووروودرێژیە پێویست نەکات، بۆیە دوای ئەم گفتوگۆیە، نازانم بەش بەحاڵی خۆم وەکو سەرۆکی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لەگەڵ ئەوەم کە ئەوە پەیڕەوی ناوخۆ بە جێ بهێڵدرێ لە قانونەکە هەر باس نەکرێت، هەروەها زۆر خاڵی تر و وردەکاری تریش هەیە کە پێویست ناکات لە قانونەکە باس بکرێت، پێویستە بە پەیڕەوی ناوخۆ، ڕەنگە تێڕوانینی واهەبێ و زۆریش مەنتقی و مەوزوعیە کە ئەسڵەن ئەم سەندیکا و یەکێتیانە پێویستیان بە یاسا نەبێ، یاسای سەندیکاکان لەژێر ڕۆشنایی ئەوە دا خۆیان پەیڕەوی خۆیان هەبێ خۆیان لە کۆنگرە دا ئیقراری بکەن و مەسەلە ببڕێتەوە، بەڵام ئێستا وا هاتووەتە پێشەوە وەکو عەرزمان کردن کە کاری یەکێتی مامۆستایان ئێستا لە سەر ئەم قانونە وەستاوە و دەبێ یاسایەکەیان بۆ دەربکەین بۆ داهاتووش پێویستە ئەم ئەشکالیەتە چارەسەر بکرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.صباح فەرمووو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن حـەز دەکـەم ڕوون کردنەوەیـەك بـدەم لـەم مەسـەلەیە، زۆر جـار ئـەوە دووبـارە دەکرێتـەوە کـە فـلان مەوزوع بۆ پەیڕەوی ناوخۆ بەجێ بهێڵدرێ، فلان مەوزوع بهێندرێتە ناو یاساوە، لەڕاستی دا دوو ئیتجاهـ هەیە لە تەشریعی قەوانین، ئیتجاهێك هەیـە کـە دەڵـێ بـا ئێمـە هـەموو شـتەکان و وردەکاریـەکان بـە یاسـا یاسـامەند بکـەین، یـەعنی وەکو وڵاتـانی پێشکەوتوو تەنانـەت پـەیڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمانی لـە قـانونی ئەساسـی وڵاتەکـە دانـاوە بـۆ ئـەوەی هـیچ مـەجالی ئیجتهـاد نـەبێ کـاتێ کـە بیانـەوێ پراکتیـزەی بکـەن، ئیتجاهێکی تر هەیە و دەڵێ نا با قانونەکان مەتاتی بن، یەعنی بە کولیات و قەواعیدی گشتی بێت دوایـی پەیڕەوی ناوخۆ و یاسای تر بێن مەوزوعەکان چارەسەر بکەن، یەعنی ئێستا هەتا دەستووری عیراقی ئەگەر سەیری بکەین لە زۆر مادده کە باسی مافێك دەکات دەڵێ (وینظم ذلك بقانون) دوایی ئـەو قانونـە دەچێتە ناو لوعبەی سیاسیەوە و لە پەرلەماندا هەر کەسێ زۆرینە بێ بـەلای خۆیـدا ڕای دەکێشێ، بـەڵام ئیتجـاهی ئێستا یەعنی ئەگەر بمانەوێ کۆمەڵگا بەرەو قانونمەند بوون ببەین، بەرەو ئەوەوە ببەین کە یاسا سـەروەر بێ و هەموو تاکێك پابەند بێت بە یاساکانەوە، بەڕاستی ئەو ئیتجاهە گونجاوترە لـە کوردسـتانی خۆمانـدا

که ئێمه هەموو وردەکاریەکان له یاسا تەسبیت بکەین، نەك بیهێڵینەوه بۆ پەیڕەوی ناوخۆ لەوێ لەسەر ئەساسی تەوازونات مەسەلەکه حەل بکرێت، یەعنی ئەو دوو ئیتجاهە هەیە بەڕاستی یەعنی شەرت نیه کاتێك که دەڵێی با ئەوه بخرێته پەیڕەوی ناوخۆ ئەوه قسەیەکی ئەساسی و له 100٪ بێت یان ئەوەی که دەڵێین با هەموو شتەکان له یاساکاندا جێ بەجێ بکرێ و هەموو وردەکاریەکان تەتەروقی بۆ بکەین، بۆیه ئەو مەوزوعه بەڕاستی دەبێ بە نەزەری ئیعتبار وەربگیردرێت که ئایا فعلەن قۆناغی ئێمه و قۆناغی کوردستان داوای ئەوه دەکات شتەکان بە یاسا چارەسەر بکرێت و یاسا تەتەروق بکات بۆ هەموو وردەکاریەکان بۆ ئەوەی دوایی که دێیته سەر مەسەلەی جێ بەجێ کردن، خەڵك و هەر کەس بە کەیفی خۆی تەفسیری نەکات، که نەس هەبوو ئیتر (لا اجتهاد فی مقابل النص) زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێ له ئەندامانی پەرلەمان دیاره ئەم یاسایه کاتی خۆی که دەرچووه له کات و زەمەن و زروفی خۆیدا له ساڵی 2002 دا که دەرچووه، ئەم وردەکاریانەی تیا بووه، یان ئەوەتا ئێمه لێرەدا دەبێ ئیتفاق بکەین لەسەر ئەوەی که ئەو مەساحەتی حوریه وەکو برای بەڕێزم د.صباح وتی یان ئەوەتا مەساحەی حوریەت بدەین بەو سەندیکایانه خۆیان پەیڕەوی ناوخۆی خۆیان و که مەجالی مەتاتیەت و یاری پێ کردنێکی زۆری تیا بێت ئەم کارانه بکەن، یان ئەوەتا ئێمه دەبێ ئێستا حاڵی حازر پابەند بین بەو یاسایەی دەقه ئەسڵیەکەی که لەبەردەستمانه، لەبەرئەوه یەعنی ئەمانەی که هەیه لێره هیچی نەهێناوەتەوه، خۆی له دەقی یاسا ئەسڵیەکه هەیە، بۆیه تکایه ڕەچاوی ئەوه بکەن که قسەکان وا تەوجیه نەکرێ که ئێمه دامانناوه، بەڵکو ئەمه له خودی یاسایەکەی ساڵی 2002 دا هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من له خاڵی یەکەم پشتگیری له کاك سالم و کاك امیر دەکەم، پێشتریش باسم کرد که دوو نەتەوه ناوی نەهێنراوه له یاسایەکه، ئەوه یەك، دووەم له یاسایەکه هاتووه دوو جێگر دەبێ، جێگری کارگێڕی و هونەری، باشه ئیشی کارگێڕی چیه و ئیشی هونەری چیه؟ من زانیومه لەو جێگایەی که هونەری هەبێت

دەبێ ئیشی عەمەلی هەبێت، جێگری یەکەم وەکو هەر ئیشی کارگێڕی وەزارەتی ڕۆشنبیری دەیکات، ئیشی ئۆلۆمپی دەیکات، بۆیە لێرە ئیشی هونەری چیە؟ دووەمین شتم ئەوەیە لە خاڵی دووەم مەرجە ئەو کەسەی کە بۆ ئەندامیەتی مەکتەبی سکرتاریەت هەڵدەبژێردرێت لە هاووڵاتی هەرێمی کوردستان بێت، ئەوە لە ماددەی 6 هاتووە، لە ماددەی 6 لە ماددەی 8ی یاسایەکە هاتووە، تەحدید کراوە ئەوە لەوێ، باشە ئەوە وابزانم ئەو بڕگەیە زیادەیە لێرە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز د.خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت بڕگەی دووەمەوە من نازانم بەلامەوە سەیرە کە دەڵێ ڕاژەی لە 5 ساڵ کەمتر نەبێت، یەعنی دوو حاڵەت هەیە، کاتێ کە یەکێك دەبێت بە ئەندام لە ڕێکخراوێك یاخود ئەوەیە لە مافەکانی ئەندام ئەوەیە کە مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنی هەیە بۆ سەرجەم ئۆرگانەکانی ئەو ڕێکخراوە، یاخود مافی ئەندام بوونی لە ئۆرگانە باڵاکانی ئەو ڕێکخراوە بە بەسەر بردنی تەمەن لەناو ڕێکخراوەکەدا دەبەسترێتەوە، نەك بەڕاژەیەکی ئیداری، یەعنی من لێرە پێموایە یەکێتی مامۆستایان لەوە کەوتوونەتە هەڵەوە یەعنی مەسەلەن دەبوو لە باتی ئەوەی ماوەی ڕاژەی دەبوو بنووسرێ ماوەی بە ئەندام بوونی لە 5 ساڵ کەمتر نەبێ لە ڕێکخراوەکە دا، چونکە ڕاژەی ئیداری من پێم وانیە و ناکرێ لە پەیڕەوێك دا بێت کە پەیڕەوی ڕێکخراوێکی پیشەیی دیموکراسی یان ئەوەتا مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنی هەیە بۆ سەرجەم ئۆرگانەکان، یاخود ئەوەیە دەبێ بڵێ ماوەی ئەندام بوونی لە 5 ساڵ کەمتر نەبێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا فەرمان فەرموو.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە سەرەتا هاتنی ئەو پرۆژە یاسایە و چۆنیەتی دروست بوونی لە کۆنگرە لە ئەنجامی دوو ئیدارەیی بوو، دوو یەکێتی مامۆستایانی کوردستانمان هەبوو، دەڤەری سلێمانی بە پەیڕەوی ناوخۆ کاری دەکرد، دەڤەری ئێرە یاسایەك دەرچووە ساڵی 2002 ی ژمارە 4 ی پەرلەمانی کوردستان پەسەند کرا، زیاتر ئەوەی لێرە کێشەی خستە بەردەم پەیڕەوی ناوخۆی کە لە دەڤەری سلێمانی کاریان پێی دەکرد، بۆیە ئەوەی کە ئێستا لەبەردەستمان دایە پەیڕەوی ناوخۆی ئیدارەی سلێمانی نیە، ئەو پرۆژە یاسایەیە کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لە ساڵی 2002 ەوە پەسەند کراوە بە ژمارە 4ی ساڵی 2002 ،بەڕاستی ئەگەر ئێمە بمانەوێ دەسکاری بڕگەکان بکەین دەبێت دەسکاری ئەو بڕگانە بکەین کە لێرە لە یاسایەکە دایە مەسەلەی تەمەنە، کۆمەڵێك ئەشەکالی تریشە، ئەگەر هاتو ئێمە دەسکاری نەکەین دەبێت یاسایەك کە

وەكو هاتووە ئەوها بەڕاستی پەسەند بكرێت، ناكرێ ئێمە دوو لایەنە دەسكاری هەندێك بكەین و دەسكاری هەندێك نەكەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاستە هەندێ بابەت هەیە كە پەیوەندی بە پەیڕەوی ناوخۆوە هەیە، بەلآم لەبەرئەوەی یاسای ساڵی 2002 ئەو بابەتانەی ڕێك خستووە ناكرێت پەیڕەوێك بكەن و پێچەوانەی ئەو یاسایە بێت ئێمە ناچارین لێرە دەسكاری بكەین، واتە هەموار كردنی یاسایەكە زەرورەتە، باس لە حاڵەتێك كرا كە كێشەی یاسایی هەیە، ئەگەر سەرۆكی یەكێتی ئامادە نەبوو، لە یاسای ژارە 4 ی ساڵی 2002 لە دوو مادده ئەو كێشەیە چارەسەر كراوە، یەكیان لە ماددەی 9 بڕگەی 1 كەوا سەرۆكی یەكێتی بۆی هەیە هەندێ لە دەسەلآتەكانی تەخویل بكات، هەروەها لە مادده 10 هەمان شت چارەسەری ئەو كێشەیە كراوە ئەگەر سەرۆكی یەكێتی ئامادە نەبوو واتە ئیش و كارەكان ڕاناوەستن كەسانی دیكە دەتوانن بەو ئیشە هەستن، باس لە بەشداری كردنی پێكهاتەكان كرا لە سكرتاریەت ئێمەش پشتگیری لەو پێشنیارە دەكەین و پێشنیارێكی باشە، لە مادده 14 یش وابزانم ئەو ماددەی كە دواتر دێین گفتوگۆی لەسەر دەكەین ئەوە چارەسەری ئەو كێشەیەش كراوە، سەبارەت بە هەموار كردنی بڕگەی یەكەم ئێمە پشتگیری لە پرۆژە یاسایەكە دەكەین، بەلآم زیاد كردنی بڕگەیەك بۆ ئەوەی چۆنیەتی و لە چەند ماوەیەك مەكتەبی سكرتاریەت و ئەنجومەنی تەنفیزی كۆبوونەوە بكەن، ئێمە لەگەڵ زیاد كردنی ئەو بڕگەیە نین لەبەرئەوەی ئەوە مادام لە ئەسڵی یاسایەكە نەهاتووە و لەپەیڕەوی ناوخۆ ئەو كێشە چارەسەر دەكرێت پێویست ناكات ئێمە لێرە باسی بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی بۆ ماددەیەكی تر؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 14، ماددەی 14 یش لە بڕگەی یەكەم و دووەم پێك دێت و هەر بڕگەیەك لەچەند خاڵێك پێك دێت، ئەوەی پێشنیار كراوە بۆ هەموار كردنی خاڵی 1 لە بڕگەی یەكەم، پێشنیاری ئەوە كراوە كە قەزاكان زیاد بكرێت، ئەوانەی كە لە ماددەی 2 گفتوگۆمان لەسەری كرد، ژمارەی مامۆستایان لە 3500 مامۆستا كەمتر نەبێ یان زیاتر بێت بە چ شێوەیەك دواتر بزانین پەسەند دەكرێت، وشەی قەزاكان زیاد بكرێت، هەروەها پێكهاتەكانیش زیاد بكرێت، بەو شێوەیە خاڵی یەكەمی بڕگەی یەكەمی ماددەی 14 هەموار بكرێت، (یجتمع مندوبوا المحافظات والاقضیة التی لاتقل عدد معلمیها عن ما جاء فی المادة 2 من هذا

القانون المنتخبون لعضوية المؤتمر العام، بعد اتمام اعمال المؤتمر لانتخاب هيئة الفروع من بينهم والتى تتكون من تسعة اعضاء اصلين وعضويين احتياط بالنسبة للمحافظات وسبعة اعضاء اصليين وعضوين احتياط بالنسبة للاقضية ويراعى مكون كلد و اشورى فى فرع اربيل ودهوك و التركمان فى اربيل فقط وباشراف مكتب السكرتارية) سەبارەت بە خاڵی دووەمی ماددەی 14 پێشنیاری ئەوە کراوە بڕگەیەك زیاد بكرێت بە ڕێز بەندی بڕگەی 3 (تجتمع هيئة الفرع مرة واحدة فى الشهر ولو لعقد اجتماعات استثنائية كل ما دعت الحاجة الى ذلك) پێشنیاری ئەو بڕگەیەیە بۆ خاڵی دووەمی ماددەكە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش؟ كاك د.صباح فەرمووو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 11، ماددەی 14 هەمی یاسایەكە هەموار دەكرێت و بەم شێوەیەی لێ دێت:

یەكەم/أ/ نوێنەرانی پارێزگا و یەكە كارگێڕیەكان كە ژمارەیان كەمتر نەبێ لەوەی لە ماددەی 2 ی ئەم یاسایەدا هاتووە و هەڵبژێردراون بۆ ئەندامیەتی كۆنگرەی گشتی پاش تەواو بوونی كارەكانی كۆنگرە كۆدەبنەوە بۆ هەڵبژاردنی دەستەی لق لەناوخۆیان كە ئەویش بۆ پارێزگاكان لە 9 ئەندامی سەرەكی و دوو ئەندامی یەدەگ و بۆ یەكە كارگێڕیەكانی دیكە لە 7 ئەندامی سەرەكی و دوو یەدەگ پێك دێت، ب/ دەستەی لق لە یەكەمین كۆبوونەوەی خۆیدا سەرۆكێك بۆ لق و بەرپرسی لیژنەكانی دەستە هەڵدەبژێرێت، ج/ لەو لقانەدا كە نەتەوەكانی دیكەی وەكو توركمان و كلدان و سریان و ئاشور بوونیان هەیە، ڕەچاوی ئەوە دەكرێت كە كورسی تایبەتیان بۆ تەرخان دەكرێت، دووەم دەستەی لق ئەم ئەرك و دەسەڵاتانەی خوارەوە بەكاردەهێنێت، أ/ جێ بەجێ كردنی بڕیار و ڕاسپاردەكانی مەكتەبی سكرتاریەت، ب/ گفتوگۆ لەسەر بودجەی ساڵانەی تایەبت بە لقەكان لە چوارچێوەی بودجەی ساڵانەی یەكێتی و جێ بەجێ كردنی ڕێنماییە داراییەكان و سندوقی دابین كاری بە پێی حاڵەتەكان، ج/ دەستەی لق مانگانە یەك جار كۆدەبێتەوەو بۆی هەیە هەر كات پێویست بوو كۆبوونەوەی نائاسایی ببەستێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بە عەرەبیەكەی، سۆزان خان فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادە 11

تعدل المادە 14 من القانون وتقرأ كالاتى:

**المادة الحادية عشرة:** تعدل المادة الرابعة عشرة من القانون و تقرأ كالآتى:

**أولا:** هيأت الفرع

1- يجتمع مندوبوا المحافظات و الوحدات الأدارية التى لاتقل عدد معلميها عن ماجاء في المادة الثانية من هذا القانون، المنتخبون لعضوية المؤتمر العام بعد اتمام أعمال المؤتمر لأنتخاب هيئة الفرع من بينهم و التى تتكون من تسعة أعضاء أصليين و عضوي احتياط بالنسبة للمحافظات و كذلك سبعة أعضاء أصليين و عضوي أحتياط بالنسبة للوحدات الادارية الأخرى.

1- تنتخب هيئة الفرع في أول أجتماع لها رئيسا للفرع و مسؤولى اللجنة في الهيئة.

3- يراعى في الفروع التى تتواجد فيها قوميات أخرى كالتركمان و الكلدان السريان الأشور بأن تخصص مقاعد لهم.

**ثانيا:** تمارس هيئة الفرع المهام و الصلاحيات التالية:

1- تنفيذ مقررات و توصيات مكتب السكرتارية.

2- مناقشة الميزانية السنوية الخاصة بالفروع ضمن الميزانية السنوية للأتحاد و تنفيذ التعليمات المالية و صندوق الضمان و بحالاته.

3- تجتمع هيئة الفرع مرة واحدة في الشهر وله عقد أجتماعات أستثنائية كلما دعت الحاجة الى ذلك.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كی تێبینی هەیە؟ئەڤین خان، كاك جمال، ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەرچەندە من بەشێوەیەكی گشتی مولاحەزەیەكم هەبوو لەسەر هەموو یاسایەكە و تەعدیلەكە هەرچەندە ئەمە یاسایەكە لە ساڵی 2002 بە ژمارە 4 هاتووە دەبووایە كە كاتێ كە تەعدیل كرا من ڕێزم بۆ هەموو ئەندامانی لیژنە و سەرۆكایەتی لیژنە و هەروەها لەگەڵ یەكێتی مامۆستایانیش هەیە دەبووایە تەعدیلەكان خۆی بەم شێوە وردەكاری تیا نەبووایە چەند ختوتێكی عامیان داناوە بۆ ئەوەی دەستیان فراوان تر بووایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا ئێستا كە دێین موناقەشەی ئەو ماددەیە دەكەین دەبینین لەم ماددەیە ڕۆیشتووەتە زۆر تەفاسیلی وردەوە، یەعنی بەڕاستی پێویست ناكات ئەم تەفاسیلە وردە لەناو یاسایەك دا دیاری بكرێت كە دیاری بكات لقێك و یاخود لە یەكەیەكی ئیداری چۆن كۆبوونەوە دەكەن كارەكانیان چۆنە؟، ئەمە زۆر ورد دەكات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەڤین خان زەحمەت نەبێ بۆ ئەم ماددەیە ڕەئیت چیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

عەفوم بکە لەسەر ئەم ماددەیە دەڵێم ئەم تەفاسیلە وردەی کە ئێستا لەم ماددەیە هاتووە هیچ پێویست نیە بۆیە ئەمە لەگەڵ ئەوەم ئەسڵەن ئیلغا بکرێتەوە، هەر لە یاسا ئەساسیەکەشەوە ئیلغا بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(اولا : یجتمع مندوبوا المحافظة)، ئێستاش ئێمە گوتمان فەرع، داعی نیە دووبارە تیکرار بێتەوە، یەکسەر بڵێین (یجتمع مندوبوا الفرع المنتخبون.....) داعی نیە دووبارە (الوحدات الاداریە........)، ب/ تنتخب هیئە الفرع فی اول اجتماع لها رئیسها) رەئیسی فەرع داعی نیە، بیکەین بە رئیسها، ج/ خاڵی دووەم/ تجتمع هیئة الفرع مرة واحدة فی شهر (ولە) نابێ لوغەویەن (لها) ، چونکە لێرە بۆ هەیئەیە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من جارێکی تر بۆ ئەندامانی بەڕێزی باس دەکەمەوە ئێمە لە ماددەی پێشوو دا هەمان مولاحەزە دراوە، (تجتمع هیئة الفرع مرة واحدة فی الشهر ولها عقد اجتماعات استثنائیة کلما دعت الحاجة) هەر خۆشی لە ماددەی پێشووش دا بە هەمان شێوە هاتووە، کاتێ باسی مەجلسی تەنفیزی دەکات ئەوان وتوویانە ئیجتماعاتی دەوری سێ مانگ جارێك، ئێمە وتوومانە نەخێر بۆچی سێ مانگ جارێك ئێوە دەبێ کۆببنەوە و یەکتری ببینن لە مانگی جارێك دا، کە خۆشیان داوایان کردووە مانگی جارێك بێت، کە تۆ مەکتەبی سکرتاریەت و هەیئەی تەنفیزی مانگی جارێك بێتەوە، مەفروزە فەرعەکانیش مانگی جارێك کۆببنەوە، بۆیە ئەمە ئیزافە کراوە، بۆ ئەوەی ئاگاداری یەکتری بن و دوای ئەوە من بەڕاستی یەعنی کە باس لەوە دەکەن، برای بەڕێزم کاك جمال باسی کرد کە دەڵێ (یجتمع مندوبوا المحافظات والوحدات الاداریة التی لایقل معلمیها عنما جاء فی المادة الثانیة من هذا القانون) کە دێت و دەڵێت (المنتخبون لعضویة المؤتمر العام) یەعنی ئەوانەی کە ئەندامی کۆنگرە بوون، ئەوانە دێن جارێکی تر پاش ئەوەی کە کۆنگرە تەواو دەبێ و هەیئەی فەرع ئینتخاب دەکەن، لەگەڵیان دەبن بۆ ئەوەی ئینتخاب کردن، بۆیە بۆ ئاگاداریتان ئەم یاسایە وەك خۆی چۆن هاتووە لەساڵی 2002 بەو تەعدیلاتانەی ئەوان داوایان کردووە ئێمە ئیزافاتمان نەخستووەتە سەری خۆی بەو وردەکاریە هاتووە، ناشکرێ ئێمە کە ئەوان نەیان وتوو ئیلغای بکەن، هیچ

لایـەنێك و موئتەمـەر خۆشـی نـەیوتووە ئیلغـای بکـەن، ئێمـە ئێستا نـاتوانین جارێکی تـر ئیلغا بکـەین بـا بڕیارێك دەربچێت هەرچی ئـەم وردەکاریانـە هەیـە لـە هـەموو یاساکاندا ئیلغا بکرێت، ئەوسا ئێمـەش وا دەکەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لە هەموار کردنی خاڵی یەك لە بڕگەی 1ی ماددەی 14 دەکەین، بـەڵام ئـەو پێشنیارەی کـە کراوە بە زیاد کردنی بڕگەیەك چۆنیەتی کۆبوونەوە و لە ماوەی چـەند کۆببنـەوە و ئـەوە پێویست ناکات ئێمە لەگەڵ دانین، ئەوە بۆ پەیڕەوی ناوخۆ بەجێ بمێنـێ، هـەروەها لەگـەڵ هـەموار کردنـی بڕگـەی 2یش نـین، چـونکە ئـەویش بەهـەمان شـێوە پێشـنیاری ئـەوە کـراوە کـە بڕگەیـەك زیـاد بکرێـت بـۆ چـۆنیەتی کۆبوونەوە، ئێمە لەگـەڵ دانـین، تـەنها پشـتگیری لـە هـەموار کردنـی خـاڵی 1 ی بڕگەیەکـەمی مـاددەی 14 دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەیەکی تر؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 15 لە سێ بڕگە پێك دێت یەکەم و دووەم و سێیەم، ئەوەی کە پێشنیار کراوە بە ڕیزبەنـدی 4 بـۆ بڕگەی 3 ی ماددەی 15 بەو شێوەیە:

تقوم لجنة القضاء بالتنسيق مع هيئة الفرع بانتخاب ممثـل الاتحـاد في المـدارس ذات العـدد الكبير مـن الهيئـة التعليمية لتوثيق الصلة بين الاتحاد وقاعدته الجماهيريـة وارسـال التعليمـات وتوجيهـات الاتحـاد اليـه واعـلام الاتحاد بمطالبهم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش؟ کاك د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 15 بڕگەی 3 لە ماددەی 15 یەمی یاسایەکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێت:

سێیەم/ ئەرکەکانی لیژنەی قەزا، أ/ جێ بەجێ کردنـی بڕیـار و ئاراسـتەکانی دەسـتەی لـق بـە سەرپەرشـتی کردنی کاروباری یەکێتی لق و قەزاکە دا، ج/ بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی خولی بۆ دەستەی لق سەبارەت بـەوەی بە پێویستی دەبینێ کاری یەکێتی و بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پـەروەردە و فێرکـردن، د/ لیژنـەی قـەزا بـە

هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی لق لەناو دەستەی مامۆستایان دا نوێنەری یەکێتی لە قوتابخانەکان هەڵدەبژێرێت لە پێناوی بەهێز کردنی پەیوەندی نێوان یەکێتی و بنکەکانی و گەیاندنی ڕێنمایی و ئاراستەکانی یەکێتی پێیان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیەکەی، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثانية عشرة:** تعدل الفقرة (ثالثا) من المادة الخامسة عشر من القانون وتقرأ كالآتي:

**ثالثا: مهام لجنة القضاء:**

أ_تنفيذ قرارات و توجيهات هيئة الفرع.

ب_الاشراف على أمور الاتحاد في القضاء.

ج_ رفع تقارير دورية الى هيئة الفرع حول كل ماتراه ضروريا لأداء الاتحاد و لرفع مستوى التربية و التعليم.

ه- يقوم لجنة القضاء بالتنسيق مع هيئة الفرع بانتخاب ممثل الاتحاد في المدارس من بين الهيئة التعليمية لتوثيق الصلة بين الاتحاد و قاعدته وتوصيل تعليمات و توجيهات الاتحاد اليهم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس پرسیاری هەیە؟ سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی ئەو ماددەیە، د) هەیە لە ئەسڵی ماددەکە هاتووە (تقوم لجنة القضاء بالتنسيق مع هيئة الفرع بانتخاب ممثل الاتحاد فى المدارس ذات العدد الكبير) باشە ئەگەر (ذات العدد الكبير) بێ و ئەگەر ژمارەی مامۆستایان لە قوتابخانە 15 بێت یان 20 بێت، ئەدی ئەو قوتابخانەی کە پێنج مامۆستای هەیە یان شەش مامۆستای هەیە کە پێی خۆش بوو نوێنەری هەبێ لە یەکێتی مامۆستایان یان ببێتە نوێنەری مامۆستایان لەبەرچی یان عەدەدی کەبیریان دانەنایە، بەڵام من هاوڕام لەگەڵ لیژنەی پەروەردە و کۆمەڵی مەدەنی کە نووسراوە (تقوم لجنة القضاء بالتنسيق مع هيئة الفرع بانتخاب ممثل الاتحاد فى المدارس من بين الهيئة التعليمية لتوثيق الصلة .......... الخ) واتە عەدەدی کەبیر نەبێ، لە گەڵ ئەسڵی ماددەکە نیم و لەگەڵ ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە و کۆمەڵی مەدەنیم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لەو دارشتنەوەیە دەكەین كە لەلایەن لیژنەی پەروەردەوە پێشكەش كراوە، بە زیاد كردنی بڕگەیەك بەو شێوەیەی كە لە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە هاتووە و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەك باسكرا ئەوان لە پرۆژە پێشنیار كراوەكە دا باسی ئەوەیان كردبوو كە ژمارەیەكی زۆر هینی هەبێت، بەس ئێمە ئەم ژمارە زۆرەمان و ئەم تەعبیرەمان پێ باش نەبوو و لامان برد بەو شێوەیەی كە پێشكەش كرا سیاغەمان كردووەتەوە، خاڵێكی تر هەیە ڕەنگە پێویستی بە لەسەر وەستان بێ كە دەڵێ نوێنەری یەكێتی لە فوتابخانەكان، پێشتر ئاماژەمان پێی دا ئەگەر ئێمە زانكۆكان ئیزافە بكەین و پێویستە لەگەڵ فوتابخانەكان دا بڵێین دامودەزگاكانی پەروەردە وخوێندنی باڵا ئەمە دەمێنێتەوە سەر ئەوەی كە لە ئایندە دا دەنگدان چۆن پرسەكە یەكلا دەكاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەیەكی تر؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 16 باس لە مالیەیەی ئیتحاد دەكات، دارایی یەكێتی، ئەوەی پێشنیار كراوە، بڕگەی یەكەم هەڵبوەشێندرێتەوەو بەشێوەیەكی دیكە دابڕێژرێتەوە (تحذف الفقرة واحد المكون من أ و ب و ج و د وكذلك الفقرة 2 وتحل محلها 1/ ثلاثة الاف دينار يدفعها الاعضاء، آلية جمعها يحددها المجلس التنفيذي ويوزع على الشكل التالي: 70٪ سبعين بالمئة اي مايعادل 2100 الفين و مئة دينار لحساب صندوق الضمان، 20٪ عشرين بالمئة ما يعادل600 ست مئة دينار لحساب الفرع، 10٪ عشرة بالمئة ما يعادل ثلاث مئة دينار لحساب مكتب السكرتارية) هەروەها پێشنیاری هەموار كردنی بڕگەی 7 لە هەمان ماددە كە ماددەی 16 پێشنیار كراوە هەموار بكرێت، (تحذف النسبة 40٪ اربعين بالمئة وتحل محلها 10٪ عشرة بالمئة وتقرأ الفقرة كما ياتي) واتە ڕێژەكە 40٪ بووەو پێشنیاریان كردووە ببێتە 10٪، (يتم نقل نسبة 10٪ عشرة بالمئة من الموارد المالية الواردة في الفقرة اولاً الى حساب مكتب السكرتارية بمصارف الاقليم من قبل الفرع).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش؟ كاك د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 13

**ماددەی سێزدەیەم:**

ماددەی شازدەیەمی یاساکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکریت :

**یەکەم** : دارایی یەکێتی لەمانەی خوارەوە پێکدێت :

1- پارەیەك بە بڕی (3000) سێ هەزار دینار کە ئەندامان بە پێی میکانیزمێکی دیاریکراو لەلایەن ئەنجومەنی تەنفیزی دەیدەن ، کۆنگرەش بۆی هەیە بڕی بەشداریی مانگانە بگۆڕێت ، ئەم پارەیەش بەم شێوەیە دابەش دەکرێت :

أ-70٪حەفتا لەسەد بۆ حسابی سندووقی دابینکاری .

ب-20٪ بیست لەسەد بۆ حسابی لق .

ج-10٪ دە لە سەد بۆ حسابی مەکتەبی سکرتاریەت .

2- ئەو بەخشین و یارمەتییانەی لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە پێشکەش دەکرێن .

3- داهاتی چالاکییەکانی یەکێتی .

4- قازانجی وەبەرهێنان .

5- بری کرێی مولکە نەگوازراوەکانی یەکێتی .

**دووەم**: کۆنگرەی گشتی چۆنیەتی خەرجکردن لە بڕگەکانی ( أ،ب،ج) ی بەندی یەکەم دیاریدەکات و پێویستە دەستە کارگێرییەکانی لقەکان پابەند بن بەو رێنماییانەی لەم بارەوە دەردەچن ، و لیژنە تایبەتەکان بەناوی (لیژنەی دابینکاری و لیژنەی یارمەتیدانی ئەندامان ) بە مەبەستی جێبەکردنی ئەو رێنماییانە پێکدەهێنرێن .

**سێیەم**: کردنەوەی حساب لە بانکەکانی هەرێم .

**چوارەم**: بریارەکانی لیژنەی دابینکاری و لیژنەی یارمەتیدانی مامۆستایان لە کۆبونەوەکانی لقدا پەسەند دەکرێن .

**پێنجەم**: ژمێریاری یەکێتی ملکەچی چاودێری یاسایی و دارایی دەبێت .

**شەشەم**: هیچ ئەندامێك بۆی نیە داوای مافە داراییەکان بکات ئەگەر ئەندامێتی لە یەکێتیدا لە دەست بدات.

**حەوتەم**: رێژەی 10٪ دە لەسەدی سەرچاوە داراییەکان کە لە برگەی ( یەکەم : ج) لە بەندی یەکەم هاتووە ئەگوێزرێتەوە بۆ حسابی مەکتەبی سکرتاریەت لە بانکەکانی هەرێم لە لایەن لقەوە .

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیەکەی، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الماده 13

تعدل الماده سادسه عشر من القانون وتقرأ كالاتى:

أولا/ تتكون ماليه الاتحاد مما يلى: أ/

1- مبلغ و قدره ثلاثة آلاف دينار يدفعها الأعضاء بموجب آلية يحددها المجلس التنفيذي و للمؤتمر صلاحية تغير مبلغ الإشتراك الشهري و توزع بالشكل التالي:

أ- 70٪ لحساب صندوق الضمان.

ب- 20٪ لحساب الفرع.

ج- 10٪ لحساب مكتب السكرتارية.

2- المنح و المساعدات المقدمة من قبل حكومة الإقليم.

3- ريع نشاطات الإتحاد.

4- فوائد الإستثمارات.

5- بدلات إيجار العقارات المملوكة للإتحاد.

ثانياً/ يحدد المؤتمر العام كيفية الصرف للفقرات (أ، ب، ج).

ئێمه بۆیه ئەوەشمان هێناوه دەرجمان كردووه لەبەر ئەوەی لە نەصە ئەصلییەكه (أ، ب، ج، د)بووه، ئەو (د)ش خۆی گۆڕانكاری بەسەردا هاتووه له (40٪) بووه به (10٪)، بۆیه ئەم گۆڕانكارییانەمان جارێكی تر لێره دەرج كردۆتەوه.

ثانياً/ يحدد المؤتمر العام كيفية الصرف للفقرات (أ، ب، ج) من البند الأول و على الهيئات الإدارية للفروع الإلتزام بالتعليمات الصادرة بهذا الخصوص و تشكل اللجان الخاصة بإسم لجنة الضمان و لجنة مساعدة الأعضاء لتنفيذها).

ثالثاً/ فتح حساب في مصارف الإقليم.

رابعاً/ تتم الموافقة على قرارات لجنة الضمان و لجنة مساعدة المعلمين في إجتماعات الفرع.

خامساً/ تخضع حسابات الإتحاد للرقابة القانونية و المالية.

سادساً/ لايحق لأي عضو مطالبة الإتحاد بالحقوق المالية إذا فقد عضويته في الإتحاد.

سابعاً/ يتم نقل نسبة 10٪ من الموارد المالية الواردة في الفقرة (ج) من (أولاً) إلى حساب مكتب السكرتارية في مصارف الإقليم من قبل الفرع.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیه؟ ئەم بەڕێزانه ناوی خۆیان نووسیوه: حەمە سعید، بلال سلیمان، هاژه سلیمان، بەیان أحمد، كاوه محمد أمین، فەرموو كاك حەمە سعید.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەوەش دیسان وردەکارییەکی ترە کە ئەم یاسایە لائیحەکە چۆتە ناوی کە ئەو تەفصیلی وەرگرتنی پارە و سەرچاوەکان و چۆنیەتی خەرجەکەی، کە دەبوایە هەر بە عیبارەتێك بیوتایە ئەوە عایدی بەشی ئیدارە و مالە، یان بەشێکە عایدی مالیە و حیساباتە، ئەوە یەك، خاڵێکی تر/ پێموایە سێ هەزار دینار زۆرە، چونکە ژمارەی مامۆستایان خۆیان زۆر زۆرن، ئەو سێ هەزارە بکرێ بە هەزار، خاڵێکی تر/ ئابوونەکە کە کۆ دەکرێتەوە بەشی کردووە لە 70٪ی بۆ سندووقی زەمان، 20٪ بۆ لقەکان، 10٪ی بۆ سکرتارییەت، ئەی ئەو مینەح و موساعەداتەی تر؟، سەرچاوەکانی تر کە چوار سەرچاوەی ترن، دەبوایە ئەو چوار سەرچاوەیەش نیسبەی بۆ لقەکان و بۆ سندووقی زەمان و بۆ سکرتارییەت، ئەو نیسبەش بۆ ئەوان دیاری کراوە، بۆچی نیسبەکە تەنها بۆ ئابوونەکە دیاری دەکرێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بیلال، فەرموو.

**بەڕێز أحمد سليمان (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاوڕام لەگەڵ برای بەڕێزم کاك حەمە سعید، بەڕاستی ئەم ماددەیە زۆر وردەکاری تێدایە، ئەسڵەن نەك هی پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکانە بە ڕەئی من، هەر دەبوایە بە ڕێنمایی لە بەشی دارایی ئەوە کیفایەت بوو، نەك هەتا بکرێ بە یاسا، ئەم پارەیەش وەکو کاك حەمە سعید باسی کرد، زۆر زۆرە سێ هەزار، هەزار دینار پێموایە بەسە و کیفایەتە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

هاژە خان، فەرموو.

**بەڕێز هاژە سليمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تەنها لەسەر خاڵی یەکەم تێبینیم هەیە، من پێموایە بڕی پارەکە تەحدید نەکرێ، ئەو سێ هەزار دینارە، هەر بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە (ئابوونەی ئەندامان کە بە پێی میکانیزمی دیاری کراو لەلایەن ئەنجومەنی تەنفیزی دەیدەن)، یەعنی چونکە بەڕاستی تەحدید کردنی پارەکە ئەو یەکێتی یە، یەکێتی یەکی ئارەزوومەندانەیە، یەعنی ناکرێ تۆ لەسەری فەرز بکەی ئەو مەبلەغە، بۆیە ئەوە دەکرێ بە پێی ئەو ڕێککەوتنەی کە خۆیان دەیکەن لە ناو یەکێتییەکە، دەتواندرێ بەو شێوەیە ئەوە بکرێ، بۆیە یەعنی پێموانی یە کە لێرە تەحدیدکردنی پارە باش بێت، هەر بەو شێوەیە بێت، ئابوونەی ئەندامان بە پێی میکانیزمی دیاری کراو لەلایەن ئەنجومەنی تەنفیزی دەیدا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەیان خان، فەرموو.

**بەڕێز بەیان أحمد كۆچە ری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز پشتەڤانێ گۆتنێ كاك حەمە سعیدێ دكەم، ئاخافتنا من هاتنە گۆتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا كاوە، فەرموو.

**بەڕێز كاوە محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەللا منیش هەر لەگەڵ ئەو ڕایەم بڕە پارەكە دیاری نەكرێ، لەبەر دوو سەبەب، یەكێكیان/ لەبەر ئەوەی دەڵێ كۆنگرە دەسەڵاتی هەیە پارەكە زیاد و كەم بكات، كەواتە بۆ ئێمە لێرە تەسبیتی بكەین كە كۆنگرە دەسەڵاتی هەبێ، ئەوەش وەكو ڕێنمایی وەكو شتێكی فەقەرەیەكی پەیڕەو دێ، ئێمە لێرە لە فەقەرە یەكی یاسایی ئەوەی بكەین هەر بۆ پەرلەمانیش نابێ دوایی كۆنگرەیەك دەسەڵاتی زیاتر بێ لە دەسەڵاتی پەرلەمان كە قانونێك دابنێ دوایی ئەوان دەستكاری بكەن، لەبەر ئەوە پارەكە دیاری نەكرێ و بۆ یەكێتی مامۆستایان و كۆنگرەی مامۆستایان لێ بگەڕێن باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاستی دا ئێمە زۆر گفتوگۆمان لەسەر ئەوە كرد، پێمانوابوو كە ڕەنگە تەحدیدكردنی بڕەكە، ئابوونەی مانگانە لە داهاتوودا دیسان ئیشكالیەتی قانونی بۆ یەكێتی مامۆستایان دروست بكات، ئەگەر كۆنگرەكە بڕیاری دا نیسبەتەكە زیاد بكرێ، دیسان دەبێ یاساكەی بۆ هەموار بكرێتەوە، بەڵام ئەوان دوای گفتوگۆ پێیان باش بوو كە سێ هەزار بێ، لەبەر ئەوەی ئەوە بڕیاری كۆنگرەیە، خۆیان لەسەری ئیتیفاقیان كردووە، ئەوە یەك، دوو/ تەحدیدكردنی بڕەكەشی پێیانوابوو كە دیوانی چاودێری دارایی ئەوان لە ڕەقابەدا پێویستیان بەوە هەیە بۆیان تەحدید بكرێ، بەم شێوەیەش تەقسیم و تەوزیع بكرێ، لە ڕووی ڕەقابەی مالی و چاودێری داراییەوە ئەوان ئەوەیان بە پێویست زانی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە لە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا هەندێ لە تەفاصیلەکەشمان لابردووە، ئەگینا ئەوان تەنانەت نووسیبووشیان ئەو سێ هەزار دینارە یەعنی بۆیە کەم کردنەکە و زیادکردنەکە لە هینی ئێمەدا نیە، چونکە خۆیان تەوزیعاتیشیان بۆ کردووە، دەڵێ/ لە 70٪کەی کە دەکاتە 2100 دینار بۆ سندووقی زەمان، لە 20٪کەی کە دەکاتە 600 دینار بۆ مەصاریفی فەرعەکە، لە 10٪ی کە دەمێنێتەوە کە دەکاتە 300 دینار بۆ مەکتەبی سکرتارییەت، بیزەبت ئەوە کاتی خۆشی کە هاتووە، باس کراوە بە هەمان شێوە کراوە، وتوویانە پێنج دینار، دوو دیناری بۆ زەمان بێ، دینارێکی بەدەل ئیشتیراکی سندووقی وەفیات بێ، ج............

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان ئەو تەفصیلاتانەی ناوێ، تکایە، پێویست ناکات، بڵێ ئێمە دامان نەناوە، ئەو تەفصیلاتە پێویست ناکات، مامۆستا فەرمان فەرموو.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دانانی ئەو سێ هەزار دینارە بەڕاستی لەبەر ئەوەیە ئەندامێتی ئێستا لە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ئارەزوومەندانەیە، یەعنی گەرەنتی ئەوە نیە هەمان ڕێژەی مامۆستایان کاتی خۆی کە لەگەڵ سەرەمانگ لەگەڵ راتب لێی دەبات، ئێستا ئەو مامۆستایانە هەموو ئەندامن، من دەیان مامۆستا دەناسم، دەڵێ من نابمەوە ئەندامی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، کەواتە ئەو سێ هەزار دینارە دانراوە لەبەر ئەوەی گەرەنتی ئەو ژمارە زۆرەی مامۆستایانی وەکو وتمان (120) هەزار مامۆستانە، کەواتە ئەگەر نەبی، دەبێ ڕێژەکە زیاد بکرێ، بۆ ئەوەی بەلایەنی کەمەوە ئەو مەصروفاتەی، یان ئەو دەستەبەرییەی کە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان دابین دەکات بۆ مامۆستایان پێی دەربچێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلیل، فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا هەموو ئەو وردەکارییەی کە هاتووە بەڕاستی ئەوە دەرەنجامی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی یەکێتی مامۆستایانە، خۆی کێشەکە لە پەسندکردنی ئەو ڕێکخراوانە لە پەرلەمان دا ئەوەیە ئەگەر بێتو ئەوان هەرچییەك بڵێین ئەوە ئیرادەی خۆیانە، ئەگەر بێت و ئەو ڕێکخراوە سبەینێ کۆنگرەیەکی نائاسایی ببەستێ کە لە شەش مانگ دا، حەوت مانگ دا پێموایە کۆنگرەی بەستووە، وەکو کۆمەڵێ بڕیار و ڕاسپاردە

پێشنیاری هەموارکردنی یاساکان دووبارە بکەنەوە، دەبێ ئێمە لێرە دووبارە تەعدیلی بکەینەوە، یەعنی حەز دەکەم لای هەمووتان ڕوون و ئاشکرا بێ ئێمە لەسەر ڕۆشنایی بڕیار و ڕاسپارەکانی ئەوان ئەو تەعدیلاتانە لێرە دەکەین، وەکو وتم ئەگەر سبەینێ کۆنگرەیەکی نائاساییش بکەن، دووبارە دەبێ ئێمە ئەگەر ئەوان تەعدیلاتیان بوێ بیانەوێ یاساکەیان هەمواربکەنەوە دەبێ ئێمە لێرە هەمواری بکەینەوە، یەعنی ئەوە ویست و خواستی هیچ لەم لێژنانە نیە، ڕاستە گۆڕانکاری لە زمانەوانی و لە هەندێ لە فەقەرەکان دا کرابێ بۆ ئەوە، بەلام لە ناوەڕۆکی گشتی داواکاری و بابەتەکانی ئەوان کە دەگۆڕێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لە پرۆژەکە دەکەین کە پێشکەش کراوە و پێشنیار کرواە، بەلام تێبینیەکمان لەسەر ئەو بڕگەیە هەیە لە ڕاپۆرتی لێژنەی پەروەردە هاتووە (للمؤتمر صلاحية تغير مبلغ الإشتراك)، کە بڕە پارەکە لە یاسا دیاری کرا، ئەو دەسەلاتە بۆ بدەینە کۆنگرە کە بڕە پارەکە دەستکاری بکات؟ دەستکاری کردنی بڕە پارەی دیاری کراو لە ناو دەقی یاسایەك واتا هەموارکردنی یاساکە، ئایا کۆنگرە دەسەلاتی ئەوەی هەیە یاسایەك هەموار بکات؟ بۆیە ئەو دەستەواژەیە هەلگیرێ، ئەو ڕستەیە، لە خالی یەکی بڕگەی یەکەم و ئێمە پشتگیری لە پێشنیارەکە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە ئەو ماددانە بوو کە لە پرۆژە یاساکەی ئاماژە پێ کرابوو هەموار بکرێ، ئەو ماددانە تەواو بوو، بەلام لە ڕاپۆرتی لێژنەی پەروەردە پێشنیاری هەموارکردنی چەند ماددە و بڕگەیەکی تر کراوە، ئێمە پشتگیری لە پرۆژەکە دەکەین بەو شێوە و بەو ماددانەی کە پێشکەش کران.

**بەڕێزد.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چواردەیەم/ ماددەی نۆزدەیەمی یاساکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێ، (ئەو یەکێتی یەی بەپێی ئەم یاسایە دامەزراوە نوێنەرایەتی مامۆستایانی کوردستان دەکات لە ناوە و دەرەوەی هەرێم).

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة عشر/ تعدل المادة التاسعة عشر من القانون و تقرأ كالآتي:

الإتحاد المؤسس بموجب هذا القانون يمثل معلمي كوردستان-العراق داخل الإقليم و خارجه.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ تکایە ناوەکان، ئەم خوشك و برایانە ناوی خۆیان نووسیوە، دڵشاد حسین، عبدالله ملا نوری، عەزیمە خان، پەیمان عزالدین، فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ئەم تەعریفەی کراوە ئەم یەکێتی یە بە پێی ئەم یاسایە دامەزراوە نوێنەرایەتی مامۆستایانی کوردستان دەکەن لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، ئەوە دژ بە ئازادی ڕێکخراوبوونە، چونکە ئەم یەکێتی یە تەنها دەتوانێ نوێنەرایەتی ئەندامانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بکات لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، چونکە زۆرینەی مامۆستا هەیە ئەندام نی یە لەم ڕێکخراوە، ئەم یەکێتی یە ناتوانێ نوێنەرایەتی ئەم بکات کە ئەندام نەبێ لەم ڕێکخراوە، بۆیە پێم باشە وای لێ بکرێ، بە پێی ئەم یاسایە نوێنەرایەتی ئەندامانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان دەکات لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالله، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ کاك دڵشاد دا بەڵام دەمەوێ تۆزێك وردەکاری زیاتر بڵێم، لە ڕاستی دا دەقەکە تۆزێك یەعنی هەست دەکەی شموولی خوازی یە، یەعنی ئەوها نازانم چەند دەقەکە هینە، چونکە لە سێ خاڵ دا دەردەکەوێ بۆ، یەکەم/ مادام ئەندام ئازادە لەوەی ببێ بە ئەندام، کەواتە ئازادە نەبێ بە ئەندامیش، واتا کە نەبوو بە ئەندام، واتا من قبوڵم نی یە تۆی سەندیکا نوێنەرایەتی من بکەی، وەکو چۆن قبوڵم نی یە ببمە ئەندام، کەوابێ نوێنەرایەتی کردنی تۆشم قبوڵ نی یە نوێنەرایەتی من بکەی، بە مانایەکی تر یەعنی کە لێرە لەو پرۆژە یاسایە هاتووە دەڵێ/ ئەندام ئازادە با بڵێین مامۆستا ئازادە ببێ بە ئەندام، بەڵام پرۆسەکە لێرە کۆتایی نایێ، یەعنی تۆ بە پێی ئەم پرۆژەیە دەڵێ تۆ باشە ئازادی ئەندام مەبە، بەڵام من لەلای خۆمەوە بڕیارم داوە نوێنەری تۆبم، یەعنی ئەوە بە شێوەیەك لە شێوەکان جگە لەوەی کە، ئینجا لە خاڵێکی تریشدا تۆ بە پێی دەستووری عیراق ماددەی (39) کە دوو بڕگەیە، بڕگەیەکیان ئازادی ڕێکخراوەی دامەزراوە، دواتر با بڵێین ئازادی کۆمەڵەی ڕێکخراو هەیە بە پێی بڕگەی دووەمی مادام ئازادی بوون بە ئەندام کە ئازادی نەبی بە ئەندام، ئەم دەقە دواتر لە ماددەی با بڵێین لەو یاسایە یاسای ژمارە (4)ی لەو یاسایە کە ڕەنگدانەوەی هەبووە، لەوێش دا کە تۆ مادام دەرفەت دەڕەخسێنی کۆمەڵەی جیا جیا هەبێ کەوابێ بۆچوونی جیا جیا هەیە، یەعنی من قبوڵمە ئەم کۆمەڵەیە نوێنەرایەتی من بکات، ئەم یەکێتی یە

نەیكات، لە شوێنێكی تریش دا جارێكی تر جیاوازی دەردەكەوێ، مادام بە پێی ئەم یاسایە، یاسا ئەصلەكە یەكێتی یاخود كۆمەڵە بۆی هەیە، بابڵێین دەبێ خاوەنی ئامانج بێ، كە ئامانج هەبوو ئامانج لای من شتێكە، بەڵام لەلای كۆمەڵەیەكی تر شتێكی ترە، لای مامۆستایەك ، لای مامۆستایەكی تر جیاوازی هەیە، بۆیە ئەم دەقە جگە لەوەی كە ناكۆكە بە دەستووری عێراق، ناكۆكە بەجاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ و ئەوانە كە ئینسان ئازادە لەوەی كە دەبێ بە ئەندام، ناكۆكە بە یاسا ئەصڵەكەش، یەعنی با بڵێین یاسای ژمارە (18)ی ساڵی 1993 كە یاسای پێدانی مۆڵەتە بۆ یەكێتی و كۆمەڵەكان، بۆیە من پێشنیار دەكەم هەرچەندە كاك دڵشاد دەقێكی وت، منیش ئەم دەقە دەڵێم نازانم چەند لەگەڵ ئەوەدا یەك دەگرێتەوە، دەكرێ بڵێی ئەو یەكێتی یەی بە پێی ئەو یاسایە دامەزراوە نوێنەرایەتی مامۆستایانی ئەندامی ئەم یەكێتی یە دەكات لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، بۆیە هیوادارم ئەو گۆڕانكاری یەی تیادا بكرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

عەزیمە خان، فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری ڕەئیەكەی كاك عبداللە دەكەم، چونكە ئەم ڕێكخراوە ڕێكخراوی ئەم مامۆستایانەیە كە ئەندامن لەو ڕێكخراوە، بەڵام مامۆستاش هەیە ئەندام نیە، ناكرێ بڵێین نوێنەرایەتی مامۆستایانی كوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەو پێیەی لە سەرەتا ئێمە وتمان بە ئەندام بوون لەم سەندیكایە ئارەزوومەندانەیە، كەواتە ئەوانەی كە ئەندامن لە ناو ئەو سەندیكایە، ئەم سەندیكایە حەقیەتی تەمسیلیان بكات، ئەوانەی كە ئەندامن، خۆ ناچێ لە خۆیەوە نوێنەرایەتی یەكێك بكات كە ئەندامی نیە، چونكە ئێمە لە سەرەتاوە ئەگەر بەڕێزتان ئاگادار بن وتمان ئارەزوومەندانەیە، كە ئارەزوومەندانە بێت كەواتە مافی ئەوانە هەتا ئێستاش، بەیارمەتی خۆتان، هەتا ئێستاش ئەم یەكێتی یە هەموو لایەنەكانی كۆ كردۆتەوە پێكەوە بە بیرو بۆچوونە جیاوازەكانیشەوە، بەو شێوەیە ئێستا تاقە شوێنە، تاقە سەندیكایە كە هەموو بیرو بۆچوونە جیاوازەكانی لە خۆی كۆكردۆتەوە، كەواتە دەتوانێ بڵێ من نوێنەری ئەوانەم كە ئێستا ئەندامن لەلای من، بەڵام ئەگەر هاتو ئەوە نەما و بە شێوازێكی تر بوو، ئەوە ئەوسا (لكل حادث حدیث).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتە نیزامییەکەم لەسەر دەقەکەیە، دەقەکە ئەو مەفهومە نادا کە سۆزان خان ئاماژەی پێ دا، دەڵێ/ نوێنەرایەتی مامۆستایانی کوردستان، تەواو ئیتر کوردستان کێیە؟ هەموو مامۆستایان دەکات، گۆڕان و یەکگرتوو و پارتی و هەموو حیزبەکان، دواییش لە بیرمان نەچێ یەك شت هەیە، خەڵك هەیە حیزبی نیە ئەصلەن قبوڵی نیە، ئەم سەندیکایە سەندیکای کۆمەڵێ حیزبە، خەڵك هەیە بێ لایەنە، قبوڵی نیە ئەندامی ئەم سەندیکایە بێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان، فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی ئێمە نەچینە هەندێ وردەکارییەوە دوایی تووشی مواجەهەش نەبین لە بەینی یەك دا، حەق نیە خۆمان بکەین بە وەکیلی سەندیکا، یەعنی سەندیکا خۆی ئەزانێ چی کردووە و نوێنەری کێیە و نوێنەری کێ نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

د. صباح، فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم یاسایە بۆ موعالەجەی وەزعێکی فیعلی ناو هەرێمی کوردستان دادەنرێ، ئێستاش ئێمە لە هەرێمی کوردستان دا یەك یەکێتی مامۆستایانمان هەیە، ئەم یەکێتی مامۆستایانە ڕێ دەکەوێ سبەی موئتەمەرێك دەگرێ بۆ مامۆستایان لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ئاستی ئاسیا، لە ئاستی هەموو دونیا، خۆ دەبێ مامۆستایانی کوردستان نەقابەیەك هەبێ تەمسیلیان بکات، ئەوجا فیعلەن ڕەنگە کەسانێك هەبن ئەندامی ئەم یەکێتی مامۆستایانە نەبن، بەڵام ئەوانە کەمینەن، یەعنی زۆرینەی کوردستان ئێستا 124 هەزار مامۆستامان هەیە، هەیە مەسەلەن دەڵێ من ئەندام نابم تیایدا، بەڵام مانعی نیە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان تەمسیلی کوردستان بکات، خۆ ئێستا لە مەسائیلی سیاسیشدا ئەو کەسانەی کە تەمسیلی هەرێمی کوردستان دەکەن، تەمسیلی لە 100٪ی هەموو خەڵکی هەرێمی کوردستان ناکەن، بەڵام

تەمسیلی نیسبەتی زۆرینەیە دەکەن لە ڕووی یاساییەوە ئەو مافەیان هەیە تەمسیلی کوردستان بکەن، بۆیە بەڕاستی ئەم دەقە هیچ ئیشکالێکی لەسەر نیە، تەعبیر لە واقعێك دەكات، ئێمەش دەزانین یەکێتی مامۆستایانی کوردستان کە ئێستا هەیە هەموو لایەنەکانی تێدایە، تەمسیلی هەموو لایەنەکان دەکات، هیچ ئیشکالێکیشی تێدا نیە، ئێستا ئێمە هەر مولاحەزەیەکیشمان هەبێ لەسەر ئەداکە خۆ ئەم یاسایە بۆ ئەمڕۆ و بۆ ئەم زەرف و فیعلە دانانرێ، سبەینێ کە کۆنگرە دەبەسترێ ڕەنگە تەشکیلەی یەکێتی مامۆستایانیش گۆڕانکاری بەسەر بێ، بەڵام ئێمە لەبەر خاتری ئەوەی وەجهی نێو نەتەوەییمان وەجهێکی ڕۆشن و پرشنگدار بێ هیچ مانعێك نیە کە ئێمە ئەم دەقە لێرەدا بەو شێوەیە کە هاتووە و تەسبیتی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵلا من حەز دەکەم تەوزیحێ بدەم بە ئیجازەی خۆتان، لە هیچ دونیایەك دا نیە هیچ حیزبێکی سیاسی، هیچ سەندیکایەك تەمسیلی 100٪ی شەریحەکەی خۆی بکات، یان تەبەقەکەی خۆی بکات، یان میللەتەکەی خۆی بکات، نیە لە دونیادا، بەڵام کە 70٪ی هێنا، 80٪ی هێنا حەتمەن ئەو تەمسیلی دەکات، فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە زۆرینە بەدەست بێنێ، بەڵام ئەوە سەندیکایە، قسەیە لەسەر دیمەکراسیەت و قسەیە لەسەر مافی تاك کە ئەندام دەبێ لە چ کۆمەڵە و ڕێکخراوێك دا، ئێمە بە مانەوەی ئەو دەقە گەرەنتی بۆ چەند ساڵی داهاتووش دەدەین کە لەبەر ئەوەی ئەو سەندیکایە هیچ سەندیکایەکی تر دروست نەبێ، کە ڕەنگە لە دەرەوەی ئەو پێکهاتانەی کە ئێستا ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی لە یەکێتی مامۆستایان دا بن، کۆمەڵێك مامۆستای تر جیا لەوەی کە سەر بە هیچ پارتێك و لایەنێك نەبن لەوانەی کە ئێستا هەن، داوای پێکهێنانی سەندیکایەکی تر کە یەکێتییەکی تری مامۆستایان بکەن، هەر بۆخۆی موتەناقیزە لەگەڵ ئەم هەموارەدا، ئەم پرۆژە هەموارەیە کە دەڵێ ئەندامێتی لە یەکێتی مامۆستایان دا ئارەزوومەندانەیە، ئێمە بابێینە سەر ئەوە، من گۆڕانم لەبەر ئەوەی گۆڕان بە لیستی سەردەم لە ناو یەکێتی مامۆستایان دایە، شەرت نیە من بڕوام بە یەکێتی مامۆستایان هەبێت و ئەندام بم تیایدا، یەعنی دەکرێ یەکێتی بێ، پارتی بێ، گۆڕان بێ، هەر حیزبێکی تر بێ، بەڵام ئەندام نەبێ لەو سەندیکایە، بڕوات بەو یەکێتی مامۆستایانە نەبێ، لە دەرەوە ڕێك بکەوی لەسەر ئەوەی یەکێتییەکی تری مامۆستایان پێك بهێنی، ئەوە کۆت کردنی یەکێتی مامۆستایانە، سنووردارکردنێتی بەو کۆمەڵەی کە ئێستا هەن، ڕێگە گرتن لە مافی ئازادی دروست کردنی سەندیکا و یەکێتی تر بۆ مامۆستایان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخیر کەس کاك دڵشاد، دوایی ئێوە جواب بدەنەوە، کاك دلشاد فەرمووو.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کێشە لەسەر زۆرینە و کەمینە نیە هەروەکو پەیمان خان وتی، ئەوە دژ بە ئازادی تاکە کە خۆی ئیختیار دەکات لە چ ڕێکخراوێك دا دەبێ بە ئەندام، دوو/ هەموو ڕێکخراوێك تەمسیلی ڕێکخراوەکەی خۆی دەکات، نابێ تەمسیلی شموولی بکات، ئەوە ڕێ گرتنە لەبەردەم دروستبوونی ڕێکخراوی تردا، تەمسیلی شموولی لەو عەقلیەتەوە هاتووە کە لە ئەنزیمەی شموولییەوە هاتووە، کە بۆ ئەوەی نەقابەیەك دادەنێ تەمسیلی بە خۆشی بێ و بە خۆشی نەبێ من تەمسیلی تۆ دەکەم، ئێمە لاریمان نیە تەمسیلی زۆرینەی مامۆستایانی کوردستان دەکات، کەس لاری لەوە نیە، بەڵام تەمسیلی ئەندامانی خۆی بکات کە زۆرینەی مامۆستایانی کوردستانن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش، فەرمووو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستی دا ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە ئەندامن لە یەکێتی مامۆستایان، هەیە بێ لایەنە و سەر بەهیچ حیزبێکیش نیە، ئەندامی یەکێتی مامۆستایانە، بۆیە ڕێکخراوی یەکێتی مامۆستایان ڕێکخراوی مامۆستایانی حیزبە سیاسییەکان نیە، بەڵکو چەندان و دەیان و سەدان مامۆستا هەیە بێ لایەنە و سەر بە هیچ حیزبێکی سیاسیش نیە و ئەندامە لەو ڕێکخراوە، لەوانەیە پێچەوانەکەشی هەر هەبێ، بە هەر حاڵ ئێمە دەڵێین نوێنەرایەتی، بەڕێزان قسە لەسەر نوێنەرایەتی کردنە، هەندێ حاڵەتی ئەوتۆ هاتۆتە پێشەوە بەڕاستی لە ڕابردوودا کە یەکێتی مامۆستایان بانگهێشتی کۆنگرەیەکی ئیقلیمی کراوە، کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی کراوە، لەم حالەتانەدا یەکێتی مامۆستایان نوێنەرایەتی مامۆستایانی کوردستان دەکات، ئەوە لەبەر ئەوەش کە ئەندام بوون لە یەکێتی مامۆستایان ئارەزوومەندانەیە و بە ئازادانەیە، کەواتە مەسەلەی نوێنەرایەتی ناکۆك نیە لەگەڵ ئازادی تاك و ئیتر مافی مرۆڤ، چونکە یەکێتی مامۆستایان لە ئێستاش دا تاکە ڕێکخراوە و نوێنەرایەتی زۆرینەش دەکات، ئەگەر ئی هەمووش نەکا، ئێمە ناڵێین هەمووی دەکات، بەڵام زۆرینەی مامۆستایانی کوردستان دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم یاسایە یان یەکێتی مامۆستایان لە ئایندەدا ڕێگر نیە لەبەردەم دروستبوونی سەندیکای تر، ئەگەر سەندیکای تریش بۆ مامۆستایان دروست بکرێ خۆ بێگومان ئەم سەندیکایەش بە گوێرەی یاسا و لەسەر بنەمای یاسایی دروست دەبێ، کاتێك کە بە گوێرەی یاسا سەندیکایەکی تر دروست دەبێ، ڕەنگە دەقێکیش بێت کە بڵێ ئەم سەندیکایەش لە نوێنەرایەتی کردن دا هاوبەش دەبێ لەگەڵ یەکێتی مامۆستایان، بۆیە ئیشکالیەکە بەو شێوەیە نیە کە ئێمە هەوڵ بدەین کە ببێتە پرسێکی ئاڵۆز، تەنها وەکو باسمان کرد قسە لەسەر نوێنەرایەتی کردنە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەداخەوە دەیڵێم جارێکی تر، لەبری ئەوەی ئەم سەندیکایانەی ئێمە هەوڵ بدەین زیاتر بەرەو ئاراستەی پیشەبوونیان بەرین، کە ئەوانە ئەو خەڵکانە دەگرێتە خۆی کە پیشەیان مامۆستایە، واقعەکەی ئێمە وا فەرزی کردووە بە لیست و لیست کاری و بە تەوافوق ئەو شتانە هەموو ڕێکخراوە، بەڵام هیچیش مومانەعەت نیە لەوەی ئەگەر هاتو سبەی ڕۆژێ مەجموعەیەکی تر کە هەمان پیشەیان هەیە، بەڵام باوەڕیان وایە کە کۆمەڵەیەك یاخود سەندیکایەك بۆ خۆیان دابمەزرێنن، بەڵام تەبعەن ئەوسا ئیشکالیەتی قانونی ئەوەیە کە نابێ لە ژێر هەمان ناودا بێت، دەتوانن بۆ خۆیان دایبمەزرێنن، هیچ ڕێگریەکی تر نیە، ئەندام بوون ئارەزوومەندانەیە، هیواداربووم ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان دا تەشجیعی بە پیشەیی بوونی ئەو سەندیکایانەمان بکردایە، نەك تەشجیع کردنی ئەوەی کە سبەی ڕۆژێ ئەوانە مەجموعەیەك، لیستێکی لێ جیا دەبێتەوە، یاخود سەندیکایەکی تر دروست دەکات، هەوڵ بدەین ئەو سەندیکایە زیاتر فێری کاری سەندیکایی ببن، زۆر باشترە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر موناقەشەی لەسەر کرا عظیمة خان، باشە عظیمة خان ئاخیر کەسە، فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە قسەمان لەسەر ئەوەیە، ئێمە ناڵێین ئەم ڕێکخراوە نوێنەرایەتی زۆرینەی مامۆستایان ناکات، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین بە مامۆستایانی سەردەمیشەوە و بە مامۆستایانی هەموو لیستە جیاوازەکانیشەوە، ئەم ڕێکخراوە بە تەوافوق ئەو یاسایە و ئەو پەیڕەوەیان ڕێك خستووە، بەڵام ئەوەی کە لەو یاسایە جێی گومانە، ئێمە ئەبێ حیساب بۆ کەمینەیەکیش بکەین کە مامۆستا هەیە بێ لایەنە، ئەندام نیە لەم ڕێکخراوەدا، بۆیە ئەڵێین ئەم یەکێتیە بە پێی ئەم یاسایە دامەزراوە، نوێنەرایەتی مامۆستایانی ئەندام بکات لەم ڕێکخراوەدا، نوێنەرایەتی مامۆستایانی ئەندام لەم ڕێکخراوەدا، بەڵام ئەوەی کە ئەندام نیە لەم ڕێکخراوەدا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

موناقەشە زۆر کرا بۆ سەر ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پازدەم:

ماددەی بیست و یەکەمی یاساکە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێ:
سەرۆکی یەکێتی و دوو جێگرەکەی و سێ لە ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت و سەرۆکی لقەکان تەرخان کراو، واتا موتەفەریغ دەبن، بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کار و ئەرکەکانی یەکێتی.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة عشرة:

تعدل المادة الحادية و العشرون من القانون و تقرأ كالاتي:

يكون رئيس الاتحاد و نائبيه و ثلاثة اعضاء من مكتب السكرتارية و رؤساء الفروع متفرغين لانجاز اعمال و مهام الاتحاد.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ تەنها سێ لە ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت موتەفەریغ بن؟، ئێمە لە پێشدا باسمان کرد، ئەوانە لەبەر ئەوەی داکۆکی لە مافی مامۆستایان دەکەن، پێمان باشە کەوا هەموو ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت و هەموو ئەندام لقەکانیش هەتا موتەفەریغ بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش؟

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە پێشنیاری لێژنەی هاوبەشە کە بەم شێوەیە کە هاتووە، لە راستیدا ئێمە تەفەروغی بەشێکمان بە پێویست زانیوە، لەبەر ئەوەی هەندێ بەش هەن، کە ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت هەندێ بەش وەردەگرن، بۆ ئیش و کار و ئیدارەدانی رۆژانەیان، ڕەنگە سەرقاڵتر بن و وا پێویست بکات هەندێ بەش هەنە زیاتر کاری هەیە لە کارەکەی تریان، ئیتر دەمێنێتەوە سەر ئەنجام بۆ ئێوە ئایا هەموویان موتەفەریغ بن بەو صیغەیەی کە هاتووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

وەلا ئێمەش رەئیەکمان هەیە لێرە، چەند یەکێتی ئاوا و سەندیکای ئاوا و رێکخراوی ئاوامان هەیە، هەموویان ژمارەیەکیان موتەفەرغ بن، ئاخیر دەبێت؟، فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بۆخۆم ڕەئیم وایە كەسیان موتەفەرغ نەبن، لەبەر ئەوەی لەكاری پیشەیی دادەبڕێن، یەعنی ئەو پێویستە لە پیشەكەی خۆیا بێ، كاتەكانیان تەوزیع بكەن، لە كاتێك دەوام بكەن كە بتوانن لەكاری مامۆستاییان نەبێ، پاش نیوەڕۆییان یان بەیانیان، پێویست ناكات موتەفەرغ بن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

د.ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم لە جیاتی موتەفەرغ بوون، ئەو كەسە پۆستی نەبێ، چونكە ئەو سەندیكایە ئیشی ئەوەیە بەرگری لە مامۆستا بكات، ئەگەر خۆی بەرپرسی لقیش بێ، لەهەمان كاتیش مودیر عام بێ، یاخود بەڕێوەبەری قوتابخانەیەك بێ، ئەگینا چۆن ئەتوانێ بەرگری لە مامۆستایەك بكات، لە شوێنی موتەفەرغ بوونەكە ئەو بێ كە پۆستێكی نەبێ، پلەیەكی نەبێ لەناو بەڕێوەبەرایەتیەكانا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش ڕەئیم وایە كە ئەو تەفەروغە لاببرێت، چونكە یەكەم هەموومان ئەزانین ئیشی ڕێكخراو، ئیشی نەقابی، عادەتەن دوای نیوەڕۆییانە، لەبەر ئەوە ئیشی لەگەڵ مامۆستایانەو، مامۆستایانیش بۆخۆیان لە ئیشان، جگە لەوەی كە لە ڕووی عەمەلیەوە ئێمە كە تەفەروغ كردنی ئەو كەسانەی كە لە هەیئەی باڵای ڕێكخراوەكانان، ئەمە بەردەوام بوونە لە دروست كردنی مەسئولیەت، مەسئولیەتێك كە هەیبەتێكی هەیە، نابێ ئیتر دەوام بكات، هەر بۆیەش كە دوای ناتوانین لە دوای تەواو بوونی پۆستەكە بگەڕێینەوە ئیشەكانی خۆمان، چونكە ئەو جۆرە هەیبەتەی ئەدەینی، بۆیە من لەگەڵ تەفەروغا نیم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك كاردۆ.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەمان بۆچونی برادەرانم هەیە، بەڕێزیشتان باستان كرد سەدان سەندیكا و ڕێكخراو هەیە، ئەگەر هەر سەندیكا و ڕێكخراوێك چەند كەسێك تەرخان كراوی، یان موتەفەریغ بێ، جگە لەوەی ئەوە جۆرێك لە ئیمتیازدانە، هەتا مونافەسەكردنی، مونافەسەكە دەبێتە ئیمتیاز، نەك مونافەسە لەسەر ئیش كردن و

دڵسۆزی، لەبەر ئەوە موتەفەریغ نەمێنێ، هەر کەسێك مەبەستی بێ لایەنە مەعنەوییەکە ئەهمییەتی گەورەی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەمە سعید، ئاخیر کەس، فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام موتەفەریغ نەبن، بنووسرێ پۆستی پلەی تایبەتیان نەبێت، بۆ ئەوەی لە کاتی دیفاع لە مافی مامۆستایان....

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بیڕۆنە سەر ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شازدەیەم/ ماددەی بیست و سێیەمی یاساکە هەموار دەکرێت بەو شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

لەلایەن لقەوە پێناس دەدرێتە ئەندامان لە چوارچێوەی سنووری جوگرافی لقەکان و پێویستە پێناس یەکگرتوو بێت و لەلایەن مەکتەبی سکرتارییەتەوە دەرچووبێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبییەکەی، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة عشر/ تعدل المادة الثالثة و العشرون من القانون و تقرأ كالآتي:

يتم منح هويات الأعضاء من قبل الفرع ضمن الحدود الجغرافية للفروع و يجب أن تكون موحدة وصادرة من مكتب السكرتارية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کێ تێبینی هەیە؟

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من داوا دەکەم ئەم ماددەیە جێگای ئەصلەن ئێرە نی یە و ئیلغا بکرێ با لە پەیڕەودا خۆیان تەنزیمی بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ناو یاسا ئەصلییەکەدا هەیە، بۆیە ئەوانیش پێیان باشە بمێنێتەوە، ئێمە ئەوەمان گۆڕیوە کە دەڵێ لقی پارێزگا، ئێمە کردوومانە بە لق، چونکە ڕەنگە لق لە قەزاش دروست ببێ، یان لە یەکەی ئیداری تریش دروست ببێ، بۆیە ئەوە داواکاری ئەوانە و پێشنیاری ئەوانە کە ئەم ماددەیە بمێنێتەوە، بەس پێویست بوو ئەم ماددەیەش هەموار بکرێ، بۆ ئەوەی تەناقووز لەم ماددەیە دروست نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەڤدەیەم/ لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

دوای ڕاوێژ کردن لەگەڵ لێژنەکان و لەگەڵ سەرۆکایەتی لێژنەکان پێیان باشە کۆبوونەوەی داهاتوو لە سەعات (11)ی ڕۆژی دووشەممەی داهاتوو بێ، بۆ ئەوەی فریا بکەون بۆ صیاغە کردنەوەکەی ئەو پرۆژەیە، تا سەعات (11)ی ڕۆژی دووشەممە بەخواتان دەسپێرین، بەخێربێن.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2)

## دوو شەممە رێكەوتی 19\3\2012

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2)

## دوو شەممە ڕێكەوتی 2012/3/19

**كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2012/3/19 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (2)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2012/3/19 دا بەم شێوەیە بێت:**

1- **بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای هەموار كردنی یەكەمی یاسای یەكێتی مامۆستایانی كوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 2002 لە هەرێمی كوردستان.**

2- **خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی كوردستان – عێراق.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (2)، ڕۆژی دانیشتن 2012/3/19،

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2012/3/19 بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 2002 لە هەرێمی کوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

ئێستا دەچینە سەر خاڵی یەکەم کە بەردەوام بوونە لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 2002 لە هەرێمی کوردستان، دیارە ئێمە لە دانیشتنی ڕابردوو ماوەی زیاتر لە چوار سەعات گفتوگۆمان لەسەر کرد، هەموو پەرلەمانتارە بەڕێزەکان بیرو ڕای خۆیان گوت و، هەموو ئەو بیرو ڕایانەی کە هەبوون لیژنەی هاوبەش تۆماریان کرد، ئێمە دەرفەتێکی باشمان پێیاندا، بۆ ئەوەی داڕشتنێکی تازەی بۆ بکەنەوە، بۆیە ئێستا داوا لە لیژنەی هاوبەش دەکەین بێنە سەر مەنصە، فەرموو کاک عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا لە جەنابتان دەکەم پەیڕەوی ناوخۆ جێ بەجێ بکەن، بەتایبەتی پەرلەمانی کوردستان باڵاترین دەسەڵاتە لە هەرێمی کوردستان، بە جێ بەجێ کردنی پەیڕەوی ناوخۆ سەروەری یاسا جێ بەجێ دەبێت، ماددەی (54) بڕگەی (4) لە پەیڕەوی ناوخۆ دەڵێت: (بعد ان تعلن الرئاسة افتتاح الجلسة تتلى اسماء الاعضاء الغائبين، فالغائبين بدون عذر، فملخص محضر الجلسة السابقة، ويصدق المحضر بعد اجراء التصحيح الذي تقره الرئاسة إما مباشرة، او بناءاً على طلب احد الاعضاء)، ئەگەر لەو کۆبوونەوەیە پەیڕەو نەکرێت، لە کۆبوونەوەکانی داهاتوو پەیڕەو بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاک اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت باست لەوە کرد لە بەرنامەدا خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای یەکێتی مامۆستایان، تەبعەن ئەوە گفتوگۆی لەسەر کراوە کە جەنابت باست کرد، حەقە لێرە بە دواوە بنووسرێت دەنگدان

لەسەر پرۆژە یاسای گفتوگۆ لەسەر کراو، نەك گفتوگۆ کردن جارێکی تر، چونکە ئێستا بەپێی ئەو بەرنامەی کارە گفتوگۆ کراوە جارێکی تر دەتوانین گفتوگۆی لەسەر بکەین، دەبێت بنووسرێت دەنگدان لەسەر یاسای گفتوگۆ لەسەر کراو.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم دارشتنە هەر تیکراری دانیشتنەکەی رابردووە، یەعنی بەردەوامی دانیشتنەکەی رابردووە، بۆیە ئیحتیمال بوو ئێمە لە دانیشتنی رابردوو ئەگەر بەردەوام بووینە کۆتاییمان پێ هێنا بوایەو دەنگیشمان لەسەر بدابوایە، ئێستا ئەوەی کە رۆیشتووەو موناقەشەی کراوە رۆیشتووە، ئەوەی کە ماوەتەوە دەنگدانە، ئێمە ئێستا لەم دانیشتنە تەنیا دەنگدانەکە ئەنجام دەدەین، لەبەر ئەوە داوا لە لیژنەی هاوبەش دەکەین بێن دانیشن، بۆ ئەو پێشنیارەی، یان بۆ ئەو نوقتە نیزامەی حاکم عەونیش، ئێمە پێشنیارەکە وەردەگرین و دیراسەی دەکەین، بزانین بۆ دانیشتنەکانی داهاتوو هەوڵ دەدەین جێ بەجێی بکەین، سوپاس، فەرموو لیژنەی هاوبەش وەرنە جێگای خۆتان، ئێستا لیژنەی هاوبەش ئەو دوا دارشتنەی لەسەری رێککەوتوون دەیخوێننەوە، ئەوەی یەك جۆر دارشتنی لەسەر هەبێت، یەك رەئی هەبێت، یەکسەر دەیخەینە دەنگدانەوە، چونکە موناقەشەی تەواومان لەسەر کردووە، ئەو برگەو ماددەیەی رەئی جیاوازی لەسەر هەبێت، یان دوو رەئی لەسەر هەبێت دوورترین رەئی دەخرێتە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی بێینەوە سەر برگە ساغەکە، فەرموون لە ماددەی یەکەمەوە دەست پێ بکەن.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

دوای ئەوەی لەلایەن ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانەوە، گفتوگۆ لەسەر پرۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 2002 کرا، لیژنە پەیوەندیدارەکان، لیژنەی یاسایی، لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا، لیژنەی کۆمەڵەی مەدەنی، رۆژی پێنج شەممە دانیشتین، بۆ ئەوەی ئەو بیرو بۆچوون و پێشنیارو رەئیانەی کە لەلایەن بەڕێزتانەوە پێشکەش کراوە بە هەندی وەربگرین و هەوڵ بدەین لە دواین صیاغەدا بەرجەستەی بکەین، بۆیە بەم شێوەیەی کە دوایین صیاغە لەبەردەستی بەڕێزتانە، ئێستا هەوڵ دەدەین بیخەینە بەرچاوی بەڕێزتان بۆ دەنگدان:

ماددەی یەکەم:

برگەی (7) ماددەی یەکەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ دێت:

مامۆستا: هەموو مامۆستایان و وانەبێژانی قوتابخانەو زانکۆ و پەیمانگا حکومی و تایبەتی و ئەهلی یەکان دەگرێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەی دووەم بە کوردی و عەرەبی بخوێننەوە.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

ماددەی دووەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ دێت:

بەپێی ئەم یاسایە یەکێتییەك بە ناوی (یەکێتی مامۆستایانی کوردستان- عێراق) دادەمەزرێت، بارەگای سەرەکی لە هەولێری پایتەخت دەبێت و بۆی هەیە لە پارێزگاکان و هەر یەکەیەکی کارگێڕی لق بکاتەوە بە مەرجێك ژمارەی ئەندامانی تێیدا لە (3500) مامۆستا کەمتر نەبێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی مامۆستایانی زانکۆ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ عەرەبیەکەی.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية: تعدل المادة الثانية من القانون وتكون كالآتي:

يؤسس بموجب هذا القانون اتحاد باسم (اتحاد معلمي كوردستان – العراق) يكون مقره الرئيسي في العاصمة اربيل وله فتح فروع له في المحافظات واي وحدة ادارية شريطة أن لايقل عدد اعضائه فيها عن (3500) معلم مع ملاحظة خصوصية اساتذة الجامعات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ یەك کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەی تر بە کوردی و عەرەبی بخوێننەوە.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم: ماددەی پێنجەمی یاساکە بەم شێوەیە هەموار دەکرێت:

أ- ئەندامیەتی لە یەکێتی مافێکی ئارەزوومەندانەیە بۆ ئەمانە:

1- هەموو مامۆستایان و وانەبێژانی قوتابخانەو پەیمانگاو زانکۆ حکومی و تایبەتی و ئەهلیەکان.

2- مامۆستایان، وانەبێژان، سەرپەرشتیاران و ئەندامانی دەستەی فێرکاری و وانەبێژەکان، کە میلاکن لەسەر وەزارەت و دەستەو دامەزراوەکانی پەروەردەو خوێندن.

3- خانەنیشانی ئەندام لە دەستەی فێرکاری و وانەبێژییەکان کە دەیانەوێت ببنە ئەندامی یەکێتی بە داواکارییەکی نووسراو.

ب- هەموو مامۆستایانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان چ ئەوانەی شەهیدبوون و چ ئەوانەی لە ژیاندا ماون دەبنە ئەندامی فەخری.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ عەرەبیەکەی.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة: تعدل المادة الخامسة من القانون وتكون كالآتي:

أ- عضوية الاتحاد حق اختياري لهؤلاء:

1- جميع المعلمين والمدرسين في المدارس والمعاهد والجامعات الحكومية والخاصة والاهلية.

2- المعلمون والمدرسون والمشرفون واعضاء الهيئات التعليمية والتدريسية المنتسبون الى الوزارات والهيئات والمؤسسات التربوية والتعليمية.

3- المتقاعدون من اعضاء الهيئات التعليمية والتدريسية الراغبون في عضوية الاتحاد بطلب تحريري.

ب- يكون معلمو الحركة التحررية الكوردستانية اعضاء فخريين سواء الشهداء منهم والاحياء.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان نوقتەی نیزامت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە عەرەبیەکە تەنها یەك مولاحەزەم هەیە، ئەویش کە دەڵێت (عضوية الاتحاد حق اختياري لهولاء)، زۆر زۆر لەنگەو، زۆر زۆر دەستەواژەیەکی سادەیە، ئەگەر لە جیاتی بڵێین (ويشمل: ) یەك (جميع المعلمين والمدرسين)، دوایی دوو، سێ، چوار بێتە خوارێ، (هولاء)ئەکە زۆر زۆر لەنگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت خاڵی دووەم نووسراوە (مامۆستایان و وانەبێژان) لە عەرەبیەکەی نووسراوە (المعلمون والمدرسون)، نابێت، دەبێت بڵێین (المحاضرون)، چونکە وانەبێژ (محاضر) مودەریسیش مامۆستایە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك حەمە سەعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكێتی مامۆستایان مەكتەبی سكرتاریەت چەند تێبینیەكیان پێشكەش كردووە، كە هی كۆنگرەشە، ئایا لەناو ئەو تەعدیلە تازەو ئەو راپۆرتە تازەیە رەچاو كراوە؟ ئەمە پرسیارە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی هاوبەش وەڵام بدەنەوەو دوایی دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ، بە تەئكید ئەمە پێشنیاری خۆیان بووە، بەلاّم رەنگە لە صیاغەدا دوای ئەوەی كە پێشنیارو بیرو بۆچوونی بەڕێزتان هات بەشێوەیەك رێك خراوەتەوە، كە رەنگە وردبینی زیاتری تێدا بێت لە رووی ناوەڕۆك و لە رووی شێوەوە، ئەگینا ئەمە داواكاری و بیرو بۆچوون و خواستی یەكێتی مامۆستایان بووە، دوای ئەوەی كە كۆنگرەیان كردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

دوا صیاغەی بخوێننەوە بە كوردی و عەرەبی.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم: ماددەی پێنجەمی یاساكە بەم شێوەیە هەموار دەكرێت:

أ- ئەندامیەتی لە یەكێتی مافێكی ئارەزوومەندانەیە ئەمانە دەگرێتەوە:

1- هەموو مامۆستایان و وانەبێژانی قوتابخانەو پەیمانگاو زانكۆ حكومی و تایبەتی و ئەهلیەكان.

2- مامۆستایان، وانەبێژان، سەرپەرشتیاران و ئەندامانی دەستەی فێركاری و وانەبێژەكان، كە میلاكن لەسەر وەزارەت و دەستەو دامەزراوەكانی پەروەردەو فێركردن.

3- خانەنیشانی ئەندام لە دەستەی فێركاری و وانەبێژییەكان كە دەیانەوێت ببنە ئەندامی یەكێتی بە داواكارییەكی نووسراو.

ب- هەموو مامۆستایانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردستان چ ئەوانەی شەهیدبوون و چ ئەوانەی لە ژیاندا ماون دەبنە ئەندامی فەخری.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ عەرەبیەكەی.

**بەڕێز د.صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثالثة: تعدل المادة الخامسة من القانون وتكون كالآتي:

أ- عضوية الاتحاد حق اختياري وتشمل:

1- جميع المعلمين والمحاضرين في المدارس والمعاهد والجامعات الحكومية والخاصة والاهلية.

2- المعلمين والمدرسين والمشرفين واعضاء الهيئات التعليمية والتدريسية المنتسبين الى الوزارات والهيئات والمؤسسات التربوية والتعليمية.

3- المتقاعدون من اعضاء الهيئات التعليمية والتدريسية الراغبين في عضوية الاتحاد بطلب تحريري.

ب- يكون معلمو الحركة التحررية الكوردستانية اعضاء فخريين سواء الشهداء منهم أو الاحياء.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموو بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز فرمان عزالدين محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

یەكەم: بڕگەی (1) لە ماددەی شەشەم بەم شێوەیە هەموار دەكرێت:

دەستەی گشتی و كۆنگرە.

دووەم: بڕگەیەك بۆ مادەی شەشەم زیاد دەكرێت و دەبێتە ژمارە (6) بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

نوێنەری یەكێتی لە قوتابخانەو دامەزراوەكانی پەروەردەو خوێندن.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بە عەرەبیەكەی.

**بەڕێز د.صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

اولاً: تعدل الفقرة (1) من المادة السادسة كالآتي:

الهيئة العامة والمؤتمر.

ثانيا: تضاف فقرة للمادة السادسة بتسلسل (6) وتقرأ كالآتي:

6- ممثل الاتحاد في المدارس ومؤسسات التربية والتعليم.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم:

یەکەم: بڕگەی (أ) لە ماددەی حەوتەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

أ-دەستەی گشتی لە هەموو ئەو ئەندامانەی یەکێتی پێکدێت کە پابەندیی خۆیان بە بڕگەکانی ئەم یاسایە جێبەجێکردووە، بە بەرزترین دەسەڵات تێیدا دادەنرێت و هەموو چوارساڵ جارێك لە بنکەی یەکێتی بەمەبەستی گرێدانی کۆنگرەی گشتی کۆ دەبێتەوە، لە ڕێگەی نوێنەرانیانەوە بە ڕێژەیەك کە ئەنجومەنی تەنفیزی دیاریدەکات، بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی یەکێتی و ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت کە ژمارەیان دەگاتە (15) ئەندامی سەرەکی و (4) ئەندامی یەدەگ، نیسابیش بە 3/2 ژمارەی نوێنەران تەواو دەبێت، ئەگەر نیساب تەواو نەبوو هەڵبژاردن دوای تێپەڕینی پازدە ڕۆژ لە کۆبوونەوەی یەکەم لە هەمان کات و شوێن بەڕێوە دەچێت، نیساب بە تەواوبوو دادەنرێت ژمارەی نوێنەرانی ئامادە بوو بگاتە هەر چەند.

دووەم: بڕگەی (ب) لە ماددەی حەوتەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

سەرۆکی یەکێتی و ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزی و مەکتەبی سکرتاریەت و سەرۆك لقەکان ئەندامانی کۆنگرە دەبن و، ئەنجومەنی تەنفیزی بۆی هەیە چەند ژمارەیەك لە مامۆستایانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و کەسایەتیە پەروەردەییەکانی هەرێم وەك ئەندامی کۆنگرە زیاد بکات و، ئەو مەرجانەی پێویستن بۆ ئەو کارە پەسەند بکات، بە مەرجێك کە لە (15) نوێنەر پتر نەبن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە عەرەبیەکەش.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة:

اولاً: تعدل الفقرة (أ) من المادة السابعة من القانون وتقرأ كالآتي:

أ-تشكل الهيئة العامة من جميع اعضاء الاتحاد الملتزمين بفقرات هذا القانون وتعد اعلى سلطة فيه وتجتمع كل اربعة اعوام مرة واحدة في مقر الاتحاد لغرض عقد المؤتمر العام، عن طريق ممثليهم بنسبة يحددها المجلس التنفيذي، لانتخاب رئيس الاتحاد واعضاء مكتب السكرتارية البالغ عددهم 15 عضوا اصلياً و 4 اعضاء احتياطيين، ويتم النصاب بثلثي الاعضاء، وفي حين عدم اكتمال النصاب تجري الانتخابات بعد مضي 15 يوما من الاجتماع الاول، ويعد النصاب مكتملا مهما بلغ عدد المثلين الحضور.

ثانيا: تعدل الفقرة (ب) من المادة السابعة وتقرأ كالآتي:

يكون رئيس الاتحاد واعضاء المجلس التنفيذي ومكتب السكرتارية ورؤساء الفروع اعضاء في المؤتمر. وللمجلس التنفيذي إضافة عدد من معلمي الحركة التحررية الكوردستانية والشخصيات التربوية في الاقليم كأعضاء في المؤتمر والموافقة على الشروط اللازمة لهذا الامر، شريطة ان لا يزيدوا عن 15 ممثلا.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نيزامت هەيە؟ فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، جياوازی هەيە لەنێوان هەردوو نەص، وشەی (تشكل) بە عەرەبی هاتووە، بەڕاستی خۆ كەس تەشكيل نەكات، وابزانم (تضم)، چونكە پێكهاتووە لە فلان و فلان، (تضم الاعضاء)، (تشكل) ئەگەر تۆ ليژنەيەك تەشكيل بكەيت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(تتكون) لە عەرەبيەكە باشترە، (تتكون الهيئة العامة من........)، يان (تتألف) زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دوای تەصحيح كردنی بووە (تتكون) دەيخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدايە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نييە دەستی بەرز بكاتەوە؟ يەك كەس لەگەڵدا نييە، زۆر سوپاس، بەزۆرينەی دەنگ پەسند كرا، فەرموو بۆ ماددەيەكی تر.

**بەڕێز د.عمر حمدامين خدر(نورەدينی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم:

ماددەی هەشتەمی ياساكە بەم شێوەيە هەموار دەكرێت:

بۆ ئەو كەسەی هەڵدەبژێردرێت بە سەرۆكی يەكێتی، يان ئەندامی مەكتەبی سكرتاريەت، يان ئەندامی مەكتەبی تەنفيزی و سەرۆكی لق و ئەندامانی دەستەی لق، مەرجە لە هاووڵاتيانی هەرێم بێت و ماوەی خزمەتی لە پەروەردەو فێركردن لە (5) ساڵ كەمتر نەبێت.

(ڕايەكی ديكە هەيە لەلايەن چەند بەڕێزێك تەرح كرا، كە ساڵی خزمەت لە بواری پەروەردەدا نەكرێتە مەرج بۆ ئەو پۆستانەو خۆپاڵاوتن كراوە بێت، يان بۆ پەيڕەوی ناوخۆ بەجێ بهێڵدرێت).

ئێمە دوای گفتوگۆمان لەگەڵ یەکێتی مامۆستایان جارێکی تر، هەروەها لە لیژنە کە دانیشتین، هەموو لیژنە پەیوەندیدارەکان رۆژی پێنج شەممە، ئێمە پێمان باشەو تەئیدی بڕگەی یەکەم دەکەین کە دەڵێت (بۆ ئەو کەسەی هەڵدەبژێردرێت بە سەرۆکی یەکێتی، یان ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت، یان ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و سەرۆکی لق و ئەندامانی دەستەی لق، مەرجە لە هاووڵاتیانی هەرێم بێت و ماوەی خزمەتی لە پەروەردەو فێرکردن لە (5) ساڵ کەمتر نەبێت)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە عەرەبیەکەی بخوێننەوە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

تعدل المادة الثامنة من القانون كالآتي:

يشترط في من ينتخب كرئيس للاتحاد او كعضو في مكتب السكرتارية او المجلس التنفيذي كرئيس الفرع وعضو هيئة الفرع ان يكون من مواطني الاقليم ولا تقل خدمته في مجال التربية والتعليم عن (5) سنوات.

(ثمة رأي آخر ان لا يشترط سنوات الخدمة لهذه المناصب وان يكون الترشح مفتوحا او يترك للنظام الداخلي).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لەبەر ئەوەی دوو رەئی هەیە، فەرموو نوقتەی نیزامت هەیە.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە سێ رەئیە، دوو رەئی نییە، بۆیە باشتر وایە جیا بکرێتەوە، ئەوەی دووەمیان کە دەڵێت (ڕایەکی دیکە هەیە کە ساڵی خزمەت لە بواری پەروەردەدا نەکرێتە مەرج بۆ ئەو پۆستانەو خۆپاڵاوتن کراوە بێت) ئەمە رەئیەکیان، رەئی دووەمیشیان: (یان بۆ پەیڕەوی ناوخۆ بەجێ بهێڵدرێت)، بەڕاستی لێرەدا هەرچەندە ئەمە گفتوگۆی لەسەر کراوە، بەڵام ئەی کۆنگرە بڕیاری چیە؟ ئەی شەرعیەتی کۆنگرە چیە؟ بۆچی ئێمە ئەگەر داواکارییەکەی ئەوانیش جێ بەجێ ناکەین، کە خۆیان گوتوویانە ئەوەندە ساڵ بێت، ئەمە بەرژەوەندی خۆیانە، تایبەتمەندیەتی خۆیانە، بەڵام لێرەدا با بۆ خۆیانی بەجێ بهێڵین، بەوە چارەسەر دەکرێت، بۆ پەیڕەوی ناوخۆ بەجێ بهێڵدرێت، بۆیە حەقە رەئیەکان جیا بکرێنەوەو بە جیاش دەنگی لەسەر بدرێت، تەئیدی ئەوەشیان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا فەرمان.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یـان هـەموو بڕگـەكان وەكـو خـۆی لـە پەیڕەوەكـە هـاتووە دەسـتكاری نەكـەین و بیخەینـە دەنگدانـەوەو بیهێڵینەوە بۆ یەكێتی مامۆستایان، یاخود ناكرێت ئێمە بڕگەیەك دەستكاری بكەین، بڕگەیـەك دەسـتكاری نەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا دوو ڕەئی جیاواز هەیە، بۆیە دوو كەس لە هەر یەك لـە ڕەئیـەكان دەتـوانن دیفـاعی لـێ بكـەن، دوای ئـەوە دەیخەینـە دەنگدانـەوە، ئێسـتا دێینـە سـەر ئـەو ڕەئیـەی كـە تازەیـە، دەڵێـت (مـاوەی خزمـەتی لـە پەروەردەو فێركردن لە پێنج ساڵ كەمتر نەبێت)، كێ دیفاعی لێ دەكات؟ دوو كـەس دەتوانێـت قسـە بكـات، كاك كاردۆ فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمـە باسـی ئـەوەمان كـرد، كـە ڕێكخـراوی پیشـەیی پێویسـتە مەرجـەكانی پەیوەنـدی، یـەعنی مـەرجی نوێنەرایەتی كردن، چونكە پەیوەندی بە پرۆسەی هەڵبژاردنەوەیە، لە ئیختیار كردنە، پەیوەندی بە كـاری زانستی و پیشەی ژیانەوە نییە، تا بڕیار بدرێت تەمەن بكرێتە پێوەر، یان خزمەت بكرێتە پێوەر، پێویستی بەو مەرجە نییە، بەڵام لەنێوان بیرو رایـەكان پێـنج ساڵەكەمان پـێ ئیجابی تـر بـوو، بـۆ ئـەوەی كـەمترین كاریگەر بێت بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرێك، چونكە باسی ئەوەمان كرد، ئەگەر ئێمە تەمەن دابنێین چ بەشـێك لە مامۆستایان نابنە خاوەن نوێنەری خۆیان لەو ئۆرگانانەی كە نوێنەرایەتی ئەوان دەكات و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دكتۆر عومەر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوای گفتوگۆ و هەماهەنگی و ئاڵوگۆڕی بیرو را هەم لەنێو خۆمانـدا، هـەمیش لەگـەڵ یـەكێتی مامۆسـتایان، ئەوەی كە دەڵێت لـە پێـنج سـاڵ كـەمتر نـەبێت، هـەم تـەوافوقی ئیجابی لەلایـەن یـەكێتی مامۆسـتایانەوەی لەسـەرە، هـەمیش لـەناو خۆمانـدا، لێـرە لەلایـەن لیژنـە پەیوەندیـدارەكان بـە هـەموو فراكسـیۆنەكانەوە، هەمیش پێنج ساڵ مـەنتیقی و لۆجیكیـە لەگـەڵ واقیعـی ئێسـتای یـەكێتی مامۆسـتایان دەگونجێت، چـونكە ئێستا ئەوان سەرۆكیان هەڵبژاردووە، ئەندامانی مەكتەبی سكرتاریەتیان بە مەرجە كۆنـەكان هەڵبـژاردووە، ماوەتەوە لقەكانیان، بۆیە بۆ لقەكانیشیان دەبینین كە دەبێتە پێنج ساڵ و كـار ئاسـانی دەكـات بـۆ هەنـدێك ئەندامانی یەكێتی مامۆستایان لە باسی لقەكان، كە گەنجن، تموحیان هەیە، بتـوانن خۆیـان كاندیـد بكـەن و سەر بكەون بۆ سەر ئاستی لقەكان، بۆیە ئێمە دیفاع لە ئەو نەصە دەكەین و پێمان باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەشی دووەم دەڵێت: ساڵی خزمەت نەکرێتە مەرج بۆ ئەو پۆستانەو خۆپاڵاوتن کراوە بێت، یان بۆ پەیڕەوی ناوخۆ بەجێ بهێڵدرێت)، کێ دیفاع لەوە دەکات؟ کاک عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چاوەڕوان بووم حوجەتێك بهێندرێت کە خزمەت لە بواری پەروەردە زەروری بێت، بۆ ئەوانەی خۆیان کاندید دەکەن، بەداخەوە حوجەتەکانم گوێ لێ نەبوو، من جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە، کە ئەوە کاری نەقابیە، ئەگەر بتانەوێت ساڵ دابنێن، بڵێن ئەندامیەتی لە یەکێتی مامۆستایان کەمتر نەبێت لە پێنج ساڵ، چونکە لەوێ پێوەرە، ئەمە خیبڕەی هەیە، بەلاَم من مودەریس بم چ خیبڕەی ئەکادیمیم هەیە، بۆیە یەکەمین سەبەب پێویست نییە هەبێت، ئەمە یەك.

دوو/ پەیڕەوی ناوخۆ و راسپاردەکان و ڕێنماییەکانی دەستەی گشتی، یان سکرتاریەت لەکاتی هەڵبژاردنەکان با دەستیان والاَ بێت، کاك عومەر شتێکی جوانی گوت، گوتی خۆیان هەڵبژاردنەکانیان کردووەو مەرجەکانیان داناوە، چ مانیع نابێت ئەگەر تۆ دەتەوێت شتێك ڕێگای بدەیتێ، نەصێکی دانەنا، واتا بۆیە من دەڵێم زیادە لەبەر دوو سەبەبی، یەك/ بە خۆیان بەپێی هەلومەرجی خۆیان لە ڕێنماییەکانی هەڵبژاردن بۆ بەستنی کۆنگرە، یانیش هەڵبژاردنەکان مەرجەکان دانێن دەستیان والاَ بێت، تاکو ناچار نەبن هەر جارێك دەیانویست بەپێی هەلومەرجی تازە هەڵبژاردن بکەن و یاسا بگۆڕن.

دووەمیان/ من هیچ پەیوەندی نابینم لەنێوان خزمەت لە بواری پەروەردەو کە مەرجێك بێت بۆ خۆ کاندید کردن، بۆ پۆستێك لە کاری نەقابی، بۆیە من لەگەڵ ئەو رەئیەمە ئەو پێنج ساڵە نەبێت، مانیع نییە ئەگەر ئەوان مەرج دانێین، هەموومان دەزانین لەکاری نەقابی، بەتایبەتی سەندیکایەکی گەورەی وەکو ئەوە لەوێ دەست نیشان کردنی کاندید بۆ ئەم پۆستانە وا لە رەها نایەت، بە تەئکید ئەوان شەخصیات دادەنێن، کە خۆی رەنگە مەرجەکانی تێدا بێت، بەلاَم با دەستیان نەبەستین، با ناچار نەبین هەموو جار یاسایەك بگۆڕین، هەر وەختێك بەرژەوەندی، یان شتێکی تری خواست، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خەلیل کاك دکتۆر عومەر بەناوی لیژنەکە دیفاعی لە خاڵی یەکەم کرد، فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە کۆبوونەوەی رابردووش، بەڕاستی من هەمان ئەو رەئیەی ئێستای کاك عبدالسلام تەرحی کرد، ئەو رەئیەم هەبوو، یەعنی ساڵانی خزمەت ناکرێت بکرێتە پێوەر بۆ یەکێتی مامۆستایان، بۆ بە ئەندام بوون، یاخود بۆ خۆ پاڵاوتن، خۆ کاندید کردن بۆ پۆستێك لە پۆستەکانی یەکێتی مامۆستایان، بگرە ئەندام بوون لەناو ڕێکخراوەکەدا، من پێموایە ئەمە کارێکی تەواوە، کە بکرێت بە پێوەر، ئەمە یەکێك لە حاڵەتەکانە کاك عبدالسلام باسی کرد.

دوو/ بەڕاستی ئەمە دەبێتە تەداخولێکی زۆر زۆر ورد لە پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوێك، کە ئێمە بەڕاستی لە سەنگ و قورسایی کۆنگرەی ئەو ڕێکخراوە کەم دەکەینەوە، کە خۆی پەیڕەوی ناوخۆی داناوە بەڕاستی، کەواتە ڕێکخراو و حزب و کۆمەڵەکانی تر، بۆچی کۆنگرە ببەستن؟ ئەگەر ئێمە وا بە وردی و شۆڕ بینەوە بۆ ناو هەموو وردەکارییەکانیان بەڕاستی، بۆیە من پێم باشە بەڕاستی ئەوە بۆ پەیڕەوی ناوخۆیان بەجێ بهێڵین و پێوەری ئەندامیەتی ئەوە نەبێت، هەیە لەوانەیە دە ساڵ فەرمانبەر بێت، بەڵام هیچ لە کاری ڕێکخراوی نازانێت، لەوانەیە هیچ لە کاری پیشەیی یەکێتی مامۆستایان تێ نەگات بەڕاست، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر سەروەر نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کاتێك پەرلەمان لەو یاسایەدا کرد، بۆ ئەوەی پەسند بکرێت، چونکە فەراغێك هەبوو لەوێ مامۆستایان کۆنگرەی خۆیان کرد بوو و نەیاندەتوانی لقەکانیان هەڵبژێرن، ئێستا کە ئێمە ئەو یاسایە پەسند دەکەین، هەست دەکەین هاودژیەك دروست دەبێت لەگەڵ پەیڕەودا، چوارساڵی پێ دەچێت تاکو کۆنگرە دەکەن، یان دەبێت کۆنگرەیەکی تر بکەین، کۆنگرەیەکیان کردووە، هەندێك شت هەیە با بە سەریحی بڵێین با تەوافوقێکە سکرتاریەتێکیان هەڵبژاردووە، دیسان ئەو پەلەیەی کەوا ئێمە کردمان و یاساکە پەسند بکەین، هیچ سوودێکی لێ نابینن، واتا کار دەکات شتێکە، بەمە کار دەکات شتێکی ترە، پرسەکەیان پەکی دەکەوێت، بۆیە لە مەیان من بە پێویستی دەزانم و پشتگیری ئەو ڕەئیەش دەکەم، کەوا ئەو شتەی لێرە هەیە بۆ خۆیان کاری خۆیان دەزانن و، بۆ پەیڕەوی ناوخۆ بەجێ بهێڵرێت و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئاخیر کەس عەزیمە خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەوەی کە پەیڕەوی ناوخۆی خۆیانە، کە ئەو بەڕێزانەی دەڵێن با بۆ پەیڕەوی ناوخۆی خۆیان بەجێ بهێڵدرێت، ئەم یاسایە هاتۆتە بەردەستی ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی پەروەردەش، ئێمە لەسەر ئەوە ئیتیفاقمان کرد لەگەڵ نوێنەرانی مامۆستایان لە لیژنەی پەروەردە کۆ دەنگ بووین لەسەر ئەوەی کە نەك پازدە ساڵ بێت، بەڵکو با کەم بکەینەوە بۆ پێنج ساڵ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەئیەکی تر هەبوو لەناو ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەکەشدا لەگەڵ لیژنەکانی تر کە لەگەڵەماندا بوون وەکو کۆمەڵەی مەدەنی و ئەوان ڕەئی ئەوانیش دەبێت بە هەند وەربگیرێت و جیا بکرێتەوە، وەکو ئێستا دکتۆر سەروەر گوتی ساڵی خزمەت بە جیا بدرێتە دەنگدانەوە، هەروەها بەجێ بهێڵدرێت بۆ پەیڕەوی ناوخۆ، چونکە لە پەیڕەوی

ناوخۆی ئەوان پازدە ساڵ دانراوە، ئایا ئەندامان لەگەڵ ئەوەدان کە کەسێك هەڵبژێرێت پازدە ساڵ خزمەتی هەبێت، دە ساڵ خزمەتی هەبێت، هەرسێکی بخرێتە دەنگدانەوە، بە رەئی من جیا بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر قسەت کرد، قسەی ترت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەپێناو باشتر روون کردنەوەی بابەتەکە دەمەوێت قسە بکەم، ئەویش ئەوەیە ئەگەر ئێمە بمانەوێت پەیوەندی نێوان خزمەتی سەندیکا لەگەڵ پیشەیی، بەڕاستی دیارە پەیوەندیان بە یەکترەوە هەیە، چونکە ئەو ئەندامەی کە پۆست وەردەگرێت لە یەکێتی مامۆستایان نوێنەرایەتی دەکات لەسەر ئەساسی ئەوەی کە پیشەی مامۆستایەتیە، واتا بۆیە خزمەتی مامۆستایەتی، مومارەسە کردنی پیشەی مامۆستایەتی بێگومان کاریگەری باشی دەبێت لەسەر باش نوێنەرایەتی کردن و ئەدای وەزیفەی سەندیکا، بۆیە هەردووکیان تەواوکەری یەکترن و بەڕاستی پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیە، ئەوی تریش بەڕێزان، ئێمە ئەگەر بڵێین لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت، هیچ تەناقوزی لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆی ئەواندا نابێت، چونکە ئێمە دەڵێین کەمتر نەبێت، واتا ئەگەر ئەوان لە پەیڕەودا گوتبیان لە دە ساڵیش بۆ ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت کە ئێستا تەواو بوون و هەڵیانبژاردووە، دیسان نەصە قانونیەکە هیچ ئیشکالیەتێك بۆ پەیڕەوی ناوخۆی ئەوان دروست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، سێ رەئی جیاواز هەیە، یەکێکیان دەڵێت/ بۆ ئەندامیەتی مەکتەبی سکرتاریەت، یان ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و سەرۆکی لقەو ئەندامی دەستەی لق ساڵی خزمەت نەمێنێت.

دووەمیان دەڵێت/ لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت.

سێیەمیان دەڵێت/ بەجێ بهێڵدرێت بۆ پەیڕەوی ناوخۆ.

دوورترینەکەیان ئەوەیە کە ساڵ نەمێنێت، ئێستا یەکەم جار ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە، دووبارەی دەکەمەوە، بۆ ئەو کەسەی کە هەڵدەبژێری بۆ سەرۆکی یەکێتی، یان ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت، یان ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و سەرۆکی لقەکان، ساڵی خزمەتی تیا نەمێنێت، کێ لەگەڵ ئەوەدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (25) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ لەگەڵدا نییە.

ئێستا دووەم دەخەینە دەنگدانەوە، بۆ ئەو کەسەی هەڵدەبژێردرێت بە سەرۆکی یەکێتی، یان ئەندامی مەکتەبی سکرتایەرت، یان ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و سەرۆکی لقەکان خزمەتی لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت، کێ لەگەڵدایە....... فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نوقتەیەكی نیزامی، ئەمە ئیقتیراحی لیژنەیە، بۆیە دەبێت ئاخیر دەنگدان ئەوە بێت، چونكە ئێستا هی نیزام داخیلی هاتووە، ئەویش دوورە لە ئیقتیراحی لیژنە، دەبێت ئەمە پێش بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دەبێت دوورەكە، كامەیان دوورترە لە مەشروعە ئەسڵییەكە جاری یەكەم ئەو دەخرێتە دەنگدانەوە، بەپێی قانون ئەوەیە، ئەوەی دوورترینە لە مەشروعە ئەسڵییەكەو دەخرێتە دەنگدانەوە، ئێستا بۆ ئەوەی خزمەتی لە پێنج ساڵ كەمتر نەبێت كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (55) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (15) كەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، دەبێت خزمەتی لە پێنج ساڵ كەمتر نەبێت، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم:

ماددەی یازدەهەمی یاساكە بەم شێوەیە هەموار دەكرێت و دەخوێندرێتەوە:

أ- توێژینەوەو گفتوگۆ و پێشكەشكردنی پێشنیاری هەمواری یاسای دابینكاری (الضمان) بە هەموو حاڵەتەكانیەوە.

ب- توێژینەوەو گفتوگۆی یاسای یەكێتی و پێشكەشكردنی پیشنیار بۆ هەمواركردنی.

ج- توێژینەوەو گفتوگۆ و پەسندكردنی پەیڕەوی ناوخۆی یەكێتی.

د- توێژینەوەو ڕێكخستنی ئەرك و فەرمانەكانی لیژنەكانی كۆنگرەی گشتی و پەسند كردنی راپۆرتی كارگێڕی و دارایی.

هـ- توێژینەوەو هەڵسەنگاندنی ئەركەكانی یەكێتی لە ماوەی نێوان هەر دوو كۆنگرەدا.

و- هەڵبژاردنی سەرۆكی یەكێتی و ئەندامانی مەكتەبی سكرتاریەت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بە عەرەبییەكەش بخوێننەوە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

تعدل المادة الحادية عشرة من القانون وتقرأ بالشكل الآتي:

أ- دراسة ومناقشة وتقديم مقترح تعديل قانون الضمان بجميع حالاته.

ب- دراسة ومناقشة قانون الاتحاد وتقديم المقترح لتعديله.

ج- دراسة ومناقشة النظام الداخلي للاتحاد والموافقة عليه.

د- دراسة وتنظيم مهام وواجبات لجان المؤتمر العام والمصادقة على التقرير الاداري والمالي.

هـ- دراسة وتقويم اعمال الاتحاد في الفترة مابين المؤتمرين.

و- انتخاب رئيس الاتحاد واعضاء مكتب السكرتارية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموو بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم:

زنجیرە (3) لە بڕگەی (یەكەم) لە ماددەی دوازدەهەمی یاساكە بەم شێوەیە هەموار دەكرێت:

3- سەرۆك لقەكان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون بە عەرەبییەكەش.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

يعدل تسلسل (3) من المادة الثانية عشرة من القانون كالاتي:

3- رؤساء الفروع.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموو بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم: ماددەی سێزدەیەمی یاساكە هەموار دەكرێت و بەم شێوەیەی لێ دێت:

یەكەم:

أ-مەكتەبی سكرتاریەت بە دەستەی كارای ئەنجومەنی تەنفیزیی یەكێتی دادەنرێت، لەناو ئەندامانیدا دوو جێگر هەڵدەبژێرێت و كارەكان لە ناو ئەندامانی دابەش دەكات، سەرۆكی یەكێتی ئامادەی كۆبوونەوەكانی مەكتەبی سكرتاریەت دەبێت و بە ئامادەبوونیشی كۆبوونەوە بەسەرۆكایەتی ئەو گرێدەدرێت.

ب- لە مەكتەبی سكرتاریەت ڕەچاوی نوێنەرایەتی نەتەوەكانی توركمان و كلدان و سریان ئاشوور دەكرێت.

دووەم: بڕگەی دووەم لە ماددەی سێزدەیەم لادەبرێت، چونکە لە ماددەی شەشەمی ئەم یاسایە چارەسەر کراوە.

سێیەم: خاڵی پێنجەمی بڕگەی سێیەمی ماددەکە بەم شێوەیە هەموار دەکرێت:

(کارکردن بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیی لەگەڵ سەندیکاو ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکانی هەرێم و دەرەوەی هەرێم، بەشێوەیەك کە خزمەت بە بەرژەوەندیی گشتی مامۆستایان و پرۆسەی پەروەردە لە کوردستان- عێراق بکات).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بە عەرەبیەکەی بخوێننەوە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة: تعدل المادة الثالثة عشرة من القانون وتكون كالآتي:

اولاً:

أ- يعد مكتب السكرتارية الهيئة العاملة للمجلس التنفيذي للاتحاد، ينتخب نائبين من بين اعضائه ويقسم المهام بين اعضائه، يحضر رئيس الاتحاد اجتماعات مكتب السكرتارية وبحضوره ينعقد الاجتماع برئاسته.

ب- يراعى تمثيل قوميات التركمان والكلدان والسريان والآشوريين في مكتب السكرتارية.

ثانياً: تحذف الفقرة الثانية من المادة الثالثة عشر، إذ تمت معالجتها في المادة السادسة من هذا القانون.

ثالثاً: تعدل النقطة الخامسة من الفقرة الثالثة من المادة كالآتي:

(العمل لتقوية العلاقة مع النقابات والمنظمات المهنية والجماهيرية في الاقليم وخارجه بحيث تخدم المصلحة العامة للمعلمين والعملية التربوية في كوردستان – العراق).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ثائر.

**بەڕێز ثائر عبدالاحد اوغسطين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی فەقەرەی (ب) دەڵێت (يراعى تمثيل قوميات التركمان والكلدان والسريان والآشوريين)، بەس داوا دەکەین (و)ەکان هەڵبگیرێت، ئەوی تر بمێنێتەوە (الكلدان السريان الاشوريين)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز د.عمر حمدامين خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری ئەو ڕەئیەی بەڕێز کاك دکتۆر ثائر دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دوای ئەو تەعدیلە دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموو بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دەیەم:

ماددەی چواردەیەمی یاساكە هەموار دەكرێت و بەم شێوەیەی لێ دێت:

یەكەم: دەستەكانی لق:

1- نوێنەرانی لقەكان كە ژمارەیان كەمتر نەبێت لەوەی لە ماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتووەو هەڵبژێردراون بۆ ئەندامێتی كۆنگرەی گشتی، پاش تەواو بوونی كارەكانی كۆنگرە كۆدەبنەوە بۆ هەڵبژاردنی دەستەی لق لەناو خۆیان، كە ئەویش بۆ پارێزگاكان لە نۆ ئەندامی سەرەكی و دوو ئەندامی یەدەگ و بۆ یەكە كارگێڕییەكانی دیكە لە حەوت ئەندامی سەرەكی و دوو یەدەگ پێكدێت.

2- دەستەی لق لە یەكەمین كۆبوونەوەی خۆیدا سەرۆكێك بۆ خۆی و بەرپرسی لیژنەكانی دەستە هەڵدەبژێرێت.

دووەم: خاڵێك بە ژمارە (3) بۆ بڕگەی یەكەمی ماددەكە زیاد دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

3- لەو لقانەدا كە نەتەوەكانی توركمان و كلدان سریان ئاشوور بوونیان هەیە رەچاوی ئەوە دەكرێت كە نوێنەریان هەبێت.

سێیەم: خاڵێك بۆ بڕگەی دووەم زیاد دەكرێت و دەبێتە خاڵی (3) و بەم شێوەیەی لێدێت:

3-دەستەی لق مانگانە یەك جار كۆدەبێتەوەو بۆی هەیە هەركات پێویست بوو كۆبوونەوەی نائاسایی ببەستێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون بەعەرەبییەكەی بخوێننەوە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة العاشرة: تعدل المادة الرابعة عشرة من القانون وتكون كالاتي:

اولاً: هيئات الفرع

1- يجتمع ممثلوا الفروع بحيث لا يقل عددهم عما ورد في المادة الثانية من هذا القانون المنتخبون لعضوية المؤتمر العام، بعد اتمام اعمال المؤتمر لانتخاب هيئة الفرع فيما بينهم، بحيث تتكون في المحافظات من (9) اعضاء اصليين وعضوي احتياط وفي الوحدات الادارية الاخرى من (7) اعضاء اصليين وعضوي احتياط.

2- تنتخب هيئة الفرع في اول اجتماع لها رئيسا لها ومسؤولي لجانها.

ثانياً: تضاف نقطة بتسلسل (3) الى الفقرة الاولى من المادة وتقرا كالآتي:

3- في الفروع التي تتواجد قوميات التركمان والكلدان السريان الاشوريين يراعى ان يكون لها تمثيل.

ثالثاً: تضاف نقطة الى الفقرة الثانية وتكون بتسلسل (3) وبالشكل الآتي:

3- تجتمع هيئة الفرع شهريا مرة واحدة ولها عقد الاجتماع الاستثنائي كلما دعت الحاجة.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموو بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز فرمان عزالدين محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یازدەیەم:

خاڵێك بۆ بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی پازدەیەمی یاساكە بە ژمارە (4) زیاد دەكرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

4-لیژنەی قەزا بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی لق لەناو دەستەی مامۆستایاندا نوێنەری یەكێتی لە دامەزراوەكانی پەروەردەو خوێندن هەڵدەبژێرێت، لە پێناوی بەهێزكردنی پەیوەندی نێوان یەكێتی و بنكەكانی و گەیاندنی ڕێنمایی و ئاراستەكانی یەكێتی پێیان.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون بە عەرەبیەكەی بیخوێننەوە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الحادية عشرة:

تضاف نقطة الى الفقرة ثالثاً من المادة الخامسة عشرة بتسلسل (4) وتقرأ كالآتي:

4- تنتخب لجنة القضاء بالتنسيق مع هيئة الفرع من بين هيئة المعلمين ممثلا للاتحاد في مؤسسات التربية والتعليم من اجل تقوية الصلة بين الاتحاد ومراكزه وايصال تعليمات الاتحاد وتوجيهاته اليها.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سيوەيل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت صیاغەكەی بە عەرەبی زۆر ناڕێكە، یەعنی هەر مانا نادات، پێمان باشە ئەگەر دوای ئەوەی دەخرێتە دەنگدانەوە صیاغە عەرەبیەكەی دووبارە بنووسرێتەوە دارشتنەكەی باشترە، بۆ نموونە، ماددەی دەیەم دەنگی لەسەر درا سێیەم بخوێننەوە ئەسڵەن هەر تێی ناگەن (في الفروع التي تتواجد قوميات

التركمان والكلدان السريان الاشوريين يراعى ان يكون لها تمثيل)، تەمسیلی چی؟ ئەوە حەق وایە صیاغەکەی دووبارە بکرێتەوە، عەرەبیەکەی زۆر نا رێکەو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فیعلەن قسەکانی سیوەیل خان زۆر راستە، مولاحەزە دەکەین صیاغەکە زۆر بە وردی نەهاتووەو جیاوازی هەیە، بۆیە داوا دەکەم لە سەرۆکایەتی پەرلەمان تەخویلی سکرتاریەتی پەرلەمان بکرێت، بۆ ئەوەی صیاغەکەی چاك بکرێتەوە، تاکو هەموو قانونەکە بەشێوەیەکی موعەیەن دەربچێت و رێك و پێك بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئێمە سکرتاریەتی پەرلەمان رادەسپێرین دوایی صیاغەکە چاك دەکەنەوە لەگەڵ چاك کردنەوەی صیاغەکە کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (2) کەس موعاریزە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە صیاغە کردنەوەی من پێم باش بوو نوێنەرەکان نوێنەرایەتی مامۆستایان بکەن، نەك تەوجیهاتی یەکێتی مامۆستایان دەبنە ناو بنکەکان، یەعنی خۆی هەڵبژاردنەکە بۆ چیە؟ بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی ئەوانە بکات، کە هەڵیدەبژێرن، لە صیاغەکە ئەم مەفهومە بگۆڕدرێت بەشێوەیەك کە نوێنەرایەتی مامۆستایانی ئەو بنکە دەکات، نەك ئیش و کاری تەوجیهاتی مامۆستایان دەباتە ناو قوتابخانەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینیەکەت بنووسەو بیدە بە لیژنەکە، بۆ ئەوەی رەچاوی بکەن، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر، جارێکی تر بیخوێننەوە.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یازدەیەم:

خالێك بۆ بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی پازدەیەمی یاساكە بە ژمارە (4) زیاد دەكرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

4- لیژنەی قەزا بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی لق لەناو دەستەی مامۆستایاندا نوێنەری یەكێتی لە دامەزراوەكانی پەروەردەو خوێندن هەڵدەبژێرێت، لە پێناو بەهێزكردنی پەیوەندی نێوان یەكێتی و بنكەكانی و گەیاندنی ڕێنمایی و ئاراستەكانی یەكێتی پێیان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕاستی كوردی و عەرەبیەكەشی ڕەكیكە، فەرموون بە عەرەبیەكەی بخوێننەوە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الحادية عشرة:

تضاف نقطة الى الفقرة ثالثاً من المادة الخامسة عشرة بتسلسل (4) وتقرأ كالآتي:

4- تنتخب لجنة القضاء بالتنسيق مع هيئة الفرع من بين هيئة المعلمين ممثلا للاتحاد في مؤسسات التربية والتعليم من اجل تقوية الصلة بين الاتحاد ومراكزه وايصال تعليمات الاتحاد وتوجيهاته اليها.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ئەوەی كە خوێندرایەوە بەكوردی و بە عەرەبی دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموو بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دوازدەیەم:

یەكەم: خاڵی (1) لە بڕگەی یەكەم لە ماددەی شازدەیەمی یاساكە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەكرێت:

1- پارەیەك بە بڕی (3000) سێ هەزار دینار كە ئەندامان بەپێی میكانیزمێكی دیاریكراو لەلایەن ئەنجومەنی تەنفیزی دیاری دەكرێت و دەیدەن، ئەم پارەیەش بەم شێوەیە دابەش دەكرێت:

أ-70٪حەفتا لەسەد بۆ حیسابی سندووقی دابینكاری.

ب-20٪ بیست لەسەد بۆ حیسابی لق.

ج-10٪ دە لە سەد بۆ حیسابی مەكتەبی سكرتاریەت.

لە بەرامبەر ئەم بۆچوونەو ئەم پێشنیارەدا ڕەئیەكی تر هەیە دەڵێت (كە بڕە پارەكە بكرێتە (1000) یەك هەزار دینار).

دووەم: بڕگەی دووەم لە ماددەی شازدەیەم بەم شێوەیە هەموار دەكرێت و دەخوێندرێتەوە:

دووەم: کۆنگرەی گشتی چۆنیەتی خەرجکردن لە بڕگەکانی (أ،ب،ج)ی بەندی یەکەم دیاریدەکات، پێویستە دەستە کارگێڕییەکانی لقەکان پابەند بن بەو ڕێنماییانەی لەم بارەوە دەردەچن، لیژنە تایبەتەکان بەناوی (لیژنەی دابینکاری و لیژنەی یارمەتیدانی ئەندامان) بە مەبەستی جێ بەجێ کردنی ئەو ڕێنماییانە پێك دەهێنرێن.

سێیەم: بڕگەی حەوتەم بەم شێوەیە هەموار دەکرێت:

حەوتەم: ڕێژەی لە 10٪ دە لەسەدی سەرچاوە داراییەکان کە لە بڕگەی (یەکەم: ج) لە بەندی یەکەم هاتووە دەگوێزرێتەوە بۆ حیسابی مەکتەبی سکرتاریەت لەلایەن بانکەکانی هەرێم و لە لایەن لقەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بە عەرەبیەکەش بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕێك هەڵەی چاپی تێدایە.

المادة الثانية عشرة:

اولا: تعدل الفقرة (1) من اولاً من المادة السادسة عشرة كالآتي:

1- مبلغ قدره (3000) ثلاثة الآف دينار يدفعه الاعضاء وفق آلية يحددها المجلس التنفيذي ويقسم هذا المبلغ بالشكل الآتي:

أ-70٪ سبعون بالمائة لحساب صندوق الضمان.

ب-20٪ عشرون بالمائة لحساب الفرع.

ج-10٪ عشرة بالمائة لحساب مكتب السكرتارية.

(ثمة راى آخر أن يكون هذا المبلغ (1000) الف دينار).

ثانيا: تعدل الفقرة الثانية من المادة السادسة عشرة وتقرأ كالآتي :

ثانيا: يحدد المؤتمر العام كيفية الصرف للفقرات (أ.ب.ج) من ( اولاً)، وعلى الهيئات الادارية في الفروع الالتزام بالتعليمات الصادرة بهذا الشأن وتشكل اللجان الخاصة (لجنة الضمان ولجنة مساعدة الأعضاء) لغرض تنفيذ هذه التعليمات.

ثالثاً: تعدل الفقرة السابعة من المادة السادسة عشرة كالآتي:

سابعا: تتم مناقلة نسبة10٪ من الموارد المالية الواردة في الفقرة (اولا:ج) الى حساب مكتب السكرتارية في مصارف الاقليم من قبل الفرع.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سێوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت خاڵی یەكەم (أ) نووسراوە سندووقی زەمان بە عەرەبیەكەی راستە، بەڵام بە كوردیەكەی نووسراوە سندووقی دابینكاری، دابینكاری یەعنی چی؟ ئەگەر وشەكەی هەندێك بگۆڕین باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان، لە ماددەی دوازدەم لە یەكەمدا لە كوردیەكەی لێرە هاتووە دەڵێت كۆنگرەش بۆی هەیە بڕی بەشداری مانگانە بگۆڕێت، بەڵام لە عەرەبیەكەیدا ئەوە نەهاتووە، یەعنی گۆڕانكاری هەیە لە كوردی و عەرەبیەكەی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دكتۆر عومەر.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە كوردیەكەش دوای صیاغە هەموومان كۆك بووین لەسەر ئەوەی كە ئەم بڕگەیە لابرێت، بەس دیارە لە كاتی چاپدا ئەم بڕگەیە لە كوردیەكە ماوە، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەش بووین كە ئەم بڕگەیە لابرێت، واتا كۆنگرەش بۆی هەیە بڕیاری بەشداری مانگانە بگۆڕێت، ئێمە موتەفیق بووین كە لابچێت، وەكو عەرەبیەكەی لێ بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێوە واتان نەخوێندەوە، كەواتە ئەسڵیەكەی بخوێننەوە، بۆ ئەوەی پەرلەمانتارە بەڕێزەكان بە ئاگا بن لێی، فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە كاتی خوێندنەوەیدا ئەوەم تەرك كرد بوو، بەڵام دیارە لەو نوسخەیەی كە لەلای بەڕێزانە بە تەبع هەر هاتووە، بۆیە جارێكی تر دەیخوێنمەوە:

ماددەی دوازدەیەم:

یەكەم: خاڵی (1) لە بڕگەی یەكەم لە ماددەی شازدەیەمی یاساكە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەكرێت:

1- پارەیەك بە بڕی (3000) سێ هەزار دینار كە ئەندامان بەپێی میكانیزمێكی دیاریكراو لەلایەن ئەنجومەنی تەنفیزی دیاری دەكرێت و دەیدەن، ئەم پارەیەش بەم شێوەیە دابەش دەكرێت:

أ-70٪حەفتا لەسەد بۆ حیسابی سندووقی دابینکاری، لەڕاستیدا دەبێت بڵێین سندووقی دڵنیایی، دڵنیایی (تأمین)، دەستەبەر.

أ- 70٪حەفتا لەسەد بۆ حیسابی سندووقی دەستەبەری.

ب-20٪ بیست لەسەد بۆ حیسابی لق.

ج-10٪ دە لە سەد بۆ حیسابی مەکتەبی سکرتاریەت.

بۆچوونی دووەمیش ئەوەیە (کە بڕە پارەکە بکرێتە (1000) یەك هەزار دینار).

دووەم: بڕگەی دووەم لە ماددەی شازدەیەم بەم شێوەیە هەموار دەکرێت و دەخوێندرێتەوە:

دووەم: کۆنگرەی گشتی چۆنیەتی خەرجکردن لە بڕگەکانی (أ،ب،ج)ی بەندی یەکەم دیاری دەکات، پێویستە دەستە کارگێڕییەکانی لقەکان پابەند بن بەو ڕێنماییانەی لەم بارەوە دەردەچن، لیژنە تایبەتەکان بەناوی (لیژنەی دەستەبەری و لیژنەی یارمەتیدانی ئەندامان) بە مەبەستی جێ بەجێ کردنی ئەو ڕێنماییانە پێك دەهێنرێن.

سێیەم: بڕگەی حەوتەم بەم شێوەیە هەموار دەکرێت:

حەوتەم: ڕێژەی لە 10٪ دە لەسەدی سەرچاوە داراییەکان کە لە بڕگەی (یەکەم/ ج) لە بەندی یەکەم هاتووە دەگوێزرێتەوە بۆ حیسابی مەکتەبی سکرتاریەت لەلایەن بانکەکانی هەرێم و لە لایەن لقەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، مەوزوعی دیار کردنی پارەکە، بە تەسەوری من دەرچوونە لە یاسای کۆمەڵە، لەوێ بەهیچ شێوەیەك باس نەکراوەو، من تەسەور دەکەم ئەوەی کاك عومەر باسی کرد، کە لابدەین، کە پێچەوانەی بکەین، یەعنی ئێمە نازانین ئەو سێ هەزار دینارە پاش دوو ساڵی تر، سێ ساڵی تر قیمەتی فیعلی چەندە، لەسەر چ ئەساسێك لە یاسایەك ئێمە ئەوها دەستی یەکتر بگرین، بە ڕەئی من ئێمە بڵێین بزەبت پێچەوانەکەی پارەیەك کە لە کۆنگرە، یان لەلایەن سکرتاریەت تەحدید دەکرێت بڕۆین هەتا ئەخیری، ئەمە یەکەمین تێبینیم.

دووەمیان/ ئەوەی دابینکاری باش بوو رزگار بووین لێی.

سێیەمیان/ ئەوەی ئەخیر لە 10٪ سەرچاوە داراییەکان لە بڕگەی (ج) هاتووە بۆ بانکی هەرێم بچێت بانکێکی تر، تەبعەن حیسابەکە لەکوێ دەبێت؟ هەر لە بانك دەبێت، بە تەسەوری من داعی نییە ئەسڵەن

ئـەوە هـەبێت، ئەگـەر مەبەسـت ئـەوە بێـت، کـە لقـەکان دەینێـرن خـۆ وازیحـە هـەر لـە صـیاغەی ئـەوەی یەکەمەکەدا، هەموو ئەندامەکان پارە دەدەن لە 10٪ بۆ مەکتەبی سکرتاریەتە، من تەسەور دەکـەم ئەمـەی ئەخیر لابرێت، ئەوەی دەڵێت لە 10٪ حیسابێك لە بانك.

سێیەمیان/ لە جیاتی پارە تەحدید بکەین، بڵێین پارەیەك دەدەن کە لەلایەن ئینجا ئـەوە ئیقتیراحـی منـە یان سکرتاریەت، یان کۆنگرە دەست نیشان دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی رەئی برای بەڕێزم کاك عبدالسلام دەکەم، بەنیسبەت فەقەرەی یەکەم، واتا ئەو پارەیە نـە سـێ هەزارەکە بنووسرێت، نە هەزارەکە بنووسـرێت، بـەڵکو پـارەی ئیشـتیراکەکان بنووسـرێت، بـۆ نموونـە بڵێـت (یحدد مبلغ اشتراکات الاعضاء وفق آلالیة الـتي یحـددها المجلس التنفیـذي للاتحـاد ویقسـم) بێتـە خـوارێ لـە سەدا ئەوەندە بۆ ئەوە، سەدا ئەوەنـدە بـۆ ئـەوە......، چونکە ئـەو پارەیـە قـابیلی زیـادەو نوقصـانە بـەپێی وەزعی ئیقتیصادی ئەم وڵاتە، ناکرێت هـەموو جارێـك بێتـەوە پەرلـەمان ئـەم پارەیـە بـەرزو نزمـی بکـەن، بۆیە ئەمە بۆ مەجلیسی تەنفیزیەکە بە جێ بهێڵدرێت، بـۆ ئـەوەی ئالیەتەکـەی تەحدیـد بکـات بـۆ دەسـت نیشان کردنی پارەکەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئاخیر کەس عەزیمە خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی یەکەم لە ماددەی شازدەهەمدا یەکەم کە بڕە پارەکەی تیا دیاری کـراوە، هـەر لـەناو ئـەو بڕگەیـە کۆنگرەش بۆی هەیە بڕی بەشداری مانگانە بگۆڕێت، لێـرەدا تـەناقوزێك دروسـت دەکـات لـەوەی کـە تـۆ بـە یاسا...........

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەیان لابردووە، نەیخوێندەوە، لامان بردووە، پرۆتۆکۆل ئەوە تەسجیل دەکات کە دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە یەکەم جار ئەم بڕگەیەمان داخیل کرد، کۆنگرەش بۆی هەیە بـڕی بەشـداری مانگانـە بگـۆڕێت، بـەڵام دوای ئەوە کـە گفتوگۆمـان لەگـەڵ یـەکێتی مامۆسـتایان کـرد، ئـەوان کۆنگرەیـان گرتـووەو بڕەکـەیان دیـاری

نەکردووە، بۆیە تازە کۆنگرە ناگرنەوە جارێکی تر، بۆ ئەوەی بڕی ئەم مانگانەی کە وەریدەگرن ئەوان دیاری بکەنەوە، ئەوە یەك.

دوو/ یەکێتی مامۆستایان گوتیان دیوانی چاودێری دارایی لە باری قانونییەوە دەڵێت دەبێت تەحدیدی بکەن، بۆ ئەوەی بزانین چەند ئەندامتان هەیەو مانگانە چەند لەم ئابوونەیەی مانگانە وەریدەگرن داهاتتان چەندە؟ بۆ ئەوەی هەوڵ بدەین لە داهاتوودا لە باری رەقابەوە، چاودێرییەوە بۆ ئێمە وازیح بێت، بۆیە ئەوان جارێکی تر رەئیان وا بوو کە دەبێت تەحدید بکرێت، بۆیە پێمانوایە ئێمەش لەسەر ئەوەین کە بیرو بۆچوونی ئەوان بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت و تەحدید بکرێت، هەروەها لە قانونە ئەسڵەکەشدا تەحدید کراوە، ئەو نیسبەی لە 40٪ کە لە ئەسڵی یاساکەدا هەبووە، ئێستا بۆتە رێژەی لە 10٪، بۆیە هەموار کردنی یاساکەو تەحدید کردنەکەی ئێمە بە زەروری دەزانین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شێروان پێشنیارەکەی خۆت بڵێ، دەڵێی چی؟ فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم ئەو قسەی کاك عومەر کردی هیچ تەناقوزێکی لەگەڵ ئەو نەصەی کە ئێمە ناردوومانە نییە، چونکە ئێمەش تەحدیدی ئیشتیراکەکە بۆ ئیتیحاد بەجێمان هێشتووە، ئیتیحاد چۆن قەرار دەدات بەم شێوەیە، مەکتەبی سکرتاریەت بەو ئالیەتەی کە خۆی دەزانێت، بۆیە بەڕاستی من دیسان تەئکید دەکەمەوە، دووبارە ئیشتیراکات بگۆڕێتەوەو بێتەوە ناو ئەو پەرلەمانە، ئەوە مەسەلەیەکی عەمەلی نییە، ئێمە دەستی ئەو ئیتیحادە دەبەستینەوە، هەر جارێك بیەوێت گۆڕانکاری لەسەر ئەم ئیشتیراکە بکات، دەبێت بێتە ناو ئەو پەرلەمانەو دەنگی لەسەر بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرەدا خاڵێکی تر هەیە، ئەویش ئەوەیە لە کۆنگرەدا هەموو لیستەکان تەوافوقیان لەسەر ئەوە کردووە کە ئەم پرۆژە یاسایە بەم شێوەیە بنێرن بۆ پەرلەمانی کوردستان، هەم لەسەر نیسبەتەکە، لە تەحدید کردنی نیسبەتەکە لەم سێ هەزارە، هەم بەم شێوەیەی کە پرۆژە یاساکە هەموار کراوەتەوە، واتا ئەوان لە کۆنگرەدا رەزامەندییان لەسەر ئەم پێشنیارە داوە، هەروەها لە دەسەڵاتی مەکتەبی سکرتاریەت و مەجلیسی تەنفیزی ئەوە نەهاتووە کە ئەوان ئەو دەسەڵاتەیان پێ بدرێت، رەنگە ئێستا ئێمە بڵێین ئەمە بۆ مەکتەبی تەنفیزی و مەکتەبی سکرتاریەت بەجێ بمێنێت، رەنگە دیسان ئەو خاڵەی کە تەوافوقیان لەسەر کردووەو دووبارە

پێداچوونەوەو بۆچوونی جیاوازی لەمەڕ بێتە پێشەوە، کە پێمانوایە ئیشکالیەت بۆ یەکێتی مامۆستایان دروست دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئاخیر کەس دکتۆر ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە زۆرترین ئەو تێبینیانەی کە ئەندامان تەرحی دەکەن، وەلامی لیژنەکان ئەوەیە کە کۆنگرە وا بڕیاری داوە، باشە یەکێتی مامۆستایان تەنها یەك کۆنگرە دەبەستێت لە هەموو ژیانی خۆیدا، یاخود هەموو ساڵ جارێك کۆنگرە دەبەستێت، یەعنی ئەگەر ئێمە هەموو ئەو بڕیارانەی لێرە دەیدەین لەگەڵ بڕیارەکانی کۆنگرە بێت، باشە چوار ساڵی دیکە کە کۆنگرە دەگیرێت خۆ کۆنگرە دیسان ئەو بڕیارانە دەگۆڕێت، یەعنی دەبێت دیسان دڵنیا بی لەوەی چوار ساڵی دیکە دیسان ئەم یاسایە بگۆڕیت، باشە ئەم یاسایە تەنها بۆ چوار ساڵە، یان یاسایەك بێت کە بۆ پازدە ساڵی دیکە بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا دوو حاڵەت هەیە، هەردووکیان دەخەینە دەنگدانەوە، لە ئەسڵی پرۆژەکەدا هاتووە دەڵێت سێ هەزار دینار، ڕەئی دووەمیش هەیە دەڵێت هەزار دینار، ئەو ڕەئیەی کە دەڵێت تەحدید نەکرێت ئیشکالی قانونیمان بۆ دروست دەکات، ئەی کێ تەحدیدی دەکات؟ ئاخیر کەس کاك عبدالسلام قسە بکات، دوایی دەخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەئی ئێمە نەمانهێشتووە، ئێمە ئیقتیراح دەکەین بۆ مەکتەبی تەنفیزی، یان کۆنگرە، یەعنی نەمانگوتووە لێرە لایدەدەین فەراغ بهێڵین، هەموو موبەریراتی برادەران باسیان کرد....

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە ئاخر مەکتەبی تەنفیزی ئەوەی ئێستا خۆیان تەحدیدیان کردووە سێ هەزار دینار بێت، ئەوان تەحدیدیان کردووە، فەرموو مامۆستا فەرمان لە کۆنگرە بوو با ڕەئی خۆی بدات، بزانین دەڵێت چی، فەرموو.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو سێ هەزار دینارە بەڕاستی لە کۆنگرە بڕیاری لەسەر داوە، پێشنیار کراوە لە کۆنگرە، ڕەنگە ئێستا پرسیاریش ئەوە بێت ئەسبابی موجیبەی ئەو سێ هەزار دینارە، لەبەر ئەوەی ئەمە گرێنتی نەبوو، کاتی خۆی موناقەشەی زۆرمان کرد لە کۆنگرە گرێنتی ئەوە نییە ئەو (120) هەزار ئەندامە دووبارە بێتەوە، هەموو ببنە ئەندام لە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، ڕەنگە ئەو جارە (60) هەزار ئەندامان هەبێت، لەبەر ئەوە بتوانین زیاتر بەپێی بۆچوونی کۆنگرە، زیاتر خزمەت بە توێژی مامۆستا بکرێت، بەتایبەتی لەلایەنی دەستەبەریەکە، بڕیار درا سێ هەزار دینار بێت، لەبەر ئەوەی ئارەزوومەندانەیە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ئەندامیەتی ئەوجارە، وەکو جاران نییە لە راتبەکەی یەکسەر ئیستیقتاع بکرێت، نەخێر، ئەگەر ئەندام نەبێت و فۆرمێك پڕ نەکاتەوە هەر نابێتە ئەندام لە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی لەبەر ئەوەی یاسای جەمعیات ئەو حەقەی داوە بە هەموو جەمعیەتێك، کە ئابوونە وەربگرێت، ئەمە یەك.

دوو/ لە ئەسڵی یاساکە خۆی لێك چوونێکیش لەنێوان ئەو حزبە هەیە، لە پەیڕەوی ناوخۆی حزبیشدا کە دەڵێت دارایی حزب پێك دێت لە یەك/ ئابوونەی ئەندامان، تەحدیدیشی ناکات و ناڵێت چەندیش، ڕەقابەی مالیش ناڵێت تۆ بۆچی تەحدیدت نەکردووە؟ مادام هەموو حیساباتی ئەو یەکێتی مامۆستایانە خازیعە بۆ ڕەقابەی مالیە، ئەگەر تەحدیدیشی نەکەیت، ئیتر دیارە ئەو چەند لە حزبەکەی وەردەگرێت، دەبێت وسوڵتی هەبێت ئەو چەندی وەرگرتووەو چەند دەخاتە بانکەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو فیکرەیەی کە هاتووە لەسەر ئەساسی ئەوە هاتووە ئێمە دەستی سەندیکاکان نەبەستینەوەو تەحدیدیان بۆ بکەین، سبەینێ لە هەر گۆڕانکارییەکی باری ئابووریدا، یان ئەندامانیاندا موفقەیەد بن نەتوانن کاری وا بکەن، بۆیە ئێمە ئەو سەڵاحیەتە بدەینەوە بە دەستی لیژنەی تەنفیزی، یان کۆنگرە، یان پەیڕەوی ناوخۆیان، سەندیکاکانیش بەزۆری خۆیان دەست نیشانی دەکەن، ئینجا ئێستا باس لەوەش دەکرێت سفرەکانی پارە لابرێت، ئەو کات تووشی ئەشکالێکی تری یاسایی ببین، بۆیە هەموو ساڵێك لەوانەیە ئەوان پێویست بکات ساڵێك زیاتر وەربگرن، ساڵێکی تر کەمی بکەنەوە، بۆیە ئازادییەکە بدەین بە خۆیان، بەڵام

شێوەی دابەش کردنەکەیان ئەو ئالیەتە تەبیعیە لە خوارەوە دێت، بەڵام وەکو ئازادییەکە بۆ خۆیان بێت، هەر ساڵێك بۆ ساڵێکی تر دەستیان نەبەستینەوە تا چوار ساڵ ئیلا دەبێت ئەوە بێت، لەوانەیە ئەو پارەیە ساڵێکی قیمەی دراوی کەمتر بێت، لەوانەیە زیاتر بێت، بۆیە ئازادییەکە بگەڕێنینەوە بۆ خۆیان، نەك، ئەوەی لە بۆشاییەکەدا هەبێت و کەس نەبێت تەحدیدی بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا پوختەکەی سێ رەئیە، بزانین رەئی لەوە زیاتر هەیە، یەکێکیان/ دەڵێت تەحدید نەکرێت، یەکیان/ دەڵێت هەزار دینار بێت، یەکیان/ دەڵێت سێ هەزار دینار بێت، لەوە زیاتر هەیە، کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە، دووەمین جار لەسەر هەمان شت باست کرد، یەکەمیان/ نییە بڵێت تەحدید نەکرێت، دەڵێت لە یاسا نەیەت و دەسەڵات بە نەص لەوێ بنووسرێت، بەنەص بڵێت لەلایەن فلان جیهەت تەحدید دەکرێت، رەئی یەکەم ئەمەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە چەندین سەندیکامان هەیە لەو هەرێمە، سەیری یاسای هەندێك لە سەندیکاکان بکەین نووسراوە (فقط اشتراكات الاعضاء) ئەسڵەن تەحدید نەکراوە، بۆ مەجلیسی ئەو ئیتیحادانە بەجێ هێڵراوە، ئەمە یەك.

دوو/ مەجلیسی تەنفیزی عادەتەن تەنفیزی موقەرەراتی کۆنگرە دەکات، کە کۆنگرە قەراریدا ئیشتیراکات سێ هەزار دینار بێت، مەجلیسی تەنفیزی ئەداتی تەنفیزە لەو یەکێتیە، تەنفیزی قەراراتی کۆنگرە دەکات، نەك بێتە ئێرە قانونەکەی بێنێت بڵێت ئێمە قەرارماندا تەنفیزی قەراری کۆنگرە بکەین سێ هەزار دینارمان داناوە، بۆیە بە تەسەوری من وایە هیچ ئیشکالێکی قانونی نییە، دەستی ئەو ئیتیحادە دەکەینەوە ئەگەر دەسەڵاتی خۆیان بدەینێ کۆنگرە دەبەستیت، تەحدیدی ئیشتیراکات دەکات مەجلیسی تەنفیزی تەنفیزی ئەو موقەرەراتە دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شێروان زەحمەت نەبی بە موختەسەری بۆمان بنووسەو بۆمان بنێرە، ئاخیر کەس کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیردواد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ئیشكالیاتمان لەسەر تەحدید كردن و تەحدید كردن نەبوو بۆ بڕی بڵێین ئابوونەكە، قسە لەسەر ئەوە بوو كە ڕەنگە نیسبەتی پارە قیمەتەكەی بگۆڕێت و ئیشكالات دروست بكات بۆ گۆڕانكاری، ئەوە بێت دەتوانین ئەو پارەیەی بۆ كۆنگرەكە بیكەینە ڕێژە، بۆ ئەوەی ئەگەر پارەكە بەسەر كەوت بە ڕێژەكە لێی وەربگیرێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا ئێمە دوورترینیان ئەوەیە كە تازەیە دەڵێت ئەو ئیشتیراكاتە لەلایەن مەجلیسی تەنفیزیەوە خۆی تەحدیدی بكات، ئێستا بوو بە چوار رەئی، كاك عەونی گیان داوای لێبووردن دەكەم زۆر موناقەشە كرا، زۆر قسە كرا، ئێستا بوو بە چوار پێشنیار، یەك/ ئەو ئیشتیراكاتە مەجلیسی تەنفیزی تەحدیدی بكات.

دووەمیان/ ئەو ئیشتیراكاتە كۆنگرە تەحدیدی بكات.

سێیەمیان/ ئەو ئیشتیراكاتە مانگی بە قانون هەزار دینار بێت.

چوارەم/ ئەوەی لە ئەسڵیەكە هاتووە دەڵێت سێ هەزار دینار بێت.

ئێستا یەكەمیان دەخەینە دەنگدانەوە، ئیشتیراكی ئەندامیەتی لەو ڕێكخراوە لەلایەن مەجلیسی تەنفیزیەوە تەحدید بكرێت، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (45) كەس لەگەڵدایە كە مەجلیسی تەنفیزی ئەو ئیشتیراكە تەحدید بكات، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (22) كەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا.

ئێستا دێینە سەر دووەم/ ئەو ئیشتیراكاتە مانگانەیە كۆنگرە تەحدیدی بكات، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (17) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، زیاتر لەو (17) كەسە دەڵێت وا نەبێت.

ئێستا دێینە سەر ئەوەی كە ئیشتیراكی مانگانە هەزار دنیار بێت، كێ لەگەڵ ئەوە دایە؟ كاك شێروان موناقەشە زۆر كرا، ئێستا خاڵی سێیەم دەڵێت بە قانون تەحدیدی ئیشتیراكی مانگانە بكرێت، كێ لەگەڵ ئەوەدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (3) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، نەتیجەی دەنگدان (45) كەس دەنگیداوە بۆ ئەوەی كە مەجلیسی تەنفیزی ئیشتیراكاتەكە تەحدیدی مانگانە بكات، ئەوە تەسبیت بوو، ئێستا كۆی ماددەكە هەمووی دەخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (17) كەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، بڕۆن بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سێزدەیەم:

سەبارەت بە ماددەی نۆزدەیەمی یاساکە دوو بۆچوون هەیە:

یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

دووەم: ئەم ماددەیە بەم شێوەیە هەموار بکرێت:

ئەو یەکێتییەی بەپێی ئەم یاسایە دامەزراوە نوێنەرایەتی مامۆستایانی ئەندام دەکات لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بە عەرەبیەکەش بخوێننەوە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة عشرة:

بخصوص المادة التاسعة عشرة من القانون ثمة رأيان:

الاول: ان تبقى المادة كما هي.

الثاني: ان تعدل المادة كالآتي: الاتحاد المؤسس بموجب هذا القانون يمثل المعلمين الاعضاء فيه داخل الاقليم وخارجه.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر عومەر.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ئەمە دوو بۆچوونی جیاواز هەبوو، پێشتر کە گفتوگۆی لەسەر کرا، یەکێکیان/ ئەوەیە کە دەڵێت ئەم یەکێتیەی بەپێی ئەم یاسایە دامەزراوە نوێنەرایەتی مامۆستایانی کوردستان دەکات لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم.

بۆچوونی دووەم/ ئەوەیە ئەو یەکێتیەی بەپێی ئەم یاسایە دامەزراوە نوێنەرایەتی مامۆستایانی ئەندامی دەکات لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم.

ئەگەر ئێمە سەیری بکەین دەبینین ئێستا لە هەرێمی کوردستان تەنها یەك یەکێتی مامۆستایان هەیە، کە بەگوێرەی ئەم یاسایەو یاسای پێشووتر ئێستا کار دەکەن و شەرعیەتی قانونی هەیە، بۆیە ئەگەر مانگێك، دوو مانگی تر ئەگەر کۆنگرەیەك گیرا، یەکێتی مامۆستایان وەکو نوێنەران بانگ کران بۆ ئەوێ، کێی تر

نوێنەرایەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان دەکات، بێگومان ئەم سەندیکایەی کە ئێستا ئەو یەکێتیەی بەگوێرەی ئەم قانونە هەیە.

دوو/ نوێنەرایەتی کردن لەڕاستیدا، ئەمە خاڵێکی ترە، ئەویش ئەوەیە لە مەسەلەی یەکێتی سەندیکاکان، بەتایبەتی کە پەیوەندی بە پیشەوە هەیە بۆ هەر پیشەیەك یەك سەندیکا، یان یەك یەکێتی هەبێت، چونکە ئەمە لەسەر ئەساسی پیشە دادەمەزرێت و نوێنەرایەتی دەکرێت، نەك لەسەر ئەساسی بیرو باوەڕو مەبدەئ وەکو فرە حزبی و تەعەددودیەتی حزبی.

خاڵێکی تر، ئەوەیە کە لە مەلەسەی نوێنەرایەتی کردندا، بۆ نموونە سەرۆك کۆماری وڵاتێکی دیموکراتی هەڵبژێردراو، خۆ دەنگی هەموو هاووڵاتیانی لە پشت نییە، بەڵام کە دێتە سەر نوێنەرایەتی کردن لەبارەی دیبلۆماسی، لەبارەی قانونی، لەبواری سیادییەوە، ئەو نوێنەرایەتی دەوڵەت و وڵاتەکەی خۆشی دەکات، بۆیە من وەکو خۆم بەناوی هەموو لیژنەوە قسە ناکەم، بەناوی خۆمەوە قسە دەکەم لەگەڵ ئەوەم کە بڕگەی یەکەم وەکو لە ئەسڵی ماددەکەدا هاتووە (ئەم یەکێتیەی بەپێی ئەم یاسایە دامەزراوە نوێنەرایەتی مامۆستایانی کوردستان دەکات لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، عەزیمە خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم مادام ئەم یاسایە ئەو مامۆستایانەی کە ئەندامن لەو ڕێکخراوە، لە بڕگەی یەکەمدا لەناو ئەم یاسایە جێی ئەوە کراوەتەوە کە بە ئەندام بوون ئیختیارییە، وەکو جاران نییە تۆ یاسایەك دەربکەیت بڵێیت یەکێتی مامۆستایان ڕێکخراوی هەموو مامۆستایانە، من پێموایە ئەوەی ئەندام نییە لەو ڕێکخراوە، ڕێکخراوی یەکێتی مامۆستایان بە ڕێکخراوی خۆی نازانێت، بەڵام ئەوانەش حەقی خۆیانە بڵێین ئەم ڕێکخراوە نوێنەرایەتی مامۆستایانی ئەندام دەکات لەو ڕێکخراوە، بەڵام خۆ دەبێت حەق بدەینە ئەوانەی کە ئەندام نین لەو ڕێکخراوە کە لە یاساکە جێمان کردۆتەوە ئیختیارییە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەمە دوو بۆچوونی جیاواز هاتووە، ئێستا عەزیمە خان دیفاعی لەوە کرد کە دەبێت بگوترێت نوێنەری مامۆستایانی ئەندامە، کێی تر دیفاع لە عەزیمە خان دەکات؟ کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستیەکەی دەکرێت ئەم صیاغەیە هەروەکو ئەم گۆڕانکارییەی تیا کراوە بکرێت، ئەگەر بێتو صیاغەی حەرفی گۆڕانی تیا بکرێت، ئێمە بڕوامان وایە مادام ئەندامیەتی ئیختیارییە، دەکرێت ئەم یەکێتیە نوێنەرایەتی مامۆستایانی ئەندامی بکات، یان نوێنەرایەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بکات لەناوەوەو

دەرەوەی وڵات، یەعنی هەردوو صیاغەکە هەر نەفسی مانا دەگەیەنێت، ئەگەر بێتو بنووسرێت نوێنەرایەتی یەکێتی مامۆستایان دەکات لەناوەوەو دەرەوەی وڵات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، بەڕاستی ئەمە یەکەمین جارە ئەم بابەتە دێتە گفتوگۆ کردن با مەسەلە کرۆکەکەی باس بکەین، ئێمە بیست ساڵە لە ئەزموونی کوردستان دەناڵێنین لە ڕێکخراوەکان و سەندیکاکان و یەکێتیەکان بۆن و ڕەنگی حزبی هەیە، هەندێکیان بە تاریخی هاتوونە، ئێمە لەم مەرحەلەیە پێویستمان بەوەیە بۆ هەر توێژێك، بۆ هەر پیشەیەك یەك ڕێکخراوی نیشتمانیمان هەبێت، کە نوێنەرایەتی ئەو پیشەیە بکات، حزبەکان بۆ خۆیان ڕێکخستن و شتیان هەیە ململانێ بکەن، وەکو چۆن ململانێ لەناو پەرلەمان دەکرێت، بۆ ئەوەی بەشدار بن لە هەیئەکانی ئەو ڕێکخراوە، بۆیە ئەمە دەرفەتێکە لەبەرچاو بگرین و هەنگاوێکە بۆ ئەوەی ئێمە سەندیکایەکمان هەبێت نوێنەرایەتی هەموو ئەندامانی ئەو پیشەیە بکات، بۆیە من بە توندی پشتگیری ئەوە دەکەم، کە ئەم ڕێکخراوە شەرعیەتی نوێنەرایەتی هەموو مامۆستایانی بدەینێ، تاکو ڕێگا بگرین لە هەر حزبێك، ڕێکخراوێکی خۆی هەبێت بە نوێنەری سەرجەم، چونکە ئێستا وایە، هەر حزبێك ڕێکخراوی خۆی هەیە لە نوێنەری سەرجەم، کە حزبەکە بچووك بێت، یان گەورە بێت، بۆیە گرنگی ئەم مەوزوعە لەوە دایە بە ڕەئی من ئێمە تەسبیتی نیشتمانی بوونی ئەم یەکێتیانە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، حەمە شارەزووری فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وێڕای پشتگیریم بۆ قسەکانی کاك عومەر، ئەگەر ئێمە یاسایەك دەربکەین، ئەگەر بە یاسایی باسی ئەوە بکەین ئەم ڕێکخراوە تەنها نوێنەرایەتی ئەم مامۆستایانە دەکات، بە تەئکید وایە، یەعنی بەپێی ئەم یاسایە ڕێگە دەدەین ئەم ڕێکخراوە پارچە پارچە بێت، بەیانی لە دەرەوەی ئەم یاسایە هەموو ڕێکخراوێك، چەند مامۆستایەك، ڕێکخراوێك دروست دەکەن، بۆیە لێرە پەرلەمان دەبێت ئاگاداری ناوەڕۆکی ئەم یاسایە بێت، ئەگەر بەشێوەیەکی وا دەربکرێت، ئەم یەکێتیە تەنها نوێنەرایەتی ئەو مامۆستایانە دەکات یەك ئەندامی تیایە، بە تەسەوری من ئەمە پێویست بە یاسا ناکات، یاسای بۆ دەربکەین، بۆیە من پشتگیری قسەکانی کاك عومەر دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جاری پێشووش موناقەشەی زۆر کرا، ئێستاش لە هەر لایەك دوو کەس قسەی کرد، لەبەر ئەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، یەکەم جار ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە کە دوورترە، ئەم یەکێتیەی بەپێی ئەم یاسایە دامەزراوە نوێنەرایەتی مامۆستایانی ئەندامی دەکات لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (19) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ لەگەڵدا نینە، کەواتە ئەو ماددەیە بخوێننەوە بۆ دەنگدان.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

صیاغەی نوێ نییە، لەبەر ئەوە رەئی یەکەم ئەوە بوو کە ماددەکە وەکو خۆی لە ئەسڵی یاساکەی ساڵی 2002 بمێنێتەوەو هەموار نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چواردەیەم:

ماددەی بیست و یەکەمی یاساکە دوو بۆچوونی لەسەرە:

یەکەم: بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار بکرێت:

سەرۆکی یەکێتی و دوو جێگرەکەی و سێ لە ئەندامانی مەکتەبی سکرتایەت و سەرۆکی لقەکان تەرخانکراو (متفرغ) دەبن بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کارو ئەرکەکانی یەکێتی.

دووەم: ماددەکە بە تەواوی هەڵبگیرێت و (تفرغ) نەمێنێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بە عەرەبیەکەشی بیخوێننەوە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة عشرة:

حول المادة الحادية والعشرين من القانون ثمة رأيان:

الاول: ان تعدل كالآتي: يتفرغ رئيس الاتحاد ونائباه وثلاثة من اعضاء مكتب السكرتارية ورؤساء الفروع لغرض انجاز مهام و واجبات الاتحاد.

الثاني: ان تحذف المادة كاملا ويلغى التفرغ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا لە رووی مەفهوم و مەبدەئیەوە نەبوونی تەفەروغ کۆکە لەگەڵ کاری رێکخراوی مەدەنی، بەتایبەتی لە سەندیکاکان و دامودەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی، چونکە لەوێ ئەم کار کردنە خۆبەخشانەیە، لەسەر حیسابی وەزیفەی گشتی و لەسەر حیسابی پۆستی گشتی نابێت، بۆیە لەڕاستیدا ئەوەی کە ئەسڵە ئەوەیە کە تەفەروغ نەبێت، رەنگە ئێمە لە هەرێمی کوردستانیشدا ژمارەیەکی زۆر رێکخراو و دەمودەزگاو سەندیکای یەکێتیمان هەیە، هەموویان خۆیان تەفەروغ بکەن، دیسان ئەوەش ئیشکالیەتێك دروست دەبێت لە پەیوەندی نێوان کارو چالاکی لە دامودەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەگەڵ وەزیفەی گشتیدا، بۆیە دوای گفتوگۆ لەنێوان خۆماندا صیاغەمان کردەوەو گفتوگۆمان کرد، هەروەها لەگەڵ یەکێتی مامۆستایانیش ئەو پرسەمان هێنایە ئارایەوە، بۆیە ئێستا ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە تەفەروغ نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شێرزاد فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە دەنگدانەکەدا ئیشکالیەتێك دەبینم، بەڕاستی پێشتریش دەستم هەڵبڕی رێگەت نەدا قسە بکەم، لە بڕگەکەی پێشووتر چوار پێشنیار هەبوو، هەر چوارت خستە دەنگدانەوە، ئەمەشیان پێشتر دووان بوو هەردووکت خستە دەنگدانەوە، باشە ئەگەر یەکەم دەنگی نەهێنا ئیتر ئەوانی تر ئەگەر دەنگ بێنن، یان نەهێنن چ ئیستیفادەیەکی دەبێت لەو دەنگدانەی کە دەیکەیت، من پێموایە ئەو دەنگدانە ئیشکالیەتێکی تیایە، کە دوو بڕگە بوو یەکیان کە دەنگی هێنا، تەواو، ئیتر کۆتایی پێ دێت، ئیتر پێویست ناکات ئەوەی تر بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لایەنی دووەم دەڵێت بیخە دەنگدانەوە، بەڵکو دەنگی هێنا، وام پێ دەڵێت، فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە من رەئیم ئەوەیە تەنها رەئیسی ئیتیحادو نائیبی تەفەروغ بکەن، لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین ئیش و کاریان زۆرە، هەرچەندە من بۆ خۆم لەگەڵ تەفەروغ نیمە، لەبەر ئەوەی تەمبەڵی پەیدا دەکات، بەڵام لە حاڵەتێکدا ئێستا سەرۆك و جێگرەکان، یان دەبێت هەر وا ناویان بنووسرێت لە قوتابخانەکان دەرسیشیان نەدرێتێ، واتا دەرس نەڵێنەوە، ئەوە واقیعێکە ئێمە دەزانین و ئیشکالیش پەیدا

دەكات، یانیش دەبێت ئەو سەرۆك و دوو جێگرە لە مەكتەبی شەو دەوام بكەن، ئەگەر تەفەروغ نەبێت، بەلاَم ئەگەر تەفەروغ بن، ئەگەر كارا بن، ئیش و كاریان زۆرەو سەردانیان زۆرە، چونكە دەوامی قوتابخانەكان بە شەو نییە، بە رۆژە، بەیانیانە، دوای نیوەڕۆیانە، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو سێ كەسە تەفەروغ بی باشە، بەلاَم ئەوانی تر تەفەروغ نەبن و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر احمد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبعەن رێكخراوی پیشەیی و ئەمانەمان گەلێك زۆرە، ئەگەر قەرار بێت هەموو ئەو رێكخراوانە تا دەگاتە لقەكانی خوارەوەیان، ئێمە تەفەروغیان بكەین، لەشكرێك لە تەفەروغ بۆ رێكخراوە پیشەیی و جەماوەریەكان دروست دەكەین، بۆیە من پێشنیار دەكەم تەفەروغ لەو كارە پیشەییانەدا نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دكتۆر احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من نوقتەی نیزامیم هەیە، ئەگەر ئەو شێوازە لە گفتوگۆیەكان، ئێمە بە دوو قۆناغ گفتوگۆی یاساكان بكەین، جاری یەكەم ماددەكان هەموو گفتوگۆ بكەین، لە قۆناغی دووەمدا دەنگی لەسەر بدەین، بەلاَم ئەگەر ئێستا دووبارە ئێمە قسە لەسەر هەموو ماددەكان بكەینەوە، بە رەئی من ئێمە نەیخەینە دوو قۆناغەوە، هەر لە قۆناغی یەكەمەوە گفتوگۆیەكان بكەین و دەنگی لەسەر بدەین، ئێستا مادام لیژنەكان رەئیەكانیان كۆ كردۆتەوە، رەئی یەكەم هەیە، رەئی دووەم هەیە، رەئیەكان بخرێتە دەنگدانەوەو كۆتایی پێ دێت و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، خۆزگە وا بێت، بەلاَم رازی نابن، ئێستا دوو رەئی هەیە لەم ماددەیە، ئەو رەئیەی كە هاتووە لەئەسڵدا دەڵێت سەرۆكی یەكێتی و دوو جێگرەكەی و سێ لە ئەندامانی مەكتەبی سكرتاریەت و سەرۆكی لقەكان تەفەروغ بن، موتەفەریغ بن، بەلاَم ئەوەی كە ئێستا دەڵێت دوورترە لە ئەسڵیەكە، دەڵێت ماددەكە بە تەواوی هەڵبگیرێت و تەفەروغ نەمێنێت، ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە ماددەكە بە تەواوی هەبێت و تەفەروغ نەمێنێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، كە تەفەروغ نەمێنێت، بڕۆن بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی پازدەیەم: ماددەی بیست و سێیەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
لە لایەن لقەوە پێناس دەدرێتە ئەندامان لە چوارچێوەی سنووری جوگرافی لقەکان و پێویستە پێناس یەکگرتوو بێت و لەلایەن مەکتەبی سکرتاریەتەوە دەرچوو بێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بە عەرەبیەکەش بیخوێننەوە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة عشرة:

تعدل المادة الثالثة والعشرون من القانون وتقرأ كالآتي:

تمنح الهوية للأعضاء من قبل الفرع في اطار الحدود الجغرافية له، وينبغي كون الهوية موحدة وصادرة من مكتب السكرتارية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، دووبارە صیاغە بکرێتەوە، چونکە رەکیکە، پەسند کرا دوای صیاغە کردنەوەکەی، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شازدەیەم:

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بە عەرەبیەکەش بیخوێننەوە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة عشرة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەڤدەیەم:

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاّوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی وەقائیعی کوردستاندا، جیبەجیّ دەکریّت.

**بەرِیّز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بە عەرەبیەکەش بیخویّننەوە.

**بەرِیّز د.صباح محمد نجیب:**

**بەرِیّز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة عشرة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة (وقائع كوردستان).

**بەرِیّز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرِیّزان، ئیّستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کیّ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کیّ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ئەسباب موجیبە.

**بەرِیّز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەرِیّز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە**

لەپیّناوی ریّکخستنی باشتری کارو چالاکیەکانی یەکیّتی مامۆستایانی کوردستان بەرەو هیّنانەدی ئامانجە پیشەیی و مرۆیی و پەروەردەیی و دیموکراتیەکانی ئەم یاسایە دەرچوویّندرا.

**بەرِیّز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بە عەرەبیەکەش بخویّننەوە.

**بەرِیّز د.صباح محمد نجیب:**

**بەرِیّز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الأسباب الموجبة لإصدار هذا القانون**

من اجل تنظيم افضل لأعمال ونشاطات اتحاد معلمي كوردستان نحو تحقيق أهدافه المهنية والانسانية والتربوية والديمقراطية فقد صدر هذا القانون.

**بەرِیّز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرِیّزان، ئیّستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کیّ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کیّ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئیّستا کۆی پرۆژەکە لەگەڵ ئەسبابی موجیبە دەخەمە دەنگدانەوە، کیّ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کیّ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز

بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پرۆژە یاساكە قەبوڵ كرا، دەستخۆشیتان لێ دەكەین، سەركەوتوو بن و پیرۆزبایش لە یەكێتی مامۆستایان دەكەین، كە ئەم پرۆژە یاسایە پەسند كرا، هیوادارین كاری خزمەتگوزاری باش بكەن بۆ یەكێتی مامۆستایان، سوپاس.

ئێستا دەچینە سەر برگەی دووەمی بەرنامەی كار/ خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

لەبەر ئەوەی ئەو پرۆژە یاسایە كە پێشنیار كراوە بۆ ئەو لێبووردنە، پەیوەندی بە ژمارەیەكی زۆر خێزان و خەڵكەوە هەیە، لە سەرۆكایەتی پەرلەمان پێمان باش بوو، بۆ ئەوەی زیاتر دیراسە بكرێت، بەرەبەری جەژنیشە، بەیانی جەژنە، ئەمڕۆش هەر پێمان تەواو ناكرێت، سەرۆكایەتی پەرلەمان پێمان باش بوو كە دوای بخەین بۆ دوای جەژن و هیوادارین سەركەوتوو بن لە دوای جەژن، كاتی كۆبوونەوەی ئایندە دادەنێین و هەربژین و جەژنی نەورۆزیشتان پیرۆز بێت بەخۆشی، بەمەش كۆتایی بە دانیشتنەكەمان دەهێنین و بەخێر بێن.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د.حسن محمد سوره | د. ارسلان بایز اسماعیل |
| سكرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆكی پەرلەمانی | سەرۆكی پەرلەمانی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 27\3\2012**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (3)

### سێ شه‌ممه ڕێكه‌وتی 2012/3/27

کاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی سـێ شـەممە ڕێکـەوتی 2012/3/27 پەرلـەمانی کوردسـتان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د. حسـن محمـد سـورە جێگـری سـەرۆك و، بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـکرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمـارە (3)ی خـولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (3)ی خـولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2012/3/27 دا بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشـتنی ئـەمڕۆمان دەسـت پـێ دەکـەین، پەرلـەمانی کوردسـتان، خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، سـاڵی سـێیەم، خـولی گرێـدانی دووەم، ژمـارەی دانیشـتن (3)، ڕۆژی دانیشـتن 2012/3/27، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمـەکانی بڕگـەی (1)ی مـاددەی (20) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموار کـراوی سـاڵی 1992ی پەرلـەمانی کوردسـتان – عێـراق، دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان بڕیاریـدا بەرنامـەی کـاری دانیشتنی ژمـارە (3)ی ئاسایی خـولی سێیەمی هەڵبـژاردن لـە کاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی سـێ شەممە ڕێکەوتی 2012/3/27 بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

خۆتان دەزانن ئەم پرۆژە یاسایە زۆر دەمێکە کاری لەسـەر دەکـەین، چـەند لیژنەیـەك هاوکـاری یـەکتریان کردووە، بۆ ئەوەی بگەینە نەتیجەیەك، بۆ ئەوەی جۆرێك لە تەوافوقی لەسەر بێت، تەنانـەت سـەرۆکایەتی پەرلەمان خۆشی بەشداری، یان سەرپەرشتی چەند کۆبوونەوەیـەکی کـرد، بـۆ یەکـەمین جـار لـە دانیشـتنی ژمارە (19)ی 2010/6/27 خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەو پـرۆژە یاسـایە کـراوە، دواتـر تـەحویل کـراوە بـۆ لیژنەی کاروباری یاسایی و، هەروەها ئەو لیژنانـەی هاوکـاری لیژنـەی یاساییان کـردووە، بـۆ ئـەوەی پـرۆژە یاسایەکی هاوبەش دەربچێت، لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و لیژنەی ناوخۆ، جا ئێمە ئـەو پرۆژەیـەی کـە یەکـەمین جـار خوێندرایـەوە دوای ئـەوەی ئـەو لیژنانـەی بـە کۆمـەڵ لێـی دواون و گفتوگۆیـان لەسـەر کـردووە پرۆژەیـەکی تریـان هێناوەتـە کایـەوە، ئـەو پرۆژەیـەش ئێسـتا لەبەردەسـتی بەڕێزتانە، بۆیە ئێمە ئەو پرۆژەیە وەکو پرۆژەیەکی تازە دەخەینە بەردەمی ئێوە دەنگی لەسـەر دەدرێت،

بۆ ئەوەی ببێتە ئەساس بۆ موناقەشە کردنی، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە قەناعەتی من پێویستە لە سەرەتا راپۆرتەکە بخوێندرێتەوە، چونکە لە زیمنی راپۆرتەکە داوا کراوە کە ئەم پرۆژەیە ببێتە ئەساس بۆ موناقەشە، کەی راپۆرتەکە خوێندرایەوە، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانیش مەعلوماتیان لەسەر دەبێت، ئەو وەختە دەبێت بدرێتە دەنگدانەوەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، بەڵام ئەوە دەمێکە لەبەردەستیانە، ئێستا فەرموون لیژنەی هاوبەش بێنە شوێنی خۆیان، سەرۆکایەتی پەرلەمان پێی باش بوو بەپێی مادده نۆ کۆبوونەوەکەی پەرلەمان بە ئاشکرا دەکرێت، بەڵام لەسەر داخوازی سەرۆك یان ژمارەیەك لە ئەندامان کە لە چوار یەکی کەمتر نەبن بە بڕیاری زۆربەی ئامادە بووان بە نهێنی بێت، ئێمە لە سەرۆکایەتی پێمان باشە ئەم دانیشتنە بە نهێنی بێت، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (14) پەرلەمانتار لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کراو دانیشتنەکە بە نهێنی دەکرێت.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د.حسن محمد سوره | د. ارسلان بایز اسماعیل |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4)**

**چوار شەممە رێکەوتی 28\3\2012**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (4)

## چوارشەممە ڕێكەوتی 2012/3/28

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چوارشـەممە ڕێكـەوتی 2012/3/28 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د. حسن محمد سورە جێگـری سـەرۆك و، بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمـارە (4)ی خـولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (4)ی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە كـات (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چـوار شـەممە ڕێكـەوتی 2012/3/28 دا بـەم شێوەیە بێت:

1- بـەردەوام بـوون لەسـەر خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ كردنـی پێشـنیاری یاسـای لێبـوردنی گشـتی لـە هـەرێمی كوردستان – عێراق.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشـتنی ئـەمڕۆمان دەسـت پـێ دەكـەین، پەرلـەمانی كوردسـتان، خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، سـاڵی سـێیەم، خـولی گرێـدانی دووەم، ژمـارەی دانیشـتن (4)، ڕۆژی دانیشـتن 2012/3/28، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمـەكانی بڕگـەی (1)ی مـاددەی (20) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموار كـراوی سـاڵی 1992ی پەرلـەمانی كوردسـتان – عێـراق، دەسـتەی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان بڕیاریـدا بەرنامـەی كـاری دانیشتنی ژمارە (4)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبـژاردن لـە كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چـوار شەممە ڕێكەوتی 2012/3/28 بەم شێوەیە بێت:

1- بـەردەوام بـوون لەسـەر خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ كردنـی پێشـنیاری یاسـای لێبـوردنی گشـتی لـە هـەرێمی كوردستان – عێراق.

دانیشتنەكە بە نهێنی دەستی ئەنجامدرا.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د.حسن محمد سوره | د. ارسلان بایز اسماعیل |
| سكرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆكی پەرلەمانی | سەرۆكی پەرلەمانی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5)**

**پێنج شەممە رێکەوتی 29\3\2012**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی 2012/3/29

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 2012/3/29 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (5)ی خولی سێیەم, سالّی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی سالّی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (5)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 2012/3/29 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، سالّی سێیەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (5)، ڕۆژی دانیشتن 2012/3/29،

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی سالّی 1992ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (5)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 2012/3/29 بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

دانیشتنەکە بە نهێنی ئەنجامدرا.

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی دووەممان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (5)، رۆژی دانیشتن 2012/3/29، کۆبوونەوەی دووەم لە کاتژمێر (2)ی پاش نیوەڕۆ:

2- خستنەڕوو و دەست نیشان کردنی بەڕێز (عبدالله رسول علی) ناسراو بە (کۆسرەت رسول علی) بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سوێند خواردنی یاسایی کە لە لایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەست نیشان کراوە.

دەقی نووسراوی سەرۆکی هەرێم:

**بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

بەڕێز (عبدالله رسول علی) ناسراو بە (کۆسرەت رسول علی) دەست نیشان دەکەم بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق، بۆیە داواتان لێ دەکەم کاری پێویست ئەنجام بدەن لەم رووەوە.

مەسعود بارزانی

سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق

ئێستاش وێڕای بەخێرهاتنی بەڕێز کاک کۆسرەت، داوا دەکەین بێت بفەرموێت بۆ ئەوەی لێرە دابنیشێت، ئێستاش کێ لەگەڵ ئەو داواکارییەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانە بۆ دانانی بەڕێز کۆسرەت رسول علی بۆ جێگری سەرۆکی هەرێم تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا، بۆیە ئێمە پیرۆزبایی لێ دەکەین با بفەرمووێت کاک کۆسرەت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز کۆسرەت رسول علی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من (کۆسرەت رسول علی) سوێند بە خوای مەزن پارێزگاری لە مافەکان و دەستکەوتەکان و یەك ڕیزی بەرژەوەندییەکانی هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان بکەم و ئەرك و فەرمانەکانم بە دروستی و دڵسۆزی ئەنجام بدەم.

برای بەڕێزم کاك دکتۆر ئەرسەلان سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

برایانی بەڕێزم کاك دکتۆر حسن جێگری سەرۆکی پەرلەمان.

کاك فرسەت سکرتێری پەرلەمانی کوردستان.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.

خوشك و برايانى بەڕێز. زۆر سوپاستان دەكەم كە بۆ ئەم متمانەى بە منتاندا وەكو جێگرى سەرۆكى هەرێم كار بكەم لەلاى سەرۆكى هەرێمدا، لەپێناوى گەلى كوردستان و خەڵكە ستەمديدەكەى و، سوپاسى خەڵكى كوردستانيش دەكەم لە ڕێگاى ئێوەوە، سوپاسى هەموو خەڵكى كوردستان دەكەم لە ڕێگەى ئێوەوە كە نوێنەرى خەڵكى كوردستانن، ديارە من بە وەرگرتنى ئەم پۆستە لە پێناوى ئەوە بووە كە بەڕاستى ئەوەى ئێستا هاتۆتە پێشەوە بۆ خەڵكى كوردستانەو گۆڕانكارى لەناوچەكان دەكرێت و بەشدار بم لەو پرۆسەيە وەكو پێشمەرگەيەك، چۆن لە شۆڕش ڕيزى پێشەوەى پێشمەرگايەتيم هەيە ئاواش لە پرۆسەى ئاشتى و ئاوەدانكردنەوەو پاك چاكسازى و ڕزگار كردنى گەلەكەمان و، قەرارى مافى چارەنووسى خۆى بدات لەو پرۆسە بەشدار بوومە وەك پێشمەرگەيەكى ماندوو نەناس، زۆر سوپاس بۆ دەنگدانتان، سوپاسى هەموو لايەكتان دەكەم، ديارە من خۆم هاتيمەوە لە خزمەتى سەرۆكى هەرێم، هاوكارى سەرۆكى هەرێم بكەم لەو خاڵانەى خوارەوە:

يەكەم/ بۆ چاكسازى و ئەو حەوت خاڵەى كە تەحديدى كردووە لە پێناوى باشتر كردنى ژيانى خەڵكى كوردستان، لە پێناوى سەرخستنى ديموكراتى، لە پێناوى عەدالەتى كۆمەڵايەتى، لە پێناوى چاك كردنى ژيان و گوزەرانى خەڵكى كوردستان و كەسوكارى شەهيدان، لە پێناو ئەمانە هەموو لە خزمەتى سەرۆكى هەرێم دەبم، كە ئەو كارانە ئەنجام بدرێت، ديارە ئێمە وەكو خەڵكى كوردستان حەقى خۆمانە مافى چارەى خۆنووسينمان هەبێت، بڕيار بدەين هەلومەرجەكانى هاتە پێشەوە چ لە پەرلەمانى كوردستان مەرجەعى خەڵكى كوردستانە بە شەرعيەت لێرە دەنگى بۆ بدرێت، من دڵنياتان دەكەمەوە كە بە دڵسۆزى ئيش بكەم بۆ خەڵكى كوردستان و پێشمەرگە قارەمان و كەسوكارى شەهيدەكان، هەروەها بەنيسبەت مەسەلەى چاكسازى، من پێشنيار دەكەم لە حكومەتى كوردستان بەرنامەى مەجليس تەنفيزى بكرێتە بەرنامەى حكومەتەوە، هەروەها ليژنەى نەزاهە تەفعيل بكرێت، هەروەها ڕەقابەى ماليە بەهێز بكرێت، ئيراداتى حكومەت سەرفياتى شەفاف بێت لە لايەن پەرلەمانەوە چاودێرى باش بكرێت، هەروەها لە مەسەلەى ياسا كەس بۆى نەبێت دەست لە ياسا وەربدات، بەڵكو دەبێت ياسا سەروەر بێت لە هەموو بوارەكاندا، لە كۆتاييدا جارێكى تر سوپاستان دەكەم و هەربژين بۆ كوردو كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكى پەرلەمان:**

وێڕاى پيرۆزباييمان لە بەڕێز جێگرى سەرۆكى هەرێمى كوردستان، هيواى سەركەوتنيان بۆ دەخوازين لە ئيش و كارەكانيان، سوپاسى ئێوەى بەڕێزيش دەكەين، بەم جۆرە كۆتايى بە كۆبوونەوەكەمان دەهێنين، تا دانيشتنێكى تر بە خواتان دەسپێرين سوپاس.

| فرست احمد عبدالله | د.حسن محمد سوره | د. ارسلان بايز اسماعيل |
|---|---|---|
| سكرتێرى پەرلەمانى | جێگرى سەرۆكى پەرلەمانى | سەرۆكى پەرلەمانى |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6)**

**پێنج شەممە ڕێکەوتی 5\4\2012**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (6)

## پێنج شەممە رێكەوتی 2012/4/5

كاتژمێر (4)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی 2012/4/5 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سوره جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژماره (6)ی خولی سێیەم, سالی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژماره (1)ی هەمواركراوی سالی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (6)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (4)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی 2012/4/5 دا بەم شێوەیە بێت:

1- سەرۆكی پەرلەمان هەر یەك لە سەرۆك و جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران كە بەبڕیاری ژماره (4) لە دانیشتنی ژماره (2)ی نائاسایی رۆژی 2012/2/16 بۆ سەرۆك و جێگری سەرۆكی كابینەی حەوتەم ناونران پێشكەش بە پەرلەمان دەكات بۆ متمانە پێدانیان.

2- سەرۆكی پەرلەمان داوا لە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران دەكات ناوی وەزیرە بەڕێزەكان بخاتە روو، ئینجا سەرۆكی پەرلەمان یەكە یەكە پێشكەش بە پەرلەمانیان دەكات تا متمانەیان پێ بدەن.

3- سەرۆكی پەرلەمان سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران بانگ دەكات بۆ سوێند خواردنی یاسایی و پاشان جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران بانگ دەكات بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

4- سەرۆكی پەرلەمان داوا لە سكرتێری پەرلەمان دەكات وەزیرە بەڕێزەكان بۆ سوێند خواردنی یاسایی پێشكەش بكات.

5- سەرۆكی پەرلەمان داوا لە بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی كابینەی حەوت رێزدار نێچیرڤان ئیدریس مصطفى بارزانی دەكات بۆ پێشكەش كردنی وتاری بەڕێزیان.

6- وتاری بەڕێز جێگری سەرۆكی هەرێمی كوردستان – عێراق.

7- كۆتایی هێنانی دانیشتن لەلایەن سەرۆكی پەرلەمانی كوردستانەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (6)، ڕۆژی دانیشتن 2012/4/5، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (6)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (4)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 2012/4/5 بەم شێوەیە بێت:

1- سەرۆکی پەرلەمان هەر یەك لە سەرۆك و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کە بەبڕیاری ژمارە (4) لە دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی ڕۆژی 2012/2/16 بۆ سەرۆك و جێگری سەرۆکی کابینەی حەوتەم ناونران پێشکەش بە پەرلەمان دەکات بۆ متمانە پێدانیان.

2- سەرۆکی پەرلەمان داوا لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکات ناوی وەزیرە بەڕێزەکان بخاتە ڕوو، ئینجا سەرۆکی پەرلەمان یەکە یەکە پێشکەش بە پەرلەمانیان دەکات تا متمانەیان پێ بدەن.

3- سەرۆکی پەرلەمان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بانگ دەکات بۆ سوێند خواردنی یاسایی و پاشان جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بانگ دەکات بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

4- سەرۆکی پەرلەمان داوا لە سکرتێری پەرلەمان دەکات وەزیرە بەڕێزەکان بۆ سوێند خواردنی یاسایی پێشکەش بکات.

5- سەرۆکی پەرلەمان داوا لە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کابینەی حەوت ڕێزدار نێچیرڤان ئیدریس مصطفی بارزانی دەکات بۆ پێشکەش کردنی وتاری بەڕێزیان.

6- وتاری بەڕێز جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق.

7- کۆتایی هێنانی دانیشتن لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانەوە.

نوقتەی نیزامت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخۆشحاڵیەوە دەمەوێت لە تەلاری پەرلەمانی کوردستان کۆمەڵێك خاڵی یاسایی بوروژێنم، کە ئەو پەرلەمانەی ئێمە بە خوێن و خەباتی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان هاتۆتەدی و ئێمە لەسەر ئەو کورسیانە دانیشتووین، لە حاڵەتێکدا لەو پەرلەمانە بەڕێزە، حەوتەمین کابینەیە، متمانە وەردەگرێت، بەڵێنی باش بە خەڵك دەدات و هەوڵ دەدات خزمەتگوزاری و هەموو کایەو هەموو لایەنەکانی ژیان بۆ کۆمەلانی خەڵکی کوردستان زۆر بکات و خۆش بکات و ژیان و گوزاران و ئازادی و نان بۆ کۆمەلانی خەڵك پەیدا بکات، لەو حاڵەتەدا ئەو کابینانە تا ئێستا نەیانتوانیوە ئەو بەڵێنانەی کە بە کۆمەلانی خەڵکیان داوە وەکو پێویست جێ بەجێ بکەن، من داوا لە بەڕێزتان دەکەم جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، بەخێرهاتنی هەموو

ئـەو بەڕێزانـەش دەكـەم كـە ئامـادەی تـەلاری پەرلـەمان بـوون لەگـەڵ هـەموو ئەندامـە بـەڕێزەكانی پەرلەمانیش، پێم خۆشە داوایەك لەو كابینەیە نوێیـە بكـەم، ئـەویش ئەوەیـە كـە لـە رووی قانونیـەوە كـە كابینەیەك سوێند دەخوات، كابینەیەك متمانە وەردەگرێت، حەق وایە لە ئاستی بەڵێنەكانیدا یەكـەم كـاری ئـەو كابینەیـە ئـەوە بێـت، كـە نـەهێڵێت لـە شـەش مـانگ تێپـەڕ بێـت، هـەموو ئـەو وەزارەت و فەرمانگـەو لایەنانەی كە تێكەڵ نەكراونەتەوە تێكەڵ یەك بكرێنەوە، هەموو ئەو لایەنانـەی كـە سـیمای دوو ئیـدارەیی پێوە دیارە نەهێڵدرێت، بۆ ئەوەی ئێمەو هەموو لایەك بتوانین ئەو ئەزموونە بپارێزین، بۆ ئـەوەی هـەموو لایـەك بتـوانین خاوەنداریـەتی ئـەو ئەزموونـە بكـەین، ئاشـتی و ئاشـتەوایی بگێڕینـەوە، رێكخسـتنی ژیـانی سیاسی خۆش بكەین لەو هەرێمەدا، هەموو لایەك پێكەوە بكەوینە ژێر بەرپرسیاریەتی بۆ خزمەت كردنی كوردو كوردستان لـەپێناوی جـێ بـەجێ كردنـی یاسا سـەروەریی و قەلاچۆ كردنـی گەنـدەڵی و گێڕانـەوەی عەدالەتی كۆمەلایەتی، بۆ ئەوەی بتوانین نەتەوەكەمان، هاوولاتیانی هەرێمەكەمان ئاسوودە بكـەین، ئاشـتی و ئاشتەوایی بگێڕینەوە بۆ هەرێمی كوردستان، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بـەخێرهاتنی بـەڕێز كـاك كۆسـرەت دەكـەین، جێگـری سـەرۆكی هـەرێمی كوردسـتان، بـەخێرهاتنی سـەرۆك وەزیـران و جێگرەكـانی چ لـە كابینـەی شەشـەم، چ لـە كابینـەی حەوتـەم، كـە مورەشـەحن بـۆ پێكهێنـانی حكومەت، بەخێرهاتنیان دەكەین، هەروەها بەخێر هاتنی هەموو ئەو خوشك و بـرا بەڕێزانـە دەكـەین، كـە پاڵێوراون بۆ كابینەی تازە، پۆستی وەزارەت وەربگرن، ئێستا داوا لە بەڕێزان كـاك نێچیرڤان بـارزانی و كـاك عیماد احمد دەكەین بفەرموون بۆ ئێرە.

بەڕێزان، هـەروەكو لـە بڕیـاری ژمـارە (4) لـە دانیشـتنی ژمـارە (2)ی نائاسـایی رۆژی 2012/2//16 كـاك نێچیرڤان بارزانی و كاك عیماد احمد ناونران، بۆ ئەوەی كابینـەیەكی تـازە پێـك بهێـنن، ئێسـتا دوای ئـەوەی سەرۆكی هەرێم تەكلیفی لە كاك نێچیرڤان و كاك عیماد كرد، بۆ ئەوەی ئـەم كابینەیـە پێـك بهێـنن، ئێسـتا یەك، یەك دەیانخەینە بەردەمی پەرلەمانتارە بەڕێزەكان، بۆ ئەوەی متمانەیان پـێ بـدەن، ئێسـتا یەكـەمجار بـەڕێز كـاك نێچیرڤان ئیـدارس مصطفی بـارزانی كـە دەبێتـە سـەرۆكی حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایـە دەسـتی بـەرز بكاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، كـێ لەگەڵدا نییـە دەسـتی بـەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، پیرۆزبایی لێ دەكەین.

كاك عیماد احمد پاڵێوراوە بۆ جێگری سـەرۆكی حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان، دەیخەمـە دەنگدانـەوە، كـێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، بـەكۆی دەنگ پەسند كرا، پیرۆزبایی لێ دەكەین.

ئێسـتا داوا دەكـەین لـە بـەڕێز سـەرۆكی حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان نـاوی كابینەكـەی بخوێنێتـەوە، بـا بفەرمووێت.

**بەڕێز نێچیرڤان بارزانی/ سەرۆكی حكومەت:**

1- عبدالکریم سوڵتان عبدالله/ وەزیری ناوخۆ.

2- جعفر مصطفى علی عبدالرحیم/ وەزیری پێشمەرگە.

3- شێروان ناصح عبدالله/ وەزیری داد.

4- بایز سعید محمد/ وەزیری دارایی و ئابووری.

5- د.عبدالله عبدالرحمن عبدالله (ئاشتی هەورامی)/ وەزیری سامانە سروشتیەکان.

6- د.رێکەوت حمە رشید کریم محمد/ وەزیری تەندروستی.

7- د.عصمت محمد خالد/ وەزیری پەروەردە.

8- کامەران احمد عبدالله/ وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن.

9- دڵشاد شهاب حاجی/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار.

10- د.علی سعید محمد/ وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.

11- د.علی سندی/ وەزیری پلاندانان.

12- ئاسۆس نجیب عبدالله/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی.

13- د.کاوە محمود شاکر/ وەزیری رۆشنبیری و لاوان.

14- صباح احمد محمد(ئارام احمد محمد)/ وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفاکراوان.

15- د.سیروان محمد جیهاد بابان/ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

16- سنان عبدالخالق احمد چەلەبی/ وەزیری پیشەسازی و بازرگانی.

17- جونسون سیاویش ابو ریحانە/ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن.

18- کامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی.

19- یاسین شێخ ابوبکر ماوەتی/ وەزیری کارەبا.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پاڵێوراوانەی کە بەڕێز سەرۆکی حکومەت خوێندیەوە، ئێستا یەك یەکە دەیخەینە بەردەمی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان بۆ متمانە وەرگرتن:

بەڕێز عبدالکریم سوڵتان عبدالله بۆ وەزیری ناوخۆ، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، پیرۆزبایی لێ دەکەین، متمانەی وەرگرت.

بەڕێز جعفر مصطفى علی عبدالرحیم بۆ وەزیری پێشمەرگە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ یەك کەس لەگەڵدا نییە زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، پیرۆزبایی لێ دەکەین، متمانەی وەرگرت.

بەڕێز شێروان ناصح عبدالله بۆ وەزیری داد، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، پیرۆزبایی لێ دەکەین، متمانەی وەرگرت.

بەڕێز بایز سعید محمد بۆ وەزیری دارایی و ئابووری، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، پیرۆزبایی لێ دەکەین، متمانەی وەرگرت.

بەڕێز د.عبدالله عبدالرحمن عبدالله ناسراو بە (ئاشتی هەورامی) بۆ وەزیری سامانە سروشتیەکان، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، پیرۆزبایی لێ دەکەین، متمانەی وەرگرت.

بەڕێز د.ڕێکەوت حمە رشید کریم بۆ وەزیری تەندروستی، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، پیرۆزبایی لێ دەکەین، متمانەی وەرگرت.

بەڕێز د.عصمت محمد خالد بۆ وەزیری پەروەردە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، پیرۆزبایی لێ دەکەین، متمانەی وەرگرت.

بەڕێز کامەران احمد عبدالله بۆ وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، پیرۆزبایی لێ دەکەین، متمانەی وەرگرت.

بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی بۆ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، پیرۆزبایی لێ دەکەین، متمانەی وەرگرت.

بەڕێز د.علی سعید محمد بۆ وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، پیرۆزبایی لێ دەکەین، متمانەی وەرگرت.

بەڕێز د.علی سندی بۆ وەزیری پلاندانان، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، پیرۆزبایی لێ دەکەین، متمانەی وەرگرت.

بەڕێز ئاسۆس نجیب عبدالله بۆ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، پیرۆزبایی لێ دەکەین، متمانەی وەرگرت.

بەڕێز د.کاوە محمود شاکر بۆ وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، پیرۆزبایی لێ دەکەین، متمانەی وەرگرت.

بەڕێز صباح احمد محمد ناسراو بە (ئارام احمد محمد) بۆ وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، پیرۆزبایی لێ دەکەین، متمانەی وەرگرت.

بەڕێز د.سیروان محمد جهاد بابان بۆ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، پیرۆزبایی لێ دەکەین، متمانەی وەرگرت.

بەڕێز سنان عبدالخالق احمد چەلەبی بۆ وەزیری پیشەسازی و بازرگانی، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ یەك کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، پیرۆزبایی لێ دەکەین، متمانەی وەرگرت.

بەڕێز جونسون سیاویش ابو ریحانە بۆ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، پیرۆزبایی لێ دەکەین، متمانەی وەرگرت.

بەڕێز کامل حاجی علی بۆ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (8) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، پیرۆزبایی لێ دەکەین، متمانەی وەرگرت.

بەڕێز یاسین شێخ ابوبکر ماوەتی بۆ وەزیری کارەبا، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، پیرۆزبایی لێ دەکەین، متمانەی وەرگرت.

ئێستاش داوا لە بەڕێز کاك نێچیرڤان بارزانی دەکەین بفەرمووێت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز نێچیرڤان ادریس مصطفی بارزانی/ سەرۆکی حکومەت:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من (نێچیرڤان ادریس مصطفی بارزانی) سەرۆکی ئەنجومەی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم، کە بەدڵسۆزیەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

داوا لە کاك عیماد احمد دەکەین بفەرمووێت بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز عماد احمد/ جێگری سەرۆکی حکومەت:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

مـن (عمـاد احمـد سـیفور) جێگـری سـەرۆکی ئەنجومـەی وەزیـران، بـەخوای مـەزن سـوێند دەخـۆم، کـە بەدڵسۆزیەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بـە تـەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەم یەك، یەك ناوی وەزیـرە بـەڕێزەکان بخوێنێتـەوە، بـۆ ئـەوەی بـێن سوێندی یاسایی بخۆن.

**بەڕێز فرست احمد عبداللە/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز عبدالکریم سوڵتان عبداللە/ وەزیری ناوخۆ، فەرموو

**بەڕێز عبدالکریم سلطان عبداللە/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

مـن (عبـدالکریم سـلطان عبـداللە/ وەزیـری نـاوخۆ )، بـەخوای مـەزن سـوێند دەخـۆم، کـە بەدڵسۆزیەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێـراق بکـەم و ڕێـز لـە یاسـا بگـرم و بـە تـەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم)، سوپاس.

**بەڕێز فرست احمد عبداللە/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز جعفر مصطفی علی عبدالرحیم/ وەزیری پێشمەرگە.

بەڕێز شێروان ناصح عبداللە/ وەزیری داد.

**بەڕێز جعفر مصطفی علی عبدالرحیم/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من (جعفر مصطفی علی عبدالرحیم/ وەزیری پێشمەرگە)، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم، کە بەدڵسۆزیەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێـراق بکـەم و ڕێـز لـە یاسـا بگـرم و بـە تـەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم)، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح عبداللە/ وەزیری داد:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من (شێروان ناصح عبدالله حەیدەری/ وەزیری داد)، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم، کە بەدڵسۆزیەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و رێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم)، سوپاس.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز بایز سعید محمد/ وەزیری دارایی و ئابووری.

بەڕێز د.رێکەوت حمه رشید کریم محمد/ وەزیری تەندروستی.

**بەڕێز بایز سعید محمد/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من (بایز سعید محمد/ وەزیری دارایی و ئابووری)، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم، کە بەدڵسۆزیەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و رێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم)، سوپاس.

**بەڕێز د.رێکەوت حمه رشید کریم محمد/ وەزیری تەندروستی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من (د.رێکەوت حمه رشید کریم محمد/ وەزیری تەندروستی)، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم، کە بەدڵسۆزیەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و رێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم)، سوپاس.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز د.عصمت محمد خالد/ وەزیری پەروەردە.

بەڕێز کامەران احمد عبدالله/ وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن.

**بەڕێز د.عصمت محمد خالد/ وەزیری پەروەردە:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من (د.عصمت محمد خالد/ وەزیری پەروەردە)، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم، کە بەدڵسۆزیەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و رێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم)، سوپاس.

**بەڕێز کامەران احمد عبدالله/ وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من (کامەران احمد عبدالله/ وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ بوون)، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم، کە بەدڵسۆزیەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و رێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم)، سوپاس.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار.

بەڕێز د.علی سعید محمد/ وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من (دڵشاد شهاب حاجی/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار)، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم، کە بەدڵسۆزیەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم)، سوپاس.

**بەڕێز د.علی سعید محمد/ وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من (د.علی سعید محمد/ وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی)، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم، کە بەدڵسۆزیەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم)، سوپاس.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز د.علی سندی/ وەزیری پلاندانان.

بەڕێز ئاسۆس نجیب عبدالله/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی.

**بەڕێز د.علی سندی/ وەزیری پلاندانان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من (د.علی عثمان حاجی بدری سندی/ وەزیری پلاندانان)، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم، کە بەدڵسۆزیەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم)، سوپاس.

**بەڕێز ئاسۆس نجیب عبدالله/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من (ئاسۆس نجیب عبدالله/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی)، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم، کە بەدڵسۆزیەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم)، سوپاس.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/ وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان.

بەڕێز صباح احمد محمد ناسراو بە (ئارام احمد محمد)/ وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/ وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من (د.کاوە محمود شاکر/ وەزیری رۆشنبیری و لاوان)، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم، کە بەدڵسۆزیەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و رێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم)، سوپاس.

**بەڕێز صباح احمد محمد (ئارام احمد محمد)/ وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من (ئارام احمد محمد)/ وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان)، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم، کە بەدڵسۆزیەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و رێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم)، سوپاس.

**بەڕێز فرست احمد عبداللە/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز د.سیروان محمد جیهاد بابان/ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

بەڕێز سنان عبدالخالق احمد چەلەبی/ وەزیری پیشەسازی و بازرگانی.

**بەڕێز د.سیروان محمد جیهاد بابان/ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من (د.سیروان محمد جیهاد بابان/ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو)، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم، کە بەدڵسۆزیەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و رێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم)، سوپاس.

**بەڕێز سنان عبدالخالق احمد چەلەبی/ وەزیری پیشەسازی و بازرگانی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من (سنان عبدالخالق احمد چەلەبی/ وەزیری پیشەسازی و بازرگانی)، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم، کە بەدڵسۆزیەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و رێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم)، سوپاس.

**بەڕێز فرست احمد عبداللە/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز جونسون سیاویش ابو ریحانە/ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن.

بەڕێز کامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی.

**بەڕێز جونسون سیاویش ابو ریحانە/ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من (جونسون سیاویش ابو ریحانە/ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن)، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم، کە بەدڵسۆزیەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و رێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم)، سوپاس.

**بەڕێز کامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من (کامل حاجی علی/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی)، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم، کە بەدڵسۆزیەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و رێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم)، سوپاس.

**بەڕێز فرست احمد عبداللە/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز یاسین شێخ ابوبکر ماوەتی/ وەزیری کارەبا.

**بەڕێز یاسین شێخ ابوبکر ماوەتی/ وەزیری کارەبا:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من (یاسین شێخ ابوبکر محمد ماوەتی/ وەزیری کارەبا)، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم، کە بەدڵسۆزیەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و رێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە بەناوی سەرجەم پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، خوشك و برایانی پەرلەمانتار وێڕای ئەوەی کە دەنگمان بەم کابینە تازەیەدا، پیرۆزباییشتان لێ دەکەین و ئومێد دەکەین سەرکەوتوو بن لە ئیش و کارەکانتاندا، تەنسیقێکی باش لەنێوان حکومەت و پەرلەمان هەبێت، میللەت چاوی لە سەرجەم وەزیرە بەڕێزەکانە لە کابینەی حەوت، بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری زیاتر بکەن، بۆ ئەوەی بتوانین پێداویستیەکانی میللەتەکەمان جێ بەجێ بکەین ئینشائەڵلا.

ئێستاش داوا لە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کابینەی حەوت کاك نێچیرڤان ئیدریس مصطفی بارزانی دەکەین بۆ پێشکەش کردنی وتارەکەی با بفەرمووێت.

**بەڕێز نێچیرڤان ادریس مصطفی بارزانی/ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.**

**بەڕێز جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.**

**ئامادە بووانی بەڕێز.**

خۆشحاڵ و سەرفرازین ئەمڕۆ لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان کابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان رادەگەیەنین.

بەڕێزان، ئەمە بەرپرسیاریەتێکی مەزنە بە ئێمە سپێردراوە بە هاوکاری لەگەڵ برای بەڕێزم کاک عماد احمد و تەواوی هاوکارانم لە کابینە، هەموو توانامان دەخەینە گەڕ بۆ ئەوەی لە ئاست ئەو بەرپرسیاریەتیەدا بین، گەلی کوردستان سەرچاوەی شەرعیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانەو شەرفەمەندین ئەمڕۆ بۆ بەخشینی ئەم شەرعیەتە لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان کە نوێنەرایەتی گەلی کوردستان دەکات ئامادە دەبین.

بارودۆخی هەرێمی کوردستان لە رووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاستەنگ و کەموکوڕی ماون، بەڵام کاروانەکەمان بەردەوامە، بۆ ئەوەی ئەو بەڵێنانە جێ بەجێ بکەین، کە بە هاووڵاتیانی بەڕێزمان داوە، هەر لێرەوە سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی برای بەڕێز کاک دکتۆر بەرهەم صالح سەرۆك وەزیرانی کابینەی شەشەم و برای بەڕێز کاک ئازاد بەرواری جێگری سەرۆك وەزیران دەکەم، کە بە هەوڵ و کۆششی تەواوی ئەندامانی کابینەکەیان توانیان کاری گرنگ لە ماوەیەکی کورتدا ئەنجام بدەن، کە ئەو کارانە جێی رێزو جێی تەقدیری ئێمەو گەلی کوردستانە، هەر لێرەشدا بەو پەڕی وەفادارییە رێز لە یادی هەموو شەهیدانی رێگای ئازادی و سەرفرازیی گەلی کوردستان دەنێین، سڵاو بۆ گیانی پاکیان دەنێرین، بەڵێن دەدەین بەردەوام بین لە کاروانی خەباتی ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی لە پێناو سەرفرازی گەلەکەمان، بەبێ خەبات و گیان بەخشینی ئەوان ئەمڕۆ ئێمە بەم شێوەیە لێرە کۆ نەدەبووینەوە.

ئەمڕۆ ئێمە بە ئیرادەیەکی پتەو هاتووینەتە بەردەم پەرلەمانی کوردستان، بەرنامەی ئێمە لە لایەکەوە درێژە پێدەری کابینەی پێنجەم و کارەکانی کابینەی شەشەمەو، لەلایەکی تریشەوە بە رەچاو کردنی گۆڕانکارییە سیاسی و ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی، هەڵگری نەخشە رێ و بەرنامەی گشتگیرە بە ستراتیژی تازەوە کە لە داهاتوو دایان دەڕێژین و بە رەزامەندی پەرلەمان دەیانخەینە بواری جێ بەجێ کردنەوە، گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا سەرەتایەکە بۆ چەسپاندنی سیستەمی دیموکراسی و دادپەروەری لەو وڵاتەدا، هەرێمی کوردستان پێشوازی لە هەر گۆڕانکارییەك دەکات کە بەئاراستەی دیموکراسی و ئازادی و پاراستنی مافی مرۆڤ بێت، (21) ساڵ لەمەوبەر

بەهاری کوردی دەستی پێکردو خەڵکی راپەڕیوی هەرێمی کوردستان بە پشتیوانی هێزو لایەنە سیاسیەکانی گۆڕەپانی خەبات توانیان کۆتایی بە دەسەڵاتی ترسناکترین دیکتاتۆری سەردەم بێنن و حوکمی یاساو دیموکراسی و سەربەستی و ئازادی هەڵبژێرن بەبێ یارمەتی و پشتگیری ئەوتۆی وڵاتانی دەرەوە، هەر ئەوساڵە بەڕێز مەسعود بارزانی بانگەوازی راستەخۆی کرد بۆ هەڵبژاردن لە رێگەی سندووقی دەنگدان، پرۆسەی دیموکراسی هەرێمی کوردستان دەستی پێ کرد، دەسەڵاتی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان خاوەنی زۆرینەیەو شەرعیەتی لە میللەت وەرگرتووە.

لەم رووەوە رۆڵی بەڕێز مام جەلال بە گۆڕینی دەسەڵاتێکی شۆڕشگێڕی بۆ دەسەڵاتێکی هەڵبژێردراو و مەەنیانە هەنگاوی لەبیر نەکراون لە مێژووی پرۆسەی دیموکراسی لە کوردستاندا، ئەو بەهارەی کە وڵاتانی عەرەبی گرتۆتەوە هەلێکی گرنگە بۆ پتەو بوون و پێشکەوتنی دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان، بەهۆی نزیکی جوگرافیایی و ئەو کەش و هەوایەی لەناوچەکەدا دروستی کردووە، رووداوەکان زۆر بەخێرایی تێپەڕ دەبن، گرنگە هۆشیارانە مامەڵەیان لەگەڵ بکەین و ئەزموونی هەرێمی کوردستان زیاتر بەرەو پێش ببەین، کارنامەی سیاسیمان پەیوەست بێت بە بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان، نەك بەرژەوەندی تاك، یان پارت و لایەنی سیاسی، بەپێویستی دەزانین هەڵسەنگاندێکی بابەتیانەی بارودۆخی هەرێمی کوردستان بکەین و، بزانین ئێمە ئێستا لە چ قۆناغێکداین، ئەمڕۆ لە قۆناغێکی گرنگ و وەرچەرخانێکی مێژوویی داین، لە هیچ کات و سەردەمێك گەلی کوردستان بەشێوەی ئێستا بەو ئەندازەیەی هیواو ئومێدی بە ئایندە نەبووە، هاوکات هێشتا رووبەڕوو بوونەوەی زۆرمان لە پێش ماوە، یەکڕیزی نێوانمان و یەکگرتوویی گوتاری سیاسی لەسەر مەسەلە نیشتمانیەکان مەرجی سەرەکی سەرکەوتنمانە.

پەیوەندیە سیاسیەکانمان لە قۆناغی خەباتی چەکداری یارمەتیدەر بوون بۆ مسۆگەر کردنی ئازادی لەم وڵاتەدا، ئەمڕۆ ئەو پەیوەندیانە پێویستیان بە پێداچوونەوەو نوێکردنەوە هەیە، بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ پرۆسەی سیاسی ئەم سەردەمە، پرۆسەی خۆگونجاندن کارێکی ئاسان نییەو بێ ئازاریش نابێت، بۆیە پێویستە سوود لە هێزی رابردوومان وەربگرین، رێکخستنەوەی نێو ماڵمان و دروستکردنی کۆ دەنگی لەسەر پرسە نیشتمانی و چارەنووسسازەکان و بەرەنگاربوونەوەی مەترسیەکانی سەر وڵات، لە ئەولەویاتی کاری ئێمە دەبێت.

لەو بوارەشدا ئێمە وەك حکومەت هەوڵ دەدەین خاڵێکی کۆکەرەوە بین لەنێوان لایەنە سیاسیەکان لە کوردستان، بەلایەنی ئۆپۆزسیۆن و دەسەلات، وەك حکومەتی گەلی کوردستان رەفتار دەکەین، ئێمە لە ساڵی 2003ـەوە لە پرۆسەیەکی پێشکەوتنی سەرتاسەریداین، کە ئەویش پرۆسەی نوێکردنەوەی هیوایە بە بڕیاری سیاسیمان، لەم پرۆسەیەدا ئێمە گەلێك بڕیاری بوێرانەماندا، کە دۆستانیش پێیان وابوو هەرگیز لە دەست ئێمە نایەت، وەك زۆربەی گەلانی ستەم لێکراو و ماف پێشێلکراو خۆشمان گەیشتبووینە ئەو باوەڕەی سەرکەوتن بەدەست ناهێنین، ترسی سەرنەکەوتن رێگری سەرەکی بوو لەخەونی ئێمە بۆ گەیشتن بە ئانیدەیەکی گەش و ژیانێکی ئاسوودە.

گشت کارێکی کە لەوەو پێش نەکرا بێت ئەگەری سەرنەکەوتنی هەیە لەو پرۆسەیەدا دەکەوینە بەر تاقیکردنەوە، ئەو تاقیکردنەوەیە بەشێکی جیا نەکراوەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی مەزن، ئەم پرۆسەیە هێشتا بەردەوامە، کاتێك ئێمە ترسی سەرنەکەوتنمان لە بیرو رەفتاری خۆمان دامالّی، دەروازەی زۆر شت لەبەردەممان کرایەوە، ئێمە نەترساین لەوەی تووشی نوشوستی بین.

لە دەستبەرکار کردنی یەکەم حکومەتی هەلّبژێردراوی هەرێمی کوردستان لە سالّی 1992ـەوە، بەتایبەت پاش سالّی 2006، ئێمە ویستوومانە پەرە بە هەموو لایەکی کاری حکومەت و ژیانی هاوولاّتیان بدەین، هەمووومان چاوەڕوانی کاری باشترو خێراتر بووین، بۆ ئەو مەبەستە دەبوایە باوەڕمان بە دوو بنەمای سەرەکی هەبوایە:

یەکەم/ دەتوانین کاری موستەحیل بکەین.

دووەم/ ترسی سەرنەکەوتن رەت بکەینەوە، لە داهاتووشدا دەبێت باوەڕمان بەو دوو بنەمایە هەبێت بۆ کارکردن.

لەسەرجەم شۆڕش و راپەڕینەکانی کوردستاندا هەر لە سەرکردایەتیەوە تا پێشمەرگەیەکی گەنج، هەر هەموو پێکەوە باوەڕیان بەوە هەبوو کە سەرکەوتن بە دەست دەهێنن، ئەگەر چی هەلومەرجی سەرکەوتن لەبار نەبوو، هیچ کات ترس میوانیان نەبوو، خۆبەخشانە باوەڕیان وابوو دەتوانن بگەنە ئامانجی موستەحیلیش، ئەو فیداکارو خۆبەخشانە بێ ترس بوون، چونکە باوەڕی تەواویان بە خەون و توانای خۆیان و گەلەکەیان هەبوو، بەداخەوە هەندێ جار گومان و ترس دروست دەکرێت، دەکرێتە بەشێك لە بیرو رەفتاری هاوولاّتیان، هەولّ دەدرێت بۆچوونێك دروست بکرێت، کە کەسێکی دیکە هەیە، کەسێکی ژیرتر، خاوەن تواناتر، خاوەن سەرچاوەی باشتر لەهاوولاّتیانی ئەم ولاّتە، بتوانن گرفتەکانمان وەك جادووگەر لە شەو و رۆژێکدا چارەسەر بکات، بەلاّم راستی بێ ئەملاو ئەولا ئەوەیە کە کەسێکی دیکە نییە جگە لە خۆمان بتوانێت گرفتەکانمان چارەسەر بکات.

دوای رووخانی رژێمی سەددام لە سالّی 2003 بڕیارێکی گونجاوماندا بە بەشداری کردنمان لە بونیاتنانی عێراقێکی دیموکرات و فیدرالّ، کە تێیدا ماف و ئازادیمان لە رێگەی دەستوورەوە پارێزراو بێت، بەلاّم ئەمڕۆ هۆکاری زۆرمان لە پێشە تا لە خۆمان بپرسین، ئایا ئەم سیستەمە دەتوانێت بەردەوام بێت لە پاراستنی بەرژەوەندیەکانمان، یان نا؟ مخابن عێراق هێشتا لەبەردەم هەڕەشەی ناسەقامگیری سیاسیدایە.

وەکو هەرێم تا ئێستا کۆمەلّێ پرسی گرنگمان لەگەلّ حکومەتی فیدرالّ بێ وەلاّم ماوەتەوە، لێرەدا پێداگریمان لەسەر ئەوە دەبێت کە دەبێ حکومەتی فیدرالّ بە شەفافی وەلاّمی داواکانی گەلی کوردستان بداتەوە، کە وەلاّمدانەوەیان ئەرکێکی دەستووری و یاساییە بەپێی دەستوورو یاساکانی عێراق، کە گرنگترینیان پرسی جێ بەجێ کردنی ماددەی 140 کێشەکانی بودجەو پێشمەرگەو یاسای نەوت و غازو هاوبەشی کردنی راستەقینە لە دەسەلاّت، ئێمە بەردەوام دەبین لە داکۆکی کردن لەسەرجەم ئەو داواکاریە رەوایانە بەپێی دەستوورو یاساکان و بەپێی میکانیزمێکی گونجاو لەگەلّ بەغدا.

چۆنیەتی مامەڵە کردنمان لەگەڵ بەغدا پرسێکی نیشتمانیە، دەبێت شارەزایان و سیاسەتمەدارانی هەرێمی کوردستان بەبایەخەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەن، هەروەها کار دەکەین بۆ لەپێناو دروست کردنی بەرەیەکی یەکگرتوو بۆ دانوستانەکانمان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ، ئێستا میکانیزمێکی ئەوتۆ لە ئارادا نییە بۆ ئەو یەك هەڵوێستی و کۆ دەنگیە، قۆناغەکە ئەوە دەخوازێت بە پەلە هەنگاو بنێین بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای دانووستان لەگەڵ بەغدا، ئەرکی سەرشانی هەموو پارتە سیاسیەکانی کوردستانە، بە حکومەت و ئۆپۆزسیۆنەوە، بەشداری لەم ئەنجومەنە بکەن بۆ دروست کردنی یەك هەڵوێستی بە مەبەستی دەست پێ کردنەوەی گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ لەسەر پرسە چارەنووسسازەکان، ئەوە کێشەی هەموو وڵاتەو هەموو خەڵکی کوردستان و تەحمولی ناکۆکی ناخۆیی ناکات، چونکە بەرپرسیاریەتیەکی مێژووییە.

ئێمە وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیارمانداوە لەو بارەوە کار بکەین بە میکانیزمی کاری جددی و هاوبەش و بەرنامەدار، بۆ ئەو مەبەستەش زەمینەسازی دەکەین و هاوکار دەبین، کار دەکەین بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان چیتر لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێی بەردەوام نەژین، ئێمە دڵنیاین ئەگەر بەپێی دەستوور پرسەکە چارەسەر بکرێت، ئەوا تەواوی ئەو ناوچانە دەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان.

لەو بوارەشدا هەماهەنگی پێویست لەنێوان حکومەت و کوتلەی وەزاری و پەرلەمان، سەر بە هەموو لایەنەکانی کوردستان لە بەغدا بەپێویستیەکی گرنگ دەبینین و کاری لەسەر دەکەین، حکومەتی فیدراڵ تا ئێستا ئەو بەڵێنانەی بەجێ نەگەیاندووە کە بە هاووڵاتیانی عێراق بە گشتی، هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی کوردستانی بە تایبەت داوە.

هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە هەیە، بەردەوام دەبین لەبەرەو پێش بردنی پەیوەندیەکان لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی دوو لایەنەو بەرژەوەندی هاوبەش، پەیوەندیەکانمان لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و جیهان پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە دیوە، زۆر لە وڵاتانیش ئامادەیی خۆیان نیشانداوە بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان، لەم هەوڵانەشماندا بەردەوام دەبین لە بونیادنانی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ هەموو وڵاتانی جیهان.

دەستوور گرنگترین گرێبەستی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەموو وڵات و گەلێکە، مایەی ڕێز لێ گرتنی گشتیە، لە ماوەی دوو ساڵی رابردوو قسەو باسی زۆر سەبارەت بە دەستووری هەرێمی کوردستان کراوە، کە ئایا ئایندەی هەرێمی کوردستان و پێکهاتەو پێگەی دەستووریمان چۆن دەبێت؟

پڕۆژەی دەستوور گەلێك ماددەو بڕگەو بابەتی باشی لە خۆ گرتووەو لەلایەن خولی رابردووی پەرلەمانی کوردستانەوە پەسند کراوە، بەڵام ئێمە لەو بڕوایەداین کە هەوڵ بدرێت ئەم پرۆژە دەستوورە بە بەشداری و کۆدەنگی هەموو پارتە سیاسیەکان و پێکهاتە کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی ئاینیەکان و شارەزایان و یاسادانەران پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، بۆ ئەوەی دەستوورێکی کۆکەرەوەی گەلی کوردستان دابڕێژین بۆ

ئایندەی سیستەمی وڵات، لەبەر ئەوەی ئەمە یەکەم دەستووری کوردستانە دەبێت بە ئازادی لە ریفراندۆم دەنگی لەسەر دەدرێت، پێویستە ماوەی پەیڕەو کردنێکی درێژخایەنی بۆ لەبەرچاو بگیرێت.

کار دەکەین و هەوڵ دەدەین بەزووترین کات یەك دامەزراوەیی لەنێو دامودەزگاکانی حکومەت بە تەواوەتی بەرجەستە بکەین و حکومەت حکومەتی هەموو تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە بێت لە سەرانسەری کوردستاندا، دوای بیست ساڵ لە تەمەنی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبینین هێشتا دەسەڵات لە لوتکەی هەرەمی حکومەتە، ئەمە ئەنجامێکی چاوەڕوان نەکراو بوو بە فەلسەفەی یاسا دانراوەکانی رابردوومان، ئێمە لەو بڕوایەداین ئەم مەرکەزی بوونە لە هەموو حاڵەتێکدا ئیجابی نییەو زۆر جار دەبێتە مایەی ئەوەی بۆشاییەك لەنێوان حکومەت و هاووڵاتیان دروست ببێت، یەکەم کاری ئێمە ئەوە دەبێت پلانێك دابڕێژین بۆ گواستنەوەو دابەشکردنی هەندێك لە دەسەڵاتەکان و تەرخان کردنی بودجەی زیاتر بۆ ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان، ئەو کات هاووڵاتیان دەتوانن لەگەڵ حکومەتدا بەشدار بن و نزیك بن لەو بڕیارانەی ناوچەکانیان پێ بەڕێوە دەبرێ و بەشدار دەبن لە هەموو پرۆسەی حکومەت بەشێوەیەکی گشتی.

لەم رۆژانەدا هەوڵ دەدەم لەگەڵ سەرۆکی هەموو فراکسیۆنەکانی پەرلەمان کۆ ببمەوە بۆ باس کردنی ئەو پرۆسەیەو لە ماوەیەکی کەم پرۆژەیەك پێشکەش بکەین بۆ گواستنەوەی دەسەڵاتی زیاتر بۆ پارێزگاکان و خوارووتر، نابێ هیچ پارێزگایەك هەست بکات کە پەراوێز خراوە، بەم شێوەیەش دەمانەوێ زیاتر بنەماکانی حکومەتی سەرتاسەری بچەسپێنین.

باسی گەندەڵی ئێستا باسێکی گشتیە لە کوردستان، حکومەت لە رێگەی دەزگای تایبەتمەندەوە لێکوڵینەوەی لەو بارەیەوە کردووە، کار لەسەر دیار کردنی پێناسەو شێوەکانی کار کردن لەسەر نەهێشتنی گەندەڵی کراوە، ئەم پرۆسەیە بەردەوام دەبێت بەخۆشحاڵیەوە لەم رووەوە کوردستان بەدان پێیانانی دەزگا نێودەوڵەتیەکان لە ناوچەکانی دیکەی عێراق باشترە بەم شێوەیە نییە کە نەتوانین بەرەنگار ببینەوە، دەکرێ چارەسەر بکرێت، بەڵام ئەوە هاندەرمانە بۆ زیاتر کار کردن لەپێناو نەهێشتنی، نەك پشتگوێ خستنی ئەم مەلەفە، راستە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بە یەك هەنگاو دەست پێ دەکات، بەڵام دواتر پێویستی بە چەند هەنگاوێکی گرنگ هەیە، لەوانە ئیرادەی سیاسی، بەرنامەیەکی واقیعی، یەك دەنگی نیشتمانی، دەسەڵاتێکی دادگایی بەهێزو شارەزا، میدیایەکی چاودێریکار، دانانی یاساو بڕیاری پێویست لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە.

بێگومان ئەم هەنگاوانە دەبنە هۆکارێك بۆ نەهێشتن و بنبڕ کردنی دیاردەی گەندەڵی و کەمتەرخەمی، ئێمەش سوورین لەسەریان، هەر لەم بوارەشدا کارەکانی لیژنەی چاکسازی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەبەرچاوە لە دروست کردنی نەخشە رێی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا، ئەو کارانەش ئەوە دەسەلمێنن کە خواستی خەڵك و سەرکردایەتی یە لە بەرەنگاربوونەی گەندەڵیدا.

ئێمە بەدەنگی گەل حوکمڕانی وڵات دەکەین و بەبێ دوو دڵی ئەو بەڵێنەی بە هاووڵاتیانی ئازیزمان داوە جێ بەجێی دەکەین، لە هەموو وڵات و ناوچەیەکی دوای شەڕو وێرانکاری کۆمەڵێ کێشەو گرفت دێنە پێش، بەڵام دەبێ مرۆڤ کارەکانیش ببینێ، پێشکەوتنەکان نادیدە نەکات، بۆ ئەوەی هیوادار بوون بە دوا رۆژێکی باشتر نەکوژێت، هەرێمی کوردستان بەرەو ئایندەیەکی گەش هەنگاو دەنێت، چونکە ئیرادەیەکی بەهێز هەیە بۆ چاکسسازی و نەهێشتنی کەموکوڕیەکان، لەو بوارەشدا کار دەکەین بۆ دروست کردنی لیژنەیەکی بێ لایەنی کارا بۆ بەدواداچوونی هەر پرسێکی پەیوەست بە کەموکوڕی و هەست نەکردن بە بەرپرسیاریەتی، ئەو لیژنەیەش بە کردەوە لە رێگەی یاساوە بەدوای هەنگاوەکانیدا دەچێت.
جەماوەری ئازیزی کوردستان لە ناوەوەو دەرەوە دڵنیا دەکەینەوە کە ئێمە بەبێ وچان کار دەکەین بۆ مسۆگەر کردنی ئایندەیەکی روون و داهاتوویەکی باشتر، ئەویش بە حوکمڕانیەکی باش و دەسەڵاتێکی شەفاف و دادپەروەر، زۆر گرنگە بڕواو متمانە لەنێوان حکومەت و خەڵك زیاتر پەرەی پێ بدرێت، ئێمە دەزانین ئەو بڕوایە ئەو کاتە پتەوتر دەبێت، کە حکومەت کارەکانی بە روونی بکات و ئامادە بێت بۆ لێ پرسینەوەو لێ پێچینەوە. پێداگرییەکی زۆر هەیە لەلایەن هەموو هاوکارانم، لە ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکان، کە هەموو کارێکی حکومەت دەبێت بە لێ هاتوویی و کاریگەرانە ئەنجامی بدات، حکومەت دەبێت بایەخی زیاتر بەکارو خزمەتگوزارییەکان بدات و یارمەتی و پشتگیریش بۆ هەژاران و ئەو خێزانانە دابین دەکات، کە ناتوانن بژێوی ژیانیان مسۆگەر بکەن. هیچ کارێکی حکومەت گرنگتر نییە لە دابین کردنی بژێوی ژیان بۆ ئەو خێزانە هەژارو خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان و ئەوانەی ناتوانن بژێوی ژیانیان دابین بکەن، ئێمە بەو راستیە دەست بەکار دەبین، هەروەها هەموو لایەکیش گرنگە ئەو راستیە بزانن، کە پەرلەمانی کوردستان سەرچاوەی دەسەڵاتی شەرعی و گرنگترین دامەزراوی دیموکراتیە لە هەرێمی کوردستاندا، بەبێ لەبەر چاوگرتنی لایەنی سیاسیان ئەندامانی پەرلەمان بەرپرسیاریەتی پیرۆزیان لەسەرشانە بۆ چاودێری کردن و بەدواداچوونی کارەکانی حکومەت.
ئێمە پەیوەندی پتەومان دەبێت لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان و رەخنەو پێشنیارەکانتان بە سنگێکی فراوان وەردەگرین و ئامادەی بانگهێشت و لێ پرسینەوەین لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا.
وەك سەرۆك وەزیر پابەند دەبم بەکار کردن لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان و کۆبوونەوەی بەردەوام لەگەڵ سەرجەم فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی سیاسەت و بەرنامەی کارمان بەرفراوانترین پشتگیری بە دەست بێنێ.
هەرێمی کوردستان هاوشێوەی هەموو سیستەمێکی دیموکراسی پێویستی بە پارت و لایەنی سیاسی و بۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام دەبێ هێڵی جیاکەرەوە لەنێوان پارتە سیاسیەکان و حکومەت بەدی بکرێت، هەر لایەنەو بە ئەرك و بەر پرسیاریەتی خۆی هەڵبستێ، ئێمە سیاسەتێکی روون و ئاشکرا دادەڕێژین بۆ جیا کردنەوەی دەسەڵاتی حزب لەکاری حکومەت، لەسەردەمی کابینەی پێنجەم و هەروەها لە کابینەی شەشەمیشدا بەشێوەیەکی چڕتر هەنگاوی گرنگ نراوە لەم بوارەدا، ئێستاش سوورین لەسەر تەواو کردنیان،

بەشێکی جددی کاری ئێمە جەخت کردن دەبێ لەسەر چەسپاندنی سەروەری یاسا، بێگومان ئەوەش هەر بە قسە نابێت، بەڵکو دەبێ دەسەڵاتی دادوەری و داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان وەك دەسەڵاتێکی تەواو سەربەخۆ کاری خۆیان بکەن، بێگومان کە دەڵێین دەسەڵاتی تەواو و سەربەخۆ، مەبەستمان دەسەڵاتی دادوەری و ئەوانەی لەم بوارەدا کار دەکەن و دادگاکانیش دەبێ چاك کردن بیانگرێتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان زەمینە ساز بکات بۆ یارمەتیدانی ئەو دەسەڵاتە، بۆ رێگەگرتن لە دەستێوەردان لە کاروباری یاسا، بەشێوەیەك هەموو کەس بە کردەوەو بەشێوەی یاسایی لەبەردەم یاسادا یەکسان بێت، بنەمای دادپەوەری کۆمەڵایەتی تەنها بە چەسپاندنی یاساو سەروەری یاسا بەدی دێت، نابێت کەس رێگە بەخۆی بدات دەست لە کاروباری دەسەڵاتی دادوەری و دادگاکان وەربدات، ئێمە لەو باوەڕە داین کە هەموو کارێکی یاسایی دەکەین وەك حکومەت بۆ ئەو مەبەستە.

دوای ساڵی 2003 عێراق تووشی دەیان قەیرانی سیاسی و ئاسایش بووەو ناسەقامگیری تەواوی عێراقی گرتەوە، جگە لە هەرێمی کوردستان، زۆر هەوڵی نەگیرسانە دران بۆ ئەوەی کوردستانیش وەك بەشەکانی دیکەی عێراق ببێتە گۆڕەپانی ململانێی شەڕی تایەفەگەری و نەتەوەیی، بەڵام سوپاس بۆ هاودەنگی و یەك دەستی خەڵك و رێکەوتنی ستراتیژی نێوان هێزە سیاسیەکانی کوردستان هەموو ئەو هەوڵانە بێ هوودە دەبن و لە ئایندەشدا بێ هوودە دەبن.

ئەو ئارامی و ئاسایشەی هەرێمی کوردستان لەو ناوچە پڕ لە کێشەو ململانێیە بە رێکەوت نەبووە، بەڵکو بە هەوڵ و شەونخونی رۆڵە دڵسۆزەکانمان بووە لە پێشمەرگەو زێرەڤانی و پۆلیس و ئاسایش و فریاگوزاری هێزی ئامادەو هێزی دژە تیرۆر، ئەمانە رۆڵەی بە ئەمەك و وەفاداری ئەم گەلەن و شایستەی ئەوەن رێزیان لێ بگیرێ، هەروەها کار دەکەین بۆ ئەوەی بە تەواوەتی باشتر بکرێن و وەك دەزگایەکی گرنگی نیشتمانی لەو ولاتە سەیر بکرێن، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەمیشە شانازی بەو رەوشە ئارام و سەقامگیرە دەکات، کە توانیویەتی بۆ هاووڵاتیان خۆی مسۆگەر بکات.

لە کەش و هەوایەکی پڕ لە لێبوردەیی و رێزگرتن، کابینەکەمان چەند بڕیارێکی تازە دەدات بۆ کار کردن، هەندێکیان ئەرکی حکومەتەو دەبێ حکومەت ئەنجامی بدات، هەندێکی تریان پەیوەستە بە تاکە کەس و گرووپ و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، کە دەبێت بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت کاریان لەسەر بکرێت، ئێمەش ئامادەین بۆ ئەو هەماهەنگیە.

ئێمە دەزانین حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرپرسیارەتیان لەسەر شانە بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری باشترو کاریگەرتر بۆ گەلەکەمان، ئەوەش ئەرکێکی پیرۆزی حکومەتە، لەماوەی ساڵانی رابردوو توانیمان لە زۆر بوار پێشکەوتنی بەرچاو بەدەست بهێنین، خزمەتگوزارییەکان زۆر بەرەو پێش چوون و فراوان بوون، بەڵام بەهۆی فراوان بوونی شارەکان بەخێرایی هێشتا کاری زۆرمان ماوە بیکەین، بێگومان دامەزراوەکانی حکومەت راپۆرت و شیکردنەوەی خۆیان پێشکەش دەکەن، بەڵام لایەنێکی تر کە زۆر بەلامانەوە گرنگە بۆچوون و هەڵسەنگاندنی راستەوخۆی هاووڵاتیانە بۆ ئەم پرۆژانە.

هەر سێ شارە گەورەکەی هەولێرو سلێمانی و دهۆك گەشە سەندنی ئابووری زۆریان بەخۆیانەوە دیوەو دەرفەتی کارو پێشکەوتنەکانیان بەرچاوە، بەلاّم بەداخەوە لە هەندێ ناوچەی کوردستان تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیان لە ئاستی پێویست ناژین، حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك دامەزراوەیەکی نیشتمانی دەیەوێ هاووڵاتیان لە رێگەی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان و دامەزراوە مەدەنی و سیاسیەکانەوە بەشداری بڕیارەکانی حکومەت بن، دەمانەوێ تاوەکو رادەی مومکین یەکسانی لە خزمەتگوزاری و پێشکەوتن هەبێت، گرنگی زۆرو بایەخ بە بووژاندنەوەی گەشە پێدانی شارو شارۆچکەکان و قەزاو ناحیەو گوندەکان دەدەین لە هەموو بوارێکدا، دانیشتوانی هەرێمی کوردستاندڵنیا دەکەینەوە کە جیاوازی لە خزمەت گەیاندن بەهاووڵاتیانی خۆمان ناکەین لە هەر شوێنێك بن، پسپۆڕان و فەرمانبەرانی نەخۆشخانەکان دەبێ کاراتر کار بکەن و هەر نەخۆشێك روویان تێ بکات دەبێ بەو پەڕی بایەخەوە گرنگی پێ بدەن، دەبێ هەمیشە پزیشکی پسپۆرو تایبەتمەند لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن بوونیان هەبێت، دەبێ نەخۆشخانەکان جێگەی متمانەی هاووڵاتیان بن لە هەموو چین و توێژەکانەوە، هەوڵ دەدەین سنوور بۆ هێنان و فرۆشتن و بازرگانی کردن بە دەرمانی خراپ دابنێین و هەر کەسێك لە هەر پلەو پایەیەك بێت دەستی لەم دیاردەیە هەبێت دەبێ وەك تاوانێکی گەورە لەلایەن یاساوە لێ پرسینەوەی لەگەڵ بکرێت، وەزارەتی تەندروستی و دەزگا پەیوەندیدارەکانی دیکە ئەرکدار دەکەین، کە ئەوە بکەنە یەکێك لە کارە لە پێشینەکانیان، هەروەها یاسای مافی بەکاربەر لە رووی یاساییەوە بنچینەیەك دەبێت بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم کێشەیە، هاوکات حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت لە دروست کردنی نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی و پێگەیاندنی پسپۆرو شارەزاو دکتۆری کارامە، وەزارەتی تەندروستی دەبێت کار بکات لەسەر دابین کردنی تەندروستیەکی باش بۆ هاووڵاتیان، نەك تەنها چارەسەر کردنی نەخۆشەکان، هاووڵاتیان بەردەوام نیگەرانن لە بەرزبوونەوەی رادەبەری نرخی کەل و پەل و کالاّ سەرەکیەکان، گلەیی ئەوەیان هەیە کە نرخەکانی بازاڕ لە بەرزبوونەوەی بەردەوام دایە و ترسی ئەوەیان هەیە ئەگەر کار وا بڕوات ناتوانن وەکو جاران پێداویستی رۆژانەیان دابین بکەن.

دۆزینەوەی چارەسەری بۆ ئەمە کارێکی گرنگی حکومەتەو دەزگا پەیوەندیدارەکان پێویستە دەزگا ئەکادیمیاش لەو بوارەدا هاوکاری حکومەت بن، لە کاتێکدا ئێمە هەوڵ دەدەین ئایندەی ئابووریمان بونیاد بنێین و پشتگیری کەرتی تایبەت بکەین، کەچی بەداخەوە لەولاوە نرخی کەل و پەل کالاّکانی ماڵ بەبێ هیچ هۆکارێك لە بەرزبوونەوە دایەو دوور لە رادەی ئاسایی خۆیان، کە ئێمە پشتگیری لە کرانەوەی بازاڕ دەکەین، ئامانجامان دروست کردنی موونافەسەیە لەسەر باشترین کوالێتی و کەمترین نرخ، ئەگەر بزانین بازاڕو بازرگانی ئەم دەرفەتەیان قۆستۆتەوە کە ئێمە بۆمان مسۆگەر کردوون، ئەوا راستەوخۆ هەنگاوی جددی دەنێین بۆ رێگەگرتن لەم دیاردەیە.

لێرەدا دەمەوێ دەستخۆشی لە پەرلەمانی کوردستان بکەم کە دوو ساڵ پێش ئێستا (یاسای مافی بەکاربەری) پەسند کرد، ئێمە دەبێ ئەو یاسایەو سەرجەم یاساکانی دیکەش کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوون

بەزووترین کات بخەینە بواری جێ بەجێ کردن، لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان بۆردێکی تایبەت بە نرخ و جۆری کاڵاکان دادەمەزرێنین بۆ چاودێری کردنی نرخی کەل و پەل و جۆری ئەو کاڵایانەی دێنە هەرێمی کوردستان، بەشێوەیەك بازرگانان و هاووڵاتیان بتوانن سوود لە سیاسەتی بازاڕی ئازاد وەربگرن و هاووڵاتیان بتوانن پێداویستیەکانیان بە نرخی گونجاو دابین بکەن.

پشتگیری هەموو هەوڵێك دەکەین بۆ پرۆسەی پێشینەو قەرزدان بە هاووڵاتیان بەردەوامی هەبێت، جا بۆ مەبەستی هاوسەرگیری بێت، یان دروست کردنی خانوو، یان ئەنجامدانی هەر پرۆژەیەکی تر.

لەگەڵ وەزارەتی دارایی کار دەکەین بۆ ئەوەی میکانیزمێك بدۆزینەوە بۆ گرنگی و بایەخدانی زیاتر بە خانەنشینانی هەرێمی کوردستان بۆ هەموار کردن و یەکخستنی مووچەیان، زۆر جار گلەیی ئەوە دەکرێت کە حکومەت بە نهێنی کار دەکات، لەبەر ئەوەی بڕیارەکانی حکومەت پەیوەستن بە هاووڵاتیان و ژیان و گوزەرانی هاووڵاتی و ئەمڕۆ و ئایندەی هەرێمی کوردستان، لەم روانگەیەوە هەوڵدەدەین هەنگاوی بە پەلەو راستەوخۆ بنێین بۆ ئەوەی پرۆسەی بڕیاردانی حکومەت زیاتر کراوەو شەفاف بێت و، رێگەی زانیاری فەراهەم بکەن بۆ هاووڵاتیان، بۆ ئەوەی بە تەواوی ئاگاداری هەوڵەکانی حکومەت بن.

حکومەت وەك دەزگایەکی نیشتمانی و هەڵقوڵاوی پرۆسەی دەنگدانی راستەوخۆی خەڵکە، موڵکی هەموو خەڵکەو، حکومەت هیچی نییە لە خەڵك بیشارێتەوە، بۆیە کارێکی زۆر خراپە گروپێك، یان لایەنێك حکومەت وەك دوژمن بە خەڵکی کوردستان بناسێنێ، چونکە ئەوە بێ متمانەییەکی ماوە درێژو لێکەوتەی خراپی دەبێت بۆ هەموو لایەنەکان و کۆمەڵگاو وڵاتەکەمان، هەر لەو روانگەشەوە کار دەکەین بۆ ئەوەی هاووڵاتی بوون لەناخی هەر هاووڵاتیەکی هەرێمی کوردستان پەرە بسێنێت و خۆشەویستی گەل و بەرژەوەندی وڵات، ئامانج و جێگەی شانازی هەر تاکێکی ئەم وڵاتە بێت، هاووڵاتیان شایستەی ئەوەن زۆرترین دەرفەتی گونجاو یەکسانیان پێ بدرێت، بۆ ئەوەی لە حکومەت کار بکەن، بڕیاری دامەزراندن لە حکومەت دەبێ بەپێی کێبڕکێ و بە شەفاف بێت، ئێمە دەخوازین پارت و لایەنە سیاسیەکان بە هیچ شێوەیەك دەست لە کاروباری دامەزراندن لە حکومەت وەرنەدەن و ئێمەش لە حکومەت بە کردەوە لەسەر ئەو بنچینەیە کار دەکەین، دەبێ دامەزراندن لەسەر بنەمای پێویستی فەرمانگەو رێژەی دەچووان و بڕوانامەو شایستەیی و لە ژێر رۆشنایی پرۆژەی بودجەی ئەو ساڵەو ساڵی تر بێت، لەو بوارەشدا کابینەی شەش بناغەیەکی باشی دانا، ئێمەش بێ شك لەسەر ئەو بناغەیەی کە کابینەی شەش دایناوە بۆ ئەم مەبەستە بەردەوام دەبین.

ئێمە گلەیی لە خۆمان دەکەین کاتێك هاووڵاتی هەست بە نامۆیی بکات لەم وڵاتەدا، جگە لە حکومەت وەك چوارچێوەیەکی گشتی دابینکەری داواو پێداویستیەکانی خەڵك دەبێ چەندین دەزگاو دامەزراوە هەبن بۆ بەدواداچوونی خواستی تاکی کوردستان لەهەموو روویەکەوە، بێگومان ئەم هەنگاوە دەبێتە فاکتەرێکی دیکە بۆ بنبڕ کردنی دیاردەی بێزاری و خەمۆکی و خۆکوشتن و خۆسووتاندن، دەبێت بە بایەخەوە گوێ لە هەر سکاڵاو پێشنیازی هاووڵاتیەك بگیرێت و لایەنە پەیوەندیدارەکان تۆکمەتر کار لەسەر کەیسی هەر

تاکێك بکات و نابێت مافی هیچ کەسێك پێشێل بکرێت، دابین کردنی کارەباو سووتەمەنی کاری زۆری بۆ کراوە، بەلاَم لەبەر خێرا گەشە سەندنی هەرێمی کوردستان لە بواری بیناسازی و چڕی دانیشتووان پلانەکان وەك پێویست ناگەنە ئامانج، بەلاَم دڵنیاتان دەکەینەوە لەم بوارەدا حکومەت ئامادەیە بودجەیەکی شیاو تەرخان بکات، بۆ ئەوەی هاووڵاَتیان بە ئاسوودەیی بژین.

بایەخی زیاتر بە پاراستنی ژینگەو سامانە سروشتیەکان دەدەین، بۆ ئەم مەبەستەش دەستەی ژینگە دەبێ لە جاران چالاکتر بێت تا ژینگەی کوردستان لە هەموو روویەکەوە لەسەر ئاستی ستانداردی نێودەوڵەتی بێت.

ئامانجی ئێمە ئەوەیە دەبێت کوردستان زیاتر کراوە بێت، زیاتر لێبووردە بێت و سەرچاوەی ئابووری جیاجیای هەبێت و بایەخ بە سەرچاوەو سامانە سروشتیەکانی بدات و داهاتەکانیش بە یەکسانی لەنێو هەموو لایەك دابەش بکرێت.

لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوو کوردستان هەنگاوی گەورەو بەرچاوی هەڵێنا لەبواری پەرەپێدانی سامانە سروشتیەکان و پیشەسازی و وزە، ئێمە دەسەلاَتی خۆمان و ئازادی کارکردنمان لەچوارچێوەی دەستووری عێراق بەکاردەهێنین بۆ پەرەپێدانی ئەم سامانە، بۆ ئەوەی لە خزمەتی ئایندەو خۆشگوزەرانی گەلەکەمان بێت، هەرچەندە هێشتا پرسی نەوت لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ یەکلا نەبۆتەوە، بەلاَم بە بڕوای تەواومان بە سیاسەتی دروستی خۆمان دەتوانین ببینە لایەنێکی سەرەکی دابین کردنی وزە لە ناوچەکەو لە جیهان، بۆیە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بیر لەوە بکەینەوە چۆن وڵاَتەکەمان و هاووڵاَتیانی هەرێمی کوردستان سوود لە داهاتی نەوت وەربگرن، ئێمە لەسەر سیاسەتی خۆمان بەردەوام دەبین بۆ گەشە پێدان و بووژاندنەوەی هەرێمی کوردستان بە بەشداری کۆمپانیا ناوخۆ و بیانیەکان، بەم هەنگاوەمان دەتوانین کوردستان بکەینە ناوچەیەکی ئازادی بازرگانی و دەرفەتی کار بۆ هاووڵاَتیان مسۆگەر بکەین، هەروەها لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە بواری نیشتەجێ کردندا هاوتەریب لەگەڵ یاساکاندا رێنمایی گونجاو دەردەکەین، بۆ ئەوەی خێزانە کەمدەرامەتەکانیش سوود لەم پرۆژانە وەربگرن، ئەو پرۆژانەی لەسەر خاکی کوردستان دەکرێن دەبێ هەموو چین و توێژەکانی کوردستان لێیان سوودمەند بن، بەتایبەت خەڵکی کەمدەرامەت، وەك دەزانن لە دنیای هاوچەرخدا گەشتیاری و گەشتوگوزاری یەکێکە لە سەرچاوەکانی داهاتی وڵاَت، کە جۆرێکی پیشەسازییەو بەشدارییەکی گرنگی ژێرخانی ئابووری پێك دەهێنێت، کەلتووری پێکەوە ژیان و لێبووردەیی بەهێز دەکات، هەر بۆیە گەشە پێدانی ئەم کەرتە بەپێی بەرنامەیەکی دیاری کراو یەکێکە لە ئەجێندا سەرەکیەکانی کاری ئێمە، ئەکێکی ترمان بایەخدانی زیاترە لە پێشانگا نێودەوڵەتیەکان لە هەرێمی کوردستان و پەرەپێدانیان لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە بە مەبەستی راکێشانی سەرنجی کۆمپانیاو خاوەن کارو هەوڵدان بۆ بە جیهانی کردنی پێشانگاکانی هەرێم، ئەم جۆرە هەولاَنە دەبنە مایەی دروستکردنی جموجۆڵی بازرگانی و دابین کردنی دەرفەتی کارو رەخساندنی زەمینەی کاری هاوبەش لەنێوان کۆمپانیاو بازرگانەکانی کوردستان و جیهانیشدا برەخسێنین، چاو بەمیلاکی وەزارەتەکان

دەخشێنینەوە، دەبێ وەزارەتەکان پێداچوونەوەیەکی جددی بکەن و چیتر دیاردەی بێ کاری و بێ کاری نەمێنێت، بەم شێوەیە دەتوانین دەرفەتی فراوانتر لەبەردەم دەرچووانی تازەو گەنج و لاوەکان بڕەخسێنین بۆ خزمەتکردن، بە داخەوە تا ئێستا نەمانتوانیوە ئاسایشی خۆراك بۆ گەلەکەمان مسۆگەر بکەین، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بڕوای تەواوەوە بایەخ بە بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵی دەدات و هەموو ڕێگایەك دەگرینە بەر بۆ دابین کردنی ئاسایشی خۆراك لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ ئەوەی بە ئەندازەی پێویست بەرهەمی خۆماڵیمان هەبێت و کەمتر پشت بە خۆراکی دەرەکی ببەستین و ئامانجی خۆمان لە بەدیهێنانی خۆبژێوی بەدی بهێنین و بەرهەمی خۆماڵیش بپارێزین، کار دەکەین هەرێمی کوردستان لە کۆمەڵگایەکی بەکاربەر بگۆڕین بۆ کۆمەڵگایەکی بەرهەمهێن، ئەویش لە ڕێگەی پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی، بێگومان ئەو بەرنامەیە کاتی دەوێت، بەلاَم دەبێ بناغەیەکی پتەوی هەبێت و کاری بۆ بکرێت، جگە لە پلانەکانی رابردوو لەو بوارەشدا کاری پێویست دەکەین، ئێمە هەنگاو دەنێین بۆ نوێکردنەوەو دروستکردنی کۆمەڵگایەکی هاوچەرخ، بەلاَم خەریکە دەکەوینە بەردەم هەڕەشەی لە دەستدانی هەندێك لە بەهاو کەلتوورو دابونەریتە کۆمەلاَیەتیە بەنرخ و مێژووییەکان، کە بەشێکی گرنگ و باشی کەلتووری ئێمەن، ئەگەرچی ئێمە تەکنۆلۆژیای تازە بەکار دەهێنین، بەلاَم نەمان توانیوە وەك پێویست سوودی لێوەربگرین، چونکە بوونەتە مایەی زۆر کێشەی کۆمەلاَیەتی بووە لە ڕابردوو، لەو باوەڕەشدا پێداگری لەسەر یاساکان و ڕێنمایی تازە دەکەین.

بۆ ئەوەی لە یەك گەیشتنی زیاتر دروست ببێ و بتوانین درێژە بە فەرهەنگی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە بدەین، دەبێت پەنا بۆ دیالۆگی نیشتمانی ببەین، هەمووومان لەسەر پرسە کۆمەلاَیەتیەکان گفتوگۆ بکەین، بە مەبەستی بونیاتنان و دەستەبەر کردنی یەك دەنگی سەبارەت بە ئایندەی کۆمەڵگاکەمان و پاراستنی بەها بەنرخەکانمان، حکومەت هەوڵ دەدات کەلەپوورو مێژووی نەتەوایەتی و بەهای بەرزی کۆمەڵگای کوردستان نەبنە قوربانی خراپ بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای سەردەم، یان تێ نەگەیشتن لە چەمکە تازەکان.

چەسپاندنی زیاتری سیستەمی دیموکراسی و بایەخدان بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و مافی ئافرەت و منداڵ و پاراستنیان لە هەر توندوتیژیەك و دروست کردنی زەمینەی لەبار بۆ پێدانی دەسەلاَتی زیاتر بە ئافرەتان، لە کارە لە پێشەکانی حکومەت دەبێ، پاراستنی تەبایی و برایەتی و پێکەوە ژیان و پابەند بوون بە بەها کۆمەلاَیەتی و کەلتووریەکان و ڕێزگرتن لەسەرجەم ئاین و نەتەوەکان ئامانجی سەرەکیمان دەبێت، شانازییە بۆ کوردستان کە تاوەکو ئێستا کۆمەڵگەکەی یەکێکە لە کۆمەڵگەی فرە ئاینیەکان، پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی خاوەن ئاین و ئاینزاکان لە کوردستاندا کەلتووری شارو دوورترین گوندی کوردستانیش بووە، ئێمە لەو بڕوایەدا سوود لە ئیلهام لە کەلتووری زۆر قوڵی باوباپیرانمان وەردەگرین، هەروەها زۆر بە ئاشکرایی دەڵێین کە زۆرینەی گەلی ئێمە موسڵمانەو ئاینی پیرۆزی ئیسلامیش یەکێکە لە بەها بەرزەکانی گەلەکەمان، بۆیە ڕێگە نادەین بە هیچ شێوەیەك لە پەنای ئازادی سووکایەتی بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام بکرێت، هەروەك ڕێگەش نادەین ئاین بە مەبەستی سیاسی دژی بنەمای سیستەمی دیموکراسی بەکار بێت،

ئاین بەلای ئێمەوە هێزی پێکەوە ژیان بووە، نەك دروستکەری دوژمنایەتی و دووبەرەکی، هەروەها ڕێگە نادەین بە هیچ شێوەیەك سووکایەتی بە ئاینەکانی دیکە لە کوردستان بکرێت، کودو تورکمان و عەرەب و کلدان و سریان و ئاشووری و ئەرمەن بەسەرجەم بیرو باوەڕە ئاینی و کەلتوورییەکانی خۆیانەوە جێگەی ڕێزی یەکتر بوونە لە هەرێمی کوردستان، هەوڵ دەدەین ئەو کەلتوورە هەر گەشەدار بێت لەم وڵاتەدا، کورد یەك نەتەوەیە، مێژوو شایەتی دەدات بۆ یەکگرتوویی نێوان کوردی شەبەك و کاکەیی و ئێزیدی و فەیلییە، کوردایەتیمان لە سەرووی هەموو پێناسەیەکمان بووەو هەر ئەوەش بەردەوام دەبێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێز لە هەموو پێکهاتەکان دەگرێت و دابین کردنی ئازادی و هەموو جۆرە ئیمکانیاتێك بە ئەرکی خۆمان و مافی ڕەوای ئەو پێکهاتانە دەزانین، حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتی سەرجەم ئەو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیانەیە، شانازیش دەکات بەو فەرهەنگ و مۆزایکە نەتەوەیی و ئاینیەی لە کوردستان هەیە.

ڕەوەندی کوردستانی لە هەندەران، هاووڵاتی ئێمەن، ئەگەر تا ئێستا کەم تا زۆر کەمتەرخەمی هەبوو بێت بۆ گوێگرتن لە کێشەو گرفتەکانیان، ئەوا لەمەودوا دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان کار بکات لە ئاست خواست و ویستی ئەوان بێت و، سەرکەوتنەکانی ئەوان درێژە کراوی سەرکەوتنەکانی گەلی کوردستانن، چاوەڕوانی حکومەت و گەلی کوردستان لەوان هێشتا لەوەش زیاترە، هیوادارین بە هاتنەوەی بەشێکیان بۆ کار کردن لە کوردستان سەروەریەکی تر لەم هەرێمەدا تۆمار بکەن.

گەنجان سامان و سەرمایەی نەتەوەیی گەلەکەمانن، بەخشینی گوڕوتینی زیاتر بە بەرنامەکان لەپێناو دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودە بۆ گەنجان یەکێکە لە خاڵەکانی کابینەکانی پێشوو لە بەرنامەی کابینەی حەفتەمیش بەردەوام دەبێت، حکومەت کار دەکات و دەبێ لاوانی کوردستان دەرفەتی لەباریان بۆ برەخسێ بۆ وێنە کردنی حەزو ئارەزووەکانیان، پێشخستنی تواناکانیان لەبواری وەرزش و هونەری ڕەسەنی کوردستان، هەروەها بایەخدان بەگەنجانی داهێنەرو فراوان کردنی دەرفەتەکانی پێشکەوتنیان، دەبێ بایەخ و گرنگی زیاتر بە ئەدەبیاتی گەلەکەمان و نووسەران و مێژوونووسان بدرێ و ئەرشیفی هونەرو کتێبخانەی کوردستان دەوڵەمەند بکرێ، حکومەتی هەرێم پابەندە بە دابین کردنی زەمینەی ئازادی ڕۆژنامەوانی و ئازادی بیرو را، کە هەر لە سەرەتاوە کۆڵگەی سیستەمی دیموکراتی کوردستان بووە، ئەوەش لە چوارچێوەی یاسای کاری ڕۆژنامەگەریدا، حکومەت پەیوەستە بە پاراستنی ئازادی کاری ڕۆژنامەوانی و ژیانی ڕۆژنامەنووسان لە چوارچێوەی یاسادا لە هەرێمی کوردستاندا، لەم ڕووەوە دەمانەوێ و هەوڵ دەدەین هەرێمی کوردستان بەردەوام تۆماری خۆی باشتر بکات، لێرەش پێویستیمان بە هەوڵ و کۆششی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە، بۆ پێشخستنی ئاستی میدیا لە کوردستان لە ڕووی پیشەییەوە، بەیاسای ژمارە (35)ی تایبەت بەکاری ڕۆژنامەگەری ئاستی پێگەیشتوویی ئازادی کاری ڕۆژنامەنووسیمان لە کوردستان بەشێوەیەکی یاسایی گرەنتی کرد، لەم کابینەیەشدا بەو چاوە سەیری ڕاگەیاندن دەکەین کە یارمەتیدەرمانە، ئەویش بەچاودێری کردنی کاری حکومەت و دیاری کردنی

کەموکورتی بە بڵاو کردنەوەی زانیاری و بەدواداچوونی راستیەکان، پێمانوایە حکومەت چالاك دەکات لە هەموو روویەکەوە، سەربەستی رێکخراوە پیشەیی و مەدەنی و کۆمەڵایەتیەکان بنەماو مۆرکی سەرەکی سیستەمی حوکمڕانی مۆدێرنەو لە کۆمەڵگا دیموکراتەکاندا بە ئاشکرا دەبیندرێ، ئێمەش هەوڵ دەدەین لەو چوارچێوەیە دەرنەچین، حکومەت چاوی لەوەیەو کاریش دەکات ئەم رێکخراوانە لە رابردوو چالاکتر بن، وەك چۆن بە کەرتی سێیەم ناسراون، هەر بە هەمان شێوەش پێویستە رۆڵ و پێگەیان لە گۆڕانکاری و پێشکەوتنە هەمەلایەن و هەڵوێستە کۆمەڵایەتیەکاندا زیاتر هەست پێ بکرێ، بەتایبەتی لە رووی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ئاگادار کردنەوەی کۆمەڵگا، ئەو تاوانانەی دەرهەق بە گەلی کوردستان کراوە کەمتر نین لەو تاوانانەی لەسەر ئاستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە جینۆساید ناسراون، هەرچەندە تا ئێستا هەوڵی گرنگ دراوە لەلایەن حکومەت و رێکخراوەکانی کوردیش لە دەرەوە، بەڵام ئێستا بەرنامەی زیاترمان لەبەردەستە تاوەکو بە هەوڵی هەموو لایەك تاوانی ئەنفال و کیمیاباران و جینۆساید دژی گەلی کوردستان لە ناوەندەکانی بڕیاری نێودەوڵەتی بە رەسمی بناسێنین، هەروەها بە جینۆساید ناساندنی چەند کۆمەڵکوژییەکی رژێمی پێشووی عێراق دژی گەلی کوردستان لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی تایبەت بە دادگایی کردنی سەرانی رژێمی پێشوو لە عێراق بنچینەیەکی گرنگی بۆ ئەو هەوڵانە دروست کردووە، هەر لەم بوارەشدا هەوڵی چەند حزبێکی ئەوروپی و سیاسەتمەداران بە تەواوکەری هەوڵی خۆمان دەبینین و بە رێزەوە سەیریان دەکەین.

لێرەشدا رەخنە لە وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق دەگرین کە هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبوون لە بەدیارخستنی زانستیانەی ئەو کۆمەڵ کوژیانە، بەپێی ئەو ستانداردەی لە جیهان پەیڕەو دەکرێت لە دیار کردن و تۆمار کردنی وردەکاری بەڵگەکانی کۆمەڵ کوژی لە رووی زانستیەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێ لەو بوارەدا بەشێوەیەکی زانستی کار بکات لەسەر هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی کورد لە عێراقداو گێڕانەوەی روفاتە پیرۆزەکانیان بۆ کوردستان، لەو ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەدا دەبێ پەرلەمان و وەزیرو هەموو بەشدارانی کورد لە حکومەتی عێراق بە ئەرکی خۆیان هەڵبستن و هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بن لە جێ بەجێ کردنی ئەو ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەیی و مرۆییەدا، کار دەکەین لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ بۆ نەهێشتنی ئەو کێشانەی دەبنە مایەی ئەوەی کە وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق هاوکاریمان ناکاتن لە جێ بەجێ گەیاندنی ئەو ئامانجە، هەر لێرەشەوە پلانی خۆمان ئاشکرا دەکەین بۆ هاندانی کار کردنی زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمیەکان لەسەر ئامادە کردنی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لەسەر کۆمەڵکوژی کورد، هاوکات دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام هەوڵ بدات بۆ پێشکەش کردنی زۆرترین خزمەتگوزاری و دابین کردنی ژیانێکی شیاو بۆ بنەماڵەو کەسوکاری قوربانیانی ئەم تاوانانە.

بەڕێزان، ئاشکرایە هیچ سەرۆك وەزیرانێك، یان حکومەتەکەی بە تەنها ناتوانێ لە شەو و رۆژێکدا هەموو ئەو کێشەو گرفتە کەڵەکەبووانە چارەسەر بکات، زۆر لەو کێشەو ئاستەنگانەی ئەمڕۆ دەیانبینین ئاکامی

نـوێ بوونـەوەی بـەردەوامی کۆمەڵگاکەمانـە، ئـەمڕۆ کـە ڕۆژ بـە ڕۆژ وشـیاری کۆمـەڵگای خۆمـان دەبیـنین هەست بە دڵنیایی و دڵخۆشییەکی زۆر دەکەین لـە ئاسـتی ئاینـدەی خۆمـان، لەسـەر ئاینـدەی خۆمـان، ئـەوە ئامانجێکی بـەردەوامی هێـزو شۆڕشـەکانی کوردسـتان بـووە، ئـەمڕۆش هـەر ئـەوە گـرنتی چوونە پێشـەوەی کۆمەڵگاو حوکمدارییە لە کوردستاندا، دە ساڵ پێش ئێستا هاووڵاتیانی هەرێمی کوردسـتان مەترسـی مـان و نەمانیان لە سەربوو، ئێستا هاووڵاتیانمان باس لە خزمەتگوزاری زیاترو نەهێشتنی گەندەڵی و چەسـپاندنی دادپەروەری دەکەن، بەڕاستی ئـەوە جێگـەی دڵخۆشـیەو ئاماژەیـەکی ڕوونـە کـە کۆمـەڵگای ئێمـە زینـدووەو دەیەوێ زیاتر بەرەو پێش بچێ و هانی حکومەت بدات زیاتر بـەدەم داواکاریەکانـەوە بچێت، هـەر ئەوەشـە حکومـەت بـە هێـزو کۆمـەڵگای پێشکەوتوو گـرنتی دەکـات، وەك هـەر حکومـەتێکی دیموکراسـی خواسـت و خەونی هاووڵاتیانمان هاندەری کاروباری ڕۆژانـەی ئێمـە دەبێت، هاوکـات نـاکرێ چاوەڕوانی ئـەوە بـین کـە سەرجەم بڕیارەکانی حکومەت مۆری ڕەزامەندی هەموو لایەکی لێ بدرێت، ڕەزامەنـدی زۆرینەی پەرلەمانی کوردستان بنەمای کاری دیموکراتی پەرلەمانیە، دیالۆگی کراوەو ئازاد لە پەرلەماندا نیشانەی پابەند بوونـە بە بنەمای حوکمڕانی دیموکراتی، حکومەت ئەوە بە یارمەتیدەرو باشتر بوونی کارو یاساکان دەبینێت، بـەو شێوەیەش مامەڵەی لەگەڵ دەکات ، ڕێکەوتن لەسەر چارەسەری هاوبەش بۆ گشت بڕیارێك لـە چوارچێوەی یاسادا بەڵگەی ڕاستەوخۆ دەبێت کە هێزە سیاسیە هەڵبژێردراوەکان بەرژەوەندی گەلی کوردستان لەبەرچاو دەگرن.

کارکردن بۆ بە ئەنجام گەیاندنی خەونی گەلی کوردستان خۆشگوزەرانی و ژیـانێکی ئـازاد مایـەی خۆشـحاڵی ئێمەیە، ئێمە هیچ کات هەسـتی قـووڵی بەرپرسـیاریەتی و مێـژوویی فـەرامۆش ناکـەین، بێگومـانین لـەوەی هەلی باشمان لە پێشە، بەلاَم نابێت نە حکومەت، نە پەرلەمان، نە هاووڵاتی ئەو ڕاسـتیە لـە بـیر بکـەن، کـە دەبێت پێکـەوە کـار بکـەین، ئەگـەر هـەر لایـەکمان دژی ئـەوی دیکـە کـار بکـەین، بـەرەو تەنگـە ڕێگایـەك و پرۆسەیەك دەچین کە تێیدا کەسمان لە خۆمان ڕازی نابین و هەمیشە پەنجەی تاوان بۆ یەکتر ڕادەکێشین.

ئومێدمان وایە ئەمجارەش بتوانین هەموو بەیەکەوە هەوڵەکانمان بخەینە گەڕ بۆ دەست پێکردنـی دیـالۆگی شارستانی، ڕاستە جیاوازی بۆچوون لەنێوانمان هەیە، بەلاَم ئەوە سروشتی کارو ژیانـە، ئێمـە کـۆکین لەسـەر پرسە نیشتمانی و چارەنووسسازەکان، بۆیە دەتوانین هەموو پێکەوە بەشدارییەکی کاراو چالاك بکـەین بـۆ گفتوگـۆی جـددی و دیـاری کردنـی ئاینـدەمان، ئەوانـەی دەیانـەوێ لـە پرۆسـەی پەرەپێـدانی کوردسـتان لەگەڵمان هاوکاربن دەرگامان کراوەیە بۆ هەموو کەس و لایەنێك، من وەك سەرۆك وەزیران خـۆم و هـەموو کابینەکەمان بەڵێنتان پێ دەدەم لە پەیوەندی بەردەوامدا دەبم لەگەڵ هەموو چین و توێـژەکانی کۆمـەڵگاو گوێیان لێ دەگرم، بەپێی دەرفەتەکانی کاری ڕۆژانە، ئامادەین دوور لە هەڵوێست و بۆچوونی سیاسی دەستی هاوکاری و برایەتی درێژ بکەین بـۆ ڕەخسـاندنی زەمینـە سازی هاوبـەش و بـە یەکـەوە کـار کـردن لـەپێناو باشتر کردنی پێگەی هەرێمی کوردستان و ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان.

دووباره سوپاس بۆ هەموو لایەك، بەتایبەتی دیسان دەمەوێ سوپاسی بـرای بـەڕێزم کـاك دکتـۆر بەرهـەم و هەموو هەڤاڵانی بکەم لە کابینەی شەشەم، بەناوی خۆم و هاوکارانم لە کابینەی حەوتەم سوپاسـی ئـەرك و خـەمخۆری هـەموو لایـەکتان دەکـەین، چاومان لـە پشـتیوانی خـواو گـەلی خۆمانـە، زۆر سوپاسـتان دەکـەم، چونکە تەحەمولی ئەو وتارە دوورو درێژتان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس، دەستخۆشـی لـەم وتـارە بـە پێـزەی بـەڕێز سـەرۆکی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان دەکـەین، ئومێـدەوارین خزمـەتگوزاری زیـاترو بـەرەو پـێش چـوونی زیـاتری وڵات و گەلەکـەمان لـە ئاینـدەدا بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو بێتە کایەوە، ئێستا داوا لە بەڕێز جێگری سەرۆکی هـەرێمی کوردسـتان – عێـراق کاك کۆسرەت رسول دەکەین، بێت وتارەکەی بفەرموێت.

**بەڕێز کۆسرەت رسول علی/ جێگری سەرۆکی هەرێم:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان.**

**بەڕێز کاك دکتۆر بەرهەم صالح.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

بەبۆنەی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هـەرێمی کوردسـتان پیرۆزباییتـان لـێ دەکـەم و پیرۆزبـایی لـە خەڵکی کوردستان دەکەم و هیوای سـەرکەوتن بـۆ بـرای بـەڕێزم کـاك نێچیرڤان بـارزانی کـاك عمـاد احمـدو وەزیرە بەڕێزەکان دەخوازم، هیوادارم بە هیمەتی هەموو لایەك بتوانن باشترین خزمەتی خەڵکی کوردستان بکەن.

پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری زیاتر، دەمەوێ لەم بۆنەیەدا ئەو راستیە بەبیر هەموو لایـەك بێنمـەوە کـە پێویستە حکومەت بە هـەموو توانـای هـەوڵ بـدات باشـترین خزمـەت بـە خـەڵکی کوردسـتان بکـات لـە رێـی پاراستنی ئەمن و ئاسایشی کوردستان و هەوڵی بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری، ئـەویش بـە بووژاندنـەوەی کـەرتی کشـتوکاڵ و پیشەسـازی و دروسـت کردنـی بەنـداو و رێگاوبـان، هـەروەها بووژاندنـەوەی لایەنـەکانی کۆمەڵایـەتی و بایەخـدان بـە پـەروەردەو مـافی مـرۆڤ و لاوان و رەخسـاندنی هـەلی کـار بۆیـان، سـەرەڕای بەنیشتمانی کردنی هێزی پێشمەرگەو ئاسایش و هێزەکانی ناوخۆ و پاراستنی سـەروەریی یاساو دەسـتەبەر کردنی ئازادی زیاتر بۆ هەموو خەڵکی کوردستان، بەتایبەتیش بۆ نەتەوەکانی تورکمان و ئاشووری و کلدان و پاراستنی یەکێتی ریزەکانی خەڵکی کوردستان و دیراسەکردنی پرۆژەکانی ئۆپۆزسـیۆن و سـوود وەرگـرتن لە خاڵە ئیجابیـەکانی، چەسـپاندنی عەدالـەتی کۆمەڵایـەتی، داوا دەکـەم کـە هـەوڵی چەسـپاندنی عەدالـەتی کۆمەڵایـەتی بـدرێ و بـۆ ئـەم مەبەسـتە ئەنجومـەنی خدمـەو پلانـدانان و لیژنـەی نەزاهـە تـەفعیل بکـرێ،

هەروەها بە پێویستی دەزانم بەرنامەیەکی ڕێکوپێك بۆ خزمەتی زیاتری کەسوکاری شەهیدان دابنرێ و حکومەت هەموو توانای بۆ خۆشگوزەرانیان تەرخان بکات، هەروەها قەرەبووی زیان لێکەوتووانی شەڕی ناوخۆ بکرێتەوە بەتایبەتیش خەڵکی هەولێر، کە زۆر زەرەرمەند بوون لەو شەڕە نەگریسەدا.

هەروەها لەم بۆنەیەدا دەمەوێ ئەو ڕاستییە دووپات بکەمەوە کە خەڵکی کوردستان مافێکی سروشتی خۆیانە لەکاتی گونجاودا بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن و خەونی دێرینەیان لەسەربەخۆیی بێننەدی.

لەکۆتاییدا جارێکی تر هیوای سەرکەوتن بۆ کابینەی نوێ و برای بەڕێزم کاك نێچیرڤان دەخوازم، هیوادارم حکومەتی تازە حکومەتی ئاوەدانکردنەوەو حکومەتی یەکسانی و حکومەتی عەدالەت بێت، هەروەها داواش لە هەموو لایەك دەکەین کە پشتیوانی لەو حکومەتە بکات، سوپاسی حکومەتیش دەکەین بەڕاستی کاری باشیان کردووە، زۆر سوپاستان دەکەم و هەر بژین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك کۆسرەت رسول علی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ وتارەکەی، ئێمەش جارێکی تر پیرۆزبایی لە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین و ئومێدەوارین سەرکەوتوو بن لە کارەکانیان، بەمجۆرە کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، تا ڕۆژی سێ شەممە سەعات (11)ی پێش نیوەڕۆ، کە بەردەوام دەبین لەسەر یاسای لێبوردنی گشتی، بەخواتان دەسپێرین و هەربژین.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د.حسن محمد سوره | د. ارسلان بایز اسماعیل |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 10\4\2012**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (7)

## سێ شەممە رێكەوتی 2012/4/10

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2012/4/10 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (7)ی خولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (7)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2012/4/10 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەكەین، پەرلەمانی كوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (7)، رۆژی دانیشتن 2012/4/10، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (7)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2012/4/10 بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

دانیشتنەكە بە نهێنی ئەنجامدرا.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بايز اسماعيل** |
| **سكرتێرى پەرلەمانى** | **جێگرى سەرۆكى پەرلەمانى** | **سەرۆكى پەرلەمانى** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8)**

**دوو شەممە ڕێکەوتی 16\4\2012**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (8)

## دوو شەممە رێكەوتی 2012/4/16

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2012/4/16 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (8)ی خولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (8)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2012/4/16 دا بەم شێوەیە بێت:

1- سوێند خواردنی یاسایی بەڕێز (د.عبدالله عبدالرحمن عبدالله) ناسراو بە (ئاشتی هەورامی) بۆ پۆستی وەزیری سامانە سروشتیەكان لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

2- پێش چاوخستنی دەست لەكار كێشانەوەی بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی، ئینجا بە ئەندام وەرگرتنی پاڵێوراو بەڕێز نەژاد عزیز قادر، كە بە زنجیرە ژمارەی (65)ی لیستی كوردستانی ناوی هاتووە.

3- پێش چاوخستنی دەست لەكار كێشانەوەی بەڕێز شێروان ناصح عبدالله حەیدەری، ئینجا بە ئەندام وەرگرتنی پاڵێوراو بەڕێز لیلی امیر عاض، كە بە زنجیرە ژمارەی (67)ی لیستی كوردستانی ناوی هاتووە.

4- بڕیاردان لەسەر دامەزراندنی بەڕێز (سیروان عدنان میرزا زەهاوی) بۆ پۆستی سەرۆكی دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

5- بڕیاردان لەسەر دامەزراندنی (نوروز عمر محی الدین قازی) بۆ پۆستی سەرۆكی دەستەی مافەكانی مرۆڤ لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

6- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای رێگا گشتیەكان لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (8)، ڕۆژی دانیشتن 2012/4/16،

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (8)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2012/4/16 بەم شێوەیە بێت:

1- سوێند خواردنی یاسایی بەڕێز (د.عبداللە عبدالرحمن عبداللە) ناسراو بە (ئاشتی هەورامی) بۆ پۆستی وەزیری سامانە سروشتیەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

2- پێش چاوخستنی دەست لەکار کێشانەوەی بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی، ئینجا بە ئەندام وەرگرتنی پاڵێوراو بەڕێز نەژاد عزیز قادر، کە بە زنجیرە ژمارەی (65)ی لیستی کوردستانی ناوی هاتووە.

3- پێش چاوخستنی دەست لەکار کێشانەوەی بەڕێز شێروان ناصح عبداللە حەیدەری، ئینجا بە ئەندام وەرگرتنی پاڵێوراو بەڕێز لیلی امیر عاض، کە بە زنجیرە ژمارەی (67)ی لیستی کوردستانی ناوی هاتووە.

4- بڕیاردان لەسەر دامەزراندنی بەڕێز (سیروان عدنان میرزا زەهاوی) بۆ پۆستی سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

5- بڕیاردان لەسەر دامەزراندنی (نوروز عمر محی الدین قازی) بۆ پۆستی سەرۆکی دەستەی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

6- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای ڕێگا گشتیەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

بڕگەی یەکەم لەبەر ئەوەی بەڕێز (د.عبداللە عبدالرحمن عبداللە) ناسراو بە (ئاشتی هەورامی)، لە سەفەری دەرەوەی وڵاتەو نەیتوانیوە بگەڕێتەوە، بۆیە ئەمڕۆ ناتوانێت لێرە ئامادە بێت و سوێندی یاسایی بخوات، بۆیە ئەم بڕگەیە دوا دەخەین، دێینە سەر بڕگەی دووەم.

بڕگەی دووەم/ پێش چاوخستنی دەست لەکار کێشانەوەی بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی، ئێستا دەست لە کارکێشانەوەکەی دەخوێنینەوە:

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

سلاو و ڕێز.

لەبەر ئەوەی پۆستی وەزیری شارەوانیم وەرگرتووە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، داوا لە بەڕێزتان دەکەم ئەم داواکارییەم بخەنە بەردەمی پەرلەمانی کوردستان، کە دەست لەکار کێشانەوەم لە ئەندامیەتی پەرلەمان قەبوڵ بکەن. لەگەڵ ڕێزو حورمەتی زۆرم. دڵشاد شهاب حاجی نوقتەی نیزامت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتـەی نیزامیەکـەی مـن ئەوەیـە بـەپێی یاسـاو پـەیڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمان، داوا دەکـەم لـە بـەڕێزتان موستەنەدی یاسایی ئـەوەی کـە ئـەو بەڕێزانـە پـێش ئـەوەی دەسـت لـە کارکێشانەوەیان وەربگیرێـت، چۆن موباشەرەیان کردووە وەکو وەزیر کاندید کراو، وابزانم پرۆسەکە دەبوایە پاش و پێشەکی هەبوایـە، دەسـت لەکارکێشانەوەی ئایا یاساییە؟ کە ئێستا پاش دەست بەکار بوونیان، وەڵامێکم دەوێت لە سەرۆکایەتی بەڕێز، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دکتۆر عومەر.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی یاسا سـەرۆکی حکومـەت دەتوانێت ئەندامـەکانی کاندیـد بکات لـەناو ئەنـدامانی پەرلـەمان، یـان لـە دەرەوەی پەرلەمان بۆ پۆستی وەزیری، بۆیە دەبێت کاتێك ئـەم کاندیـدە متمانـە وەردەگرێـت و دەبێـت بـە وەزیر، پاشان دەتوانێت ئیستیقالە پێشکەش بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم لە حەقی ئەندام نییە قسە لەسـەر قسـەی ئەنـدامێکی تـر بکـات و وەڵام بداتـەوە، دەبوایـە سـکرتێر ئەوەی بکردایە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پـێم باشـە وەکـو ئەنـدامێکی پەرلـەمان ئامـاژە بـەو یاسـایە بـدرێت کـە بـاس کـرا، بـەپێی چ یاسـایەك؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك حەمە سەعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا دەڵێت (نابێت ئەندام لەکاتێکدا دوو پۆستی هەبێت)، ئەمە پێموایە لە ماددەکانی سەرووی بیستەکاندایە، ئەمە لە پەیڕەو و پرۆگرامە، ئێستا ئەو بەڕێزانە ئەوەی ماوەی دە رۆژ زیاترە دوو پۆستیان هەیە بەپێی یاسا، پۆستێکی وەزیر، پۆستێکی ئەندامی پەرلەمان، دەبوایە پێش ئەوەی سوێندی یاساییان بخوارد بوایە بە هەفتەیەك، بە دوو رۆژ، بە سەعاتێك، کشانەوەیان لە ئەندام پەرلەمانی قەبوڵ بکرایە، دواتر، ئەوە نایاساییە، پێچەوانەی یاساو نیزامە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك عبدالله مەلا نوری فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها سەرنجم لەسەر ئەوە هەیە بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کارت دواخست، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ دەبێت بە دەنگدان بێت، هیچ خاڵێك پاش و پێش ناخرێت، ئەگەر بە دەنگدان نەبێت، ئەگەر من بە هەڵە نەچووبم لە ماددەی (54) خاڵی (5) ئاماژە بەوە دراوە، دەکرێت کاك فرسەت سەرنجی لەسەر بدات، حەز دەکەی دەخوێنمەوە، نابێت بەندەکانی بەرنامەی کار پاش و پێش بخرێت بە رەزامەندی زۆرینەی ئامادە بووان نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا بەڕێز سکرتێری پەرلەمان هەندێك روون کردنەوەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بابەتەی کەوا بەڕێز کاك عبدالله ئیسارەی کرد، مەوزوع پاش و پێش نییە، مەوزوع فەقەرە یەك ناتوانیت تەنفیزی بکەیت، ناتوانیت بەجێی بگەیەنی، چونکە ناوبراو وەزیری مورەشەح لە دەرەوەی وڵاتە، ئەوە دەسەڵاتی سەرۆکایەتیە، هەر فەقەرەیەك بۆ تەئجیل کردنی، نەك بۆ پاش و پێش خستنی لە سەڵاحیاتی سەرۆکایەتیە، ئەگەر روخسەت بێت وەڵام برادەران بدەم، فەقەر سێ ماددەی (56) زۆر روون و ئاشکرایە، دەڵێت وەزیر دەبێتن لە داخیلی پەرلەمان بێت و، دەبێت لە دەرەوەی پەرلەمان بێت، ئەوە نۆزدە ساڵە ئێمە ئەو ماددەیە بەو شێوەیە بەکار دەهێنین، حاڵەتی واقیعیشمان هەبوو سێ وەزیر ئەگەر زیاتر نەبێت بەو حاڵە بوون، وەزیریش بوون و ئەندامی پەرلەمانیش بوون، ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تر، لە سیستەمەکانی دنیا عەدا نیزامی ریئاسی وەزیر ئەوەلەن لە سیستەمی پەرلەمانی شەرتە لە ئەندامی پەرلەمان بێت، نابێت لە دەرەوەی پەرلەمان ببێتە وەزیر، ئەگەر بێین تەماشای نیزامی کوێتی بکەین بۆ تەنفیز کردنی ئەو قاعیدە قانونیە، یان دەستوورییە، حکومەن موجەرەد وەرگرتنی پۆستی وەزارەت دەبێتە ئەندامی پەرلەمان، تۆماتیکیەن دەبێتە ئەندامی پەرلەمان، هەتاکو ئەو قاعیدەیە تێك نەچێت و ئیلتیزامی پێ بکات، لە بەریتانیا نیزامێکی پەرلەمانیە، وەزیر لازمە ئەندامی پەرلەمان بێت، ئەگەر هاتو

ئەنـدامی پەرلـەمانی مونتەخـەبیش نـەبێت ئیزافـە دەكرێتـە سـەر مەجلیسـی لۆردات، هـەتاكو موحافـەزە لەسـەر ئـەو قاعیـدە بكرێـت، ئێمـەش بەنیسـبەت فەقـەرەی سـێ لـە مـاددەی (56) مـن یـەكێك بـووم لـە ئەندامانی ئەو لیژنەیە ئەوەی قانونی ژمـارە (1)یـان دانـا پـاش ئینتیفـازە، ئـەوە بـە نـەزەری ئیعتیبارمـان وەرگـرت، ئەگـەر ئـەو قاعیدەیـە بـەكار بێـت لای ئێمـە زیـاتر قـازانجی ئەحزابـەكان و ئێمەیـە، دوور نییـە حزبێك كادیری وای نەبێت هەندێك بۆ پەرلەمان دابنێت، هەندێكیان بـۆ پۆسـتی وەزارەت دابنێـت، حـەقی هەیە، مادام لە عالەم ئەو قاعیدەیە پێك دێت و كاری پێ دەكرێت، پێمان بـاش بـوو وەك لیژنـە بـە دانـانی ئەو قانونە، پێمان بـاش بـوو ئـەو قاعیدەیـە لێـرەش بـەكار بێـت، چونكە لـە قـازانجی هـەموو لایەكـە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە بەڕاستی لە كوردسـتانین، لـە ئـەڵمانیاو ئیتالیـا نـین، یاسـای خۆمـان هەیـە، پـەیڕەوی خۆمانمـان هەیە، بەپێی پەیڕەوی خۆمان دەبێت پەرلەمانتار موتەفەریغ بێت، هەرچ كاتێك پەرلـەمانتار بـووە وەزیـر دەبێت دەست لەكار بكێشێتەوە، ئەمە ئەگەر پێشتر شتی وا هەبووە، هـەر غەڵـەتی قـانونی بـووە تێپـەڕیوە، ئەگینا ئێمە نموزەجی وڵاتانی تر بێنین و لێرە تەتبیقی بكەین، ناكرێت ئێستا لەم كاتە بەڕاستی تۆ بەپێی یاسای ئەڵمانیاو ئیتالیا جوابی پرسیاری مـن بدەیتـەوە، ئەمـە غەڵـەتێكی قـانونی بـوو، بـە داخـەوە بەسـەر كەسێكدا تێپەڕی كە خۆی لەناو دوو ئەندام پەرلەمانە، یەعنی دەبێت ئیعتیراف بكەین كە ئەمە هەڵەیەكی قانونیە بەسەر ئەم پەرلەمانە تێپەڕیوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێڕای ڕێزم بۆ هەموو بیرو بۆچوونەكان، هـەر خـودی ئـەمڕۆ قـەبوڵ كردنـی ئیسـتیقالەكە، مانـای ئەوەیـە تەنفیزی ئەوەی لە پەیڕەوی ناوخۆ هاتووە، (لا یجـوز الجمـع بـین وظیفـتین)، تـەواو، ئێسـتا لـەم وەزیفەیـە ئیستیقالە دەكات، چونكە چەنـد ڕۆژێك پێش ئێستا لـە وەزیفەیـەكی تـردا سوێندی یاسـایی خـواردووە، بـە بەشداری جەلسەیەكی پەرلەمانی بووە، دەنگی بـۆ دراوە، متمانـەی پـێ دراوە، لەبـەر ئـەوە هیـوادارم ئێمـە بەردەوام بین لە كارەكانمان، بۆ ئەوەی فەقەرە بە فەقەرە كارەكانمان جێ بەجێ بكەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە قسە کردنی ئێمە لێرە لەسەر ئەو دوو بەڕێزە نییە، چونکە ئەوانە هاوکارو هاوڕێی ئێمە بوون لە ئیش کردندا، قسە لەسەر ئەجندای کارەکەی ئێمەیە، من لە دوو خاڵدا قسەی لەسەر دەکەم:

یەکەم/ ئەمە نووسراوە پێش چاوخستنی بە ئەندام وەرگرتنی ئەو دوو پالێوراوە بەڕێزە، کە هاتوون بۆ ئەوەی دەست بەکار بن وەکو ئەندامی پەرلەمان، کە بە زنجیرەی ئەوەندە ناوی هاتووە لە جێگەی ئەندامی دەست لەکارکێشراو، یەعنی موسبەقەن لەم بەرنامەی کارەدا دەست لەکارکێشانەوەی ئەو بەڕێزانە عەرز نەکراوە بۆ ئەندامی پەرلەمان، موسبەقەن پێش ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان دەنگی لەسەر بدەن بە دەست لەکارکێشراوە حیساب کراون و لە بەرنامەی کاری پەرلەماندا ئەوە هاتووە، کە گرنگە ئەمە خاڵێک بێت قسەی لەسەر بکەین.

دووەم/ پرسیارێك لە حاڵەتێکی وا رووبەڕوو دەبێتەوە بۆ ئەم دوو بەڕێزە بێت، یان ئەگەر کەسێکی تر لە پەرلەمان بۆ پۆستێکی تر هەڵبژێردراو هەمان حاڵەت رووبەڕوو بۆوە، ئەگەر ئێستا ئەندامانی پەرلەمان دەنگیان لەدەست لە کارکێشانەوەکە نەدا، لەم حاڵەتەدا چی روو دەدات؟ یەعنی ئەگەر ئێستا زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان دەنگ بۆ دەست لەکارکێشانەوەی ئەو دوو بەڕێزە نەدەن چی دەبێت؟ لەبەردەمی چ مەوقیفێکدا دەبین؟ ئەمە مەوقیفێکی هەڵەی قانونییە، مەفروزە ئەگەر ئەمجارەش تێپەڕیوە، ئیعتیراف پێ بکەین و بەسەرماندا تێ نەپەڕێت بۆ جارێکی تر، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە لە بەرنامەی کار نووسیمانە دەست لەکارکێشراوە، چونکە ئیستیقالەکەی ئەوانمان لەبەردەستە، لەسەر ئەساسی ئیستیقالەی ئەوان، ئێمە زۆر موناقەشەی ئەم مەوزوعەمان کرد، زۆر قسەشتان کرد، ئێستا جارێکی تر ئیستیقالەی دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی دەخوێنمەوە:

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**سڵاو و رێز.**

لەبەر ئەوەی پۆستی وەزیری شارەوانیم وەرگرتووە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، داوا لە بەڕێزتان دەکەم ئەم داواکارییەم بخەنە بەردەمی پەرلەمانی کوردستان، کە دەست لەکار کێشانەوەم لە ئەندامیەتی پەرلەمان قەبوڵ بکەن. لەگەڵ رێزو حورمەتی زۆرم.

**دڵشاد شهاب حاجی**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێز دڵشاد شهاب حاجیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا.

ئێستا لە جێگای کاك دڵشاد شهاب حاجی کە ئیستیقالیە کردووە کاك نەژاد عزیز قادر بەپێی زنجیرە ژمارە (65) لیستی کوردستانی دێتە شوێنی دڵشاد شهاب حاجی بۆ ئەندام پەرلەمانی.

دێینە سەر فەقەرەی سێیەم/ ئەویش خستنەڕووی دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێز شێروان ناصح عبداللە حەیدەری، ئێستا دەقی دەست لەکارکێشانەوەی دەخوێنمەوە:

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان.**

سلاّو و رێز.

لەبەر ئەوەی پۆستی وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستانم پێ سپێردراوە لە کابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەهۆی سەرقاڵ بوون بەکاروباری وەزارەت بۆیە تکایە رەزامەندی بفەرموون بە قەبوڵ کردنی دەست لەکارکێشانەوەم لە ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان، لەگەڵ رێزو سوپاسماندا

**شێروان ناصح عبداللە حەیدەری**

**ئەندامی پەرلەمانی کوردستان**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێز شێروان ناصح حەیدەرییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا.

ئێستا بەپێی ئەو نووسراوەی کە بۆمان هاتووە لە لیستی کوردستانی لە شوێنی دەست لەکار کێشانەوەی کاك شێروان ناصح حەیدەری بەڕێز لیلی امیر عاض کە بە زنجیرە ژمارە (67) لیستی کوردستانی ناوی هاتووە، دەچێتە شوێنی کاك شێروان.

ئێستا داوا دەکەین لەهەر یەك لەو بەڕێزانەی ناومان خوێندەوەو چوونە شوێنی ئەو برایانەی دەستیان لەکارکێشایەوە، بێن سوێندی یاسایی بخۆن، ئێستا بەڕێز نەژاد عزیز قادر بفەرموێت بۆ سوێندی یاسایی.

**بەڕێز نەژاد عزیز قادر سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

من (نەژاد عزیز قادر سورمێ)، سوێند بێ بە یەزادانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالاّکانی بکەم)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا داوا لە بەڕێز لیلی خان دەکەین بێت سوێندی یاسایی بخوات.

**بەڕێز لیلی امیر عاض:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

من (ليلى امير عاض)، سوێند بێ بە یەزادانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە بالأکانی بکەم)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەناوی هەموو پەرلەمانتارە بەڕێزەکان پیرۆزبایی لەم خوشك و برایە دەکەین کە بوون بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، ئومێد دەکەین دەوری شیاوی خۆیان ببینن لە راپەڕاندنی کارەکان و هاوکاری کردن بۆ تەفعیل کردنی لیژنەکان و خزمەت کردنی میللەتەکەمان.

ئێستا دێینە سەر بڕگەی چوارەم لە بەرنامەی کار/ بڕیاردان لەسەر دامەزراندنی بەڕێز (سیروان عدنان میرزا زەهاوی) بۆ پۆستی سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

فەرموو کاك کاردۆ نوقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕیاردان لەسەر دامەزراندنی بەڕێز (سیروان عدنان میرزا زەهاوی) بۆ پۆستی سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی، ئەم دیوانی چاودێرییە بەپێی ماددەی سێیەم لە یاسای دیوانی چاودێری سەر بە پەرلەمانە، لەگەڵ دانانی سەرۆکی دیوانی چاودێری پێشتر، تا ئێستا ئەنجومەنەکەی دانەنراوە، کە بەپێی ماددەی شەشەم ئەنجومەنی چاودێری دارایی، ئینجا ئەرکەکانی خۆی جێ بەجێ دەکات، سەرەڕای ئەوە لەگەڵ بوونی دەیان بەڵگە لە نەتوانینی جێ بەجێ کردنی کاری سەرۆکی دیوانی چاودێری، ئەمە دەبوایە ئیجرائات بکرێت بەپێی یاسا بۆ عەزل کردنی نووسراوی سەرۆکایەتی هاتووە بۆ تەقاعود کردنی، لەبەر ئەوە پێمانوایە ئەو دیوانی چاودێرییە لە کاتێکدا کە سەر بە پەرلەمانە، یەعنی بەرپرسیاریەتیەکە لە ئەستۆی پەرلەمانە، دوای چەند ساڵ لە دەرچوونی یاساکە، دوای پێویستی پەسند کردنی ئەنجومەنەکە، ئەنجومەنەکەش پەسند نەکراوە، سەرۆکی دیوانی چاودێری دانراوە بە ئەرکی خۆی، بەپێی یاساکان هەڵنەستاوە، ئینجا خانەنشین دەکرێت، لەکاتێکدا دەبوایە بێتە پەرلەمان لەبەرامبەر سەرنەکەوتن و هۆکاری دەست لەکارکێشانەوەی باس بکات، ئێستا بڕیار لە دانانی یەکێکی تر دەکرێت، بۆیە ئێمە پێمانوایە ئەمە بەپێچەوانەی یاسای دیوانی چاودێرییە، بە پێچەوانەی کاری پەرلەمان و سەرۆکایەتیە بەرامبەر دەزگایەك، کە دەزگایەکی گرنگە لە چاودێری حکومەت، لە چاودێری دارایی و بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەموو کێشەو گەندەڵیەی کە لە کوردستاندا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز سەروەر فەرموو.

**بەڕێز سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

من سەبارەت بە بەڕێز سیروان زەهاوی قسەیەکم نییە، بەڵام قسە لەسەر ئالیەت و جۆری کار کردنەکەیە، ماوەیەکی زۆر بەر لە ئێستا من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان یاداشتێکم بە بەڕێز سەرۆکایەتیدا بە بەڵگەو دکیۆمێنتەوە لە کۆمەڵێك لە پێشێلکارییەکانی دیوانی چاودێری و بەڕێز سەرۆکی دیوانی چاودێری تێدا بووە، داوای ئەوەمان کرد بوو کەوا لیژنەیەك پێك بهێنرێت بۆ بەدواداچوونی، چونکە لەو ماوەی رابردوودا وەکو برای بەڕێزم کاك کاردۆ باسی کرد، کە هیچ نەکراوە، نەك ئەم دیوانە ئەکتیف نەکرا، بەڵکو پێشێلکاری یاسایشی تێدا کراوە، بۆیە ئێستا دەبینین لەجیاتی ئەوەی بەدواداچوون بکرێت بەڕێزی داوای ئەوەی کردووە دەست لەکار بکێشێتەوەو بەبڕیاری ژمارە (63)ی سەرۆکایەتی هەرێمیش خانەنیشیش کراوە، ئەوەی من لێرەدا داوای دەکەم ئێمە دەمانەوێت ئەم دیوانە ئەکتیف بێت، بەڕاستی بەدوای گەندەڵیدا بچێت و بەدوای ئەو پێشێلکارییانە دابچێت، پێویست بوو لە نووسراوی دەست لەکارکێشانەوەی، یان نووسراوی داواکاری خانەنشینی سەرۆکی پێشوو پێدا بچین، چونکە ئەو دەڵێت لەبەر ئەوەی نەتوانرا ئەنجومەنی چاودێری دارایی پێك بهێنرێت کە بووە ئاستەنگ لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی دیوان، بۆیە داوا دەکات خانەنشین بکرێت، لێرەدا یەك/ خانەنشین بوونەکەی من پێموایە نایاساییە، چونکە بەڕێزی ماوەی ساڵێکە سەرۆکی دیوان بووە، بەبێ ئەوەی هیچ تەبریرێکی هەبێت، ئیلا ئەگەر بەپێی قانونی مەدەنی بیگرێتەوە، ئەویش نازانم چۆن دەبێت، هەر کەسێك بێتو بەو جۆرە بێت و کارێکیشی نەکرد بێت و خانەنشین بکرێت بە پلەی وەزیر، پێموایە ئەمە نا حەقیەکە دەکرێت.

دووەمیشیان/ بە هەمان شێوە پێویستە ناوبراو نازانم ئێستا لە رووی یاساییەوە چۆن دەکرێت، هەم بەپێی یاسای دیوانی چاودێری کە ئەم شێوازی خانەنیشینەی کردوویەتی ئەگەر سەیری بکەین نایاساییە، هەم پێویست بوو بهاتبایە پەرلەمان ئەو ئاستەنگانەی بۆ ئێمە باس کرد بوایە، کەوا لەو ماوەیەدا دیوانەکە نەیتوانیوە یەك بگرێتەوەو ئەنجومەنەکە پێك نەهێنراوە، بۆ ئەوەی هیچ نا سەرۆکی تازە کە دادەنرێت ئەو ئاستەنگانەی روو بەڕوو نەبێتەوە، کێ دەڵێت ئەو سەرۆکەش کە دادەنرێت بە هەمان شێوازو بە هەمان دەرد ناچێت، بۆیە من پێموایە بەڕاستی ئەمە پێشێلکاری یاسایە لەو شێوازەی کەوا جەنابی خانەنشین کراوەو بەدواداچوونی زیاتر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز سەرگوڵ خان فەرموو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەم برگەی بەرنامەی کار بەپێی ماددەی پێنجی یاسای دیوانی چاودێری دارایی سەرۆکی دیوانی چاودێری پێشتر لەبەردەم پەرلەمان سوێندی یاسایی خواردووە، ماوەی سەرۆکایەتیەکە خۆمان دەزانین هی دیوانی چاودێری چوار ساڵە، یاساکە باس لەوە دەکات ئەگەر پێش تەواو بوونی ئەو ماوەیە داوای دەست لەکارکێشانەوەی کرد، یان تەواو نەبوو، دەبێت بێتەوە بەردەم پەرلەمان، ئەو لادانە، یەعنی دەبێت دوو

لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان رازی بن لەسەری، یەعنی ئەم ئیجرائاتە نەکراوە، یـەعنی ئێسـتا ئەمـە بـە رەئی ئێمە قانونی نییە، ئەو بڕیارەی لە سەرۆکایەتی هەرێمەوە دەرچووە بۆ خانەنشین کردنی، جگە لـەوە من تەئکید لەو قسانەی کاک کاردۆ و دکتۆر سەروەر دەکەمەوە لەسەر ئەوەی کە دیـوانی سـەرۆکایەتی، یـان سـەرۆکی دیـوانی چـاودێری پێشـوو نـەیتوانیوە کـاری خـۆی بکـات، ئێسـتا ئێمـە بـێین بـەبێ ئـەوەی هـیچ ئیجرائاتێك بەرامبەری کرا بێت کـە پێشـتریش داواکـاری هـەبووە بـە بڕیـاری سـەرۆکی هـەرێم خانەنشـین بکرێت، ئێمە ئەوە بە نایاسایی دەزانین و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسە لەسەر ئەوە ناکەم کە ئەو بەڕێزە خانەنشینەکەی قەبوڵ بکرێت، یـان قـەبوڵ نـەکرێت، بـەڵام مـن قسـە لەسـەر ئالیـەتی دەسـت نیشـان کردنـی ئـەو کاندیدانـە دەکـەم، بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان، پەرلـەمان کۆمەڵێك لیژنەی هەیە کە مەعنیە بـۆ ئـەو کارانـەی کـە بەدواداچـوونی بـۆ دەکـەن، مـەفروز بـوو بـۆ هـەر پۆستێك سێ کاندید پێشکەشی لیژنەی مەعنی بکرێت، سێ کاندید بۆ پۆستی سەرۆکی دەستەی مـافی مـرۆڤ پێشکەشی لیژنەی مافی مرۆڤ بکرایە، سێ کاندید پێشکەشی لیژنەی دارایـی بکرایـە بـۆ دەسـتەی چاودێری، بـەم شـێوەیە، راسـتە لـە پـەیڕەوی نـاوخۆدا بـەم شـێوەیە نـەهاتووە، راسـتە لەنـاو یاساکەشـدا بـەو شـێوەیە نەهاتووە، دەسەڵاتەکە لای سەرۆکایەتی پەرلەمانە، بۆ ئەوەی ئـەم کـارە بکـات، بـەڵام ئێسـتا دەبیـنین لـەناو بۆکسەکانی هەموومان‌دا باس لـە سـێ مورەشـەح دەکـات، کـە ئەنجومـەنی دادوەری ناردوویـەتی بـۆ دەسـتەی نەزاهە، خۆزگە بۆ ئەمـەش سـەرۆکایەتی پەرلـەمان بەهـەمان شـێوەی بکردایـە، بـۆ ئـەوەی ئێمـە مـەجالمان هەبوایە لەگەڵ ئەو سێ کاندیدە، ئەو لیژنـە بەڕێزانـە دابنیشـتنایەو هەڵسـەنگاندن بکرایـە، سـیڤی کامیـان دەوڵەمەندتر بوایە، بۆ ئەوەی ئەو پۆستە بگرێتە دەسـت رەچـاو کـرا بوایـە، ئەمـە داواکارییەکـە، هیـوادارم ئەگەر هەتا ئێستا جێ بەجێ نەکراوە، داواکارین لەمەودوا جێ بەجێ بکرێت بەو شێوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، تۆ خۆت باست لەوە کرد دەڵێی بەهیچ قانونێك تەحدید نەکراوە، بەڵام لە نەزاهە تەحدید کراوە، بۆیە وا کراوە، کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرباری تەئکید کردنەوەم لە قسەکانی هاوڕێیەکانم، من دەمـەوێت ئـەوە بڵـێم کـە بـەڕێز هـادی رەحمـانی چەند تۆمەتێکی رووبەڕوو کرایەوەو دەچێتە خانـەی گەندەڵیـەوە، دەبوایـە پەرلـەمان لیژنەیـەکی دروسـت کرد بوایە، بۆ بەدواداچوونی ئەم دۆسیانە، ئەگەر ئـەم بـەڕێزە ئـەم گەندەڵیانـەی بەسـەردا ئیسـپات ببێـت،

پێویست بوو ئیجرائاتی بەرامبەر بکات، لەکاتێکدا دیوانی چاودێری سەر بە پەرلەمانی کوردستانە، ئەگەر پەرلەمانی کوردستان نەتوانێت لێ پێچینەوە لە دەزگایەك بکات کە سەر بە پەرلەمانە، چۆن دەتوانێت لێ پێچینەوە لە حکومەت و وەزارەتەکانی بکات، بۆیە ئێستاش پێشنیار دەکەم کە لیژنەیەك دروست بکرێت لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە، بۆ بەدواداچوونی ئەو دۆسیانە:

یەکەم/ کەمتەرخەمیەکانی.

دووەم/ ئەو ساڵ و نیوە هیچ کارێکی نەکردووە.

سێیەم/ ئەو دۆسیانەی گەندەڵی، ئەگەر ئەمانە ساغ بۆوە لەسەری، ئیجرائاتی لەبەرامبەردا بکرێت، نەك خانەنشین بکرێت و ئیمتیازی بدرێتێ، ئەمە حاڵەتێك.

حاڵەتی دووەم/ پێشنیار دەکەم کە بۆ ئەم شێوەی کاندید کردنە چەند مورەشەحێك هەبێت و، ئەو مورەشەحانە وەك سۆزان خان باسی کرد بچێتە لیژنە پەیوەندیدارەکان، بۆ ئەوەی باشترینیان هەڵبژێرێت، نەك سەرۆکایەتی چەند سەعاتێك پێش دەست پێ کردنی جەلسە داوا بکات کە کاندیدی تر هەبێت، کە بەڕاستی ئەمە حاڵەتێکی نایاسایی و نائاسایی بوو بۆ ئێمە، بۆیە تەئکید دەکەمەوە، یەکەم/ لیژنەیەك دروست بکات سەرۆکایەتی بۆ لێ پێچینەوە لەو بەڕێزە.

دووەم/ ئەگەر ئەمە ئیسپات نەبوو بەسەریدا، دواتر بەپێی ماددەی پێنج دەبێت ئەو بەڕێزە ئەندامانی پەرلەمان بە دوو لەسەر سێی رازی بن لەسەر دەست لەکارکێشانەوەکەی، ئەو کاتەی کە دەستی لەکار کێشایەوە بەو ئالیەتەی کە باس کرا سێ کەس بهێندرێتە پەرلەمان، بۆیە دوا داوام ئەوەیە کە ئەم بڕگەیەش وەك بڕگەی یەکەم دوا بخرێت بۆ کاتێکی دیکە، بۆ دروست کردنی ئەو لیژنەیەو ساغ کردنەوەی ئەو دۆسیانەو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێوە هەر بەڕێزتان چەندین جار راپۆرتتان نووسیوەو گلەییتان کردووە، کە ئەو دەزگایانە بۆ پڕ ناکرێنەوە، ئینجا ماوەیەکی زۆرە ئەو دەزگایە یاساکەی دەرچووەو کاری پێ ناکرێت، لەو ماوەیە کەسێك هەبووە خۆی بپاڵێوێت بۆ ئەو دەزگایە، یان کەسێکی تر بپاڵێون بۆ ئەو دەزگایە؟ نەبووە، لەبەر ئەوە لەو ماوەیە کە تەفعیلی ئەو کارانە کراوە خەڵك هەبووە خۆی پاڵێوراوە بۆ ئەو جێگایە، لەبەر ئەوە ئەگەر پاڵێوراوتان هەبوایە ئەویشمان دەخستە ناو بەرنامەی کارەوە، بەڕێز ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا وەڵامێك بۆ خستنەڕووەکەی بەڕێزت، ئەو ئیستیقالەی پێشکەش نەکردووە، تاوەکو داواکاری بۆ کاندید کردن بخرێتەڕوو، دواتریش کاندید کردن و تەرح کردن بۆ کاندید کردن، پێویستە بەشێوەیەکی فەرمی بێت، ئەمە شتێك نییە بەشێوەیەکی موبەتەن لەناوەوە فراکسیۆنەکان پێشکەشی بکەن، من تێبینیەکم هەیە لەسەر هەردوو ئەو بەڕێزەی کەدەست بەکار دەبن، لەوانەیە ئەو هەموو قسەو باسەی

لەخۆ نەگرتایە، ئەگەر دەستەی مافی مرۆڤ و دەستەی دیوانی چاودێری مەسەلەیەکی ئەوەندە گرنگ نەبوایە، یەکەمیان/ رەفزی هەموو ئەو پێشێلکاریانەی مافی مرۆڤ دەکات لە هەرێمی کوردستاندا.

دووەمیان/ رەفزی هەموو گەندەڵیەکان دەکات، هەموو ئەو دۆسیانەی کە دەچێتە بەردەمی، سروشتی کارەکەی خۆی وایە، بۆیە ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان قسەی لەسەر بکەن جۆرێکە لە مافی خۆمان، ئەمە چ گرێنتیەکی هەیە؟ ئەگەر ئەمە دابەش بکرێت، دوو دەستەیە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەوە مافی لیستی زەردو سەوز هەیە کە لەنێوان خۆیاندا برا بەشی بکەن و دابەشی بکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەمە بەشێکیان سەر بە پەرلەمانی کوردستانە، لەبەر ئەوە بەدڵنیاییەوە دەبوایە ئەمە ئەگەر جۆرێک لە تەوافوقی سیاسی هەبووایە، دەبوو پرس بە ئۆپۆزسیۆن بکرایە بە بەشەکانی تری ناو پەرلەمان و بە خەڵکی بێ لایەن و رای گشتیش، چونکە ئەمە دوو پۆستی زۆر گرنگە، سبەینێ ئێمە چۆن گرێنتی بخەینە روو بۆ رای گشتی، کە ئەم زانیاریانەی لەلایەن ئەم دوو دەستەیەوە پێشکەش دەکرێت جۆرێک لە تەدەخولی سیاسی ئەم دوو حزبە لەناو راپۆرتەکانیاندا نابێت، کە دەبێتە جۆرێک لە فۆرمی سەرەکی بۆ رەوشی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستانداو بە رووی دەرەوەشی وەیە، بە بڕوای من ئەمە کەموکوڕییەکەو بەر لەوەی ئەم دەستانە دروست ببێت لەلایەن ئۆپۆزسیۆن و لەلایەن رای گشتیشەوە ئەم پۆستە دەخرێتەوە ژێر پرسیارو راپۆرتەکانیشیان، چونکە شێوازی هەڵبژاردنی ئەم کەسە بەشێوەیەکی یاسایی و لەسەر بنەماکانی دیموکراسی نەبووە، پشتگیری لە رەئیەکەی کوێستان خان دەکەم کە ئەم هەڵبژاردنە دوابخرێت بۆ کاتێکی تر، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك جەمال فەرمووو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا دیارە کێشە لە ئالیەتی تەرشیح کردنە، ئەگەر بێین ماددەی پێنج لە قانونی دیوانی رەقابەی مالیە بخوێنینەوە دەڵێت (يعين رئيس الديوان بمرسوم من رئاسة الاقليم وبناءاً على ترشيح من المجلس الوطني لكوردستان – العراق)، ئەگەر بێتو بێین سەیری بەرنامەی کار بکەین خاڵی چوارەم دەڵێت (بڕیاردان لەسەر دامەزراندنی)، بۆیە بە پێویست دەزانم بکرێت بە بڕیاردان لەسەر پاڵێوراو کردنی بەڕێز سیروان عدنان.......... بۆ پۆستی سەرۆکی دیوانی چاودێری، لەوانەیە خاڵی پێنجەمیش هەمان شێوە بێت.

سەبارەت بە موافەقەی دوو لەسەر سێی ئەندامان، وابزانم مەوزوعەکە لە عەزلە، ناڵێت ئیستیقالەیە، چونکە لێرە ئەگەر ئاخیر فەقەرە بخوێنینەوە دەڵێت (ولايجوز عزله في مدة رئاسته الا بموافقة ثلثي اصوات اعضاء المجلس الوطني لكوردستان – العراق)، ئایا لێرە ئیستیقالە کردنە؟ نە عەزل کردن، ئەگەر عەزل بوایە لەوانەیە پێویست بوو دوو لەسەر سێی دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان بوایە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك حەمە سەعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وێڕای پشتگیریم بۆ هاوەڵەکانم لەسەر سێ تەوەر قسە دەکەم:

یەکیان/ لەسەر پرۆسەی کاندید کردنەکە، هاوڕام لەگەڵ سۆزان خان، کە بەڕاستی ئەو کاندید کردنە لێرە لە ماددەی پێنج دەڵێت دەپالێورێ، ئێمە هێشتا ئالیەتێکمان دیاری نەکردووە، مادام ئالیەتێکی دیاری نەکردووە، دەبێت ئێمە لەنێوان ئەو میکانیزمانەی کە زۆر دیموکراسی و واقیعین و هاوچەرخن سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو ئالیەتە دیاری بکات، من پێموایە ئالیەتێك ئەمەیان زیاتر دیموکراسیترو هاوچەرخە، یەکەم/ لەنێوان چەند پالێوراوێك بێت، چەند سیڤیەکیان هەبێت، دوای هەڵسەنگاندنی سیڤیەکانیان وەکو ئەوەی کە ئەنجومەنی دادوەری کردوویەتی بۆ دەستەی نەزاهە سێ پالێوراو بێت، سێ پالێوراوەکەش دواتر ئیتر سێیان بێت، یان هەر چەندێك بێت، بەڵام هەڵسەنگاندنی سیڤیەکانیان، دواتر لەناو پەرلەمان بپالێورێن، ئەوە خاڵێك.

خاڵێکی تریش، کە تەوەرێکی ترە، ئەم برادەرە کاك هادی ئەوە ماوەی ساڵ و نیوێکە وەکو دکتۆر سەروەر گوتی خۆی چەندین گلەیی لەسەرە، چەندین رەخنەی لەسەرە، چەندین پێشێلکاری یاسایی کردووە، ئینجا ئەو ماوەیە مووچەی بۆ بڕاوەتەوە، بەبێ ئەوەی کارێك بکات، بەبێ ئەوەی ئەنجومەنەکە پێك بهێنێت، دیوانی چاودێری دارایی پێك بهێنێت، ئەو گرفتانە چین؟ ئەو کۆسپانە چین؟ کەواتە ئەمە دەبێت ئیجرائات و لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت لەلایەن پەرلەمانەوە، نەك ئێستا ئیمتیاز بکرێت و خانەنشین بکرێت.

خاڵێکی تر، من بۆیە داوا دەکەم و هاوڕام لەگەڵ ئەو هاوەڵانە کە ئەم کۆبوونەوەیە دوابخرێت تا سەرۆکایەتی پەرلەمان و پەرلەمان ئەو رێ و شوێن و یاساییانە بگرێتە بەرو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر عومەر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە کە بیرو بۆچوونەکانمان دەخەینە روو بگەڕێینەوە بۆ یاساکە، سەبارەت بە یاسای کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە ماددەی پێنج لە بڕگەی دوودا دەڵێت (ئەم کەسەی کە بە سەرۆك دادەمەزرێت دوای ئەوەی لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران تەرشیح دەکرێت، پاشان پەرلەمان تەسدیقی دەکات، ئینجا دادەمەزرێت)، بۆیە لێرەدا میکانیزمەکانی پێشکەش کردنی تەرشیح بوون دیاری نەکراوە، تا بڵێین سێ و ئیلا دەبێت سێ بێت، ئەوە قانونەکە بڕاندوویەتیەوە، بە هەمان شێوەش بۆ دیوانی چاودێری دارایی.

سەبارەت بە ئیستیقالە کردنەکە، تەمەنی سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی لە رووی یاساییەوە گەیشتۆتە ئەو تەمەنەی کە داوای ئیستیقالە بکات، هەروەها ئەوەی کە لە قانونەکەدا هاتووە، عەزل کردنی، واتا بەر کەنار خستن و عەزل کردن و دوورخستنەوە، لەگەڵ ئیستیقالە کردن حاڵەتەکان لە یەك جیاوازن، بۆ عەزل کردنی، بۆ بەر کەنار خستنی فیعلەن پێویستی بە موافەقەتی پەرلەمان هەیە، بۆیە ئیجرائاتەکە لە رووی قانونیەوە ئیشکالاتی تێدا نییە، بەڵام ئەگەر ئێمە بمانەوێت میکانیزمی تری بۆ دیاری بکەین، کە مونافەسەی تێدا بێت، فیعلەن منیش لەگەڵ ئەوەم، بەڵام ئەوە پێویستی بەوە هەیە یاساکەی بۆ تەعدیل بکەینەوە لە ئایندەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە هاوکارانم دەکەم، کە باسیان لە چۆنیەتی ئالیەتی خانەنشین کردنی ئەو بەڕێزە کرد، چونکە بەڕاستی ئێمە ماوەیەك پێش ئێستا لە پەرلەمان دەنگمان پێدا کە ببێت بە سەرۆکی چاودێری دارایی، بەڵام ئێستا ئالیەتی خانەنشین کردنەکەی لەلای ئێمە روون نییە، هۆکارەکانی دیار نییە، ئێستا لەلایەك ئەگەر ئەو بەڕێزە خانەنشین بکرێت، بۆچی خانەنشین بکرێت، لەسەر چ ئەساسێك؟ ئەگەر خۆی داوای ئیستیقالەی کردووە، ئەوە نابێت خانەنشین بکرێت، ئەگەر هاتو عەزل کرا بێت، یاخود هەندێك شتی لەسەر هەبێت، بەڕاستی ئەوەش نابێت خانەنشین بکرێت، چونکە بەپێی یاساکە دەبێت بەپێی ئەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستان کارپێکراون کار لەگەڵ ئەو جۆرە بابەتانە بکرێت، بۆیە بەڕاستی هۆکارەکەی روون نییە، ئێمە دەمانەوێت ئاگادار بین لە هۆکاری خانەنشین کردنی، ئایا خۆی لادراوە، یان خۆی داوای کردووە؟ لە هەردوو حاڵەتدا ناکرێت خانەنشین بکرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خۆی داوای خانەنشینی کردووە، نە عەزل کراوە، نە موحاسەبە کراوە، خۆی داوا دەکات و دەڵێت خانەنشینم بکەن، ئینجا بەنیسبەتی پاڵێوراو بۆ مافی مرۆڤ، قانون بەسەراحەت دەڵێ لەنێوان سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەتە، هیچ قابیلی ئەملاو ئەولای نییە، لەنێوان هەردوولا راوێژ دەکرێت، ئەوان مورەشەحەکەی خۆیان دادەنێن، بەڕێز کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر خانەنشین کردنی سەرۆکی دەزگای چاودێری دارایی، ئەوە قسەیان زۆر کرد، من نایکەمەوە، ئەم دەزگای چاودێرییە کە بودجەی ساڵانەی ساڵی 2011 دە ملیارو پێنج سەد ملیۆن دینار بووە، هیچی دیار نەبووە، ئەوە زۆر تەفاسیلی لەسەر ناڕۆم، بەڵام پرسیارێك، بەپێی ئەو یاسایەی کە بە بەڕێزتان دراوە

لەسەر پالاوتنی سەرۆكایەتی پەرلەمان و سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران بپالێوێت، بەڕێز سەرۆكایەتی پەرلەمان تەمسیلی هەمووومان دەكات، تەمسیلی یەك لیستی جیاواز ناكات، ئەگەر تەمسیلی هەمووومان دەكات لەسەر ئەو پالاوتنە دەبێت پرس و راوێژ بە فراكسیۆنەكان بكات.

دوو/ ئەم دەستەیە، ئەم سێ دەستەیە دەستەی جێ بەجێكاری نین، واتا زۆرینە كاتی حكومەت پێك دێنێت لەولاتانی دنیا، لە عورفی دنیا ئەم دەستە چاودێرییانە دەبێت رەزامەندی ئۆپۆزسیۆنی لەسەر بێت، یان لایەنەكانی ئۆپۆزسیۆن، یان خەڵكی بێ لایەن بێت، ئەمە عورفی دنیایە، لە ئەڵمانیاش هەیە، تەنانەت لەمەغریب بەپێی نیزام داخیلی بابی شەشەم ماددەی (34) دەڵێت بەشداریكارە لە چاودێری كردنی لە رێگای دەزگای چاودێری بە ئۆپۆزسیۆن دەسپێرێت، لەبەر ئەوە ئالیەتەكە ئەوەیە، ئەمە بە بڕوای من دەبێت ئەم سیڤیانەی كە پێشكەش كراون، بەڕاستی ئەمانە سیڤی ئەوەلین، بەڕێز، ئەم سیڤیانە دەبێت فایل بن، كەسێك بە پۆلیسێك دادەمەزرێت یەك فایلی بۆ پڕ دەكەنەوە بریتیە لە بیست لاپەڕە، خێرە دەزگایەكی گرنگی وەك دەزگای چاودێری سیڤیەكی سادەی ئەوەلی كە دەبێت ئەمانە تەفاسیلی تیا نییە، ئینتیهای خدمەو مودەی خدمەو تەئیدو هەموو ئەوانەی تێدا نییە، بۆیە ئەم سیڤیە ئەوەلین بۆ كاتی پێشكەش كردن، بۆ كاتی موناقەسە بۆ ناو پەرلەمان ئەم سیڤیە كامل نییە بۆ ناو پەرلەمان.

سێیەم/ ئەو لێدوانانەی بەڕێزتان لە سەرۆكایتی جەخت لە بەشداری پێكهاتەكانی پەرلەمان و بڕیارە گرنگەكان دەكەنەوە، بەڕاستی ئەم جۆرە تەرشیح كردنەش ناكۆكە لەگەڵ ئەوە، چونكە بەڕاستی بەشداری كردنی فراكسیۆنەكان تەنها بۆ تەشریفی و مەرسومات نەبێت، بۆ بڕیارە گرنگەكانیش، چونكە ئەم سێ دەزگایە سێ دەزگای گرنگن سەر بە پەرلەمانن، بەم شێوازە رەنگە ئەم بڕیارە بەزۆرینەی دەنگ تێپەڕێت، بەلام بڕیارێك بە زۆرینەی دەنگ دەتوانێت یاسایی بێت، بەلام رەنگە شەرعی نەبێت، شەرعی بەو مانایەی كۆ دەنگی لەسەر نەبێت، بۆیە ئەم سێ دەستەیە، لەبەر ئەوەی دەستەیەكن، بەشێكن لە پۆستە نیشتمانییەكان، پۆستی نیشتمانی تەنیا پۆستە سیاسیەكان نین، پۆستی دارایی، پۆستی مافی مرۆڤ، ئەمانە پۆستی نیشتمانین، دەبێت شەراكەتی راستەقینەو دەبێت ئۆپۆسیۆزن میوان نەبێت لەم كارانە، لەم پرس و رایانە پرسیان پێ بكرێت، بۆیە پێشنیار دەكەم دەنگدان لەسەر ئەم پالێوراوانە دوا بخرێت، بانگەوازێك لەلایەن بەڕێز سەرۆكایەتی پەرلەمان بۆ ئەم پۆستە ئیعلان بكرێت، لیژنەیەك لە مافی مرۆڤ و یاسایی و دارایی پێك بهێنرێت بە رەچاو كردنی ئەوانەی كە بۆ كەسایەتیەكان دیاری كراوە، رەچاوی پەرلەمان بكرێت بۆ پالێوراوەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خۆی مەسەلەی شەرعی و نا شەرعی كەس ناتوانێت بە تەنیا قەراری لێ بدات چی شەرعیە، چ شەرعی نییە، ئەمە قانون هەیە، بەپێی قانون قیاسی ئەوە دەكرێت چ شەرعیەو چ شەرعی نییە، بەڕێز كاك ئارام فەرمووو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پاڵاوتنەكەی دەزگای چاودێری بەڕاشكاوانە تەبعەن لەماددەی پێنجدا باسی كردووە، كە دەبێت پەرلەمان بیپاڵێوێت، دەست نیشانی نەكردووە بە چ میكانیزمێك، بەڕاستی پشتگیری لە قسەكانی كاك دڵشاد دەكەم، دەبوایە بە میكانیزمێك بە راوێژ لەگەڵ فراكسیۆنەكاندا بێت.

سەبارەت بە دەست لەكاركێشانەوەكەشی، دەست لەكاركێشانەوەی سەرۆكی دیوانی چاودێری دارایی تا ئێستا نەگەیشتۆتە پەرلەمان، لە ماددەی پێنجدا تەنها باس لە مەرسومێك دەكات بۆ دامەزراندنەكەی، لەبەر ئەوەی لە ماددەی سێ دەزگای چاودێری راستەوخۆ پەیوەندی بە پەرلەمانەوە هەیە، دەبێت خانەنیشین كردنەكەی و دەست لەكار كێشانەوەكەی بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان و هۆیەكانیش روون بێت، بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا رەئیەك هەیە دەڵێن بڕگەی چوارو پێنج لە بەرنامەی كار تەئجیل بكرێت، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (45) ئەندام لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (23) كەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ تەئجیل كرا بۆ دانیشتنی داهاتوو، ئێستا دەچینە سەر بڕگەی شەشەم لە بەرنامەی كار/ خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای رێگا گشتیەكان لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

تكایە لیژنەی هاوبەش بفەرموون بۆ شوێنی خۆیان، فەرموون لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

راپۆرتی هاوبەش لەسەر یاسای رێگا گشتیەكان لە 2011/12/28 ئەنجامدراوە لەلایەن هەردوو لیژنەی ئاوەدانكردنەوەو لیژنەی یاسایی، ئێستاش دەقی راپۆرتەكە بەم شێوەیەی خوارەوە پێشكەش دەكەین.

**بۆ/ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان – عێراق**

**بابەت/ راپۆرتی هاوبەش**

سڵاو و رێز:

نووسراوتان ژمارە (ك 1762) لە (2011/12/26) سەبارەت بە ناردنی (پرۆژە یاسای رێگا گشتیەكان لە هەرێمی كوردستان) بۆ لیژنەكەمان هاتووە، كە لە دانیشتنی ژمارە (18) رۆژی چوارشەممە بەرواری 2011/12/21 لە پەرلەمانی كوردستان خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوە لە سەعات (9)ی سەر لەبەیانی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 2011/12/28 كۆبوونەوەی هاوبەشی هەردوو لیژنەی ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێ كردن و هاوچەرخ كردنی لادێكان و لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی كوردستان بە ئامادە بوونی بەڕێز وەزیری ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێ كردنی حكومەتی هەرێمی كوردستان گرێدرا بۆ گفتوگۆ كردن و

گەلاڵە کردنی راپۆرتی کۆتایی هاوبەش لەسەر پرۆژە یاسای ناوبراو، لە ئەنجامدا ئەم خاڵانە دەخەینە بەردەستتان.

یەکەم: لە دێری دووەمی پێشەکی پرۆژە یاساکەدا دەستەواژەی (المجلس الوطني لكوردستان – العراق) بکرێتە (پرلمانی کوردستان – العراق).

دووەم: لە بڕگەی (9) ماددەی یەکەم وشەی (الاشغال) بکرێتە (الاثقال).

سێیەم/ لە ماددەی دووەم بڕگەیەك بە زنجیرەی حەوتەم زیاد بکرێت و بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

(سابعاً: تنظيم ومنح اجازات وضع ونصب وسائل الدعاية والاعلان على الطرق العامة).

چوارەم: لە بڕگەی دووەمی ماددەی چوارەمدا دەستەواژەی (الجمعيات الفلاحية) بکرێتە (اتحاد الفلاحين).

پێنجەم: لە بڕگەی (7)ی ماددەی (8) زنجیرەی (2) زیاد بکرێت بەم شێوەیە:

(2- ابرام العقود مع الشركات المختصة لوضع ونصب وسائل الدعاية والاعلان ضمن محرمات الطرق العامة وفق الضوابط والشروط الخاصة بالوزارة)، بەم شێوەیە ریز بەندی زنجیرەکانی دواتر دەگۆڕێت بۆ (3 و 4).

شەشەم: لە ماددەی (9)یەمدا دەستەواژەی (الطرق العام) بکرێت بە (الطرق العامة) و دەستەواژەی (قوى الاسايش) بکرێتە (قوى الامن).

حەوتەم: لە ماددەی (25)دا دەستەواژەی (مع وزارة الداخلية ووزارة المالية والاقتصاد) بکرێت بە (مع وزارتي الداخلية والمالية والاقتصاد).

داواکارین ئەم راپۆرتە هاوبەشە بخرێتە بەردەم پەرلەمانی کوردستان بۆ گفتوگۆو دەربڕینی بۆچوونی پێویست لەبارەیەوە. لەگەڵ رێزدا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شلێر خان.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەم یاسایە بە ئامادە بوونی وەزیری ئاوەدانکردنەوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبی.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راپۆرتی هاوبەش بە عەرەبی ئامادە نەکراوە لەلایەن لیژنەکانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو قانونەکە بە عەرەبی بخوێنەوە.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەمە دەقی یاساکەیە، کە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە بۆ پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**ب/ پرۆژە**

**هاوپێچ پرۆژە یاسای رێگا گشتیەکان لە هەرێمی کوردستان بۆتان دەنێرین، کە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (13)ی رۆژی 2011/9/21 پەسند کراوە بە مەبەستی خستنە بەردەستی پەرلەمان بۆ بڕیاردان لەسەری، لەگەڵ رێزدا.**

**باسم الشعب**

**قرار**

**قرار رقم ( ) لسنة 2011**

**قانون الطرق العامة لاقليم كوردستان – العراق**

**وفقاً للصلاحية الممنوحة لنا في البند (اولاً) من المادة العاشرة من قانون رئاسة اقليم كوردستان – العراق رقم (1) لسنة 2005 المعدل وبناء على ماشرعه المجلس الوطني لكوردستان – العراق في الدورة ( ) الجلسة ( ) المنعقدة في / /2011 قررنا اصدار:**

**قانون رقم ( ) لسنة 2011**

**قانون الطرق العامة لاقليم كوردستان – العراق**

**الفصل الاول**

**التعاريف**

**المادة (1):**

**يقصد بالتعابير الاتية لاغراض هذا القانون المعاني المبينة ازاءها:**

**اولاً: الوزارة: وزارة الاعمار والاسكان في اقليم كوردستان – العراق.**

**ثانياً: الطريق العام: الممر المبلط او غير المبلط المخصص لمرور المركبات ويشمل ذلك محرم الطريق، وتحدد انواع الطرق العامة من سريعة ورئيسة وثانوية وغيرها ببيان ينشر في الجريدة الرسمية.**

**ثالثاً: طريق المرور السريع: الطريق العام المصمم والمشيد بصورة خاصة لمرور المركبات الذي لا يخدم الممتلكات المتاخمة له (مسيج) وتكون مجالات مرور المركبات فيه منفصلة ولا يتقاطع مع اي طريق او سكة قطار او اي مسار اخر او ممر مشاة في مستوى واحد، والذي يكون مصمماً ومعلناً عنه كطريق سريع.**

**رابعاً: الجسر: منشأ من الخرسانة المسلحة او الحديد او كليهما يزيد فضاءه على (6) ستة امتار وقد يتكون من عدة فضاءات لنقل المرور بانواعه او الخدمات او كليهما عبر مجرى مائي او فتحة ويشمل مفهوم الجسر، الجسور العائمة المصممة والمنفذة بأية طريقة كانت وتعرفها الوزارة على انها جسور ببيان ينشر في الجريدة الرسمية.**

خامساً: التقاطع: هو شبكة من الطرق المترابطة والمتقاطعة مع بعضها على مستوى واحد او اكثر يوفر انسياب المرور بين طريقين او كثر.

سادساً: النفق: طريق يمر تحت طريق اخر او سكة حديد او نهر او خليج او قناة او جبل او مرتفع مصمم ومشيد ومعلن عنه انه نفق ببيان ينشر في الجريدة الرسمية.

سابعاً: القنطرة: مجرى مغلق ينقل الخدمات او الماء في قناة طبيعية او مجرى مائي طبيعي او اصطناعي من احد جانبي الطريق الى الجانب الاخر ولا يشمل ذلك الجسر.

ثامناً: المحرم: يشمل المحرم كل من:

1- طريق او جسر او قنطرة او تقاطع او نفق.

2- الاراضي المجاورة للطريق الممتدة مسافتها ببيان تصدره الوزارة وينشر في الجريدة الرسمية.

تاسعاً: الاشغال المحورية: هو ثقل المركبة مضافاً اليه وزن الحمولة المنقولة المسلط على كل محور من محاور المركبة.

## الفصل الثاني

## اهداف القانون ونطاق سريانه

المادة (2):

يهدف هذا القانون الى ما يأتي:

اولاً: الحفاظ على سلامة الطرق العامة والجسور والتقاطعات والانفاق وصيانتها ومنع التجاوز عليها.

ثانياً: تحديد محرمات الطرق العامة الجسور والتقاطعات والانفاق وتنظيم استعمالها.

ثالثاً: تحديد الاثقال المحورية للمركبات التي تستخدم الطرق العامة وسرعتها وابعادها.

رابعاً: تسهيل اجراءات وضع اليد على الاراضي التي تمر بها الطرق العامة والجسور والتقاطعات والانفاق واستملاكها وتنظيم اجراءات تقدير توابعها من منشأت ومغروسات ومزروعات وكيفية التعويض عنها.

خامساً: تنظيم ومنح اجازة بناء المنشأت التي تخدم الطرق العامة وتحديد ابعادها عن تلك الطرق.

سادساً: منح الموافقة على المشاريع الاخرى خارج حدود رئاسة البلديات ومديريات البلديات.

المادة (3):

تسري احكام هذا القانون على:

اولاً: الطرق العامة الكائنة خارج حدود رئاسة البلديات ومديريات البلديات، والقناطر والمعابر والانفاق والتقاطعات التي تقع ضمن محرماتها والمنشأت والساحات التي تخدم هذه الطرق.

ثانياً: الجسور على اختلاف انواعها الواقعة داخل حدود رئاسة البلديات ومديريات البلديات وخارجها والمعرفة بعائديتها الى الوزارة ويشمل ذلك الجزء المجسر منها فقط دون المقتربات.

## الفصل الثالث

## الاستملاك والتقدير

المادة (4):

اولاً: تقوم الوزارة بطلب وضع اشارة عدم التصرف بالاراضي المشمولة بأحكام هذا القانون في السجلات العقارية لمدة لاتزيد عن سنة واحدة من تاريخ وضع الاشارة.

ثانياً: للوزارة في الحالات المستعجلة وضع اليد على الاراضي المنصوص عليها في البند اولاً من هذه المادة، الواقعة خارج حدود رئاسة البلديات ومديرية البلديات بعد تقدير قيمة توابعها من منشأت ومغروسات ومزروعات من قبل لجنة تشكل برئاسة رئيس الوحدة الادارية وعضوية ممثل الوزارة وممثل التسجيل العقاري وممثل الزراعة وممثل عن الجمعيات الفلاحية وممثل وزارة المالية وممثل مديرية عقارات الدولة في المحافظة او في الوحدة الادارية وصاحب العلاقة او من يمثله، وللجنة الاستعانة بخبير او اكثر للغرض المذكور.

ثالثاً: تتبع اللجنة المنصوص عليها في البند ثانيا من هذه المادة اسس التقرير المنصوص عليها في قانون الاستملاك رقم (12) لسنة 1981 وتعديلاته.

رابعاً: للوزارة ولكل ذي علاقة بتوابع الارض المقدرة وفق احكام البند ثانيا من هذه المادة الاعتراض على محضر التقدير خلال مدة (15) خمسة عشر يوماً من تاريخ التبليغ به لدى محكمة البداءة المختصة بموقع العقار، وتنظر المحكمة بالاعتراض خلال (15) خمسة عشر يوماً ويكون قرارها خاضعاً للطعن فيه لدى محكمة الاستئناف بصفتها التمييزية.

المادة (5):

اولاً: تتولى الوزارة المباشرة باستملاك الاراضي المنصوص عليها في المادة (4) من هذا القانون خلال (180) مئة وثمانين يوماً من تاريخ وضع اليد عليها وفق احكام قانون الاستملاك رقم (12) لسنة 1981 وتعديلاته وتقدر القيمة بتاريخ وضع اشارة عدم التصرف او بتاريخ وضع اليد او بتاريخ طلب الاستملاك ايها افضل للمستملك منه.

ثانياً: في حالة تعذر الحصول على عناوين اصحاب العلاقة بالاراضي وتوابعها فيتم الاعلان عن ارقام القطع في المقاطعات المشمولة بالاستملاك في صحيفة يومية واحدة على الاقل مرتين ويمهل اصحاب العلاقة مدة (90) تسعين يوماً اذا كانوا موجودين داخل الاقليم و(180) مئة وثمانين يوماً للموجودين خارج الاقليم للمراجعة وتثبيت حقوقهم وتعتبر قطع الاراضي مستملكة بانقضاء المدة المذكورة.

ثالثاً: يؤخذ بدون بدل الربع القانوني المنصوص عليه في قانون الاستملاك وفق الاحكام المنصوص عليها فيه، ويسري هذا الحكم على جميع الاراضي المشمولة بأحكام هذا القانون بصرف النظر عن جنسها وصنفها وموقعها والتشريع الذي تملك بموجبه.

رابعاً: تسجل اراضي محرمات الطرق العامة المستملكة باسم وزارة المالية وتخصص للوزارة وتعدل السجلات العقارية للاراضي التي تم استملاكها قبل نفاذ هذا القانون تبعا لذلك.

خامساً: في حالة انتفاء حاجة الوزارة الى اية مساحة من الاراضي المنصوص عليها في البند رابعاً من هذه المادة تؤول ملكيتها الى رئاسة البلديات او مديرية البلديات المختصة ان كانت واقعة ضمن حدودها بدون بدل وترفع اليد عنها وتؤول الى وزارة المالية ان كانت واقعة خارج تلك الحدود.

سادساً: تنوب الوزارة عن دوائر الدولة الرسمية في الاشراف على الاراضي المشمولة باحكام هذا القانون ورفع التجاوز عنها بالتنسيق مع الوحدات الادارية.

المادة (6):

اولاً: للوزارة عند الاقتضاء وضع اليد على اي ارض او بستان او اي جزء منها بصورة مؤقتة لاغراض تنفيذ مشاريع الطرق العام والجسور لمدة لاتتجاوز مدة انجاز المشروع ببدل ايجار بعد تبليغ مالكها بذلك مدة لاتقل عن (30) ثلاثين يوماً.

ثانياً: تقوم اللجنة المنصوص عليها في البند ثانيا من المادة (4) من هذا القانون بتحديد بدل الايجار السنوي او الشهري للعقار المقرر وضع اليد عليه بصورة مؤقتة مع تنظيم محضر يثبت فيه الوضع الراهن بها مع توابعه.

ثالثاً: على الوزارة اعادة العقار الذي تم وضع اليد عليه الى مالكه بعد انجاز المشروع وفق الحالة المثبتة بمحضر وضع اليد عليه، وتعويض مالكه عن الاضرار التي لحقت بالعقار بعد تقديرها من اللجنة ذاتها.

بەڕێز عمر عبدالرحمن على:

بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.

## الفصل الرابع

## محرمات الطرق العامة والجسور

المادة (7):

يحدد ببيان تصدره الوزارة وينشر في الجريدة الرسمية ما يأتي:

اولاً: محرمات الطرق العامة السريعة والرئيسة والثانوية والريفية وغيرها عدا الاجزاء المارة منها ضمن رئاسة البلديات ومديرية البلديات فيخضع تحديدها للتصاميم الاساسية لكل منها.

ثانياً: محرمات الجسور التي لايجوز فيها نصب معامل الغربلة او تأسيس المقالع او اجزاء تحويرات في مسار النهر بما يؤدي الى الحاق الضرر بدعامات الجسر او مقترباته.

ثالثاً: محرمات التقاطعات والانفاق والمعابر ان وجدت.

المادة (8):

اولاً: لايجوز البناء او الغرس او الزرع او شق الانهر او الجداول او المبازل او انشاء محطات الوقود او مد الاسلاك او تثبيت وسائل الدعاية والاعلان او أجراء اي تصرف اخر ضمن حدود المحرمات من اية جهة كانت الا بموافقة تحريرية من الوزارة.

ثانياً: لا يجوز الحفر على جانبي الطرق الخارجية الرئيسة ضمن المساحات المحصورة بين خطين موازيين لخط الوسط باقل من مسافة (75) خمسة وسبعين متر يساراً ويميناً بالنسبة للطريق ذي الممر الواحد و(100) مائة متر بالنسبة الطريق ذي الممرين الا بموافقة الوزارة وفق شروط وضوابط يتم وضعها من قبلها.

ثالثاً: لا يجوز لاية جهة اقامة جسر او قنطرة او معبر او اية منشأة اخرى ضمن محرمات (الطرق العامة) الا بموافقة الوزارة وحسب التصميم الذي تقرره وبشرط تأمين طريق بديل مؤقت ملائم للمرور خلال فترة العمل مزود بجميع العلامات التي تؤمن سلامة المرور.

رابعاً: ترفع المحدثات المشيدة ضمن محرمات الطرق العامة قبل نفاذ هذا القانون العائدة لدوائر الدولة الرسمية بدون بدل اذا كان لوجودها تأثير سلبي على الطرق العامة من الناحية الفنية او على سلامة المرور بها ويكون رفعها على نفقة الجهة المعنية وبالتنسيق بينها وبين الوزارة.

خامساً: ترفع المحدثات العائدة لغير الجهات المنصوص عليها في البند رابعاً من هذه المادة المشيدة باجازة اصولية او موافقة احدى الجهات الرسمية اذا كانت محدثة قبل تنفيذ الطريق او تحديد محرماته بعد التعويض عنها اذا كانت تؤثر سلبا عى الطريق من الناحية الفنية وعلى سلامة المرور به، ويراعى في التعويض ما يأتي:

1- يتم التعويض عن المحدثات فقط.

2- يقدر التعويض بتاريخ منح الاجازة او بتاريخ صدور الموافقة او الاذن باقامة المنشأت او بتاريخ رفعها ايهما افضل للمواطن والا فيحدد بما يعادل بدل المثل وقت اجراء الكشف والتقدير الا اذا وجد اتفاق خلاف ذلك.

3- يقدر مبلغ التعويض من قبل لجنة برئاسة رئيس الوحدة الادارية وعضوية ممثل عن كل من الوزارة و وزارة المالية ودائرة التسجيل العقاري في الوحدة الادارية ودائرة عقارات الدولة من ذوي الخبرة.

4- للوزارة ولصاحب العلاقة الاعتراض على مبلغ التعويض لدى محكمة البداءة المختصة بموقع المحدث خلال (30) ثلاثين يوماً من تاريخ صدور قرار التعويض ويكون قرار المحكمة خاضعاً للطعن فيه تمييز امام محكمة الاستئناف بصفتها التمييزية.

5- يصرف التعويض عما يلحق به من مصاريف واجور بواسطة المحكمة المختصة بموقع المشروع ومن تخصيصات الوزارة لهذا الغرض ويجري صرفه الى مستحقيه وفق القانون.

سادساً: ترفع المحدثات التي انشئت تجاوزاً بعد تنفيذ الطريق او تحديد محرماته طبقا للقانون ويتم الرفع من قبل الوحدة الادارية التي يقع المحدث ضمن رقعتها الجغرافية على نفقة المتجاوز خلال (90) تسعين يوماً من تاريخ تبليغه بذلك التجاوز.

سابعاً: للوزارة الموافقة على ما يأتي:

1- استغلال جزء من محرم الطريق العام لاقامة المنشأت السياحية او خدمات الطريق او للاغراض الزراعية الموسمية او الزراعة التي من شانها حماية الطريق وتحسين البيئة او مد خطوط القابلات او اعمدة الكهرباء او مشاريع الماء او المشاريع الحكومية الاخرى شريطة ان لا تتعارض مع المتطلبات الفنية للطريق او سلامة المرور فيه.

2- ابقاء البساتين الموجودة ضمن محرم الطريق اذا كان بقاءها لا يؤثر على النواحي الفنية وسلامة المرور بالطريق على ان يتم تسجيلها بشكل نظامي على نفقة اصحابها.

3- الابقاء على المحدثات والابنية الواقعة ضمن محرم الطريق بالنسبة للطرق المنفذة قبل نفاذ هذا القانون بشرط عدم تعارض بقائها مع المستلزمات الفنية للطريق والسلامة المرورية وكما يأتي:

أ- اجزاء الابنية التي لا تتجاوز (10) عشرة امتار عمقاً اذا كان في ازالتها ضرر على عموم البناية.

ب- اعمدة الكهرباء والهاتف والقابلوات المحورية وخطوط سكك الحديد والقنوات والمنشأت الكائنة خلفها.

ج- الابنية والمنشأت العائدة لدوائر الدولة ودور العبادة والمقابر.

ثامناً: تستثنى من احكام البند سادساً من هذه المادة المنشأت والمشاريع الانتاجية بصرف النظر عن عائديتها وتبقى لحين انقضاء عمرها الانتاجي بشرط عدم اضافة خطوط انتاجية جديدة لها ويتم رفعها بعد انقضاء عمرها الانتاجي على نفقة الجهة التي تعود اليها المحدث بدون اي تعويضات.

تاسعاً: تحدث الابنية والمنشأت والمرافق الاخرى اللازمة لخدمات الطرق العامة باجازة من الوزارة بالتنسيق مع المحافظة المعنية، وبموجب التصاميم التي تعدها او تصممها وبالكيفية التي تقدرها في المواقع التي تعينها داخل او خارج محرمات تلك الطرق وعلى الوزارة اصدار التعليمات الخاصة بذلك.

عاشراً: لا يجوز اقامة اية ابنية او منشأت او محدثات ينجم عن استعمالها خطر او ازعاج او تأثير على بيئة الطريق ومستخدميه بسبب ما ينبعث منها من ادخنة او ابخرة او غازات او اتربة او روائح مضرة او ما يماثل ذلك الا في المواقع التي تبعد ما لايقل عن (500) خمسمائة متر عن محرم حدود طرق المرور السريع والطرق الرئيسة ويسمح ببناء دار سكن لاصحاب القطع الزراعية وفق القانون على ان يبعد السياج الخارجي للدار بما لايقل عن (25) خمسة وعشرين متراً عن حدود محرم الطريق وان لا يتم الربط الى الطريق مباشرة وانما الى طرق الخدمة الموازية للطريق المحلية السريع او الى الطرق المحلية الموجودة في المنطقة.

حادي عشر: تستثنى الطرق الريفية والزراعية من احكام البند عاشراً من هذه المادة عدا المشاريع الزراعية وحقول الدواجن والمفاقس او ما يماثلها فلا يسمح باقامتها الا في المواقع التي تبعد بمسافة لا تقل عن (500) خمسمائة متر عن حدود محرم الطريق.

## الفصل الخامس

## اوزان الاثقال المحورية للمركبات

المادة (9):

**تحدد الاثقال المحورية للمركبات التي تستخدم الطرق العامة ببيان تصدره الوزارة وينشر في الجريدة الرسمية وللوزارة استثناء بعض المركبات الاختصاصية العائدة لدوائر الدولة وكذلك مركبات القوات المسلحة وقوى الاسايش الداخلي والمركبات المستخدمة في حالات خاصة.**

**المادة (10):**

**اولاً: تتولى الوزارة بالتنسيق مع تشكيلات وزارة الداخلية تحديد مواقع محطات وزن المركبات وعلى الوزارة تأمين الابنية والساحات الملائمة لها مع توفير اجهزة الوزن وصيانتها.**

**ثانياً: تتولى مديرية المرور العامة والوزارة تسلم وادارة وتشغيل محطات الوزن ويتم فرض العقوبات على المخالفين بالتنسيق مع تشكيلات وزارة الداخلية وفق احكام هذا القانون.**

**ثالثاً: للوزارة الحق باناطة تولي مهام ادارة وتشغيل محطات الوزن التابعة لها الى القطاع الخاص وفق تعليمات تصدرها الوزارة بهذا الشأن في ضوء احكام هذا القانون.**

**رابعاً: تخضع جميع محطات الوزن التي تشغل من قبل القطاع الخاص للتعليمات والضوابط التي تصدر من قبل الوزارة في هذا الشأن على ان لايتعارض مع احكام هذا القانون.**

## الفصل السادس

## العقوبات

**المادة (11):**

**يعاقب بغرامة لاتقل عن (250000) مئتان وخمسين الف دينار ولاتزيد على (500000) خمسمائة الف دينار كل من:**

**اولاً: الحق ضرراً بالطرق العامة من شانه عرقلة السير والمرور وتشكيل خطورة على مستعمل الطريق.**

**ثانياً: اهمل التنبيه نهاراً او التنوير ليلاً بالنسبة لاعمال الحفر او المواد المطروحة على الطرق العامة.**

**ثالثاً: استخدام (الطرق العامة) لغير الاغراض المخصصة لها او نقل حمولة يتسبب عن سقوطها خطراً على الطريق دون اتخاذ الاحتياطات اللازمة لحماية مستخدمي الطريق.**

**رابعاً: خالف قواعد استخدام الطرق السريعة المعلنة من قبل الدائرة المختصة.**

**المادة (12):**

**يعاقب بغرامة لاتقل عن (300000) ثلاثمائة الف دينار ولاتزيد عن (750000) سبعمائة اوخمسين الف دينار كل من:**

**اولاً: تجاوز على محرمات (الطرق العامة) بالحفر او الاستخدام بدون اجازة او البناء المؤقت او الدائم اضافة الى تحميله نفقات ازالة التجاوز.**

**ثانياً: تسبب في اعاقة المرور على (الطرق العامة) خارج حدود رئاسة البلديات ومديرية البلديات.**

**ثالثاً: نزع علامة مرورية او اكثر او اسيجة الامان او الاسيجة السلكية او عبث بالقناطر والجسور او تشويها او احدث ضرار فيها او غير محلها او اتجاهها.**

**رابعاً: منع او عرقل منتسبي الوزارة او الجهة المتعاقدة معها من تنفيذ واجباتهم.**

**خامساً:**

1- **خالف احكام المادة (8) من هذا القانون.**

2- **خالف احكام التعليمات او البيانات الصادرة بموجب احكام هذا القانون.**

**المادة (13):**

**اذا كون الفعل المخالف لاحكام المادتين (11 و 12) من هذا القانون جريمة عقوبتها اشد بموجب قانون اخر فيطبق النص الاشد عقوبة.**

**المادة (14):**

**لاتحول الجزاءات المنصوص عليها في هذا الفصل دون حق الوزارة في المطالبة بالتعويض عن الاضرار التي تلحق بها من جراء المخالفات او التجاوزات المشار اليها في هذا الفصل.**

**المادة (15):**

**اولاً: يغرم سائق او مالك المركبة المخالفة لاوزان الاثقال المحورية بغرامات مالية وكالاتي:**

1- (5000) **خمسة الاف دينار عن كل (100) مئة كيلوغرام ولحد طن واحد من الحمولة الزائدة.**

2- (10000) **عشرة الاف دينار عن كل (100) مئة كيلوغرام ولحد اربعة اطنان من الحمولة الزائدة.**

3- (15000) **خمسة عشرة الف دينار عن كل (100) مئة كيلوغرام عند تجاوز الحمولة الزائدة اربعة اطنان ولحد ثمانية اطنان من الحمولة الزائدة.**

**ثانياً: تحجز المركبة المخالفة لاوزان الاثقال المحورية الى حين تفريغ الحمولة الزائدة ونقلها خارج محطة الوزن على نفقة المخالف اذا زادت الحمولة عن ما مذكور كحد اعلى من البند الثالث للفقرة (اولاً) من المادة هذه اعلاه.**

**ثالثاً: تستوفى اجور ارضية مقدارها (20000) عشرون الف دينار عن كل ليلة تبقى فيها المركبة محجوزة في ساحة الحجز ومن تاريخ المخالفة.**

**المادة (16):**

**اولاً: يمنح منتسبي المرور المنسبين للعمل في محطة الوزن صلاحية فرض الغرامة وحجز المركبة ذات الحمولة الزائدة وفق احكام المادة (15) من هذا القانون وتكون قراراتهم بهذا الشأن باتة.**

**ثانياً: تعتمد قراءة مقياس الوزن دليل اثبات لغرض فرض العقوبة بحق المخالف.**

**ثالثاً: في حالة عدم دفع الغرامة المنصوص عليها في المادة (15) من هذا القانون خلال (15) خمسة عشر يوماً من تاريخ المخالفة يعاقب سائق او مالك المركبة المخالفة بالحبس مدة لا تقل عن (3) ثلاثة اشهر ولا تزيد على (6) ستة اشهر.**

رابعاً: يعاقب سائق السيارة او مالكها الذي يتهرب من عملية الوزن بغرامة لاتقل عن (250000) مئتان وخمسون الف دينار ولاتزيد على (400000) رابعمائة الف دينار مع عدم الاخلال باحكام البند اولا من المادة (15) من هذا القانون.

المادة (17):

اذا ثبت قيام احد اعضاء اللجنة المشرفة على تشغيل محطات و وزن المركبات الواردة في الفقرة (2) من المادة العاشرة من هذا القانون التلاعب باوزان مركبات الحمل يعاقب وفق المادة (307) من قانون العقوبات رقم (111) لسنة 1969.

المادة (18):

اولاً: لا تتحمل الجهة المخولة بحجز المركبة اية مسؤولية عن الاضرار التي تلحق بالاموال المحملة القابلة للتلف.

ثانياً: تطبق احكام قانون التصرف بالمركبات المحجوزة والمتروكة رقم (8) لسنة 1987 على المركبات المخالفة التي تترك في ساحات محطات الوزن.

ثالثاً: تتولى الوزارة بيع الاموال التي يتركها المخالفون الزائدة على الاوزان المقررة بالمزايدة العلنية استثناء من احكام التشريعات النافذة وفق قواعد تضعها الوزارة.

رابعاً: تسجل بدلات البيع المنصوص عليها في البند (ثالثاً) من هذه المادة والغرامات المنصوص عليها في هذا القانون ايراداً للوزارة.

خامساً: تقسم حصيلة النسبة المنصوص عليها في البند (رابعاً) من هذه المادة على الوجه الاتي:

1- (75٪) خمس وسبعون بالمائة منها تودع في حسابات الوزارة وتخصص لصيانة الطرق.

2- (25٪) خمس وعشرون بالمائة منها حوافز للعاملين في محطات الاوزان ولمنتسبي الوزارة.

سادساً: يصدر وزير الاعمار والاسكان وبالتنسيق مع وزير الداخلية تعليمات للحوافز المنصوص عليها في الفقرة (2) من البند (خامساً) من هذه المادة تتضمن اسس توزيعها وتحديد المشمولين بها وحالات الحرمان منه.

**بەڕێز شلێر محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## الفصل السابع

## احكام عامة وختامية

المادة (19):

اولاً: تستحصل الوزارة من المستفيدين تكاليف اقامة القناطر والجسور والمنشأت المشيدة من قبلها بناء على طلبهم.

ثانياً: تستحصل الوحدة الادارية من المتجاوز تكاليف رفع التجاوز الحاصل على محرمات الطرق العامة حسب القوائم المعدة من قبلها بموجب قانون تحصيل الديون الحكومية المرقم بـ(56) لسنة 1977 وتعديلاته.

المادة (20):

على الوزارة ومن يمثلها من المقاولين او الشركات تامين استمرار جريان المياه والانهر والجداول والمبازل التي تعترض مشاريع الطرق العامة والجسور، وكذلك تامين طرق بديلة للطرق الموجودة التي تعترض مشاريعها الجديدة اثناء مراحل تنفيذ المشاريع.

المادة (21):

لمنتسبي الوزارة دخول العقارات الخاصة باستثناء الدور السكنية والمباني لتهيئة اعمال المسح بعد اشعار مالكيها وتحديد مسارات الطرق العامة والجسور لاغراض تنفيذ مشاريعها.

المادة (22):

اولاً: تختص الوزارة حصراً بتنفيذ الطرق السريعة والرئيسة والثانوية والتقاطعات والانفاق الواقعة خارج حدود البلديات وتنفيذ الجسور.

ثانياً: لدوائر الدولة الاخرى او المواطنين تنفيذ الطرق المحلية او الريفية او السياحة او الخاصة والمعابر بموافقة الوزارة واشرافها على ان يكون تحديد محرمات هذه الطرق من اختصاص الوزارة حصراً.

المادة (23):

اولاً: تحدد مديرية المرور العامة بالتنسيق مع الوزارة ابعاد المركبات المختلفة، وكذلك السرع القصوى والدنيا لها على الطرق العامة وحسب نوع كل طريق ببيان ينشر في الجريدة الرسمية.

ثانياً: تحدد مديرية المرور العامة بالتنسيق مع الوزارة قواعد استخدام الطرق السريعة ببيان ينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

المادة (24):

يستمر العمل بالبيانات الصادرة عن مديرية المرور العامة بما لا يتعارض واحكام هذا القانون الى حين صدور مايحل محلها او يلغيها.

المادة (25):

لوزير الاعمار والاسكان وبالتنسيق مع وزارة الداخلية ووزارة المالية والاقتصاد اصدار تعليمات لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة (26):

لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

المادة (27):

ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

## الاسباب الموجبة

لغرض تحديد مسؤوليات الوزارة باشرافها على تنفيذ الطرق العامة خارج حدود رئاسة البلديات ومديرية البلديات ولغرض شمول مشاريع الجسور والتقاطعات بالقانون ولمنع التجاوز على الطرق العامة والطرق السريعة ومحرماتها وكذلك تحديد الاثقال المحورية للمركبات التي تستخدم هذه الطرق ولتوحيد اجراءات الاستملاك وتنظيم استخدام محرمات الطرق العامة وطرق المرور السريع وللتغيير الحاصل في هيكلية الدوائر المنفذة للطرق العامة ولتوحيد القواعد القانونية ذات العلاقة شرع هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیش تكایە.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بڕیاری ژمارە ( )ی ساڵی 2001**

**یاسای ڕێگا گشتییەكانی هەرێمی كوردستان – عێراق**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی كە بەندی (یەكەم)ی ماددەی دەیەمی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی (2005)ی هەموار كراو پێمانی داوەو لەسەر ئەو شەرعاندنەی كە پەرلەمانی كوردستان - عێراق لە دانیشتنی ژمارە ( )ی ڕۆژی //2011دا دایناوە، بڕیارماندا بە دەرچواندنی

**یاسای ژمارە ( )ی ساڵی 2011**

**یاسای ڕێگا گشتییەكانی هەرێمی كوردستان – عێراق**

**بەشی یەكەم**

**پێناسەكان**

ماددەی (1):

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە لەم یاسایەدا ماناكانی بەرامبەریانە:

یەكەم: وەزارەت: وەزارەتی ئاوەنكردنەوەو نیشتەجێ كردن لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

دووەم: ڕێگای گشتی: ئەو ڕێگا قیرتاو كراوە، یان قیرتاو نەكراوەیە كە بۆ هاتوچۆی ئۆتۆمبیل تەرخان كراوە، كە قەدەغەكراوەكانی ڕێگایەكەش دەگرێتەوە، جۆرەكانی ڕێگا گشتییەكانیش بەخێراو سەرەكی و لابەلاكان و ڕێگاكانی لەو جۆرە بابەتانەشەوە بە بەیاننامەیەك دیار دەكرێن و لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاو دەكرێتەوە.

سێیەم: ڕێگای هاتوچۆی خێرا: ئەو ڕێگا گشتییە كە بە تایبەت بۆ هاتوچۆی ئۆتۆمبیل داتاشراوەو دامەزراوەو خزمەت بە موڵكەكانی هاوشان و نزیكی خۆی ناكات، واتا (شوورەدارە)و هاتوچۆی ئۆتۆمبیلی

تێدا جیا کراوەتەوەو لەگەڵ هیچ ڕێگایەکی تر، یان هێڵی شەمەندەفەر، یان ئاراستەیەکی تر، یان ڕێگای پیادەدا لە هەمان ئاستدا یەکتر نابڕن و وەك ڕێگایەکی خێرا داتاشراوەو ڕاگەیەنراوە.

چوارەم: پێل (پرد): بە کۆنکرێت، یان بە ئاسن، یان بە هەردووکیان دامەزراوەو پانتاییەکەشی لە (6) مەتر زیاترە، بەسەر ئاوەڕۆیەکەوە، یان لەسەر خرێك (فتحة) دادەمەزرێت، لەوانەشە لە چەندین پانتایی پێك هاتبێت بۆ هاتوچۆی جۆربەجۆر، یان بۆ گواستنەوەی خزمەتگوزاری، یان هەردووکیان، چەمکی پرد ئەو پردە سەر ئاوەکەوتووانەش دەگرێتەوە کە بە هەر جۆرێك دارێژرابن و وەژێر کار خرابن، وەزارەتیش بە پرد پێناسەیان دەکات بە بەیاننامەیەك کە لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بلاّو دەکرێتەوە.

پێنجەم: یەکتربڕ: بریتییە لە تۆڕێك ڕێگای پێکەوە بەستراو و یەکتربڕ لەسەر هەمان ئاست، یان زیاتر، کە ڕێگای هاتوچۆ لەنێوان دوو ڕێگا، یان زیاتردا فەراهەم دەکات.

شەشەم: تونێل: ڕێگایەکە بە ژێر ڕێگایەکی تری وەك هێڵی شەمەندەرفەر، یان ڕووبار، یان کەنداو، یان کەناڵ، یان چیا، یان بەرزاییدا دەڕوات، ئەم ڕێگایە داتاشراوەو دامەزراوەو بە بەیاننامەیەك کە لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بلاّو دەکرێتەوە بە تونێل پێناسە کراوەو ڕاگەیەنراوە.

حەوتەم: ئاوبارە (القنطرة): ئاوبارەیەکی داخراوەو خزمەتگوزاری، یان ئاو بە کەناڵێکی سروشتی، یان بە ئاوەڕۆیەکی سروشتی، یان دەستکرد لەلایەکی ڕێگاکەوە بۆ لایەکەی تری دەگوازێتەوەو پرد ناگرێتەوە.

هەشتەم: قەدەغەکراو، ئەمانە دەگرێتەوە:

1- ڕێگا، یان پرد، یان ئاوبارە، یان یەکتربڕ، یان تونێل.

2- زەویەکانی هاوشان ڕێگایەکە دەگرێتەوە کە وەزارەت بە بەیاننامەیەك درێژی و پانییان دیار دەکات و لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بلاّو دەکرێتەوە.

تەرجومە نەکراوە

## بەشی دووەم

## ئامانجەکانی ئەم یاسایەو مەودای حوکمەکانی

ماددەی (2):

ئامانجی ئەم یاسایە، ئەمانەی خوارەوەیە:

یەکەم: پاراستنی سەلامەتیی ڕێگا گشتیەکان و پردو یەکتربڕو تونێلەکان و هێشتنەوەیان و نەهێشتنی پا درێژی لەسەریان.

دووەم: دیار کردنی قەدەغەکراوەکانی ڕێگا گشتیەکان و پردو یەکتربڕو تونێلەکان و ڕێکخستنی بەکارهێنانیان.

سێیەم: دیار کردنی قورسایی بارو بارگەکان و خێرایی مەودای ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە ڕێگا گشتیەکان بەکاردەهێنن.

چوارەم: ئاسان کردنی ڕێکارەکانی دەستبەسەر داگرتنی ئەو زەویانەی کە ڕێگا گشتیەکان و پردو یەکتربڕو تونێلیان پێدا دەڕوات، هەروەها بە موڵکردنی ئەو زەویانەو ڕێکخستنی ڕێکاری خەملاندنی بەشەکانی تری وەك دامەزراوو چێنراو و زەرعەت و چۆنیەتی قەرەبوو کردنەوەیان.
پێنجەم: ڕێکخستن و ئیجازە پێدانی بنیادنانی ئەو دامەزراوانەی کە خزمەت بە ڕێگا گشتیەکان دەکەن و دیار کردنی دوورایيان لەو ڕێگایانەوە.
شەشەم: موافەقەت کردنی لەسەر پرۆژەکانی تری دەرەوەی سەرۆکایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتیەکانی شارەوانی.
ماددەی (3):
حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:
یەکەم: ئەو ڕێگا گشتیانەی دەکەونە دەرەوەی سنووری سەرۆکایەتی شارەوانیەکان و بەڕێوەبەرایەتیەکانی شارەوانی، هەروەها ئەو ئاوبارەو عبورگاو تونێل و یەکتربڕانەش کە دەکەونە چوارچێوەی قەدەغەکراوەکانیان و ئەو دامەزراوو گۆڕەپانانەش کە خزمەت بەو ڕێگایانە دەبەخشن.
دووەم: هەموو جۆرە پردێك کە دەکەونە سنووری سەرۆکایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتیەکانی شارەوانی و دەرەوەشیان کە وەها پێناسەکراون سەر بە وەزارەت بن، ئەوەش تەنها بەشە سەرگیراوەکانی پردەکە دەگرێتەوە، نەك بەشە نیوە چڵەکان.

## بەشی سێیەم

## بە مڵك کردن و خەملاندن

ماددەی (4):
یەکەم: وەزارەت داوا دەکات کە تێبینی (قەدەغەی دەستکاری ئەو زەویيانە بکرێت کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە) لە سجلەکانی عەقاریدا دابنرێت بۆ ماوەیەك لە یەك ساڵ زیاتر نەبێت لە بەرواری دانانی تێبینیەکەوە.
دووەم: وەزارەت لە حاڵەتی پەلەدا بۆی هەیە دەست بەسەر ئەو زەویانەدا بگرێت، کە لە بەندی یەکەمی ئەم ماددەیەدا دەقەکانیان هاتووەو دەکەونە دەرەوەی سنووری سەرۆکایەتی شارەوانیەکان و بەڕێوەبەرایەتیەکانی شارەوانی، ئەو دەست بەسەر داگرتنەش دوای خەملاندنی بەهای دامەزراو و چێنراو و زەرعەتانە دەکرێت، کە پەیوەندیان بەو زەویانەوە هەیە، خەملاندنەکەش لەلایەن لیژنەیەکەوە دەکرێت، کە بە سەرۆکی یەکە ئیداریەکەو ئەندامێتی نوێنەری وەزارەت و نوێنەری تۆماری عەقاری و نوێنەری کشتوکاڵ و نوێنەرێکی کۆمەڵەکانی وەرزێران و نوێنەری وەزارەتی دارایی و نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی عەقاراتی دەوڵەت لە پارێزگاکە لە یەکە ئیداریەکەو پەیوەندیدارەکە، یان لە نوێنەرەکەی پێك دێت، لیژنەکە بۆی هەیە بۆ ئەو مەبەستە سوود لە شارەزایەك، یان زیاتر وەربگرێت.

سێیەم: ئەو لیژنەیەی کە دەقەکەی لە بەندی (دووەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، بنەماکانی ئەو خەملاندنە پێڕەو دەکات کە دەقەکەی لە یاسای بە موڵك کردنی ژمارە (12)ی ساڵی 1981و هەموارەکانیدا هاتووە.
چوارەم: وەزارەت و هەر کەسێکیش کە پەیوەندی هەبێت بە پاشکۆکانی ئەو زەویەوە، کە بەپێی حوکمەکانی بەندی (دووەم)ی ئەم ماددەیە خەملێندراوە بۆیان هەیە لە ماوەی (15) رۆژدا لە بەرواری پێ ڕاگەیاندنەوە لەبەردەمی دادگای سەرەتایی تایبەتمەند بە جێگای عەقارەکە نارەزایی لە رەشنووسی خەملاندنەکە دەربڕن، دادگاکەش لە ماوەی (15) رۆژدا سەیری نارەزاییەکە دەکات و بڕیارەکەشی دەکەوێتە ژێر رکێفی تانە لێدانەوە لە دادگای تێهەڵچوونەوە بە سیفەتی پێداچوونەوەی.
ماددەی (5):
یەکەم: وەزارەت لە ماوەی (180) سەدو هەشتا رۆژدا لەبەرواری دەست بەسەر داگرتنی زەویەکان بەپێی حوکمەکانی یاسای موڵکدار کردن ژمارە (12)ی ساڵی (1981)و هەموارەکانی دەست دەکات بە موڵك کردنی ئەو زەویانەی کە دەقەکانیان لە ماددە (4)ی ئەم یاسایەدا هاتوون، بەهایەکەش لە بەرواری دانانی تێبینی قەدەغە کردنی دەستکارییەکەوە دەخەملێنرێت، یان لە بەرواری دەست بەسەر داگرتنەکەوە، یان لەبەرواری داوای بە موڵك کردنەکەوە، یان کامیان باشتر بێت بۆ ئەو کەسەی کە زەویەکەی لێ دەسەنرێت.
دووەم: لە حاڵەتێکدا ئەگەر بە زەحمەت ناونیشانی خاوەن پەیوەندی بە زەویەکان و پاشکۆکانی زەویەکانەوە وەربگیردرێت، ئەوسا ژمارەی پارچەکانی ئەو زەویانەی کە بە موڵك کردن دەیانگرێتەوە لە رۆژنامەی رۆژانەدا لانی کەم دووجار بلاو دەکرێتەوەو مۆڵەتی (90) رۆژیش بە پەیوەندیدارەکان دەدرێت، ئەگەر لەناو هەرێمدا بن، ئەگەریش لە دەرەوەی هەرێم بن، ئەوا مۆڵەتی (180) سەدو هەشتا رۆژیان پێ دەدرێت، بۆ ئەوەی سەر بدەن و مافەکانی خۆیان بچەسپێنن، دەنا ئەگەر ئەو ماوەیە بەسەر بچێت و نەیەن ئەوا پارچە زەویەکانیان بە موڵك کراو دادەنرێت.
سێیەم: بەبێ بەرامبەر (بەخۆرایی) ئەو چوار یەکە یاساییەی کە دەقەکەی لە یاسای موڵکدار کردندا هاتووە وەردەگیردرێت و بەپێی ئەو حوکمانەی کە دەقەکانیان لەسەری هاتووە، ئەم حوکمەش هەموو ئەو زەویانە دەگرێتەوە کە دەکەونە چوارچێوەی حوکمەکانی ئەم یاسایەوە، بەبێ ئەوەی گوێ بدرێتە جۆرو پۆل و جێگاو ئەو یاسایەش کە موڵکداریەکەی پێ کراوە.
چوارەم: زەویە قەدەغەکراوەکانی رێگا گشتیەکان کە بە موڵك کراون، بەناوی وەزارەتی داراییەوە تۆمار دەکرێن و تایبەت دەبن بەو وەزارەتە، سجلەکانی عەقاریی ئەو زەویانەش هەموار دەکرێن کە بەر لە کار پێکردنی ئەم یاسایە بە موڵك کردنیان تەواو بووە.
پێنجەم: لە حاڵەتێکدا ئەگەر وەزارەت پێویستی بەهەر رووبەرە زەوییەك نەما کە دەقەکەی لە بەندی (چوارەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، ئەوا موڵکەکەی دەگەرێتەوە بۆ سەرۆکایەتی شارەوانیەکان، یان بۆ بەرێوەرایەتیە تایبەتمەندەکانی شارەوانی، بەبێ بەرامبەر ئەگەر کەوتبووە چوارچێوەی سنوورەکەیەوە، دەستیشی لەسەر لادەبرێت و دەدرێتەوە بە وەزارەتی دارایی، ئەگەر کەوتبووە دەرەوەی ئەو سنوورانە.

شەشەم: وەزارەت لەجیاتی دایەرە فەرمیەکانی دەوڵەت، سەرپەرشتی ئەو زەویانـە دەکات کـە دەکەونـە ژێـر رکێفی حوکمەکانی ئەم یاسایەوەو بەهاودەنگیش لەگەڵ یەکە ئیداریەکاندا پێ درێژیان لەسەر لا دەبات.

ماددەی (6):

یەکەم: لەکاتی پێویستدا دەستەکە دەست بەسەر هەر زەویەك، یان باخێك، یـان هـەر پارچـەیەکدا دەگرێـت بەشێوەیەکی رەفتەنی (کاتی) باخێك، یـان هـەر پارچـەیەکیدا دەگرێـت، بەشـێوەیەکی رەفتـەنی (کـاتی) بـە مەبەستی جێ بەجێ کردنـی پـرۆژە گـەلی رێگـای گشـتی و پـرد، بـۆ ماوەیـەك کـە لـە مـاوەی تـەواو کردنـی پرۆژەکە نەترازێت، بۆ ئەوەش کرێ دەدات بە خاوەنەکەی و بەر لە (30) سی رۆژ ئاگاداری دەکات.

دووەم: ئەو لیژنـەیەی کە لە بەنـدی (دووەم)ی ماددەی (4)ی ئەم یاسایەدا دەقەکەی هـاتووە، کرێـی سـاڵانە، یـان کرێـی مانگانـەی ئـەو عـەقارە دیـاری دەکـات، کـە بڕیـار دراوە بەشـێوەیەکی رەفتـەنی (کـاتی) دەسـتی بەسـەردا بگیردرێـت و رەشنووسێکیشـی لەگەڵـدا رێـك دەخـات، بـاری کاتەکـەو دۆخـی پاشـکۆکانی تێـدا دەچەسپێنێت.

سێیەم: پێویستە لەسەر وەزارەتەکە ئەو عەقارەی دەستی بەسەردا گیراوە بگەرێنێـەوە بۆ خاوەنەکـەی دوای تەواو کردنی پرۆژەکە، هەر وەکو ئەو حاڵەتەی کە لـە رەشنووسـی دەسـت بەسـەردا گرتنەکـەدا جـێگیر کـرا بوو، پێویستە هەمان لیژنە زەرەرو زیانی عەقارەکە بخەملێنێت بە قەرەبوو بیداتەوە بە خاوەنەکەی.

## بەشی چوارەم

## قەدەغەکراوەکانی رێگا گشتیەکان و پردەکان

ماددەی (7):

ئەمانەی خوراەوە بە بەیاننامەیەك دیاری دەکرێن و وەزارەت دەریـان دەچـووێنێ و لـە رۆژنامـەی فەرمیـدا بلاّو دەکرێتەوە:

یەکەم: قەدەغەکراوەکانی رێگا گشتیەکان، چ خێرا، چ لاوەکی، چ دەشتەکی و رێگای لەو جۆرە بابەتانە دیـار بکرێن (تەنها ئـەو بەشـانەیان نـەبێت کـە بـە چوارچـێوەی سـەرۆکایەتی شـارەوانی و بەڕێوەبەرایەتیـەکانی شارەوانیدا تێدەپەڕن، چونکە ئەمانە هەر یەکەیان بەپێی رشتەی بنەرەتی خۆیان دیار دەکرێن).

دووەم: قەدەغەکراوەکانی ئەو پردانە دیار بکرێت، کـە ناشـێ کارگـەی لـە بێژنگـدانیان تێـدا دابنرێـت، یـان کارگەی بەرد هەڵکەندیان تێدا دابمەزرێت، یان گۆڕانکاریـەکی وەهـا لـە ئاراسـتەی رووبارەکـەدا بکرێـت، کـە ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە پایەکانی پردەکە، یان بە جێگە نزیکەکانی.

سێیەم: قەدەغەکراوەکانی رێگا یەکتربڕەکان و تونێل و مەعبەرەکان، ئەگەر هەبوون، دیار بکرێن.

ماددەی (8):

یەکـەم: ناشـێ لـە چوارچـێوەی سـنووری قەدەغەکراوەکانـدا لـە هـیچ لایەکیانـدا بینـا دروسـت بکرێـت، یـان بچێندرێت، یان زەرعەتی لێ بکرێـت، یـان رووبـاری تێـدا لـێ بـدرێت، یـان  جۆگـەی تێـدا رابکێشـرێت، یـان

خۆێدەڵێنی تێدا هەڵکەندرێت، یان وێستگەی سووتەمەنی تێدا دابمەزرێت، یان تەلی لێ رایەڵ بکرێت، یان ئامرازی پرۆپاگەندەو راگەیاندنی لێ بچەسپێت، یان هەر کارێکی تر لەو چوارچێوەیەدا ئەنجام بدرێت، مەگەر وەزارەت بە نووسین رەزامەندیی لەسەر دابێت.

دووەم: ناشێ ئەم دیوو ئەو دیوی رێگە دەرەکیە سەرەکیەکان لەچوارچێوەی ئەو رووبەرەدا هەڵبکەندرێن، کە دەکەوێتە نێوان دوو هێڵی هاوتەریب بە هێڵی ناوەڕاست لە مەودای (75) حەفتاو پێنج مەتری راست و چەپی رێگای یەك سایدەوە دوور نەبێت و (100) مەتریش لە رێگای دوو سایدەوە دوور نەبێت، مەگەر لەسەر رەزامەندی وەزارەت و بەپێی مەرج و بەندو بەستێك کە وەزارەت خۆی دایدەنێت.

سێیەم: هیچ لایەنێك ناشێ پردێك، یان ئاوبارەیەك، یان مەعبەرێك، یان هەر دامەزراوێکی دی لە چوارچێوەی (رێگا گشتیەکان)دا دروست بکات، بە موافەقەتی وەزارەت نەبێت و بەپێی ئەو رشتەیە نەبێت، کە وەزارەتەکە بڕیاری لەسەر دەدات، بەو مەرجەش کە رێگەیەکی رەفتەنی گونجاو لەماوەی ئیشەکەدا، بۆ هاتوچۆ دابین بکات، هەموو نیشانەکانی سەلامەتی هاتوچۆی تێدا فەراهەم بێت.

چوارەم: پێش بەکارخستنی ئەم یاسایە، ئەو تازە دامەزراوانەی کە سەر بە دایەرە فەرمیەکانی دەوڵەتن بەبێ بەرامبەر لە جێگا قەدەغەکراوەکانی رێگا گشتیەکان لادەبرێن، ئەگەر لە رێگا هونەریەوە کاریگەریەکی خراپ بکەنە سەر رێگا گشتیەکان، یان کاریگەریەکی خراپیان بۆ سەلامەتی هاتوچۆ هەبێت، ئەو لابردنەش لە کیسەی لایەنە پەیوەندیدارەکەو بە هاودەنگی لەگەڵ وەزارەتەکەدا ئەنجام دەدرێت.

پێنجەم: ئەو تازە دامەزراوانەی کە سەر بە غەیری ئەو لایەنانەن کە لە دەقی بەندی چوارەمی ئەم ماددەیەدا هاتوون و بە ئیجازەی ئوسولی دامەزراون، یان بە رەزامەندی لایەنێکی فەرمی دامەزراون، ئەوانە لادەبرێن، ئەگەر بەر لە جێ بەجێ کردنی رێگایەکە دامەزرابن، یان دیار کردنی قەدەغەکراوەکانی دوای قەرەبووەکەی، ئەگەر کاریگەریەکی خراپی لە رووی هونەریەوە کرد بێتە سەر رێگایەکەو سەر سەلامەتی هاتوچۆ، لە قەرەبوو کردنەوەکەشدا ئەمانەی خوارەوە رەچاو دەکرێن:

1- تەنیا قەرەبووی تازە دامەزراوەکان دەکرێت.

2- قەرەبووەکە لە بەرواری پێدانی ئیجازەکەیەوە، یان لە بەرواری دەرچوونی رەزامەندیەکەوە، یان لە بەرواری پێدانی ئیزنی دامەزراندنی دامەزراوەکانەوە، یان لە بەرواری لادانی دامەزراوەکانەوە، کامیان بۆ هاووڵاتیەکە باشتر بوو، لەو بەروارەوە دەخەمڵێنرێت، دەنا لەکاتی پشکنین و خەملاندنەکەوە کرێی هاوشێوە چەند بوو بێت وەکو خۆی دیاری دەکرێت، مەگەر رێکەوتنێکی پێچەوانەی ئەوە هەبوو بێت.

3- بڕی قەرەبووەکە لەلایەن لیژنەیەکەوە بە سەرۆکایەتی سەرۆکی یەکەی ئیداری و ئەندامێتی نوێنەری هەریەك لە وەزارەت و وەزارەتی دارایی و دایەرەی تۆماری عەقاری یەکە ئیداریەکەو یەك لە خاوەن ئەزموونەکانی عەقارەکانی دەوڵەتەوە دەخەمڵێنرێت.

4- چ وەزارەتەکەو، چ پەیوەندیدارەکە بۆیان هەیە ناڕەزایی لە بڕی قەرەبووەکە لەبەردەم دادگای سەرەتایی تایبەت بە جێگای دامەزراوەکە لە ماوەی (30) رۆژدا لە بەرواری دەرچوونی بڕیاری قەرەبووەکەوە

دەرببڕن، بڕیاری دادگایەکەش بـە سیفەتی پێداچوونەوە دەکەوێتـە ژێـر کێفی تانـە لێدانـەوە لەبـەردەمی دادگای تێهەڵچوونەوەدا.

5- قەرەبووەکەو خـەرج و مەسـرەف و کرێکانی لـە رێـی ئـەو دادگایـەوە دەدرێـت، کـە تایبـەت بـە جێگـەی پرۆژەکە، لەو پارەیەش دەدرێت کە وەزارەتەکە بۆ ئەو مەبەستە دایناوە، پارەکەش بـەپێی یاسا بـە خـاوەن مافەکان دەدرێت.

شەشەم: ئەو تازە دامەزراوانەی کە بە پێ درێژی دامەزراون، دوای جێ بـەجێ کردنـی رێگایەکـە، یـان دوای دیار کردنی قەدەغەکراوەکانی، بەپێی یاسا لا دەبرێن، لابردنەکەش لەلایەن ئەو یەکە ئیدارەیـەوە دەکرێـت کە تازە دامەزراوەکە دەکەوێتە ناو پارچە جوگرافیاییەکەی و لەسەر حسابی پـێ درێـژ کارەکـەش دەکرێـت، ئەویش لە ماوەی (90) نەوەد رۆژدا لە بەرواری پێ راگەیاندنی بەپێ درێژییەکەی.

حەوتەم: وەزارەتەکە بۆی هەیە رەزامەندی لەسەر ئەمانەی خوارەوە بدات:

1- بەکارهێنانی بەشێك لە قەدەغەکراوەکانی رێگا گشتیەکە بۆ دامەزراندنی دامەزراوە گـەلی گەشـتوگوزار، یان خزمەتگوزاری رێگایەکە، یان بۆ چاندن و زراعەتی وەرزی، یان بۆ زراعەتی ئـەو شـتانەی کـە رێگایەکـە بپـارێزن و ژینگەکـەش چاکتر بکـەن، یـان بـۆ راکێشـانی قـابلۆ، یـان بـۆ دانـانی کۆڵەکـەی کارەبـا، یـان بـۆ پرۆژەگەلی ئاو، یان بۆ پرۆژەگەلی دیکەی حکومەت، بەمەرجێك لەگەڵ پێداویستە هونەریەکانی رێگەکـەدا هاو دژ نەبێت و زیان بە سەلامەتی هاتوچۆی نەگەیەنێت.

2- هێشتنـەوەی ئەو باخانەی دەکەونە سەر قەدەغە کراوەکانی رێگایەکە، ئەگەر مانەوەیان کار نەکاتە سـەر لایەنی هونەری و سەلامەتی هاتوچۆی سەر رێگایەکە، بە مەرجێك پەرژین بکـرێن بەشـێوەیەکی رێکوپێـك لەسەر حیسابی خاوەنەکانیان.

3- هێشتنەوەی تازە دامەزراوەکان لە چوارچێوەی قەدەغەکراوەکانی رێگەکـەدا، لـەو رێگایانـەدا کـە بـەر لـە بەکارخسـتنی ئـەم یاسـایە جـێ بـەجێ کـراون بـە مـەرجێ مانـەوەیان هـاودژ نـەبێت، لەگـەڵ پێداویسـتیە هونەریەکانی رێگایەکەو سەلامەتی هاتوچۆی سەر رێگایەکە، بەم جۆرەی خوارەوە:

أ- هێشتنەوەی پارچەکانی ئەو بینایانەی کە لە (10) دە مەتر قووڵتر نین، ئەگەر لابردنیان زیان بە هەموو بینایەکە بگەیەنێت.

ب- کۆڵەکـەکانی کارەبـاو تەلـەفۆن، قابلۆکـانی میحـوەری هێڵـی شـەمەندەفەرو کەناڵـەکان و دامـەزراوەکانی پشتەوەی.

ج- بیناو دامەزراوەکانی دایەرەکانی دەوڵەت و خانەکانی پەرستش و گۆڕستانەکان.

هەشتەم: دامەزراو و پرۆژەگەلی رەنێوهێن بەرهـەمهێنارەکان (الانتاجیـة) مـوڵکی هـەر کەسـێك و لایـەنێك بن، لە حوکمەکانی بەندی شەشەمی ئەم ماددەیە دەبوردرێن و دەمێننەوە تا تەمەنی رەنێوهێنانیان بەسەر دەچـێ، بـە مـەرجێ هێڵـی رەنێـو هێنـانی تازەیـان بـۆ زیـاد نـەکرێت، ئەوانـە دوای بەسەرچـوونی تەمـەنی وەبەرهێنانیان لا دەبرێن، لەسەر حسابی ئەو لایەنەی کە خاوەنیانەو هیچ قەرەبوویەکیشیان ناکەوێت.

نۆیەم: بینایەو دامەزراو و خزمەتگوزاری دیکەی پێویست بۆ خزمەتکردنی ڕێگا گشتیەکان بە ئیجازەی وەزارەت و بە هاودەنگی پارێزگای پەیوەندیدار دادەمەزرێن بەپێی ئەو ڕشتەیەی کە پارێزگاکە دایدەنێ و بەو چۆنێتیەی کە خۆی دەیەوێت، لەو جێگایانەدا کە خۆی لە چوارچێوەی دەرەوە، یان ناوەوەی قەدەغەکراوەکەدا دیاری دەکات، پێویستیشە لەسەر وەزارەت کە ڕێنمایی تایبەتی بۆ دەربچوێنێت.

دەیەم: ناشێ هیچ بینایە، یان دامەزراو، یان هیچ تازە دامەزراوێك دابمەزرێت کە بەکارهێنانیان مەترسی، یان بێزار کردن، یان کاریگەریەکی خراپی بۆ سەر ژینگەی ڕێگاکە، یان بۆ سەر بەکارهێنەرەکانی بەهۆی دووکەڵ، یان هەڵم، یان غاز، یان تۆز، یان بۆنی زیانبەخش، یان شتی لەو جۆرە بابەتانەیان لێ بکەوێتەوە، تەنیا لەو جێگایانەدا نەبێت کە لە کەمی (500) پێنج سەد مەتر دوور بن لە قەدەغە کراوی سنووری ڕێگای هاتوچۆی خێراو ڕێگا سەرەکیەکان، ڕێگاش دەدرێت بە خاوەنی پارچە کشتوکاڵیەکان کە خانوویەکی نیشتەجێ بوون بۆ خۆیان دروست بکەن بەپێی یاسا، بە مەرجێ پەرژینی دەرەوەی خانووەکە لە کەمی (25) بیست و پێنج مەتر دوور بێت لە سنووری حەرام کراوی ڕێگەکەوەو یەکسەر بە ڕێگە گشتیەکەوە نەبەسترێت، بەڵکو بە ڕێگەکانی خزمەتگوزاریەوە ببەسترێت، کە لەگەڵ ڕێگا خێراکەدا هاوتەریبن، یان بەو ڕێگایانەوە ببەسترێت کە لە ناوچەکەدا هەن.

یازدەیەم: ڕێگای گوندەکان و ڕێگا کشتوکاڵیەکان لە حوکمەکانی بەندی دەیەمی ئەم ماددەیە دەبووردرێن، پرۆژە زراعی و کێڵگەکانی پەلەوەرو تروکانی هێلکەو هاوشێوەکانیان نەبێت کە ڕێگە بە دامەزراندنیان نادرێت، ئەگەر لەو جێگایانەدا نەبێت کە ماوەی کەمتر نەبێت لە (500) پێنج سەد مەتر دوور بن لە سنووری قەدەغەکراوەکانی ڕێگایەکەوە.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی پێنجەم**

**سەنگی قورساییە میحوەریەکانی ئۆتۆمبیلەکان**

ماددەی (9):

قورساییە میحوەریەکانی ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە ڕێگا گشتیەکان بەکار دەهێنن بە بەیاننامەیەك دیار دەکرێن کە وەزارەتەکە دەری دەچووێنێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاو دەکرێتەوە، وەزارەتەکە بۆی هەیە هەندێ ئۆتۆمبیلی تایبەتی سەر بە دایەرەکانی دەوڵەت و ئۆتۆمبیلەکانی هێزی چەکدارو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و ئۆتۆمبیلەکانی بەکارهێنراو لە باری تایبەتدا، لەو کێشانە (وزن) ببوورێت.

ماددەی (10):

یەکەم: وەزارەتەکە بەهاودەنگی لەگەڵ پێکهاتەکانی وەزارەتی ناوخۆدا دیار کردنی جێگاکانی وێستگەی کێشانی ئۆتۆمبیلەکان دەخاتە ئەستۆی خۆی، پێویستە لەسەر وەزارەتەکە بینایەو گۆڕەپانی لە باریان بۆ دابین بکات لەگەڵ فەراهەم کردنی جیهازی کێشان و پاراستنیان.

دووەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆو وەزارەت، وەرگرتن و هەڵسووڕاندن و ئیدارەی وێستگەکانی کێشان دەخەنە ئەستۆی خۆیان و سەپاندنی سزاش بە هاودەنگی لەگەڵ پێکهاتەکانی وەزارەتی ناوخۆدا، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، بەسەر سەرپێچیکاراندا دەسەپێنرێت.

سێیەم: وەزارەت مافی ئەوەی هەیە ئەرك و فەرمانی ئیدارەو بەکارخستنی وێستگەکانی کێشان، کە ئیشی خۆیەتی هەواڵە بکات بۆ کەرتی تایبەت بەپێی ڕێنمایی گەلێك کە وەزارەتەکە خۆی دەری دەچوێنێت بۆ ئەم مەبەستە لەبەر ڕۆشنایی حوکمەکانی ئەم یاسایەدا.

چوارەم: هەموو وێستگەکانی کێشان کە دەکەونە دەست کەرتی تایبەت، دەکەونە ژێر ڕکێفی ئەو ڕێنمایی و بەندو بەستەوە (الضوابط) کە وەزارەت دەریان دەچوێنێت بۆ ئەم مەبەستە، بە مەرجێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاودژ نەبێ.

## بەشی شەشەم

## سزاكان

ماددەی (11):

بە غەرامەیەك سزا دەدرێت لە (250000) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (500000) پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت هەر کەسێك:

یەکەم: زیانێکی ئەوتۆ بە ڕێگا گشتیەکان بگەیەنێت ببێتە مایەی گرتنی هاتوچۆو ببێتە مایەی مەترسی لەسەر بەکارهێنەری ڕێگایەکە.

دووەم: ئاگادار کردنەوە بەرۆژو ڕووناك کردنەوە بەشەو بخاتە پشتگوێ لەو جێگایانەدا کە کاری هەڵکەندنی تێدا دەکرێت، یان لەسەر ڕێگە گشتیەکان مادده گەلێك دانرابن.

سێیەم: بەکارهێنانی ڕێگە گشتیەکان بۆ غەیری ئەو مەبەستانەی کە بۆیان دانراون، یان بۆ گواستنەوەی ئەو بارانەی کە ئەگەر بکەون مەترسی لە ڕێگاکەدا دەخەنەوە، پێشبینی پێویستی بۆ پاراستنی بەکارهێنەرانی ڕێگەکە نەبوو بێت.

چوارەم: سەرپێچی لە ڕێساکانی بەکارهێنانی ڕێگا خێرایەکان کرد بێت، کە لەلایەن دایەرە تایبەتمەندەکانەوە ڕاگەیەنراون.

ماددەی (12):

بە غەرامەیەك سزا دەدرێت کەمتر نەبێت لە (300000) سێ سەد هەزار دینارو زیاتر نەبێت لە (750000) حەوت سەدو پەنجا هەزار دینار هەر کەسێك:

یەکەم: بەهەڵکەندن، یان بە بەکارهێنانی بێ ئیجازە، یان بە دروست کردنی بینای ڕەفتەنی، یان هەمیشەیی پێی درێژ کرد بێتە سەر قەدەغەکراوەکانی (ڕێگا گشتیەکان) سەرباری ئەو غەرامەیەش ئەرك و مەسرەفی لابردنی ئەو پێ درێژیەی دەکەوێتە سەر.

**دووەم: بووبێتـە هـۆی پەکخسـتنی هاتوچـۆ لەسـەر (ڕێگـا گشـتیەکان) لـە دەرەوەی سـنووری سـەرۆکایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی.**

**سێیەم: نیشانەیەکی هاتوچۆ، یان زیاتری هەڵکێشا بێت، یان پەرژینی ئەمانەتی لادا بێت، یان پەرژینی تەل کـردی لادابێـت، یـان ئاوبارەکـانی تێکدا بێـت، یـان پردەکـانی شـێواند بێـت، یـان زیـانی پێگەیانـد بـن، یـان جێگەکانی گۆڕی بن، یان ئاراستە کردنی وەرگەڕاند بن.**

**چـوارەم: کارکـەرانی وەزارەتەکـەی، یـان لایەنـە گرێبەسـتەکانی لـە جـێ بـەجێ کردنـی ئەرکـەکانی خۆیـان قەدەغە کرد بێ، یان هاتوچۆیانی وەگیر هێنا بێت.**

**پێنجەم:**

**1- سەرپێچی لە حوکمەکانی ماددەی (8)ی ئەم یاسایە کرد بێت.**

**2- سەرپێچی لە حوکمەکانی ڕێنماییەکان، یان لەو بەیاننامانە کرد بێت کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەرچوو بن.**

**ماددەی (13):**

**ئەگەر ئەو سەرپێچیە لە حوکمەکانی (11 و 12)ی ئەم یاسایە، تـاوانێکی لـێ بکەوێتـەوە، سـزاکەی بـەپێی یاسایەکی تر قورستر بێت، ئەوە لەو بارەدا دەقی یاسا قورسترەکەی بەسەردا دەسەپێنرێت.**

**ماددەی (14):**

**ئەو سـزایانەی کـە دەقـەکانیان لـەم بەشـەدا هـاتوون، مـافی وەزارەتەکـە پـووچ ناکەنـەوە، بـەڵکو وەزارەتەکە سەرباری ئەوانەش مافی داوا کردنی قەرەبووی هەیە لەو زیانانەی کە تووشی دەبـن لـە ئـەنجامی سەرپێچی کردن، یان پێ درێژ کردن کە لەم بەشەدا ئاماژەیان پێدراوە.**

**ماددەی (15):**

**یەکەم: لێخور، یان خاوەنی ئەو ئۆتۆمبیلەی کە سەرپێچی لە کێشـانەکانی سـەنگە میحوەریـەکان دەکـات بـە غەرامەیەکی دارایی سزا دەدرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**1- لە هەر بارێکی زیـادە (5000) پێـنج هـەزار دینـار لـە هـەر (100) سـەد کیلـۆغرام غەرامـە دەکـرێ تـا دەگاتە یەك تەن لەو بارە زیادەیە.**

**2- لە هەر بارێکی زیادە (10000) دە هەزار دینار لە هەر (100) سەد کیلۆغرام غەرامە دەکرێ تـا چـوار تەن لەو بارە زیادەیە.**

**3- لەهەر بارێکی زیادە (15000) پازدە هەزار دینار لە هەر (100) سەد کیلۆغرام غرامە دەکرێت ئەگـەر بارە زیادەکەی لە چوار تەن زیاتر بێت، تا دەگاتە هەشت تەن لەو بارە زیادەیە.**

**دووەم: ئەو ئۆتۆمبیلەی سەرپێچی لە کێشانی قورساییە میحوەریەکان دەکات دەسـتی بەسـەردا دەگیرێـت تـا ئـەو کاتـەی بـارە زیادەکـەی بـەتاڵ دەکرێـت و دەگوازرێتـەوە بـۆ دەرەوەی وێسـتگەی کێشـانەکەی لەسـەر**

مەسرەفی سەرپێچکارەکە، ئەگەر بارەکە لەو سنوورە بترازێت کە لە بەندی سێیەمی برگەی (یەکەم)ی ماددەی (14)ی سەرەوەدا هاتووە.

سێیەم: کرێی زەویانە بەبڕی (20000) بیست هەزار دینار لە هەر شەوێك وەردەگیرێت کە ئۆتۆمبیلەکە بە دەست بەسەرداگیراوی لە گۆڕەپانی دەست بەسەردا گرتنەکەدا دەمێنێتەوە، ئەوەش لە بەرواری سەرپێچی کردنەکەوە حساب دەکرێت.

ماددەی (16):

یەکەم: کارمەندانی هاتوچۆ ئەوانەیان کە تەرخان کراون بۆ ئیش کردن لە وێستگەی کێشانەکە دەسەلاتی سەپاندنی غەرامەو دەست بەسەرداگرتنی ئۆتۆمبیلی زیادە باریان پێ دەدرێت بەپێی حوکمەکانی ماددەی (14)ی ئەم یاسایە، بڕیارەکانیشیان لەم رووەوە بنبڕ دەبێت.

دووەم: خوێندنەوەی پێوانی کێشەکە (سەنگەکە) پێڕەو دەکرێت، کە بەلگەی چەسپاوە بۆ مەبەستی سەپاندنی سزایەکە بەسەر سەرپێچی کارەکەدا.

سێیەم: لە حالەتێکدا ئەگەر ئەو غەرامەیەی لە ماددەی (14)ی ئەم یاسایەدا دەقەکەی هاتووە، لە ماوەی (15) رۆژدا لە بەرواری سەرپێچیەکەوە نەدرێت، ئەوا لێخور، یان خاوەنی ئۆتۆمبیلە سەرپێچی کارەکە سزا دەدرێت بە حەپس کردن بۆ ماوەیەك لە (3) سێ مانگ کەمتر نەبێ و لە (6) شەش مانگ زیاتر نەبێت.

چوارەم: لێخوڕی ئۆتۆمبیلەکە، یان خاوەنەکەی ئەگەر لە کرداری کێشانەکە خۆی بشارێتەوە، بە غەرامەیەك سزا دەدرێت لە (250000) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێ و لە (400000) لە چوار سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت بەبێ لادان لە حوکمەکانی بەندی یەکەم لە ماددەی (14)ی ئەم یاسایە.

ماددەی (17): ئەگەر سەلما کە یەکێك لە ئەندامانی لیژنەی سەرپەرشتی کردنی وەگەڕخستنی وێستگەی کێشانی ئۆتۆمبیلەکان کە لە برگەی (2)ی ماددەی نۆیەمی ئەم یاسایەدا هاتووە دەستکاریی کێشی لۆریەکانی کردەوە، ئەوە سزا دەدرێت بەپێی ماددەی (307) لە یاسای ژمارە (111)ی ساڵی 1969.

ماددەی (18): یەکەم: ئەو لایەنەی کە دەسەلاتی دەست بەسەرداگرتنی ئۆتۆمبیلەکەی پێدراوە هیچ بەرپرسیاریەکی ناکەوێتە سەر لەو زیانانەی کە تووشی کوتاڵە بارکراوەکان دەبن و لەوانەیە خراپ ببن.

دووەم: حوکمەکانی یاسای دەستکاری کردنی ئۆتۆمبیلە دەست بەسەرداگیراو و جێهێڵراوەکانی ژمارە (8)ی ساڵی 1987 بەسەر ئەو ئۆتۆمبیلە سەرپێچیکارانەدا دەسەپێنرێت کە لە گۆڕەپانی وێستگەکانی کێشاندا جێ دەهێڵرێن.

سێیەم: ئەو کوتاڵانەی کە لە کێشی بڕیاردراو زیادەن و سەرپێچیکارەکان بە جێیان دەهێڵن، وەزارەتەکە بە موزایەدەی ئاشکرا دەیانفرۆشێت بەپێی رێسا گەلێك کە وەزارەتەکە دایدەنێت بەدەر لە حوکمەکانی یاسا بەرکارەکان (القوانین النافذة).

**چوارەم: پارەی فرۆشتنەکە کە دەقەکەی لە بەندی سێیەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە، لەگەڵ ئەو غەرامانەی کە دەقەکانیان لەم یاسایەدا هاتوون بە دەرامەتی وەزارەتەکە تۆمار دەکرێن.**

**پێنجەم: دەستکەوتی ئەو ڕێژەیەی کە دەقەکەی لە بەندی چوارەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەکرێت:**

**1- (75٪) حەفتاو پێنج لە سەدی دەخرێتە حساباتی وەزارەتەکەوە کە بۆ پاراستنی ڕێگاکان دادەنرێت.**

**2- (25٪) بیست و پێنج لە سەدی وەك دەستخۆشانەو دنەدان دەدرێت بە کارمەندانی وێستگەی کێشانەکان و کارمەندانی وەزارەتەکە.**

**شەشەم: وەزیری ئاوەدانی و نیشتەجێ کردن بە هاودەنگی لەگەڵ وەزیری ناوخۆ ڕێنمایی دنەدان (الحوافز) دەردەچوێنن، کە دەقەکەی لە برگە (ب)ی بەندی پێنجەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە، کە بنەماکانی دابەشکردن و دیار کردنی ئەوانەی دەیانگرێتەوەو حاڵەتەکانی بێ بەش بوونیشی تێدا هەیە.**

## بەشی حەوتەم
## حوکمەکانی گشتی و کۆتاییەکان

**ماددەی (19):**

**یەکەم: وەزارەتەکە پارەی تێچووی دامەزراندنی ئەو ئاوبارەو پردو دامەزراوانەی کە خۆی ئەنجامیانی داوە لە سوودمەندەکان وەری دەگرێتەوە لەسەر داوای خۆیان.**

**دووەم: یەکەی ئیداری پارەی تێچووی لابردنی ئەو پێ درێژکاریەی کە لەسەر قەدەغەکراوەکانی ڕێگا گشتیەکان کراوە لە پێ درێژکارەکانی وەردەگرێتەوە بەپێی ئەو لیستانەی کە لەلایەن خۆیەوە ئامادە کراون بەپێی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزی حکومەت ژمارە (56)ی ساڵی 1977و هەموار کراوەکانی.**

**ماددەی (20): پێویستە لەسەر وەزارەتەکەو ئەو فۆنتراتچی، یان کۆمپانیانەی کە نوێنەرایەتی دەکەن بەردەوام بوونی ڕۆیشتنی ئاو و ڕووبارو جۆگەو خوێدەڵێن کە دەکەونە ڕێگای پرۆژەگەلی ڕێگە گشتیەکان و پردەکانەوە مسۆگەر بکەن، هەروەها ڕێگای بریخراویش بۆ ئەو ڕێگایانەی کە هەن دەکەونە ڕێگای پرۆژە تازەکانیان لە قۆناغەکانی جێ بەجێ کردنی ئەو پرۆژانەیاندا مسۆگەر بکەن.**

**ماددەی (21): کارمەندانی وەزارەتەکە بۆیان هەیە بچنە ناو عەقارە تایبەتەکانەوە دوای ئاگادار کردنەوەی خاوەنەکانیان، (بەدەر لە خانووەکانی نیشتەجێ بوون و بینایەکان)، بۆ ئامادە کردنی کاری پێوان و دیار کردنی ڕەوتی ڕێگە گشتیەکان و پردەکان، بە مەبەستی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانیان.**

**ماددەی (22): یەکەم: تەنیا ئیشی وەزارەتەکەیە ڕێگای خێراو سەرەکی و لاوەکی و یەکتربڕو تونێل و پردەکانی دەرەوەی سنووری شارەوانیەکان دابمەزرێنێت.**

دووەم: دایەرەکانی دیکەی دەوڵەت، یان هاووڵاتیان بۆیان هەیە ڕێگا مەحەلیەکان، یان ڕێگا گوندەکان، یان ڕێگاکانی گەشتوگوزار، یان ڕێگا تایبەتەکان و مەعبەرەکان، بە ڕەزامەندی و سەرپەرشتی وەزارەتەکە جێ بەجێ بکەن، بە مەرجێ دیار کردنی قەدەغەکراوەکانی ئەم ڕێگایانە، تەنیاو تەنیا ئیشی وەزارەتەکە بێت.
ماددەی (23): یەکەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆ بەهاودەنگی لەگەڵ وەزارەتەکەدا دووریەکانی (ابعاد) ئۆتۆمبیلە جۆربەجۆرەکان دیار دەکات، هەروەها زۆرترین خێرایی و کەمترین خێرایشیان لەسەر ڕێگا گشتیەکان بەپێی جۆری هەر ڕێگەیەك، بە بەیاننامەیەك دیار دەکات و لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بلاّو دەکرێتەوە.
دووەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆ بە هاودەنگی لەگەڵ وەزارەتەکەدا بە بەیاننامەیەك ڕێساکانی بەکارهێنانی ڕێگا خێراکان دیار دەکات و لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا بلاّو دەکرێتەوە.
ماددەی (24): کار بەو بەیاننامانەی کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆوە دەردەچوێندرێن بەردەوام دەبێت، کە هاودژ نەبن بە حوکمەکانی ئەم یاسایە، تا ئەو کاتەی یاسایەکی تر دەردەچێت و جێگای دەگرێتەوە، یان پووچەڵی دەکاتەوە.
ماددەی (25): وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ بوون و وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار بە هاودەنگی لەگەڵ وەزیری ناوخۆ بۆیان هەیە ڕێنمایی بۆ ئاسان کردنی جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنن.
ماددەی (26): کار بەهیچ دەقێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.
ماددەی (27): ئەم یاسایە لە بەرواری بلاّو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێ بەجێ دەکرێت.

**هۆکارە پێویستەکان**

بە مەبەستی دیار کردنی بەرپرسیارێتی وەزارەت لەسەرپەرشتی جێ بەجێ کردنی ڕێگا گشتیەکان لە دەرەوەی سنووری سەرۆکایەتی شارەوانی و دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی شارەوانی لەپێناوی ئەوەشدا کە پرۆژەکانی پردو یەکتربڕەکان بکەونە ژێر ڕکێفی یاساوەو لە ڕێی قەدەغە کردنی پێ درێژی لەسەر ڕێگا گشتی و ڕێگا خێراکان و قەدەغەکراوەکانیان، هەروەها لەپێناو دیار کردنی قورساییە میحوەریەکانی ئۆتۆمبیلەکان کە ئەم ڕێگایانە بەکار دەهێنن و بۆ یەکخستنی ڕێکارەکانی بە مۆڵەتکردن و ڕێکخستنی بەکارهێنانی قەدەغەکراوەکانی ڕێگا گشتیەکان ڕێگا خێراییەکان، لەبەر ئەو گۆڕانکاریانەی لە پەیکەری ئەو دایەرانەدا پەیدا بووەو ڕێگا گشتیەکان دەکەونەوەو جێ بەجێیان دەکەن و لە بۆ یەکخستنی ڕێسا یاساییە پەیوەندیدارەکانیش ئەم یاسایە شەرعێندرا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك حەمە.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره ئەوە بە تەنها وەزیری ئاوەدانکردنەوەی ناوێت، دەبێت مودیر عامی مروریش لێره بێت، من هەست دەکەم ئەم راپۆرته عیلاقەی بە لیژنەی ناوخۆش هەبوو، دەبوایە بدرایە بە لیژنەی ناوخۆ و مودیری مرور بانگ کرا بوایەو لیژنەی ناوخۆش راپۆرتی هەبوایە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

وەزیر دەتوانێت خۆی خەبیرەکان بێنێت، بەلاّم ئێمە بەس داوای وەزیر دەکەین، لەبەر ئەوەی ئەم پرۆژە یاسایە پەیوەندی بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە هەیە، ئێستاش وەزیری ئاوەدانکردنەوە لێره نییە، بۆیە دانیشتنەکەمان تەئجیل دەکەین بۆ بەیانی سەعات (11)ی پێش نیوەڕۆ بە ئامادە بوونی وەزیری ناوخۆ موناقەشەی لەسەر دەکەین، زۆر سوپاس، تا بەیانی هەر بژین.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (9)

## سێ شەممە رێكەوتی 17\4\2012

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (9)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2012/4/17

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2012/4/17 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (9)ی خولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (9)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2012/4/17 دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پڕۆژە یاسای ڕێگا گشتیەكان لە هەرێمی كوردستان- **بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان. دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەكەین، پەرلەمانی كوردستان خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن(9) ڕۆژی دانیشتن 2012/4/17.

بەرنامەی كار:

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1) ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1) ی هەموار کراوی ساڵی 1992 ی پەرلەمانی کوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (9) ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن، لەکات (11) پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە، ڕێکەوتی 2012/4/17 بەم شێوەیە بێ:**

**1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژە یاسای ڕێگا گشتیەکان لە هەرێمی کوردستان- عیراق.**

**بەڕێزان ئێوە خۆتان دەزانن دوێنێ ئەم دانیشتنەمان دواخست بۆ ئەمڕۆ، بۆ ئەوەی جەنابی وەزیری ئاوەدانکردنەوە لێرەبێ، ئێستا ئەویش هاتووە بەخێر هاتنی دەکەین، هەروەها بەخێر هاتنی (مامۆستا سعد) دەکەین، بۆ ئەوەی ئەمڕۆ لەکاتی گفتوگۆکانمان ئەوانیش ئامادەبن و تێبینی و مولاحەزەکانی خۆیان بڵێن، بەلاَم ئێستا بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان، ناوی غائیب و موجازەکان دەخوێنێتەوە با بفەرمووێ.**

**بەڕێز د.حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ناوی ئەو ئەندامانەی لە دانیشتنی ژمارە(8) ی ئاسایی لە 2012/4/16 ئیجازە بوون یان غائیب بوون، ئەمانەن:**

1- **بەڕێز د.ئاراس حسین ئیفاد**
2- **بەڕێز خورشید احمد سلیم ئیفاد**
3- **بەڕێز جلال عبداللە ئیفاد**
4- **بەڕێز سمیر سلیم ئیفاد**
5- **بەڕێز عدنان عثمان ئیفاد**
6- **بەڕێز عمر صدیق ئیفاد**
7- **بەڕێز برهان رشید مجاز**
8- **بەڕێز د.تارا عبدالرزاق م**
9- **بەڕێز عونی کمال بەزاز م**
10- **بەڕێز گەشە دارا م**
11- **بەڕێز یشار نجم الدین م**
12- **بەڕێز تارا تحسین یاسین م**
13- **بەڕێز اسماعیل سعید م**

14-بەڕێز حازم تحسين غائيب

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئێستا داوا له ليژنەی هاوبەش دەكەين، بفەرموون بۆ شوێنی ليژنەكان بۆ ئەوەی دەست به گفتوگۆی ئەو پڕۆژه ياسايه بكەين، بەڕێزان دياره ئێمه دوێنێ پڕۆژه ياسايەكەمان به كوردی و به عەرەبی خوێندەوە، خۆشبەختانه ڕاپۆرتی هاوبەش لەسەر ئەو پڕۆژه ياسايه تەنها يەك لاپەڕەيه، چونكه مەسەلەكه زياتر مەسەلەيەكی ئيختيساسی و فەنيه، جا ئومێد دەكەين له گفتوگۆ و شتەكان ديقەتی مەسائيلی فەنی و ئيختيساسی بكەن، فەرموون ليژنەی هاوبەش مادده به مادده دەست پێ بكەن.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**قانون الطرق العامة لاقليم كوردستان – العراق**

**الفصل الاول**

**التعاريف**

**المادة (1): يقصد بالتعابير الاتية لاغراض هذا القانون المعاني المبينة ازاءها:**

**اولاً: الوزارة: وزارة الاعمار والاسكان في اقليم كوردستان – العراق.**

**ثانياً: الطريق العام: الممر المبلط او غير المبلط المخصص لمرور المركبات ويشمل ذلك محرم الطريق، وتحدد انواع الطرق العامة من سريعة ورئيسة وثانوية وغيرها ببيان ينشر في الجريدة الرسمية.**

**ثالثاً: طريق المرور السريع: الطريق العام المصمم والمشيد بصورة خاصة لمرور المركبات الذي لا يخدم الممتلكات المتاخمة له (مسيج) وتكون مجالات مرور المركبات فيه منفصلة ولا يتقاطع مع اي طريق او سكة قطار او اي مسار اخر او ممر مشاة في مستوى واحد، والذي يكون مصمما ومعلنا عنه كطريق سريع.**

**رابعاً: الجسر: منشأ من الخرسانة المسلحة او الحديد او كليهما يزيد فضاءه على (6) ستة امتار وقد يتكون من عدة فضاءات لنقل المرور بانواعه او الخدمات او كليهما عبر مجرى مائي او فتحة ويشمل مفهوم الجسر، الجسور العائمة المصممة والمنفذة بأية طريقة كانت وتعرفها الوزارة على انها جسور ببيان ينشر في الجريدة الرسمية.**

**خامساً: التقاطع: هو شبكة من الطرق المترابطة والمتقاطعة مع بعضها على مستوى واحد او اكثر يوفر انسياب المرور بين طريقين او كثر.**

**سادساً: النفق: طريق يمر تحت طريق اخر او سكة حديد او نهر او خليج او قناة او جبل او مرتفع مصمم ومشيد ومعلن عنه انه نفق ببيان ينشر في الجريدة الرسمية.**

**سابعاً: القنطرة: مجرى مغلق ينقل الخدمات او الماء في قناة طبيعية او مجرى مائي طبيعي او اصطناعي من احد جانبي الطريق الى الجانب الاخر ولا يشمل ذلك الجسر.**

ثامناً: المحرم: يشمل المحرم كل من:

1-طريق او جسر او قنطرة او تقاطع او نفق.

2-الاراضي المجاورة للطريق الممتدة مسافتها ببيان تصدره الوزارة وينشر في الجريدة الرسمية.

تاسعاً: الاشغال المحورية: هو ثقل المركبة مضافاً اليه وزن الحمولة المنقولة المسلط على كل محور من محاور المركبة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون کوردیەکەی، ئەگەرچی کوردیەکەی، بەڕاستی تەرجەمەکەی باش نیە، هەر پێشم باشە عەرەبیەکەی بکەنە ئەساس، بەلأم هەر دەبێ بیخوێنینەوە کوردیەکە، بەلأم بەڕاستی تەرجەمەی کوردیەکەی خراپە.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**یاسای ڕێگا گشتییەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**بەشی یەکەم**

**پێناسەکان**

ماددەی (1): مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە لەم یاسایەدا ماناکانی بەرامبەریانە:

یەکەم: وەزارەت: وەزارەتی ئاوەنکردنەوەو نیشتەجێ کردن لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

دووەم: ڕێگای گشتی: ئەو ڕێگا قیرتاو کراوە، یان قیرتاو نەکراوەیە کە بۆ هاتوچۆی ئۆتۆمبیل تەرخان کراوە، کە قەدەغە کراوەکانی ڕێگایەکەش دەگرێتەوە، جۆرەکانی ڕێگا گشتییەکانیش بەخێراو سەرەکی و لابەلاکان و ڕێگاکانی لەو جۆرە بابەتانەشەوە بە بەیاننامەیەك دیار دەکرێن و لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بلأو دەکرێتەوە.

سێیەم: ڕێگای هاتوچۆی خێرا: ئەو ڕێگا گشتیەیە کە بە تایبەت بۆ هاتوچۆی ئۆتۆمبیل داتاشراوەو دامەزراوەو خزمەت بە مۆڵکەکانی هاوشان و نزیکی خۆی ناکات، واتا (شوورەدارە)و هاتوچۆی ئۆتۆمبیلی تێدا جیا کراوەتەوەو لەگەڵ هیچ ڕێگایەکی تر یان هێڵی شەمەندەفەر، یان ئاراستەیەکی تر، یان ڕێگای پیادەدا، لە هەمان ئاستدا یەکتر نابڕن و وەك ڕێگایەکی خێرا داتاشراوەو ڕاگەیێنراوە.

چوارەم: پێل (پرد): بە کۆنکرێت، یان بە ئاسن، یان بە هەردووکیان دامەزراوەو پانتاییەکەشی لە (6) مەتر زیاترە، بەسەر ئاوەڕۆیەکەوە، یان لەسەر خڕێك (فتحە) دادەمەزرێت، لەوانەشە لە چەندین پانتایی پێك هاتبێت بۆ هاتوچۆی جۆربەجۆر، یان بۆ گواستنەوەی خزمەتگوزاری، یان هەردووکیان، چەمکی پرد ئەو پردە سەر ئاوەکەوتووانەش دەگرێتەوە کە بە هەر جۆرێك دارێژرابن و وەژێر کار خرابن، وەزارەتیش بە پرد پێناسەیان دەکات بە بەیاننامەیەك کە لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بلأو دەکرێتەوە.

پێنجەم: یەکتربڕ: بریتییە لە تۆڕێك ڕێگای پێکەوە بەستراو و یەکتربڕ لەسەر هەمان ئاست، یان زیاتر، کە ڕێگای هاتوچۆ لەنێوان دوو ڕێگا، یان زیاتردا فەراهەم دەکات.
شەشەم: تونێل: ڕێگایەکە بە ژێر ڕێگایەکی تری وەك هێڵی شەمەندەرفەر، یان ڕووبار، یان کەنداو، یان کەناڵ، یان چیا، یان بەرزاییدا دەڕوات، ئەم ڕێگایە داتاشراوەو دامەزراوەو بە بەیاننامەیەك کە لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاو دەکرێتەوە بە تونێل پێناسە کراوەو ڕاگەیەنراوە.
حەوتەم: ئاوبارە (القنطرة): ئاوبارەیەکی داخراوەو خزمەتگوزاری، یان ئاو بە کەناڵێکی سروشتی، یان بە ئاوەڕۆیەکی سروشتی، یان دەستکرد لەلایەکی ڕێگاکەوە بۆ لایەکەی تری دەگوازێتەوەو پرد ناگرێتەوە.
هەشتەم: قەدەغەکراو، ئەمانە دەگرێتەوە:
1-ڕێگا، یان پرد، یان ئاوبارە، یان یەکتربڕ، یان تونێل.
2-زەویەکانی هاوشانی ڕێگایەکە دەگرێتەوە کە وەزارەت بە بەیاننامەیەك درێژی و پانییان دیار دەکات و لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاو دەکرێتەوە.
نۆیەم: قورساییە محوەریەکان: بریتیە لە کێشی ئۆتۆمبێلەکەو بارەکەی کە هەڵی گرتووە، کێشی خستۆتە سەر هەموو محوەرێك لە محوەرەکانی ئۆتۆمبێلەکە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕەئی لیژنەی هاوبەش لەسەر ماددەی یەك بیخوێننەوە تکایە.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەك هیچ مولاحەزەیەکی وای تیا نیە، بەڵام لە دێری دووەمی پێشەکی پڕۆژە یاساکەدا، دەستەواژەی مەجلسی وەتەنی کوردستانی عیراق هاتووە، پێمان وایە بکرێتە پەرلەمانی کوردستانی عیراق.
دووەم: لە بڕگەی (9) ماددەی (1) وشەی (الاشغال) بکرێتە (الاثقال) هەڵەیەکی زمانەوانیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ تێبینی هەیە؟، ئەم بەڕێزانە (کاك ئاسۆ، کاك شڤان، کاك فاضل، بەفرین خان، د.احمد) فەرموو کاك ئاسۆ.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی (7) ی ئەو ماددەیە، کە باس لە قەنتەرە دەکات، دەڵێ (مجرا مغلق الخ) من لێرە بەڕاستی ئیستیفسارە، بە بڕوای من ڕەنگە مەبەستی داپۆشراو بێ، نەوەك مغلق، یەعنی مغلق نابێ لێرە مەجرا، برای بەڕێزمان وەزیر لێرەدانیشتوەو موهەندسە و دەزانێ نابێ مەجرا موغلەق بێ، بەڵکو

مەبەستی ئەوەیە داپۆشراو بێ، دەکرێ مەجرا....، بەلاّم بەنیسبەت ئەم قانونە، تەنیا داپپۆشرێت، موغلەق نابێ، هەر ئەوەیە، ئەوەم هەبوو بابلێین ئەو شتەم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مولاحەزەیەکی شکلیم هەیە، لە چەند بڕگەیەك تکرار بۆتەوە، بە بەیاننامەیەك لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بلاّو دەکرێتەوە، چەند جارێك تکرار بۆتەوە، پێم باشە بڕگەیەك بێ لە بڕگەکان، بڕگەی فلان و فلان و فلانی بلاّو دەکرێتەوە لە ڕۆژنامەی وەقائیعدا، بەو شێوەیە بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی) فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە هەقیقەت من مولاحەزەم لە بڕگەی (2) ئەو ماددەی (1) دا هەیە، کە باسی ڕێگا ڤیرتاوەکان دەکات، بۆ هاتو چۆی سەیارەی سورعەتەکان، مولاحەزەکەی من لەسەر ئەوەیە بەڕاستی بە عامی ڕێگاکانی ئێمە، ئەو کێشەی هەیە، کە وزیری ئاوەدانکردنەوە جەنابی لێرەیە، ڕێگەی تر نیە لە غەیرە ڤیرەکان بۆ ئەو...، ئەوەی کە زۆر حادیسە لە ڕێگاکانی ئێمە دروست دەکات بەڕاستی، تراکتۆرە، یەعنی ڕێگەی تر نیە بۆ هاتوچۆی غەیری سەیارەی سورعەت لە ڕێگاکان هاتوچۆ بکات، ئەمە لایەنێك، لایەنی دووەم، کە عیلاقەی بە وەزارەتی هاتوچۆوە هەیە، شارەوانی و مرورەوە هەیە، بە هەقیقەت ڕێنمای وەکو پێویست نیە لە ڕێگەکان، یەعنی ئەم دوو حاڵەتە کێشەو کارەساتی زۆر گەورە، ڕۆژانەش لە ڕێگەکان ئەبینین کە دروستی دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی ئەم ماددەیە زیاتر ماددەی تەعریفە، پێناسە کردنە، فەرموو بەفرین خان.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە یاساکە خۆی یاسای ڕێگا گشتیەکانە بۆ هەرێمی کوردستان، پێم باشە لەناو زاراوەکان پێناسەش بۆ هەرێم دابندرێت، وێڕای ئەوەی لەناو یاساکە وشەی کوردستان هاتووە، بەلاّم باشتر وایە ناوی هەرێمیش ئیزافە بکرێ، جگە لەوەش هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی دارایی زۆر دووبارە بۆتەوە لەناو یاسایەکە، باشتر وایە ئەوانیش بێنە پێناسە کردن لە زاراوەکان، جگە لەوەش باس لە لیژنەیەك یان دەستەیەك دەکات لەناو پڕۆژەکە، چەند جارێکیش باسی ئەکات، هەم بە دەستە ناوی هاتووە، هەمیش بە لیژنە ناوی هاتووە،

ئەویش هەر باشتر وایە ببێتە پێناسە کردن لە زاراوەکان، جگە لەوەش پشتگیری لە هاوکارم کاک شڤان دەکەم، زۆر باسی ڕۆژنامە ئەکات لەناو برگەو ماددەکان، باس ئەکرێت، باشتر وایە هەمووی هەڵبگیرێت و لە یەك برگە، یان لەناو یەك مادده کۆ بکرێتەوە، یەعنی ئەوەندە باس نەهێڵدرێت، فلانە شت لە ڕۆژنامەی فەرمی بلاو دە کرێتەوە، فلانە شت لەوە بلاو دەکرێتەوە، بەڵکو بەیەکجار بهێندرێت ناوەکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەشی یەکەم بریتیە لە پێناسەکان، لە برگەی یەکەم، هاتووە ئەڵێ وەزارەت، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن لە هەرێمی کوردستان، من پێم باشە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردنی هەرێمی کوردستان بێ، نەوەك لە هەرێمی کوردستان، کە عەرەبیەکە دەڵێ ( فی اقلیم کوردستان) چونکە خۆی یاساکە یاسای ڕێگا گشتیەکانی هەرێمی کوردستانە، نەوەك یاسا گشتیەکان لە هەرێمی کوردستان، بۆیە پێم باشە (لە هەرێمی کوردستان) ببێت (بە هەرێمی کوردستان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تایبەت بەو تێبینیانەی کە کرا، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، لەسەر مەجراکە تەنها ئەوەندە ڕوون کردنەوەیەك بدەم، کە ئەڵێین مەجرا مغلق، مەجرا مغلق مەبەستمان لەوەیە کە بۆ ڕێڕەوی سەیارە، بۆ هاتووچۆی سەیارە بەکارنەهێندرێت، ئەو تەعریفە لە هینی عیراقیش وایە، ئەوە تەعریفێکی عامە، بۆ قەنتەرە بەکاردەهێندرێت، لەویانە ئەڵێت بەس بۆ تێپەڕ بوونی ئاو ئەو وەزیفانەی کە دیاری کردووە، بۆیە دەڵێ مەجرا موغلەق، هەر بە موغلەق بەکاردێت لە تەعریفەکەی عیراقیش، لەو تەعریفانەی تریش کە ڕێگا دەولیەکانی تیا بەکاردەهێندرێت، کە ئەڵێی مەجرا موغلەق بە مانای ئەوەیە کە بۆ ڕۆیشتنی سەیارەو ئەوانە نابێ، ئیلا ئەو وەزیفانە نەبێ کە دیاری کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموون.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان ئەگەر موغلەق بە موفرەدی وەری بگری، یەعنی داخراو، بەڵام لە سیاقی پێناسەی قەنتەرەکە یەعنی داپۆشراو، چونکە فەرق بۆ ئەوەی کە جیاوازی بکەی لەگەڵ پرد، پرد یەعنی مەفتوحە بەژێریا ئەڕۆی بەسەریشیدا ئەتوانی بڕۆی، بەس ئەم موغلەقە یەعنی بە ژێریا، بەکار ناهێندرێت بۆ سەیارە، ئەوە مەبەستەکەیە، ڕاستە وەکو وشە موغلەق ماناکەی جیایە، ئەتوانێ بشی گۆڕێ ئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموون دوا سیاغەی بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت باقی مولاحەزاتەکانی تر کە باسی لەسەر کرا، وەزارەتەکانی تری تیابێ، و تەعریف بکرێ، وەزارەتەکان خۆیان موعەرەفن هەر وەزارەتەو ئاشکرایە کە ئەڵێی وەزارەتی داخلی، وەزارەتی ناوخۆ....، بیخوێنەوە فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (1):

يقصد بالتعابير الاتية لاغراض هذا القانون المعاني المبينة ازاءها:

اولاً: الوزارة: وزارة الاعمار والاسكان في اقليم كوردستان – العراق.

ثانياً: الطريق العام: الممر المبلط او غير المبلط المخصص لمرور المركبات ويشمل ذلك محرم الطريق، وتحدد انواع الطرق العامة من سريعة ورئيسة وثانوية وغيرها ببيان ينشر في الجريدة الرسمية.

ثالثاً: طريق المرور السريع: الطريق العام المصمم والمشيد بصورة خاصة لمرور المركبات الذي لا يخدم الممتلكات المتاخمة له (مسيج) وتكون مجالات مرور المركبات فيه منفصلة ولا يتقاطع مع اي طريق او سكة قطار او اي مسار اخر او ممر مشاة في مستوى واحد، والذي يكون مصمما ومعلنا عنه كطريق سريع.

رابعاً: الجسر: منشأ من الخرسانة المسلحة او الحديد او كليهما يزيد فضاءه على (6) ستة امتار وقد يتكون من عدة فضاءات لنقل المرور بانواعه او الخدمات او كليهما عبر مجرى مائي او فتحة ويشمل مفهوم الجسر، الجسور العائمة المصممة والمنفذة بأية طريقة كانت وتعرفها الوزارة على انها جسور ببيان ينشر في الجريدة الرسمية.

خامساً: التقاطع: هو شبكة من الطرق المترابطة والمتقاطعة مع بعضها على مستوى واحد او اكثر يوفر انسياب المرور بين طريقين او اكثر.

سادساً: النفق: طريق يمر تحت طريق اخر او سكة حديد او نهر او خليج او قناة او جبل او مرتفع مصمم ومشيد ومعلن عنه انه نفق ببيان ينشر في الجريدة الرسمية.

سابعاً: القنطرة: مجرى مغلق ينقل الخدمات او الماء في قناة طبيعية او مجرى مائي طبيعي او اصطناعي من احد جانبي الطريق الى الجانب الاخر ولا يشمل ذلك الجسر.

ثامناً: المحرم: يشمل المحرم كل من:

1-طريق او جسر او قنطرة او تقاطع او نفق.

2-الاراضي المجاورة للطريق الممتدة مسافتها ببيان تصدره الوزارة وينشر في الجريدة الرسمية.

تاسعاً: الاثقال المحورية: هو ثقل المركبة مضافاً اليه وزن الحمولة المنقولة المسلط على كل محور من محاور المركبة.

**بەڕێز خليل عثمان حمدامين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (1):

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە لەم یاسایەدا ماناكانی بەرامبەریانە:

یەكەم: وەزارەت: وەزارەتی ئاوەنكردنەوەو نیشتەجێ كردن لە هەرێمی كوردستان.

دووەم: رێگای گشتی: ئەو رێگا قیرتاو كراوە، یان قیرتاو نەكراوەیە كە بۆ هاتوچۆی ئۆتۆمبیل تەرخان كراوە، كە قەدەغە كراوەكانی رێگایەكەش دەگرێتەوە، جۆرەكانی رێگا گشتییەكانیش بەخێراو سەرەكی و لابەلاكان و رێگاكانی لەو جۆرە بابەتانەشەوە بە بەیاننامەیەك دیار دەكرێن و لە رۆژنامەی فەرمیدا بلاّو دەكرێتەوە.

سێیەم: رێگای هاتوچۆی خێرا: ئەو رێگا گشتیەیە كە بە تایبەت بۆ هاتوچۆی ئۆتۆمبیل داتاشراوەو دامەزراوەو خزمەت بە مۆڵكەكانی هاوشان و نزیكی خۆی ناكات، واتا (شوورەدارە)و هاتوچۆی ئۆتۆمبیلی تێدا جیا كراوەتەوەو لەگەڵ هیچ رێگایەكی تر یان هێڵی شەمەندەفەر، یان ئاراستەیەكی تر، یان رێگای پیادەدا، لە هەمان ئاستدا یەكتر نابڕن و وەك رێگایەكی خێرا داتاشراوەو راگەیێنراوە.

چوارەم: پێل (پرد): بە كۆنكرێت، یان بە ئاسن، یان بە هەردووكیان دامەزراوەو پانتاییەكەشی لە (6) مەتر زیاترە، بەسەر ئاوەڕۆیەكەوە، یان لەسەر خرێك (فتحە) دادەمەزرێت، لەوانەشە لە چەندین پانتایی پێك هاتبێت بۆ هاتوچۆی جۆربەجۆر، یان بۆ گواستنەوەی خزمەتگوزاری، یان هەردووكیان، چەمكی پرد ئەو پردە سەر ئاوەكەوتووانەش دەگرێتەوە كە بە هەر جۆرێك دارێژرابن و وەژێر كار خرابن، وەزارەتیش بە پرد پێناسەیان دەكات بە بەیاننامەیەك كە لە رۆژنامەی فەرمیدا بلاّو دەكرێتەوە.

پێنجەم: یەكتربڕ: بریتییە لە تۆڕێك رێگای پێكەوە بەستراو و یەكتربڕ لەسەر هەمان ئاست، یان زیاتر، كە رێگای هاتوچۆ لەنێوان دوو رێگا، یان زیاتردا فەراهەم دەكات.

شەشەم: تونێل: رێگایەكە بە ژێر رێگایەكی تری وەك هێڵی شەمەندەرفەر، یان رووبار، یان كەنداو، یان كەناڵ، یان چیا، یان بەرزاییدا دەڕوات، ئەم رێگایە داتاشراوەو دامەزراوەو بە بەیاننامەیەك كە لە رۆژنامەی فەرمیدا بلاّو دەكرێتەوە بە تونێل پێناسە كراوەو راگەیەنراوە.

حەوتەم: ئاوبارە (القنطرة): ئاوبارەیەکی داخراوەو خزمەتگوزاری، یان ئاو بە کەناڵێکی سروشتی، یان بە ئاوەڕۆیەکی سروشتی، یان دەستکرد لەلایەکی ڕێگاکەوە بۆ لایەکەی تری دەگوازێتەوەو پرد ناگرێتەوە.

هەشتەم: قەدەغەکراو، ئەمانە دەگرێتەوە:

1-ڕێگا، یان پرد، یان ئاوبارە، یان یەکتربڕ، یان تونێل.

2-زەویەکانی هاوشانی ڕێگایەکە دەگرێتەوە کە وەزارەت بە بەیاننامەیەك درێژی و پانییان دیار دەکات و لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاو دەکرێتەوە.

نۆیەم: قورساییە محوەریەکان: بریتیە لە کێشی ئۆتۆمبێلەکەو بارەکەی کە بەهەموو لایەکی مەرکەبەکەدا قورسایی دەخاتە سەری.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثاني**

**اهداف القانون ونطاق سريانه**

المادة (2):

يهدف هذا القانون الى ما يأتي:

اولاً: الحفاظ على سلامة الطرق العامة والجسور والتقاطعات والانفاق وصيانتها ومنع التجاوز عليها.

ثانياً: تحديد محرمات الطرق العامة الجسور والتقاطعات والانفاق وتنظيم استعمالها.

ثالثاً: تحديد الاثقال المحورية للمركبات التي تستخدم الطرق العامة وسرعها وابعادها.

رابعاً: تسهيل اجراءات وضع اليد على الاراضي التي تمر بها الطرق العامة والجسور والتقاطعات والانفاق واستملاكها وتنظيم اجراءات تقدير توابعها من منشأت ومغروسات ومزروعات وكيفية التعويض عنها.

خامساً: تنظيم ومنح اجازة بناء المنشأت التي تخدم الطرق العامة وتحديد ابعادها عن تلك الطرق.

سادساً: منح الموافقة على المشاريع الاخرى خارج حدود رئاسة البلديات ومديريات البلديات.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەشی دووەم**

**ئامانجەکانی ئەم یاسایەو مەودای حوکمەکانی**

ماددەی (2):

ئامانجی ئەم یاسایە، ئەمانەی خوارەوەیە:

یەکەم: پاراستنی سەلامەتیی ڕێگا گشتیەکان و پردو یەکتربڕو تونێلەکان و هێشتنەوەیان و نەهێشتنی پا درێژی لەسەریان.

دووەم: دیار کردنی قەدەغەکراوەکانی ڕێگا گشتیەکان و پردو تونێلەکان و ڕێکخستنی بەکارهێنانیان.

سێیەم: دیار کردنی قورسایی بارو بارگەکان و خێرایی مەودای ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە ڕێگا گشتیەکان بەکاردەهێنن.

چوارەم: ئاسان کردنی ڕێکاری دەستبەسەر داگرتنی ئەو زەویانەی کە ڕێگا گشتیەکان و پردو یەکتربڕو تونێلیان پێدا دەڕوات، هەروەها بە مولکردنی ئەو زەویانەو ڕێکخستنی ڕێکاری خەملاندنی بەشەکانی تری وەك دامەزراوو چێنراو و زەرعەت و چۆنیەتی قەرەبوو کردنەوەیان.

پێنجەم: ڕێکخستن و ئیجازە پێدانی بنیادنانی ئەو دامەزراوانەی کە خزمەت بە ڕێگا گشتیەکان دەکەن و دیار کردنی دوورایيان لەو ڕێگایانەوە.

شەشەم: موافەقەت کردنی لەسەر پرۆژەکانی تری دەرەوەی سەرۆکایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتیەکانی شارەوانی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموون.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێیەم/ لە ماددەی دووەم بڕگەیەك بە زنجیرەی حەوتەم زیاد بکرێت و بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

سابعاً: تنظیم ومنح اجازات وضع ونصب وسائل الدعایة والاعلان علی الطرق العامة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، لە دواوە ناوەکانتان بلێن، محمد شارەزووری، پێشەوا، صباح بیت الله، سەردار رشید، فرست احمد، ئەم بەڕێزانە نا ویان نووسراوە، فەرموو کاك محمد شارەزووری.

**بەڕێز محمد احمد شارەزووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا پێشنیاری ئەوە دەکەم هەردوو بڕگەی (1) و (3) ماناکانی لەیەك نزیکە بکرێتە دوو بڕگە، چونکە پاراستنی سەلامەتی ڕێگا گشتیەکان و یەکتر بڕو تونێلەکان، خاڵی سێیەمیش ئەڵێ، دیاری کردنی قورسایی بارەکان، لەگەڵ خاڵی یەك دەمج بکرێت، لە هەمان کاتدا، نەهێشتنی پا درێژی، بەڕاستی لە ڕووی زمانەوانی بکرێتە دەست درێژی، بەشێوەیەکی تر پا درێژی تۆزێك هینەبێ، یان زیادەڕۆیی بۆ زیاد بکرێ، دوو، من ئەمەوێ یەك بڕگە زیاد بکرێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ڕێگا گشتیەکان بەڕاستی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ساڵانە ئەناڵێنن بە دەستیانەوە، لەهەموو دونیاش تەنزیمی سەیارەی بار ئەکرێت، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە بڕگەیەك زیاد بکرێت، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بە هاوکاری وەزارەتی ناوخۆ و بەڕێوەبەرایەتی گشتی مرور، تەنزیمی ڕۆیشتنی سەیارەی بار هەلگر بکەن، چونکە لە هەموو دونیا پێموایە سەیارەی بار هەلگر ئەتوانێ لە ڕۆژێکا، 24 سەعاتە، هەشت سەعات

ئەتوانێ بەسەر ڕێگاو بان بڕوات، یان دە سەعات، ئەکرێ خاڵێکی تری بۆ زیاد بکرێ لەجیاتی ئەوە، سەبارەت بە خاڵی شەشەم، موافەقەت کردن لەسەر پڕۆژەکانی تری دەرەوەی سەرۆکایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتیەکانی شارەوانی، من پێشنیار دەکەم ئەو پڕۆژانەشی کە ئەکەوێتە زمنی شارەوانیەکان، بە ئاگاداری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بێ، بۆ ئەوەی کە ئەگەر خزمەت گوزاری گشتی یان کۆمەڵێ شتی تری تیا ئەکرێت، شارەوانیەکان بەهاوکاری یان بە هەماهەنگی یان بەڕێنمایی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بێ، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من تێبینیم لەسەر خاڵی شەشەم هەیە، لە دەقە کوردیەکەی، دیارە دەقە عەرەبیەکەم لا نیە، باس لەوە دەکات موافەقەت کردن لەسەر پڕۆژەکانی تری دەرەوەی سەرۆکایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتیەکانی شارەوانی، ئێمەدەزانین کە لە دەرەوەی سنووری شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتیەکانی شارەوانی کۆمەڵێك پڕۆژە هەیە، تەنها هەر پڕۆژەی ڕێگاو بان نیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەوە وەکو پڕۆژەکانی تر تەحدید بکرێ،  موافەقەت کردن یان ڕەزامەندی دەربڕین، لەسەر جێبەجێ کردنی پڕۆژەکانی  تایبەت بە ڕێگاو بان، لە خاڵی سێ، خاڵی چوارەمیشە بەراستی، من دەقە کوردییەکە وازیح نیە لام، ئەگەر بکرێ جەنابی وەزیر روونکردنەوەیك بدات لەسەری، بە تایبەتی بە موڵك کردنی ئەو زەوییانە، کاتێك کە ڕێگایەکی گشتی بۆ شوێنێك دەبردرێ، چۆن ئەوزەوییانە بە موڵك کردن دەکرێ؟ ئەگەر روونکردنەوە بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێمە هەندێك تێبینیمان هەیە، تکامان وایە کە دەچنە دەرەوە بۆ ئیسراحەت، پێویستیەکەتان جێبەجێ دەکەن، بگەڕێنەوە بۆ ناو هۆڵی پەرلەمان، چونکە خوشك و برا هەیە، جاری وا هەیە سەعاتی پێدەچێ، دووەمین، هەندێ لە بەڕێزان کە دەڕۆنە دەرەوە بۆ ئیجازە، ئیتر نايینەوە،ڕۆیشتن بە یەکجاری پێویستی بە ئیجازە هەیە، چونکە دوایی مەجبور دەبین، دوێنێ چەند تەلەفۆنیکمان بۆ کرا دوایی کە فلیمەکەیان پێشان دا، دەڵێن ئێوە چۆن ئەو دانیشتنەتان بەڕێوە بردیە کە نیوەی کەمتری پەرلەمانتارەکان دانیشتوون؟، لەبەر ئەوەی ئێمە دەتوانین موناقەشەکان بەڕێوە ببەین، بەس بۆ تەصویت دەبێ ئامادە بێ، بەڵام تکاتان لێ دەکەین کە دەچنە دەرەوە دوای 5 دەقە، ئەو پەڕی 10 دەقە دوایی بێنەوە، فەرموو کاك صباح.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی دوو، منیش مولاحەزەم لەسەر بڕگەی شەش هەیە کە دەڵێ: منح الموافقة على المشاريع الاخرى، کێ موافەقە دەدات؟، ئایا وەزارەت یان جێگاکانی تر؟، بە رەئی من ئەگەر وەزارەت بیت، رۆتینیکی گەورە دروست دەکات، حەقە ئەم موافەقەتە بدرێتە پارێزگاکان و شارەوانیەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ماددەی یەك و دوو و سێ، هەر سێکی ئامانج لێیان پاراستن و سەلامەتی رێگا گشتیەکانە، ماددەی دوو، دیاری کردنی قەدەغەکراوەکانە، هەر بۆ سەلامەتیە، ماددەی سێ، دیاری کردنی قورساییە، ئەویش هەر بۆ سەلامەتیە، من پێم وایە ئەو سێ ماددەیە لە بڕگەیەکی دیکە دارێژرێتەوە باشترە، مادام ئامانج سەلامەتی رێگاکانە، مەسەلەی غەرامە بەراستی ئەوە موتەبەعە لە هەموو دونیا، جگە لە غەرامە، ئەوەی کە لە باری قورسی بە ڕێگاکاندا ئەڕوات، با بڵێین رێگاکان زەرەمەند دەکات، بۆ هەرچی زیاتر پاراستن و سەلامەتکردنی رێگاکان بڕێك پارەی کەم وەرئەگیرێت، پارەی ئەو سندوقە پێموایە جەنابی وەزیر باشتر شارەزایە و پێشتریش قسەمان لەسەر کردووە، کە ئەگەر بکرێ لەم یاسایەش بەراستی ئەمەیان دیاری بکرێ، لە زۆربەی زۆری وڵاتانی دونیا، کار لەسەر ئەو سندوقە ئەکرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك فرسەت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی شەش هاتووە، : منح الموافقة على المشاريع الاخرى خارج حدود رئاسة البلديات ومديريات البلديات. نە رئاسەی بەلەدیات و نە مودیریاتی بەلەدیات حدودی نیە، یان لازمە ببێتە : خارج حدود صلاحيه البلديات و مديريات البلديات، یان لازمە ببێتە: خارج حدود البلديات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز کامران احمد/وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لێرە، بێگومان لەم فەصڵەدا باسی ئەهداف ئەم یاسایە دەکەین، هەندێك شت باس کرا لە فەصڵەکانی ترە کە بریتیە لە مومتەلەکات و لە موحەرەماتی ڕێگا و لە تەحدیدی ئەوزانەکانیش، کاتێك کە دەڵێین بۆ چی لە یەك و دوو و سێدا جیامانکردووتەوە؟، لەبەر ئەوەی جارێکیان بۆ رێگایە، دوو، بۆ

موحەرەماتەکەیە، سێ، بۆ ئەو وەزنەیە کە ئەچێتە سەری، بۆیە ئەبێ ئەو سێ ماددەیە دەبێ بە رای من سێ بڕگەی جیا بێت، لەسەر ئەوەی کە ئەڵێی : منح الموافقة على المشاريع، تەنها بۆ روونکردنەوەیەکی بەڕێزتان کە ئەڵێن: خارج حدود رئاسه البلديات، ئێمە لە سنووری شارەوانییەکان، کێ ئیجازە ئەدات بە بینا یان هەر مونشەئەیەکی تر؟، بەلەدیەیە، بەڵام کاتێك دەچینە دەرەوە لە سنووری شارەوانییەکان، مەبەستمان لە هەموو ئەو ئەرزانە نیە کە لە سنووری شارەوانیەکەیە، مەبەستمان لەو ئەرزەیە کە دەکەوێتە حدودی موحەرەمی ڕێگاکەوە، کە لە دواییدا دیاری کراوەیە موحەرەمی ڕێگاکە، بۆ نموونە کاتێك کە ڕێگایەکی سەرەکی هەیە تەماشا بکەین کە بەنزینخانەیەك یان مەتعەمێك دێت لە لای وەزارەتی گەشت و گوزار مەتعەمەکە ئیجازەکەی ئەدرێ، یان بەنزینخانەکە لە لای شوێنێکی تر، دێت بە تەنیشت موحەرەمی ڕێگاکەوە ئیش دەکات، ئێمە دەڵێین مەنحی موافەقە، ناڵێن ئیجازە، ئیجازەی بیناکە نیە، ئیجازەکە ئیشی لایەنی پەیوەندیدارە، بەس موافەقەتەکەی ئەبێ ڕەزامەندی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە وەربگرێ لە حدودی موحەرەمی ڕێگاکەیە، ئەوە تەنها ئەو روونکرنەوانە بوو کە بۆ بەڕێزتان کرا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش، ئەگەر روونکردنەوەیەکتان نیە، فەرموون بۆ ماددەی تر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر بڕگەی شەش، ئێمە وەکو لێژنەی هاوبەش، هاوڕاین لەگەڵ ئەوەی کە کاك فرسەت باسی لەسەر کرد، خارجی حدود نیە، صەلاحیاتی رئاسەی بەلەدیاتی هەیە، لەبەر ئەوەی دیسان ئەو ئیزافەی بۆ بکرێ، خارج حدود صلاحیه رئاسه البلديات و مديريه البلديات، ئەمە یەك، دووەم، ئێمە لە لێژنەی هاوبەش کۆکین لەسەر ئەوەی، بڕگەیەکی دیکە زیاد بکەین بۆ ئەم ماددەی دووە، ببێتە بڕگەی حەوت و بەم شێوەی خوارەوەی لێ بێ: سابعا: تنظيم ومنح اجازات وضع ونصب وسائل الدعاية والاعلان على الطرق العامة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەی تر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (3):

تسري احكام هذا القانون على:

اولاً: الطرق العامة الكائنة خارج حدود رئاسة البلديات ومديريات البلديات، والقناطر والمعابر والانفاق والتقاطعات التي تقع ضمن محرماتها والمنشأت والساحات التي تخدم هذه الطرق.

ثانياً: الجسور على اختلاف انواعها الواقعة داخل حدود رئاسة البلديات ومديريات البلديات وخارجها والمعرفة بعائديتها الى الوزارة ويشمل ذلك الجزء مجسر منها فقط دون المقتربات.

**بەڕێز خلیل عثمان حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (3):

حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

یەکەم: ئەو رێگا گشتیانەی دەکەونە دەرەوەی سنووری سەرۆکایەتی شارەوانیەکان و بەڕێوەبەرایەتیەکانی شارەوانی، هەروەها ئەو ئاوبارەو عبورگاو یەکتربڕانەش کە دەکەونە چوارچێوەی قەدەغەکراوەکانیان و ئەو دامەزراوو گۆڕەپانانەش کە خزمەت بەم رێگایانە دەبەخشن.

دووەم: هەموو جۆرە پردێك کە دەکەونە سنووری سەرۆکایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتیەکانی شارەوانی و دەرەوەشیان کە وەها پێناسەکراون سەر بە وەزارەت بن، ئەوەش تەنها بەشە سەرگیراوەکانی پردەکە دەگرێتەوە، نەك بەشە نیوە چڵەکان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش؟

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ مولاحەزەیەکمان نیە لەسەری.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لە ئەوەلەن و ثانیا هاتیە بە نیسبەت، رئاسە البلدیات، پێویستە مولاحەزەکەی جەنابی سکرتێری پەرلەمان کە لە ماددەی دوو لە بڕگەی شەش هات، لێرەش هەمان ئەو گۆڕانکاریە بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامران احمد/وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی3، دووەمیان، ئێمە تەنها دەڵێین داخل حدود رئاسە البلدیات، ئەمەیان صەلاحیەت نیە، لەبەر ئەوەی لێرە ئەوەی پێشوو ماددەی صەلاحیەتەکەی بۆ زیاد بکرێ، ئەمە پێویست ناکات، چونکە ئەمە تەعریفی مەجرای سەرەیان قەرارەکەیە لێرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەی تر.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثالث**

**الاستملاك والتقدير**

المادة (4):

اولاً: تقوم الوزارة بطلب وضع اشارة عدم التصرف بالاراضي المشمولة بأحكام هذا القانون في السجلات العقارية لمدة لاتزيد عن سنة واحدة من تاريخ وضع الاشارة.

ثانياً: للوزارة في الحالات المستعجلة وضع اليد على الاراضي المنصوص عليها في البند اولاً من هذه المادة، الواقعة خارج حدود رئاسة البلديات ومديرية البلديات بعد تقدير قيمة توابعها من منشأت ومغروسات ومزروعات من قبل لجنة تشكل برئاسة رئيس الوحدة الادارية وعضوية ممثل الوزارة وممثل التسجيل العقاري وممثل الزراعة وممثل عن الجمعيات الفلاحية وممثل وزارة المالية وممثل مديرية عقارات الدولة في المحافظة في الوحدة الادارية وصاحبه او من يمثله، وللجنة الاستعانة بخبير او اكثر للغرض المذكور.

ثالثاً: تتبع اللجنة المنصوص عليها في البند ثانيا من هذه المادة اسس التقدير المنصوص عليها في قانون الاستملاك رقم (12) لسنة 1981 وتعديلاته.

رابعاً: للوزارة ولكل ذي علاقة بتوابع الارض المقدرة وفق احكام البند ثانيا من هذه المادة الاعتراض على محضر التقدير خلال مدة (15) خمسة عشر يوماً من تاريخ التبليغ به لدى محكمة البداءة المختصة بموقع العقار، وتنظر المحكمة بالاعتراض خلال (15) خمسة عشر يوماً ويكون قرارها خاضعاً للطعن فيه لدى محكمة الاستئناف بصفتها التمييزية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بە کوردیەکەی.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی سێیەم**

**بە مڵك كردن و خەملاَندن**

ماددەی (4):

یەکەم: وەزارەت داوا دەکات کە تێبینی (قەدەغەیە دەستکاریی ئەو زەوییانە بکرێت کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە) لە سجلەکانی عەقاریدا دابنرێت بۆ ماوەیەك لە یەك ساڵ زیاتر نەبێت لە بەرواری دانانی تێبینیەکەوە.

دووەم: وەزارەت لە حاڵەتی پەلەدا بۆی هەیە دەست بەسەر ئەو زەویانـەدا بگرێـت، کـە لـە بەنـدی یەکـەمی ئـــەم ماددەیـــەدا دەقـــەکانیان هـــاتووەو دەکەونـــە دەرەوەی ســـنووری ســـەرۆکایەتی شـــارەوانیەکان و بەڕێوەبەرایەتیەکانی شارەوانی، ئەو دەست بەسەر داگرتنەش دوای خەملاّندنی بەهای دامـەزراو و چێنراو و زەرعەتانـە دەکرێـت، کـە پەیوەنـدیان بـەو زەویانـەوە هەیـە، خەملاّندنەکـەش لەلایـەن لیژنەیەکـەوە دەکرێت، کە بە سەرۆکایەتی سەرۆکی یەکە ئیداریەکەو ئەنـدامێتی نوێنـەری وەزارەت و نوێنـەری تۆمـاری عیقاری و نوێنەری کشتوکاڵ و نوێنەرێکی کۆمەڵەکانی وەرزێران و نوێنەری وەزارەتـی دارایـی و نوێنـەری بەڕێوەبەرایەتی عیقاراتی دەوڵەت لە پارێزگاکە لە یەکە ئیداریەکەو پەیوەندیدارەکە، یـان لـە نوێنەرەکـەی پێك دێت، لیژنەکە بۆی هەیە بۆ ئەو مەبەستە سوود لە شارەزایەك، یان زیاتر وەربگرێت.

سێیەم: ئەو لیژنەیەی کە دەقەکەی لە بەندی (دووەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، بنەماکانی ئەو خەملاّنـدنـە پێڕۆ دەکات کە دەقەکەی لە یاسای بە موڵك کردنی ژمارە (12)یساڵی 1981و هەموارەکانیدا هاتووە.

چـوارەم: وەزارەت و هـەر کەسـێکیش کـە پەیوەنـدی هـەبێت بـە پاشـکۆکانی ئـەو زەویـەوە، کـە بـەپێی حوکمەکانی بەندی (دووەم)ی ئەم ماددەیە خەملێندراوە بۆیان هەیە لە ماوەی (15) ڕۆژدا لە بەرواری پـێ ڕاگەیاندنـەوە لەبـەردەمی دادگـای سـەرەتایی تایبەتمەنـد بـە جێگـای عەقارەکـە نـاڕەزایی لـە ڕەشنووسـی خەملاّندنەکـە دەربـبڕن، دادگاکـەش لـە مـاوەی (15) ڕۆژدا سـەیری ناڕەزاییەکـە دەکـات و بڕیارەکەشـی دەکەوێتە ژێر ڕکێفی تانە لێدانەوە لە دادگای تێهەڵچوونەوە بە سیفەتی پێداچوونەوەی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زنجیرەی چوارەمی ڕاپۆرتەکەی ئێمـە کـە تایبەتـە بـە ڕاپـۆرتی لێژنـەی هاوبـەش کـە تایبەتـە بـە مـاددەی چوارەم، لە بڕگەی دووەمی ماددەی چوارەمدا، دەستەواژەی الجمعیات الفلاحیە بکرێتە اتحاد الفلاحین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، زکیە سید صالح، قـادر احمـد، صـباح بیـت الله، مامۆسـتا فەرمان، سیوەیل عثمان، ئاسۆ کەریم، د.ڕێباز فەتاح، ئاهەنگ عارف، بشیر خلیل، زکیە خان فەرموو.

**بەڕێز زکیە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب ڕاستی ئەز پشتگیریا یـا ڕاپۆرتـا لیژنـەی ئـاوەدانکردنێ دکـەم، کـو ئـەو جـەمعیات فلاحـین ببیتـە اتحـاد فلاحین، چونکە مە ئیتیحاد فەلاحین هەی ل کوردستانێ، یـادی تـر ژی ئەگـەر ئـەم پرێنسـیپی وەربگـرین، کومە دڤێت دەسەلاّت ژ وەزارەتێ، بهێن شۆڕ کرن بۆ خارێ، بۆ نموونە، بۆ پارێزگەهاو بۆ ڕێبـەرێ گشـتی ل پارێزگەها، بۆچی لڤێ درکێ ئەم نوێنەرێ وەزارەتێ ڤێرەنەکەینە نوێنـەر، چـونکو سـەرۆکایەتی ئـەو لیـژنا

دینیته پێك ئینان، سەرۆكایەتی سەرۆكێ وەحدا ئیداریە ل وێرێ ل وێ درکێ، بۆچی ئەو نوێنەرێ ل وێرێ ژی نوێنەرێ تورق و جسورێ نەبیتن ل وێ درکێ، کو نوێنەرایـەتیێ وەزارەتـێ بکاتن ل وێرێـدا، دیسا ژی ئەگەر ئـەم بهێین ئـەو کوردیـا وێ کـو دێتەخانـدن، دومـاهیکێ ژی یـا دبێـژیتن، لایەنـە پەیوەندیـدارەکان هەرچەندە ل وێ درکێ، لە پەیوەندی دارەکە لـە کوردییێـدا غەلـەت نڤیسی، بـەس وەختـێ بەحسـێ لایەنـە پەیوەندیدارەکان دکەتن، لایەنی پەیوەندیدار ئەوێ کو ل محافەزەی تەمسیلا وەزارەتێ دکـەت، ژ بەرهنـدێ ژی من پێ باشە، مادەم ئەم وی پرێنسیپی بەرچاڤ وەرگرین، دەسالا بچیتە خارێ، وەزارەت ڤێرەتەمسیلێ نەکات، بەلکی ئەم رێڤەبەرییێت وان پارێزگەها بێن نوێنەرێت وەزارەتێ بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر احمد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە وەزارەتی شـارەوانی، هـەر زەوییـەك تـاپۆ بێـت یـان تـەملیك یـان عەقـدی زراعـی بێـت، کـاتێ دەکەوێتـە سنووری شارەوانیەوە تەعویز دەکرێتەوە بـە زەوی، لـەم یاسایەدا، تـەنها ئـەو زەوییانـەی دەکەونـە بـەردەم جـادە گشـتییەکان، تـەنها تـەعویزی ئـەو رزقـە دەکرێتـەوە کـە تیدایـەتی، یـان ئـەو بینایـەی کـە لەسـەر زەوییەکەیە، بۆیـە مـن پێشـنیار دەکـەم، ئـەو جوتیارانـە هـەر یـەکێك کـە زەوی وەرگرتـووە، لـە ئیصلاحی زیراعی ساڵی 70 وەریگرتووە، یەعنی بەر لە 42 ساڵ لەمەوبەر، بە حەقی تەصەروف بێت، بە عقد بێت، نەك هەر حەقی تەعویزی زراعاتەکانیان هەیـە، حـەقی تـەعویزی عەرزەکەشـیان هەیـە، یـەك حکومـەتین، مادام لە وەزارەتی شارەوانی زەوییەکی زیراعی تەعویز دەکرێتەوە بە عەرز، دەبێت لە وەزارەتی زیراعـەش کە زەوییەك کـە عەقـدی هەیـە، دەکەوێتـە سـەر جـادە گشـتییەکان، بـەس زەویـیش بـەو ڕێژەیـە تـەعویز بکرێتەوە، دەنا لەوەدا خەڵکی جوتیار زۆر زەرەمەند دەبێ، دووەم، لەسەر 15 رۆژ لە خەمڵاندن کە ئەگـەر ئیعتیرازێکی هەبێ، من 15 رۆژ زۆر بە کەم دەزانم، چونکە ئەم 15 رۆژە 4 رۆژی عوتلە تێدایە، جومعە و شەممە، ڕەنگە کەس بە ئاسانی نەزانی، بە تایبەتی زۆربەی جوتیار نەخوێندەوارە، ڕەنگە لـەو کاتـەدا هـەر هەستی پێ نەکات کە حەقی ئیعتیرازی هەیە، بۆیە من پێشـنیار دەکـەم کـە ئـەو ماوەیـە لـە مانگێـك زیـاتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوار فەقەرە دوو کە دەڵێ: : للوزارة في الحالات المستعجلة وضع اليد على الاراضي المنصوص عليها، کە وضع الید تێدایە، بە رەئی من دەبێ بەو شێوەیە بێت: للوزارە بالتنسیق مع وزارە العدل، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماموستا فەرمان فەرموو.

**بەڕێز فرمان عزالدين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی دووەم، هەر ئەوەی کاك صباح وتی، لە حالەتی پەلەدا بۆی هەیە دەست بەسەر زەوی دابگرێت، دیارە ئەوە ئەو پەلەیە، شوێنەکەی نیە، لەبەر ئەوەی وەزارەت پلانی هەیە، کە وەزارەت پلانی هەبوو ئەو بارە ناکاوە چییە دەست بەسەر زەوییدا بگرێ؟ لەبەر ئەوە دەبێ وەزاەرت بە پێی پلانەکەی کار بکات، کەواتە ئەو بە پەلەیە دەکرێ بکرێ بە پێی پلانی وەزارەت نەك بە پەلە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها تێبینیەکی گچکەم هەیە لەسەر دووەم، ناخوێنمەوە هەمووی، سەتری چوارەم نووسرایە: الوحدة الادارية و عضوية ممثل الوزارة و ممثل التسجيل العقاري، واتا ممثلي زۆری تێدا دووبارە کرایتەوە، ئەگەر بکرێ بنووسین: وعضوية ممثلين عن الوزارة التسجيل العقاري الزراعه) با بڵێین مومەسیلەکان لا ببەین و هەموو ببێتە ممثلين و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئاسۆ فەرموو.

**بەڕێز بكر كريم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی من لەسەر بڕگەی دووەمی ماددەی چوارەمە کە باس لە پێکهێنانی ئەو لێژنەیە دەکرێ بە سەرۆکایەتی سەرۆکی وەحدەی ئیداری، لێرە هەندێکیان لە لای من وازیحە کە باس لە ئەندامیەتی، و عضوية و ممثل الوزارة، ئەوە زۆر روونە، بەڵام کە دەڵێ ممثل التسجيل العقاری، کام تسجيل عقاری؟ لە موحافەزە؟، لەو وەحدە ئیدارەیەکە؟، لە وەزارەت؟، لە کوێ؟، ممثل الزراعة هەمان شت، لە وەحدەی ئیداری، لە موحافەزە، لە هەمان شت، لە ئی وەکو وەزارە، لە کامیان، بۆیە حەقە وزوحی پتر تێدا بێ، کە باسی لە ئەندامیەتی ئەو لێژنەیە دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکێك لە کاریگەرییەکانی ئەم یاسایە، یاخود دروست کردنی ڕێگا لەسەر ژینگەیە، کە کاریگەرییەکی خراپی هەیە لەسەر ژینگە، یەکێك لە کێشەکانی دەستەی ژینگەش ئەوەیە کە بڕیارەکانی ئەو دەستەیە، لە دوای هەنگاوەکانی وەزارەتەکانی ترەوە هەیە، کێشەیان لەگەڵ سەرجەم وەزارەتەکانی ترەوە هەیە، کاتێك کە پرۆژەیەك دروست دەکرێ، دوای دروست کردنی پرۆژەکە، ئەوجا قسەی ئەوان دێتە ناوەوە کە ئەم پرۆژەیە کاریگەری خراپی هەیە یاخود نا، بۆیە من پێشنیار دەکەم، لەم یاسایە و لە سەرجەم ستراتیژیەتی یاسایەکانیشدا، قسەی یەکەم و هەنگاوی یەکەم لە ژینگەوە دەست پێ بکات، لێرە ئێمە وەزارەت مولزەم بکەین کە لە سەرەتاوە ڕەزامەندی دەستەی ژینگە بە دەست بێنی کە ئایا ئەو ڕێگایە، یاخود هەر پرۆژەیەکە تا چەند کاریگەری خراپی هەبێ لەسەر ژینگەی ئەو ناوچەیە، یاخود کاریگەری نابێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکم لەسەر ماددەی 4 فەقەرەی دوو هەیە،: وضع اليد في الحالات المستعجلة، ئەو تەعبیرە لە زەمانی خۆی بەکار دەهات کە لە زەمانی عهدی بائد، لە زەمانی صدامی، کە لە پڕ پرۆژەك بێ پلان و بێ ستراتیژیەت و بە مەزاج لە جێیەکی تەتبیق دەکرا، وضع اليد المستعجل دەکرا، کە مامۆستا فەرمان باسی جوزئێك لەو مەشروعەی کرد، ئەگەر وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، من موتەئەکیدم کە هەیتیان، ماستەر پلانی درێژ خایەن و کورت خایەنیان هەیە، کەواتە مەشاریعی ستراتیجی و مەشاریعی موستەقبەلی و مەشاریعی ئانی، حەقە موحەرەمات تەحدید بکرێ، حەتا مەسافاتی، لۆ تەحدید بکرێ، چونکە موحەرەمات عیلاقەی بە زۆر کەس هەیە، زۆر وەزارات هەیە، ئەو حالاتی موستەعجەلە و وەزعی یەد، یەعنی قانونێکە نابێ ئەمڕۆ ئێمە تەحدید بکەین و بڵێین حالاتی موستەعجەلە، ئەگەر پلانمان هەبێ، ئەوە یەکێکیان، دووەمیان، من بەوەش باش دەزانم کە لە عەینی ماددە، سامانە سروشتیەکانیش نوێنەریان هەبێ، چونکە ئێستا لە موحەرەمات بۆری غاز و بۆری نەوت تێدەپەڕی، وایە یان نا؟، کە ئەوانە تێدەپەڕی، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان حەتمەن ئەوانیش پلانیان بۆ مەشاریعی موستەقبەلی هەیە، ئەوەندە بوو تێبینیەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشير خليل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له فەقەرەی یەکەم لەو ماددەیە، تقوم الوزارة بطلب وضع عدم التصرف، پاشان دەڵێ: لمدة لا تزيد عن سنة واحدة، من پێموایە یەك ساڵ زۆرە، بۆ کەمکردنەوە رۆتین له ئەنجامی کارەکانیشدا بیکەینە، لا تزيد عن ستة اشهر، له دووەم، للوزارة في الحالات المستعجلة، ئەمە من لەگەڵ ئەو هاوکارەم هاوڕام که دەڵێ: بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة، به تەنها وەزارەت ناتوانێ ئەو وضع اليد بکات، ئەگەر لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکە و لەگەڵ جیهاتی دیکە کەوا عیلاقەی بە مەوزوع هەیە، ئەو تەنسیقە نەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر؟

**بەڕێز کامران احمد/وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەم فەصڵەدا باس له ئیستیملاك و تەقدیر دەکەین، بۆیە لە ماددەی چوارەم، زنجیرەی یەکەمی کە دەڵێ: تقوم الوزارة بطلب وضع الاشارة، ناڵێت خۆی ئیشارەتی حیجز ئەخاتە سەری، داوا دەکات لە لایەنە پەیوەندیدارەکان، کەواتە خۆی نیە کە هەڵدەستی بە ئیجرائاتەکە، له زنجیرەی دووەمدا، کە ئەڵێن: وزارة وضع اليد، ئینجا له حالات المستعجلە، خاڵێکە لابرێت، بەڵام وضع اليد هەر دەبێ بمینێت، چونکە ئەگەر وا نەکەین مەعنای وایە زنجیرەی یەکەمیشی کار ناکات، پشتگیری ئەوەی لێژنەی هاوبەش دەکەم بۆ جەمعیاتەکە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش تێبینیتان هەیە؟

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تێبینی خۆمان ئاشکرا کرد، جەنابی وەزیریش تەئیدی مولاحەزەکەی لێژنەی هاوبەشی کرد کە جمعیاتی فلاحین بکرێتە اتحاد الفلاحين، داواشی کرد موستەعجەلەکە لابرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەی تر.

**بەڕێز شلێر محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (5):

اولاً: تتولى الوزارة المباشرة باستملاك الاراضي المنصوص عليها في المادة (4) من هذا القانون خلال (180) مئة وثمانين يوماً من تاريخ وضع اليد عليها وفق احكام قانون الاستملاك رقم (12) لسنة 1981

وتعديلاته وتقدر القيمة بتاريخ وضع اشارة عدم التصرف او بتاريخ وضع اليد او بتاريخ طلب الاستملاك ايها افضل للمستملك منه.

ثانياً: في حالة تعذر الحصول على عناوين اصحاب العلاقة بالاراضي وتوابعها فيتم الاعلان عن ارقام القطع في المقاطعات المشمولة بالاستملاك في صحيفة يومية واحدة على الاقل مرتين ويمهل اصحاب العلاقة مدة (90) تسعين يوماً اذا كانوا موجودين داخل الاقليم و(180) مئة وثمانين يوماً للموجودين خارج الاقليم للمراجعة وتثبيت حقوقهم وتعتبر قطع الاراضي مستملكة بانقضاء المدة المذكورة.

ثالثاً: يؤخذ بدون بدل الربع القانوني المنصوص عليه في قانون الاستملاك وفق الاحكام المنصوص عليها فيه، ويسري هذا الحكم على جميع الاراضي المشمولة بأحكام هذا القانون بصرف النظر عن جنسها وصنفها وموقعها والتشريع الذي تملك بموجبه.

رابعاً: تسجل اراضي محرمات الطرق العامة المستملكة باسم وزارة المالية وتخصص للوزارة وتعدل السجلات العقارية للاراضي التي تم استملاكها قبل نفاذ هذا القانون تبعا لذلك.

خامساً: في حالة انتفاء حاجة الوزارة الى اية مساحة من الاراضي المنصوص عليها في البند رابعا من هذه المادة تؤول ملكيتها الى رئاسة البلديات او ميدرية البلديات المختصة ان كانت واقعة ضمن حدودها بدون بدل وترفع اليد عنها وتؤول الى وزارة المالية ان كانت واقعة خارج تلك الحدود.

سادساً: تنوب الوزارة عن دوائر الدولة الرسمية في الاشراف على الاراضي المشمولة باحكام هذا القانون ورفع التجاوز عنها بالتنسيق مع الوحدات الادارية.

**بەڕێز خليل عثمان حمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (5):

یەكەم: وەزارەت لە ماوەی (180) سەدو هەشتا ڕۆژدا لەبەرواری دەست بەسەر داگرتنی زەویەكان بەپێی حوكمەكانی یاسای مولّكدار كردن ژمارە (12)ی ساڵی (1981)و هەموارەكانی دەست دەكات بە موڵك كردنی ئەو زەویانەی كە دەقەكانیان لە مادده (4)ی ئەم یاسایەدا هاتوون، بەهایەكەش لە بەرواری دانانی تێبینی قەدەغە كردنی دەستكارییەكەوە دەخەملێنرێت، یان لە بەرواری دەست بەسەر داگرتنەكەوە، یان لەبەرواری داوای بە موڵك كردنەكەوە، یان كامیان باشتر بێت بۆ ئەو كەسەی كە زەویەكەی لێ دەسەنرێت.

دووەم: لە حاڵەتێكدا ئەگەر بە زەحمەت ناونیشانی خاوەن پەیوەندی بە زەویەكان و پاشكۆكانی زەویەكانەوە وەبگیردرێت، ئەوسا ژمارەی پارچەكانی ئەو زەویانەی كە بە موڵك كردن دەیانگرێتەوە لە ڕۆژنامەی فەرمیدا لانی كەم دووجار بڵاو دەكرێتەوەو مۆڵەتی (90) ڕۆژیش بە پەیوەندیدارەكان دەدرێت، ئەگەر لەناو هەرێمدا بن، ئەگەریش لە دەرەوەی هەرێم بن، ئەوا مۆڵەتی (180) سەدو هەشتا ڕۆژیان پێ دەدرێت، بۆ ئەوەی سەر بدەن و مافەكانی خۆیان بچەسپێنن، دەنا ئەگەر ئەو ماوەیە بەسەر بچێت و نەیەن ئەوا پارچە زەویەكانیان بە موڵك كراو دادەنرێت.

سێیەم: بەبی بەرامبەر (بەخۆڕایی) ئەو چواریەکە یاساییەی کە دەقەکەی لە یاسای موڵکدار کردندا هاتووە وەردەگیردرێت و بەپێی ئەو حوکمانەی کە دەقەکانیان لەسەری هاتووە، ئەم حوکمەش هەموو ئەو زەویانـە دەگرێتەوە کە دەکەونە چوارچێوەی حوکمـەکانی ئـەم یاسـایەوە، بـەبێ ئـەوەی گـوێ بدرێتـە جـۆرو پـۆل و جێگاو ئەو یاسایەش کە موڵکداریەکەی پێ کراوە.

چوارەم: زەویە قەدەغە کراوەکانی ڕێگا گشتیەکان کە بە موڵـك کـراون، بـەناوی وەزارەتـی داراییـەوە تۆمـار دەکرێن و تایبەت دەبن بەو وەزارەتە، سجلەکانی عەقاریی ئەو زەویانەش هـەموار دەکـرێن کـە بـەر لـە کـار پێکردنی ئەم یاسایە بە موڵك کردنیان تەواو بووە.

پێنجەم: لە حاڵەتێکدا ئەگەر وەزارەت پێویسـتی بەهـەر ڕووبـەرە زەوییـەك نـەما کـە دەقەکـەی لـە بەنـدی (چوارەم)ی ئـەم ماددەیـەدا هـاتووە، ئـەوا موڵکەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەرۆکایەتی شـارەوانیەکان، یـان بـۆ بەڕێوەراریەتیە تایبەتمەندەکانی شارەوانی، بەبێ بەرامبەر ئەگـەر کـەوتبووە چوارچـێوەی سـنوورەکەیەوە، دەستیشی لەسەر لادەبرێت و دەدرێتەوە بە وەزارەتی دارایی، ئەگەر کەوتبووە دەرەوەی ئەو سنوورانە.

شەشەم: وەزارەت لەجیاتی دایەرە فەرمیەکانی دەوڵەت، سەرپەرشتی ئەو زەویانـە دەکـات کـە دەکەونـە ژێـر ڕکێفی حوکمەکانی ئەم یاسایەوەو بەهاو دەنگیش لەگەڵ یەکە ئیداریەکاندا پێ درێژیان لەسەر لا دەبات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش؟

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ مولاحەزەمان نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کـێ تێبینی هەیـە؟ ئـەم بەڕێزانـە نـاوی خۆیـان نووسـیوە، مامۆسـتا عومـەر، هـاوڕاز خۆشـناو، قـادر احمـد، فەرموو مامۆستا عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر ماددەی ئەوەلەنە لە عەرەبیەکە، بەو پێیەی کە یاسا بۆ هەرێمی کوردستان دەرئەکـەین ئێمە، یاسا بۆ ڕێگا گشتیەکانی هـەرێمی کوردسـتان دەرئەکەین، لێـرە ئامـاژە کـراوە بـە یاسـای ژمـارە 12ی ئیستیملاکی حکومەتی ئیتیحادی تەبعەن، ساڵی 81، ئێمە یاسایەکمان نیە بەناوی یاسای ژمارە 12ی سـاڵی 81 لـە کوردسـتان، مولاحەزەکـەم ئەوەیـە، ئایـا پێویسـت ناکـات ئیشـارەت بکـرێ کـە ئـەم یاسـایە، یاسـای حکومەتی ئیتیحادیە؟، چونکە ئێمە ئەم یاسایە بـۆ خۆمـان دەرئەکـەین، مـەفرۆز وایـە کـە نـاوی ئـەڵێین لـە یاساکانی ڕەچاوی ئەوەمان کردووە، ئەگەر یاسایەکە ئی عیراق بێ ئیشارەتمان پێکردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

هاوڕاز خان فەرموو.

**بەڕێزهاوڕاز خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەوەی لێرە تێبینی دەکەم بەراستی، بە هیچ شێوەیەك نە یاسای ژمارە 8ی 2008 ئیشارەتی پێ کراوە، چونکە ئەگەرئەم یاسایە ناکۆك بێ لەگەڵ یاسایەکی تر، ئەی ناکرێ خۆ جێبەجێ کردنی بە هیچ شێوەیەك جارێکی دی وەزارەتی کشتوکاڵیش پێ نەکراوە، لە یاسای ژمارە 8ی 2008 دەڵێ/ ناکرێ هیچ زەوییەکی کشتوکاڵی گۆڕانکاری بەسەردا بکرێ بۆ زەوییەکی تر لە ڕووی ژینگەییەوە ئیللا دەبێ مەرج و ئەوەی خۆی هەبێت، یەعنی ئەوە هیچ باسی ئەم دوو شتە ناکات بەڕاستی، هەم تەعاروزی ئەوەیە باسی وەزارەتی کشتوکاڵی تێدا نیە، هەم باسی یاسای ژمارە 8ی 2008یش باسی تێدا نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قادر، فەرموو.

**بەڕێز قادر أحمد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ماددەی پێنج لە خاڵی پێنج باس دەکەم، دەڵێ لە حاڵەتێك ئەگەر وەزارەت پێویستی بە هەر ڕووبەری زەوییەك نەما کە دەقەکەی لە بەینی چوارەمی ئەم ماددەیە هاتووە، ئەوە دەقەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەرۆکایەتی شارەوانییەکان، یان بۆ بەڕێوەبەرایەتی تایبەتمەندییەکانی شارەوانی، لە دوایی دا دەڵێ ئەگەر نەکەوێتە سنووری ئەوانەوە دەدرێت بە وەزارەتی دارایی، ئەگەر بکەوێتە دەرەوەی ئەو سنوورانە، مەبەستی سنووری شارەوانییەکانە، مەبەستی سنووری شارەوانییەکانە، کاتێ ئەم زەوییە دەستی بەسەر دا گیراوە هی وەزارەتی کشتوکاڵ بووە، بۆیە کاتێ وەزارەت ئیشی پێی نامێنێ دەبێ مولکەکان بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ نەك وەزارەتی دارایی، پێشنیاری دووەمم ئەوەیە لە پێشوودا باسم لەوە کرد کە جووتیار تەعویز بکرێتەوە، ئەگەر بە پێی ئەم یاسایە جوتیار تەعویز وەرنەگرێتەوە، دەبێ بدرێتەوە خاوەن ئەو زەوییەی کە زەوییەکی لێ داگیر کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك فرست هەندێك تێبینی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت فەقەرە (3) هەندێك جار بە ڕەنگاری حاڵەتێك دەبن، ئـەوەش لـە قـانونی بەلـەدیات ڕوویـداوە زۆرجار، دەبینی روبعی قانونی لە پارچە عەردێك وەرگیراوە، بۆ جاری دووەم، بـۆ پـرۆژەیـەكی تـر جـارێكی تر روبعی قانونی وەردەگرن، بە ڕەئی من لێرە ئیزافەیەك بكرێ، لە دوایی فەقەرەكە، ئەگـەر هـاتو روبعـی قـانونی جارێـك وەرگیرابێـت لـەو قیتعەیـە بـۆ هـەر سـەبەبێك بێـت، جـارێكی تـر روبعـی قـانونی نایێتـە وەرگرتن، بۆ تەحقیق كردنی عەدالەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز كامەران أحمد/ وەزیری ئاوەدانكردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری ئەو پێشنیارەی جەنابی كاك فرست دەكەم، ئەگەر بكرێ پێشنیار دەكەم ئەوە زیاد بكرێ، زۆر سوپاس، پشتگیری لێژنەكەش دەكەم، لێژنەی هاوبەش بۆ ئەوەی كە هیچ پێشنیارێكیان نەبووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو تەوزیحەی كاك فرست لە شوێنی خۆیەتی، زۆر تـەواوە، چـونكە بـە گـوێرەی یاسا یـەك كـەرەت روبعـی مالیە وەردەگیرێ لە زەوییەكان، لەبـەر ئـەوە پێویسـتە بـۆ تـەوزیح زیـاتر ئـەوە و فەقەرەیـەك ئیزافەیـەكی بخرێتە سەر بەم شێوەی خوارەوە وای لێ بێت بڵێ/ (ثالثاً/ یؤخذ بدون بدل الربع القانوني المنصوص علیـە في قانون إستملاك وفق الأحكام المنصوص علیها فیه و یسري هذا الحكم على جمیع الأراضي المشمولة بأحكام هذا القانون بصرف النظر عن جنسها و صنفها و موقعها و التشییع الذي تملك بموجبه مالم یكن قد تم أخذ الربع القانوني قبل ذلك لأي سبب كان).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (6):

أولا: للوزارة عند الإقتضاء وضع اليد على أي أرض أو بستان أو أي جزء منها بصورة مؤقتة لأغراض تنفيذ مشاريع الطرق العامة والجسور لمدة لاتتجاوز مدة إنجاز المشروع ببدل إيجار بعد تبليغ مالكها بذلك بمدة لاتقل عن (30) ثلاثين يوماً.

ثانياً: تقوم اللجنة المنصوص عليها في البند ثانياً من المادة (4) من هذا القانون بتحديد بدل الإيجار السنوي أو الشهري للعقار المقرر وضع اليد عليه بصورة مؤقتة مع تنظيم محضر يثبت فيه الوضع الراهن لها مع توابعه.

ثالثاً: على الوزارة إعادة العقار الذي تم وضع اليد عليه إلى مالكه بعد إنجاز المشروع وفق الحالة المثبتة بمحضر وضع اليد عليه، وتعويض مالكه عن الأضرار التي لحقت بالعقار بعد تقديرها من اللجنة ذاتها.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون كوردییەكەی.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (6):

یەكەم: لەكاتی پێویستدا دەستەكە دەست بەسەر هەر زەویەك، یان باخێك، یان هەر پارچەیەكدا دەگرێت بەشێوەیەكی رەفتەنی (كاتی) باخێك بە مەبەستی جێ بەجێ كردنی پرۆژە گەلی رێگای گشتی و پرد، بۆ ماوەیەك كە لە ماوەی تەواو كردنی پرۆژەكە نەترازێت، بۆ ئەوەش كرێ دەدات بە خاوەنەكەی و بەر لە (30) سی رۆژ ئاگاداری دەكات.

دووەم: ئەو لیژنەیەی كە لە بەندی (دووەم)ی ئەم ماددەی (4)ی ئەم یاسایەدا دەقەكەی هاتووە، كرێی سالآنە، یان كرێی مانگانەی ئەو عەقارە دیاری دەكات، كە بڕیار دراوە بەشێوەیەكی رەفتەنی دەستی بەسەردا بگیردرێت و رەشنووسێكیشی لەگەڵدا رێك دەخات، باری كاتەكە و دۆخی پاشكۆكانی تێدا دەچەسپێنێت.

سێیەم: پێویستە لەسەر وەزارەتەكە ئەو عەقارەی دەستی بەسەردا گیراوە بگەرێنێتەوە بۆ خاوەنەكەی دوای تەواو كردنی پرۆژەكە، هەر وەك ئەو حاڵەتەی كە لە رەشنووسی دەست بەسەردا گرتنەكەدا جێگیر كرا بوو، پێویستە هەمان لیژنە زەرەرو زیانی عەقارەكە بخەمڵێنێت بە قەرەبوو بیداتەوە بە خاوەنەكەی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لێژنەی هاوبەش هیچ مولاحەزەیەكمان لەسەر پرۆژەكە نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ تەنیا دوو کەس، فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها بۆ تەوزیح کاتێ پرسیار لە خاوەنەکەی دەکات ماليکی، ئەوە ئەوانەی حەقی تەصەروفيان هەيە بە زەوييەکانەوە، يان ئەوانەی عەقدی زراعييان هەيە بەم زەوييانەوە، ئەوانەش شمول دەکات يان نا؟ ئەگەر شمول ناکات ئەوە خەڵکێکی زۆر زەرەرمەند دەبێت، لەوانەی کە حەقی تەصەروف و عەقدی زراعييان هەيە، چەند ساڵێکە ئەو زەوييانە بە دەستييانەوەيەو بە کاری دەهێنن و مەصاريفی گەورەيان تيا کردووە، بۆيە پێم باشە پێشنيار دەکەم ئەوانەش شمول بکات، ئەگەر ئەو خاوەنداريێتی يە ئەوانيش شمول بکات باشترە، ئەگەر نا بۆی ئيزافە بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا فەرمان، فەرموو.

**بەڕێز فەرمان عزالدين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کۆتايی دوو وشە هاتووە، پێ درێژی لەسەريان، بەڕاستی پێ درێژی لەسەريان ئەوە لە ڕووی زمانەوانی زۆر رەکيکە، ئەگەر بکرێت بە/ بۆ لابردنی دەست درێژی لەسەريان لە سەر زەوييەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزير، فەرموو.

**بەڕێز کامەران أحمد/ وەزيری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ لێژنەی هاوبەش کە هيچ تێبينييەکم نيە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش تێبينيتان هەيە؟

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هيچ تێبينيمان لەسەر ئەو ماددەيە نيە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ ماددەيەکی تر، خۆی وەڵام نيە بۆی ڕوون بکەنەوە، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

به نیسبەت پرسیارەکەی کاك دڵشاد، ئەوە هەموو نەوعی زەوییەکانە، ئیتر خۆی یان حەقی تەصەروفی هەیە، یان موڵکی صرفە، یان عەقدە، بەس موهیم ئەوەیە کە بە شێوەیەکی موەقەت دەیەوێت دائیرەی (طرق)، دوایی ئەوەتا بە هەموو زەرەر و شتەکانەوە لە هەر سێ ماددەکە تیایەتی کە تەعویز دەدرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الرابع**

**محرمات الطرق العامة والجسور**

المادة (7):

يحدد ببيان تصدره الوزارة وينشر في الجريدة الرسمية ما يلي:

اولاً: محرمات الطرق العامة السريعة والرئيسة والثانوية والريفية وغيرها عدا الاجزاء المارة منها ضمن رئاسة البلديات ومديرية البلديات فيخضع تحديدها للتصاميم الاساسية لكل منهما.

ثانياً: محرمات الجسور التي لايجوز فيها نصب معامل غربلة أو تأسيس المقالع او إجراء تحويرات في مسار النهر بما يؤدي الى إلحاق الضرر بدعامات الجسر او مقترباته.

ثالثاً: محرمات التقاطعات والأنفاق والمعابر إن وجدت. سوپاس.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی چوارەم**

**قەدەغە کراوەکانی ڕێگا گشتیەکان و پردەکان**

ماددەی (7):

ئەمانەی خوراەوە بە بەیاننامەیەك دیاری دەکرێن و وەزارەت دەریان دەچوێنێ و لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاو دەکرێتەوە:

یەکەم: قەدەغە کراوەکانی ڕێگا گشتیەکان، چ خێرا، چ لاوەکی، چ دەشتەکی و ڕێگای لەو جۆرە بابەتانە دیاری بکرێن (تەنها ئەو بەشانەیان نەبێت کە بە چوارچێوەی سەرۆکایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتیەکانی شارەوانیدا تێدەپەڕن، چونکە ئەمانە هەر یەکەیان بەپێی ڕشتەی بنەڕەتی خۆیان دیاری دەکرێن).

دووەم: قەدەغە كراوەكانی ئەو پردانە دیاری بكرێت، كە ناشێ كارگەی لە بێژنگدانیان تێدا دابنرێت، یان كارگەی بەرد هەڵكەندیان تێدا دابمەزرێت، یان گۆڕانكاریەكی وەها لە ئاراستەی رووبارەكەدا بكرێت، كە ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە پایەكانی پردەكە، یان بە جێگە نزیكەكانی.

سێیەم: قەدەغە كراوەكانی رێگا یەكتربڕەكان و تونێل و مەعبەرەكان، ئەگەر هەبوون، دیار بكرێن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ تێبینیەكمان لەسەر ئەم ماددەیە نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ تكایە ناوەكانتان بڵێن، ئەو بەڕێزانە ناویان نووسیوە: نەریمان عبداللە، سەرهەنگ، فەرمان عزالدین، سیوەیل خان، فەرموو كاك نەریمان.

**بەڕێز نەریمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی دووەم، (قەدەغە كراوەكانی ئەو پردانە دیاری بكرێت، كە ناشێ كارگەی لە بێژنگدانیان تێدا دابنرێت، یان كارگەی بەرد هەڵكەندیان تێدا دابمەزرێت)، ئەوە بۆ ئەوەی كە ئەم یاسایە جێبەجێ كرا لە دوای ئەوە قەدەغە بكرێ، بەڵام وەكو ئێستا هەمانە، وجودی هەیە، ئەو قەدەغە كراوانە لە سنووری ئەو پردانەن، زۆریش نزیكن و چەند نموونەیەكیشمان هەیە لە گەرمیان پردی رۆخانە، بەڵام من پێم باشە ئەو ماددەیە وای لێ بكرێ كە ئەوانەش هەیە بە پێی ئەو یاسایە لابرێ كە ئێستا هەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سەرهەنگ، فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا من لەسەر بڕگەی یەكەم پێشنیاز دەكەم ، چونكە من وای لێ تێگەیشتبم كە وەزارەت بە بەیاننامەیەك موحەرەماتی رێگەكان دیاری دەكات، من پێشنیاز دەكەم كە ئەوە لە ناو ئەو قانونە ئێمە تەسبیتی بكەین لە پەرلەمانی كوردستان، بۆ ئەوەی مەجالی كەم كردن و زیاد كردنی تیا نەبێت ئەگەر من بە هەڵە تێنەگەیشتبم، چونكە لە غیابی مەوزووعێكی وا لە ناو قانونەكە ڕەنگە هەر كەس لە مەصڵەحەتی خۆی بەڕاستی تەفسیر و تەئویلی بۆ بكات، ڕەنگە ئەو كاتە وەزارەتیش بكەوێتە ژێر كاریگەری هەندێك فشاری جۆراوجۆری خەڵكەوە، بتوانێ دەستكاری ئەو بڕگەیە بكات ئەگەر بە بەیاننامەیەك دەربكرێ، یان چوزانم بە تەعلیماتێك دەربكرێ، بەڵام ئەگەر لە ناو یاساكە تەسبیتی بكەین

پێموایە ئەوە ئیستیفادەیەکی باشە، هەم بۆ وەزارەت و هەم بۆ خزمەتکردن بە موحەرەماتی جاددەکانیش، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ماموستا فەرمان، فەرموو.

**بەڕێز فەرمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە برگەی یەکەم هاتووە قەدەغەکراوەکانی ڕێگای گشتی چ خێرا، چ لاوەکی، بەڕاستی وشەی لاوەکی لێرە لەگەڵ مەدلوولی ڕێگا ناگونجێ بەڕاستی، لەبەر ئەوەی لاوەکی ئەگەر تەرجومەی زمانەوانی بکەین دەکاتە (غیر مباشر)، لە نەصە عەرەبییەکە هاتووە بە (ثانوي)، ئەوە پێمان چاکە ئەو لاوەکی یە بکرێتە ناسەرەکی، یەعنی ڕێگای سەرەکی و ڕێگای ناسەرەکی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاوڕام لەگەڵ هاوکارم کاك سەرهەنگ کە باسی کرد ئەگەر ئەوە بە قانون دەرچێت، بە یاسا دەربچێت ئەو ماددەی حەفتەم نووسراوە (یحدد ببیان تصدره الوزارة) ئەگەر ئەوەی تێدا نەبێت لەوانەیە جەنابی وەزیریش بزانێت، یەعنی بەیانی ناوێ، ئەگەر قانونەکە دەرچوو پێویست بە بەیان ناکات، لە ڕۆژنامە دەربچێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز کامەران أحمد/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە دەڵێ (ببیان تصدره الوزارة) ئەوە مەبەستی لەوەیە (و ینشر في الجریدە الرسمیە) تەبعەن خۆی تیایە لەوەدا زۆر بە وازیحی موحەرەماتی ڕێگاکان لە بەندەکانی دوای ئێستایە کە دێینە سەری دیاری کراوە، بۆ ڕێگەی تاك چەند هەیە، بۆ ڕێگەی جووت چەند هەیە، هیچ مەجالێکی ئیجتیهادی تێدا نیە، بەڵام تەنها دیاری کردنی ڕێگاکان ئەوە زەرووری یە بەیانێك هەبێت لێرانەدا، تایبەت بەوەی کە ئەو موشەیەداتانە لە زیمنی موحەرەماتەکان دا کە هەیە، لە ماددەیەکی دوای ئێستا دا کە هاتووە، دەڵێ/ ئەو موشەیەداتانەی کە کۆن هەبوون موعالەجەی کردووە لە زنجیرەیەکی تری دوای ئێستا دا، ئەوە تەنها بۆ ڕوون کردنەوە بوو، منیش هاوڕام لەگەڵ لێژنەکەدا، هیچ تێبینیەکم نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕوونکردنەوەتان هەیە؟

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ مولاحەزەیەکمان لەسەر ماددەکە نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة (8):**

**اولاً: لايجوز البناء أو الغرس أو الزرع أو شق الأنهر أو الجداول أو المبازل أو إنشاء محطات الوقود أو مد الأسلاك أو تثبيت وسائل الدعاية والإعلان أو إجراء أي تصرف آخر ضمن حدود المحرمات من أية جهة كانت إلا بموافقة تحريرية من الوزارة.**

**ثانياً: لا يجوز الحفر على جانبي الطرق الخارجية الرئيسية ضمن المساحات المحصورة بين خطين موازيين لخط الوسط بأقل من مسافة (75) خمسة وسبعين متراً يساراً و يميناً بالنسبة للطريق ذي الممر الواحد و(100) مائة متر بالنسبة للطريق ذي الممرين إلا بموافقة الوزارة وفق شروط وضوابط يتم وضعها من قبلها.**

**ثالثاً: لا يجوز لأية جهة إقامة جسر أو قنطرة أو معبر أو أية منشأة أخرى ضمن محرمات الطرق العامة إلا بموافقة الوزارة وحسب التصميم الذي تقرره وبشرط تأمين طريق بديل مؤقت ملائم للمرور خلال فترة العمل مزود بجميع العلامات التي تؤمن سلامة المرور.**

**رابعاً: ترفع المحدثات المشيدة ضمن محرمات الطرق العامة قبل نفاذ هذا القانون العائد لدوائر الدولة الرسمية بدون بدل إذا كان لوجودها تأثير سلبي على الطرق العامة من الناحية الفنية أو على سلامة المرور بها ويكون رفعها على نفقة الجهة المعنية بالتنسيق بينها وبين الوزارة.**

**خامساً: ترفع المحدثات العائدة لغير الجهات المنصوص عليها في البند رابعاً من هذه المادة المشيدة بإجازة أصولية أو موافقة إحدى الجهات الرسمية إذا كانت محدثة قبل تنفيذ الطريق أو تحديد محرماته بعد التعويض عنها إذا كانت تؤثر سلباً على الطريق من الناحية الفنية وعلى سلامة المرور به، ويراعى في التعويض ما يأتي:**

**1- يتم التعويض عن المحدثات فقط.**

**2- يقدر التعويض تأريخ منح الاجازة أو تأريخ صدور الموافقة أو الإذن بإقامة المنشأت أو بتاريخ رفعها أيها أفضل للمواطن وإلا فيحدد بما يعادل بدل المثل وقت إجراء الكشف والتقدير إلا إذا وجد إتفاق خلاف ذلك.**

3- يقدر مبلغ التعويض من قبل لجنة برئاسة رئيس الوحدة الادارية وعضوية ممثل كل من الوزارة و وزارة المالية ودائرة التسجيل العقاري في الوحدة الإدارية ودائرة عقارات الدولة من ذوي الخبرة.

4- للوزارة ولصاحب العلاقة الإعتراض على مبلغ التعويض لدى محكمة البداءة المختصة بموقع المحدث خلال (30) ثلاثين يوماً من تاريخ صدور قرار التعويض ويكون قرار المحكمة خاضعاً للطعن فيه تمييزاً أمام محكمة الإستئناف بصفتها التمييزية.

5- يصرف التعويض مع ما يلحق به من مصاريف وأجور بواسطة المحكمة المختصة بموقع المشروع ومن تخصيصات الوزارة لهذا الغرض ويجري صرفه إلى مستحقيه وفق القانون.

سادساً: ترفع المحدثات التي أنشأت تجاوزاً بعد تنفيذ الطريق أو تحديد محرماته طبقاً للقانون ويتم الرفع من قبل الوحدة الادارية التي يقع المحدث ضمن رقعتها الجغرافية على نفقة المتجاوز خلال (90) تسعين يوماً من تاريخ تبليغه بذلك التجاوز.

سابعاً: للوزارة الموافقة على ما يأتي:

1- إستغلال جزء من محرم الطريق العام لإقامة المنشآت السياحية أو خدمات الطريق أو للأغراض الزراعية الموسمية أو الزراعة التي من شانها حماية الطريق وتحسين البيئة أو مد خطوط القابلوات أو أعمدة الكهرباء أو مشاريع الماء أو المشاريع الحكومية الأخرى شريطة أن لا تتعارض مع المتطلبات الفنية للطريق أو سلامة المرور فيه.

2- إبقاء البساتين الموجودة ضمن محرم الطريق إذا كان بقاءها لا يؤثر على النواحي الفنية وسلامة المرور بالطريق على أن يتم تسييجها بشكل نظامي على نفقة أصحابها.

3- الإبقاء على المحدثات والأبنية الواقعة ضمن محرم الطريق بالنسبة للطرق المنفذة قبل نفاذ هذا القانون بشرط عدم تعارض بقائها مع المستلزمات الفنية للطريق والسلامة المرورية وكما يأتي:

أ- أجزاء الأبنية التي لا تتجاوز (10) عشرة امتار عمقا إذا كان في إزالتها ضرر على عموم البناية.

ب- أعمدة الكهرباء والهاتف والقابلوات المحورية وخطوط سكك الحديد والقنوات والمنشآت الكائنة خلفها.

ج- الأبنية والمنشآت العائدة لدوائر الدولة ودور العبادة والمقابر.

ثامناً: تستثنى من أحكام البند سادساً من هذه المادة المنشآت والمشاريع الإنتاجية بصرف النظر عن عائديتها وتبقى لحين إنقضاء عمرها الإنتاجي بشرط عدم إضافة خطوط إنتاجية جديدة لها ويتم رفعها بعد إنقضاء عمرها الإنتاجي على نفقة الجهة التي تعود إليها المحدث بدون أي تعويضات.

تاسعاً: تحدث الأبنية والمنشآت والمرافق الأخرى اللازمة لخدمات الطرق العامة بإجازة من الوزارة بالتنسيق مع المحافظة المعنية، وبموجب التصاميم التي تعدها أو تصممها وبالكيفية التي تقدرها في الموقع التي تعينها داخل أو خارج محرمات تلك الطرق وعلى الوزارة إصدار التعليمات الخاصة بذلك.

عاشراً: لا يجوز إقامة أية أبنية أو منشأت أو محدثات ينجم عن إستعمالها خطر أو إزعاج أو تأثير على بيئة الطريق ومستخدميه بسبب ما ينبعث منها من أدخنة أو أبخرة أو غازات أو أتربة أو روائح مضرة أو ما يماثل

ذلك إلا في المواقع التي تبعد ما لايقل عن (500) خمسمائة متر عن محرم حدود طرق المرور السريع والطرق الرئيسة ويسمح ببناء دار سكن لأصحاب القطع الزراعية وفق القانون على أن يبعد السياج الخارجي للدار بما لايقل عن (25) خمسة وعشرين متراً عن حدود محرم الطريق وأن لا يتم الربط إلى الطريق مباشرة وإنما إلى طرق الخدمة الموازية للطريق المحلية السريع أو إلى الطرق المحلية الموجودة في المنطقة.

حادي عشر: تستثنى الطرق الريفية والزراعية من أحكام البند عاشراً من هذه المادة عدا المشاريع الزراعية وحقول الدواجن والمفاقس أو ما يماثلها فلا يسمح بإقامتها إلا في المواقع التي تبعد بمسافة لا تقل عن (500) خمسمائة متر عن حدود محرم الطريق.

**بەڕێز خليل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (8):**

**یەکەم: ناشێ لە چوارچێوەی سنووری قەدەغە کراوەکاندا لە هیچ لایەکیاندا بینا دروست بکرێت، یان بچێندرێت، یان زەرعەتی لێ بکرێت، یان رووباری تێدا لێ بدرێت، یان جۆگەی تێدا رابکێشرێت، یان خۆێدەڵینی تێدا هەڵکەندرێت، یان وێستگەی سووتەمەنی تێدا دابمەزرێت، یان تەلی لێ رایەڵ بکرێت، یان ئامرازی پرۆپاگەندەو راگەیاندنی لێ بچەسپێت، یان هەر کارێکی تر لەو چوارچێوەیەدا ئەنجام بدرێت، مەگەر وەزارەت بە نووسین رەزامەندیی لەسەر دابێت.**

**دووەم: ناشێ ئەم دیوو ئەو دیوی رێگە دەرەکیە سەرەکیەکان لەچوارچێوەی ئەو رووبەرەدا هەڵبکەندرێن، کە دەکەونە نێوان دوو هێڵی هاوتەریب بە هێڵی ناوەڕاست لە مەودای (75) حەفتاو پێنج مەتری راست و چەپی رێگای یەك سایدەوە دوور نەبێت و (100) مەتریش لە رێگای دوو سایدەوە دوور نەبێت، مەگەر لەسەر رەزامەندی وەزارەت و بەپێی مەرج و بەندو بەستێك کە وەزارەت خۆی دایدەنێت.**

**سێیەم: هیچ لایەنێك ناشێ پردێك، یان ئاوبارەیەك، یان مەعبەرێك، یان هەر دامەزراوەیەکی دی لە چوارچێوەی (رێگا گشتیەکان)دا دروست بکات، بە موافەقەتی وەزارەت نەبێت و بەپێی ئەو ڕشتەیە نەبێت کە وەزارەتەکە بڕیاری لەسەر دەدات، بەو مەرجەش کە رێگەیەکی رەفتەنی گونجاو لەماوەی ئیشەکەدا بۆ هاتوچۆ دابین بکات، هەموو نیشانەکانی سەلامەتی هاتوچۆی تێدا فەراهەم بێت.**

**چوارەم: پێش بەکارخستنی ئەم یاسایە، ئەو تازە دامەزراوانەی کە سەر بە دایەرە فەرمیەکانی دەوڵەتن بەبێ بەرامبەر لە جێگا قەدەغە کراوەکانی رێگا گشتیەکان لادەبرێن، ئەگەر لە رێگەی هونەریەوە کاریگەریەکی خراپ بکەنە سەر رێگا گشتیەکان، یان کاریگەری خراپیان بۆ سەلامەتی هاتوچۆ هەبێت، ئەو لابردنەش لە کیسەی لایەنە پەیوەندیدارەکە و بە هاودەنگی لەگەڵ وەزارەتەکەدا ئەنجام دەدرێت.**

**پێنجەم: ئەو تازە دامەزراوانەی کە سەر بە غەیری ئەو لایەنانەن کە لە دەقی بەندی چوارەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە و بە ئیجازەی ئوسولی دامەزراون، یان بە رەزامەندی لایەنێکی فەرمی دامەزراون، ئەوانە لادەبرێن، ئەگەر بەر لە جێ بەجێ کردنی رێگاکە دامەزرابن، یان دیاری کردنی قەدەغە کراوەکانی دوای**

قەرەبووەکەی، ئەگەر کاریگەری خراپی لە رووی هونەریەوە کردبێتە سەر رێگایەکە و سەر سەلامەتی هاتوچۆ، لە قەرەبوو کردنەوەکەشدا ئەمانەی خوارەوە رەچاو دەکرێن:

1- تەنیا قەرەبووی تازە دامەزراوەکان دەکرێت.

2- قەرەبووەکە لە بەرواری پێدانی ئیجازەکەوە، یان لە بەرواری دەرچوونی رەزامەندیەکەوە، یان لە بەرواری پێدانی ئیزنی دامەزراندنی دامەزراوەکانەوە، یان لە بەرواری لادانی دامەزراوەکانەوە، کامیان بۆ هاوولاتیەکە باشتر بوو، لەو بەروارەوە دەخەملێنرێت، دەنا لەکاتی پشکنین و خەملاندنەکەوە کرێی هاوشێوە چەند بووبێت وەکو خۆی دیار دەکرێت، مەگەر رێککەوتنێکی پێچەوانەی ئەوە هەبوو بێت.

3- بڕی قەرەبووەکە لەلایەن لیژنەیەکەوە بە سەرۆکایەتی سەرۆکی یەکەی ئیداری و ئەندامێتی نوێنەری هەریەك لە وەزارەت و وەزارەتی دارایی و دایەرەی تۆماری عەقاری یەکە ئیداریەکە و یەك لە خاوەن ئەزموونەکانی عەقاراتی دەوڵەتەوە دەخەملێنرێت.

4- چ وەزارەتەکە و چ پەیوەندیدارەکە بۆیان هەیە نارەزایی لە بڕی قەرەبووەکە لەبەردەم دادگای سەرەتایی تایبەت بە جێگای دامەزراوەکە لە ماوەی (30) رۆژدا لە بەرواری دەرچوونی بڕیاری قەرەبووەکەوە دەربڕن، بڕیاری دادگاییش بە سیفەتی پێداچوونەوە دەکەوێتە ژێر رکێفی تانە لێدانەوە لەبەردەمی دادگای تێهەڵچوونەوەدا.

5- قەرەبووەکە و خەرج و مەسرەف و کرێکانی لە رێی ئەو دادگایەوە دەدرێت کە تایبەتە بە جێگەی پرۆژەکە، لەو پارەیەش دەدرێت کە وەزارەتەکە بۆ ئەو مەبەستە دایناوە، پارەکەش بەپێی یاسا بە خاوەن مافەکان دەدرێت.

شەشەم: ئەو تازە دامەزراوانەی کە بە پێ درێژی دامەزراون، دوای جێ بەجێ کردنی رێگایەکە، یان دوای دیار کردنی قەدەغە کراوەکانی، بەپێی یاسا لا دەبرێن، لابردنەکەش لەلایەن ئەو یەکە ئیدارەیەوە دەکرێت کە تازە دامەزراوەکە دەکەوێتە ناو پارچە جوگرافیاییەکەی و لەسەر حیسابی پێ درێژ کارەکەش دەکرێت، ئەویش لە ماوەی (90) نەوەد رۆژدا لە بەرواری پێ راگەیاندنی بە پێ درێژییەکەی.

حەوتەم: وەزارەتەکە بۆی هەیە رەزامەندی لەسەر ئەمانەی خوارەوە بدات:

1- بەکارهێنانی بەشێك لە قەدەغە کراوەکانی رێگا گشتیەکە بۆ دامەزراندنی دامەزراو گەلی گەشتوگوزار، یان خزمەتگوزاری رێگایەکە، یان بۆ چاندن یان بۆ زەراعەتی وەرزی، یان بۆ زەراعەتی ئەو شتانەی کە رێگایەکە بپارێزن و ژینگەکەش چاکتر بکەن، یان بۆ راکێشانی قابلۆ، یان بۆ دانانی کۆڵەگەی کارەبا، یان بۆ پرۆژەگەلی ئاو، یان بۆ پرۆژەگەلی دیکەی حکومەت، بەمەرجێك لەگەڵ پێداویستە هونەریەکانی رێگەکەدا هاو دژ نەبێت و زیان بە سەلامەتی هاتوچۆ نەگەیەنێت.

2- هێشتنەوەی ئەو باخانەی دەکەونە سەر قەدەغە کراوەکانی رێگاکە، ئەگەر مانەوەیان کار نەکاتە سەر لایەنی هونەری و سەلامەتی هاتوچۆی سەر رێگاکە، بە مەرجێك پەرژین بکرێت بەشێوەیەکی رێك وپێك لەسەر حیسابی خاوەنەکانیان.

3- هێشتنەوەی تازە دامەزراوەکان لە چوارچێوەی قەدەغەکراوەکانی ڕێگاکەدا، لەو ڕێگایانەدا کە بەر لە بەکارخستنی ئەم یاسایە جێ بەجێ کراون بە مەرجێك مانەوەیان هاودژ نەبێت لەگەڵ پێداویستە هونەریەکانی ڕێگاکە و سەلامەتی هاتوچۆی سەر ڕێگاکە، بەم جۆرەی خوارەوە:

أ- هێشتنەوەی پارچەکانی ئەو بینایەی کە لە (10) دە مەتر قووڵتر نین و ئەگەر لابردنیشیان زیان بە هەموو بینایەکە بگەیەنێت.

ب- کۆڵەکەکانی کارەبا و تەلەفۆن و قابلۆکانی میحوەری هێڵی شەمەندەفەر و کەناڵەکان و دامەزراوەکانی پشتەوەی.

ج- بینا و دامەزراوەکانی دایەرەکانی دەوڵەت و خانەکانی پەرستن و گۆڕستانەکان.

هەشتەم: دامەزرا و و پرۆژەگەلی ڕەنوهێن واتا (الإنتاجیة) موڵکی هەر کەسێك و لایەنێك بن لە حوکمەکانی بەندی شەشەمی ئەم ماددەیە دەبووردرێن و دەمێننەوە تا تەمەنی ڕەنوهێنانیان بەسەر دەچێ، بە مەرجێك هێڵی ڕەنوهێنانی تازەیان بۆ زیاد نەکرێت، ئەوانە دوای بەسەرچوونی تەمەنی وەبەرهێنانیان لا دەبرێن، لەسەر حسابی ئەو لایەنەی کە خاوەنەکانیانە و هیچ قەرەبوویەکیشیان ناکەوێت.

نۆیەم: بینایە و دامەزراوە و خزمەتگوزاری دیکەی پێویست بۆ خزمەتکردنی ڕێگا گشتیەکان بە ئیجازەی وەزارەت و بە هاودەنگی پارێزگای پەیوەندیدار دادەمەزرێن بەپێی ئەو ڕشتەیەی کە پارێزگاکە دایدەنێ و بەو چۆنیەتیەی کە خۆی دەیەوێت، لەو جێگایانەدا کە خۆی لە چوارچێوەی دەرەوە، یان ناوەوەی قەدەغە کراوەکاندا دیاری دەکات، پێویستیشە لەسەر وەزارەتەکە کە ڕێنمایی تایبەتی بۆ دەربچوێنێت.

دەیەم: ناشێ هیچ بینایە، یان دامەزراو، یان هیچ تازە دامەزراوێك دابمەزرێت کە بەکارهێنانیان مەترسی، یان بێزار کردن، یان کاریگەری خراپی بۆ سەر ژینگەی ڕێگاکە، یان بۆ سەر بەکارهێنەرەکانی بەهۆی دووکەڵ، یان هەڵم، یان غاز، یان تۆز، یان بۆنی زیانبەخش، یان شتی لەو جۆرە بابەتانەیان لێ بکەوێتەوە، تەنیا لەو جێگایانەدا نەبێت کە لە کەمی (500) پێنج سەد مەتر دوور بن لە قەدەغە کراوی سنووری ڕێگای هاتوچۆی خێراو ڕێگا سەرەکیەکان، ڕێگاش دەدرێت بە خاوەنی پارچە زەوی یە کشتوکاڵیەکان کە خانوویەکی نیشتەجێ بوون بۆ خۆیان دروست بکەن بەپێی یاسا، بە مەرجێك پەرژینی دەرەوەی خانووەکە لە کەمی (25) بیست و پێنج مەتر دوور بێت لە سنووری حەرام کراوی ڕێگاکە و یەکسەر بە ڕێگە گشتیەکەوە نەبەسترێت، بەڵکو بە ڕێگەکانی خزمەتگوزاریەوە ببەسترێت، کە لەگەڵ ڕێگا خێراکەدا هاوتەریبین، یان بەو ڕێگایانەوە ببەسترێت کە لە ناوچەکەدا هەن.

یازدەهەم: ڕێگای گوندەکان و ڕێگا کشتوکاڵیەکان لە حوکمەکانی بەندی دەیەمی ئەم یاسایە دەبووردرێن، پرۆژەی زەراعی و کێڵگەکانی پەلەوەر و تروکانی هێلکە و هاوشێوەکانیان نەبێت کە ڕێگە بە دامەزراندیان نادرێت، ئەگەر لەو جێگایانەدا نەبێت کە ماوەی کەمتر نەبێت لە (500) پێنج سەد مەتر دوور بن لە سنووری قەدەغە کراوەکانی ڕێگاکەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ كۆی ماددەكەداین، تەنیا مولاحەزەیەكی موشتەرەكمان هەیە، ئەویش ئەوەیە كە لە بڕگەی حەوتی ئەم ماددەی هەشتە یەك لەسەر یەك چەند فەقەرەیەك هاتووە، ئێمە پێمان باشە زنجیرەیەكی تری بۆ زیاد بكرێت، بە واتا بڕگەی حەوتی لە باتی یەك زنجیرە بێت بكرێتە دوو زنجیرە، ئەوەی خوارەوەی بۆ ئیزافە بكرێت (إبرام العقود مع الشركات المختصة لوضع و نصب وسائل الدعاية و الإعلان ضمن محرمات الطرق العامة وفق الضوابط و الشروط الخاصة بالوزارة)، بەم شێوەیە زنجیرەكەی دەبێ بە چوار زنجیرە و ئەوە مولاحەزەی ئێمەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە: كاك فازل، ڕازاو خان، كاك صباح، مامۆستا عمر، كاك شوان، كاك نەژاد، كاك سەرهەنگ، مامۆستا فەرمان ، ئاهەنگ خان، فەرموو كاك فازل.

**بەڕێز فاضل بەشارەتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی هەشت من سێ مولاحەزەم هەیە، یەكێكیان/ باسی ئەو شرووتانە دەكات كە زیان بە لەسەر ڕێگا گشتیەكان هاتوچۆی هاوولاتیان دەگەیەنێ، ئەگەرێكی تیایە بە بڕوای من ئەگەر ئەو ئەگەرەش نەبێ دەڵێ ( ئەگەر وەزارەتی پەیوەندار ڕەزامەندی لەسەر دەربڕی كە لەوێدا ئەو مەشروعەی هەبێ باشترە) لە خاڵی 5 ی باسی ئەو دامەزراوانە دەكات كە دەكەونە سەر نزیكی ڕێگا گشتیەكان دەڵێ تەنها ئەو دامەزراوە تازانە قەرەبوو دەكرێنەوە كە تازە دامەزرابێت بە بڕوای من بەهۆی ئەوفراوان بوونەی كە ئەمڕۆ لە كوردستان هەیە زۆر جێگا ئەمڕۆ كەوتووەتە بەر مەشروع و جادە و كۆمەڵێك مەشروعاتی حكومی، لەوانەیە لە فكری حكومەتیش دانەبووبێ كە ئەوە مەشروع بیگرێتەوە، بۆیە من پێم باشە دامەزراوە قەدیمەكانیش بگرێتەوە، مەبەستم لە تەعویزە، لە خاڵی دەیەمیش ئیشارەت بەو شوێنانە دەدات كە بە پێی ئەم شروتانەی كە هاتووە یەعنی خاوەن موڵكەكە نابێ هیچ دامەزراوەیەك لەو شوێنانە بكات كەوا زیان بەڕێگا گشتیەكە دەگەیەنێ، بە بڕوای من ئەمە دەبێ خاڵێكی بۆ ئیزافە بكرێت، ئەو شوێنەی كە موڵكی خەڵكە و نابێ هیچیشی تیا بێت، بەڕاستی دەبێ قەرەبوو دابندرێت بۆ ئەو خاوەن موڵكە، چونكە هەندێك بە تایبەتی ئەو جادانەی كە ئەمڕۆ لە كوردستان لێ دەدرێت زۆری مەسایفی تێدا دروست دەبێ خاوەنەكەی زۆری لە ئەرزەكەی دەكەوێتە، یەعنی جوتیارەكە لە موڵكەكەی دەكەوێتە بەر جادەكە ئەوەشی دەمێنێتەوە نابێ هیچی تیا بكات، بە بڕوای من دەبێ حسابی وەكو بڵێی تەعویز بە ئەوەشی بدرێت كە بۆ خۆی

قەدەغەیە و نابێ هیچی تیا بکات، لەبەرئەوەی زیان بە هاتوچۆ و خەڵك دەگەیەنێ لەسەر شوێنە گشتیەکان و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕازاو خان فەرمووو.

**بەڕێز ڕازاو محمود فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی هەشتەم تێبینیم لەسەر بڕگەی یەکەم هەیە کە خۆی بە هەموو شێوەیەك ڕێگە نادات واتە دیاری کردووە کە ئەو خاڵانە چین ڕێگە نادات دروست بکرێت و جۆرە دڵنیایەك ئەداتە پرۆژەکان، بەڵام کە لە کۆتایی خاڵەکە دەڵێ مەگەر وەزارەت بە نووسین ڕەزامەندی لەسەر دابێت، بەڕاستی ئەمە دەرگا دەکاتەوە، دەتوانم بڵێم مەترسیەکیش دەخاتە ئەوەوە کە وەزارەت بە چ شێوازێك ئەم سەلاحیەتە بەکاردەهێنێ، تێبینم لەسەر بڕگەی یەکەم ئەوەیە لە بڕگەی 7 هاتووە و باسی ئەوەی کردووە خاڵی یەکەمی باسی کردووە کە بەشێك لە قەدەغە کراوەکانی ڕێگا گشتیەکە بۆچی جارێکی تر بەکاردەهێندرێ هەمان مولاحەزەم هەبوو، بەڵام لیژنەی هاوبەش پێشنیاری ئەوەیان کرد کە زیاد بکرێت، ئەو کاتە وەزارەت دەتوانێ لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان دا عەقد بکات و ئەو عەقدە بەڕاستی دەبێ بە شێوازێك بێت کە دڵنیایی هەبێت و جارێکی تر ئیستغلال نەکرێتەوە، ئێمە دەزانین کە لە هەرێمی کوردستان دا لە ئەنجامی ئەو شتانەی کە دووبارە بۆتەوە هەندێ ناوچە لەگەڵ ناوچەیەکی تر دا ڕێنماییەکان جیاوازن، بۆ ئەوەی ئێمە جارێکی تر نەکەوینەوە بەردەم ئەو حاڵەتە وەزارەت بەو شێوە فراوانە سەلاحیەتی خۆی بەکارنەهێنێ و سیستمێکی وا یان ڕێنماییەکی وا هەبێت لە هەموو لایەکەوە بە یەك شێواز کاری لەسەر بکرێت، تێبینیم لەسەر ماددەی 8 و بڕگەی 2 جارێکی تر ئەوەیە کە ئێمە باس لە مەودای 75 مەتری ڕاست و هەروەها ئەمە بە نیسبەت یەك سایدەوە، دوو سایدیش باس لە سەد مەتر دەکات، ئەمە دەزانین ستانداردێکی هەندەسیە و بۆ ڕێگای گشتی لەڕووی زانستی ئەندازیاریەوە بەکاردەهێندرێت، جارێکی تر کە دەڵێ ئەگەر لەسەر ڕەزامەندی وەزارەت و بە پێی مەرج و بەند و بەستێك کە وەزارەت خۆی دایدەنێت ئەمەش سەلاحیەتێکی ترە، لەوانەیە مەترسی بخاتە بەردەم ئەوەی کە تۆ ئەمە ستانداریکە و دانراوە، ئەگەر بەو شێوازە نەبێ ئەو کاتە تەسك کردنەوەی ڕێگا گشتیەکان دێتە بەردەمت یاخود هەر مەترسیەکی تر، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەم ڕەزامەندی وەزارەتە لابرێ لەو فەقەرەیە ئەگەر بکرێت دواتر ڕێنمایی پێویستی بۆ دەربکرێت و هەمووی لە ڕووی زانستیەوە لەو مەودایە کەمتر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صباح فەرمووو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 8 بڕگەی 8 بە ڕەئی من دەبێ یاسای وەبەرهێنان لەبەرچاو بگیردرێ و لە ئەخیری فەقەرەکە ئەمەی بۆ ئیزافە بکرێت و (وبالتنسیق مع هیئة الاستثمار فی الاقلیم).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینم لەسەر تەرجەمەکەیە بەڕاستی پرسیار ئاڕاستەی جەنابتان دەکەم، چونکە ئەگەر لێرە ئێمە دەق نەدەینە بەڕێزان لە لیژنە، پرسیارەکەم ئەوەیە، چونکە لە هەموو بەند و ماددەکان دا ئەزانم قسەی دڵی پەرلەمانتارانیشە، بۆیە من عەرزی دەکەم، ئایا هەر بەم سیاغە دێتەوە، ئەگەر قەرار بێ بەم سیاغە بێتەوە ئێمە لەسەر بەند بە بەند لە تەرجەمەکان دا مولاحەزەمان هەیە، خۆتان ئەم ماددەیەتان ملاحەزە کردو جەنابیشت ئیشارەتت پێی کرد، پرسیارەکەی من ئەوەیە ئایا هەر ئەم سیاغەیە دێتەوە بە هەندێ تەعدیلاتەوە کە لە عەرەبیەکەی دەکەین، یان دائەڕێژرێتەوە؟ ئەگەر قەرار بێ دابڕێژرێتەوە من قسەم نیە، ئەگەر قەرارە هەر ئەمە بێتەوە و بخرێتە دەنگدان بەڕاستی لەسەر وەرگێڕانەکەی مولاحەزەمان هەیە و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیعتماد دەکەینە سەر عەرەبیەکە و عەرەبیەکە دەکەینە ئەساس، کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ماددەی 8 خاڵی پێنجەم لە یەکەم، کە دەڵێ تەنها قەرەبووی تازە دامەزراوەکان دەکرێت، یەك پرسیارم لە بەڕێز لیژنەی یاسایی و بەڕێز وەزیریش هەیە لەو بارەیەوە، زۆر جار دەکرێت ئەو تازە دامەزراوانە یان ئەو دامەزراوانە هەر چیەك بن لەسەر زەویەك کراوە کە تاپۆی هەیە، جا جگە لەوە و بەدەر لە جۆری زەویەکە زراعیە یان نا، ئەو زەویە یان ئەو کەسەی کە خاوەنی زەویەکەیە و ئەودامەزراوەی لەسەر کردووە تەعویزی بەس دامەزراوەکە دەکرێت ئەی تەعوزیی زەویەکەی چی بەسەر دێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە ئەو قسەیە کاك فاضلیش کردی بەڵام لێرە لە ماددەی 8 یەکەم (من ای جهة کانت الا بموافقة تحریریة من الوزارة) یەعنی ئەوە عیبارەتێکی مەتاتیە و بە حەقیقەت ڕەنگە موافەقەی تەحریری بەهەر

وەزعێك بێت خەڵكانێك بە دەستیان بكەوێ و هەیە بە دەستی نەكەوێ ئەو موافەقەتی تەحریریە، یەعنی ئیجتهاداتی تێدا دەبێت، ئەوە لە بەندی دووەم هاتووە باشترە بە ڕەئی من (الا بموافقة الوزارة وفق شروط وضوابط یتم وضعها من قبلها) یەعنی زەوابت و شروتی تێدا بێ ئەوە، بە نیسبەتی كوردیەكەش بە حەقیقەت منیش لەگەڵ ڕەئی ئەو مامۆستایەی دامە، بەڵام وشەیەك هەبوو قەنتەرە لێرە ئاوباریان بۆ بەكارهێنایە ئاوبار خەزانە، قەنتەرە نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر ئەم ماددەیە لە ئیستسنائاتەكان لە بەشی حەوتەم لە یەكەم هاتووە و دەڵێ بەكارهێنانی بەشێك لە قەدەغە كراوەكانی ڕێگا گشتیەكان بۆ دامەزراندنی دامەزراوەی گەشتوگوزار یان خزمەتگوزاری ڕێگاكە، من دەپرسم بەڕاستی مەبەست لە خزمەتگوزاری ڕێگاكە چیە؟ خزمەتگوزاری ڕێگاكە مەبەست لە چیە؟، ئەگەر خزمەتگوزاری ڕێگاكە مەبەست لەوە بێ كە لەسەر ڕێگەی گشتی یان لەسەر ئوتوبانە هەی وەی لە هەر دە پانزە كیلۆمەتر وەك ئەوەی لە شوێنەكانی تر دەیبینین، جێگەیەك بكرێتەوە بۆ لادانی ئۆتۆمبیل و بۆ ئیسراحەتی خەڵكی مەناتقی سحی تیا بێت، ئەگەر بۆ ئەوە بێت، ئەوە نابێ بە ئیستسنا بێت دەبێت لە ئەسڵدا هەبێ، بە مانایەكی تر قسەكەم بكەم ئێمە چۆن بتوانین لەم یاسایە و لە كوێی ئەم یاسایە تەسبیت بكەین كەلە كاتی دروست كردنی ڕێگەی گشتی یان لە كاتی دروست كردنی ڕێگەی خێرا های وەی، ئێمە ئەوە تەسبیت بكرێت كە لە پانزە كیلۆمەتر بە پێی ستاندارد لە بیست كیلۆمەتر شوێنێك هەبێ بۆ حەوانەوەی خەڵكی كە هەموو ئەو پێداویستیانە تیا بێ و سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا فەرمان فەرموو.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا تەئیدی كاك د.عمر دەكەم بەڕاستی لەڕووی داڕشتنەوە بەڕاستی بە تایبەتی لە زمانی كوردی زۆر زۆر ڕەكیكە و نازانم چۆن تەرجومە كراوە، بەڕاستی وەكو جەنابیشت فەرمووی كە ئێمە عەرەبیەكە دەكەینە سەرچاوە بۆ دەنگدان و بۆ بەدواداچوون و دووبارە دابڕێژرێتەوە لەڕووی سیاغەی لەبەرئەوەی بەڕاستی بە زمانی كوردی ئێمە دەنگی لەسەر بدەین نەك لەسەر بنەڕەتی هاتنی پرۆژە یاسایەكە بە عەرەبی من لە خاڵی هەشتەم و لە دێی دووەم، شەشەم ئەم ماددەیە دەمێنێتەوە تا تەمەنی ڕەنیو هێنانیان بەسەر دەچێت، بەڕاستی تەمەنی ڕنێوهێنان بەسەر دەچێت، بەسەرچوو ئێمە دەزانین مانای

چیە بەس ئەگەر تەرجومەی عەرەبی بکەین، بەڵام تەمەنی وەرزی بەرهەمهێنانیان بەسەر دەچێت،یەعنی وەرزی وەبەرهەمهێنانی گەنمە ئێستا تاوەکو گەنمەکە دەدووروێتەوە و پاشان ڕێگایەکە هەڵدەگردرێ، ئەوە خاڵی یەکەم، پاشان بەمەرجێ ڕەنیو هێنانی تازەیان بۆ زیاد نەکرێت، ئەوە زەویە، زەوی دەبێ بە بەیار بمێنێتەوە، نەك یەك کۆمەڵ دەستەواژەی تێکەڵ و پێکەڵیان کردووە بەڕاستی سەر لەوە دەشێوێنێ کە بەڕاستی دەیخیننەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر فەقەرەی 5 هەیە، (يصرف التعويض مع ما يلحق به من مصاريف واجور .... من التخصيصات الوزارة) من پێم باشە ببێتە (التخصيصات المشروع)، چونكە تەخسیساتی وزارە ئەگەر موعتەمد بێت لەسەر بودجە، ئەو بودجەیە دێ و نایە و ئەوەتا وەزعی بودجەی بە خۆمان دەزانین کە کەنگی تەسدیق دەکرێ و ناکرێ، تەخسیساتی مەشروع ئەگەر لەسەر تەخسیساتی مەشروع بێت مەشاریعی ستراتیجی مەفروزە بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە پێنج ساڵ پێشتر تەخسیسەکە هەمووی دابندرێت، بۆ ئەوەی دەستبەر نەبێ دەستی وەزیری ئاوەدانکردنەوە و ستافەکە کراوە بێ لەوەی کە ئەو مەشروعەی تەنفیز بکەن، بگرە نا بەس ئەوە هەتا موخەسەساتی موهەندس و هەندەك شتیش، ئێمە شتێکمان تێبینی دەکرد لە مقاولات تەمویل هەیە و تەمویل نیە، ئەوانە هەموو ڕێگرن لەبەردەم ئاوەدانکردنەوە، بۆیە پێم باشە تەخسیساتی مەشروع، نا تەخسیسی وەزارەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی 8 چەند تێبینیەکم هەیە، سەبارەت بە بڕگەی یەکەم باسی وێستگەی سووتەمەنی هاتووە، واتە بەنزیخانە، من پرسیارەکم لە جەنابی وەزیر هەیە کە ئایا ئەو حدودە چەند دەکات لە نێوانی ڕێگای گشتی و لە نێوان بەنزیخانە و یان وێستگەی سووتەمەنی دەبێ هەبێ؟ چونکە هەندێ وێستگەی سووتەمەنی هەیە بەنزیخانە هەیە کە زۆر نزیکە لە ڕێگای گشتیەوە، لێرە وابزانم وەکو پێویست چارەسەر نەکراوە بەڕاستی، ئەم سنوورە دیاری نەکراوە دەبێ چەند بێت لە زۆر شوێن بەنزینخانە زۆر نزیك لە جادە دروست کراوە، وابزانم ستانداردێك هەیە کە بە پێی ئەو ستاندارە حەز دەکەم وەڵامەکەی وەرگرمەوە، لە بڕگەی 3 دا باس لەوە دەکات هیچ لایەنێك ناشێ پردێك یان ئاوبارەیەك یان مەعبەرێك یان هەر دامەزراوەیەکی دی لە چوارچێوەی (ڕێگا گشتیەکان) ئەمە لە عەرەبیەکە دا دەڵێ (ضمن محرمات

الطرق العامة) یەعنی لێرە لە کوردیەکە دا دەبێ لە چوارچێوەی قەدەغە کراوەکانی ڕێگا گشتیەکان بێ کە ئەوە تێدا نەهاتووە و حەزف کراوە، هەروەها لە بڕگەی 4 دا کە باس لەوە دەکات پێش بەکارخستنی ئەم یاسایە، ئەو تازە دامەزراوانەی کەسەر بە دایەرە فەرمیەکانی دەوڵەتن بە بێ بەرامبەر لە جێگا قەدەغە کراوەکانی ڕێگا گشتیەکان لادەبرێن دیسان پرسیام لێرەدا ئەوەیە کە ئەگەر بەنزینخانەیەك لەو شوێنانە دا دروست کرابێ کە ئەوەش دەگرێتەوە، چونکە باس لەوە دەکات کە کاریگەری خراپیان بۆ سەلامەتی هاتوچۆ هەبێت، ئەی بۆ سەلامەتی هاووڵاتیان، تەنها سەلامەتی هاتوچۆ یان سەلامەتی هاووڵاتیانیش پێویستە لێرەدا زیاد بکرێت، سەبارەت بە بڕگەی دەیەم دەڵێ ناشێ هیچ بینایەك یان دامەزراوە یان هیچ تازە دامەزراوێك دابمەزرێ کە بەکارهێنانیان مەترسی یان بێزار کردن یان کاریگەریەکی خراپی بۆ سەر ژینگەی ڕێگاکە یان بۆ سەر بەکارهێنەرەکانی بەهۆی دوکەڵ یان هەڵم یان غاز یان تۆز یان بۆنی زیان بەخش یان شتی لەو جۆرە بابەتانەیان لێ بکەوێتەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە زۆر لە ڕێگاکان لە نزیك ڕێگاکان زبڵ و خاشاك دەدرێت یان ئاگری تێ بەردەدرێت کە کاریگەریەکی زۆر خراپی هەم بۆ سەر ژینگە و بۆ سەر سەلامەتی هاووڵاتیان هەیە، لێرەدا پێویستە چارەسەر بکرێت بەڕاستی ئەوەشی بۆ زیاد بکرێت یان هەر شتێك کە فڕێ بدرێت وەکو زبڵ و خاشاك کە لە نزیکی ڕێگا گشتیەکان دا فڕێ دەدرێت یان ئاگری تێ بەردەدرێت، چونکە باس لەوە دەکات کە تۆز یان بۆنی زیانبەخش کە زیانی بۆ هاووڵاتیان لێ بکەوێتەوە، ئەمە بەڕاستی لەزۆر شوێن دا هاووڵاتیان سکاڵایان هەیە سەبارەت بە سووتاندنی زبڵ و خاشاك لە نزیك ڕێگاکان کە بۆنێکی زۆر زۆر ناخۆشی لێ دەکەوێتەوە، ئەمە پێویستە لێرە چارەسەر بکرێت بە وازحی، لە بڕگەی 11 هەمیش باس لەوە دەکات کە ڕێگای گوندەکان و ڕێگا کشتوکاڵیەکان لە حوکمەکانی بەندی دەیەمی ئەم ماددەیە دەبووردرێن، پرۆژە زراعی و کێڵگەکانی پەلەوەر و تروکانی هێلکە و هاوشێوەکانیان کە مەبەستی دەواجنە لێرە، دوایی باس لەوە دەکات کە ماوەی کەمتر نەبێ لە پێنج سەد مەتر دوور بن لە سنووری قەدەغە کراوەکانی ڕێگاکە، پێموایە بۆ دەواجن پێنج سەد مەتر کەمە، چونکە لە هاوینان دا بۆنێکی زۆر ناخۆش لەو دەواجنانە کە لە حدودی پێنج سەد مەتریش و ڕەنگە زیاتریش بن، بەڵام بۆنەکە دێتە سەر جادەکان و هەندێکیان لە نزیکی دانشتوانی هەندێك لە کۆمەڵگاکان و دانیشتوانەکانن، بۆیە پێویستە ئەم ماوەیە زیاد بکرێت بۆ دەواجن و لەگەڵ ڕێزدا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد (وەزیری ئاوەدانکردنەوە) :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر جەنابت ڕێگەم پێ بدەی هەندێ ڕوونکردنەوە لەسەر جانبە فەنیەکان بدەم، کاتێ کە باس لە موحەرەماتی ڕێگا دەکرێت و ڕێگا و موحەرەماتەکەی بەڕاستی ئەوە ئەوەیە کە وەکو باسمان کرد لە سەنتەری جادەکەوە کە دیاری کراوە لە بڕگەکانی و ماددەکانی ئەم یاسایە دا، موحەرەماتی ڕێگا ئیتر دوای

ئەوە ئەگەر ئەنقاز بێت، ئەگەر بینا بێ ئەگەر هەرچی شتێك بێت ئەوە ئیعتبار دەكرێت بە ڕێگە پێ نەدراو، موحەرەماتی ڕێگا هیچ ئیشێكی تیا ناكرێت بوو بە موڵكی ئەو ڕێگایە، بۆیە هەموو ئەوانەی كە دەكەوێتە ئەو موحەرەمەوە ئیعتبار دەكرێت بەوەی كە پارێزراوە، سەبارەت بە تەعویزەكان، بێ گومان كاتێ كە باس لەوە دەكەین و دەڵێین ئەگەر بینایەك پێش ئەوە كرابوو موحەرەمەكە كە باس كراوە باس لە تەعویز كراوە لە شوێنێكی تردا وەكو ئەرز، بۆ ئەرزەكە، بەس كاتێك كە موشەیەدێكیش كەوتبێتە ئەوێوە، ئێستا ئەمەی كە باس لێرە دەكرێت باس لە تەعویزی موشەیەدەكەیە نەك بێین بە تەنها جیامان كردبێتەوە و هی ئەرزەكەی نەهێنێ، چونكە ئەوە لە هی موحەرەماتەكە دا هاتووە، سەبارەت بە بەكارهێنانی موحەرەمات، ئێمە لێرە ئەڵێین ئەمە موحەرەمی ڕێگایە، ئەی باشە ئەگەر لەم ڕێگایە دا كێبڵێك ڕاكێشرا، عەمودێك دانرا خۆ ناكرێ هەر بڵێین بچۆرە ئەو دیو حەفتاو پێنج مەترەكەوە، ئێمە كە دەڵێین ئێمە موافەقەتی ڕاكێشانی ئیجازەیەكی كێبڵ ڕاكێشان نادەین، یان ئیجازەی دروست كردنی بەنزینخانە نادەین، ئەوە وەزارەتی پەیوەنداری تر هەیە بیدات، یان هینی ئاو ئێمە شروتی بۆڕی ئاوەكە و ئەوانە دانانێین، بەڵام ئێمە تەنها لێرە دەڵێین (الموافقە) موافەقە بۆ بەكارهێنانی موحەرەمی ڕێگاكەیە، ئەگینا نەك موافەقە لەسەر تەفاسیلی بەنزینخانەكە یان لە تەفاسیلی پرۆژەكە، موافەقە لەسەر بەكارهێنانی موحەرەمی ڕێگاكەیە، دەشڵێین چیە، ئەی ئەو دەسەڵاتە دەسەڵاتێكی ڕەها نیە، دەڵێین بە مەرجێك مەرجدارە تەئسیری هەبێت بۆ سەر سەلامەتی ڕێگاكە و هینی هاتوچۆ، ئەوە دەڵێین ئەگەر تەئسیری هەبێ بۆ ئەوە، ئەوە دەڵێین ئێمە تەبعەن ڕێنماییمان هەیە، بۆ نموونە كە ئێستا كێبڵ ڕادەكێشرێت دەڵێین دەبێ لە دە مەتر بەولاوە بێ و قوڵیەكەی ئەوەندە بێ و ساقیەكان پڕنەكرێتەوە و ئەوەی كە پەیوەستە بە فەنیاتی ڕێگاكە و سەلامەتی مرورەوە، ئەوە ڕوونكردنەوەكانم بوو، سەبارەت بەوەی كە ئەو تەعویزە لەسەر پرۆژەكە بێ من دڵنیام ئەوە شتێكی زۆر باشە و بەس چیە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ كە دەڵێین من (تخصیصات الوزارة لهذا الغرض) ئەوە لەویانا دەچێتەوە سەر ئەوەی كە مەشروعەكە تەخسیسێكی بۆ كراوە لەپرۆژەی ساڵانەدا، سەبارەت بە تێبینیەكەی لیژنەی هاوبەش، من پشتگیری لەوە دەكەم كە ئەو زنجیرەیەی كە دوو لە ماددەكە لە بڕگەی 7 زیاد بكرێت شتێكی زۆر باشە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش تێبینیتان هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هەر ئەو تێبینیەمان هەبوو كە باسمان كرد جەنابی وەزیریش موافەقەی لەسەری كرد، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بۆ ماددەیەكی تر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الفصل الخامس**

**اوزان الاثقال المحورية للمركبات**

المادة (9):

تحدد الاثقال المحورية للمركبات التي تستخدم الطريق العام ببيان تصدره الوزارة وينشر في الجريدة الرسمية وللوزارة استثناء بعض المركبات الاختصاصية العائدة لدوائر الدولة وكذلك مركبات القوات المسلحة وقوى الاسايش الداخلي والمركبات المستخدمة في الحالات الخاصة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بە كوردیەكەی فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی پێنجەم**

**سەنگی قورساییە میحوەرەكانی ئۆتۆمبیلەكان**

ماددەی (9):

قورساییە میحوەریەكانی ئەو ئۆتۆمبیلانەی كە ڕێگا گشتیەكان بەكار دەهێنن بە بەیاننامەیەك دیار دەكرێن كە وەزارەتەكە دەری دەچوێنێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاو دەكرێتەوە، وەزارەتەكە بۆی هەیە هەندێ ئۆتۆمبیلی تایبەتی سەر بە دایەرەكانی دەوڵەت و ئۆتۆمبیلەكانی هێزی چەكدارو هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ و ئۆتۆمبیلەكانی بەكارهێنراو لە باری تایبەتدا، لەو كێشانە ببوورێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش؟ فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ڕای لیژنەی هاوبەش لە زنجیرەی شەشەمی ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەشدا تەنیا ئەو تێبینیە هەیە كە لە ماددەی 9 دا دەستەواژەی (الطرق العامە) بكرێتە بە ( الطرق العامة) و دەستەواژەی (قوی الاسایش) بكرێت بە (قوی الامن).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ كاك پێشەوا، كاك فاضل، كاك اسماعیل، هاوڕاز خان و بەیان خان، د.احمد، كاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی 9 هەروەکو لە ماددەکە دا هاتووە ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە ڕێگا گشتیەکان بەکاردەهێنن، بە بەیاننامەیەك لە وەزارەتەوە دەردەچوێنرێت قورسایی میحوەرەکانیان، هەندێك ئۆتۆمبیلی تایبەت کە ئیستسنا کراوە ئەوانەی کە کاری دەوڵەت و دائیرەکانی دەوڵەت دەکەن، من قسەم لەسەر ئیستسناکەی هەروەکو لە ماددەی 2 ی خاڵی 1 هاتووە ئامانج لەو یاسایە پاراستنی سەلامەتی ڕێگا گشتیەکانە، ئەوەی کە من مەبەستمە لێرە قسە لەسەر ئەو تەنکەرانەیە کە نەوت یاخود پێکهاتەکانی نەوت دەگوازنەوە، بە بۆچوونی من گرفتێکی سەرەکی بۆ ڕێگاکانی ئەگەر بە گشتیش نەبێ ڕێگاکان لە کوردستان، بەڵام بەشێکی زۆری ڕێگای قەزا و ناحیەکان یاخود ڕێگا گشتیەکان یان تووشی جۆرێك لە خراپی کردووە بەوەی هاتوچۆ و بارهەڵگرتنی ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە نەوت یاخود پاشماوەکانی نەوت دەگوازنەوە، من پێم باشە لەم ماددەیە دا ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەمانە ئیستسنا نەکرێن، بەناو ناویان بهێندرێت، چونکە ئەوەندەی من زانیاریم هەیە پێشتر ئەمانە یەعنی بە بێ ئەوەی کە قورسایی میحوەرەکانیان بپێورێت باریان گواستووەتەوە کە ئەمەش دەبێتە هۆی تێکچوونی ڕێگاکان بە تایبەتی ئەو ڕێگا گشتیانەی کە ئەمان هاتوچۆی پیادا دەکەن، بۆیە من پێم باشە لەناو ماددەکە ناوی ئەوانە بهێندرێ و بەدەر بن لە ئیستسنا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر هەمان تێبینی کاك پێشەوام هەیە بەڵام بەشێوەیەکی تر من دەری دەبڕم، لە هەندێ لە خاڵەکانی تریش باسی ئەو جیهازانە دەکات کە وەزنی سەیارەکان دەکێشن بۆ هاتوچۆ بۆ ئەوەی جادەکان تێك نەدرێت، بەڵام لێرە بەداوای لێ بوردنەوە دەڵێم ئەوەی کە من دەڵێم و تێبینی دەکەم خاترانە تیا نووسراوە، بۆ سەیارەی هێزی ناوخۆ و بۆ سەیارە نەقلیەکان، من دەڵێم لێرە دەبێ یەعنی مەفروزە بەڕاستی باسی لەڕووی هەندەسیەوە باسی بەهێز بوونی ئەو جادەیە بکرێت کە دروست دەکرێت، ئەگەر ئێمە بەیانی حاڵەتێکی سەربازیمان بۆ دروست بوو سەیارەی نەقلی هەیە و دەبابەش هەڵدەگرێ، لەوانەیە دوو مانگ و سێ مانگ و چل ڕۆژ بەیەك جادە هاتوچۆ بکەن و زیاتریش، ئایا ئەم جادەیە تەحەمولی ئەوە دەکات ئەو سەیارە نەقلیانە هاتوچۆی پیادا بکەن یان ئەم شێوە خاترانەیش چۆن لێرە تێدا جێ دەکرێتەوە، کێشەیەکی تری جادەکانی ئێمە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەوەیە کە هەموومان دەبینین بەڕاستی کە زۆر جاریش حادیسەی دروست کردووە، لەسەر ڕێگا گشتیەکان پەڕینەوە دروست نەکراوە، نە لەناو گوندەکان و نە لە شوێنە گشتیەکان، یەعنی کاتی وا هەیە لەلای گوندێك دا تەماشا دەکەی دوو سەد سەر مەڕ بەسەر جادە دەپەڕنەوە و سەیارەیش لە دواوە هەمووی کەڵەکەی کردووەتە سەر یەك و شوێنی

پەڕینەوە دروست نەکراوە، لەژێری ئەو جادە گشتیەوە بپەڕێتەوە یان بە جسری سەرەوەی جادەکە بۆ خەڵك و هاووڵاتیان کە پەڕینەوە دروست بکرێت لەو هەفتانەی پێشوو کە من بۆ دەوام دەهاتم بۆ هەولێر لەسەر ڕێگەی هەولێر ئەم جادەی بەینی کۆیە وکلکەسماق گوندێك هاتبوونە سەر جادەکە بە تایە سوتاندن و کەڵەکە بەرد لەسەر جادەکەیان دروست کردبوو، لەبەرئەوەی نە سەیارە موراعات خەڵك دەکات و نە شوێنی پەڕینەوەی خەڵك هەیە چەندین حادیسەی مرۆیی لەو گوندە دروست بوو، هیوادارم ئەم لایەنانە لەبەرچاو بگیردرێن لەو پرۆژانەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی 9 من تێبینیم لەسەر ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندارەکان هەیە بە تایبەتی لەسەر هێزەکانی ئاسایش لەبەرئەوەی ئێمە دەزگایەکمان هەیە لە کوردستان بەناوی دەزگای ئاسایشی کوردستان، ئەوان دەڵێن قوەی ئەمن، ئەمن نیە، ئەمن وشەیەك و دەستەواژەیەکی ناشیرینە کە بەکاردێت، بگۆڕدرێت بە قوەی ئەمن، بۆیە پێشنیار دەکەم بکرێتەوە ئاسایش، لەبەرئەوەی ئاسایشمان هەیە و بەناوی دەزگای ئاسایشی وکوردستان نەك قوەی ئەمن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

هاوڕاز خان فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا من قسەم لەوانەیە هەر هەمان ئەو قسانە بێت و یەك بۆچوونمان هەبێ، بەڵام کاتێ کە دەڵێین، وەزنی زیاد نایاساییە، دیارە هەر لەم پرۆژە یاسایە کۆمەڵێ سزا دانراوە بۆ وەزنی زیاد، هەر ئۆتۆمبێلێك وەزنی زیادی هەڵگرتبێ کۆمەڵێ سزا دەدرێت، ئێمە هاتووین لێرە دوو شتمان کردووە، بەڕاستی یەعنی هەم ئەو ئۆتۆمبیلانەی سەر بە دامودەزگاکانی حکومەتن و هێزە چەکدارەکان و ئەوانەمان جیا کردووەتەوە لە خەڵکی تەمیزێکمان کردووە لە بەینی خەڵکی ئاسایی و یەعنی فەرق و جیاوازیەك لەلایەکی دی هاتووین یەعنی ئەو وەزنە زیادەیەی کە نایاساییە و شتێکی نایاساییە دەیکەین بە شتێکی یاسایی، بەهۆی ئەوە هەر لێرە سزای بۆ دانراوە، بۆچی ئەم جیاوازی کردنە بۆ ئەو تایبەت کردنە، بۆ ئەو یاسا شکاندنە، هەر لەناو یاساکە یاسا شکاندنێکی تری تێدایە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەیان خان فەرموو.

**بەڕێز بەیان احمد كۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

گوتنێت من هاتنە كرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشێك لە قسەكانی منیش كرا ئەوەی كە تایبەت بوو بە دروست كردنی جادەكان كە مقاوەمەی ئەو مەركەباتانەیان هەبێ، بەڵام لێرەدا لە ئیستسنایەكە كە كراوە باس لەوە دەكات كە وەزارەتەكە بۆی هەیە هەندێ ئۆتۆمبیلی تایبەتی سەر بە دایەرەكانی دەوڵەت و لەگەڵ دواییش دەڵێ ئۆتۆمبێلەكانی بەكارهێنراو لە باری تایبەتدا، ئایا ناكرێ ئەمە هەردووكی بكەین بە یەك، ئۆتۆمبیلی تایبەت سەر بە دایەرەكانی دەوڵەت لەگەڵ ئۆتۆمبیلەكانی بەكارهێنراو لە باری تایبەتدا یەعنی بۆ ئەوەی وازح تر بێ كە ئەو ئیستسنائە چی دەگرێتەوە، بۆ نموونە ئەو ئۆتۆمبیلانەی كە تایبەتن بە خزمەتگوزاری شارەوانی كە ئەوانە پێویستە دەست نیشان بكرێن باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر؟ فەرموو.

**بەڕێز كامەران احمد/ وەزیری ئاوەدانكردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئەگەر بەوە دەست پێ بكەم بەڕاستی ئەو گۆڕانكاریەی كە كرابوو لە قوەی ئەمن و ئاسایش، ئەوەی كە ئاسایش بێ یان ئەوە بێ، پێشنیاری من ئەوەیە با ئاسایشەكە بمێنێتەوە، سەبارەت بەوەی كە ئیستسناكە من تەنها بۆ ئەوەی كە ڕوونی بكەینەوە ئیستسناكە مەبەست لە چیە، بێ گومان ئێمە كێشەكەمان لەوانەیە ئەوەی كە كاك پێشەوا باسی كرد كێشەكەمان لەو تەنكەرانەیە كە موشتەقاتی نەوت دەگوێزنەوە و ئەوانە زۆرینەی جادەكانیان خراپ كردووە، بەڵام ئەوانەی كێشەكە چیە ئێستا غرامەكە ئەوەندە كەمە دەچێتە سەر قەپانەكە پێش ئەوەی بیكێشێ دەڵێ ها ئەوە پارەی غەرامەكە، لەبەرئەوە ئەوانە تەجاوزی خۆیان هەر دەكەن و پارەكەی دەدەن، ئێستا ئەوە بەچی موعالەجە كراوە، بەوە موعالەجە كراوە كە غەرامەكە ئەوەندە زۆر دەبێت دەچێتە حەدی ملیۆن ونیوێك ئیتر ئەو ڕەهایەی نامێنێ كە بتوانێ بەو

شێوەیە کار بکات، ئیستسناکە بێ گومان ناتوانرێ ئەوانە ئیستسنا بکرێت، چونکە خۆ چاودێری هەیە لەسەر ئەمە، ئیستسناکە مەبەست لە چیە؟ کاتێ کە مەوادی غزائیمان بۆ دێت ئێمە لە بەغداوە بە سەیارەکانی ئەوانەی وەزارەتی بازرگانی، کاتێ کە دێت ئەگەر بێتو نەهێڵین ئەوانیش مەوادەکەمان بۆ نانێرن، دائیمەن داوای ئەو ئیستسنایە دەکرێت، یان ئەو سەیارەیانەی کە وقود لە مەسفیەکانی بێجیەوە لە حسەی کوردستان دەهێنن و بەکارهێنانی ناوخۆ ئەوانەش ئیستسنایان بۆ دەکرێت، چونکە ئەگەر وانەبێ نەوتەکە ڕۆناکرێت لە شوێنی قەپانەکان دا غەرامەکە دەڵێ تاحەدێکی مەعقولە و دوای ئەوە دەبێ ڕۆ بکرێت، بۆیە دەبێت تەنها ئیستسنایەکە بۆ ئەوانەیە و ابزانم جەنابیشتان دەزانن مەسەلەی سەیاراتی عەسکەری و ئاسایش و ئەمانە ئەمنیەت ئەولەویەتی هەموو هەرێمێك وهەموو وڵاتێکە بۆیە دەبێ ئیستسنای ئەوانە بکرێت و ناکرێت ئەوانەش خازع بن بۆ ئەو قانونە بە دائیمی، تەنها ئەو ڕوونکردنەوەیەم هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش تێبینیتان هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مولاحەزەی ئێمە لەسەر ئەوە بوو کە باسکرا کە ئاسایش بکرێتە قیوەی ئەمن، بەڵام ئێمە قوە ئەمنیەکەی ناو ڕاپۆرتەکەمان سەحب دەکەینەوە و موافقین لەگەڵ ڕەئی بەڕێز کاك اسماعیل و جەنابی وەزیر بۆ ئەوەی ببێتەوە بە ئاسایش، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێموایە ئەو ئیستثنائە بەڕاستی لابردرێت، بەس تەنها بۆ قواتی موسەلەحە وقوەی ئاسایش بمێنێتەوە، چونکە جادەکات تووشی گرفت دەبن و تووشی وەکو جەنابی وەزیر دەزانێ و لەڕووی هەندەسیەوە هەموو لایەك دەزانن ئەو مەسەلەی داهاتەکانی نەوت بە تایبەتی یان بە دوو شێوە چارەسەر دەکرێت، یان غەرامەکە ئەوەندە زۆر بێت کە بەڕاستی مەنعی بکات، یەعنی لە کاتی دانانی غەرامە ئیستسنایە بۆ غەرامەیەك بۆ نەوتەکە بکەین کە نەیکەن، یەعنی ڕێگریان لێ بکرێت، لێرە ئیستیسنائیان بۆ نەکەین، چونکە ئەمە مەتاتیەتی تێدایە، (بعض المركبات الاختصاصية العائدة لدوائر الدولة في الحالات الخاصة) ئەمە زۆرە، من پێم وایە بۆ حاڵەتی ئەمنی وعەسکەری کە ئەوە حاڵەتێکە پاراستنی سنوور و هەرێمی تێدا بێت، ئەوانی تری تێدا نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سالار نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەم بابەتە لەوە زیاتر ئەهێنێت كە بەجدی تر قسەی لەسەر بكرێت، چونكە بەدەر لەمەسەلەی ڕێگاو بانەكان ئەو بارهەڵگرانەی كە زیاد لەتوانای یاسایی خۆیان بار هەڵدەگرن، ئەبن بە مەترسی لەسەر ژیانی هاووڵاتیان، ڕۆژانە ڕووداوەكانیش ئەوە دەسەلمێنن، ئێمە كە ئەم یاسایە بۆ هەرێمی كوردستان دەردەكەین، ئەوەشمان لەبەرچاو نیە كە بەشێكی زۆری ئەو بارهەڵگرانە، هەڵگری ژمارەی وڵاتانی دراوسێن، لێرەو لەوێ كەواتە خوێندنەوە بۆ ئەو بارودۆخە ئەوەیە كە ئەم فەزایەی ناونراوە بازاڕی ئازاد لەڕێگەی ئەم بارهەڵگرانەوە جگە لەوەی كە كاریگەری سەلبیان كردۆتە سەر ڕێگاو بانەكان، كاریگەری زۆریشیان كردۆتە سەر ژیانی هاووڵاتیان و لەباری دەروونیشدا كەهاتوو چۆن دەكەن لە ڕێگا گشتیەكان یەكێك لە مەترسیەكان ئەمەیە، بۆیە من پێم وایە، غەرامەی مالی بەتەنها چارەسەر نیە بۆ ئەم مەسەلەیە، چونكە لەڕاستیدا بازاڕێكی ڕەشی زوڵم هەست پێ دەكرێت، كە مەسەلەی مالی ناتوانێت موعالەجەی ئەمە بكات، دەبێت بیر لەجەزای تر بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پرسیارێك لەسەر ئەو قسەی بەڕێز سەرۆكی لیژنەی ئاوەدانكردنەوە دەكەم، بەڵكو وەڵامم بداتەوە، وەزارەتێكی وەك وەزارەتی كارەبا، جەنەرەیتەرێكی هێناوە، 169 تەنە، چی لێ بكات، ئیستیسنا نەكرێت، تكایە وەڵامم بدەنەوە كە بێت یان نەیەت؟، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حمە سەعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبعەن ئەوە پرسیارەو وەڵامدانەوەکەشی ئاسانە، ئەمەی کە تۆ دەیڵێیت ئەبێت تەفکیك بکرێت، چونکە تۆ بۆ حاڵەتێکی تایبەت نابێت پرسیار بکەیت، ئەبێت بۆ حاڵەتی عام پرسیار بکەیت، جادەکە ئەگەر تۆ مۆڵەت بەهەموو ئەوانە بدەیت ئەوە ئەو کاتە موتڵەقیەتێك دروست دەبێت، مەسەلەن یەکێکی تریش بەبیانووی ئەوەی کە مەوادی خۆراکی و بائیعی دێنێت وەزنی زیاد دروست دەکات، یەکێکی تریش بەهەمان شێوە، بۆیە دەبێت ئەوە موعالەجە بکرێت و بە تەفکیکی ئەو ئامێرانە بێت، ئەو کاتە وەزنەکە زیاد نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد(وەزیری ئاوەدانکردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ئیستیسنائە ئەگەر سەیری یاساکەی عێراقیش بکەین یاسای زۆر لە وڵاتانی تریش ئەو ئیستیسنائەی تێدایە، ئیستیسنا کردنیش، ئەگەر وەزارەتێك مەشکوك بین لێی کە بەڕەهائی دەسەڵاتەکەی بەکار دێنێت بۆ تاجر و بەڵێندەرەکان، ئەوە پێویست دەکات کە هەر سەحبی سیقە لەوەزیرەکە بسەندرێتەوە، ئەگەر بتوانێت بەڕەهائی ئیش بکات و لەزیانی جادەکان بێت، ئەمە تەنها بۆ ئەوەیە لەهەندێ حاڵەتی تایبەتدا بکرێت، بۆ نموونە ئێمە هەر خۆمان وەك وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ئەو جادانە یان ئەو جسرانەی کە پریکاستی پێ دەڵێن دورستکراوە وەزنەکەی لە حەدی خۆی تێ دەپەڕێت بۆ حاڵاتی تاك تاکە، وەکو ئەوە نیە کە ئێستا دەیبینین ئەوە بۆ موشتەقاتی نەوتە کە لەجیاتی ئەوەی بە بۆری بگواسترێتەوە لەسەر جادەکە دەگواسترێتەوە، ئەوەیە زەرەرە گەورەکە لەسەر جادەکان دروست دەکات، بۆ نموونە کەرەستەو کەلوپەلی بینا سازی، ئەیبینین بەشێوەیەك ئەکسلەکان زیادیان کردووە بووە بە چوار ئەکسل و پێنج ئەکسل لە ناوەندی جادەکەشدا دوو ئەکسل بەرز دەکەنەوە، ئەوانە ئیستیسنا ناکرێت، بەڵام ئەمە دەبێت بۆ نموونە ئێستا موادی خۆراکییەکە کە لەبەغدادەوە دێت، ئەو عەقدانە لەلای ئێمە ناکرێن، وەزارەتی تجارەی عێراقی دەیکات، چەندجارێك ئێمە وەزارەتی بازرگانی پەیوەندیمان کردووە بە بەغدادەوە وتوومانە تکایە ئەو عەقدانە با سنووری کێشەکان دیاری بکرێت ئەوان ئیلتیزام ناکەن، ئەگەر نەیەڵن بێت خۆ نایەنێرن

زۆرجار له سەیتەرەکان ڕادەوەستێت دەڵێن کاکە وەزنی ئەوەی کە ڕێگاتان پێ دەدرێت وەزنێك نیە بڵێین چوار ئەوەندەی وەزنی ڕێگا پێدراوە، دوو تەن یان سێ تەنی هەیە، ئەگەر غەرامەی بکەیت دەڵێت من ئیتر مەوادی غیزائی ناهێنم، یان بەنزین ناهێنم، لەو بەینەدا لەسەر مەسەلەی سووتەمەنی کە دەمانبردنە سەر قەپانەکان کە سووتەمەنی لە بێجیەوە دێت، حصەی ئێمە لەبەغداوە دێت، فەترەیەك بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ڕایانگرت، سووتەمەنیان نەهێنا، بۆیە ئیستیسنائەکە من بەگرنگی دەزانم کە بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (10):

اولاً: تتولى الوزارة بالتنسيق مع تشكيلات وزارة الداخلية تحديد مواقع محطات وزن المركبات وعلى الوزارة تأمين الابنية والساحات الملائمة لها مع توفير اجهزة الوزن وصيانتها.

ثانياً: تتولى مديرية المرور العامة والوزارة تسلم وادارة وتشغيل محطات الوزن ويتم فرض العقوبات على المخالفين بالتنسيق مع تشكيلات وزارة الداخلية وفق احكام هذا القانون.

ثالثاً: للوزارة الحق باناطة تولي مهام ادارة وتشغيل محطات الوزن التابعة لها الى القطاع الخاص وفق تعليمات تصدرها الوزارة بهذا الشأن في ضوء احكام هذا القانون.

رابعاً: تخضع جميع محطات الوزن التي تشغل من قبل القطاع الخاص للتعليمات والضوابط التي تصدر من قبل الوزارة في هذا الشأن على ان لايتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بەکوردیش بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (10):

یەکەم: وەزارەتەکە بەهاودەنگی لەگەڵ پێکهاتەکانی وەزارەتی ناوخۆدا دیار کردنی جێگاکانی وێستگەی کێشانی ئۆتۆمبیلەکان دەخاتە ئەستۆی خۆی، پێویستە لەسەر وەزارەتەکە بینایە گەل و گۆڕەپانی لە باریان بۆ دابین بکات لەگەڵ فەراهەم کردنی جیهازی کێشان و پاراستنیان.

دووەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی وەزارەت، وەرگرتن و هەڵسووڕاندن و ئیدارەی وێستگەکانی کێشان دەخەنە ئەستۆی خۆیان و سەپاندنی سزاش بە هاودەنگی لەگەڵ پێکهاتەکانی وەزارەتی ناوخۆدا، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، بەسەر سەرپێچیکاراندا دەسەپێنرێت.

سێیەم: وەزارەت مافی ئەوەی هەیە ئەرك و فەرمانی ئیدارەو بەکارخستنی وێستگەکانی کێشان، کە ئیشی خۆیەتی هەواڵە بکات بۆ کەرتی تایبەت بەپێی ڕێنمایی گەلێك کە وەزارەتەکە خۆی دەری دەچووێنێت بۆ ئەم مەبەستە لەبەر رۆشنایی حوکمەکانی ئەم یاسایەدا.

چوارەم: هەموو وێستگەکانی کێشان کە دەکەونە دەست کەرتی تایبەت، دەکەونە ژێر رکێفی ئەو ڕێنمایی و بەندو بەستەوە (الضوابط) کە وەزارەت دەریان دەچووێنێت بۆ ئەم مەبەستە، بەمەرجێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاودژ نەبێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش دەقاودەق، لەگەڵ دەقی ماددەکەداین، هیچ مولاحەزەیەکمان نیە، تەنها داواکارییەك نەبێت کە لەسەر داوای جەنابی وەزیر هاتووە، داوا دەکات کە فەقەرەیەکی تر ئیزافە بکرێت، بۆ ئەم ماددەیە بەم شێوەی خوارەوە ئەگەر ڕێگامان پێ بدەیت دەیخوێنمەوە، (المادة العاشرة: خامساً: 1- یستوفی مبلغ قدرة (1000) دینار کأجور مقابل عملیة وزن لکل مرکبة في محطات الاوزان، ثانیاً: تسجل

اجور مستوفى في الفقرة(1) (خامساً) من هذه المادة ايراداً للوزارة، ثالثاً: تقسم حصيلة الايراد المنصوص عليها في الفقرة (2) (خامساً) اعلاه من هذه المادة على الوجه الآتي: أ- (75٪) خمس وسبعون بالمائة منها تودع في حسابات الوزارة وتخصص لصيانة وادامة محطات الاوزان وتوفير المواد والمستلزمات الضرورية والمواد الاحتياطية لهذه المحطات، ب – (25٪) خمس وعشرون بالمائة منها حوافز للعاملين الشاغلين ومن ضمنها منتسبي المرور العامة في محطات الاوزان، ج – في حالة اناطة مهام الادارة وتشغيل محطات الاوزان التابعة للوزارة للقطاع الخاص وفق التعليمات الخاصة الواردة في الفقرة (الخامسة)من هذه المادة يتم تغطية النفقات التشغيلية، في الموارد المستحصلة في الفقرة (أ)من هذه المادة وفق التعليمات التي تصدرها الوزارة مع مراعات القوانين والتعليمات الصادرة بهذه الخصوص، د- للوزير اصدار التعليمات اللازمة لهذه الصدد، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ دەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بكات، دوو كەس، ئاهەنگ خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئیقتراحەكەی وەزیر زۆر بەجێیە، من بەتەما بووم كە ئەو شتە بڵێم، بەڵام جەنابی وەزیر خۆی داوای كرد، من لەگەڵ ئەوەشدام كە ئەو غەرامەیە بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە، بۆچی بگەڕێتەوە ئەو مەبالغی غەرامانە تا وەزارەتی مالیە یان وەزارەتی گواستنەوە یان وەزارەتی ناوخۆ، وەری نەگرن، لە هەر وەزارەتێك بەتایبەتی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە كێشەی هەموو حاڵەتە لەناكاوەكان و لافاوو بەفربارین، هەموو ئامێرەكان لەسەر شانی ئەم وەزارەتەیە، ئەگەر ئەم وەزارەتە تەخەصوصاتی مەبلەغێك پارەی ئانی نەبێت بۆ ئەو ئیشانە یان تەخەصوصاتێكی نەبێت بۆ ئەوەی ئەو پارەیە بەكار بهێنێت بۆ ئەو حاڵەتە لەناكاوانە ئەو وەزارەتە، ئەگەر چاوەڕوان بكات ئەوە پەكی دەكەوێت، ئەو مەبلەغانەی كە وەری دەگرن مەفروزە خۆی حسابێكی خاصی بۆ بكرێتەوە، بەكار بێت بۆ صیانەی ئەو ڕێگایانەو ئەو زەرەرانەش، یەعنی نەچێتەوە وەزارەت، بەڵكو بدرێتە حەوافز، فەرعێك لەوەزارەتەكە بكرێتەوە كە ناوی لێ بنێن حاڵەتی لەناكاو، ئەو بەشە بەشێوەی ئانی هەستێت بە چاككردنەوەی هەموو ئەو زەرەرانەی كە دروست دەبن، لە ئەنجامی ئەو حاڵەتە لەناكاوانە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك سالار فەرمووو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەوەی كە پەیوەندی بە قەپانەكانەوە هەیە، كە پێویست دەكات ڕێگا گشتیەكان لەباری ژینگەییەوە، فەراهەمیان بۆ بكرێت ئێمە دەبینین بوونی ئەو قەپانانە كاریگەری لەسەر خراپی ژینگەو هەم لەسەر ناشیرین كردنی ئەو كەشوهەوایەی كە لەدەوری ئەو قەپانانە هەیە، چونكە هەر مەوادێكی زیادە كە لە بارهەڵگرەكان زیادە شوێنێكی شیاوی وا نیە لێی ڕۆ بكرێت، دەكرێتە دەورووبەری ئەو جادە گشتیانەوە، كە ئەمەش ئاسەواری دەروونی و ژینگەیی خراپی لێ دەكەوێتەوە، من پێم وایە جگە لەمەسەلەی قورسایی بابەتێكی تریش هەیە كە پەیوەندی بە توندوتۆڵیەوە هەیە، ئەمە لەكوێدا جێگای دەبێتەوە كاتێك ئەو بارهەڵگرانە ئەو بارەی هەڵیان گرتووە لەسەر جادەكان لێی دەڕژێت، لێی فڕێ دەدەن، كە كاریگەری لەسەر هاتووچۆ كردووە، ئەو غەرامەشی كە وەری دەگرن لێیان كە من تەعقیبم لەسەر ڕستەیەكی بەڕێز وەزیری ئاوەدانكردنەوە هەیە كە كاتێك زۆر بەسانایی باس لەوە دەكات ئەوانە بە غەرامەیەكی سادە تێدەپەڕن ودەڕۆن، لەڕاستیدا لەسەر ئەم جوملەیە پێویستە پەرلەمانی كوردستان وەستانێكی جدی هەبێت، چونكە ئەمە پەیوەندی بە ژیانی خەڵكەوە هەیە، ئایا ئەمە كێ چاودێری دەكات، بەچ ڕێ وشوێنێك ئەم دەزگایانە دەدرێنە دەست خەڵكانێك كە بەشێوازێك مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسئەلە گشتیەدا دەكەن، كە غەرامەیەك كەم یان زۆر بتوانێت دەربازیان بكات، لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیاندا بەرژەوەندی گشتی و ژیانی خەڵك بخەنە بەر مەترسی، بۆیە من پێم وایە ئەو مەسەلەی غەرامەیە جارێكی تر تەئكیدی دەكەمەوە ڕەچاو بكرێت، پێداچوونەوەی بۆ بكرێت بۆ ئەوەی ئەمە ڕوونەدات، جگە لەوە من پێم وایە مەسەلەی ڕێنمایی و هۆشیاری لە كۆمەڵگای ئێمەدا بۆ ئەم بابەتە زۆر زۆر كەمە، ئەو غەرامەی كەوەردەگیرێت لەبارێكی تردا بخرێتە سەر ڕێنمایی بۆ هاتوچۆكەران، بۆ بارهەڵگرەكان، بۆ ئەو لایەنانەی كە پەیوەندیان بەم بابەتەوە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

کاك سالار وەك جەنابی وەزیریش کەمێك باسی کرد لەوانە مەسەلەن ئەو سەیارە گەورانەی کە خۆراك دێنن لە بەغداد، یان ئەو سەیارە گەورانەی کە نەوت و گاز وغاز دێنن، ئەمانە دەڵێیت مەیهێنە کە وتت ئەوانیش نایهێنن و ئەوکاتە کوردستان پەکی دەکەوێت، من نموونەیەکم لە بیرە، جەنابی پارێزگاری هەولێر جارێك شتێکی کارەبایی هاتبوو زۆر قورس بوو، یەکێ لە پردەکان تەحامولی نەدەکرد، خۆی چووە ژێر پردەکە وتی ئەم پردە تەحەمول دەکات فەرموو بیگوازنەوە، فەترەیەکی زۆری پێ چوو هەر نەیانهێنا وتی من لە ژێر پردەکە دەبم با بمرم قەیناکە، بەو پێیە ئەگەر یاسا جێبەجێ بکرایە ئەوە لە 100٪ نەدەبوو ئەو شتە بێنن، ئەگەر نەشیان هێنایە ئەوە خەڵکەکە پەکیان دەکەوت، بۆیە دەبێت هەندێجار چاوپۆشی لەهەندێ شت بکرێت تا بێ خۆراك نەبین یان بێ نەوت وگاز نەبین، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا بۆچوونەکەی جەنابت تێبینی هەڵدەگرێت، بەڵام ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگترە پەیوەندی بە ژیان، خەڵکەوە هەیە، ئێمە ئێستا لەدانیشتنی پەرلەمانین دوورنیە نیو سەعات پێش ئێستا یان دوای ئێستا ئەو بارهەڵگرانە ڕووداوێکی زۆر گەورەیان لێ ڕوونەدابێت و چەندین خەڵك نەبووبێت بە قوربانی، بۆیە ئەمە شتێکی سانا نیە لەنێوان ژیانی خەڵك و دابین کردنی پێداویستیە گشتیەکانیان ئەمە مەسەلەیەکی ترە، لەنێوان چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەسەلانەی کە پەیوەندی بەژیانی گشتی و خەڵکەوە هەیە، بابەتێکە لەچوارچێوەی ئەم یاسایەدا دەبێت چارەسەری جەزری بۆ بکرێت، چونکە بڕواتان هەبێت ئەمە شەڕێکی ساردە لەکۆمەڵگای ئێمەدا، ئەو پرسانەی کە پەیوەندی بە هاتووچۆی گشتیەوە هەیە، ڕێگاوبانەکانەوە هەیە کارەساتی گەورە گەورە لێرەو لەوێ دەخوڵقێنێت کە بەشێکی پەیوەندی بە ئیستیغلال کردنی ڕێگاوبانە گشتیەکانەوە هەیە، بۆیە ئەو بابەتانە مەصاڵحی خەڵکی تێکەوتووە، مەصاڵحی وڵاتانی تێکەوتووە، ناکرێت بە سانایی قسەی لەسەر بکرێت بۆیە من لەڕاستیدا لەسەر ماددەکانی تریش قسەی جدی ترم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد(وەزیری ئاوەدانکردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ئیجازەم بدەی با هەندێ ڕوونكردنەوە بدەم لەسەر ئەو ماددەیە، لەسەر ئەو زیادەیەشی كە كردوومانە، ئێمە كاتێك كە دەڵێین من نامەوێت پێش وەخت باسی ئەو غەرامانە بكەین كە دایدەنێین، ئەو نموونەی كە من هێنامەوە بوو بەجێگای پرسیارێك لەلای یەكێك لە ئەندامە بەڕێزەكان، ئەوەیە كە دەڵێم ئێمە ئێستا لەسەر یاسای عێراقی عقوبەكە دەدەین، بۆیە بۆ هەموو تەنێك 10 هەزار دینار غەرامە دەكەین، ئەگەر 10 تەنیش زیادە باربكات بۆ نموونە ئەوە 100 هەزار دەكات كە ئەمەش هیچ ناكات، بەڵام ئەگەر سەیری ئێرە بكەین كە ئەم عقوبانە وای لێكراوە بەشێوەیەك كە جارێ ناتوانێت تا 10 تەن بار بكات، تا حەدی ئەخیری 8 تەنە، كە غەرامەی دەكرێت، غەرامەكەش ئەوەندە زۆرە وای لێدێت لە مەرحەلەیەك لە مەرحەلەكان بۆ هەر تەنێك دەبێت بە 150 هەزار، بۆ هەر تەنێك لەسەرووی ئەوەشەوە پێویست دەكات دای بگرێت و بارهەڵگرەكەی حجز دەكرێت، یەعنی زۆر قاسییە و لەمەودواش ڕێگا نادرێت ئەو ڕێگایەی كە جەنابیان خەمیانە ئەوە زۆر ڕاستە، خەمی هاووڵاتیانە ئەمە لێرەدا موعالەجەی كراوە، دووەم: بەنیسبەت ئەو ئیرادەوە كە وەردەگیرێت ئەمەی كە  من پێشنیارم كردووە بۆ بەڕێزتان ولیژنەی هاووبەش خوێندییەوە كە یەكێك لەو بڕگانە لەم ماددەیەدا، بەپێنجەم زیاد بكرێت وەكو ئیرادێك ئەوە ڕەسمە لەسەیارەكان وەردەگیرێت بۆ هەر كێشێك، یەعنی لە قەپانەكە وەردەگیرێت، ئەوە موعالەجەی چی پێدەكرێت لە 75٪ی بۆ پێداویستیەكانی ناو قەپانەكەیە، كە ئەم قەپانانەی كامێرای چاودێری دەوێت، پاككردنەوەی دەوێت، ئەو شتانەی كەدایدەگرین نازانین بەچ پارەیەك بیكەن، كە جادەكە ناشیرین دەكات كە دەیهێنینە دەرەوە هەر قەپانەكە خۆی پلێت و ئەو شتانەی كە پێویستی پێیەتی بە شێوەیەكی بەردەوام صیانەی دەوێت، كە ئەوەش لە بودجەی پرۆژەكانی تر دەبات، بۆیە ئەو 1000 دینارەی كەوەردەگیرێت بۆ یەك سەیارە هیچ ناكات، بەڵام لە 75٪ی دەچێتە صندوقێكەوە تایبەت دەبێت بە صیانەو پێداویستیەكانی ئەو قەپانە، لە 25٪ـەكەی تری تەرخان دەكرێت بۆ ئەوەی وەك موكافەئە بدرێت بە عاملین لە مروورو لەئەوانەی كە لەوێ ئیش دەكەن، بۆچی چونكە ئێمە زۆرجار دەبینین كەئەگەر موكافەئە نەبێت هەست دەكەیت كە هەمیشە مەبدەئی موكافەئەو عیقاب پێش دەخات، ئەگەر ئەو بزانێت ئەو ڕەسمەی كەوەری دەگرێت بەشەویش قەپانەكە داناخات، ئێمە لەزۆربەی كاتەكان دەبینین كە قەپان داخراون و سەیارەش

ڕێ دەكات و مەفرەزەی مروریش لەوێ نیە كە بیخاتە سەر قەپانەكە بۆیە ئەو مەبدەئی موكافەئەیە وادەكات كەشەوو ڕۆژ قەپانەكان فەعال بن، بە مرورو كارمەندە مەدەنیەكانی سەر بەوەزارەتی ئاوەدانكردنەوەشەوە هەوڵ بدەن كە هەموو سەیارەیەك بهێننە سەر قەپانەكەو هیچ سەیارەیەك تێنەپەڕێت، تایبەت بەوەی كە بۆ صیانەی ڕێگاوبان بەكار بێت، ئەوە لە عقوباتەكەدا باس كراوە، كە دەڵێت ئەگەر هاتوو عقوباتەكان كەوەری دەگرین كە لەوانەیە بگاتە 150 هەزار دینار ئەو پارەیە دەچێتە صندوقێكەوە لە 75٪ی تەنها بۆ صیانەی ڕێگاوبان سەرف دەكرێت، لە 25٪ی دەبێت بە موكافەئە، بۆ عاملین، وەك جاران نابێت ئێستا ئەو 10 هەزارەی كەوەردەگیرێت دەبێتەوە بە ئیراد دەچێتەوە ناو ئیراداتی عامەوە وەهیچ سودێكی نیە بۆ صیانەی ڕێگاوبانەكان و قەپانەكانی پێبكرێت، ئەوەی كەلەوەو پێش پیادەكراوە بەس ئێستا موعالەجە كراوە لەهەردوو بڕگەكەدا كەدێینە سەری، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش هیچ ڕوونكردنەوەتان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ڕوونكردنەوەی كەجەنابی وەزیر دای، ئێمە هیچ قسەیەكمان لەسەری نیە، بەنیسبەت ئەو غەرامەی كەباسی كرد لەماددەكانی دواتردا باسی لەسەر كراوە، كە بەچ نیسبەتێك تەوزیع بكرێت بۆ صیانەی ڕێگاكان و بۆ دابەشكردنی بۆیە هیچ قسەمان لەسەری نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (11):

یعاقب بغرامة لاتقل عن (250000) مئتان وخمسین الف دینار ولاتزید علی (500000) خمسمائة الف دینار كل من:

اولاً: الحق ضرراً بالطرق العامة من شانه عرقلة السیر والمرور وتشكیل خطورة علی مستعمل الطریق.

ثانیاً: اهمل التنبیه نهاراً او التنویر لیلاً بالنسبة لاعمال الحفر او المواد المطروحة علی الطرق العامة.

ثالثاً: استخدام (الطرق العامة)لغير الاغراض المخصصة لها او نقل حمولة يتسبب على سقوطها خطراً على الطريق، دون اتخاذ الاحتياطات اللازمة لحماية مستخدمي الطريق

رابعاً: خالف قواعد استخدام الطرق السريعة المعلنة من قبل دوائر المختصة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بە کوردیەکەش بیخوێننەوە.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی شەشەم**

**سزاکان**

ماددەی (11):

بە غەرامەیەك سزا دەدرێت لە (250000) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و (500000) پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت هەر کەسێك:

یەکەم: زیانێکی ئەوتۆ بە ڕێگا گشتیەکان بگەیەنێت ببێتە مایەی گرتنی هاتوچۆو ببێتە مایەی مەترسی لەسەر بەکارهێنەری ڕێگایەکە.

دووەم: ئاگادار کردنەوە بەرۆژو ڕووناك کردنەوە بەشەو بخاتە پشت گوێ لەو جێگایانەدا کە کاری هەڵکەندنی تێدا دەکرێت، یان لەسەر ڕێگە گشتیەکان ماددە گەلێك دانرابن.

سێیەم: بەکارهێنانی ڕێگە گشتیەکان بۆ غەیری ئەو مەبەستانەی کە بۆیان دانراون، یان بۆ گواستنەوەی ئەو بارانەی کە ئەگەر بکەون مەترسی لە ڕێگاکەدا دەخەنەوە، پێشبینی پێویستی بۆ پاراستنی بەکارهێنەرانی ڕێگەکە نەبوو بێت.

چوارەم: سەرپێچی لە ڕێساکانی بەکارهێنانی ڕێگا خێرایەکان کرد بێت، کە لەلایەن دایەرە تایبەتمەندەکانەوە ڕاگەیەنراون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕای لیژنەی هاوبەش تکایە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەئیدی ماددەکە دەکەین، هیچ مولاحەزەیەکمان لەسەری نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ دەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات؟، ناوتان دەنووسم، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بکەن، ( ناسك تۆفیق، بەیان احمد، ژیان عمر، قادر احمد، ئەمیر گۆگە، قادر حسن، محمد شارەزووری، شێرزاد حافز، پێشەوا توفیق) ناسك خان، فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفيق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من مادام لە بەشی سزاكانداین تەواو پشتگیری قسەكانی كاك سالار دەكەم، كە هەر غەرامە لەوانەیە كیفایەت نەبێت، بەڵام ئیشكالم هەیە لەسەر ئەم ماددەیە بڕگەی دووەم وچوارەم هەست دەكەم غەرامەی مروورین، ئەمانە عائیدی دائیرەی مروور نین بۆ تێكەڵ كراوە، بەس لە سەرپێچی ڕێگا خێراكاندا، لەگەڵ ئیشارەت داگیرساندن بەشەوو بەرۆژ ئەو پرسیارەم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەیان خان، فەرموو.

**بەڕێز بەیان احمد كۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕەئیا من غەرامە ب تنێ كێمە، یەعنی ئەڤ غەراما دانای كێمە، ئەز دبێژم 500 هەزار بۆ 750 هەزار باشە ئەڤە، دگەل هندێدا تەبعەن بشتەڤانیا بۆچونا كاك سالاری دكەم، كو فعلەن غەرامە ب تنێ نەبیتن، ڤێتن حەپسیش دگەل دابیتن، من دیراسەتا هندەك یاسایێت ولاٌتان كرد، فیعلەن دگەل غەرامەی حەپسیش هەی، ڤێتن ئەولەویەتامە ئەڤە بیتن، سەر سامانا خەلكێ مە، سەر ژیانا خەلكێ مە، یەعنی گرنگیا ب دەرەجە ئێك بیتن، پاشی تشتێ دیكە دیڤدا دێتن، ل بەر هندێ ئەز تەئكید ل ڤێرێ دكەمەوە، چونكی رۆژانە قوربانییێت د رێكامە دێت، ئەڤ رێژا هەمی ب ڕاستی رۆژ ب رۆژ بەرەو زێدەتر دێتن، ل بەر هندێ گەلەكا ئەم تەئكیدێ گەل غەرامەی دكەین، دگەل حەپسێ ژی، خالا دیترێ د گەلەك ولاٌتا باج ژی هەی، باجا رێكێ هەی، ئیحتیمالە مەبلەغەكی كێم ژی بیتن، بەس مەسلەحەت دابیت بۆ سیانە كرنێ، هەروەسا بۆ باشتر كرنا رێكێتمە، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ژیان خان، فەرموو.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری قسەكانی كاك سالار دەكەم، چونكە ئەمە ژیانی خەڵكە، ئێمەش تەجروبەمان لەگەڵ غەرامەی مالیدا هەیە، یەعنی زۆر هاووڵاتی سڵی لێ ناكاتەوە، پێویستە سزای مروری دابندرێت بەپێی یەكجارو دووجار كە یەكەمجار سزاكە چۆنە، ئەگەر دووبارەی كردووە سزاكە چۆنی لێ دێت، تا زیاتر خزمەتی هاووڵاتیان بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك قادر احمد، فەرموو.

**بەڕێز قادر احمد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا منیش لەسەر ئاستی غەرامەكە لە 250 هەزار بۆ 500 هەزار قسەم هەیە، كە پێم وایە كەمە، چونكە ئەوەی تێبینی دەكرێت غەرامە نەك لە وڵاتی ئێمە لە وڵاتانی دونیاش یەكێكە لە هۆكارەكانی سەپاندنی یاسا، بۆیە پێم وایە كە دەبێت حەدی ئەدنا 500 هەزار بێت بۆ سەرەوە بۆ غەرامەكانی تر، وە پێشنیار دەكەم ئەو غەرامەیە بچێتە صندوقی ئاوەدانكردنەوەو چاككردنەوە ڕێگاو بانەكان لەسەر میلاكی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە بێت، ئێمە هەموو ئەم یاسایانە دەردەكەین بۆ خزمەتی هاووڵاتیانە، حكومەت غەرامەی هاووڵاتی دەكات، بەڵام ئەگەر وەزارەت لە ڕێگاو بانێكدا لەسەر كەمتەرخەمی كە بووە هۆی گیان لەدەستدانی هاووڵاتیەك كێ بەرپرسیارێتی دەگرێتە ئەستۆ؟ بۆ نموونە من لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا لەسەر ڕێگایەك كە هەڵدەكەندرێت بۆ چاككردن هیچ ئیشارەتێكی لێ نەبوو، بەسەردا هاتم سەیارەیەك كەوتبووە چاڵەكەوە، كێ بەرپرسیارێتی ئەوە هەڵدەگرێت؟، بۆیە پێم وایە لەم یاسایەدا سزایەكیش بۆ وەزارەت و بۆ ئەو دەزگا پەیوەندیدارانە هەبێت كە لەسەر ئاستی كەمتەرخەمییان هاووڵاتیان تووشی مەترسی دەكەن، سوپاس.

**بەر بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك ئەمیر فەرموو.

**بەڕێز امیر گۆگە یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی ڤی خاڵی ئەگەر ئەم تەماشا بكەین، ئەڤ ڕێكێت نوكە چێ بن، ب ڕاستی تشتەكێ ڕاستە ڤێرێ غەرامە هەیە، بەس ئایا تەتبیقا ڤێ غەرامەی كێ تەتبیقا دكەت، نوكە چەند ڕێكێت تو سەح كەیێ، ئەڤێ دێنە جێبەجێ كرن، یەك ژوان هیچ خالەكێ مروری تێدا نایێنە جێبەجێ كرن، موجەرەد وەختێ ڕێكێ چێكرن، چەند ئیشارەتەكێ ئێك ئیشارەت كا دادەنێت، یان دانانێت، ئەڤە بیت ئەگەرێ كو دەهان حادیسە چێ دبن، نوكە بۆ نموونە، ئەڤ ڕێكا زاخۆ دێتە چێ كرن، ڕێكا گەلیێ زاخۆیە، خیلالێ شەش ڕۆژا پێنج حادیسە لەو ڕێگەیە چێ دبی، لەو سێ جهێ چێ دبی، ئەو ژیش ئەگەرێ حادیسە مروری، ئەگەرێ نەپێ گری، باشە چ دیف چونا ڤێ تشتێ كرن، ژبەر هندێ باشە ئەگەر خالەكێ دیكە بێتە زێدە كرن، (تتولی الجهات الاداریة في المنطقة الاشراف على تنفیذ هذه الفقرة) یەعنی تەمامێ دگەل گۆتنێدا هەیە، بەس ئایا جێبەجێ كرنا هەیە؟، نەخێر نینە، گەلەك جارا وەزارەت، ئەو وەزارەت ڤی كارێ ڕابن، وەكی برادەرێ بەرێ بەحس كری، ئەو وەزارەتا ب خۆ ڕابن شارعەكێ دكەن، بەس هیچ ئیشارەتەكێ مروری نا دانێن، باشە ئەڤ خالا گەلەك گەلەك ب جدی بێتە وەرگرتن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، کاک قادر حسن، فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا قسەکانی من کران بەس بۆ تەئکید ئەو غەرامە ماددیەی کە دانراوە من بەش بەحاڵی خۆم بەکافی نازانم، بۆ ئەوەی ڕێگر بێت لەبەردەم سەرپێچی کاران، چونکە لەحاڵەتی وەهادا پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەژیانی هاووڵاتیانەوە هەیە، کابرایەك جادە حەفر دەکات، شوفێرێك دێت وەردەگەڕێت لەوانەیە چەند کەسێك گیان لەدەست بدەن، بۆیە لەپاڵ ئەو غەرامە مالیەی کەدانراوە، عقوبەی تریشی بۆ زیاد بکرێت، نەك هەر لەو ماددەیەدا، بەڵکو لەماددەکانی دواتریش غەرامەی تێدایە بەهەمان شێوە سزای تریش بگرێتەوە، تا زیاتر ڕێگر بێت لەبەردەم سەرپێچی کاران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاک محمد شارەزووری، فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا لەغەرامەکەوە دەست پێدەکەم، جەنابی وەزیر باسی ئەوەی کرد، کەمی ئەو غەرامەیە وای کردووە کەسەرپێچی زیاد ببێت، بۆیە من پشتگیری کاك قادر دەکەم، ئەو غەرامەیە زیاد بکرێت بۆ یەکجار ئەگەر بوو بە دووجار ئەوە سەحبی ئیجازە یان لەو بابەتانە بکرێت ئەوەی کە نیگەرانی لەلای خەڵکی کوردستان دروست کردووە بەڕاستی ئەم تەنکەرانەیە کە نەوت و موشتەقاتی نەوت دەگوازنەوە بە پلەی یەکەم: دووەم: ئەو بارهەڵگرانەی کە چیمەنتۆ دەگوازنەوە، کە ئەمانە یەکەم: ڕێگاوبانەکان خراپ دەکەن، دووەم: دەبنە هۆی پیس بوونی ژینگە، بۆیە من داوای ئەوە دەکەم کە ئەو غەرامەیە زیاد بکرێت، دێمە سەر خاڵی چوارەم سەرپێچی کردن لە ڕێگا خێراکان، ئەوە دوو لایەنە، لایەنێکیان بۆ سەرپێچی من یەك جادە بە نموونە بهێنمەوە، لە سلێمانی کەدەردەچیت بۆ سەید صادق، لە ڕێگاکان نەنووسراوە تۆ بۆت هەیە تا چەند لێ بخوڕیت، لە هەمان کاتدا لەسەر ڕێگاکان کامێرا دانراوە، بۆیە پێویست دەکات کە ئەوە چارەسەر بکرێت، کە ئاگادارکردنەوە دابنێین لەسەر جادەکان، لەوانەیە یەك تابلۆ هەبێت بەس پێویستی بە زیاتر هەیە، دووەم: پێشنیارم ئەوەیە بۆ توندوتۆڵی ئەو سەیارانەی کە ئەویش بکرێت بەیەکێك لە سزاکان کە نەوت و موشتەقاتی نەوت دەگوازنەوە، ئەگەر هەموومان ڕێگای دەربەندیخانمان دیبێت، بچیتە بەردەم تونێلەکە بەڕاستی ئەڵێی حەربە، تەنکەرێك لەوێ سووتاوە، دانەیەکی تر وەرگەڕاوە، ئەمە توندوتۆڵی و سەلامەتی تێدا نیە ،پشکنینیان بۆ ناکرێت لەڕێگای مرووروەوە، یەعنی هەتا وای لێهاتووە خانووەکانی نزیك جادەکە بەڕاستی قیمەت ناکات، ترسی ئەوەی هەیە کە تەنکەرێك خۆی پێدا بکات، بۆیە من داوا دەکەم لەخاڵی چوارەمدا توندوتۆڵی ئاسایش بۆ ئەو سەیارانەی کە نەوت و موشتەقاتی نەوت دەگوازنەوە زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك شێرزاد فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دیارە هەردوو كاك قادر قسەكانی منیان كرد، لەسەر ئەوەی كە ئەو غەرامەیە بەڕاستی زۆر زۆر كەمە، ئێمە بینیمان لەكوردستان چەندین چاڵ هەڵگەندراوە منداڵی تێدا خنكاوە، تۆ بە 500 هەزار ڕزگاری دەكەیت كە منداڵێكی كوشتووە، بەڕاستی ئەوە نازانم چی ناو بنێم، بۆیە منیش تەئیدی ئەوان دەكەم، كە ئەو غەرامەیە زۆر كەمە دەبێت شتێكی تری وای بۆ زیاد بكەین، كە ئیتر شتی وا دووبارە نەبێتەوە، لەخاڵی یەكەم: دەڵێت زیانێكی ئەوتۆ بە ڕێگا گشتیەكان بگەیەنێت (یان) ئەوەی بۆ زیاد بكرێت، ببێتە مایەی گرتنی هاتوچۆیان ببێتە مایەی مەترسی لەسەر بەكارهێنەری ڕێگایەكە. ئەگەر بیانووی نەبێت، چونكە هەندێجار سەیارەكەی وەستاوە ناتوانێت بڕوات، چونكە ئیش ناكات، بۆیە ئەو بیانووەی بۆ دابندرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك پێشەوا، فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم ماددەی یانزە ودوانزە دەمج بكرێت، پێشنیارێكم بۆ لیژنەی هاوبەشە، چونكە هەردووكیان باس لە غەرامە دەكەن، بۆیە دەڵێت صیاغكەكەی دابڕێژرێتەوە بەشێوەیەكی تر، بۆ نموونە بكرێت بەیەك ماددە، بەم شێوەیە، بە غەرامەیەك سزا دەدرێت كە كەمتر نەبێت لە 250 هەزار و زیاتریش نەبێت لە 750 هەزار دینار، چونكە هەردوو بابەتەكە تەقریبەن تەواوكەری یەكترین دەكرێت بەم شێوەیە بێت، خاڵێكی تر پرسیارێك ئاراستەی جەنابی وەزیر دەكەم، دانانی ئەو مەبلەغە بەچ پێوەرێك بووە لەلایەن وەزارەتەوە یان ئەوانەی كە ئەو یاسایەیان داڕشتووە، مەسەلەن بۆ نموونە 250 هەزار یان تا 750 هەزار ئەو پێوەرەی كە ڕەچاویان كردووە بۆ ئەو مەبلەغە غەرامەیە چ پێوەرێك بووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز كامەران احمد(وەزیری ئاوەدانكردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ڕێگام پێ بدەیت لە چوارچێوەی ئەو پرسیارانەی كە كران ئەو ڕوونكردنەوانە بدەم، تایبەت بە غەرامەكە، تێكەڵ نەبێت لەلامان غەرامەكە هی وەزن جیاوازە و هێشتا نە هاتووینەتە سەری، ئەم

غەرامەیە هی بەشێکی ترە لەلادان لەتەجاوز کردن باس لەوەزن ناکات، دووەم: ئەو غەرامانەی کە دەدرێت لەماددەی دواتردا تێیدایە، کە هێشتا نەهاتووینەتە سەری ئەڵێت غەرامەو عقوبەی قورس هەبوو لەهەر یاسایەکی تر، ئەو عقوبەیە جێبەجێ دەکرێت بەمانای ئەوە نیە ئیتر ئێمە ببین بە بەدیلی جێبەجێ کردنی هەموو یاساکانی تر، بەس ئەوە غەرامەیەکە بەرامبەر ئەوەی کە یەکێك لەکاتی ڕۆشتن بە ڕێگاکەدا کە دەڵێت ئاگاداری لە شەوو ڕۆژدا مەبەستمان لایت نیە، بەڵکو یەکێك چاڵێکی هەڵکەندووە بەرۆژ عەلاماتی دانەناوە، بەشەویش بەهەمان شێوە ئەگەر ئەو مقاولە هەتا لەگەڵ ئێمە وەکو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بەڵێندەرایەتی هەبوو ئەمەی نەکرد ئێمە غەرامەی دەکەین، لەسەر ئەوەی کە نیشانەی دانەناوە کە چاڵ هەڵکەندراوە، بۆیە بە دوو ماددەش هاتووە کە هێشتا نەهاتووینەتە سەر ماددەکەی تر، ئەم ماددەیە تایبەتە بەخودی ڕێگاکە، کە تەجاوز دەکرێتە سەری، ئەوی تریان تایبەتە بە موحەڕەماتی ڕێگاکە، لەسەر ئەوەی کە ئایا ئەمە تەنها ئەم غەرامەیە، نەخێر یەکێك بەشۆفڵ جادەکەی هەڵکەند تەنها غەرامەکەی ناکرێت، بەڵکو لەماددەی تردا هاتووە، ئەڵێت ئەمە مانعی ئەوە ناکات کە هەموو ئەو زەرەرانەی کەداویێتی لە جادەکە یان موحەڕەماتەکان پێی ببژێردرێت، ئەوە تەنها غەرامەیەکە بۆ نموونە یەکێك سیاجی باخەکەی دێنێت دەیخاتە ئەو موحەڕەماتەوە، تۆ لەوێدا غەرامەکەی دەکەیت و هەر عقوبەیەکی تریش هەبوو دەیکەیت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر کاك پێشەوا پرسیاری ئەوەی کرد کە ئەو غەرامەیە لەسەر چ ئەساسێك دانراوە؟، فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد(وەزیری ئاوەدانکردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو غەرامەیە کاتی خۆی لە یاسای عێراقیدا هاتووە، پارەیەکی زۆر کەم دانراوە، بەڵام ئەم پارەیە لەگەڵ لیژنەی ئاوەدانکردنەوە کە دانیشتین ئەو ئیقتراحەمان کرد، کە ئەو پارەیە لەوە کەمتر بوو لەڕاستیدا، لیژنەکە پێشنیاریان کردو ئێمەش تەئیدمان کرد، کە زیاد بکرێت ئەگەر یەك قەوسم بدەیتێ، ئەوەشی تێدایە کە وتمان لەڕێگا ئەگەر شتی لێ کەوتە خوارەوە لە بڕگەی سێدا هەیە، ئەوەش غەرامەی دەکرێت، ئەمە جێگای غەراماتی مروروری ناگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش تێبینیتان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو ماددەکە تێبینیمان نیە، وەکو تەوزیحی جەنابی وەزیر ئێمە دەمانەوێت تەوزیح لەسەر غەرامەکە بدەین، دیارە تێکەڵیەك هەیە لەلای برادەران، وا دەزانن ئەمە غەرامەی مرووریيە، نەخێر ئەمە

غەرامەی ئەو کەسانەیە کە لەسەر ڕێگاکان گرفت دروست دەکەن، زەرەر بە ڕێگاکان دەدەن، نەك ئەوەی کە موخالەفەی مروری دەکات، ئەوەی کە موخالەفەی مروری دەکات نە ئیشی ئەم وەزارەتەیە نە هی ئەم یاسایەشە، ئەوە ئیشی وەزارەتی ناوخۆیە، بۆیە ئێمە هیچ تێبینیەکمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد شارەزووری فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر لەسەر ڕوونکردنەوەکەی جەنابی وەزیر بێت، کەواتە خاڵی چوارەم لێرەدا زیادە، دەڵێت(چوارەم: سەرپێچی لە رێساکانی بەکارهێنانی رێگا خێرایەکان کرد بێت)، ئەگەر وابێت تەجاوز بێت لەسەر موحەڕەمات ئەوە مانای وایە خاڵی چوارەم زیادە، چونکە لێرە بەسەڕاحەت باسی سەرپێچی دەکات لەڕێساکانی بەکارهێنانی ڕێگا خێراکان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر خاڵی چوارم کە دەڵێت(سەرپێچی لە رێساکانی بەکارهێنانی رێگا خێرایەکان کرد بێت، کە لەلایەن دایەرە تایبەتمەندەکانەوە راگەیەنراون)، فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد (وەزیری ئاوەدانکردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کەدەڵێین (قواعد استخدام الطرق السريعة المعلنة من قبل الدوائر المختصة) یاسای ڕێگاوبان چیە؟، لە پێناسەکاندا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆی، (های وەی) هەیە ئەو ڕێگایانەی کە جادەی تری دێتەوە سەر، وە ڕێگای خێرا کاتێك کە دەڵێین ڕێگای خێرا، ئەوەیە کە سیاجی بۆ دەکرێت، هیچ تەقاتوعێکی نیەو هیچ شوێنێکی تری نایەتەوە سەر، مەبەستی لەوەیە کە دەڵێت ئەگەر وایە ئەوە موخالەفەی ئەو یاسایانە دەکات کە بەیان دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (12):

يعاقب بغرامة لاتقل عن (300000) ثلاثمائة الف دينار ولاتزيد على (750000) سبعمائة وخمسين الف دينار كل من:

**اولاً: تجاوز على محرمات(الطرق العامة)بالحفر او الاستخدام بدون اجازة او البناء المؤقت او الدائم اضافة الى تحميلة نفقات ازالة التجاوز.**

**ثانياً: تسبب في اعاقة المرور على (الطرق العامة) خارج حدود رئاسة البلديات ومديرية البلديات.**

**ثالثاً: نزع علامة مرورية او اكثر او اسيجة الامان او الاسيجة السلكية او عبث بالقناطر والجسور او شوهها او احداث ضرار فيها او غير محلها او اتجاهها.**

**رابعاً: منع او عرقل منتسبي الوزارة او الجهة المتعاقدة معها من تنفيذ واجباتهم.**

**خامساً:**

**1-خالف احكام المادة (8) من هذا القانون.**

**2-خالف احكام التعليمات او البيانات الصادرة بموجب احكام هذا القانون.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**تكایە بە كوردیش بیخوێننەوە.**

**بەڕێز خلیل عثمان حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی (12):**

**بە غەرامەیەك سزا دەدرێت كەمتر نەبێت لە (300000) سێ سەد هەزار دینارو زیاتر نەبێت لە (750000) حەوت سەدو پەنجا هەزار دینار هەر كەسێك:**

**یەكەم: بەهەڵكەندن، یان بە بەكارهێنانی بێ ئیجازە، یان بە دروست كردنی بینای رەفتەنی، یان هەمیشەیی پێی درێژ كرد بێتە سەر قەدەغە كراوەكانی (رێگا گشتیەكان) سەرباری ئەو غەرامەیەش ئەرك و مەسرەفی لابردنی ئەو پێ درێژیەی دەكەوێتە سەر.**

**دووەم: بووبێتە هۆی پەكخستنی هاتوچۆ لەسەر (رێگا گشتیەكان) لە دەرەوەی سنووری سەرۆكایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی.**

**سێیەم: نیشانەیەكی هاتوچۆ، یان زیاتری هەڵكێشا بێت، یان پەرژینی ئەمانەتی لادا بێت، یان پەرژینی تەل كردی لادابێت، یان ئاوبارەكانی تێكدا بێت، یان پردەكانی شێواند بێت، یان زیانی پێگەیاند بن، یان جێگەكانی گۆڕی بن، یان ئاراستە كردنی وەرگەڕاند بن.**

**چوارەم: كاركەرانی وەزارەتەكەی، یان لایەنە گرێبەستەكانی لە جێ بەجێ كردنی ئەركەكانی خۆیان قەدەغە كرد بێ، یان هاتوچۆیانی وەگیر هێنا بێت.**

**پێنجەم:**

**1-سەرپێچی لە حوكمەكانی ماددەی (8)ی ئەم یاسایە كرد بێت.**

**2-سەرپێچی لە حوكمەكانی رێنماییەكان، یان لەو بەیاننامانە كرد بێت كە بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەرچوو بن.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەسەر کۆی ماددەکەین و هیچ تێبینیەکمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێز کێ تێبینی هەیە، دوو کەس هەیە؟، کاك دلێر و کاك نەریمان، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لێرەدا تێبینیەکم هەیە بۆ ئەوەی ئەو سەرپێچیە دووبارە نەبێتەوە، نەبیت بە عادەت وخەڵك گوێی نەداتێ، لە سێیەمدا دەڵێت(نیشانەیەکی هاتوچۆ، یان زیاتری هەڵکێشا بێت، یان پەرژینی ئەمانەتی لادا بێت، یان پەرژینی تەل کردی لادابێت، یان ئاوبارەکانی تێکدا بێت، یان پردەکانی شێواند بێت، یان زیانی پێگەیاند بن، یان جێگەکانی گۆڕی بن، یان ئاراستە کردنی وەرگەڕاند بن) ئەی تێچوونی ئەم شتانە کە چاك دەکرێتەوە ئایا بە 300 هەزار یان 400 هەزار چاك دەبێتەوە، کەواتە ئەم غەرامەیە بەشێوەی ڕەمزی نەبێت، پێویستە ئەوەشی تێدا بێت کە تێچوونی ئەو شتانە بکەوێتە ئەستۆی سەرپێچی کەر، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك نەریمان، فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 12 بڕگەی یەکەم: (بەهەڵکەندن، یان بە بەکارهێنانی بێ ئیجازە) من پێم باشە ئەو بێ ئیجازەیە ئەگەر مایەوە بکرێت بە بێ مۆڵەت، چونکە وشەیەکی کوردیمان هەیە لەجێگای ئەو یان هەر لابرێت بکرێت بە بەکارهێنانی نا ئاسایی، لەبەر ئەوە هەندێجار خەڵك هەیە بەکاری دەهێنێت و مۆڵەتیشی وەرنەگرتووە، بەڵکو یاسا بەشێوەیەکی گشتی ڕێگای پێداوە، بۆیە نایاساییەکە باشترە، یان بەدروست کردنی بینای ڕەفتەنی(ڕەفتەنی) بەراستی وشەیەکی ڕەکیکە، کاتی بێت یان (هەمیشەیی) یان (پێدرێژی) کە ئەوەش وشەیەکی جوان نیە پێم وایە ناگونجێت، لەبەر ئەوە باسی بینا دەکەین هەمیشەیی و کاتی، زیادەڕەوی بێت باشترە، لەکۆتایشدا دەڵێت ئەو پێدرێژییە دەکەوێتە سەری، لە پێدرێژی ئەخیر بنووسین ئەو زیادە ڕەوییەی دەکەوێتە ئەستۆ، بڕگەی دووەم، دەڵێت( ببێتە هۆی پەکخستنی هاتوچۆ لەڕێگا گشتیەکان لەدەرەوەی سنووری سەرۆکایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی، ئەمە هەندێجار ئەوە مەبەستی تێدا نیە، کاك شێرزاد لەنموونەیەکدا باسی کرد ڕووداوێکی بەسیت تووشت دەبێت هێشتا مروور

تـەختیتی نـەکردووە، سەیارەکەشـی پـەکی جادەی خسـتووە، ئێمـە بنووسـین بـە مەبەسـت بووبێتـە هـۆی پەکخستنی هاتوچۆ، ئـەوە یـەکلایی دەبێتـەوە، ئـەوەی بـۆ زیـاد بکـەین، نیشـانەیەکی هاتوچـۆ یـان زیـاتری هەڵکێشابێت، بەس هەڵکێشان نیە تێکدانی ڕێگاوبانەکـە، یـان تێکـدابێت ئەوەشـی بـۆ زیـاد بکرێـت، چـونکە هەندێجار هەڵی نەکێشاوە، بەڵکو لاری کردۆتەوە یان شکاوە، بۆیە ڕێگای تێکداوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد (وەزیری ئاوەدانکردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە ماددەی 13 و 14 موعالەجەی ئەو تێبینیانەی کـردووە کـە لـەلای بـرا پەرلـەمانتارەکان دروسـت بووە گەر بێینە سەری، بۆیە من هیچ تێبینیەکم نیەو پشتگیری لیژنەی هاوبەش دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش هیچ تێبینیەکتان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش هیچ تێبینیەکمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (13):

اذا كون الفعل المخالف لاحكام المادتين (11 و 12) من هذا القانون جريمة عقوبتها اشد بموجـب قـانون اخـر فيطبق النص الاشد عقوبة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بە کوردیش بیخوێننەوە.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (13):

ئەگەر ئەو سەرپێچیە لە حوکمەکانی (11 و 12)ی ئەم یاسایە، تـاوانێکی لـێ بکەوێتـەوە، سـزاکەی بـەپێی یاسایەکی تر قورستر بێت، ئەوە لەو بارەدا دەقی یاسا قورسترەکەی بەسەردا دەسەپێنرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ مولاحەزەیەکمان لەسەر ئەم ماددەیە نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە، تەنها دوو کەس کاك پێشەواو کاك نەریمان، کاك پێشەوا، فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ئەم ماددەیە بەم شێوەی لێ بکرێت( ئەگەر ئەو سەرپێچیەی لە حوکمەکانی (11 و 12)ی ئەم یاسایە تاوانێکی لێ بکەوێتەوە ئەوە بەپێی یاسایەکی تایبەت تاوانەکە ئیجرائاتی لەگەڵ دەکرێت وسزا دەدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینی کاك پێشەوام هەیە، لەبەر ئەوە بەپێی یاسا، ئەگەر لە دوو یاسا حوکمێك هەبوو عادەتەن سووکترینیان بەکار دێت، بۆیە ئەگەر وای لێ بکەین، ئەگەر لەوێ نەبوو لەزمنی بەندەکانی ئەم یاسایە، یاسای تر عادەتەن خۆی بەکار دێت، نەنووسرێت قورسترەکە بەکاردێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد (وەزیری ئاوەدانکردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە تەنها لەوەیە ئەم یاسایە جێگای هەموو یاساکانی تر نەگرێتەوە، ئێمە دەڵێین عقوبەیان دەدەین لەم حاڵەتانەدا، بەڵام ئەگەر یاسای تر هەبوو کە پیادە کراوە بۆ غەرامە کامەیان عقوبەکەی قورستر بوو لە یاساکەی تر ئەوەیان دەیگرێتەوە، تەنها مەبەست ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش تێبینیتان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو ماددەکە تێبینیمان نیە، بەڵام یەك تەوزیح لەسەر عقوبەکە دەدەم، کە دەڵێت(یطبق النص الاشد عقوبة) بەواتا ئەگەر لێرەدا عقوبەکە سووك بێت بەهێزترین عقوبەی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت، حەتمەن ئەوکاتە دەگەڕێتەوە بۆ یاسای ژمارە (111)ی ساڵی 1969 کە تایبەتە بە یاسای سزا دانەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کۆمەڵێك لە ئەندامەکان داوا دەکەن کە دانیشتنەکەمان دوا بخەین، لەبەر ئەوەی کە سبەینێ پشووە، بۆیە تا سەعات 11ی رۆژی دوو شەممە بەخواتان دەسپێرین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (10)**

**دوو شەممە رێکەوتی 23\4\2012**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (10)

**دوو شەممە رێكەوتی 2012/4/23**

**کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2012/4/23 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (10)ی خولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (10)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2012/4/23 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی پڕۆژە یاسای ڕێگا گشتیەکان لە هەرێمی کوردستان - عیراق.**

**2-سوێند خواردنی یاسایی بەڕێز (د.عبداللە عبدالرحمن عبداللە) ناسراو بە (ئاشتی هەورامی) بۆ پۆستی وەزیری سامانە سروشتیەکان لەهەرێمی کوردستان-عێراق.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (10) ڕۆژی دانیشتن 2012/4/23.**

**بەرنامەی کار**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان-عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (10)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە، ڕێکەوتی 2012/4/23 بەم شێوەیە بێت:**

**1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی پڕۆژە یاسای ڕێگا گشتیەکان لە هەرێمی کوردستان - عیراق.**

**2-سوێند خواردنی یاسایی بەڕێز (د.عبداللە عبدالرحمن عبداللە) ناسراو بە (ئاشتی هەورامی) بۆ پۆستی وەزیری سامانە سروشتیەکان لەهەرێمی کوردستان-عێراق.**

**ئێستا پێش ئەوەی بێینە سەر بەرنامەی کار، پێشەکی بەخێرهاتنی وەزیری ئاوەدانکردنەوە و و مونەسیقی پەرلەمان کاك سەعد دەکەین، ناوی ئەو ئەندامانەش دەخوێنینەوە کە لەدانیشتنی پێشوو ئامادە نەبوون.**

**1- د.ئاراس حسین محمود ئیفاد**

**2- اسماعیل سعید محمد مجاز**

3-برهان رشيد حسن مجاز
4-پەروين عبدالرحمن عبدالله غياب
5-تارا تحسين ياسين مجاز
6- تارا عبدالرزاق محمد مجاز
7– جلال على عبدالله ئيفاد
8- حازم تحسين سعيد غياب
9- خورشيد احمد سليم ئيفاد
10- سمير سليم امين ئيفاد
11- عدنان عثمان محمد ئيفاد
12- عمر صديق محمد ئيفاد
13- عونى كمال سعيد مجاز
14- گەشە دارا جلال مجاز
15- ليلى امير عاض مجاز
16- عمر حمد أمين غياب

ئێستا دێینە خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار، داوا لە لیژنەی هاوبەش دەکەین بێن بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتیان، ئێستا لیژنەی هاوبەش ماددەی (14) لە پرۆژە یاساکە بە زمانی کوردی و عەرەبی بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن على:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (14):

لاتحول الجزاءات المنصوص عليها في هذا الفصل دون حق الوزارة في المطالبة بالتعويض عن الأضرار التي تلحق بها من جراء المخالفات أو التجاوزات المشار إليها في هذا الفصل.

**بەڕێز حەمە سعيد حەمە على:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (14):

ئەو سزایانەی کە دەقەکانیان لەم بەشەدا هاتوون، مافی وەزارەتەکە پووچ ناکەنەوە، بەڵکو وەزارەتەکە سەرباری ئەوانەش مافی داوا کردنی قەرەبووی هەیە لەو زیانانەی کە تووشی دەبن لە ئەنجامی سەرپێچی کردن، یان زیادەڕەوی کردن کە لەم بەشەدا ئاماژەیان پێدراوە.

سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش ڕەئی خۆشتان.

**بەڕێز خلیل عثمان حمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش موتەفیقین لەگەڵ ماددەکە و هیچ ئیزافەیەکمان نیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز د.حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):

ئێستا کێ قسەی لەسەر مادده (14) هەیە؟ جەنابی وەزیر؟، لیژنەی هاوبەش بۆ ماددەی 15.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (15):

اولاً: يغرم سائق او مالك المركبة المخالفة لاوزان الاثقال المحورية بغرامات مالية وكالاتي:

1- (5000) خمسة الاف دينار عن كل (100) مئة كيلوغرام ولحد طن واحد من الحمولة الزائدة.

2- (10000) عشرة الاف دينار عن كل (100) مئة كيلوغرام ولحد اربعة اطنان من الحمولة الزائدة.

3- (15000) خمسة عشرة الف دينار عن كل (100) مئة كيلوغرام عند تجاوز الحمولة الزائدة اربعة اطنان ولحد ثمانية اطنان من الحمولة الزائدة.

ثانياً: تحجز المركبة المخالفة لأوزان الاثقال المحورية إلى حين تفريغ الحمولة الزائدة ونقلها خارج محطة الوزن على نفقة المخالف إذا زادت الحمولة عما مذكور كحد أعلى من البند الثالث للفقرة (اولاً) من المادة هذه اعلاه.

ثالثاً: تستوفي اجور ارضية مقدارها (20000) عشرون الف دينار عن كل ليلة تبقى فيها المركبة محجوزة في ساحة الحجز ومن تاريخ المخالفة.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بە کوردییەکەش.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (15):

یەکەم: لێخور، یان خاوەنی ئەو ئۆتۆمبیلەی کە سەرپێچی لە کێشانەکانی سەنگە میحوەریەکان دەکات بە غەرامەیەکی دارایی سزا دەدرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- لە هەر بارێکی زیادە (5000) پێنج هەزار دینار لە هەر (100) سەد کیلۆغەرامە دەکرێ تا دەگاتە یەك تەن لەو بارە زیادەیە.

2- لە هەر بارێکی زیادە (10000) دە هەزار دینار لە هەر (100) سەد کیلۆغرام غەرامە دەکرێ تا چوار تەن لەو بارە زیادەیە.

3- لەهەر بارێکی زیادە (15000) پازدە هەزار دینار لە هەر (100) سەد کیلۆگرام غەرامە دەکرێت ئەگەر بارە زیادەکەی لە چوار تەن زیاتر بێت، تا دەگاتە هەشت تەن لەو بارە زیادەیە.

دووەم: ئەو ئۆتۆمبیلەی سەرپێچی لە کێشانی قورسایی میحوەریەکان دەکات دەستی بەسەردا دەگیرێت تا ئەو کاتەی بارە زیادەکەی بە تاڵ دەکرێت و دەگوازرێتەوە بۆ دەرەوەی وێستگەی کێشانەکەی لەسەر مەسرەفی سەرپێچیکار ئەگەر بارەکەی لەو سنوورە بترازێت کە لە بەندی سێیەمی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (14)ی سەرەوەدا هاتووە.

سێیەم: کرێی زەویانە بەبڕی (20000) بیست هەزار دینار لە هەر شەوێك وەردەگیرێت کە ئۆتۆمبیلەکە بە دەست بەسەرداگیراوی لە گۆڕەپانی دەست بەسەردا گرتنەکەدا دەمێنێتەوە ئەوەش لە بەرواری سەرپێچی کردنەکەوە حساب دەکرێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

لێژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز خلیل عثمان حمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە موتەفیقین لەگەڵ نەصی ماددەکە، لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ ئیزافەیەکمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەندامانی پەرلەمان کێ قسەی لەسەر ئەو ماددەیە هەیە؟ تکایە هەر یەکێك کە ناوی خۆی وت میکرەفۆنەکەی هەڵکات دەنگی بێ، نەژاد عزیز، جلال علی، فەرموو کاك نەژاد.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت جەزایەکان، سزایەکان کە پێنج هەزار نووسراوە بە 10 هەزار، بە 15 هەزار، من پێموایە کەم بێت، پێشنیار دەکەم کە بۆ ئەوەی ببێتە بەربەستێك بۆ موخالەفە نەکردن، پێنج هەزارەکە بکرێتە 15 هەزار، 10 هەزارەکە پێشنیار دەکەم بکرێتە 25 هەزار، 15 هەزارەکەش بکرێتە 50 هەزار، سوپاس.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیــارە زۆربــەی ڕووداوە دڵتەزێنــەکانی کــە لەســەر جاددەکــان دەبێــت بەشــێکی زۆری، ڕێژەیــەکی زۆری هۆکارەکەی ئەو ئۆتومبێلانەیە کە بارهەڵگرن، بۆیە مـن نەتیجەی ئـەو هاتوچۆیەش کـە ئێستا ئێمـە لـە سلێمانی یەوە لە ڕێگا گشتییەکان دەیکەین زۆربەی ئەو بارانە لە ڕێگەکان دا کە دەزانـن کێشان هەیـە، یـان لێپرسینەوە هەیە، ئەگەر چەو بێ، ئەگەر لم بێ دەیڕێژن لەسەر جادەکان و بەجێی دەهێڵن لە شوێنێك دا، دوایی کۆی دەکەنەوە، هەقە لەو سزایانە ئەو شتەش دیاری بکرێت، جگە لەوەش ئەو تانکەرانەی کـە نـەوت یان سووتەمەنی بار دەکەن زۆرجار لە ڕێگاکان دەیانبینین لەبەر ئەوەی باری زیادیان پێیە ڕێگەکە دەگـرن، یان تووشی حادیسە دەبن، ئەو دوو حاڵەتە ئەگەر بکرێ لێژنەکـە جێگـەی بکەنـەوە مـن سوپاسیان دەکـەم، تەواو.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێز جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز کامەران أحمد/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها بۆ ڕوون کردنەوەیەك، ئێمە کە دەڵێین پێنج هەزار بۆ سـەد کیلـۆ، نـاڵێین بـۆ یـەك تـەن، کەواتـە پێنج هەزارەکە بۆ تەنێك دەکاتە پەنجا هەزار هەتا حەددی طلیق، بـۆ ئـەوانی تریشـی تـاکو حـەددی چـوار تەن، ئەو سێ تەنەی تری (کل)یی تەنێکی سەد هـەزار دەکـات، لـە دوای ئەوەشـەوە (کـل)ی تـەنێکی سـەد و پەنجا هەزار دەکات، واتا بە کـۆی ئـەوە ئەگـەر یـەکێك هەشـت تـەنی موخالەفـە کردبـێ 950 هـەزار دینـار دەکات، کە کرێی هیچ بار هەڵگرێك ناکاتە ئەوە، بۆیە ئەوە تـەنها بـۆ ڕوون کردنـەوە بـوو، ئـەوی تـری مـن هاوڕام لەگەڵ ڕای لێژنەکە، بۆ دەقی ماددەکە.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

لێژنەی هاوبەش بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (16):

اولاً: یمنح منتسبي المرور المنسبین للعمل في محطة الوزن صلاحیة فرض الغرامة وحجز المرکبة ذات الحمولـة الزائدة وفق احکام المادة (15) من هذا القانون وتکون قراراتهم بهذا الشأن باتة.

ثانیاً: تعتمد قراءة مقیاس الوزن دلیل اثبات لغرض فرض العقوبة بحق المخالف.

ثالثاً: في حالة عدم دفع الغرامة المنصوص علیها في المادة (15) من هذا القانون خلال (15) خمسة عشر یوماً من تاریخ المخالفة یعاقب سائق او مالك المرکبة المخالفة بالحبس مدة لا تقل عن (3) ثلاثـة اشهر ولا تزیـد علی ستة اشهر.

رابعاً: يعاقب سائق السيارة او مالكها الذي يتهرب من عملية الوزن بغرامة لاتقل عن (250000) مئتان وخمسون الف دينار ولاتزيد على (400000) أربعمائة الف دينار مع عدم الاخلال باحكام البند اولا من المادة (15) من هذا القانون.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

بە كوردییەكەش.

**بەڕێز خليل عثمان حمد أمين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (16):

یەكەم: كارمەندانی هاتوچۆ ئەوانەیان كە تەرخان كراون بۆ ئیش كردن لە وێستگەی كێشانەكە دەسەڵاتی سەپاندنی غەرامە و دەست بەسەرداگرتنی ئۆتۆمبیلێكی زیادە باریان پێ دەدرێت بەپێی حوكمەكانی ماددەی (14)ی ئەم یاسایە، بڕیارەكانیشیان لەم ڕووەوە بنبڕ دەبێت.

دووەم: خوێندنەوەی پێوانەی كێشەكە واتا (سەنگەكە) پەیڕەو دەكرێت كە بەڵگەی چەسپاوە بۆ مەبەستی سەپاندنی سزایەكە بەسەر سەرپێچی كارەكەدا.

سێیەم: لە حاڵەتێكدا ئەگەر ئەو غەرامەیەی لە ماددەی (14)ی ئەم یاسایەدا دەقەكەی هاتووە، لە ماوەی (15) ڕۆژدا لە بەرواری سەرپێچییەكەوە نەدرێت، ئەوا لێخور، یان خاوەنی ئۆتۆمبیلە سەرپێچی كارەكە سزا دەدرێت بە حەپس كردن بۆ ماوەیەك لە (3) سێ مانگ كەمتر نەبێ و لە شەش مانگیش زیاتر نەبێت.

چوارەم: لێخوڕی ئۆتۆمبیلەكە، یان خاوەنەكەی ئەگەر لە كرداری كێشانەكە خۆی بشارێتەوە، بە غەرامەیەك سزا دەدرێت لە (250000) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار كەمتر نەبێ و لە (400000) لە چوار سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت بەبێ لادان لە حوكمەكانی بەندی یەكەم لە ماددەی (14)ی ئەم یاسایە.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

لێژنەی هاوبەش تكایە ڕەئیتان.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ مولاحەزەیەكمان لەسەر نەصی ماددەكە نیە.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

ئەندامانی پەرلەمان كێ ڕەئی لەسەر ئەو ماددە هەیە؟ تەنها كاك د.أحمد وەرتی، فەرموو.

**بەڕێز أحمد إبراهيم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (16) بڕگەی یەکەم کە باس لەوە دەکات کە کارمەندانی هاتوچۆ بە پێی حوکمی ماددەی (14)، تەبعەن ئەوە باشە لەبەر ئەوەی کە بە پێی حوکمی ماددەی (14) غەرامەکە دیاری دەکات، بەڵام دەڵێ بڕیارەکانیان لەم ڕووەوە بنبڕ دەبێ، ئایا ئەگەر یەکێك لە شوفێرەکان هەست بە تەزەلوم بکات؟ کە ئەو لەوێ بڕیارەکەی بنبڕ دەبێ، بەڵام جیهەتێك نیە کە پەنای بۆ ببا بۆ ئەوەی ئەگەر خوانەخواستە بە پی ی ئەو بڕگەی ئەو ماددەیە حوکمی نەدابوو یان بڕیارەکەشی بنبڕە، کێی تر هەیە کە تەمییزی بکات؟ یان پەنای بۆ بباتەوە؟ ئەوە یەك، سەبارەت بە بڕگەی سێهەمیش کە لە حاڵەتێك دا ئەگەر ئەو غەرامەیەی لە ماددەی (14)ی ئەم یاسایەدا دەقەکەی هاتووە لە ماوەی 15 ڕۆژدا، لە بەرواری سەرپێچییەکەوە نەدرێت ئەوە لێخور یان هەرچەندە من پێم باشە کە شوفێر بەکار بێت، چونکە لە هەرێمی کوردستان لە یاساکانی هاتوچۆش دا شوفێر بەکار دەهێندرێ لە باتی لێخور، ئەوە لێخور یان خاوەنی ئوتومبێلەکە لە سەرپێچیکارەکە سزا دەدرێت بە حەپس کردن بۆ ماوەیەك لە سێ مانگ کەمتر نەبێت، لە شەش مانگیش زیاتر نەبێت، من پێم باشە لێرەدا کە لە دوای لە ماوەی 15 ڕۆژدا لە بەرواری سەرپێچییەوە، بە بێ هۆکارێکی پاساودەر، ئەگەر هۆکارێکی پاساودەر هەبوو، بۆ نموونە ئەو شوفێرە نەخۆش بوو، یان تووشی ڕووداوێك هات، یان نەیتوانی لە ماوەی 15 ڕۆژدا پارەکەی بدات، بۆچی ئەو سزای حەپسەی بەسەردا بسەپێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێز جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز کامەران أحمد/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك تێبینی نێوان کوردییەکە و عەرەبییەکە ئەگەر عەرەبییەکە وەرگیرێ، چونکە لە کوردییەکە ناوی دوو ماددە هات بە (14) بەس بە (15)یە خۆی لێرە، من هیچ تێبینییەکی ترم نیە، هاوڕام لەگەڵ ڕای لێژنەکە بۆ دەقی ماددەکە وەکو خۆی، ئەگەر ڕوونکردنەوە بدەم بۆ، وەڵام بۆ ئەو حاڵەتە، بە نیسبەت کە دەڵێین (وتكون قراراتهم بهذا الشأن باتة)، یەعنی خۆ لە هەموو قەرارێکی تردا کە دەدرێ زیددی یەکێك، بۆی هەیە جارێکی تر ئیستیئناف بکاتەوە، یەعنی ئەوە تەحصیل حاصلە، غەرامەکەش ئەگەر بێت و بە پێی ئەحکامی ماددەکە نەبێ، مەعنای هەر خۆی باتڵە، یەعنی ئەگەر ئەو کەسە شکات بکات، غەرامەکە بە پێی ئەحکامی ماددەکە نەبووبێ مانای حوکمەکە باتڵ دەبێ، تایبەت بە حیجزەکە، دەتوانین ئەوەی بۆ زیاد بکەین، ئەگەر ڕای لێژنەکە بەو شێوەیە بێت کە ئەگەر عوزرێکی مەشروع هەبێت ئیستیسنا دەکرێت لەو ماوەیە، یان ماوەکە کەمتر بکرێتەوە لە یەك مانگەوە بۆ سێ مانگ حەددی ئەدنای نەبێت، مانگێك حەددی ئەدنای بێت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، دیارە لە دانیشتنی پێشوو بڕیارمان دا کە عەرەبییەکە ئەساسە، هەر بۆ وەبیر هێنانەوە، لێژنەی هاوبەش فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (17):

اذا ثبت قيام احد اعضاء اللجنة المشرفة على تشغيل محطات و وزن المركبات الواردة في الفقرة (2) من المادة العاشرة من هذا القانون التلاعب باوزان مركبات الحمل يعاقب وفق المادة (307) من قانون العقوبات رقم (111) لسنة 1969.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کوردییەکەشی.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (17):

ئەگەر سەلما کە یەکێك لە ئەندامانی لیژنەی سەرپەرشتی کردنی وەگەڕخستنی وێستگەی کێشانی ئۆتۆمبیلەکان کە لە بڕگەی (2)ی ماددەی نۆیەمی ئەم یاسایەدا هاتووە دەستکاریی کێشی لۆریەکانی کردەوە، ئەوە سزا دەدرێت بەپێی ماددەی (307) لە یاسای ژمارە (111)ی ساڵی 1969.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

لێژنەی هاوبەش ڕەئیتان لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز خلیل عثمان حمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ تێبینیەکمان نیە و لەگەڵ دەقی ماددەکە داین، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کێ قسەی لەسەر ئەو ماددەیە هەیە؟ سەردار رشید، شێرزاد حافز، بەڕێز کاك سەردار، فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ماددەی یەکەم ئەو لایەنەی کە دەسەڵاتی دەست بەسەر داگرتنی ئوتومبێلەکەی پێ دراوە، هیچ بەرپرسیارێتییەکی ناکەوێتە سەر، لەو زیانانەی کە تووشی بارەکە دەبێت، ئەگەر مەبەست لەسەرپێچی بێت، بەڕاستی شۆفێرەکە سەرپێچی کردووە، نەك بازرگانەکە، یەعنی بازرگانەکە هیچ سەرپێچییەکی نەکردووە، بۆچی سزای سەرپێچیکار کە شۆفێرە دەدرێ بەسەر بازرگانەکە، یاخود دەڵێ/ هیچ بەرپرسیارێتییەك لە خراپ بوون و تەلەف بوون ناکەوێتە ئەستۆی، حەقە بەڕاستی حکومەت مشوری ئەوە بخوا، بۆچی.......

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

نوفتەی نیزامی کاك شوان، فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە ئەوە ماددەی (18)یە کە هاوکارم کاك سەردار باسی دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڵێ، بەڕێز کاك شێرزاد، فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە کە دەڵێ لە بڕگەی (2)ی ماددەی نۆیەم من وا هاتە گوێم کە عەرەبییەکە بخوێنێ بە ماددەی (العاشرة) بخوێنێ، بەڵام لێرە ماددەی (9)یە، جا ئەوە هینێك لە بەینی ئەو کوردی و عەرەبییەدایە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێز جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز کامەران أحمد/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا ئەگەر.........................

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

مامۆستا عمر عبدالعزیز، فەرموو ئەگەر ڕەئی خۆی بدات.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام عەرەبییەکە ئەصلە، ئەم صیاغەیە لە ڕووی عەرەبییەوە نوقصانییەکی تیایە، یەعنی دەبێ تەعدیلی بکەین، (اذا ثبت قیام احد اعضاء اللجنة المشرفة علی تشغیل)، ئەوە تەبعەن جوابی ئەو شەرتە لە ئەخیرەوە (التلاعب)ە، یان دەبێ بڵێین/ (إذا ثبت قیام أحد أعضاء اللجنة المشرفة علی تشغیل) ئەوە (بالتلاعب) ئەوە برایان چاکی بکەن، کاك عمر و ئەوان، یان باشتر وایە بڵێین (اذا ثبت أن أحد اعضاء اللجنة المشرفة علی) ئەوە (قام بالتلاعب)، (وإلا) لە ڕووی داڕشتنەوە نوقصانە بەو شێوەیە، یان دەبێ بڵێین (بالتلاعب) یان دەبێ بڵێین (إذا قام أحد بالتلاعب)، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێز لیژنەی هاوبەش، فەرموون.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو مولاحەزەیەی کە کاك عمر عبدالعزیز دای، ڕاستە، پێویستە بکرێتە (من هذا القانون بالتلاعب بأوزان مرکبات الحمل)، بەڵێ ئەوە مولاحەزەکەی بە هەند وەرگیرا.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (18):

اولاً: لا تتحمل الجهة المخولة بحجز المرکبة اية مسؤولية عن الاضرار التي تلحق بالاموال المحملة القابلة للتلف.

ثانياً: تطبق احكام قانون التصرف بالمركبات المحجوزة والمتروكة رقم (8) لسنة 1987 على المركبات المخالفة التي تترك في ساحات محطات الوزن.

ثالثاً: تتولى الوزارة بيع الاموال التي يتركها المخالفون الزائدة على الاوزان المقررة بالمزايدة العلنية استثناء من احكام التشريعات النافذة وفق قواعد تضعها الوزارة.

رابعاً: تسجل بدلات البيع المنصوص عليها في البند (ثالثاً) من هذه المادة والغرامات المنصوص عليها في هذا القانون ايرادا للوزارة.

خامساً:

تقسم حصيلة النسبة المنصوص عليها في البند (رابعاً) من هذه المادة على الوجه الاتي:

1- (75٪) خمس وسبعون بالمائة منها تودع في حسابات الوزارة وتخصص لصيانة الطرق.

2- (25٪) خمس وعشرون بالمائة منها حوافز للعاملين في محطات الاوزان ولمنتسبي الوزارة.

سادساً: يصدر وزير الاعمار والاسكان وبالتنسيق مع وزير الداخلية تعليمات للحوافز المنصوص عليها في الفقرة (2) من البند (خامساً) من هذه المادة تتضمن اسس توزيعها وتحديد المشمولين بها وحالات الحرمان منه.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کوردییەکەش.

ماددەی (18):

یەکەم: ئەو لایەنانەی کە دەسەلآتی دەست بەسەرداگرتنی ئۆتۆمبیلەکەی پێدراوە هیچ بەرپرسیاریەکی ناکەوێتە سەر لەو زیانانەی کە تووشی کوتاڵە بار کراوەکە دەبن و لەوانەیە خراپ ببن.

دووەم: حوکمەکانی یاسای دەستکاری کردنی ئۆتۆمبیلە دەست بەسەرداگیراو و جێهێڵراوەکانی ژمارە (8)ی ساڵی 1987ی لەسەر ئەو ئۆتۆمبیلە سەرپێچیکارانەدا دەسەپێنرێت کە لە گۆڕەپانی وێستگەکانی کێشاندا جێ دەهێڵدرێن.

سێیەم: ئەو کوتالآنەی کە لە کێشی بڕیاردراو زیادەن و سەرپێچیکارەکان بە جێیان دەهێڵن، وەزارەتەکە بە موزایەدەی ئاشکرا دەیانفرۆشێت بەپێی ڕێسا گەلێك کە وەزارەتەکە دایدەنێت بەدەر لە حوکمەکانی یاسا بەرکارەکان.

چوارەم: پارەی فرۆشتنەکە کە دەقەکەی لە بەندی سێیەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە، لەگەڵ ئەو غەرامانەی کە دەقەکانیان لەم یاسایەدا هاتوون بە دەرامەتی وەزارەتەکە تۆمار دەکرێن.

پێنجەم: دەستکەوتی ئەو ڕێژەیەی کە دەقەکەی لە بەندی چوارەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەکرێت:

1- (75٪) حەفتاو پێنج لە سەدی دەخرێتە حساباتی وەزارەتەکەوە بۆ پاراستنی ڕێگاکان دادەنرێت.

2- (25٪) بیست و پێنج لە سەدی وەك دەستخۆشانە و دنەدان دەدرێت بە کارمەندانی وێستگەی کێشانەکان و کارمەندانی وەزارەتەکە.

شەشەم: وەزیری ئاوەدانی و نیشتەجێ کردن بە هاودەنگی لەگەڵ وەزیری ناوخۆ ڕێنمایی دنەدان دەردەچوێنن، کە دەقەکەی لە بڕگەی (ب)ی بەندی پێنجەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە، کە بنەماکانی دابەشکردن و دیاری کردنی ئەوانەی کە دەیانگرێتەوە حاڵەتەکانی بێ بەش بوونیشی تێدا هەیە.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

لێژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لێژنەی هاوبەش دوای گفتوگۆ و هەروەها بە ئامادەبوونی جەنابی وەزیر کە گفتوگۆمـان لەگـەڵ دا کرد لەسەر بڕگەی سێی ئەم ماددەیە، کە تایبەتە بەوەی کە وەزارەت هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئەو شتومەکە زیادانەی کە لە وەزن لادەدات، لە وەزنەکە زیادە، بە گوێرەی، بـە ئیستیسنا لـەو تەشـریعاتانەی کـە هەیـە، ئێمە لە لێژنە کۆك بووین لەسەر ئەوەی و بە ئامادەبوونی جەنابی وەزیریش کـە ئـەو بڕگـە سـێهەمە بـەم شێوەیەی خوارەوە لێ بکەین:

(تبلغ الوزاره سائق أو مالك المركبه برفع الامـوال و المـواد الزائـده خـلال مـده عشـره أيـام مـن تـأريخ تبلـغ و بعكسها للوزاره بيع تلك الاموال و المواد وفقاً للقانون و تسجيل بـدل بيعهـا بإسـم مالـك تلـك الامـواد و المـوال كأمانه)، بـەڕێز جـەنابی سـەرۆکی پەرلـەمان، ئێمـە بۆیـە کۆکبـووین لەسـەر ئـەو ماددەیـەی کـە ئاوهـا ئـەم بڕگەیـەی ئـا بـەم شـێوەیە بـێ، لەبـەر ئـەوەی ئـەو مەوادانـەی کـە لـە وەزن زیـادن موخـالیف نـین، بـەڵام موخالەفەی وەزنن، لە وەزنەکان زیادن، ماڵی خەڵکن، وەزارەت ناکرێ هەروا دەست بکات بـە فرۆشـتنی ئـەم ماڵانە، ئەم شتومەکە زیادانە، بەڵکە دەبێ ئاگاداری ساحێبەکانیان بکرێ ئەو کـات بفرۆشـرێ، پارەکانیشـیان بە سیفەی ئەمانە بۆ دابنرێ، هەر کات بۆ خۆیان موراجەعەیان کرد یان ئەگەر نەیانکرد، بە گوێرەی یاسا لە کـاتی خـۆی دا ئـەو پارەیـە بـراو وەرگیرا، وەرنـەگیرا تەسـجیل دەکـرێ بـە ئـیراد بـۆ خەزینـەی دەوڵـەت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ قسەی هەیـە لەسـەر ئـەو مـاددە؟ ئـەم بەڕێزانـە: کـاك جـەلال علـی، کـاك سەردار رشید، کاك قادر أحمد، لانە خان قسەیان هەیە لەسەر ئەو ماددە، کاك جلال، فەرموو.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مولاحەزەکەی مـن لەسـەر کەلیمەیەکـە، مـاددەی (18) کـە دەڵـێ/ (لاتتحمـل الجهـة المخولـة بحجـز المركبـة) دەگاتە سەر (و تلحق بالأموال) (بالأموال) نەبێ (بالمواد) بێ باشترە، چونکە لە هەموو حاڵەتەکان دا مـەوادە، ئەموال نیە، لێرەش دا لە حاڵەکانی تر ئەو ئەموالـە بگۆڕێ بـە مـەواد باشـترە، مـەنتیقی تـرە، سـوپاس، لـە خاڵەکانی تریش دا.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێز کاك سەردار، فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببووره من پێشتر بە هەڵە هاتبوومە سەر ئەم ماددەیە، ئەو لایەنەی کە دەسەڵاتی دەست بەسەردا گرتنی ئۆتومبێلەکەی پێ دراوە، هیچ بەرپرسیارێتییەکی ناکەوێتە سەر لەو زیانەی کە تووشی ئەو شتومەکانە دەبێ، یەعنی خۆی شۆفێرەکە بەڕاستی سەرپێچی دەکات، حەقە غەرامە لە شوفێر وەرگیرێت، بۆ ئەوەی باری زیادە بار نەکات، دووهەمین/ یەعنی بۆچی جێگایەك دابین ناکرێ بۆ ئەو شتومەکانە؟ ناکرێ ئەو شتومەکانە بڵێی/ تەلەف دەبن، بەڵام ئێمە هیچ بەرپرسیارێتییەك ناکەوێتە ئەستۆمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێز کاك قادر أحمد، فەرموو.

**بەڕێز قادر أحمد سمايل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر تەرجومە کوردییەکەی لە یەك، دوو شوێن مولاحەزەم هەیە، ماددەی (18) یەکەم و سێیەمی دەڵێ پێدراو هیچ بەرپرسیارێتییەکی ناکەوێتە سەر لەو زیانەی کە تووشی کوتاڵە بارکراوەکە دەبێت، لە لەهجاتی عاممی ئێمە کوتاڵ بە بازاڕی قوماش فرۆشی دەگوترێ، بە بڕوای من دەبێ بکرێتە باری بار هەڵگرەکە، بار نەك کوتاڵ، لە سێیەمیش ئەو کوتاڵانەی کە لە کێشی بڕیاردراو زیادن، بە بڕوای من هینە یەعنی مەعلوماتێکی تەرجومەیەکی غەڵەتە، لە ماددەی، لە حەوافزەکەش دنەدان نووسراوە، بە بڕوای من دیسان ئەویش بکرێتە هاندان، دەستخۆشانە و هاندان، نەك دنەدان، هەست دەکەم دنەدان تۆزێ سلبی یە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێز لانە خان، فەرموو.

**بەڕێز لانە چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی (18) تێبینیم هەیە لەسەر بڕگەی یەکەم، دەڵێ/ (التحمل الجهة المخولة بحجز المركبة أية مسؤولية عن الأضرار التي تلحق بالأموال المحملة القابلة للتلف)، یەعنی............لێرەدا لەڕووی ئیداری کە موخالەفەیەك دەکەیت، لەبەرامبەردا عقوبەیەك دەدرێیت، یەعنی بەنیسبەت ئەو بارهەڵگرەی کە باری زیادەی هەڵگرتووە، غەرامەی ئەوەی دەکرێت کەوەزنی زیادی هەڵگرتووە، بەس لەهەمان کاتیشدا دەڵێت ئەو لایەنە هیچ پەیوەندی نیە بەو زەرەرەی کە بەو مەوادە دەگات بەبۆنەی تەلەف بوونیەوە،یەعنی ئەو مەوادەی کە عەرز دەبێت بۆ تەلەف، جاری واهەیە ئەو مەوادە ماوەیەك دادەندرێت تا خاوەن بارهەڵگرەکە غەرامە دەکرێت ودەیدات، ئەوکاتە لەوانەیە مەوادەکە بەهۆی راگرتنی لەبەر هەتاو تێك بچێت، یان تەرکیبەکەی بگۆڕدرێت، ئەوە لێرەدا ئەم مەوادە داخڵی هەرێم دەبێت، بۆیە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن، بۆیە داواکارم کە جەنابی وەزیر ئەوەم بۆ ڕوون بکاتەوە، لێرەدا لەڕووی ئیداری کەتۆ موخالەفەیەك دەکەیت، یەك عقوبە دەدرێیت، بەس لەهەمان کاتدا مەوادەکەی تووشی تەلەف دەبێت و

داخلی ناو بازاڕەکانمان دەکرێت، ئەوە بەنیسبەت فەقەرەی یەکەمی ماددەی 18، بەنیسبەت فەقەرەی پێنجەم، کە ئەو نیسبانە بەڕەئی من پێشنیار دەکەم، لەباتی ئەوەی لە 75٪ بێت بکرێت بە 60٪ تا 40٪، لەبەر ئەوەی کە وەزارەت خۆی حصەی هەیە لە موازەنە، لێرەداشدا کە پێشنیار کراوە لە 25٪ لەو پارەیەی کە وەك غەرامە وەردەگیرێت دابەش بکرێت بەسەر عاملەکان کەوەك حافزێکی مالی بدرێت، لێرە بەمن با لە 40٪ بێت نەك لە 25٪، بۆ ئەوەی مەجالی ڕەشوە نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد(وەزیری ئاوەدانکردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها ڕوونکردنەوەیەك دەدەم، ئەوەی کە لێرە باسی دەکەین، لەسەر ئەموالەکە، ئەموال بێت یان مەواد بێت، کە دەڵێین ئەموال بێت، لەوانەیە مەواد تەعبیرێکی ڕاست تر بێت، ئێمە کەرەستەکان چەو ولی تێدایە، خواردەمەنی تێدایە، نەوتی تێدایە، جاری وا هەیە محەویلەیەکی گەورە دێت لەسەر وەزنێك، کە ئەڵێین ئەموال هەموو شتێك کەبار کرابێت، ئەگەر مەوادیش ڕاست تر بێت ئەوە لیژنە دەزانن، بۆیە کەوا دەڵێین تا هەموو شتێك بگرێتەوە، نەك دوایی یەکێکیان نەگرێتەوە، ئەوەی کە تایبەتە بەو شتانەی کە تەلەف دەبن، ئێمە لەوەزنەکەدا دەڵێین ئەگەر هاتوو حمولەکە لە 8 تەن تێپەڕی، هەرگیز لەموادی خۆراکی و ئەو شتانە، کە کرێکەیان کرێیەکی ئاساییە کە 600 هەزارە یان 700 هەزارە، قەت لە 8 تەن تێناپەڕێت، چونکە تۆ پارەکەی زۆر زیاتر لەوە لێ دەسەنیت، بەڵام هەنێجار مەوادی تر هەیە وەکو محەویلەو وەکو هەندێ شتی تر کەقورسن، ئەوانە زەرەری زۆر گەورە دەگەیەنن بەجادەکە، جاری وا هەیە 40 تەنی زیاتر بارکردووە، تۆ 8 تەنی غەرامە دەکەیت، بۆیە ئەگەر ڕەدعێك نەبێت حجزی بکەیت، چونکە کرێکەی ئەو 6 تا 7 هەزار دۆلارە، کە ئەو محەویلە گەورەی بارکردووە، ئەگەر ڕەدعەکە نەبێت و حجزی نەکەیت ئەوە بارەکە باردەکات وگوێشی پێنادات، سەبارەت بەوەی کە شوێن هەبێت بۆ هەڵگرتنی ئەو شتانە، ئەوە کارێکی زۆر قورسە لەهیچ شوێنێك ئەوە نیە، چونکە تۆ ئەگەر مەوادی خۆراکی هەبێت دەبێت سەلاجەی بۆ دابنێیت و تەحەمولی مەسئولیەتی ساردییەکەی بکەیت، ئەمە ستاف دەوێت، ئەگەر مەوادی سووتەمەنی بێت دەبێت خەزاناتی بۆ دابنێیت، لەبەر ئەوە خەزن کردنی ئەو شتانەو دابین کردنی شوێن بۆی شتێکی عەمەلی نیە، ئەمە بۆ ڕەدعە زیاتر، ئەگینا بۆ ئەوە نیە کە موادی خۆراکی دابگیرێت، سەبارەت بەوەی کە غەرامەکە لەگەڵ دارایش قسەمان کرد، نیسبەتی لە 25٪ زیاتر دابنێیت بۆ ئەوەی وەکو حەوافز بدرێت بە عاملەکان ئەوە دەبێت بەپارەیەکی زۆر زۆر، جیاوازییەکی زۆر دروست دەبێت لەنێوان ئەو کەسانەی کەلە وێستگەکانی قەپان ئیش دەکەن، بەتایبەتی بۆ پۆلیسی هاتووچۆ، لەگەڵ ئەوانی کەلە شوێنەکانی ترن، ئەوکات هەموو پۆلیسەکان حەزدەکەن بێنە ئەو شوێنانەی کە قەپانی لێیە، کە ئەوەش ناتەنسیقیەك دروست دەکات، بەڕاستی بۆیە 75٪ دانراوە چونکە زیادەی بارەکان دەبێتە هۆی

خراپ بوونی ڕێگاکان، ئەو پارەی کەساڵانە دادەندرێت بۆ صیانە شتێکی ترە، کە بەهۆی زیادە ڕۆیی کێشەکانەوەیە، تایبەت بەو تەعدیلەی کە لەلایەن لیژنەکەوە باسکرا، منیش هاوڕام لەگەڵیان و لەگەڵ ئەوانیش بووم کە ئەو تەعدیلە گرنگە بکرێت بەو شێوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش تکایە بۆ ماددەیەکی تر، فەرموون.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل السابع**

**احكام عامة وختامية**

المادة (19):

اولاً: تستحصل الوزارة من المستفيدين تكاليف اقامة القناطر والجسور والمنشأت المشيدة من قبلها بناء على طلبهم.

ثانياً: تستحصل الوحدة الادارية من المتجاوز تكاليف رفع التجاوز الحاصل على محرمات الطرق العامة حسب القوائم المعدة من قبلها بموجب قانون تحصيل الديون الحكومية المرقم بـ(56) لسنة 1977 وتعديلاته.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

تکایە بە کوردیش بیخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز خلیل عثمان حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی حەوتەم**

**حوکمەکانی گشتی و کۆتاییەکان**

ماددەی (19):

یەکەم: وەزارەتەکە پارەی تێچووی دامەزراندنی ئەو ئاوبارەو پردو دامەزراوانەی کە خۆی ئەنجامیانی داوە لە سوودمەندەکان وەری دەگرێتەوە لەسەر داوای خۆیان.

دووەم: یەکەی ئیداری پارەی تێچووی لابردنی ئەو پێ درێژکاریەی کە لەسەر قەدەغەکراوەکانی ڕێگا گشتیەکان کراوە لە پێ درێژکارەکانی وەردەگرێتەوە بەپێی ئەو لیستانەی کە لەلایەن خۆیەوە ئامادە کراون بەپێی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزی حکومەت ژمارە (56)ی ساڵی 1977و هەموار کراوەکانی.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ مولاحەزەیەکمان نیە لەسەر دەقی ماددەکە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کەس دەیەوێت قسە لەسەر ئەم ماددەیە بکات، تەنها دکتۆ احمد و ئاهەنگ عارف، دکتۆر احمد، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: سەبارەت بە ناونیشانی فەصڵەکە، بەڕاستی بەشی حەوتەم حوکم گەلی گشتی و کۆتاییەکان، خۆی گەلی لەکوردیدا لەجیاتی جمع بەکار دێت، ئەگەر ئێمە بڵێین حوکم گەلی ئەوە (یەکانی) ناوێت لە کۆتاییەکەیدا، چونکە هەردووکیان دەبن بە جمع، بۆیە ڕاستیەکەی ئەمەیە( حوکمە گشتی و کۆتاییەکان) ئەمە راست ترە، دووەم: سەبارەت بە بڕگەی یەکەم، وەزارەتەکە پارەی تێچووی دامەزراندنی ئەو ئاوبارەو پردو دامەزراوانەی کە خۆی ئەنجامیانی داوە لە سوودمەندەکان وەری دەگرێتەوە لەسەر داوای خۆیان. ئایا مەبەست لەسەر داوای خۆیان، دروست کردنی ئەو پردو ئاوبارانەیە یان لەسەر داوای خۆیان وەرگرتنەوەی ئەو پارەیە لێیان، چونکە زۆرجار بەناوی دروست کردنی پردو ئاوبارەوە پارەیەکی زۆر لەو کەسانەی کەهاتوچۆ لەو شوێنانە دەکەن وەردەگیرێت، ڕەنگە کە چەندجاری تریش کەهاتووچۆ بەو شوێنانەدا دەکەنەوە دیسان هەر لێیان وەردەگیرێتەوە، ئایا ئەمە گەر حکومەت دروستی دەکات بۆ ئەو پارەیان لێ وەردەگیرێتەوە، بۆیە لێرەدا پێویست بە ڕوونکردنەوە هەیە، کە ئایا وەرگرتنەوەی پارەکەی لەسەر داوای خۆیان یان دروست کردنەکە لەسەر داوای ئەوان بووەو دوایی پارەکەیان لێ وەردەگیرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، بەڕێز ئاهەنگ عارف، فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم لەجەنابی وەزیر هەیە، لەسەر ئەو ماددەیە، بڕگەی یەکەمی، خۆتان باش دەزانن هەرێمی کوردستان تجارەتێکی زۆری سنوورەکانی لەسەرە، شتێك هەیە لەیاسای هندی، ناوی ( بۆرد زە رۆت)ە واتە ڕێگاو بانی سنوورەکان، ئایا ئەو فەقەرەی ئەوە دەگرێتەوە ئەو پرد و ڕێگایانەی کە بە پێویست دەزاندرێت لە سنوورەکان بکرێت بۆ پەیڕەوی بازرگانی؟، ئایا ئەو داواکارییە بەس بۆ داخلیە یان بۆ خارجیش دەبێت؟، مەسەلەن پەیوەندیمان لەگەڵ تورکیایە، ئێرانە، لەگەڵ هەموو عێراقە، لەگەڵ سنوورەکانی

خۆیەتی کە ئەوە پێویستە ئێمە لەم یاسایە شتێکمان هەبێت ناوی(بۆرد زە رۆت) بێت کە ئەوە لەهەموودونیا هەیە، ئەو یاسایە کەدادەندرێت پلانیشی بۆ دادەندرێت و بودجەشی سنووردار نیە، چونکە کە دەکرێت دەبێت بەڕاوێژکاری لەگەڵ دەوڵەتی دراوسێ بکرێت لەناو کوردستانیش پێم گرنگە کە ئەوە بکرێت، چونکە ئەو شتەی کە دادەندرێت لەسەر داوای دەوڵەتیش کەزۆرجار دەکرێت کە ڕێگاو بان چاك بکرێتەوە، چونکە پرد و جادەکانی خارجی عادەتەن پەیرەوی بازرگانیشی لێ دەکرێت، ئەو شتە هەیە لەلای ئێمە، ئەگەر نیشە داواکارم لەجەنابی کەشکم نیە لە کەفائەتی وەزارەت و تیمەکانی، زۆر باش ئەو موشکیلەیە دەزانن، ئایا ئەوە دەکرێت لەداهاتوو ئیلحاقێکی پێ بکرێت، کە ئەوە یاسای بۆ دابندرێت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێز جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد(وەزیری ئاوەدانکردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تایبەت بە بڕگەی یەکەمی ماددەی 19، کە دەڵێت(المشیدة من قبلها بناء علی طلبهم.) ئەمە بەپێی ئەوەی ئێمە لەڕووی زمانەوانیەوە لێی تێگەشتبین دەگەڕێتەوە بۆ (المشیدة، بناءً علی طلبهم.) یەعنی ئەوانە دەگرێتەوە کە دروست دەکرێت لەسەر داواکاری خەڵکی تری سوودمەند، نەك لەبەر بەرژەوەندی گشتی و لەچوارچێوەی چالاکیەکانی یاسای وەزارەتدا، کە ئێمە ڕێگای گشتی دروست دەکەین، یان قەنتەرەیەك دروست دەکەین، ئەوە بەپێی یاسای وەزارەت یەکێکە لە مەهامەکانی خۆی، ئەرکی سەرشانیەتی وەکو مەسڵەحەتی گشتی، بەڵام بۆ نموونە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، کە کارگەیەکی چیمەنتۆ دەکرێت لەجێگایەکی دیاریکراودا، داوا دەکەن کە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە وەکو چوارچێوەی چالاکیەکەی خۆی ڕێگایەك دروست بکات بۆ ئەو شوێنە کە دەبێت سەلامەتی مروور وهەموو زەوابت و پێوەرەکانی ڕێگاو بانی تێدا بێت لە قەناتر و لەجسور وئەو شتانەی تێدا بێت، ئەمە داواکاری کێیە؟، جیهەتێکی ترە، وەزارەت دەتوانێت ئەو پارەیە وەربگرێتەوە، ئەمە لە ئەحکامی خیتامیدا باس کراوە، کە داوای لێدەکرێت لەلایەن لایەنێکی ترەوە تەنفیزی بکات، ئەگەر ئەوە نەبێت ناتوانێت ئەو پارەیە وەربگرێتەوە دەبێت لەسەر پارەی تەخصیصاتی خۆی بیکات، کە ناکەوێتە چوارچێوەی چالاکیەکانی بۆ بەرژەوەندی گشتی، تایبەت بەوەی کە ئاهەنگ خان باسی کرد، ئەوە بێگومان کە دەکەوێتە (بۆردەر زە رۆت) ناوچە سنوورییەکانەوە، ئەوە لەماستەر پلانەکەدا ئاماژەی پێکراوە بۆ مەنافیزە سنووریەکان هەمووی ڕێگای جگە لە های وەی، ئۆتۆبانیشی بۆ دەکرێت، بەپێی ماستەر پلانەکە، ئەوە ئەکەوێتە زمنی یەکێك لە چالاکیەکانی وەزارەتەوە، بۆ بەرژەوەندی گشتی، چونکە دەبێتە مەنفەزێکی بازرگانی کە دەشکێتەوە بە بەرژەوەندی گشتی، بۆیە ئێستا ڕێگای مەنفەزە سنووریەکان وەکو حاجی ئۆمەران وپێنجوێن وپەروێز خانیش بوو بە مەنفەزێکی سەرەکی،

ئەرکی حکومەتەو ئەو مەهامەش دەسپێرێت بەو وەزارەتەی کە تایبەتمەندە، ئەوەیش وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەیە، تایبەت بەماددەکەش من هیچ تێبینیەکم نیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس، لیژنەی هاوبەش بۆ ماددەیەکی تر تکایە.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (20):

على الوزارة ومن يمثلها من المقاولين او الشركات تامين استمرار جريان المياه والانهر والجداول والمبازل التي تعترض مشاريع الطرق العامة والجسور، وكذلك تامين طرق بديلة للطرق الموجودة التي تعترض مشاريعها الجديدة اثناء مراحل تنفيذ المشاريع.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

تکایە کوردییەکەش بخوێننەوە.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (20):

پێویستە لەسەر وەزارەتەکەو ئەو بەڵێندەر یان کۆمپانیانەی کە نوێنەرایەتی دەکەن بەردەوام بوونی ڕۆیشتنی ئاو و رووبارو جۆگەو خوێ دەڵێن کە دەکەونە ڕێگای پرۆژەگەلی ڕێگە گشتیەکان و پردەکانە مسۆگەر بکەن، هەروەها ڕێگای بەریخراویش بۆ ئەو ڕێگایانەی کە هەن دەکەونە ڕێگای پرۆژە تازەکانیان لە قۆناغەکانی جێ بەجێ کردنی ئەو پرۆژانەیاندا مسۆگەر بکەن.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

ڕای لیژنەی هاوبەش تکایە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ تێبینیەکمان لەسەر ئەم ماددەیە نیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەندامانی پەرلەمان کەس دەیەوێت قسەی لەسەر بکات، باشە کەس نیە، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد (وەزیری ئاوەدانکردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هیچ تێبینیەکم نیە هاوڕام لەگەڵ دەقی ماددەکە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

تکایە لیژنەی هاوبەش بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز خلیل عثمان حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (21):

لمنتسبي الوزارة دخول العقارات الخاصة باستنثاء الدور السكنية والمباني لتهيئة اعمال المسح بعد اشعار مالكيها وتحديد مسارات الطرق العامة والجسور لاغراض تنفيذ مشاريعها.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

تکایە بەکوردیش بیخوێننەوە.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (21):

کارمەندانی وەزارەتەکە بۆیان هەیە بچنە ناو عەقارە تایبەتەکانەوە دوای ئاگادار کردنەوەی خاوەنەکانیان، بەدەر لە خانووەکانی نیشتەجێ بوون و بینایەکان، بۆ ئامادە کردنی کاری پێوان و دیار کردنی ڕەوتی ڕێگە گشتیەکان و پردەکان، بە مەبەستی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانیان.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ تێبینیەکمان لەسەر ئەم ماددەیە نیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەندامانی بەڕێز دەتانەوێ قسەی لەسەر بکەن؟، کەس نیە باشە جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد (وەزیری ئاوەدانکردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هیچ تێبینیەکم نیە هاوڕام لەگەڵ دەقی ماددەکە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش تکایە بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (22):

اولاً: تختص الوزارة حصرا بتنفيذ الطرق السريعة والرئيسة والثانوية والتقاطعات والانفاق الواقعة خارج حدود البلديات وتنفيذ الجسور.

ثانياً: لدوائر الدولة الاخرى او المواطنين تنفيذ الطرق المحلية او الريفية او السياحة او الخاصة والمعابر بموافقة الوزارة واشرافها على ان يكون تحديد محرمات هذه الطرق من اختصاص الوزارة حصراً.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

تکایە بەکوردیش بیخوێننەوە.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (22):

یەکەم: تەنیا ئیشی وەزارەتەکەیە ڕێگای خێراو سەرەکی و لاوەکی و یەکتربڕو تونێل و پردەکانی دەرەوەی سنووری شارەوانیەکان دابمەزرێنێت.

دووەم: دایەرەکانی دیکەی دەوڵەت، یان هاوولاّتیان بۆیان هەیە ڕێگا مەحەلیەکان، یان ڕێگا گوندەکان، یان ڕێگانی گەشتوگوزار، یان ڕێگا تایبەتەکان و مەعبەرەکان، بە ڕەزامەندی و سەرپەرشتی وەزارەتەکە جێ بەجێ بکەن، بە مەرجێ دیار کردنی قەدەغە کراوەکانی ئەم ڕێگایانە، تەنیاو تەنیا ئیشی وەزارەتەکە بێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز خلیل عثمان حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ تێبینیەکمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

ئەندامانی بەڕێز كەس دەیەوێت قسەی لەسەر بكات؟، ئەم دوو ئەندامە دەیانەوێت قسەی لەسەر بكەن، دكتۆر بەشیر و سیوەیل خان، دكتۆر بەشیر فەرموو.

**بەڕێز بشیر خلیل توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەم ماددەیەدا لە فەقەرەی یەكەم باس لەوە دەكات كە تەنها ئیشی وەزارەتەكەیە كە ڕێگای خێراو سەرەكی و لاوەكی ویەكتربڕ و تونێل و پردەكانی دەرەوەی سنووری شارەوانیەكان دابمەزرێنێت، ئێمە دەزانین لەزۆر لە وڵاتەكان ڕێگای ئۆتۆبان هەیە، ئەم ڕێگایانە مەرج نیە لەلایەن دەوڵەتەوە یان وەزارەتەوە دروست بكرێن، یان ئەگەر هاتو كۆمپانیایەكی دەرەكی هات بۆ كوردستان و وتی من ڕێگایەكی ئۆتۆبان دروست دەكەم كە هەموو شارەكانی كوردستان بەیەكەوە ببەستێتەوە، ئەمە لەو فەقەرەیەدا ڕێگای پێ نادرێت، چونكە دەڵێت تەنها ئیشی وەزارەتەكەیە، من پێم وایە ئەمە بكرێتە تەنها ئیشی وەزارەتەكەیە ئەم كارە بكات یان مۆڵەت بدات بە كۆمپانیایەكی تر كە بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت ئەم كارە بكات، لەخاڵی دووەم: دایەرەكانی دیكەی دەوڵەت یان هاووڵاتیان بۆیان هەیە ڕێگا مەحەلییەكان یان ڕێگاكانی گوندەكان و گەشتوگوزار بەتایبەتی مەعبەرەكان ئەمانە ئەنجام بدەن، من پێم وایە كە ئەمەش بەپێی ڕێنماییەكان بێت، نەك وەزارەتێك یان دائیرەیەكی مەحەلی بۆی هەبێت ڕێگایەك لەگوندێك بۆ گوندێك یان شوێنێكی گەشتوگوزار جێبەجێ بكات، بۆیە ئەمەی بۆ ئیزافە بكرێت، بەپێی ڕێنماییەكان وە بەڕەزامەندنی و سەرپەرشتی وەزارەتەكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

سوپاس، بەڕێز سیوەیل خان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەم ماددەیە، تەنها یەك تێبینیم هەیە، لە اولاً: لە سەتری دووەم نووسراوە، (خارج حدود البلديات وتنفيذ الجسور) ئەگەر بكرێت بە (وانشاء تنفيذ الجسور) من ئەوەم پێ باشە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره(جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز كامەران احمد(وەزیری ئاوەدانكردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كە ئێمە دەڵێین (تختص الوزارة حصرا بتنفيذ الطرق السريعة والرئيسة والثانوية) مەبەستمان لەوەیە، كە ئەم وەزارەتە موختەصە بە شێوەی تەنفیز كردنەكەی، جا تەنفیز كردنەكەی ئیما لەسەر ئەوەیە كە

بودجەی خۆی بۆ تەخصیص دەکات، یان لەچوارچێوەی یاساکانی تری پەیوەندیدار دەبێت بۆ نموونە وەبەرهێنان، کاتێ کە دەڵێین (الطرق السریعة) ئەوە دەگرێتەوە لێرەدا، بەدڵنیاییەوە ئەوە لەهەموو وڵاتانیشدا ئەگەر تەنفیزی بکات ئەوە بەپارەیە، پارە لەخەڵك وەردەگرێت، بەڵام ئێمە هێشتا نەگەشتووینەتە ئەو قۆناغە، ئەوە لە چوارچێوەی وەبەرهێنانندا دەتوانێت لەچوارچێوەی ماستەرپلانەکەمان ئیشارەتی پێ دراوە، تایبەت بەوەی کە دەڵێین(لدوائر الدولة الاخری او المواطنین) کاتێ کە تۆ بۆ نموونە پرۆژەیەکی صیاحی دەبێت، ئێمە دەڵێین وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە موختەصە بە هەموو ئەو ڕێگایانەی کە لەدەرەوەی سنووری شارەوانیەکانە، واتە لەناو سنووری شارەوانیەکان وەزارەتێکی تر تایبەت مەند دەبێت، کە ئەویش وەزارەتی شارەوانیە، بەس لەدەرەوەی سنووری شارەوانیەکان هەندێجار ڕێگامان هەیە بۆ مەشروعێکی سیاحی یان بۆ مەشروعێکی تر لایەنێکی تر تەنفیزی دەکات، پێویست دەکات لەلایەن وەزارەتی ئێمەوە پێوەرەکان و ڕێنماییەکانی بۆ دابندرێت، چونکە لە ئەخیردا صیانە ئەو ڕێگایە دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، بەپێی یاساکە لەچوارچێوەی چالاکیەکانی، پشتگیری لەدەقی ماددەکە دەکەم وەکو خۆی، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش تکایە بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (23):

اولاً: تحدد مديرية المرور العامة بالتنسيق مع الوزارة ابعاد المركبات المختلفة، وكذلك السرع القصوى والدنيا لها على الطرق العامة وحسب نوع كل طريق ببيان ينشر في الجريدة الرسمية.

ثانياً: تحدد مديرية المرور العامة بالتنسيق مع الوزارة قواعد استخدام الطرق السريعة ببيان ينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

تکایە بەکوردیش بیخوێننەوە.

**بەڕێز خلیل عثمان حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (23):

یەکەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆ بەهاودەنگی لەگەڵ وەزارەتەکەدا دووریەکانی (ابعاد) ئۆتۆمبیلە جۆربەجۆرەکان دیار دەکات، هەروەها زۆرترین خێرایی و کەمترین خێراییشیان لەسەر ڕێگا گشتیەکان بەپێی جۆری هەر ڕێگەیەك، بە بەیاننامەیەك دیار دەکات و لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاو دەکرێتەوە.

دووەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆ بە هاودەنگی لەگەڵ وەزارەتەکەدا بە بەیاننامەیەك ڕێساکان بەکارهێنانی ڕێگا خێراکان دیار دەکات و لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا بلاّو دەکرێتەوە.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ تێبینیەکمان لەسەر ئەم ماددەیەش نیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەندامانی بەڕێز کێ دەیەوێت قسەی لەسەر بکات، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بکەن(مامۆستا عومەر و کاك فازڵ بەشارەتی) مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکی زمانەوانی بەسیتە، نەك تەنها هەر ئاوا تێپەڕێت، ئەو وشەی (السرع) ئەوە (السرعة) یە سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك فازڵ فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی 23 باسی ئەوە دەکات کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆ بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە شێوەی گەیاندن وسورعەتی سەیارە جۆر بەجۆرەکان دیاری دەکات، هەرچەند لەماددەکانی تر بەس باسی سەیارە بارهەلگرەکان دەکات، بە بڕوای من ئەوەی کە گرفتی زۆر گەورە دروست دەکات، مەسەلەی دیاری نەکردنی گەیشتنی سەیارەیە لەجێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر، ئەوەشی کە دەبینین زۆربەی ڕووداوەکان لەنێوان دوو جۆر سەیارە دروست دەبێت، سەیارەی نەفەر هەلگر بەتایبەتی تەکسی کوردستان کە بە ئارەزووی خۆیان لێدەخوڕن نە حساب بۆ نەفەرەکان دەکان کە لەسەیارەکەیاندایە، لەگەڵ سەیارەی بارهەلگر، بۆیە من پێشنیار دەکەم، هەر لەم ماددەیەدا باسی خەفەر دەکات، بەڕاستی ئەوەی کە گرفتی دروست کردووە کە خەفەری هاتوچۆ بەتایبەتی لەشەواندا نیە، هەمووومان بەڕێگاکاندا هاتوچۆ دەکەین کە خەفەر نیە، لە شەواندا، دیاری کردنی ڕێگا بۆ شوفێرەکان ئەوەی کە بەچەند بگاتە ئەو جێگایە، بەڕاستی ئەمە زیاتر کێشەی دروست کردووە، زۆر کاتیش بەحەقیقەت غەدر لە سەیارە بارهەلگرەکان دەکرێت، لەبەر ئەوەی لەلایەن ڕێگاو بان و هاتووچۆوە هێڵی سەیارە بارهەلگرەکان دیاری نەکراوە، جاری وا هەیە سەیارەیەکی بارهەلگر بەگەورەترین بارەوە سەیارەیەکی تەکسی یان نەفەر هەلگر

دەچێتە بەردەمی بۆ خۆی لە بەرەو ژوورکەیەك ئەوەستێت و قەتیس دەبێت، بۆیە بەحەقیقەت ئەمە زۆر گرنگە کە پۆلیسی هاتوچۆ بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەدا حەد و حدودێك بۆ ئەو دوو سێ لایەنە دابنێن، خەفەری هاتوچۆ، گەیشتنی سەیارە، دیاری کردنی هێڵی سەیارەی بارهەڵگر لە ڕێگاکاندا، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد( وەزیری ئاوەدانکردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تایبەت بەوەی کە لەڕووی زمانەوانیەوە (وکذلك السرع القصوی) منیش پێم وایە ئەوە ڕاستە ئەوەی کاك عومەر، بۆیە هاوڕام لەگەڵی، من دەمەوێت لێرەدا یەك ڕوونکردنەوە بدەم، ئێمە کاتێ کە دەڵێین لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ تەحدیدی چی بکەین، تەحدیدی ئەوانە دەکەن کە سورعەکەی و بوعدەکەی لەگەڵ وەزارەت، بۆچی؟، ئێمە بەڕاستی ناچین لەجێگای وەزارەتی ناوخۆ ئیش بکەین، کە بچین ژمارەی پۆلیسی هاتووچۆ کەم بێت یان زیاد بێت یان بەشەوانە ئیش بکات، ئێمە جێگای ئەوانە ناگرینەوە، بەڵام ئێمە کاتێك کە دێین تەصمیمی ڕێگا دەکەین، دوو پێوەر هەیە، بۆ نموونە خۆی کۆمەڵێك پێوەر هەیە کە ئیعتیمادی دەکەینە سەر، بەس دوو پێوەر هەیە کە پەیوەندیدارە بە وەزارەتی ناوخۆوە، یەکەمیان: ئەبعادی بارهەڵگرەکە بۆ ئەوەی بزانین جادەکان چەند پان بێت بەینەکانی، ئەوی تریان: سورعەتەکەی، هەردووکی داخڵ دەبێت، لەو مەعایرانەدا کە تەئسیر ئەکاتە سەر تەصمیمی ڕێگاو بانی خێراو دەرەوەو هەمووی، بۆیە ئێمە پێویستیمان پێیەتی پێش ئەوەی تەصمیمەکە بکەین، تەنسیق لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ بکەین، بۆ ئەوەی کە ئەو پێوەرانە داخڵ بکەین ولە نەتائیجدا تەصمیمێکی فەنیمان دەست بکەوێت، بۆیە تەنها باسی هونەرییەکەی دەکەین، حەزم کرد ئەو تەوزیحە بۆ جەنابتان بدەم، ماددەکە وەکو خۆی من پشتگیری لێ دەکەم، هاوڕام لەگەڵ لیژنەش، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش  فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تێبینیەکەی کاك عومەر وەردەگرین لەڕووی زمانەوانیەوە بۆ ڕاست کردنەوەی عیبارەتەکە، هەروەها لە تەبعیشدا إبعاد هاتووە کە دەبێتە أبعاد واتە بەم شێوەی خوارەوەی لێ دێت(المادة (23):

اولاً: تحدد مديرية المرور العامة بالتنسيق مع الوزارة أبعاد المركبات المختلفة، وكذلك السرعة القصوى والدنيا لها على الطرق العامة وحسب نوع كل طريق ببيان ينشر في الجريدة الرسمية.

ثانياً: تحدد مديرية المرور العامة بالتنسيق مع الوزارة قواعد استخدام الطرق السريعة ببيان ينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

تکایە لیژنەی هاوبەش بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (24):

يستمر العمل بالبيانات الصادرة عن مديرية المرور العامة بما لا يتعارض واحكام هذا القانون الى حين صدور مايحل محلها او يلغيها.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

تکایە بەکوردیش بیخوێننەوە.

**بەڕێز حمه سعید حمه علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (24):

کار بەو بەیاننامانەی کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆوە دەردەچووێندرێن بەردەوام دەبێت، کە هاودژ نەبن بە حوکمەکانی ئەم یاسایە، تا ئەو کاتەی یاسایەکی تر دەردەچێت و جێگای دەگرێتەوە، یان پووچەڵی دەکاتەوە.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

تکایە ڕای لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ تێبینیەکمان لەسەر ماددەکە نیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەندامانی پەرلەمان کێ قسەی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟، کەس نیە، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد(وەزیری ئاوەدانکردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیەکم لەسەر دەقی ماددەکە نیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

تکایە لیژنەی هاوبەش بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (25):

لوزير الاعمار والاسكان وبالتنسيق مع الوزارة الداخلية والوزارة المالية والاقتصاد اصدار تعليمات لسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان بە نیسبەتی ئەم ماددەیەوە ئێمە لە لیژنەی موشتەرەك كۆكین لەسەر ئەوەی (مع الوزاره الداخليه والوزاره الماليه والاقتصاد) بكرێتە (مع وزارتی الداخليه والوزاره الماليه و الاقتصاد) بەم شێوەیەی خوارەوە:

المادة (25):

لوزير الاعمار والاسكان وبالتنسيق مع الوزارتى الداخلية المالية والاقتصاد اصدار تعليمات لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 25:

وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ بوون و وەزیری دارایی و ئابووری بە هاودەنگی لەگەڵ وەزیری ناوخۆ دا بۆیان هەیە ڕێنمایی بۆ ئاسانکردنی جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنن.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کێ تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟ ئاهەنگ خان، سیوەیل خان، کاك صباح، کاك احمد، ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف ڕؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە، من لە ماددەی 25 لەگەڵ شتێکم کە ئیقتراح بکەن (لوزير الاعمار والاسكان بالتنسيق مع وزارة الداخلية والمالية والاقتصاد و وزارة العمل والشؤون الاجتماعية) ئەگەر تەماشای ستانداردی دونیای بکەین، ئێمە شتێك هەیە کە پۆست ستاندەردی پێ دەڵێن، یانیش (ئیشێنسیەڵ ستاندەر)، یەعنی ئەو ستاندەرانەی کە موهیمە لە کرێکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بەدی بکرێت، چونکە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە کە پۆستەکان بە سایەقەکانیەوە و بە کرێکارەکانیەوە ئیشێکی زۆر قورس دەکەن، لەگەڵ مەکائینی زۆر زۆر گەورە و لە جێی زۆر قورس ئیش دەکەن، ئەوانە بە عومرێکی موەحەدەد دەبێ ستاندارەکیان بۆ دابندرێت کە قانونی عەمەل ئەوەی لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ئیش دەکات دەبێ لە

عومرێكی موەحەدەد بێ مواسەفاتی موعەیەن بێت كە بە نیسبەتی هەیئەت و شێوەیان، ئەوە بەدی دەكرێت لە قانونی هیندی، لە قانونی هندی هەتا عومریش پێوەر دادەندرێت، پانی شانی كرێكارەكان لە 17 بۆ 18 و بۆ 28 ئەوانە دەتوانن ئیش بكەن لەسەر مەكائینی قورس چونكە پاشی ئەو عمرەی پاشی سی ساڵی، ئەگەر بێتو بەردەوام بێت ئەو كرێكارە لە چل ساڵی دا پەكی دەكەوێ و تووشی فەقەرات دەبێت، بۆیە (ئیسێنشیەل) ستاندەرات و پۆستە ئەوە زۆر زۆر موهیمە، بەڕێز وەزیری ئاوەدانكردنەوەش ئەو موشكیلەیەی وابزانم باش دەزانێت كە لە گەڵ وەزارەتی عەمەل، ئەوانە لەگەڵ كاروباری كۆمەڵایەتی ستانداریێكی موعەین فیزیكەڵ ستاندەردی پێ دەڵێن كە دەربخەن بۆ ئەوەی كرێكارەكانی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە مواسەفاتێكی تایبەت بە ئیش كردنیان هەبێ بۆ ئەوەی خۆشیان ئەزیەت نەخۆن و وەزارەتەكەش كەفائەتی هەبێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەتی ئەو ماددەیە عەرەبیەكەی ئەگەر بكرێت بنووسرێت (لوزیر الاعمار والاسكان بالتنسیق مع وزارتی الداخلیە والمالیە والاقتصاد) ئەگەر نەكرێت دووبارە وەزارەت بنووسرێتەوە، ئەوە یەك، لە كوردیەكەی ڕاستە ئیعتماد لەسەر كوردیەكەی ناكەین، بەڵام لە كوردیەكەی نووسراوە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، لە عەرەبیەكەش نووسراوە وەزارەتی مالیە و ئیقتساد، واتە ئەوە ڕێك بخرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پێشنیار دەكەم ناوی هیچ وەزارەتێك نەیەتن، بڵێ (بالتنسیق مع الوزارات المعنیە) سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من تێبینیەكم نیە لەسەر ماددەكە، بەڵام بە حوكمی ئەوەی كە ئەمە لە حوكمە كۆتاییەكان و كۆتایی یاسایەكەش نزیك بووینەوە، لە ماوەی گفتوگۆ كردنی ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن زۆرێك لە ئەندامانی پەرلەمان باس لە خراپی ڕێگاوبانەكان كرا، كە ئێمە ڕۆژانە بە داخەوە شایەدی زۆر ڕووداوی مەترسیدار و دڵتەزێنین، هاووڵاتیان زۆر دەبنە قوربانی بەهۆی خراپی ڕێگاوبانەكانەوە، بە هۆی ئەوەی كە ڕێگاكانمان

فراوان نینە و یەك سایدن، ئەگەر دەکرێ لێرە بە حوکمی ئەوەی کە ئێمە باس لە ڕێگا گشتیەکان دەکەین، ماددەیەك زیاد بکرێت کە ئیلزامی وەزارەت و لە پلانی داهاتووی خۆی دابنێ بۆ ئەوەی کە لە بودجەی گشتیش دا جێی بۆ بکرێتەوە، کە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە پابەند بێت بە دوو ساید کردنی هەموو ئەو ڕێگا گشتیانەی کە لە نێوان شارو شارۆچکەکان و ڕێگا سنووریەکانن، چونکە ئەوە بەڕاستی پێموایە داخوازیەکی هەموو هاووڵاتیانە و نازانم ئەگەر جێگای هەیە لێرە لەم یاسایەدا بە ماددەیەك ئیزافە بکرێت بۆ ئەوەی وەزارەت لە پلانی خۆی دابنێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێزحسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان؟ فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد (وەزیری ئاوەدانکردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێ گومان تایبەت بەوەی کە پاراستنی کرێکاران و هەموو کارمەند و فەنیەکان کە لە ڕێگاوبانەکان دا ئیش دەکەن هاوڕام لەگەڵ ئەوەی کە لەلایەن ئاهەنگ خانەوە باس کرا، بەڵام ئەمە لە چوارچێوەی قانونی عەمەل و سەلامەتی کرێکاران و ئەوانەدا جێی بۆتەوە، بەس کاتێ کە باس لە ڕێگاکان دەکەین ئێمە دەڵێین کێ تەعلیمات بۆ ئەمە دەردەکات، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەهدافی قانونەکە وئەو فەسڵ و ئەحکامانە، ئەو ماددانەی کە تیایە هاتووە، ئەهدافی قانونەکە بریتیە لە پێنج هەدەف کە لە ئەوەڵەوە دیاری کراوە و فەسڵەکانی تریشی باسی غەرامات دەکات، کە ئەمانە پەیوەنداره بە کێوە؟ جیهەتی تەنفیزی کە پۆلیسی هاتوچۆ هەیە واتە لە وەزارەتی ناوخۆ دا چونکە ئەوانن تەنفیزی غەرامەکە دەکەن و دەچێتە سندوقێکەوە، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە کە تایبەتە بە ڕێگاوبانەکانەوە وەزارەتی داراییش کە لەڕووی داراییەوە هەرچی شتێکە غەرامات و مەسائیلی مالیە تیا هەبێ ئەوا ئەوانی تیا دەبێ، ئەگەر بڵێین وەزاراتی مەعنی بەڕاستی زۆر زۆر بڵاو دەبێتەوە ناتوانین ئیشی تیا بکەین، تایبەت بەوەی کە باسکرا بە دوو ساید کردنەکە، ئەگەر جەنابت ئیجازەم بدەیتێ یەك ڕوونکردنەوەی بەسیت بدەم، ئێمە ماستەرپلانی ڕێگاوبانی هەموو تۆڕی ڕێگاوبانەکانی کوردستانمان تەواو کردووە تا ساڵی 2030 و بودجەکەمان لەبەردەست دایە بە یەك سپێس مۆتۆرویێەکانەوە، با بڵێین ڕێگا سەریعەکانیەوە، تەنها بە دوو ساید کردنی نێوان شار و شارۆچکەکان کە پێویستە بکرێت، سێ ملیار و نیوی دەوێ هەر بۆ بەرچاو ڕوونی بەڕێزتان ئەوە پەیوەندار نیە ئێمەوە، ئەگەر ئەو سێ ملیار و نیوە ئێستا لە بودجەی کوردستاندا هەبێ و کە بودجەش هاتە پەرلەمانەوە ئەو سێ ملیار و نیوەکە دابین بکرێت بە دڵنیایەوە لە داهاتوویەکی زۆر نزیك دا دەتوانرێ ئەو کارە بکرێت، زۆر سوپاس و هاوڕام لەگەڵ دەقی ماددەکە.

**بەڕێزحسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش بۆ ماددەی 26 شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (26): لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 26 : کار بە هیچ دەقێك ناکرێت کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ مولاحەزەیەکمان لەسەر ماددەکە نیە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ بەڕێز جەنابی وەزیر؟ فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد (وەزیری ئاوەدانکردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، منیش هیچ تێبینیەکم نیە لەسەر ئەو ماددەیە و، زۆر سوپاس لەگەڵ دەقی ماددەکەم.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش بۆ ماددەی 27 شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (27): ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان جێ بەجێ دەکرێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ مولاحەزەیکمان نیە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەبینم ئەو بڕگەیە چەند مەجموعەیەك غەراماتی مالی تێدا هەیە، بۆ ئەوەی کە یاسایەکە باشتر جێی خۆی بگرێت و نەبێتە موفاجەئەیەك بۆ هەموو ئەوانەی تووشی سەرپێچی بوونە لە ڕێی ئەم یاسایەوە، من پێم باشە لە پاش مانگێك مودەیەکی زەمەنی دابندرێت بەوەی کەخەڵکەکە ئاگادار بێتن و پاش مانگێك لە وەقائیع کە بڵاو دەبێتەوە ئەوجا بچێتە باری جێ بەجێ کردنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر؟ فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد (وەزیری ئاوەدانکردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیەکم نیە لەسەر دەقی ماددەکە و هاوڕام لەگەڵیان، ئەوەی کە باسیش دەکرێت کەلەسەر پاش مانگێك نازانم ئەوە ڕای لیژنەی هاوبەش ویاساییە کە زیاتر دەتوانن وەڵامی ئەوە بدەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە تەنفیز دەکرێت لەڕۆژی بڵاوبونەوەی هێشتا دەرنەچووە و نەبووەتە یاسا کە دەرکرا کە ئەو کاتە دەچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە و بڕگە و ماددەکانیشی جێ بەجێ دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

**لغرض تحديد مسؤوليات الوزارة باشرافها على تنفيذ الطرق العامة خارج حدود رئاسة البلديات ومديرية البلديات ولغرض شمول مشاريع الجسور والتقاطعات بالقانون ولمنع التجاوز على الطرق العامة والطرق**

السريعة ومحرماتها وكذلك تحديد الاثقال المحورية للمركبات التي تستخدم هذه الطرق ولتوحيد اجراءات الاستملاك وتنظيم استخدام محرمات الطرق العامة وطرق المرور السريع وللتغيير الحاصل في هيكلية الدوائر المنفذة للطرق العامة ولتوحيد القواعد القانونية ذات العلاقة شرع هذا القانون.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی کاك فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هۆکارە پێویستەکان**

بە مەبەستی دیار کردنی بەرپرسیارێتی وەزارەت لەسەرپەرشتی جێ بەجێ کردنی رێگا گشتیەکان لە دەرەوەی سنووری سەرۆکایەتی شارەوانی و دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی شارەوانی لەپێناوی ئەوەشدا کە پرۆژەکانی پردو یەکتربڕەکان بکەونە ژێر رکێفی یاساوەو لە رێی قەدەغە کردنی پێ درێژی لەسەر رێگا گشتی و رێگا خێراکان و قەدەغە کراوەکانیان، هەروەها لەپێناو دیار کردنی قورساییە میحوەریەکانی ئۆتۆمبیلەکان کە ئەم رێگایانە بەکار دەهێنن و بۆ یەکخستنی رێگاکانی بە موڵك کردن و رێکخستنی بەکارهێنانی قەدەغە کراوەکانی رێگا گشتیەکان و ڕێگا خێراکان لەبەر ئەو گۆڕانکاریانەش کە لە پەیکەری ئەو دایەرانە دا پەیدا بووە کە ڕێگا گشتیەکان دەکەونەوە و جێ بەجێ یان دەکەن لە بۆ یەکخستنی ڕێسا یاساییە پەیوەندارەکان ئەم یاسایە شەرعێندرا.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ مولاحەزەیەکمان نیە تەنها ئەوە نەبێ عەرەبیەکەی دەکرێتە ئەساس بە نیسبەت ئەسبابی موجبەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان؟ ئاهەنگ خان، کاك عبدالسلام، کاك بشیر، د.احمد، کاك قادر، ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە، لێرە لە ئەسبابی موجبە شتێکی باشی دەڵێ (هیكلية الدوائر المنفذة للتغير الحاصل فی هیكلية الدوائر المنفذة) کەواتە هەیکەلیەتی دەوائیری مونەفەزە کرێکاریش دەگرێتەوە، من شتێکی تریش بۆ بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە زیاد دەکەم، ئەویش گرینزۆنە، گرین ئین ستراکچەرە،

خۆی ئەگەر تەماشای بەرنامجی ئیتحادی ئەورووپی بکەین بەرنامەجەکی هەیە شەشەمین مادەی لە ئیتحادی ئەورووپی کە بەناوی ( ئێن، ئار، تو، سی) ناسراوە، (نیو ڕۆت کۆنستراکشن کۆنسێپت) کەواتە پەیڕەویەکانی بۆ دروست کردنی ڕێگای نوێ، ئەوە هەموو ئەو ئەرك و ئەو قانونانە دەگرێتەوە، دەیخاتە سەر شانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، هەتا بەوەش دەڵێ کە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بۆی هەیە لەسەر سەوزایی ڕێگاوبانیش قانونی هەبێ و پەیڕەوی هەبێ، کەواتە کە مادام دەڵێت (تغیر فی هیکلیة الدوائر المنفذة) لەو قانونە دەبێ پەیڕەوی ستانداردی عەمەلەش و کرێکارەکانیش پەیڕەو بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمە زۆر باسی زمانمان کردووە، بەس بەڕاستی ئەمە تێ ی پەڕاندووە، ڕێگام بدەن بۆتان بخوێنم و بزانن مەعنای چیە، لە سەتری دووەم سنووری شارەوانی و دەرەوەی بەڕێوبەرایەتیەکانی شارەوانی، من موتەئەکیدم لە عەرەبیەکەی مەبەستێکی ترە نەك ئەمە، لە ئەوەشدا کە پرۆژەکانی پرد ویەکتر بڕەکان، یەعنی نەدەکرا وشەیەکی کوردی بدۆزینەوە لەوەی موتەقاتعە یەکتربڕەکان و وەڵلاهی یەکتربڕەکان نازانم بە کوردی چیە، ببورن بکەوێتە ژێر ڕکێفی یاساوە؟ ئاخر ئێمە وەڵلاهی، پاشان قەدەغە کردنی پێ درێژی، من پێم خۆشە پێ درێژیەکە هەبێ، بەڵام ئێمە وشەمان هەیە نەوەکو نیمانە، ڕێگا خێراکان و قەدەغەکراوەکانیان، چیە نازانم؟ پاشان قورساییە میحوەریەکان، مەبەستی ستانداردە؟ یەعنی محوەر من تەسەور دەکەم میحوەر جێگایەکی جوگرافی هەیە، میحوەریەکان یەعنی قیاسیەکان نین، پاشان بۆ یەکخستنی ڕێکارەکانی کردن و ڕێکخستنی بەکارهێنانی قەدەغەکراوەکانی ڕێگا گشتیەکان و موڵك کردنی ڕێگا گشتیەکان!! نازانم وەڵلا، لەبەر ئەو گۆڕانکاریەش کەلە پەیکەری ئەو دائیرانەدا، چ دائیرە، کام دائیرە ڕێگایە یان باسی فەرمانگانە؟ کە ڕێگا گشتیەکان دەکەونەوە جێ بەجێ یان دەکەن؟ دە ئەوەم پێ بڵێن چیە مەعناکەی؟ کە لە پەیکەری ئەو دائیرانەدا پەیدا بووە کە ڕێگا گشتیەکان دەکەونەوە جێ بەجێ یان دەکەن و لە بۆ یەکخستنی، یان بۆ یەکخستنیە یان بۆ یەکخستین نیە، پاشان شەرعێندراش تازەیە من پیرۆزباییتان لێ دەکەم شتێکی تازەیە، ببورن بەخوا پێویستە یەکێك بە کوردی ئەمە بنووسێ بۆمان، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حەداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هەموو یاسایەکان ئێمە دەڵێین عەرەبیەکە دەبێتە ئەساس، بەڵام بۆ وابێ؟، تاکەی ئەمە وابێ، تاکەی نەتوانین ڕستەیەکی عەرەبی بۆ زمانی کوردی پاراوی جوان دابڕێژین؟، ئێمە وشەی زۆر زۆر جوانمان

هەیە، با بەس بێ، با ئێمە دوو موتەرجمی چاك و باش دابنێین بۆ ئەوەی لە زمانی کوردیەوە بۆ عەرەبی و لە زمانی عەرەبیەوە بۆ کوردی، یەك وشە من دەڵێم پێ درێژی، چەند جاری دیکە گوتومانەوە پێ درێژی و دەست درێژی نیە، زێدەڕۆییە مەسەلەکە،لە پاشان ئەم یاسایە شەرعێندرا، بەڕاستی وشەیەکی زۆر ناڕێکە و زۆر ناڕێك ئەم یاسایە دەرچووێنرا، ئەم یاسایە ئەنجام درا، بەڵام شەرعێندرا وشەیەکی زۆر ناڕێکە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد وەرتێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس قسەکانم کرا.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا بەڕاستی قسەکانی من برادەران کردیان، بەس هەر بۆ تەئکید ئەگەر چی عەرەبی کرابووە یاسا، بەڵام خۆ دەبێ بە کوردیەکەش یاسا هەر دەبێ بنووسرێتەوە، بۆیە موراعاتی ئەو مولاحەزاتانەی برادەران کردیان بکرێت باشە، شتێکم بۆ بەڕێزان لیژنەی هاوبەش نووسی بوو کە تەنها تەرکیز لەسەر زیادەی بار نەکرێت، زیادە وەزن، ئەدی قەبارەی زیادی بار، ئەدی ئیرتفاعی بار؟، ئەوانە زۆر جار ئەشکالی زۆر گەورە دروست دەکەن و پێم باشە لەو بڕگەیە جێگا بکرێتەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر؟ فەرموو.

**بەڕێز کامەران احمد (وەزیری ئاوەدانکردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر لەو تێبینیەوە دەست پێ بکەم کە ئایا بۆ ئاماژە نەدراوە بە بەرزی بارەکان، ڕوونکردنەوەیەکم دا وتم ئێمە تەنها ئەو پێوەرانە دەخەینە ئەم یاسایەوە کە تایبەتە بە پێوەری هونەری بۆ تەسمیمی ڕێگاوبان، بەرزی باری سەیارە ئەوە وەزارەتی ناوخۆ لەڕێگای مدیریەتی عامی مرورەوە دەیکات ناتوانین ئێمە جێگرەوە بین بۆ ئەو مخالفانەی کە ئەوان دەیکەن، بە نیسبەت ئەوەی ئاهەنگ خان باسی کرد، جارێکی تر من پشتگیری لەوە دەکەم کە ئەوە هەبێ، بەڵام ئێمە دەزانین کە سیستم و ئیش کردنی نیزامی ئەوروپی لەگەڵ ئێمە هەتا لە ئسولی فەسڵ و ماددەکان دا کە دێن وادیدەنێن لە قانونی ئێمەدا جیاوازە لەگەڵ قانونی وڵاتانی تر کە ئەوان بە کلۆس دێن و ئێمە بە فەسڵ و ماددە دێین، لێرە لەبەرئەوەی کە چالاکیەکە

لە مەهامی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیە، بەڵام ئێمە دەتوانین بە پێی ڕێنمایەك ئەو تەنسیقە لەگەڵ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بکەین و دوایی داخڵی ئەوەی بکەین بۆ سەلامەتی ڕێگاوبانەکان و ئەوەی تری تەئیدی ماددەکە دەکەم وەکو خۆی زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان تەوزیحێکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد (سکرتێری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برادەران باسی غەڵەتیەکانی زمانیان کرد لە نوسخەی کوردی، لە نوسخەی عەرەبی غەڵەتی قانونی تێدایە، دێری ئەوەڵ لە ئەسبابی موجبە (باشرافها على تنفيذ الطرفق العامة خارج حدود رئاسة البلديات) ریئاسەی بەلەدیات حدودی نیە، (خارج حدود البلديات، ومديريات البلديات) مودیریاتی بەلەدیاتیش لەهەندێ جێگا هاتووە باسی سەڵاحیاتە، مەفروزە سەڵاحیاتی بەلەدیە، بەس لێرە قەسدی ئەوە سنووری بەلەدیاتە، حدودی بەلەدیاتە لەسەر عەرد، مەفروزە (خارج حدود البلديات و مديريات البلديات) یش لەغو بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لە کۆتایی دا سوپاسی لیژنەی هاوبەش دەکەین و لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئاوەدانکردنەوە، بۆ ماندووبوونەی کە هەیان بوو لە پێشکەش کردنی ئەو ڕاپۆرتە، سوپاس بەشدار بووان دەکەین و سوپاسی بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە و ستافی وەزارەتەکەی دەکەین بۆ ئامادە کردنی پرۆژە یاسایەکی واگرنگ، سوپاسی هەموو لایەك دەکەین، هیوادراین لیژنەی هاوبەش سیاغەی نیهائی لە کاتێکی زوودا ئامادە بکات بۆ ئەوەی بتوانین بەزووترین کات بیدەینە دەنگدان، سوپاسی وەزیری ئاوەدانکردنەوە دەکەین، خاڵی دووەمی بەرنامەی کار بەخێرهاتنێکی گەرمی د.عبداللە عبدالرحمن عبداللە ناسراو بە د.ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتیەکان دەکەین کە ئامادە بووە، بڕگەی دووەم جارێکی تر دەخوێنینەوە سوێند خواردنی یاسایی بەڕێز د.عبداللە عبدالرحمن عبداللە ناسراو بە (ئاشتی هەورامی) بۆ پۆستی وەزیری سامانە سروشتیەکان لە هەرێمی کوردستانی عیراق، کە بەڕێزیان لە دانیشتنی ژمارە 6 ی ڕۆژی 2012/4/5 متمانەی وەرگرتووە و ئەمڕۆ ئامادە دەبێت بۆ سوێند خواردن، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی پێموایە پێش سوێند خواردنی وەزیری بەڕێزی سامانە سروشتیەکان قسەیەك هەیە کە بەلای منەوە گرنگە کە بیکەین ئێمە لە سەرجەم ئاڵوگۆڕەکانی سەرۆکایەتی هەڵوێستی ڕاشکاوی خۆمان ڕاگەیاند کە ئەو ئاڵوگۆڕانە لەسەر بنەمای کاری دامەزراوەیی نیە و ئێمە بایکۆتمان کرد وەکو یەك پاکێت، ئێستا بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان پێش ئەوەی سوێند بخوات لێرە ئامادەیە و وەزیری وەزارەتێکی زۆر

زۆر گرنگە و دەتوانم بڵێم بەشی سەرەکی داهاتی کوردستان لەسەر نەوتە، ئێمە لە پەرلەمان لە کابینەی ڕابردوو هەم لە یاسای بودجە و هەم لە یاسای نەوت و گاز کە پەیوەندی بە داهاتەوە هەیە و پەیوەندی بە دروست کردنی کۆمپانیاکانەوە هەیە و پەیوەندی بە سەرجەم یاساکانەوە هەیە و هەم یاسای بودجە کە دەبووایە ڕاپۆرت و سندوقی داهات تا ئێستا وەزیری بەڕێز پابەندی ئەو یاسایانە نەبووە سەبارەت بە داهاتی کوردستان و سەبارەت بە بەرپرسیاریەتی لە وەزارەتەکەی، بۆیە ئێمە ئامادە نین دانیشین وئەو سوێندی یاسایی بخوات، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەقەرەکە سوێند خواردنە، بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان پێش ئەوەی دەست بەکاربکات مولزەمە بەوەی سوێند بخوات، بۆیە متمانەشی وەرگرتووە جەنابیان با بفەرموون سوێندی یاسایی خۆی بخوات، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله عبدالرحمن عبدالله (ئاشتی هەورامی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**

من د.عبدالله عبدالرحمن عبدالله کە ناسراوم بە (د.ئاشتی هەورامی) وەزیری سامانە سروشتیەکان بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزیەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عیراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندیەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پیرۆزبایی لە د.عبدالله عبدالرحمن عبدالله ناسراو بە د.ئاشتی هەورامی بۆ پۆستی وەزیری سامانە سروشتیەکان دەکەین، ئێستاش کۆتایی بە دانیشتنەکە دێنین لە کاتێکی گونجاودا ئاگادارتان دەکەینەوە بۆ دانیشتنی ئایندە و زۆر سوپاس.

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری پەرلەمانی**
**کوردستان – عێراق**

**د.حسن محمد سورە**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

**پۆزش**

**داوای لێبوردن لە خوێنەرانی پرۆتۆکۆلەکانی پەرلەمان دەکەین، چونکە بەهەڵە قسەکانی پەرلەمانتار بەڕێز (پشەوا توفیق) لە پرۆتۆکۆلی ژمارە (74) لە لاپەرە (54) دێڕەکانی سێیەم و پێنجەم وەرگێراون.**

**هەڵەکە بەم جۆرەیە:**

**دێری سێیەم:**

**وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار.**

**دێری پێنجەم:**

**گەورەترین گەشتی گەشتیاری**

**راستیەکەشیان بەم جۆرەیە:**

**دێری سێیەم: وەزیری کشتوکاڵ**

**دێری پێنجەم: کەرتی گەشتیاری**

**بۆیە داوای لێبوردن لە پەرلەمانتار بەڕێز (پێشەوا توفیق) خوێنەران دەکەین.**

**کاروباری پەرلەمان**